د. نووری تاڵەبانی

# بیرەوەری و بانیژەباسێک لەنووسینەکانم

(کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)

## بانیژەباسێك لە نووسینەکانم

## بە کوردی

بەشی کوردی

بەرگی دووەم        چاپی دووەم

٢٠٢٢

**ناوی کتێب: بانیژەباسێك لە نووسینەکانم بە کوردی**

**نووسەر: د. نووری تاڵەبانی**

**پێداچوونەوە و سەرپەرشتیی هونەری: فازیل شەورۆ**

**بەرگ:  بەرگی دووەم**

**ساڵ:  ٢٠٢٢، چاپی دووەم**

**نەخشەساز:  توانا ئەحمەد**

**چاپخانە: لە دەرەوە چاپکراوە**

**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر، ژمارەی سپاردنی  (١٧٥٦) لە  ١٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ کوردی، بەرامبەر بە ١١/٤/ ٢٠٢٠ پێدراوە.**

**ISBN:**

هەموو مافێکی چاپکردنی ئەم کتێبە بۆ نووسەرەکەی پارێزراوە

# پێڕست


ناوەڕۆکی ئەم کتێبە ........................................................ ٨

بەشی یەکەم ................................................................ ١١

مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی .................................. ١١

کورد و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە پێی بنەما تازەکانی قانوونی نێودەوڵەتی (*) ......... ١١

مافی چارەنووس و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی ................................. ١٥

مافی چارەنووس و ڕیفراندۆم ................................................... ٢٩

ئەگەر باشووری کوردستان لە عێراق جیابێتەوە، چی ڕوودەدات؟ .......................... ٣٦

بەشی دووەم ................................................................ ٤٠

یەکخستنی ناوماڵی کورد ..................................................... ٤٠

بەرەیەکی نیشتمانیی پتەو بۆ ئەم قۆناغە نوێیەی کوردستان ............................. ٤٠

ئەرکی هەنووکەیی هێزە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان ........................ ٤٧

تێبینییەکانم لەبارەی پرۆژەی نەخشە ڕێگای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ................ ٥١

دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی بەعس بەو تاوانەی لە باشووری کوردستان ئەنجامیان داوە ......... ٥٦

باشووری کوردستان لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی لکێندراوە بە دەوڵەتی تازە ................ ٦٣

دروستکراوەی عێراق (*) ........................................................ ٦٣

دیپلۆماسییەتی کورد و ڕوخسارێکی نوێ ........................................... ٧٣

ڕێککەوتنی لیستی کوردستانی لەگەڵ لیستی "یەکگرتووی عێراقی" بۆ چارەسەرکردنی
کێشەکانی نێوانیان، دەبێ بە پێی میکانیزمێکی دیاری کراو بێت .......................... ٧٧

لە هەمبەر تاوانەکای ئەنفال،
دەوڵەتی عێراق پێویستە داوای لێبووردن لە گەلی کوردستان بکات ......................... ٨١

بەشی سێیەم ................................................................. ٨٧

دەستووری هەرێمی کوردستان و دەستووری عێراق و چەند بابەتێکی قانوونی .................. ٨٧

هەرێمی کوردستان پێویستە خاوەن دەستووری خۆی بێت ................................ ٨٧

دەستووری هەرێمی کوردستان و بنەما سەرەکییەکانی........................................ ٩٣

تێبینییەکانم لەبارەی ئەو پرۆژە دەستوورەی لە ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ دابەشکرا
بەسەر پەرلەمانتارانی خولی دووەمدا............................................................١٠٢

پەیوەندیی دەستووری لەنێوان کورد و عەرەب لە عێراق............................................ ١٠٨

زیندە بەچاڵکردنی دوو پرۆژە دەستووری ئامادەکراو بۆ هەرێمی کوردستان؟........................ ١١٢

فەرمان ڕەشاد لەگەڵ د. نووری تاڵەبانی، لەبارەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان......... ١٢٢

خوێندنەوەیەکی قانوونی لە ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق............................ ١٢٨

ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە وەك بنەما بۆ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقی تازە............... ١٣٨

گۆڤاری (کاروان) چەند پرسیارێك ئاراستەی د. نووری تاڵەبانی دەکات لە ١٤حوزەیرانی ٢٠٠٤... ١٤٩

تێبینییەکانم لەبارەی ڕەشنووسی دەستووری عێراق لە کۆبوونەوەی
پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لە ئابی ساڵی ٢٠٠٥.............................................. ١٥٨

پەیوەندیی هەرێمی کوردستان بە حکوومەتی ئیتیحادی بە پێی دەستووری تازەی عێراق.......... ١٦٣

خوێندنەوەیەکی مێژوویی و قانوونی بۆ پرۆژەی چاکسازیی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.........١٦٧

دەقی قانوونی "دەستەی قانوونی باڵا" لە هەرێمی کوردستان...................................... ١٧٢

هەموارکردنی قانوونی باری کەسیەتیی عێراقی لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.......... ١٧٤

پێویستە دەستکاری لە قانوونی داواکاریی گشتی بکرێت............................................١٧٨

تەرخانکردنی لە ٧٥٪ی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ مووچە شێوەیەکە لە شێوەکانی گەندەڵی.. ١٨٠

پێشنیازی پۆستی "سەرۆکی هەرێمی کوردستان" لەجیاتی پۆستی "ڕابەری ڕزگاریخوازی بزووتنەوەی کوردی"...... ١٨٦

بەشـــی چوارەم: کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکان............................................ ١٩٢

کەرکوك بەرەو دوارۆژێکی نادیار دەڕوات............................................................ ١٩٢

پرۆژەی گەڕانەوەی ناوچەی کەرکوك وەك ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم بۆ سەر هەرێمی کوردستان.........١٩٩

کێشەی کەرکوك بەجێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ چارەسەر دەکرێت................................. ٢٠٤

حکوومەتی بەغدا نایەوێ ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکات................................................ ٢٠٩

چەند تێبینییەك بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەبارەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠............٢١٣

كەركوك بەر لە تەعریب و دوای تەعریب.......................................... ٢١٦

پێكهاتەكانی كەركوك و پێكەوە ژیانیان........................................... ٢٢٨

پتەوكردنی پەیوەندیی نێوان كورد و توركمان لە كەركوك دەبێتە هۆی چارەسەركردنی كێشەكانی ئەو شارە........ ٢٣٢

یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەكە، ڕێگە خۆش دەكات بۆ گەڕانەوەی ناوچە تازە ئازادكراوەكان بۆ باوەشی كوردستان.. ٢٣٤

هەڵوێستی لایەن و گرووپە سیاسیەكانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەبارەی پاشەڕۆژی كەركوك...... ٢٣٩

كەركوك لە مەوسوعەیەكی عێراقی، لە ساڵی ١٩٤٧ بڵاوكراوەتەوە.................... ٢٤٩

بەشی پێنجەم...................................................................... ٢٥٦

پەرلەمانی كوردستان............................................................... ٢٥٦

ئەگەر لەم یەك دوو ڕۆژەدا پەرلەمان كۆنەبێتەوە، ئێمەی ٢٠ پەرلەمانتار بڕیارمانداوە بچینە ناو هۆڵی پەرلەمان.. ٢٥٦

چەند تێبینییەك لەسەر ئەدای خولی دووەمی پەرلەمانی هەرێمی كوردستان................ ٢٦١

بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ و چۆنیەتیی تاوتوێكردنی لەلایەن خولی دووەمی پەرلەمان لە هەرێمی كوردستان... ٢٦٨

لێپرسینەوە لە چەند وەزیرێك لە لایەن پەرلەمانی كوردستان لە خولی دووەمیدا............... ٢٧٣

هەڕەشە لە پەرلەمانتاران لەبەر هەڵوێستیان، كارێكی ناقانوونییە....................... ٢٧٧

بەشی شەشەم.................................................................... ٢٨٤

هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم و پەرلەمانی عێراق..................................... ٢٨٤

لەبارەی بەشداری یان بەشداری نەكردن لە هەڵبژاردنەكانی كوردستان و عێراق............. ٢٨٤

بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی كوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاكان............. ٢٨٧

بەشداریكردن یان نەكردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك و ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی....... ٢٩١

چەند سەرنجێك لەبارەی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق و ئاكامەكانی سەبارەت بە پاشەڕۆژی كوردستان.. ٢٩٤

بەشی حەوتەم.................................................................... ٣٠٢

لێكۆڵینەوەی ئەدەبی و زمانی كوردی................................................ ٣٠٢

لە بیرەوەرییەكانم لەگەڵ زانای گەورەی كورد تۆفیق وەهبی بەگ....................... ٣٠٢

بارودۆخی ئێستای كوردستان لە دیدی حاجی قادر و شێخ ڕەزا و خالیسی.................. ٣٢٢

شێخ ڕەزای تاڵەبانی قسەخۆش و خاوەن هەڵوێستی جوامێرانە ........................................ ٣٢٨

لە زانایانی کورد، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ........................................ ٣٣٩

نامەیەك بۆ سەرۆکی حکوومەت
بۆ چارەسەرکردنی باری تەندروستیی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم، ئەندامی کارای ئەکادیمی کوردی... ٣٤٤

کاکە حەمەی مەلا کەریم، ئەدیب و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ناوداری کورد، مالاوایی لێکردین.... ٣٤٦

د. ئیسماعیل بێشکچی، زۆر خۆشحاڵم ئەندامی فەخری ئەکادیمیای کوردیم.................. ٣٤٩

مامۆستا ئەحمەد هەردی شاعیری گەورەی کورد، مالاوا ........................................ ٣٥١

مامۆستا ڕەشید عەبدولقادر قانونناس و کورد پەروەر، مالاوا........................................ ٣٥٤

زانای گەورەی کورد مامۆستا مستەفا زەڵمی، مالاوا........................................ ٣٦٠

بەشی هەشتەم........................................................................ ٣٦٢

ئەکادیمیای کوردی و زمانەوانی........................................................ ٣٦٢

ئەرك و ڕۆڵە سەرەکییەکانی ئەکادیمیای کوردی........................................ ٣٦٢

پێشنیازەکانی ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی بۆ جێبەجێکردنی قانوونی زمانە فەرمییەکان لە عێراق... ٣٦٧

زمانی فەرمی لە عێراق................................................................ ٣٧١

ڕوونکردنەوەی ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی لەبارەی هەموارکردنەوەی
قانوونی ئەکادیمیای کوردی لەلایەن پەرلەمانی هەرێم ........................................ ٣٧٣

وەرگێڕانی بەشێك لە وشەی قانوونی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی بە هەڵە........................ ٣٧٦

بەشی نۆیەم........................................................................ ٣٨٢

شاری کەرکوك لە سەدەی ڕابوردوودا................................................ ٣٨٢

ڕۆڵی تەکیەی تاڵەبانی لە یەکخستنی پێکهاتەکانی شاری کەرکوك........................ ٣٨٢

هەڵوێستی جوامێرانەی چەند ناودارێکی شاری کەرکوك لە سەدەی پێشوودا.................. ٣٩٤

بەشی دەیەم........................................................................ ٣٩٨

بابەتی هەمەڕەنگ........................................................................ ٣٩٨

ئینگلیز ویلایەتی مووسڵی لکاندوە بە دەوڵەتی عێراق لەبەر نەوتی کەرکوک و
بەرژەوەندی ستراتیجیی خۆی لە ناوچەکە ........................................................ ٣٩٨
جێبەجێکردنی حوکمی قانوون بە پێی میزاجی شەخسی........................................... ٤٠٨
چەند نەورۆزێکی لە یاد نەکراو........................................................... ٤١٢
مامۆستای زانکۆ و دادوەری خاوەن ئەزموون، دەبێ لەسەر خواستی خۆیان خانەنشین بکرێن....... ٤١٤
پرەنسیپی قانوونی و بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی............................................ ٤١٧
لە شاری هەولێری بەناو ئازادکراو، کتێبخانە دەسووتێندرێ!..................................... ٤٢٢
رەخنەی رووتی توند و رەق دەسەلات گوێیان بۆ شل ناکات، ئەگەر راستیش بن................... ٤٢٧
چەند سەرنجێك لەبارەی بەکر صدقی........................................................ ٤٣٢
سیاسەتی پاکتاوی رەگەزیی رژێمی عێراق لە هەرێمی کوردستان و
ئەو سیاسەتە لە ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین، بۆ هەمان مەبەست بوون..................... ٤٣٤
هۆکارەکانی دەستکێشانەوەم لە لیژنەی دەستووری لە پەرلەمانی کوردستان...................... ٤٤١
بەشی یازدەیەم........................................................................ ٤٥١
لەگەڵ میدیای کوردی.................................................................. ٤٥١
رۆژنامەی ( رووبەر )................................................................... ٤٥١
گۆڤاری ( عەرعەر )................................................................... ٤٦٢
گۆڤاری ( ستاندار )................................................................... ٤٧٠
گۆڤاری ( لڤین )...................................................................... ٤٧٧
چاوپێکەوتنی پەیامنێری رۆژنامەی "کوردستانی نوێ" لەگەڵ دکتۆر نوری تاڵەبانی............... ٤٨٩
چاوپێکەوتن دەربارەی پاکتاویی رەگەزی، بەیاساکردنی دامودەزگاکانی حکوومەت................. ٥٠٨
ناونیشانی بەشێك لە نووسینەکانی د. نووری تاڵەبانی بە کوردی:.............................. ٥١٤

# ناوەڕۆکی ئەم کتێبە

## فازیل شـەوڕۆ

چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بەرگی یەکەمی بەرهەمە نوێیەکەی دکتۆر نووری تاڵەبانی: بیرەوەری و بانیژەباسێك لە نووسینەکانم، کە لە کۆتایی مانگی نیساندا بڵاوکرایەوە دەنگدانەوەیەکی زۆری لە کوردستان و دەرەوە دایەوە.

ئەوەی دکتۆر نووری لەو بەرگەدا تۆماری کردووە، دەکرێ بڵێین کورتەی یان پووختەی ژیاننامەکەیەتی، کە هەر ناتەواو بوو، لەبەر دوو هۆ. یەك مەرامی دکتۆر ئەوە بوو، پتر ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە تۆماربکات کە بەشێکی بایەخدار و باسنەکراوی مێژووی نەتەوەکەیەتی، نەك خەریك کردنی خوێنەر بە شانۆنامەی ژیانی تایبەتی خۆی و خێزان و بنەماڵەکەی بێت. خاڵی دووەم ئەوەیە، نەدەکرا بۆ هەر وتار و چاوپێکەوتن و سیمینار و کۆڕ و کۆبەنەوە و بڵاوکراوەیەك لە کتێبەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە، دوو کەوانە بکاتەوە و بنووسێ: ئەوش دەقی (بابەتەکەیە)! بەوە هەم ڕایەڵەکانی ژیاننامەکە ئاڵۆزوپاڵۆز دەبوون و هەم قەبارەی کتێبەکە زۆر گەورە دەردەچوو.

وەك لە پێڕستی ئەم بەرگەدا هاتووە، دەبینین (٨٣) ناونیشان تۆمارکراون لەژێر (١١) بەشی سەربەخۆدا، هەر بەشەی تایبەتکراوە بە بابەتێکی دیاری کراو، وەك: "مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی / کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکان / هەڵبژاردنەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان..." بەش هەیە، (١٥) ناونیشان لە خۆ دەگرێ، هەشە هەر دوو یان سێنە.

ژمارەی بەشەکان، بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی لە بەرگی یەکەمدا ئاماژەی بۆ کرابوو، گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە: لە (٩) بەش کراوەتە (١١) بەش، هەروەها چەند ناونیشانێکی نوێ دەکەونە بەرچاو، چونکە دکتۆر نووری، سەرەڕایی شەکەت و

ماندووبوونی، ڕۆژانە بە سەعات لەسەر کۆمپیوتەرەکەی خەریکی تایپکردن و گەڕانە بە دوای بابەتە زۆرە ونبووەکانیدا، بۆیە ئەمەی لەم بەرگەش کۆکراوەتەوە، ناچێتە خانەی (کۆبەرهەمی دکتۆر نووری). بابەت هەیە، سەرچاوەکەی تێیدا بڵاوکراوەتەوە نەماوە، یان لەبەردەستدا نییە، سووتاندنی کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی ئەو زاتە لە هەولێر لە هەڕەتی شەڕی خۆ کوژیدا، سووتاندنی بەناهەقی بەشێکی مێژوو کورد بوو، کە قەت قەرەبوو ناکرێتەوە، لە دەستنووس و بەڵگەنامە و سەرچاوەی لەقیمەت نەهاتوو!

دەکرێ ئەم بەرگە ناولێبنێین، "بەرگی ئەزموونی ڕەنج و خەباتی تەمەنی دکتۆر نووری" بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ، لە هەرێم و هەندەراندا، لە هۆڵەکانی زانکۆ و پەرلەماندا، لە سەر سەکۆکانی کۆڕ و کۆبوونەوەکان و دانیشتنە تایبەتمەندەکانی لەگەڵ سیاسەتمەدار و بەرپرسە باڵاکانی ئەو چاخە مێژوویەی کوردستان و عێراق و ناوچەکە.

ناوئاخنی بابەتەکان، لە قیمەت نایەن بۆ لێکۆڵەر و مامۆستا و مێژوونووس و قانووناس و پەرلەمانتار و سیاسەتمەدار و ئەدیب و زمانزان و میدیاکار و زانکۆیی و ڕۆشنبیر .... تاد. جا هەر یەکەیان لە بواری ڕشتە و پسپۆڕیاتی خۆی، دەتوانێ دەسکەگوڵی خۆی تێدا بچەنێتەوە.

دەبێ ئاماژە بەو خاڵەش بکەم، کە ئەگەرچی لەسەر بەرگی ئەم کتێبە نووسراوە (بەرگی دووەم)، لێ لەناو ئەو بەرگەشدا، بایی بەرگێکی دیکە، ناونیشانی (٥٥) بابەت، لە دوایین بەشدا تۆمارکراوە. ناوی سەرچاوەی بابەتەکەی بە ژمارە و مێژوو دیاری کراوە، ئەوەی دەیەوێ بیانخوێنێتەوە و بیانکات بە سەرچاوە، دەتوانێ بگەڕێتەوە سەریان، خۆزیا دەرفەت دەبوو ئەم (٥٥) ناونیشانەش خۆیان لە بەرگێکدا دەدیتەوە!

کارکردن و هەڵەکردن لە ئەزەلەوە دووانە بوون، بۆیە بە سینگفراوانییەوە سەرنج و تێبینییەکانتان بە هەند وەردەگرین. سەرەڕای تەمەن و لێکەوتەکانی، ئەو تەنگژەی پەتای کۆڕونا نایەوە و دووری مەفتەنیشن ڕێخۆشکەر نەبوون بۆ بەرهەمهێنانی کتێبێك پڕ بە حەزی خۆمان بێ. هەموو پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و دوبلن بە ئیمێڵ و تەلەفۆن ڕایی کراون، کە پتر لەسەر شانی دکتۆر نووری بارگرانی بوون.

دوبلن، ٣٠ / ٦ / ٢٠٢١

# بەشی یەکەم

# مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی

## کورد و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە پێی بنەما تازەکانی قانوونی نێودەوڵەتی (*)

پەیماننامەی نێودەوڵەتی سیڤرSevres لە ١٠ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٢٠ مۆرکراوە، لە ماددەکانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ دا کوردی بە نەتەوە ناوبردووە و پێشنیازی کردووە لەو ناوچانەی کورد زۆرینە پێکدێنن تێیدا، قەوارەیەکی سیاسی دروستبکرێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی خۆیان، لە شێوەی حوکمێکی زاتیی فراوان. لەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەدا سنووری ئەو ناوچانەی دیاریکردووە، باسی لەوەش کردووە دواتر، بە چەند مەرجێکی دیاریکراو، یەکەم کورد لەو ماوەی حوکمی ناوچەکانی خۆیانیان دەکرد، کە نەدەبوو لە ساڵێك کەمتر بێت، بەکردەوە بیسەلمێنن توانای بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیانیان هەیە. مەرجی دووەم پەیوەندیی بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلانەوە هەبوو، دەبوو ئەو دەوڵەتە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییە دروستبکرێت. هەموو ئەو دەوڵەتانەی لەو سەردەمە دامەزراون سەرەتا خرابوونە ژێرماندێتی دەوڵەتێکی زلهێزی دیاریکراو، بە تایبەتی بریتانیا یان فەرەنسا، پاشان بڕیار لەسەر دامەزراندنیان دراوە، عێراق و سوریا و لوبنان و فەلەستین بەو شێوە بوون بە دەوڵەت.

بەهۆی مۆرکردنی پەیماننامەی نهێنی سایکس ـ بیکۆ بۆ دابەشکردنی پاشماوەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەنێوان دەوڵەتانی بریتانیا و چەند دەوڵەتێکی تر، بارودۆخی نێودەوڵەتی ئاسایی نەبوو، ئەو پەیماننامەیە ڕێگای بە دروستکردنی دەوڵەتێك نەدەدا ئەگەر بە پێچەوانەی بەندە نهێنییەکانی ئەو پەیماننامەیە بووایا.

ماوەیەك لەپاش دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی، لەشکری بریتانیا بەشێك لە خاکی وڵاتی مێزۆپۆتامیای داگیرکردووە، لەو کاتەوە توانای خۆی تەرخانکردووە بۆ مانەوە لەو ناوچانەی داگیری کردبوون، بە تایبەتی لە ناوچەی کەرکوك، کە بەشێك بووە لە ویلایەتی مووسڵی عوسمانی. بریتانیا کاری دەکرد ئەو ناوچەیە

بخرێتە سەر سنووری دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق، لەبەر نەوتەکەی، بۆ ناردنی ئەو نەوتە بۆ دەرەوەی وڵات، بە تایبەتی بۆ بەندەرەکانی دەریای سپی. لەبەر ئەوەی لەو سەردەمە پەیوەندیی لەگەڵ تورکیای کەمالی باش نەبووە، کە داوای ولایەتی موسڵی کردووە، نەیدەتوانی لە ڕێگای تورکیاوە ئەو نەوتە ڕەوانەی دەرەوە بکات. لەبەر ئەو هۆیە و لەبەر بەرژەوەندیی ئابووری و ستراتیژیی خۆی و چەند دەوڵەتێکی تر لە ناوچەکە، کەوتووەتە کارکردن و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی بەندەکانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ لە پەیماننامەی سێڤر، چونکە ڕێگربوون لە جێبەجێکردنی ئەو پلانەی. لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٢٣ پەیماننامەی (لۆزان) مۆرکرا، بەکردەوە بووە هۆی سڕینەوەی ئەو بەندانەی سێڤر، لەو دەمەوە خاکی کوردستان دابەشکراوە لەنێو چەند دەوڵەتێکدا لە ناوچەکە. ئەگەر پێشتر لەنێوان دوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران دابەشکرابێت، لەو دەمەوە لەنێو چوار دەوڵەتی تورکیا و سوریا و عێراق و ئێران دابەشکراوە، مەسەلەی کورد بووە بە مەسەلەیێکی نێوخۆیی لەناو ئەو دەوڵەتانەدا.

دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٥، دواتریش پەسندکردنی جاڕنامەی نێونەتەوەیی و ددانانان بە مافی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە دۆزی کورد و بارودۆخی سیاسی لەو بەشانەی کوردستان نەکردووە. پەسندکردنی بڕیاری کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٤ی دیسەمبەری ١٩٦٠، کە ڕاشکاوانە ددانی بە مافی گەلاندا ناوە بۆ دیاریکردنی دواڕۆژی خۆیان، دواتریش لە ساڵی ١٩٦٦ کە جاڕنامانەی تایبەت بە کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری UN وەکو پڕەنسیپێکی نێودەوڵەتیی چەسپێندراوە، بەو هۆیەوە بەشێکی زۆر لەو گەلانەی تا ئەودەمە لە ژێردەسەڵاتی دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا بوون، سەربەخۆیی وڵاتەکانیان بەدەستهێناوە، بەڵام سوودیان بۆ کورد نەبووە. بەپێی ئەو پڕەنسیپانەی لەو بڕیارە نێودەوڵەتییاندا هاتوون، بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی وڵاتێکی ژێردەستە، دوو مەرجی سەرەکی دانرابوون: یەکەم ئەو کۆمەڵگایەی داوای سەربەخۆیی وڵاتەکەی دەکات، دەبێ پێناسەی "گەلی"

هەبێت، مەرجی دووەم، ئەو وڵاتە دەبوو پێشتر لە ژێردەسەڵاتی دەوڵەتێکی داگیرکەری کۆلۆنیاڵدا مابێتەوە.

ئەگەر بە وردی لە پرسی کورد لە باشووری کوردستان بکۆڵینەوە، دەبینین لە نێو ساڵانی ١٩١٨ تا کۆتایی ١٩٢٥ لەشکری دەوڵەتی بریتانیا ڕاستەوخۆ حوکمی بەشی زۆری ناوچەکانی باشووری کوردستانی کردووە وەکو دەوڵەتێکی داگیرکەری کۆلۆنیاڵ. ڕەفتاری لەشکری بریتانیا لەو ماوەدا لەگەڵ دانیشتوانی ئەو ناوچانە ڕەفتاری دەوڵەتێکی داگیرکەر بووە، چەندین جار هێزی زەمینی و ئاسمانی لەشکری ئەو دەوڵەتە داگیرکەرە، دێهات و چەندین شاری کوردستانی بۆردومان کردووە. هەر لەو ماوەدا بریتانیا دەستی بەسەر سامانی نەوتی کوردستاندا گرتووە، ئەو سامانەی لە سەرەتاوە هۆی لکاندنی ئەو بەشەی کوردستان بووە بە دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق، کە لەژێر ماندێتی دەوڵەتی بریتانیا بووە.

لەبارەی مەرجی یەکەم، ئەگەر لە ڕووی قانوونی نێودەوڵەتیی پرسیار بکەین: ئایا کورد وەکو "گەل" پێناسە کراوە؟ پەیماننامەی سێڤری نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٢٠ ئەو بابەتەی یەکلاکردووەتەوە، لەبەرئەوەی ددانی بە کورد وەکو گەڵ و مافی دروستکردنی قەوارەی سیاسیی تایبەت بە خۆی ناوە. کەواتە ئەو دوو مەرجەی لەو دۆکیمەنتە نێودەوڵەتییانە دانراون، باشووری کوردستانی گرتووەتەوە و کورد بۆی هەبووە لەو بەشەی کوردستان داوای مافی دامەزراندنی قەوارەی سیاسیی تایبەت بە خۆی بکات، وەکو گەلانی ژێردەستەی دی. بەداخەوە سەرانی کورد لەو ماوەدا نەیانتوانیوە دۆزی کورد بخەنە بەرچاو دەزگا نێودەوڵەتیەکان و ئەو دەزگایانەش هەمیشە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە زلهێزەکاندا بوون.

لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوودا چەند پڕەنسیپێکی تازە لە قانوونی نێودەوڵەتی جێگیربوون، سەرانی کورد دەیانتوانی سوود لەو پڕەنسیپە تازانە وەربگرن و داوای چارەسەرکردنی کێشەکانی گەلەکەیان بکەن بەپێی ئەوپڕەنسیپە تازانە. بەپێی ئەوپڕەنسیپانە، ئەو وڵاتانەی بەر شاڵاوی جینۆساید کەوتبوون، دەیانتوانی داوای دروستکردنی قەوارەی سیاسیی تایبەت بە خۆیان بکەن، بەشێك لەو

گەلانەی بەر شالأوی جینۆساید کەوتبوون لەو ڕێگایەوە بوونە خاوەن قەوارەی سیاسیی خۆیان و پاشان بوونە ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، وەك بۆسنیا و کۆسۆڤۆ.

لە پاش دەنگدانی خەڵکی باشووری کوردستان بە دەستووری تازەی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، بارودۆخێکی تازە دروستبوو. ئەگەر پێشتر بەپێی ئەو پرنسیپە نێودەوڵەتییانەی ئاماژەمان بۆ کردن، لە باشووری کوردستان کە چەندین ساڵ لەژێر دەسەلأتی دەوڵەتێکی داگیرکەر مابووەوە، کورد دەیانتوانی لەپاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسی لە عێراق لە نیسانی ٢٠٠٣، داوای جێبەجێکردنی ئەو پرەنسیپە نێودەوڵەتییانە بکەن، بەلأم پاش دەنگدانی زۆرینەی خەڵکی باشوور بە دەستووری تازەی عێراق پرسی کورد بەپێی ئەو دەستوورە بوو بە پرسێکی نێوخۆیی. دەنگدان بەو دەستوورە وا لێکدرایەوە کە کورد دەنگیان بە مانەوە داوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی تازەی عێراق، کە سیستمی حوکمڕانی تێیدا دیموکراسی و فرەحیزبی و فرە نەتەوەییە، لەگەڵ مەرجی جێبەجێکردنی حوکمی ماددەی ١٤٠ لەو دەستوورە، کە تائێستا جێبەجێ نەکراوە. لەو دەمەوە مەسەلەی کورد بووە بە مەسەلەیەکی ناوخۆیی لە چوارچێوەی قانوونی دەستووری عێراق، کە قانوونێکی نێوخۆییە.

---

(*) "ڕێکخراوی ئەحمەد بۆ لێکۆڵینەوە لە واشنتۆن"، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٩ کۆنفرانسێکی سازکردبوو بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی مافی چارەنووس بۆ کورد. ئەم بۆچوونانەم لەو کۆنفرانسە پێشکەش کرد، بەشێك لە بەشداربووان پشتیوانییان لەو بۆچوونە دەکرد، بە تایبەتی لۆرد ئێڤبری، قانووناس و سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی بریتانیا و سەرۆکی فەخری ڕێکخراوی کورد بۆ مافی مرۆڤ لە بریتانیا، بەلأم بەشێکیان دەیانگوت مەسەلەی کورد لەپاش مۆرکردنی پەیماننامەی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ بووە بە مەسەلەیێکی ناوخۆیی، باشووری کوردستان لەو دەمەوە بەشێکی دانەبڕاوە لە دەوڵەتی عێراق.

# مافی چارەنووس و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی

چاوپێکەوتن لەگەڵ د. نووری تاڵەبانی، لە هەولێر لە ٢٠/١٢/ ٢٠١٥

مافی دیاریکردنی ئاینده و چارەنووس مافێکی ڕەوای هەموو گەلانی سەر ئەم زەمینەیە، بە کوردەوە. پەیماننامەی سێڤری نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٢٠ بە ڕوونی، ددانی بەو مافە ناوە بۆ کورد، بەڵام سیاسەتی دەوڵەتە زلهێزەکان، بەتایبەتی بریتانیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆسپی دروستکردووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی. باشووری کوردستان، پێش کۆتایی ئەو جەنگە بەشێك بووە لە ویلایەتی مووسڵی عوسمانی. بەپێی ڕێککەوتنامەی نهێنیی سایکس - پیکۆ ئەو ویلایەتە بەر دەوڵەتی فەرەنسا کەوتبوو، هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا، بەشی بریتانیا بوون. ئەم دابەشکردنەی عێراق ئەو ڕاستییەی سەلماندوە کە ئەو دوو دەوڵەتە زلهێزە لەو دەمە تەماشای ئەو وڵاتەیان نەکردووە وەك خاوەن کیانێکی یەکگرتوو. لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨ دا لەشکری بریتانیا ویلایەتی مووسڵی داگیرکردووە و تێدا ماوەتەوە، کە دەبوو بکشێتەوە بۆ لەشکری فەرەنسا کە لە سوریا بووە، مانەوەی لەشکری بریتانیا و داگیرگردنی ئەو ویلایەتە بە پێچەوانەی پەیماننامەی "سایکس- پیکۆ" بووە. ناوچەی کەرکوك دەوڵەمەند بە نەوت و گاز بەشێك بووە لە ویلایەتی مووسڵ، بریتانیا بڕیاری مانەوەی داوە، لەبەرئەوەی چاوی لە نەوتەکەی بووە. بریتانیا دواتر ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلانی بەکارهێناوە و داوای کردووە ئەنجومەنی گشتی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە، کۆمسیۆنێکی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی مووسڵ دروست بکات. لە ٣٠ ئەیلوولی ١٩٢٤ بڕیاردراوە ڕاپرسیی گشتی لەو ویلایەتە سازبکرێت، لەکاتی ڕێکخستنی ئەو ڕاپرسیەدا بەشی زۆری دانیشتوانی ئەو ویلایەتە بەشدارییان لە دەنگدان نەکردووە، بەڵام ئەوەیان بە ڕێگر نەزانیوە لەبەردەم پرۆسەی لکاندنی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق، کە بریتانیا لەساڵی ١٩٢١ دروستی کردبوو.

وەزیرێکی پێشووی دەرەوەی بریتانیا، (جاك سترۆ)، لە ساڵی ٢٠٠٢، ڕاشکاوانە ددانی بەو ڕاستییەدا ناوە کە "وەزارەتی کۆلۆنیاڵی بریتانیا، دەوڵەتی عێراقی دروستکردووە لە شێوەی مۆزاییکێکی نەگونجاو".[١] لە پاش مۆرکردنی پەیماننامەی "سان ڕیمۆ" لە ٢٤ی نیسانی ١٩٢٠ لە نێوان بریتانیا و فەرەنسا و هەوڵەکانی (لوید جۆرج)، سەرەك وەزیرانی بریتانیا لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانی، بوونەتە هۆی لکاندنی ئەو ویلایەتە بە دەوڵەتی عێراقی دروستکراو. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەو زوڵمە گەورە مێژووییەی کاتی خۆی لە کورد کراوە، دەبێ هەر بەردەوام بێت و کورد نەتوانن داوای مافی ڕەوای خۆیان بکەن؟

لکاندنی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی عێراق، بووە هۆی سەرهەڵدانی زنجیرەیەکی بەردەوام لە شۆڕش و سەرهەڵدانی خوێناوی، تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە نیسانی ٢٠٠٣. پەسندکردنی دەستووری تازەی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، کە ددانی بە بەشێك لە مافە ڕەواکانی کورد ناوە، نەبووەتە هۆی کەمکردنەوەی بێ متمانەیی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق. ئەو دەستوورە ئەو ڕاستییەی بۆ سەلماندین کە ئاسەواری ئەو تاوانە گەورانەی دژ بە کورد ئەنجامدراون لەلایەن بەشی زۆری حکوومەتەکانی عێراق، لە دەروونی کەسایەتیی هەموو کوردێك ماون و لەبیر نەکراون. ئەو سیستمە فیدراڵییەی کورد داوای دەکات بەلای بەشی هەرە زۆری عەرەبی عێراقەوە بە ڕێگاخۆشکەری دەزانن بۆ جیابوونەوە لە عێراق. بەلای ئەوانەوە باری سیاسی و ئەمنی لە عێراق بەرەو دواڕۆژێکی نادیار دەبات. کورد لەونێوە دەبێ وەکو گەلێکی خاوەن خاك و نیشتمان مافی ئایندەی خۆیان دیاری بکەن، بەڵام بە مەرجێك پێشتر زەمینە خۆشکرابێت بۆ ئەو بڕیارە چارەنووسسازە. یەکخستنەوەی ناوماڵی کورد لەسەر هەموو ئاستێك و گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بۆ سەر سنووری

---

[١] لەژێر دێڕی" کێشەی کورد لە چوارچێوەی قانوونی نێودەوڵەتی تازەدا"، نووسینێکم لە هەفتەنامەی (هاولاتی)، ژمارە (١٤٥)ی ١٥ / ١٠ / ٢٠٠٣ بلاوکردووەتەوە، ئاماژەم بۆ نووسینەکەی جاك سترۆ کردووە، کە لە هەفتەنامەی (نیو سکۆتسمان) لە ناوەڕاستی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٢ دا بلاوکرابووەوە.

هەرێمی کوردستان، دوو مەرجی سەرەکی و ڕێگاخۆشکەرن بۆ گەیشتن بەو ئاواتە پیرۆزەی گەلەکەمان. ئەو بڕیارە بە هاودەنگی لەگەڵ پەرلەمانی هەرێم و هاوڵاتیانی کوردستان دەبێ بدرێت، چونکە بڕیارێکی چارەنووسسازە  پێویستی بە یەك دەنگیی هەموو خەڵکی کوردستانە، بە دانیشتوانانی ناوچە دابڕاوەکانیشەوە بڕیاری لەسەر بدرێت، تا هەموو پشتگیری و داکۆکی لەو بڕیارە گرنگە بکەن.

پ: کاك دکتۆر با لەوەوە دەست پێ بکەین، ئایا خەونی بەدیهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان لە چ قۆناغێکدایە؟

و: ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و کۆچڕەوە مەزنەکەی، بووە هۆی دامەزراندنی "ناوچەییێکی ئارام" لە بەشێك لە باشووری کوردستان، کە ڕژێمی بەعسی ناچارکرد، دەزگاکانی لەو ناوچەیە بکشێنێتەوە. بڕیاری سازدانی هەڵبژاردن لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە بۆ دەستنیشانکردنی پەرلەمان تا حکوومەتێك دیاری بکات بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە، لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ جێبەجێکرا. پەرلەمانی کوردستان سیستمی فیدراڵی بۆ پاشەڕۆژی عێراق پەسندکرد، ئەو بڕیارە ڕێگای خۆشکرد بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسیی دێ فاکتۆ لەو ناوچەیە، حکوومەتی هەرێم دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی و پەیوەندیکردن بە دەرەوەی وڵاتەوە هەبوو، لەگەڵ داکۆکیکردن لە سنووری ئەو بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان. ئەو قەوارە سیاسییە بە کردەوە هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەتیی پراکتیزە دەکرد لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتیدا بوون. گەر پەرلەمانی هەرێم دەستوورێکی پەسندبکردبا بۆ دیاریکردنی شێوەی حوکمڕانی لە هەرێم، هەتا ئەگەر لە شێوەی دەستوورێکی کاتیش بووایا، شەرعیەتی دەستووریی بە هەرێم دەبەخشی، کە دەبووە بەردی بناغە بۆ دروستکردنی ئەو دەوڵەتەی کورد دەمێکە خەونی پێوە دەبینن. بەداخەوە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٤ کوردی لەو خەونە خۆشە ڕاچڵەکاند، لەجیاتی ئەوەی سەرقاڵی دروستکردنی دەوڵەتی خۆمان بین، هەوڵەکان هەموویان تەرخانکران بۆ ڕاگرتنی ئەو شەڕە، کە تا ئێستاش ئاسەوارەکانی ماون و بەشێکی زۆریان چارەسەر نەکراون.

ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەمانگی نیسانی ٢٠٠٣ دا، هەلێکی دیکەی هێنایە پێشەوە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی فراوانتر، هەرێمی کوردستان و ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەلاّتی ڕژێم بوون، بە ناوچەی کەرکوکەوە، بگەڕێنەوە سەر سنووری هەرێم. پەسندکردنی دەستووری تازەی عێراق، کە زۆرینەی دەنگدەران لە کوردستان دەنگیان بۆداوە، وا لێکدرایەوە ئەو خەڵکانە دەنگیان بۆ چوونە پاڵ ئەو دەوڵەتە تازەی عێراق داوە. ئەو هەرێمە نیمچە سەربەخۆیەی کوردستان خرایە سەر دەوڵەتی تازەی عێراق بە دەنگی زۆرینەی دەنگدەرانی کوردستان. دەستوور بەشێکە لە قانوونی نێوخۆیی، پەیوەندیی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی ئیتیحادی لە دەستووری تازەی عێراق ڕێکخراوە، دەستووریش بەشێکە لە قانوونی ناوخۆیی.

ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەسەر بەشێك لە خاکی باشووری کوردستان، بەبێ ڕەزامەندیی دەوڵەتە زلهێزەکان لەو کاتەدا کارێکی نیمچە مەحاڵ بوو، چونکە فڕۆکە جەنگییەکانی ئەو دەوڵەتانە پاسەوانییان لە ئاسمانی هەرێم دەکرد، عێراق و هەرێمی کوردستان بەپێی بڕیارێکی نێودەوڵەتی بە دەوڵەتێکی داگیرکراو لە قەڵەم درابوون. چەند دەوڵەتێکی زلهێز ڕاستەوخۆ حوکمی عێراقیان دەکرد و پشتگیرییان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نەدەکرد. ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ ئەوەدا نەبوون ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بخرێنەوە سەر سنووری هەرێمی کوردستان. قانوونی حوکمڕانی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە، کە حوکمی دەستووری هەبوو، لە ماددەی (٥٨) دا ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانەی دیاری کردبوو. ناوەڕۆکی ئەو ماددەیە دواتر گوێزرایەوە بۆ ناو دەستووری تازەی عێراق، بوو بە بەشێك لە ماددەی (١٤٠)ی ئەو دەستوورە.

بەداخەوە سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٤، بووە هۆی دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بەسەر دوو ئیدارەی جیاوازدا، ناوچە دابڕاوەکان لەژێر دەسەلاّتی حکوومەتی بەغدا بوون. پرسیار لێرە ئەوەیە ئایا دەوڵەتێك لە هەرێمێکی دابەشکراودا دروست دەکرێت، کە بەشێکی فراوانی لەگەڵدا نەبێت و دواڕۆژی یەکلا نەکرابێتەوە؟ ئایا دەکرێ دەوڵەتێکی کوردی لە باشووری کوردستان دروست بکرێت

نزیکەی لە ٥٠٪ی ئەو بەشەی لەگەڵدا نەبێت؟ سەدام حسێن پێش ڕووخانی ڕژێمەکەی بە تەوسەوە دەیگوت "ئەگەر کوردەکان دەیانەوێ لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتیاندایە دەوڵەتێك دروست بکەن، با داوا لە دەوڵەتە زلهێزەکانی دۆستیان بکەن ددانی پێدابنێن، هەرکاتێ ئەوان ددانیان پێدا نا، ئەویش ئامادەیە ددانی پێدا بنێ."

دەوڵەتانی ناوچەکە هەمیشە دژی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی بوون و دەوڵەتانی ڕۆژاوا هەرگیز پشتگیرییان لە دروستکردنی ئەو دەوڵەتە نەکردووە. بەڵام ماوەیەکە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چاوەڕێی گۆڕانکاریی بنەڕەتی دەکات و ئەو گۆڕانکاریانە کوردستانیش دەگرێتەوە. ئەگەر سەرانی کورد بتوانن سوود لەو گۆڕانکاریانە وەربگرن و زەمینەسازی بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە باشووری کوردستان خۆش بکەن، ئەو خەونە دێتە دی. لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، لایەنە سیاسیەکان دەبێ بە گیانێکی نەتەوەیی کاربکەن، مافە ڕەواکانی کورد لەو بەشانە دەچەسپێن و دەبنە بەشێك لە دەستووری ئەو وڵاتانە ئەگەر دەوڵەتێکی کوردستانی لە باشوور دروستبکرێت.

هەرێمی کوردستان، بەپێی دەستووری تازەی عێراق، شەرعیەتی دەستووری هەیە و دەمێکە پەرلەمان و حکوومەتی خۆی هەیە، چاك یان خراپ، بۆیە دروستکردنی دەوڵەت لەم بەشەی کوردستان ئاسانترە. بۆ بەدیهێنانی پرسێکی چارەنووسسازی نەتەوەیی وەکو دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردستانی، پێویستە زەمینەسازی و ئامادەکاریی بۆ بکرێت. مەبەست لە خۆئامادەکردن بوونی گوتارێکی یەکگرتووە لەنێو هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان و یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە لەسەر هەموو ئاستێك و بە دامەزراوەکردنی دامەزراوەکانی هەرێم، لەگەڵ چەسپاندنی پرنسیپی سەروەریی حوکمی قانوون و بنبڕکردنی گەندەڵی، جگە لە بوونی ئیرادەییەکی ڕاستەقینە بۆ پرۆسەی چاکسازی و دوورکەوتنەوە لە حوکمی تاکڕەوی. گەڕانەوە بۆ پەرلەمان وەکو مەرجەعیەت بۆ بڕیاردان مەرجێکی سەرەکییە بۆ بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانی، لەگەڵ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر سنووری هەرێمی کوردستان. یەکلایی نەکردنەوەی دواڕۆژی ئەو

ناوچانە پێش دروستکردنی ئەو دەوڵەتە دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشەیکی نێودەوڵەتی، لەچەشنی کێشەی کەشمیری دابەشکراو لەنێو پاکستان و هیندستان، کە زیاتر لە (٦٠) ساڵە ڕێکخراوی UN نەیتوانیوە چارەسەری بکات. ئەگەر ئەو هەنگاوانە پێکەوە و بەهەماهەنگی جێبەجێ بکرێن، کورد لەم بەشەی کوردستان دەتوانن داوای پشتگیری لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکەن بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی خۆیان. کورد دەبێ خۆی داوای دیاریکردنی دوارۆژی ئەم ناوچەیە بکات، چونکە لەسەرەتاوە بەشێك لە کێشەکانی ئەم ناوچەیە بەهۆی گوێ نەگرتن لە داواکاریەکانی کورد سەری هەڵداوە. کورد ئەگەر بتوانێ بەکردەوە بیسەلمێنێ کە ئەمن و ئاسایش لەم ناوچەیە بەرقەرار نابێت بەبێ هاوکاریی ئەوان، دەوڵەتانی ڕۆژاوا ناچار دەبن بە سیاسەتی خۆیان لە ناوچەکەدا بچنەوە و هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بگۆڕن. ئەو دەوڵەتانە دەبێ ئاگادار بکرێنەوە کە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست مەترسی لەسەر بەرژەوەندیەکانی ئەوان نییە.

دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە باشووری کوردستان، بەبێ هاوکاری بەشەکانی دیکەی کوردستان سەرناگرێت، بۆیە پێویستە ناوماڵی کورد لەسەر ئەو ئاستەش ڕێکبخرێتەوە. ڕاستە هەر بەشێك لە بەشەکانی کوردستان تایبەتمەندیەتی خۆی هەیە، بەلاّم هەموویان دەتوانن پێکەوە لەسەر پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی یەکگرتوو، ڕێکبکەون و هاوکاری یەکتر بکەن. ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان بەشەکانی کوردستان دەبێتە هۆی ئەوەی پێکەوە خوێندنەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییانە بکەن کە لە ناوچەکەدا ڕوودەدەن. هاوکاری لەنێوان بەشەکانی کوردستان دەبێتە هۆی ڕەچاوکردنی بارودۆخی تایبەتی یەکتر و پشتگیری لە هەوڵەکانی باشووری کوردستان، کە هەموو دەزانن هەلومەرجی دروستکردنی دەوڵەت لەم بەشە زیاترە، لەبەر ئەوەی لە باشوور حکوومەت و پەرلەمان هەیە، بەو هۆیەوە پەیوەندیی سیاسی و بازرگانی و ئابووری لەگەڵ چەند دەوڵەت و دەزگای نێودەوڵەتی دروستبووە. ئەو دەوڵەتانە بە

ئاسانی دەست لە بەرژەوەندییە بازرگانی و ئابووریەکانیان لە هەرێمی کوردستان هەڵناگرن، سیاسەت و بازرگانی و ئابووری پێکەوە بەستراون.

پ: ئایا مەرجە ئێمە هەر چاوەڕوانی زەمینە و هەلومەرج بین و ئەمە بکەینە بیانوو بۆ ئامادەنەکردنی پڕۆژە و ئەجێندایەك بۆ ئەو مەبەستە، کە خەونی چەندین ساڵەمان بووە؟

و: بەبێ زەمینەخۆشکردن دەوڵەتی سەربەخۆ دروست ناکرێت و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پشتگیری لێ ناکات. پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەو ڕاستییە کردووە. لەسەر ئاستی نێوخۆیی هەردوو ئیدارەکە بەکردەوە دەبێ یەکبخرێنەوە و هەموو دامەزراوە و دەزگاکانی هەرێم، لەسەر بنەماییکی دروست بە دامەزراوە بکرێن. پڕۆسەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی پڕۆسەیەکی نەتەوەیییە، بەبێ هاوکاریی هەموو لایەنە سیاسیەکان و ڕێکخراوانی کۆمەڵگای مەدەنی و نوێنەرانی هەموو نەتەوەکان و ئایین و ئایینزا جیاوازەکانی کوردستان سەرکەوتوو نابێت. لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو، دروشمی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی یەکگرتوو لە باکووری کوردستان بەرزکرایەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی زەمینەی بۆ خۆش نەکرابوو، هەر بە دروشم مایەوە.

پ: لە دیدارێکدا دەڵێی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بە بڕیاری زلهێزەکان دەبێ، هۆکاری نەبوونی پشتگیریی دەرەکی چییە؟ کورد چۆن کاربکات بۆ ئەوەی پاڵپشتی وڵاتە زلهێزەکان بەدەست بێنێت؟

و: دەوڵەتە زلهێزەکان هەمیشە تەماشای بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی و ستراتیژیی خۆیان دەکەن، ئەوان تا ئێستا نەك پشتگیرییان لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی نەکردووە، بەڵکو هاوکاریی دەوڵەتانی ناوچەکەیان کردووە بۆ سەرکوتکردنی جووڵانەوەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان. باری جیۆسیاسی کوردستان، بەتایبەتی دووربوونی هەموو بەشەکانی کوردستان لە دەریاوە، هەروەها دابەشبوونی بەسەر چەند دەوڵەتێکدا کە سنووری سیاسیی هاوبەشەیان پێکەوە هەیە، بوونەتە هۆی ئەوە هاوکاری یەکتر بکەن بۆ سەرکوتکردنی هەر جۆرە جووڵانەوەیەك لە

بەشێك لە بەشەكانی كوردستان سەری هەڵدابێت. بۆ ئەم مەبەستە چەندین پەیماننامەی سەربازیی دووقۆڵی و چەند قۆڵی مۆركراون. پەیماننامەی "سەعد ئاباد"ی ساڵی ١٩٣٧ و پەیماننامەی سەربازیی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٤، كە دواتر بووە "سێنتۆ"، لەگەڵ ڕێكەوتنامەی دووقۆڵی نێوان حكوومەتی توركیا و عێراق لە ناوەڕاستی هەشتاكانی سەدەی ڕابوردوودا چەند نموونەیەكی بەرچاون.

جاروبار داوا لە كورد كراوە داوای دروستكردنی دەوڵەتی خۆیان بكەن. سەرۆكی پێشووی كۆماری لیبیا، كۆلۆنێل مەعەمەر قەزافی چەند جارێك داوای لە كورد كردووە، داوای دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان بكەن، بەلاّم بە كردەوە داوای لە دەوڵەتێك لە دەوڵەتە دۆستەكانی خۆی نەكردووە پرسی كورد بخاتە بەردەم دەزگایەكی نێودەوڵەتی تا قسەی لەسەربكرێت. لە ساڵی ١٩٩٩ شاندێكی كوردی سەردانی ئەو وڵاتەی كرد، لەسەر داوای خودی قەزافی، بە دەستی خۆم یاداشتنامەیەكم بەناوی "ڕێكخراوی كورد بۆ مافی مرۆڤـ لە بریتانیا" پێشكەش كرد، تێیدا پێشنیازم بۆ كردبوو، "ئەگەر بارودۆخی وڵاتەكەی ڕێگای پێدەدات، داوا لە یەكێ لە دەوڵەتە دۆستەكانی لە ئەفریقا بكات، سیاسەتی قڕكردنی كورد لە باشووری كوردستان لەلایەن یەكێك لە دەزگاكانی UN مەحكوم بكرێت". لەگەڵ ئەو یاداشتنامەیەدا دانەیەك لە چاپی دووەمی كتێبی: "سیاسەتی بە عەرەبكردنی ناوچەی كەركوك" بە زمانی عەرەبیم پێدا، بۆ ڕوونكردنەوەی سیاسەتی بەعس لەو ناوچەیە، بەلاّم وەلاّم نەدرایەوە. دەقی ئەو یاداشتنامەیە لە بەشی دۆكیمەنتی ئەم كتێبە بلاوكراوەتەوە، كە ئیمزای چوار ڕووناكبیری لەسەرە. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٣ دا مەنگۆلیا، لەسەر داوای یەكێتی سۆڤێت داوای لە ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان كردبوو، سیاسەتی حكوومەتی عێراق لە باشووری كوردستان مەحكوم بكات، بەلاّم داواكەی پاش چەند ڕۆژێك كێشایەوە. بەو بۆنەوە "ئێریك رولۆ Eric Rouleau" ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی بەناوبانگ و دۆستی كورد، لەبارەی هەڵوێستی ئەو دوو دەوڵەتەوە بابەتێكی لە ڕۆژنامەی "لۆمۆند Le Monde" بلاّوكردەوە تێیدا

ڕەخنەی توندی لە سیاسەتی هەردوو دەوڵەتی مەنگۆلیا و یەکیەتیی سۆڤێت گرتبوو، بەهۆی پەشیمانبوونەوەیان لەو هەڵوێستەیان.

پ: کورد خاوەنی سامانێکی زۆری نەوتە، زۆرێك لە وڵاتە عەرەبییەکان لەڕێگەی ئەو سامانەوە ڕەزامەندی و پاڵپشتیی وڵاتە زلهێزەکانیان بۆ خۆیان کەمەندکێش کردووە، لە نموونەی ئیمارات و کوێت و بەحرەین، ئایا کورد دەتوانێت سوود لەو ڕێگەیە وەربگرێت بۆ سەرخستنی پرسی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان؟

و: بەداخەوە تا ئێستا سەروەت و سامانی کوردستان سەرچاوەی نەهامەتی بوون بۆ کورد. لەپێناو نەوتی کەرکوك، بریتانیا لە پاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی ویلایەتی مووسڵی خستە سەر سنووری دەوڵەتی عێراق، کە لە ساڵی ١٩٢١ لە هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا دروستی کردبوو. بریتانیا دەیویست ڕێگای هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك بۆسەر دەریای سپی لەناو خاکی عێراقەوە بێت، چونکە لەو کاتەدا پەیوەندیی لەگەڵ تورکیای کەمالی خراپ بوو، نەیدەتوانی لەناو خاکی تورکیاوە نەوتی کەرکوك ڕەوانەی سەر دەریای سپی بکات، هەرچەندە کورتتر و ئاسانتر بوو. ئەلتەرنەتیڤی دووەم، ناردنی ئەو نەوتە بوو لەناو خاکی عێراقەوە بۆ سەر دەریای سپی، لە ڕێی سوریا و لوبنان و فەلەستین. ئەو کارەی کە بریتانیا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، نەیتوانی ئەنجامی بدات، سەدام حسێن بەهۆی شەڕی نێوان عێراق و ئێران و تەقینەوەی بۆڕییە نەوتەکانی نێوان کەرکوك و بەندەرەکانی سەر دەریای سپی لەناو خاکی سوریاوە، بەهاوکاریی تورکیا ئەنجامی دا. نەوتی کەرکوك گەیشتە سەر بەندەری "جیهان"ی تورکیا، کە تا ئێستاش بەردەوامە و بووەتە ڕێگایەکی سەرەکی بۆ هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك بۆ دەرەوەی وڵات.

دووریی کوردستان لە دەریایەکی نێودەوڵەتی، بووەتە هۆی ئەوە کورد نەتوانێ وەك دەوڵەتانی کەنداو سامانی نەوت و گازی خۆی ڕاستەوخۆ ڕەوانەی دەرەوە بکات، نەوتەکەی دەبێ لەڕێگای وڵاتێکی دراوسێوە هەناردەی دەرەوە بکرێت. ئێستا بەشێك لە نەوتی کوردستان لەڕێگای بەندەری "جیهان"ی تورکیاوە هەناردەی دەرەوە دەکرێت، بەڵام بە ڕەزامەندی هەردوو حکوومەتی عێراق و تورکیا. ئەگەر یەکێ لەو

دوو حکوومەتە ڕێگای هەناردەکردنی ئەو نەوتە بۆ دەرەوە بگرێت، کارەکە ڕادەوەستێ. دەوڵەتانی کەنداو لەسەر دەریان و بەندەری تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆیە دەتوانن ڕاستەوخۆ نەوت و گازی خۆیان ڕەوانەی دەرەوە بکەن. ئەو دەوڵەتانە پێشتر میرنشینی بچووك بوون لەژێر دەسەڵاتی بریتانیا بوون وەك "محمية". بریتانیا دواتر ڕێککەوتنامەی لەگەڵ مۆرکردوون، بە مەبەستی مسۆگەرکردنی ناردنی نەوتی وڵاتەکانیان بۆ ڕۆژاوا و دەوڵەتانی دیکە لە جیهان. لەبەر ئەو هۆیە ئابووری و ستراتیژییە، دەوڵەتانی ڕۆژاوا هەمیشە پشتگیرییان لەو دەوڵەتانە کردووە، شەڕەکانی ئەم چەند ساڵانەی کەنداو لەپێناو نەوتی ئەو دەوڵەتانە بووە.

پ: لە ئێستادا جۆرێك لە بێمتمانەیی لەنێوان تاك و دەسەڵاتدا دروست بووە، کێ دەبێت پرسی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان هەڵبگرێت، ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕووناکبیران، یان هەر دەسەڵات؟

و: دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، ئەرکێکی نەتەوەیی چارەنووسسازە، لایەنێکی سیاسی یان گرووپێك بە تەنیا ناتوانێ پرسی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانی بخاتە بەردەم کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. پێویستە هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و ڕێکخراوانی مەدەنی و ڕۆشنبیران هەموو بەشداربن لەو پرۆسەیە، بەڵام ئەرکی سەرەکی لەسەر دەسەڵاتە، بەهۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتان و دەزگا نێودەوڵەتیەکان. نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ ببینن لەم ڕووەوە. دەتوانن جارێکی تر جووڵانەوەیەك بۆ پشتگیریکردن لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ دروستبکەنەوە، لەچەشنی ئەوەی لەکاتی دەنگدان بە پرۆژەی دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ دا دروستیان کردبوو. ئەو جووڵانەوەیە توانی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لە ٩٦٪ دەنگی دەنگدەرانی کوردستان بۆ سەربەخۆیی کوردستان مسۆگەر بکات. ڕووناکبیران لەدەرەوەی کوردستان دەتوانن لۆبییەك دروست بکەن و پەیوەندی بە پەرلەمانتاران و ڕێکخراوانی مرۆڤ دۆست و دۆستانی کورد بکەن و داوای پشتگیرییان لێ بکەن بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی.

**پ: پێتوایه ململانێکانی ئەم دواییەی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بووبێتە بەشێك لە لەمپەرەکانی پرسی دروستبوونی دەوڵەتی باشووری کوردستان؟**

**و: ململانێی نێوان دەسەلاّت و ئۆپۆزسیۆن نابنە کۆسپ لەبەردەم دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، بە پێچەوانەوە ئەو ململانێیانە بوونەتە هۆی داوای پەلەکردن لە یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە بکرێت لەسەر بنەماییێکی ڕاست و بە دامەزراوەکردنی دامەزراوەکانی هەرێم. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت کە دۆستانی کورد لە دەرەوە پشتگیری لە داواکارییەکانی کورد ناکەن ئەگەر لەنێوخۆیاندا تەبا نەبن و هەرێمی کوردستان یەکگرتوو نەبێت و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤـ و ئافرەتان و ئازادییە گشتییەکان نەگیرێ، لەگەلْ ئازادیی ڕادەربڕیندا.**

**پ: بە هەموو پێوەرەکان لە ئێستادا بۆ دروستبوونی دەوڵەتی باشووری کوردستان هەلومەرج لەبارترە تا پارچەکانی تر، بە ڕای جەنابتان بەشەکانی تر دەبێت چۆن لەم پرسە بڕوانن؟**

**و: هەموو بەشەکانی کوردستان بەچاوی ئومێدەوە تەماشای باشوور دەکەن، چونکە کورد لەم بەشە حکوومەت و پەرلەمانی خۆیان هەیە، بە دەیان دەزگای ڕاگەیاندن کاری تێدا دەکەن. کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ڕەچاوی بارودۆخی تایبەتی باشوور دەکەن، چونکە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لەم بەشەی کوردستان، دەبێتە هۆی سەرکەوتنی ئەوان. ئەو گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکەدا چاوەڕوان دەکرێن، ئەگەر پۆزەتیڤانە تەفاعولیان لەگەڵدا بکرێت، لە بەرژەوەندیی هەموو بەشەکانی کوردستان دەبن. ئەوەی ئێستا ڕوودەدات وەك تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن هەردوو حکوومەتی ئێران و تورکیاوە لەبەر کێشەی ناوخۆیی ئەو دوو دەوڵەتەوەیە، دەیانەوێ فشار بخەنە سەر هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان، کە پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسیی خۆیان لە عێراق و ناوچەکەدا هەیە.**

پ: کۆبوونەوەی سەرجەم پارتە سیاسیەکان لە پارچەکانی تر، بەستنی کۆنفڕانسی نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی دروشمی سەربەخۆیی بۆ باشووری کوردستان فیدڕاڵی بۆ بەشەکانی تر تاچەند ئەم ئومێدە لە مەنزڵ نزیکتر دەکاتەوە؟

و: بەستنی کۆنفڕانسێکی نەتەوەیی، کە نوێنەرانی سەرجەم پارتە سیاسیەکان و ڕێکخراوانی کۆمەڵگای مەدەنی لە بەشەکانی کوردستان بەشداری تێدا بکەن، داواکارییەکی کۆنی خەڵکی کوردستانە. ئەگەر لەو کۆنفڕانسە هەموو لایەنەکان لەسەر پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی یەکگرتوو ڕێکبکەون، پرسی کورد پێش دەکەوێت. چاکترە لەو کۆنفڕانسە باسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەکرێت، دروشمی لەو جۆرە زیان بە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەگەیێنی، باشترە کارەکانی ئەو کۆنفڕانسە تەرخان بکرێن بۆ ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کورد و داڕشتنی بەرنامەییێکی نەتەوەیی کە هەموو لایەنەکان پابەندبن پێوەی. دروشمی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی یەکگرتوو، دەبێتە هۆی ئەوە دەوڵەتانی ناوچەکە هاوکاریی یەکتر بکەن بۆ لەناوبردنی کورد، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەم ساتەدا پشتگیری لەو دەوڵەتە ناکات. لە باکووری کوردستان ئەگەر داوای حوکمێکی زاتی فراوان بکەن، لە سوریا داوای ددانئان بە وجودیان وەك نەتەوەی دووەم بکەن، لەگەڵ چەسپاندنی مافەکانیان بەڕوونی، داوای ڕەوان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پشتگیریان لێ دەکات. داواکارییە ڕەواکانی دیکەیان دەتوانن لە قۆناغی داڕشتنی دەستوور بیانخەنە بەرچاو و داوای چەسپاندنیان بکەن.

پ: هەندێك پێیانوایە دروستبوونی دەوڵەتی باشووری کوردستان بەبێ کەرکوك، واتە گورگانخواردووکردنی ئەو شارە، پێیانباشە پێش هەموو شتێك دەبێت لایەنی کەم کار بکرێت بۆ ئەوەی کەرکوك بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ؟

و: دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردستانی بەبێ ناوچە دابڕاوەکان، بەتایبەتی ناوچەی کەرکوك، بەمانای دەستهەڵگرتنە لەو ناوچانە. ناحەزانی کورد بە بەردەوامی هەوڵی دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠یان داوە، تا دواڕۆژی ئەو ناوچانە یەکلایی نەکرێتەوە. گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بۆسەر سنووری هەرێم، بە ڕێگەخۆشکەری

دەزانن بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی. دەوڵەتانی ناوچەکە لەگەڵ بەشی هەرە زۆری لایەنە سیاسیەکانی عێراقی و دەوڵەتە زلهێزەکان پشتگیری لە گەڕاندنەوەی ناوچەی کەرکوك بۆ سەر سنووری هەرێم ناکەن. سەرۆکی تازەی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) ، لە لێدوانێکدا باسی لە قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانە دەکرد بەهۆی ڕاگواستنیانەوە تووشی زیان بوون. ئەوە یەکێکە لە داواکارییەکانی کورد، بەڵام ئەو لیژنەیە هەر بۆ ئەو مەبەستە دروست نەکراوە. لەوەتەی ماددەی (٥٨) لە قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق داڕێژراوە و دواتر گوێزراوەتەوە بۆ ماددەی ١٤٠ لە دەستووری عێراق، کورد داوای جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دەکەن، بەڵام حکوومەتی عێراق و لایەنە سیاسیەکانی عێراقی باوەڕیان بەو ماددەیە نییە و هەوڵی پەکخستنی دەدەن. بەشێکیان هەوڵ دەدەن ناوچەی کەرکوك بکرێتە ناوچەییێکی سەربەخۆ، ئەوەش دەبێتە هۆی دابڕانی لە هەرێمی کوردستان. ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا لەسەرەتای مانگی ئاداری ٢٠١٢ بڕیارێکی پەسند کردبوو تێیدا دەڵێت "لە سنووری پارێزگای نەینەوا جێگای ناکۆکی لەسەر نییە و ماددەی (١٤٠) لە سنووری ئەو پارێزگایە جێبەجێ ناکرێت." هەڵوێستی دەوڵەتە زلهێزەکان ڕوون نییە. لە مانگی تەمووزی ٢٠٠٨، شاندێکی باڵای سەفارەتی ئەمریکا لە بەغدا، دواتر شاندێکی بەریتانی، هاتن بۆ هەولێر بۆ هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك. لە ناوەڕاستی مانگی تەمووزی ٢٠٠٩، شاندێکی قانوونی لە "یونادیم" بۆ هەمان مەبەست هاتبوون بۆ هەولێر، لەسەر داوای ئەو شاندانە، بەڵام بەجیا لەگەڵیان دانیشتم. پێشنیازم بۆکردن ناوچەی کەرکوك بکرێتە "ناوچەییێکی ئۆتۆنۆم" لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان. جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیە دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی ئەو ناوچەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزگرتن لە تایبەتمەندیەتی دانیشتوانی ناوچەکە. ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی "ئاوێنە" لە ژمارە (١٨٩)ی ٩ی ئەیلوولی ٢٠٠٩ بڵاوکردەوە، هەروەها لە ٤□٥□ ٢٠١٠ لە ئەنستیتوی کوردی لە پاریس کە لەسەر پرسی کەرکوك و ماددەی ١٤٠، سیمپۆزیۆمییێکی لە پاریس سازکردبوو، ناوەڕۆکی ئەو پڕۆژەیەم لەوێ جارێکی تر بۆ بەشداربووان ڕوونکردەوە.

پ: کورد لە باشووری کوردستان هەوڵ بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بدات یان هەوڵ بۆ دەوڵەتێکی نیشتمانی بدات، کە هەموو نەتەوەکانی تر بگرێتەوە؟

و: کورد داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانی دەکەن لەسەر بەشێك لە خاکی خۆیان، کە باشووری کوردستانە. لە هەموو بەشەکانی کوردستان نەتەوەی جیاواز و ئایین و ئایینزای جیاواز پێکەوە لەگەڵ کورد دەژین، ئەوانیش وەکو کورد هاوڵاتی کوردستانین و کوردستان نیشتمانی ئەوانیشە، بۆیە پێویستە هەموو مافە نەتەوەییە ڕەواکانیان لە دەستووری کوردستاندا بچەسپێنرێن. دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی عەرەبی، کە نەتەوە پەرستەکانی عەرەب لە ماوەی زیاتر لە نیو سەدەدا هەڵیانگرتبوو شکستی هێنا. ئەوان ئەو نەتەوانەی بەناو لەسەر خاکی عەرەبی دەژین بە بەشێك لە نەتەوەی عەرەبیان دەدایە قەڵەم. ئێستا هەموو دەبینین وڵاتانی عەرەبی لە چ بارودۆخێکی نالەباردانە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ خاڵێکی دیکە بکەم بەلای منەوە گرنگە، ئەویش ئەگەر هەموو بەشەکانی کوردستان سەربەخۆیی خۆیان بەدەستبێنن، چاکترە دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی بۆ کۆکردنەوەیان دروست بکرێت، نەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو. بەشەکانی کوردستان لەژێر سیستەمی قانوونی جیاوازدا حوکمکراون و دەکرێن، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوە جیاوازی لەنێوانیاندا پەیدابێت، جگە لەوەش، سەردەمی دەوڵەتی یەکگرتوو باوی نەماوە. عەرەب دروشمی دەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتوو "من المحیط الی الخلیج" هەڵگرتبوو، بەڵام ئێستا دەبینین بە چ ئاقارێکدا تێدەپەڕن!

# مافی چارەنووس و ڕیفڕاندۆم

سەرنگومکردنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس و ئازادکردنی سەرتاپای عێراق، بوونە هۆی سەرهەڵدانی جووڵانەوەیەکی فراوان بۆ چەسپاندنی مافی چارەنووس و بەکارهێنانی، بە ڕێکخستنی ڕیفڕاندۆم لە باشووری کوردستان. هەرچەندە ئەو هەڵمەت و چالاکییانە سەرەتا لە ناو ڕووناکبیران دەستی پێکرد، بەڵام جەماوەری گەلەکەمان پشتگیرییان لێ دەکرد و خەڵکێکی زۆر لە هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان و کەسانی دی، خەریکی ڕێکخستنی کۆڕ و بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر بوون و باسکردنی بابەتەکە لە میدیا و کەناڵە تەلەفزیۆنەکاندا. لەو باوەڕەدام بەشی زۆری ئەو کەسانە پێشتر دەیانویست بەو شێوەیە، بەبێ پێچوپەنا باسی مافی چارەنووس بکەن و بیخەنە بەرچاو، بەڵام پێشتر نەیاندەتوانی ڕاشکاوانە بەو شێوەیە لە سەر کەناڵەکانی تەلەفزیۆن باسی بکەن و پشتگیری لێ بکەن. قسە لەسەر دەستنیشانکردنی پاشەڕۆژی کوردستان و بەکارهێنانی مافی چارەنووس، بە ڕێکخستنی پرۆسەی ڕیفڕاندۆم و لێکۆڵینەوەی زیاتر، بە هاوکاریی هەموو لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەییەکانی کوردستان و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بە باشی بەڕێوەدەچوو، بەڵام ئەنجامی نەدەبوو ئەگەر ئەو داواکارییانەی خەڵکی کوردستان لە شێوەی یاداشتنامەیەکدا بە زمانێکی قانوونی دانەڕێژرابا، پێش پێشکەشکردنی بە لایەنە پەیوەندیدارەکاندا، تێدا. شێوەی پەیوەندیکردن بە دەزگا نێودەوڵەتی و دەوڵەتە زلهێزەکان، دەبوو دیاری بکرێت، بە تایبەتی بە هەردوو

دەوڵەتی ئەمریکا و بریتانیا، کە پێشتر و ئەودەمە ڕاستەوخۆ حوکمی عێراق و کوردستانیان دەکرد.

ڕۆڵی قانوونزانانی کورد نابێ هەر شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی چمك و ناوەڕۆکی مافی چارەنووس و شێوەی بەکارهێنانی بێت، دەبوو لەسەرەتاوە بەشداری لە داڕشتنی ئەو یاداشتنامەیە بکەن، کە داوای خەڵکی کوردستان بوو. ئەو یاداشتنامەیە دەبوو بەناوی خەڵکی کوردستانەوە بخرێتە بەرچاو دەزگا نێودەوڵەتیەکان و دەوڵەتانی پەیوەندیدار. هاوکاریی ئەو لایەن و کەسانەی لە کۆمیتەی ئامادەکردن و کۆبوونەوە و چالاکیەکانی تر کاریان دەکرد، مەرجی سەرەکی بوو بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە، بۆیە چاکتربوو لە سەرەتاوە "کۆمیتەیەکی بالا" لەسەر ئاستی کوردستان دابمەزرێت، لق و پۆپی لە هەموو شار و شارۆچکە و شارەدێیەکاندا هەبێت، بۆ وریاکردنەوەی خەڵك و کۆکردنەوەی ئیمزا، ئومێدەواربووین لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لانی کەم ملیۆنێك ئیمزا کۆبکرێتەوە. ئەم چالاکیانە بەبێ هاوکاریی هەموو لایەنە سیاسی و ڕێکخراوی جەماوەری و مەدەنی کوردستان لەناوەوە و دەرەوەی نیشتمان سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا. سایتەکانی دەرەوەی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە کۆکردنەوەی ئیمزا لە دەرەوە، چونکە لەڕێگای ئەوانەوە ئیمزا کۆدەکرێتەوە، بەلاّم نابێ ئەم پرۆسەیە بکەوێتە ژێر ڕکێفی هیچ حیزبێکی سیاسی.

ئەو یاداشتنامەی ئامادە دەکرێت، پێویستە بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی بە داڕشتنێکی قانوونی گونجاو دابڕێژرێت. لەم ڕووەوە، ڕێکخراوی "ترەستی کەرکوك بۆ لێکۆڵینەوە" لە لەندەن، تێکستێکی ئامادەکرد، بەشێك لە کوردی دانیشتووی ئەو شارە ئامادەیان کردبوو. دەقی ئەو تێکستە لێرە دەخەمە بەرچاو، بۆ ئەوەی لە کوردستان و دەرەوە بکەوێتە بەرچاو کەسانی دیکە، تا زیاتر لێی بکۆڵنەوە.

ئامادەکردنی ئەم یاداشتنامەیە جگە لەوەی پشتگیرییەکی چاکە بۆ نۆێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی حوکمی عێراق، مەسەلەی کورد وەکو مەسەلەی گەلێکی ژێردەستە و مافخوراو جارێکی تر دەخاتەوە بەرچاو، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دەوڵەتی.

پرسیارێك بەرەوڕووی خۆمانی دەکەمەوە، کە پاشان بەرەوڕووی بەرپرسانی کورد لە ئەنجومەنی حوکمی عێراق و ئەو کوردانەی بەشداری لە ئامادەکردنی دەستووری پاشەڕۆژی عێراق دەکەن دەکرێت، ئایا دەتوانین داوای چەسپاندن و جێبەجێکردنی مافی چارەنووس بکەن لە پڕۆژەی دەستووری عێراقدا؟

یەك: ئەگەر ئەم مافە بە ڕوونی لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان نەچەسپێت، کورد ناتوانێ داوای مافێك بکات خۆی بە ڕوونی لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان نەیچەسپاندووە.

ئەگەر بە وردی تەماشای بەندەکانی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بکەین، کە لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٢ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پەسندی کردووە، دەبینین تەنیا لە بەندی (٧٥) دا باس لە مافی چارەنووس کراوە، ئەو بەندە بەکارهێنانی مافی چارەنووسی پابەندکردووە بە حاڵەتێکی تایبەتەوە، کە بریتییە لە "دەستکاریکردنی سیستمی فیدڕاڵی لە عێراقدا بەبێ ڕەزامەندیی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستان". بە واتایەکی دی، پڕۆژەی دەستووری هەرێم بەکارهێنانی مافی چارەنووسی بەندکردووە بە ڕوودانی حاڵەتێکی تایبەتەوە، بەڵام مافی چارەنووس مافێکی ڕەوای خەڵکی کوردستانە، پێویستە لە بەندێکی سەربەخۆدا لەو دەستوورە باسی لێ بکرێت، نەك بەندکرابێت بە ڕوودانی حاڵەتێکی تایبەتیەوە. مافی چارەنووس مافێکی ڕەوای قانوونی گەلی کوردستانە و چەند پەیماننامەیێکی نێو دەوڵەتی پێشتر ددانی پێداناوە.

دوو پرنسیپی سەرەکی پێویستە لە دەستووری هەرێمی کوردستان جێگایان بۆ بکرێتەوە: یەکەم مافی چارەنووس، دووەم دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقی نوێ لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە. ئەو لێکۆڵینەوە و باسانەی لە میدیای کوردی بلاّودەکرێنەوە سەبارەت بەو دوو پرنسیپە سەرەکییە وەکو پێویست لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان نەچەسپێنراون. پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٩٢ ئامادەکراوە بە ڕوونی ئەم دوو پرنسیپەی وەکو مافێکی ڕەوای گەلی کوردستان تێدایە و بەکارهێنانیان بەند نەکراوە بە ڕوودانی حاڵەتێکی دیاریکراودا. لە پەرەگرافی یەکەمی بەندی ٣ی ئەو پڕۆژەدا هاتووە: "گەلی کوردستانی-عێراق سەرچاوەی هەمو دەسەڵاتەکانە و هەر خۆی بڕیاری دواڕۆژی خۆی دەدات". لە بەندی ٤ی ئەو ماددەدا باس لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق کراوە لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٢، نەك لە پاش ٩ی نیسانی ٢٠٠٣: کە " گەلی کوردستانی عێراق بە ویست و ئارەزووی خۆی لەگەڵ بەشە عەرەبیەکەی عێراق کۆمارێکی فیدڕاڵی پێکدێنن". لێرەدا باس لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتێکی عێراقی نوێ دەکرێ لەسەر بنەمای پێکهاتن و ئارەزوومەندانە. ئەم دوو بەندە لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ جێگایان بۆ نەکراوەتەوە.

لە نووسینێکدا بە زمانی عەرەبی لە ژێر ناوی: "چەند سەرنجێك سەبارەت بە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان"، لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٢ بلاّومکردۆتەوە، ئاماژەم بۆ ئەو دوو پرنسیپە کردووە کە لە هەفتەنامەی (الاتحاد)، ژمارەی ٤٩٩ی ١٥ی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٢ بلاّوکراوەتەوە.

لێرە دەقی ئەو یاداشتنامەیە بە کوردی دەخەمە بەرچاو، کە بەهاوکاری "مەڵبەندی کەرکوك بۆ لێکۆڵینەوە" لە ٦ی مانگی ئۆگەستی ٢٠٠٣ ئامادەکراوە بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی و پێشکەش بە لایەنە نێو دەوڵەتییەکان کراوە:

**بەڕێز سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش،**

**ڕێزدار تۆنی بلێر، سەرەك وەزیرانی بریتانیا،**

**ڕێزدار كۆفی ئەنان، سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان،**

**بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومونی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان:**

دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ۱۹۲۱ لە دوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا لەلایەن وەزارەتی كۆلۆنیاڵی بریتانیا دروستكراوە. لە مانگی تەموزی هەمان ئەو ساڵە، لە پاش ڕێكخستنی ڕیفراندۆمێكی ڕواڵەتی، میر فەیسەڵی كوری شەریف حوسێن كراوەتە مەلیكی ئەو وڵاتە، پاش قبووڵكردنی هەموو مەرج و داواكارییەكانی بریتانیا. لە ساڵی ۱۹۱۹ لە قاهیرە، پێش دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە، "كۆمیتەی سەربەخۆی كوردستان" پەیوەندی بە بریتانیاوە كردووە و داوای یارمەتی لێ كردووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی، بەڵام هیچ وەڵامێكی وەرنەگرتەوە. بریتانیا، كە ماندێتی عێراقی پێ سپێردرابوو، بە پێچەوانەوە، هەر لە هەوڵی ئەوەدابوو كار بكات بۆ لكاندنی ویلایەتی مووسڵ بەم دەوڵەتەوە، كە تازە خۆی دروستی كردبوو. لە ۲٤ی مانگی دیسەمبەری ۱۹۲۲، هەردوو دەوڵەتی بریتانیا و عێراق، پێكەوە بەیاننامەیەكی هاوبەشیان ئاراستەی سەرانی كورد لە ویلایەتی مووسڵ كردووە، تێیدا بە ڕوونی ددانیان بە مافی گەلی كورد ناوە و داوایان لێ كردووە حكوومەتێكی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن، تا گفتوگۆیان لەگەڵدا بكەن. هەر لەو ماوەیەدا توركیا داوای ویلایەتی مووسڵی كردووە، لەو دەمەوە ئەو دەوڵەتە هەوڵی داوە لەگەڵ دەوڵەتی بریتانیا بۆ لەكارخستنی پەیماننامەی "سێڤر"، كە لە ۱۰ی ئۆگستی ۱۹۲۰ لە نێوان دەوڵەتانی هاوپەیمانان و سەرانی دەوڵەتی عوسمانی مۆركرابوو. ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییە ددانی بە بوونی كورد وەك نەتەوە ناوە و دەتوانێ چارەنووسی خۆی دەستنیشان بكات، بەمەرجێك ئەم مافەی لەژێر چاودێری ڕێكخراوی "كۆمەڵەی نەتەوەكان" بە

ڕەزامەندبوونی ئەو بەکاری بێنێ. دوا پەرەگرافی بەندی ٦٤ ی ئەو پەیماننامەیە تەرخانکراوە بۆ چارەسەرکردنی باری کوردەکان لە ویلایەتی مووسڵ، کە تێیدا هاتووە مافی خۆیانە داوا بکەن ببنە بەشێك لەو دەوڵەتە کوردیەی بەپێی ئەو پەیماننامەیە دادەمەزرێت.

بریتانیا لەو سەردەمە سەرقاڵی ئەوە بوو چۆن دەست بگرێ بەسەر چاڵە نەوتەکانی ئەو ویلایەتە، نەك دابینکردنی مافەکانی کورد، هەموو هێز و توانای خۆی تەرخانکردبوو بۆ لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق، هاوکات لەگەڵ لەکارخستنی پەیماننامەی "سێڤر".

هەوڵە دیپلۆماسیەکانی بریتانیا لە کۆمەڵەی گەلان و دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە، بوونە هۆی لکاندنی ئەم ویلایەتە بە دەوڵەتی عێراق و ناونانی دەوڵەتی بریتانیا بە "ماندێت" لەسەر عێراق، لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٥. ئەم کارە بۆتە هۆی بێزاریی خەڵك و دەستپێکردنی زنجیرە سەرهەڵدانێك لەلایەن کوردەوە، کە بە توندیی سوپا و هێزی ئاسمانیی بریتانیا سەرکوتی کردوون.

بەداخەوە حکوومەتەکانی عێراقی ئەو سەردەمە ددانیان بە مافەکانی گەلی کورد نەناوە، تا ئەو کاتەی عێراق قبوولکراوە بە ئەندام لە "کۆمەڵەی گەلان" لە ساڵی ١٩٣٢. هەرچەندە دەوڵەتی عێراق بە مەرجی قبوولکردن و جێبەجێکردنی کۆمەڵە مافێکی گەلی کورد ئەندامیەتیی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەی پێ درابوو، بەڵام ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق ئەو ئیلتزامە نێودەوڵەتییانەی سەرشانیان جێبەجێ نەکردووە، زەبر و کوشتنیان بەکارهێناوە گەیشتووەتە ڕادەی جینۆسایدکردنی کورد لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ لەناوبردن و تەفروتووناکردنیان. خواست و ئارەزووی گەلی کورد لە ساڵی ١٩٢٥ وەرنەگیراوە سەبارەت بە لکاندنی وڵاتەکەیان بە دەوڵەتی عێراق. ئازادکرنی عێراق لە نیسانی ٢٠٠٣ لەلایەن

هاوپەیمانانەوە، لەگەڵ دەستپێکردن بە دروستکردنەوەی دەوڵەتێکی نوێ لە عێراق، بارێکی تازەی هێناوەتە کایەوە، ئومێدەوارین ئاواتەکانی گەلی کوردستان ئەمجارە پشتگوێ نەخرێن. وەکو ئاگادارن لە کوردستانی ئازادکراو لەساڵی ١٩٩٢ حکوومەتێکی دێ فاکتۆ هەیە، ئاسایشی لە ناوچەکەدا زامنکردووە.

هەر لەسەرەتاوە، کورد هاوکاریی دەوڵەتانی هاوپەیمانانی کردووە لەپێناو ڕزگارکردنی عێراق. بە هۆی ئەو ئازادییەی ئێستا لە وڵاتەکەماندا هەیە، داوادەکەین ڕاپرسی (ڕیفراندۆم) ڕێکبخرێت لە هەموو کوردستان، بەو ناوچانانەوە کە تا نیسانی ٢٠٠٣ لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس بوون، بەڵام لە ژێر چاودێری ئێوەدا جێبەجێ بکرێت. مەبەست لە ڕێکخستنی ئەم ڕیفراندۆمە پرسکردنە بە خەڵکی کوردستان و وەرگرتنی ڕاو و بۆچوونیانە سەبارەت بە دوارۆژیان، چونکە هەر ئەوان دەتوانن پاشەڕۆژی خۆیان دەستنیشان بکەن و بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، ئایا بە مانەوەیان لە کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدڕاڵی عێراقی، یان سەربەخۆ بن. کوردستانی سەربەخۆش دەکرێ بەشێك بێت لە دەوڵەتێکی عێراقی کۆنفیدڕاڵی.

# ئەگەر باشووری کوردستان لە عێراق جیابێتەوە، چی ڕوودەدات؟

پرسیاری گۆڤاری "ئێوە" لە دکتۆر نووری تاڵەبانی

وەڵام: دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردستانی سەربەخۆ لەسەر بەشێك لەخاکی کوردستان، خەونی هەمیشەیی کورد بووە و پەیماننامەی (سێڤر)ی نێودەوڵەتی کە لە ٢٠ ئابی ١٩٢٠ ئیمزاکراوە، ئەو خەونەی تۆزێك لە واقیع نزیك کردووەتەوە. بەڵام بەرژەوەندیی ئابووری و ستراتیژیی دەوڵەتە زلهێزەکان، بە تایبەتی بریتانیا، کۆسپی لەبەردەم دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە دروستکردووە. بەشێك لە خاکی کوردستان سەر بە ویلایەتی مووسڵی عوسمانی بوو، لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٥ ك لکێندرا بە دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق، ئەو دەوڵەتەی لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢١، لە هەردوو ویلایەتی عوسمانی بەسرا و بەغدا دروستکرابوو. بەپێی ڕێکەوتننامەی نهێنی سایکس - پیکۆی کە لە ساڵی ١٩١٦ لەنێو دەوڵەتە زلهێزەکانی ڕۆژاوا مۆرکرابوو، بە مەبەستی دابەشکردنی پاشماوەکانی دەوڵەتی عوسمانی، ویلایەتی مووسڵ بە بەر فەرەنسا کەوتبوو، هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا بۆ بریتانیا. داگیرکردنی ویلایەتی مووسڵ لەلایەن لەشکری بریتانیاوە ڕێگای خۆشکرد بۆ لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراق، کە ناوچەی کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت و گاز بەشێك بوو لەو ویلایەتە. ناردنی نەوتی ئەو ناوچەیە بۆ بەندەرەکانی سەر دەریای سپی لە ڕێگای عێراقەوە، یەکێ بووە لە هۆیە سەرەکییەکانی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراقی هاشمی، چونکە بریتانیا لەو دەمە پەیوەندیی لەگەڵ تورکیا خراپ بووە، نەیدەتوانی لەناو خاکی تورکیاوە نەوتی کەرکوك ڕەوانەی سەر دەریای سپی بکات. بەداخەوە سەرکردەکانی کورد لەو دەمە وەکو سیاسەتمەدارانی عەرەب شارەزای سیاسەتی دەوڵەتە زلهێزەکان نەبوون، کە لەگەڵ داگیرکەرانی وڵاتەکەیان بە شێوەیەکی کاتیش بێت خۆیان نەگونجاندووە. هەتا سەرەتای ساڵەکانی سیی سەدەی ڕابوردوو، دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دروشمی بزووتنەوەی ڕزگاری

بەخشی کوردی بووە، بە مەرجێك ناوچەی کەرکوك بگرێتەوە. قبوولکردنی عێراق بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٣٢، بووەتە هۆی ئەوە سنووری ئەو دەوڵەتە، بە ویلایەتی مووسڵەوە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دادنی پێدابنرێت و عێراق وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێناسە بکرێت. لەو دەمەوە مەسەلەی کوردی لە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتییەوە بووە بە مەسەلەیەکی نێوخۆیی، باشووری کوردستان بووە بەشێکی دانەبڕاو لە دەوڵەتی عێراق. لەڕووی قانوونییەوە داواکردنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بووەتە داواکارییەك بە پێچەوانەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و قانوونی نێودەوڵەتی. دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە بە "خودموختاری" لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا. لە مانگی ئەیلوولی ١٩٩١ دروشمی فیدراڵی جێگای "حوکمی زاتی" گرتەوە، بەشی هەرە زۆری حیزب و لایەنە سیاسیەکانی باشووری کوردستان، بوونە هەڵگری ئەو دروشمە پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان لە مانگی ئایاری ١٩٩٢.

لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە مانگی کانوونی یەکەمی/دیسەمبەری ٢٠٠٥، دروشمی سەربەخۆیی کوردستان جارێکی دی سەری هەڵداوەتەوە، بەلاّم بە نافەرمی لەلایەن زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەنگی لەسەر دراوە و بووە بە دروشمی سەرەکیی کورد لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان. دروشمی "ڕیفڕاندۆم" زۆرینەی خەڵکی کوردستان، بە دانیشتوانانی ناوچە دابڕاوەکانەوە دەنگی بۆدراوە، بەلاّم بێ ئەوەی پاشتر بە شێوەییێکی جددی بە دواداچوونی بۆبکرێت.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥دا، دەستووری هەمیشەیی عێراق پەسندکراوە، زۆرینەی دەنگدەران لە هەرێمی کوردستان دەنگیان بۆ ئەو دەستوورە داوە. ئەو دەنگدانەی خەڵکی کوردستان وا لێکدراوەتەوە کە زۆرینەی دەنگدەران لە کوردستان دەنگیان بە فیدراڵیزم داوە، چونکە ئەو دەستوورە لەسەر بنەمای فیدراڵیزم و دیموکراسی و فرە حیزبی و فرەڕایی داڕێژراوە. کورد تا پەسندکردنی دەستووری تازەی عێراق دەیتوانی ڕەخنە لەشێوازی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بگرێت، چونکە لەساڵی ١٩٢٥ لە

ڕیفرڕاندۆمێکی ڕواڵەتیدا دەنگی بە مانەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق دابوو. ناوچەی سلێمانی و بەشێك لە ناوچەی کەرکوك بەشدارییان لەو دەنگدانە نەکردبوو، بەڵام دەنگدان بە دەستووری عێراق لە ٢٠٠٥ بووە هۆی پابەندبوونی زۆرینەی کورد بەو دەستوورە، بە مەرجێك حکوومەتی عێراق پابەندبێت بەو بنەما سەرەکییانەی لەو دەستوورەدا هاتوون. کەواتە کورد ئێستا ناتوانێ داوای کشانەوە لەو دەوڵەتە بکات کە لەسەر بنەمای فیدراڵیزم و دیموکراسی و فرە لایەنی و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ای دەستووری عێراق دامەزراوە. بەڵام ئەگەر حکوومەتی عێراق پابەند نەبوو بەو بنەما سەرەکییانە، ئەوا کورد دەتوانێ پاشگەزبێتەوە لەو دەستوورەی لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی ئارەزوومەندانە داڕێژراوە. باری ئێستای ناوچەکە و نێودەوڵەتی گونجاو نییە بۆ داواکاریی گەلی کوردستان بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەو بارودۆخە نێودەوڵەتییەی بووە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کۆسۆڤۆ، تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان پەیدانەبووە، دەوڵەتە زلهێزەکان لەبەر بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان پشتگیرییان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە هەرێمی کۆسۆڤۆ کرد، بەڵام پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ناکەن. لەبەر هەمان ئەو هۆیانە ڕاستەوخۆ پشتگیری لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ناکەن، کە ماددەیێکی دەستووریە. پرنسیپە سەرەکییەکانی قانوونی نێودەوڵەتی، کە دیاریکردنی مافی چارەنووس یەکێکە لەو پرەنسیپانە، ڕێگا بە گەلی کوردستان دەدات داوای ئەو مافە ڕەوایەی بکات، بەڵام بەکارهێنانی لە بەرژەوەندیی ئابووری و ستراتیژیی دەوڵەتە زلهێزەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە نییە، ئەو دەوڵەتانە باس لە "بەرقەراری ئەمن و ئاسایش لە ناوچەکە" دەکەن و ڕێگا بە دەستکاریکردنی سنووری سیاسی ئەو دەوڵەتانەی خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە نادەن.

لەپاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسی لە نیسانی ٢٠٠٣، هەلومەرجێکی تایبەت هاتە پێشەوە، بەڵام سەرانی کورد نەیانتوانی سوودی لێ وەربگرن. ئەو هەلومەرجە تازەیە گەر پێشتر پلانی بۆ دابڕێژرابایە، دەکرا ببێتە بنەمایەکی قانوونی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەم بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان. بۆ نموونە، پەسندکردنی

**دەستوورێك بۆ هەرێمی كوردستان لە پاش ڕاگەیاندنی فیدڕاڵی لەمانگی ئۆكتۆبەری ١٩٩٢، تێیدا مافی دیاریكردنی چارەنووس وەك مافێكی ڕەوای گەلی كوردستان بچەسپێندرابا، دەكرا بكرێتە بنەما بۆ داواكردنی كۆنفیدڕاڵی لە دەستووری عێراقدا. كورد لەو دەمە ڕۆڵێكی سەرەكی هەبوو لە ئامادەكردن و داڕشتنی پڕۆژەی دەستووری عێراق، كە لە كۆتایی ٢٠٠٥ دەنگی لەسەردرا.**

**⋆ ئەم دیمانە لە ١٧ ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩ سازدراوە.**

# بەشی دووەم
# یەکخستنی ناوماڵی کورد
## بەرەیەکی نیشتمانیی پتەو بۆ ئەم قۆناغە نوێیەی کوردستان

ئەحمەد هەردی عەزیز محەمەد نووری تاڵەبانی

وڵاتەکەمان بە بارودۆخێکی تایبەتدا تێپەڕدەبێت، دوارۆژی کوردستان لە دەستووری ئایندەی عێراق دیاری دەکرێت و پەیوەندیی هەرێمی کوردستان بە حکوومەتی ناوەندەوە یەکلا دەکرێتەوە. لەم بارودۆخە ناسکە نادیارەدا هەڵوێستێکی یەکگرتووانە لە کوردستان بەدی ناکرێت و بەرنامەیەك ئامادەنەکراوە کە هەموو هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەییەکان و ڕووناکبیرانی کوردستان کۆبکاتەوە. ئەم پەرتوبڵاوییەی ئێستا لە ئارادایە لە بەرژەوەندیی کورد و قازانجی هێزە سیاسیەکاندا نییە، ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بمێنێتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کورد سەنگێکی ئەوتۆی نەبێ لە کاتی ئەو گۆڕانکارییانەی چاوەڕوانی کوردستان و عێراق دەکەن و بڕیاری لەسەر دەدرێت. ئەگەر کورد بیەوێ بەشداربێت لەو گۆڕانکارییانە و ڕۆڵی لە دیاریکردنی پاشەڕۆژی عێراق هەبێت، پێویستە خۆی لە بەرەیەکی یەکگرتووی پتەودا، بە بەرنامە کۆ بکاتەوە و بە یەك دەنگ داوای جێبەجێکردنی مافە ڕەواکانی بکات.

لەو باوەڕەداین هەموو کوردێکی بە هەست و دڵسۆز پشتگیریی لە یەکگرتنەوەی هێزە سیاسیەکانی کوردستان دەکات و ئاواتەخوازە ئەم یەکگرتنەوەیە بە زووترین کات بێتە دی، تا چالاکانە و بە گورجی بەشداری لە دەستنیشانکردنی پاشەڕۆژی کوردستان و عێراق بکات. بەڵام قسەی تیۆری و سەر کاغەز لەگەڵ ئەو واقیعەی لەسەر گۆڕەپانی کوردستان هەیە جیاوازە و هەمووشمان هەستی پێدەکەین. لەمەوبەر چەند هەوڵێکی دڵسۆزانە لە لایەن هێزە سیاسیەکان و گرووپ و کەسانی ڕووناکبیرەوە بۆ دامەزراندن و بنیاتنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە کوردستان دراون،

بەڵام بە داخەوە زۆربەیان سەرکەوتنیان بە دەست نەهێناوە، چونکە بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەو واقیعەی لە گۆڕەپانی کوردستان هەبووە نەبوون، بۆیە ئەگەر بمانەوێ بیر لە یەکخستنەوەی هێزە سیاسیەکانی کوردستان بکەینەوە، پێویستە ئەو واقیعە لەبەرچاو بگیرێ.

لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستان دوو هێزی سەرەکی هەن، لە زۆر ڕووەوە توانا و دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە، بەڵام چەند جارێك پێکدادان و شەڕ و ناکۆکی لە ساڵانی ڕابردوودا لە نێوانیاندا ڕوویداوە و ئاسەوارەکانی تا ئێستاش ماون. چەند ساڵە دوو ئیدارەی جیاواز لەم بەشەی کوردستان هەیە، هەر یەکەیان دەزگای تایبەت بە هێزی پێشمەرگە و پۆلیس و پاراستن و زانیارییان هەیە، لەسەر بنەمای حیزبایەتیی تەسك دامەزراون، هەروەها چەند کۆلێجێکی تایبەت بە هێزی پێشمەرگە و پۆلیس و ڕێکخراوانی دیکە هەیە لەسەر هەمان بنەما دروست کراون. ئەم دوو ئیدارەیە دەمێکە سەرچاوەی تایبەتی دارایی خۆیان پەیداکردووە و ئێستاش لە پەرەسەندندایە. یەکگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەیە کە ئەو دوو هێزە سیاسییە بەڕێوەیان دەبەن، کارێکی ئاسان نییە، ئەگەر بمانەوێ لەسەر بنەمایەکی پتەو یەکبگرنەوە، بە جۆرێك لێکدابڕانی تێدا نەبێ و نەگەڕێنەوە بۆ جاری جاران، کە ناکۆکیی چەکدارانە لە ئاکامەکەی ڕوویداوە. مەبەست لە بەرچاوخستنی ئەو واقیعە تاڵە تانە لێدان نییە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ یەکگرتنەوەی هێزە سیاسیەکان لەسەر بنەمایێکی ڕاست و دروست، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە گەلەکەمان تووشی شکستی و نەهامەتی نەبێتەوە. لێرە کە باس لە دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانیی یەکگرتوو دەکەین، بیر لەو کۆسپ و ئاستەنگانەش دەکەینەوە و هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی واقعبینانە و دوور بینانە چارەسەریان بکەین.

لە بەرامبەر ئەم هەموو ئاستەنگ و زەحمەتەی لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بەدی دەکرێن، بارێکی تازە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهان پەیدابووە بووەتە هۆی پەیدابوونی ئاسۆیەکی نوێ بۆ کوردستان بەگشتی، بۆ ئەو دوو هێزە سیاسییە و لایەن و گرووپ و ڕێکخراو و ڕووناکبیرانی کوردستان، کە

پێویستە توانای خۆیان بە شێوەیەکی جددی و دوور لە خۆپەرستییەوە یەك بخەن، تاکو سوود لەم هەلە وەربگیرێ بۆ ئەوەی هیچ نەبێ بەشێك لە ئاواتەکانی گەلی کوردستان بەدی بێن و کورد جارێکی تر تووشی نەهامەتی نەبێتەوە. ئەم دەرفەتە تازەیە لە ئاکامی ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری و ڕزگارکردنی بەشی زۆری باشووری کوردستان پەیدابووە، نابێت بە سووك و ئاسانی لەبەر هەر هۆیەك بێت، لە دەستمان بچێت. بە دڵنیاییەوە دەڵێین ئەگەر ئەم جارە کورد سوود لەم دەرفەتە گەورەیە وەرنەگرێت، ئەو دوو هێزە دەسەڵاتدارەی کوردستان لە هەموو لایەکانی تر زیاتر زەرەرمەند دەبن و بەرامبەر مێژوو و نەوەی پاشەڕۆژ بەرپرسیار دەبن. ئەگەر لێرە پەنجە بۆ ئەو دوو هێزە سیاسییە درێژ دەکەین، لەبەرئەوەیە ئەوان ئەمڕۆکە کاربەدەست و دەسەڵاتدارن لە کوردستان و بەشێکی فراوانی باشوور لەژێر دەسەڵاتی ئەواندایە.

ئەو کۆسپ و ئاستەنگانە، دەبێ بە وردی و واقیعبینانە لێیان بکۆڵینەوە تا بتوانین چارەسەریان بکەین. بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەم بارودۆخە تازەیەی لە پاش نەمانی ڕژێمی بەعسی پەیدا بووە و هیوا و ئومێدێکی گەورەی لێ پەیدابووە بۆ کورد، دەبێ بخرێنە پێش چاو و هەوڵبدرێت حیزبایەتی تەسك و بەرژەوەندیی یەکلا نەبنە هۆی بەرەو پێشەوە نەبردنی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان، تا جارێکی تر نەبینە قوربانیی خۆپەرستیەتیی. کورد، دەبێت ئەمجارە بە مافە ڕەواکانی خۆی بگات و سوود لەم بارە نێوخۆیی و ناوچەیی و نێو دەوڵەتییە تازەیە وەربگرێت.

ئەگەر ئەم بەشەی کوردستان کە لە ژێردەسەڵاتی ئەو دوو هێزە سیاسییە یەکبگرێتەوە، ئەو بەشە دابڕاوەی زووتر دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، کەواتە پێویستە هەموو کوردێکی دڵسۆز بە هەموو توانایەوە هەوڵ بدات ئەم ئاواتە پیرۆزەی هەزاران شەهید و قوربانی ڕێگای ئازادکردنی کوردستان، بێتە دی. ئەگەر گەیشتن بەم ئاواتە پیرۆزە لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەدا بێت، پێویستە هەموو هەوڵێك بدرێت بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو هێزە و هەموو هێز

و گرووپ و ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەیی و کەسایەتی و ڕووناکبیرانی کوردستان، بەڵام لەسەر چ بنەمایەك و بە چ میکانزمێك؟

ئەو پڕنسیپانەی دەتوانین بڵێین بەشی زۆری گەلەکەمان دەمێکە لەسەری ڕێککەوتوون و بە بەردەوامی داوای جێبەجێکردنیان کردووە، دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوە کۆبکرێنەوە:

یەکەم: یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە و دامەزراندنی حکوومەتێکی ئیتتلافی بە بەشداریکردنی نوێنەرانی هێزە سیاسیەکان و کەسایەتییە شارەزا و بێلایەنەکان، ئەرکە سەرەکییەکانی ئەم حکوومەتە، جگە لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەزگاکانی کوردستان، تا ڕێکخستنی هەڵبژاردنێکی ئازاد، لەم خاڵانەی خوارەوە دەکرێ کۆ بکرێنەوە:

پێکهێنانی چەند لێژنەیەك بۆ یەکخستنەوەی دەزگاکانی تایبەت بە پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و کۆلێجەکانی سەر بەو دەزگایانە.

⋆ پاککردنەوەی دەزگاکانی هەرێم لە هاوکارانی دەزگاکانی ئەمن و موخابەراتی ڕژێمی بەعس بەپێی بڕیاری پەرلەمان، لەگەڵ پاککردنەوەی ئەو دەزگایانە لە فەرمانبەرانی دەست پیس و بێ توانان بوونەتە هۆی پەیدابوونی گەندەڵی و ڕۆتین و دواخستنی کاروباری هاونیشتمانیان.

⋆ ئامادەکردنی قانوونێکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە، بە هاوکاریی دەزگایەکی نێو دەوڵەتی.

⋆ پێوەندیی حکوومەتی یەکگرتووی هەرێم و دەزگاکانی بە وەزارەت و دەزگاکانی ناوەند بەپێی دەستووری هەرێم ڕێکبخرێت، تا ئەو کاتەی دەستوورێکی تازە بۆ عێراق پەسند دەکرێت. بە واتایەکی دی، حکوومەتی هەرێم هەموو ئەو دەسەڵاتانەی بۆ دەستنیشانکراوە لە دەستووری هەرێمی کوردستان بە کاریان بێنێ، تەنیا ئەو دەسەڵاتانە نەبێ بەپێی هەمان دەستوور بە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی دەزانن، کە بریتی دەبن لە کاروباری بەرگری و نێودەوڵەتی و دراو و بانکی ناوەندی و دەوڵەتنامە (جنیسة).

دووەم: چەسپاندنی سیستمی فیدراڵی پەسندکراو لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ پاشەڕۆژی عێراق، لەسەر بنەمای دابەشکردنی عێراق بەسەر دوو هەرێم، هەرێمی کوردستان بە سنووری جوگرافی و مێژوویی خۆی، کە دەمێکە مێژوونووسانی عەرەب و بیانی و کورد دیاریانکردووە، کە لە سەرووی زنجیرە چیاکانی حەمرین دەستپێدەکات، لەگەڵ هەرێمێکی دی بۆ بەشی عەرەبی عێراق. پێویستە هەوڵبدرێت ئەم سیستمە فیداڕڵییە لە دەستووری عێراقی تازەدا بچەسپێت، کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە کوردستان، چونکە هەموو لایەنە سیاسی و مەزهەبییەکانی عەرەبی عێراقی، دەوڵەتی عێراق بە بەشێك لە نیشتمانی عەرەب دەزانن و داوادەکەن ئەم داواکارییەیان لە دەستووری عێراقدا بچەسپێنن.

سێیەم: نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی بەعەرەبکردن بەهەموو شێوەکانیەوە، لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی تازە ئازادکراو، هەروەها بەشداریکردنی گەلی کوردستان لە پرۆسەی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی عێراق بەندبکرێت بە نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەبکردن و گەڕانەوەی هەموو ئاوارە دەرکراوەکان، بە کورد و تورکمان و ئاشوورییەوە، بۆ جێگای باب و باپیرانیان، لەگەڵ قەرەبووکردنەوەیان لەو زیانانەی لێیان کەوتووە، تاکو بتوانن بگەڕێنەوە بۆسەر ژیانی ئاسایی جارانیان، لەگەڵ گەڕاندنەوەی ئەو چوار قەزایەی لە ساڵی ١٩٧٦ لە پارێزگای کەرکوك دابڕاون.

لەبەر ئەوەی کەرکوك و ناوچەکەی تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە، پێویستە کێشەکانی ئەو ناوچە بە شێوەیەکی جیاواز چارەسەر بکرێن، چاکترە دەستەیەك پێکبێت نوێنەرانی هێزە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکان و چەند کەسایەتییەکی ناوچەکە تێیدا ئەندام بن، ئەرکی سەرەکی ئەو لیژنەیە ئامادەکردن و داڕشتنی بەرنامەی جۆراوجۆر بێت بۆ بنبڕکردنی سیاسەتی بە عەرەبکردن لە ماوەیەکی دیاریکراودا. باری تایبەتی لە کەرکوك و مەترسی پەیدابوونی هاوکارییەکی ستراتیژیی لەنێوان گرووپە توندڕەوەکانی تورکمان و عەرەب، دژی پێکەوە ژیانی نەتەوە جیاوازەکان پێویست دەکات ئەم دەستەیە لە کەرکوك بە زووترین کات دابمەزرێت. پێویستە هەڵوێستێکی یەکگرتووانە لەکاتی هەڵبژاردندا لە کەرکوك و

ناوچەکانی دیکەدا پەیڕەو بکرێت و هەموو نەتەوەکانی ئەو ناوچانە بەشداری تێدابکەن، ئەگینا نەیارانی کورد، بە هاوکاریی ناحەزانی کورد و تورکمان و عەرەب لەو ناوچەیە، دەتوانن کاری تێکدەرانە ئەنجام بدەن، ئەوەش دەبێتە هۆی مەترسییەکی گەورە بۆ پاشەڕۆژی کەرکوك. ئەو لایەنانە بە ئاشکرا چەند دەوڵەت و هێزێکی بیانی و ناوخۆیی پشتگیرییان لێ دەکەن، کە دەبێ هەموو حیسابێك بۆ تێکشکاندنی ئەم ستراتیژییە بکرێت، بە یەکگرتنەوەی هێزە کوردستانییەکان و دۆستەکانیان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان.

چوارەم: دەستکاریی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بکرێت کە لەمانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ وەکو پڕۆژە پەسندکراوە، تاکو بەندەکانی لەگەڵ باری تازەی پاش ڕووخانی ڕژێم بگونجێن، پێویستە ئەو پڕۆژەیە پاش دەستکاریکردنی، پەسند بکرێت و حکوومەت و هەموو دەزگاکانی هەرێمی کوردستان کاری پێبکەن.

پێنجەم: پەرلەمانی کوردستان و حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان، تاقە نوێنەری هەرێمی کوردستان بێت لە هەموو گفتوگۆ و دانووستانێك لەگەڵ حکوومەتی ناوەند و هاوپەیمانان دەکرێن.

شەشەم: قبووڵکردنی ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنەی پاش یەکگرتنەوەی کوردستان دەکرێت، پاش پەسندکردنی قانوونێکی نوێ بۆ هەڵبژاردن لەسەر بنەمایێکی تازە.

ئەم پرنسیپە سەرەکییانە دەکرێت بە شێوەیەکی فراوانتر ئامادەبکرێن، پێویستە میکانزمی تایبەت دابڕێژرێت بۆ کارپێکردن و جێبەجێکردنیان.

لەسەر ئاستی کوردستان، پێویستە کۆمیتەیێکی باڵا بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرنسیپانە دامەزرێت، لەگەڵ چاودێریکردنی شێوەی جێبەجێکردنیان لە پارێزگاکان، چاکترە ژمارەی ئەو کۆمیتەیە لە (نۆ) ئەندام زیاتر نەبێت، نوێنەری ئەو دوو حیزبە سەرەکییەی تێدابێت، چونکە جگە لەوەی ئەمڕۆکە دەسەڵاتداران لە کوردستان و هێز و توانای بەرچاویان هەیە، نوێنەریان لە ئەنجومەنی حوکمڕانیی عێراق هەیە، کە ئەمڕۆکە، لە پاش دەسەڵاتی هاوپەیمانان، باڵاترین دەسەڵاتە لە عێراق، بەڵام ئەمە نابێت بمانگێڕێتەوە بۆ ئەو سیستمەی لە زۆر وڵاتانی شموولیدا پەیڕەوی دەکرێت، لە

ژێر ناوی "بەرەی نیشتمانی"، هەموو دەسەڵاتەکان لە ژێر دەستی حیزبێك ماونەوتەوە. ئەمەش ڕاماندەکێشێ بۆ شیکردنەوەی خاڵێکی تر کە بەداخەوە لە وڵاتانی شموولیدا کراوە بە نەریت، حیزبێك بە ناوی حیزبی "ڕابەر"، یان هەر ناوێکی تر بێت، دەبێ لە بەرەی یەکگرتووی کوردستانی ئەم جۆرە پراکتیزە بەلاوە بنرێت و بەشێوەیەکی دیموکراسییانە بڕیار و پێشنیازەکان لە لایەن کۆمیتەکانی بەرەوە پەسند بکرێن. بەڵام دەکرێت لەم حاڵەتەشدا مەرجی پەسندکردنی بڕیارە گرنگەکان، لە لایەن دوو لەسەر سێی ئەندامانی کۆمیتەی باڵای بەرەوە قبوڵ بکرێت.

بەهەر حاڵ پێویستە جگە لە "کۆمیتەی باڵای بەرەی نیشتمانی کوردستان"، کۆمیتەی دیکە لەسەر ئاستی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان بە هەمان شێوە پێکبێت، بەڵام بە ڕەچاوکردنی باری تایبەتی ناوچەی کەرکوك. ئەم بۆچوونانەی لێرەدا خستوومانەتە بەرچاو ڕاو پێشنیازن، داوا لەهەموو لایەن و گرووپ و نوێنەرانی ڕێکخراوانی مەدەنی و پیشەیی و ڕووناکبیران دەکەین بە ڕاو بۆچوونەکانیان دەوڵەمەندتریان بکەن، بەم شێوەیە دەتوانین هەموو پێکەوە بگەینە ئامادەکردنی بەرنامە و میکانیزمی چاکتر و گونجاوتر لەگەڵ باری تازەی کوردستان و عێراق بگونجێت.

سەرکەوتن بۆ هەمووان دەخوازین.

# ئەركی هەنووكەیی هێزە سیاسی و ڕێكخراوە مەدەنییەكانی كوردستان

لەناوچوونی ڕژێمی ڕەگەزپەرستیی بەعس و ئازادكردنی ناوچەكانی كوردستان كە لەژێر دەسەڵاتیدا بوون و كۆتایی هاتن بە شاڵاوی سیاسەتی بە عەرەبكردن، مەترسی هێرشكردنەوەی سوپای ڕژێمی بۆسەر ئەو ناوچانە نەهێشت، بارێكی نوێ هاتە ئاراوە و ئەركێكی نوێ كەوتە سەرشانی گشت هێزە سیاسی و ڕێكخراوە مەدەنییەكانی كوردستان، بەوەی پێویستە هەموو پێكەوە بە وردی لێی بكۆڵینەوە و بەرنامەیەكی هەنووكەیی بۆ دابڕێژین، تا دەستكەوتەكانی گەلەكەمان لەم بارە ناسكەدا بپارێزین، بەتایبەتی لە كاركردنیان بۆ نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی پاكسازی و بە عەرەبكردن لە ناوچە تازە ڕزگاركراوەكانی كوردستان. ئەو ئەركە نوێیە لەسەر شانی سەرانی كورد و تێكڕای هێزەكانی كوردستانە، بگرە هەموو كوردێكی دڵسۆز.

عێراقی ئەمڕۆ وەكو دەوڵەت و دامودەزگا هەر بەناو ماوە، بۆیە دەكرێ بڵێین ئێستا لە قۆناغی بنیاتنانەوەی ئەو دەوڵەتەین كە پێویستە لەسەر بنەمایەكی تازە دروستبكرێتەوە. هەڵبەتە ئەركی ئێمەی كورد دەبێ بەشداریكردن بێت لە دروستكردنەوەی، چونكە داوای پێكەوە ژیان دەكەین لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەدا، نەك دامەزراندنی قەوارەیەكی سەربەخۆ. كەواتە دەتوانین بڵێین لەم قۆناغە ناسكەدا، چارەنووسی گەلی كوردستان لەسەر بنەمایەكی نوێ دیاری دەكرێ، بۆیە نەیارانی كورد، چ لە ناوەوەی عێراق، چ لە ناوچەكە هەر یەكە بە شێوەیەك خەریكی بڵاوكردنەوەی پڕوپاگەندەی دژ بە ئاواتەكانی گەلی كوردن و كەوتوونەتە جموجووڵ و كۆبوونەوە و پلاندان، تا كەمترین و بچووكترین مافی ڕەوای كورد لە ئاستی عێراقدا نەچەسپێن. هەموو ئەو لایەنانە، بە هاوكاریی كەناڵە تەلەفزیۆنە عەرەبییەكان، بە مەبەستی چەواشەكردنی ڕای گشتیی جیهان و ناوچەكە، پەنا بۆ هەموو جۆرە درۆ و پڕوپاگەندەی ناڕەوا دەبەن. ماوەیەكە خەریكی بڵاوكردنەوەی ئەو دەنگوباسە ساختانەنە، گوایە كورد بە زەبری چەك، عەرەب لە ناوچەكانی

کەرکوك و مووسڵ دەردەکەن و خاکیان زەوت دەکەن، بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بەوە بکەن ئەو عەرەبانە چەندان ساڵە، سەدان گوندی کوردستانیان بە ناهەق داگیرکردووە و دەستیان بەسەر خێروبێری ئەو ناوچانەدا گرتووە. هەر هەمان ئەو دەزگا عەرەبی و تورکی و ئێرانی و لایەنە عێراقییە ڕەگەزپەرستانەی تا دوێنێ پشتگیری ڕژێمیان دەکرد و عێراقیان بەو دەردە بردووە، دانیشتوانەکەشی کە بەسەر کانییە نەوتەوە دەژین، بە ئاستی هەژارترین خەڵکی دونیا گەیاندووە، هەوڵدەدەن کورد بگێڕنەوە بۆ ساڵانی پێش ۱۹۹۱، هەروەك بڵێی تازە بەزەییان بە کورد بێتەوە، دروشمی سەرەکییان بۆتە بەربەرەکانیکردنی دروشمی ئازادی و دیموکراسی و فیدراڵی و فرە حیزبی لە عێراق. لایەنە عێراقییە بەناو "ئیسلامی" و "عروبەی"یەکان باس لە " عفی الله عما سلف" دەکەن، تا زۆربەی سەرانی ئەو تاقمانە کە تا دوێنێ بەعسی بوون و لە دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم دەسەڵاتداربوون، بێنەوە مەیدان و دەستکەوتەکانیان لە دەست نەدەن، بەناو و نازناوی تازەوە، گرووپ و حیزبی تازە پێکدێنن بۆ ئەوەی ئەو سامان وماڵەی بە دزی و جەردەیی کۆیانکردۆتەوە، لە دەستیان نەچێت. جابۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێ لە ئاستی عێراق، مافە ڕەواکانی بچەسپێنێ و شوێنەواری سیاسەتی پاکتاویی نەژادی بە عەرەبکردن نەهێڵێ و ڕێگا بۆ گەڕانەوەی خەڵکە دەرکراوەکان بۆ جێگا و زێدی باو باپیرانیان خۆشبکات، دەبێ هەڵوێستی هێزە سیاسیەکان سەبارەت بەو داواکارییانە یەك بێت و شێوەی کارکردنیان بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو بێت، کەسانی پسپۆڕ و شارەزا ئامادەیان بکات. هەڵبەتە ئەم کارە بەبێ هاریکاریی هێزە سیاسیەکان، بە تایبەتی هەردوو هێزی حوکمڕانی کوردستان، بە ئەنجام ناگات، پێویستە پێکەوە بە یەك دەنگی و یەك هەڵوێستی کاربکەن، ئەگەر وانەکەن، دەستکەوتەکانی گەلەکەمان، بە تایبەتی لە ناوچە تازە ڕزگارکراوەکاندا لەدەست دەدەن، ئەوەش بەرپرسیاریەتیی مێژوویی دەخاتە ئەستۆی هەمووان، بەتایبەتی هەردوو حیزبی حوکمڕان. لەم ڕووەوە سەبارەت بە ناوچەی کەرکوکی ئازادکراو، لە ۲۰۰۳/٤/۲۱ نامەیەکی کراوەمان بەرەو ڕووی کاك مەسعود و مام جەلال کردووە، تێیدا داوامان کردبوو لەم کاتە گرنگەی کوردستان بە یەك دەنگی و یەك هەڵوێستی

کاربکەن، بە دامەزراندنی "دەستەیەك" لە کەسانی شارەزا و ڕابردووپاك، تا بەهاوکاریی هەردوو حیزبی سەرەکی و هێزە سیاسیەکانی تری کوردستان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان، پڕۆژەیەکی هەمەلایەن بۆ ئایندەی دوور و نزیکی ئەو ناوچەیە ئامادەبکەن، لەگەڵ دەستنیشانکردنی میکانزمی تایبەت بۆ شێوەی گفتوگۆکردن لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتە زلهێزەکان و دەسەلاٌتدارانی پاشەڕۆژی عێراق. هەڵبەتە ئەم "دەستەیە" دەتوانێ چەندین لێژنەی تایبەت لە بواری یارمەتیدانی ئاوارەکان و مسۆگەرکردنی گوزەرانیان پێکبێنێ، هەروەها دەکرێ لێژنەی قانوونی و کۆمەلاٌیەتی و فریاگوزاریی جیهانی بۆ دروستکردنەوەی خانووبەرە و دەزگای ئاوەدانی و قوتابخانە و نەخۆشخانەوە...، بە هاوکاریی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و جیهانییەکانی فریاگوزاری. پێویستە لێژنەیەکی تایبەت دابمەزررێ بۆ دۆزینەوەی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاریان و پەلکێشکردنی بەرپرسان، بەعەرەب و کوردەوە بۆ بەردەم دادگای تایبەت، بە هاوکاری ڕێکخراوانی مرۆڤدۆستی جیهانی، تا ئەو بەرپرسانە بە سزای ڕەوای خۆیان بگەن. سەبارەت بە دەستنیشانکردنی پاشەڕۆژی عێراق و ڕۆڵی کورد لە حوکمڕانکردنی عێراق، پێویستە لە کاتی ئامادەکردنی پڕۆژەی تایبەت بۆ دواڕۆژی عێراق کەسانی شارەزا بەشداری بکەن و نوێنەرانی هێزە سیاسیەکان لە وتووێژکردن لەبارەی دواڕۆژی عێراق بەشداربن لەسەر بنەمای دیموکراسی. ئەم کارە بەو شێوەیە باشتر بە ئامانج دەگات ئەگەر حکوومەتێکی یەکگرتوو، بە بەشداری نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لە کوردستان دامەزرێت. دەبێ پەرلەمان ڕۆڵی خۆی لە دامەزراندنی ئەو حکوومەتە هەبێت، ئێمە هەموو بە هیوای ئەوە بووین پاش زیندووکردنەوەی ئەم دەزگایە، کاری سەرەکی متمانەدان بێت بە حکوومەتێکی یەکگرتوو، تا ئەم حکوومەتە وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا و لایەنەکانی ناو بەرهەڵستکارە عێراقییەکاندا بکات، نەك هەر ئەو حیزبانە بە تەنیا دەستنیشانی پاشەڕۆژی کوردستان بکەن، چونکە پەرلەمان دەزگایەکی شەرعییە دەبێ بەشداری لە دیاریکردنی پاشەڕۆژی کوردستان بکات. پێویستە هەموو لایەکان داوای دامەزراندنی حکوومەتێکی یەکگرتوو

**بکەن، بە یەك بەرنامە داوا ڕەواکانی گەلی کوردستان بخەنە بەرچاو و قسەی لەسەر بکەن، پێویستە نوێنەرانی ناوچە تازە ڕزگارکراوەکانی کوردستان بەشداری ئەم حکوومەتە تازەیە بکەن. بۆ بەدیهێنانی ئاواتە پیرۆزەکانی دەیان هەزار شەهیدی ڕێگای کوردایەتی و ئازادکردنی کوردستان هەموو پێکەوە کاربکەن.**

**لەندەن، ٢٠٠٠/٤/٢٧**

## تێبینییەکانم لەبارەی پڕۆژەی نەخشە ڕێگای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

له ٣/٤/ ٢٠١١ "سەنتەری ڕەنج بۆ ڕاپرسین و توێژینەوە"ی سەر بە زانکۆی سەلاحەدین، لە ٣ ی نیسانی ٢٠١١، سیمینارێکی بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی پڕۆژەی سەرۆکایەتیی هەرێم بۆ چاکسازی سازکردبوو. پێشتر د. نووری تاڵەبانی لە ڕۆژنامەی "ڕووبەر" بە ژمارە (٥٥) لە ٥/٣/٢٠١١، لە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکدا چەند پێشنیازێکی خستبووە بەرچاو، بەشێکیان لەگەڵ ئەوەی لە پڕۆژەکەی سەرۆکایەتیی هەرێم دەگونجان، لێرە دەیانخەینە بەرچاو.

لەبارەی خاڵی یەکەمی پڕۆژەکە، د. نووری پێشنیاز دەکات پەلە بکرێت لە دامەزراندنی حکوومەتێکی بنکە فراوان، بە بەشداریکردنی نوێنەرانی هەموو لایەنە سیاسیەکان و کەسانی دیکە، چاکترە بەشداربووانی ئەو حکوومەتە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بن.

پێویستە بە جددی کاربکرێت بۆ بەدامەزراوەکردنی دامەزراو و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان و دوورخستنەوەیان لە نفووزی حیزبایەتی تەسك، تا بتوانن ئەرکەکانی سەر شانیان بەپێی حوکمی قانوون و ڕێزگرتن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ جێبەجێ بکەن.

لە پڕۆژەکەدا پێشنیازی کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندان کراوە، بە خانەنشینکردنی بەشێکیان. کێشەی زۆربوونی کارمەندانی هەرێم هەر بەو کارە چارەسەر ناکرێت، چونکە ئەو کێشەیە بەهۆی دوو ئیدارەیی لەماوەی چەند ساڵێکدا پەیدابووە. پێشنیازی دامەزراندنی لیژنەیەکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە لە ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە، بەڵام بە بەشداریکردنی کەسانی شارەزا و چەند مامۆستایەکی زانکۆ، ڕێگە بە هیچ لایەن و کەسێك نەدرێت دەست بخەنە ناو کارەکانیەوە. پەلەکردن لە دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕاژەیی، پاش پەسندکردنی قانوونەکەی زۆر پێویستە، بە مەرجێك سەرۆك و ئەندامانی کەسانی شارەزاو بێ لایەن بن.

کاراکردنی دەستەی چاودێری دارایی و پەلەکردن لە ناردنی ڕاپۆرتەکانی بۆ پەرلەمانی هەرێم، تا لێیان بکۆڵێتەوە و هاوکاریی دەستەکە بکات لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانی.

پەلەکردن لە دامەزراندنی دەستەی دەستپاکی (نەزاهە) لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزاو بێ لایەن، کە چاکترە کەسانێکی قانوونی بن، لەگەڵ ئابووریناسێك و شارەزایەك لە حیسابات، ژمارەیان زۆر نەبێت، پێشنیازی (٥) کەسی کردووە، بەڵام هەموویان کەسانی ڕابوردوو پاك و چاونەترس و ناسراوبن بە دەستپاکی.

کاراکردنی دەستەی داواکاریی گشتی، لەگەڵ هەموارکردنی قانوونەکەی تا بتوانێ ئەرکەکانی سەرشانی بە باشی جێبەجێ بکات.

بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە تەندەری کۆن و تازەوە هەیە، چاکترە لیژنەیێکی تایبەت دروستبکرێت لە کەسانی شارەزا و ناسراو بە دەستپاکی، بەڵام نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تێیدابێت. بۆ نموونە، ئەگەر تەندەرێك پەیوەندی بە وەزارەتی تەندروستییەوە هەبێ، چاکترە نوێنەری ئەو وەزارەتەی تێدابێت بێ ئەوەی مافی دەنگدانی لە بڕیاردان هەبێ. باشترە ئەو لیژنەیە لەژێر چاودێری (دەستەی چاودێری دارایی) و (لیژنەی دارایی پەرلەمان) کارەکانی ئەنجام بدات. ئەگەر گومان لەسەر شێوەی وەرگرتنی تەندەرێکی کۆن یان تازە هەبووە، پێویستە لێکۆڵینەوە لەو تەندەرە بکرێت، بەتایبەتی ئەگەر گومانی سەرپێچیکردنی قانوون لەدانی بە کەسێك یان لایەنێك لەلای داواکاریی گشتی هەبووە. دەبێ شەفافانە لێپێچینەوەی قانوونی لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانە بکرێت.

زەویی کشتوکاڵی پێشتر و ئێستاش دابەشدەکرێت بەسەر کۆمپانیا و کەسانی دیکەدا بۆ دروستکردنی پڕۆژەی نیشتەجێبوون و پڕۆژەی تر، بەتایبەتی ئەو زەوییانەی بەر ماستەر پلان کەوتوون. گەندەڵی زۆر لە دابەشکردنی زەویی بۆ ئەو مەبەستە کراوە و کێشەی زۆریشی دروستکردووە. چەندەها کەس زەوییان وەرگرتووە، بەڵام پاشتر فرۆشتوویانەتەوە، لە وەزارەتی شارەوانی و لە شارەوانییەکان کەسانێك بەشداربوون لەو کارە، بۆیە پێویستە دابەشکردنی زەوی ڕابگیرێ و

لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر چۆنیەتیی دابەشکردنی ئەو زەوییانە بکرێت، بە کۆن و تازەوە. پێویستە نوێنەری وەزارەتی کشتوکاڵ و لیژنەی کشتوکاڵ لە پەرلەمان بەشداربن لەو لیژنە و ماوەیەك بۆ تەواوکردنی کارەکانی دیاری بکرێت. چاکترە داوا لەو کەسانەی زەرەرمەند بوون لە دابەشکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان بکرێت سکاڵاکانیان لە ماوەیەکی دیاریکراودا بخەنە بەردەم ئەو لیژنەیە، داوا لە وەزارەتی شارەوانی و ئەنجومەنی شارەوانی شار و شارۆچکەکانی هەرێم بکرێت هاوکاری ئەو لیژنەیە بکەن. لەپاش دامەزراندنی دەستەی دەستپاکی، کارەکانی ئەو لیژنەیە چاکترە لە ژێر چاودێریی ئەو دەستەیە ئەنجام بدرێن، بەلاّم دوا بڕیار بەدەست ئەو دەستەیە بێت.

ئەو پێشنیازانەی لە خاڵەکانی (٩ تا ١٤)ی پڕۆژەکەی سەرۆکایەتیدا هاتوون، جێبەجێکردنیان لە ئەرکی دەستەی (ئەستۆپاکی /نەزاهە)یە. بەلاّم پێشنیازی کردبوو خاڵی (١٥) بە هەماهەنگی لەگەڵ "ئۆفیسی حوکمڕانی و دەستپاکی"، کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە جێبەدێ بکرێت، کە ئێستا لە قۆناغی دامەزراندایە.

لەبارەی دیاریکردنی سەرچاوەی دارایی حیزبە سیاسیەکان، ئەوە بە قانوون بڕیاری لەسەر دەدرێت، هەروەها پێشنیازی خاڵی (١٧)ی پڕۆژەکە.

پێداچوونەوە بە بەشێك لەو قانوونانەی پێشتر پەسندکراون کاری پەرلەمانە، بە کۆدەنگیی (تەوافوقی) سیاسی لەنێو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان.

پێویستە پەلەبکرێت لە هەموارکردنی هەردوو قانوونی ژمارە (٣) و(٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ کە تایبەتن بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان، کە بڕیارە لە مانگی سێپتەمبەری ئەمساڵدا ساز بکرێت. ئەو دوو قانوونە پێویستە هەردووکیان دەستکاری بکرێن، نەك هەر قانوونی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩. (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق) داوای کردووە ئەو دوو قانوونە لەماوەی دوو هەفتەی تر هەمواربکرێن، تا بتوانێ لە ئەیلوولی ٢٠١١ دا، سەرپەرشتی ئەو هەڵبژاردنە بکات. پێشنیازی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی هەرێم، لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی عێراقی کردووە، چونکە لەڕووی

پراكتيك و تەكنيك و داراييەوە بۆ ئەو كۆمسيۆنە ئاسانترە. دەبێ هەوڵ بدرێت هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك لە هەمان كاتدا بكرێت.

چەند پێشنیازێكی دیكە كە پێشتر لەو چاوپێكەوتنە ڕۆژنامەوانییەدا خستبوويە بەرچاو، لە پرۆژەكەی سەرۆكايەتيی هەرێمدا ئاماژەيان بۆ نەكراوە. چاكترە لە دانوستانی نێوان لايەنە سياسيەكان گفتوگۆيان لەسەر بكرێت، چونكە بەشێكن لە داواكاريی خەڵك، وەك:

١. سەپاندنی حوكمی قانوون و چۆنيەتيی سنووردانان بۆ دیاردەی چەكداری لەناو شارەكاندا.
٢. يەكخستنەوەی هێزی پێشمەرگە لە شێوەی سوپايەكی نيزاميی يەكگرتوو بە كردەوە و بە قانوون و يەكخستنەوەی دەزگای پاراستن و زانياری لەسەر هەمان بنەمای پيشەيی و دوور لە دەسەڵاتی حيزب.
٣. چاككردنی كەموكورپيەكانی پرۆژەی دەستووری هەرێم.
٤. كاركردن بە پرەنسيپی كۆدەنگی (تەوافوق) سەبارەت بە پەسندكردنی چەند قانوونێكی گرنگ، وەك قانوونی كۆمسيۆنی باڵای هەڵبژاردن لە هەرێمی كوردستان و كۆمسيۆن و دەستەكانی ديكە، كە پێويستە كەسانی شارەزا و بێ لايەن سەرۆك و ئەندامی بن تێيدا.
٥. پەلەكردن لە پەسندكردنی پێڕەوێكی ناوخۆی تازە بۆ پەرلەمانی هەرێم.
٦. ئەم كارانە بە تەبايی سياسی بڕيارين لەسەر دەدرێت، بەڵام پێويستە پەلەبكرێت لە پەسندكردنی بەشێكيان، چونكە خەڵك چاوەڕێی كار و كردارە.
٧. كاراكردنی دەسەڵاتی دادوەری كە دەسەڵاتی سێيەمە لە هەرێم، تا بتوانێ ڕۆڵی خۆی لە پێشخستنی پرۆسەی قانوونی لە هەرێمی كوردستان ببينێ. دەستكاری لە پرۆژەی دەستووری هەرێم دەربارەی شێوەی دەستنيشانكردنی ئەندامانی (ئەنجومەنی دادوەری)، كە ئێستا بە پێچەوانەی دەستووری عێراقە بكرێت، تا ئەو دامەزراوەيە بتوانێ ئەركەكانی بەشێوەيێكی باش ئەنجام بدات.

٨. دەستنیشانکردنی لیژنەیەك لە کەسانی شارەزای خەڵکی کەرکوك بۆ ئامادەکردنی بەرنامەیەکی ڕوون و شەفاف بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو ناوچەیە، لەگەڵ خۆ ئامادەکردن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی کەرکوك، کە پێویستە لەهەمان کاتدا سازبکرێت.

٩. ئەگەر حکوومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەنجامدانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان بەپێی بەرنامەییێکی دیاریکراو ڕێکبکەون، چاکترە لیژنەییێك لە نوێنەرانی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان و حکوومەت و پەرلەمان دروستبکرێت بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنیان لە ماوەی دیاریکراودا.

ئەم بەرنامەیە لە کەش و هەواییێکی ئارامدا تاوتوێ دەکرێت، بۆیە پێویستە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان و میدیای کوردی لە ناوەوەی کوردستان و دەرەوە، پۆزیتیڤانە بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی بکەن بە هێمنانە دوور لە زمانی زبر و ناشیاو.

هەولێر، ٣ ی نیسانی ٢٠١١

# دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی بەعس بەو تاوانەی لە باشووری کوردستان ئەنجامیان داوە

ڕژێمی بەعس لە ماوەی حوکمڕانی کردنی لە عێراق، زنجیرەیەك تاوانی گەورەی دژ بە گەلی کوردستان ئەنجامداوە. بەشێك لەو تاوانانە دەچنە خانەی جینۆسایدەوە، چونکە بە مەبەستی قڕکردن و لەناوبردنی کورد ئەنجامدراون. تاوانی جینۆساید زۆرجاران بە مەبەستی لەناوبردنی ئەتنییەك، یان گرووپێکی ئایینی، یان مەزهەبی ئەنجام ددەرێن، بۆیە بە تاوانێکی مەترسیدار لە قەڵەم دراوە. لەسەر ئاستیی نێودەوڵەتی بۆ یەکەم جار، بەشداربووانی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس، کە لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی بەسترابوو، هەوڵی دۆزینەوەی ئالیەتێکیان دا بۆ ڕێگەگرتن لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە تاوانە، کە زۆر جاران دژ بە گرووپ و گەلانی ژێردەستە ئەنجامدراون. پەیماننامەی (ڤێرسای)، کە لە ئاکامی ئەو کۆنگرە نێودەوڵەتییە مۆرکرابوو، تەنیا دوو ماددەی تەرخان کردبوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە گەورەیە، لە هەردوو ماددەی ٨٦ و ٩٣، بێ ئەوەی شێواز و چۆنیەتی ئەنجامدانی دیاری بکات، ئەم ئەرکەی بۆ قانوونی نێوخۆیی دەوڵەتان جێهێشتبوو.

لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی و دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە هەوڵێ جددی دا، لە ئاکامی ئەو تاوانانەی لە لایەن نازییەکانەوە ئەنجامدرابوون، چ لە ئەڵمانیا، یان لەو وڵاتانەی لەشکرەکەی داگیری کردبوون. چەند لێژنەیەك پێکهاتن بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو تاوانانە بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەیان. لەبەر ڕۆشنایی ئەو پرەنسیپانەی کە دادگای "نۆرمبێرگ" پەیڕەوی پێ کردبوون لە کاتی دادگایی کردنی سەرانی ڕژێمی نازی لە لایەن ئەو دادگایە نێودەوڵەتییەوە. پڕۆژەیەك ئامادەکرا لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان و لە ١١ ی دیسەمبەری ١٩٤٦ پەسندکرا، تێیدا تاوانی جینۆساید بە تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی درابووە قەڵەم، چونکە دەبێتە هۆی کوشتنی کۆمەڵە کەسانێك، کە زۆر جار لەبەر ئەوەی بە ڕەگەز یان ئایین یان لەبەر

هەر هۆیەکی تر جیاوازن و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، وەك کەمینە تەماشا دەکرێن. لەو بڕیارەدا تاوانی جینۆساید بە تاوانێکی گەورە وەسفکراوە پێویستە ئەو کەسانەی ئەنجامی دەدەن سزای توند بدرێن، ئایا ئەنجامدەرانی سەرەکی (فاعل اصلي) بن، یان هاوکار (شريك)، ئایا کەسانێکی ئاسایی بن، یان کاربەدەست، یان پیاوی دەوڵەتی، ئایا ئەو تاوانانە بە مەبەستێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئایینی، یان بە مەبەستێکی تر ئەنجام درابن. کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر لەو بڕیارەی داوای لە ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەر بە هەمان ڕێکخراو کردبوو پڕۆژەیەك بە زووترین کات ئامادە بکات تا لێی بکۆڵێتەوە و پەسندی بکات. لە ٩ دیسەمبەری ١٩٤٨ دا، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە پاریس کۆببووەوە، پڕۆژەکەی پەسندکرد وەك پەیماننامەیێکی نێودەوڵەتی، ئەو پەیماننامەیە تۆمەتبار بە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید لەبەردەم دادگای نێودەوڵەتی، یان دادگایەکی نێوخۆیی دەبێ دادگایی بکرێن (٢).

ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ بەدواوە، چەندەها تاوانی دژ بە گەلی کوردستان کردووە، کە بەشێکی زۆریان دەچنە خانەی تاوانی جینۆسایدەوە، بۆ ڕوونکردنەوە، ئەو تاوانە گەورانە، لێرە دەیانخەینە بەرچاو.

**تاوانەکانی ئەنفال:**

لە ئاکامی ئەم تاوانە گەورەیەدا نزیکەی ١٨٠ هەزار کەسی مەدەنی بێگوناە، کوژراون و لەناوبراون، جگە لە هەشت هەزار بارزانی کە لە ١٩ی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٧، ئێسکی ٥٢٠ کەسیان لە بیابانی نزیکی سنووری عێراق - سعودیە هێنرانەوە بۆ کوردستان، تا لە دەڤەری بارزان بە خاکیان بسپێرن. هۆی لەناوبردنی ئەو هەموو خەڵکانە لەبەر ئەوە نەبووە چەکیان دژ بە ڕژێم هەڵگرتبێ، بەڵکو تەنیا

(١) بۆ زیاتر ئاگادار بوون لەو تاوانە لە ڕووی قانوونییەوە، تەمەشای ئەو نووسینەم بکە بە عەرەبی لە ژێر دێڕی: "جريمة الابادة" بلاوم کردۆتەوە، گۆڤاری القضاء، ژمارە ٣ مانگی ئەیلولی ١٩٧٠.

لەبەر ئەوەبووە بە ڕەگەز کورد بوون، بەشێکی زۆر لەو خەڵکانە دێهاتی بوون، ئەوانی تر لە کۆمەڵگا زۆرە ملێکان ژیانی کوێرەوەری و بەدبەختیان بەسەردەبرد، لە ژێر چاودێری دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم. بارزانییەکان لە خوارووی عێراق نیشتەجێ کرابوون، ماوەیەك پاش گەڕاندنەوەیان بۆ کوردستان و نیشتەجێ کردنیان لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان. ڕژێم پیاو و مێرد منداڵەکانیانی کۆکردەوە و بەرەو بیابانی عەرعەر لە نزیکی سنووری سعودیە بردبوو، لەوێ لەناوی بردبوون. کوشتنی ئەوانە و ئەو هەموو هەزارەها خەڵکەی لە کارەساتی ئەنفال کوژرابوون، بە گەنج و پیر و پەککەوتە و ژن و پیاو و منداڵەوە، بە مەبەستی لەناوبردنیان بووە وەك بەشێك لە گەلێکی ژێردەستە. ئاسەواری ئەو تاوانە گەورەیە خێزانەکانیانی گرتبووەوە، چونکە ئەوانەی بەر شاڵاوی ئەنفال نەکەوتبوون نەیاندەزانی کەسوکاریان ماون یان کوژراون، ژنان چاوەڕێی مێردەکانیان دەکرد، منداڵ چاوەڕوان بوون باوکەکانیان جارێکی تر لە ئامێزیان بگرنەوە، دایك و خوشکەکانیان چاوەڕێی ڕۆڵە و براکانیان بوون. بەشێك لە ئەنفالکراوەکان کە پیر و پەککەوتە بوون ڕژێم ڕێگای گەڕانەوەی پێ دابوون، بە چاوی خۆیان ئەو هەموو کارەساتانەیان بینیبوو، ئەوانەی ماون پێویستە گوێیان لێ بگیرێ، تا ڕووداوەکان بۆ دادگا و مێژوو بگێڕنەوە و تۆماریکەن.

تاوانی ئەنفال دەچێتە ڕیزی جینۆسایدە گەورەکانی جیهانەوە، وەك بە کۆمەڵ کوشتنی ئەرمەنەکان لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی و کوشتنی ملیۆنەها جووی ئەوروپا لە لایەن نازییەکانەوە لە ئەڵمانیا و لەو دەوڵەتانەی داگیرکرابوون لە لایەن لەشکری ئەڵمانیاوە. ئەو دادگایەی ئەمڕۆکە دادگایی سەرانی ڕژێمی بەعسی دەکات لە بەغدا، دەتوانێ وەك شاهێدحاڵ گوێ لە شایەتی ئەو کەسانە بگرێت، کە دەتوانن بە وردی چۆنیەتیی ئەنجامدانی ئەو تاوانانە بگێڕنەوە و ناوی تاوانبارە گەورەکان و هاوکارانیان بە عەرەب و کوردەوە دیاری بکەن. جگە لەوە، بەشێك لە تەرمی ئەو ئەو ئەنفالکراوانەی بە کۆمەڵ کوژرابوون پاشان دۆزراونەتەوە، دەلیلی ماددینە بۆ سەلماندنی ئەو تاوانانە. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت کە چەندەها دۆکیمەنتی فەرمی

ئیمزاکراو بە دەستی سەرانی ڕژێم دەیسەلمێنن ئەو تاوانانە بە فەرمانی ئەوان جێبەجێ کراون. نزیکەی ١٩ تۆن لە دۆکیومێنت لە کاتی راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ دا لە دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم بوون لە کوردستان، لە لایەن حیزبە دەسەلاتدارەکانەوە ڕەوانەی کتێبخانەی کۆنگریسی ئەمریکی کران، تا لەژێر چاودێری ڕێکخراوی Meddle East Watch لێی بکۆڵنەوە. بەشێك لەو بەلگەنامانە پەیوەندییان بە تاوانەکانی ئەنفالەوە هەیە، پێویستە سوودیان لێ وەربگیرێ بۆ سەلماندنی ئەو تاوانانە. هەروەها لەو دۆکیومێنتانەی کە ڕێکخراوی Indictment ی بریتانی کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا خەریکی کۆکردنەوەیان بوون، بۆ سەلماندنی ئەو تاوانانەی سەرانی ڕژێم ئەنجامی دابوون لە عێراق، تاکو داوای دادگایی بکرێن لەبەردەم دادگاییێکی نێو دەوڵەتی، پێویستە سوودیان لێ وەربگیرێ. (٣).

دەوڵەتی عێراق داوای لێبووردنی لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان نەکردووە و کاربەدەستانی کوردستان ئەو داوایەیان ڕووبەڕووی حکوومەتی بەغدا نەکردووەتەوە، هەرچەندە لەو کۆنفرانسەی سەبارەت بە کارەساتی ئەنفال لە سەرەتای نیسانی ٢٠٠٢ دا لە هەولێر بەسترابوو، لە یەکێك لە بڕیارەکانیدا داواکرابوو پێویستە لە پاش ڕووخانی ڕژێم داوا لە دەوڵەتی عێراق بکرێت داوای لێبووردن لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و سەرجەم خەڵکی کوردستان بکرێت.

**بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی لە چەند ناوچەیەکی کوردستان:**

تاوانی دووەم، کە دژ بە گەلی کوردستان ئەنجامدراوە و بە تاوانی جینۆساید پێناسە دەکرێت، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوییە لە چەند ناوچە و دەڤەرێکی کوردستان دژ بە خەڵکی سڤیل، بە تایبەتی لە دۆڵی بالیسان و جافایەتی و ناوچەی قەرەداغ و دەڤەری بادینان و هەڵەبجەی شەهید. ئەو چەکانە بەهۆی چەند دەوڵەت و

---

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر تەماشای ئەو کتێبەم بکە تایبەتە بە سیاسەتی تەعریب لە ناوچەی کەرکوك و هەولی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەو ناوچەیە، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٢٠.

چەند کۆمپانیایەکی گەورەوە دەستی ڕژێمی بەعس کەوتبوون، بۆیە ئەوانیش بەرپرس دەبن وەك هاوکار لەو تاوانانە کە ئاسەوارەکانیان ماون و لەبەر چاون، چونکە ئەو خەڵکانەی چەکی کیمیاوییان بەسەرداکراوە بەشێکیان تا ئێستاش لە ژێر باری نەخۆشی جۆراوجۆردا دەناڵێنن، کە لە لایەن چەند دەزگایەکی پزیشکی و مرۆڤدۆستەوە پشکنین و لێکۆڵینەوەیان لەسەرکراوە. جێگای داخە ئەم تاوانە گەورەیە کە ماوەیەکی زۆر بە "هیرۆشیمای" کوردستان ناودەبرا، ئاکامەکانی بە شێوەیەکی باش نەخراونەتە بەرچاو ڕای گشتیی جیهان و تا ئێستاش داوای دادگاییکردنی هاوکارانی ڕژێم نەکراوە بۆ ڕیسواکردنیان و داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لەو خەڵکە کەوتوون، کە ئێستاش ژیانێکی پڕ لە مەینەتی بەسەر دەبەن.

**خاپوورکردنی هەزارەها گوندی کوردستان و گۆڕینی دیمۆگرافی:**

تاوانی سێیەم، خاپوورکردنی هەزارەها گوندی کوردستان بە خانوو و کێڵگە و باخ و ڕەز و کانیاو و کارێزەوە، لەگەڵ تاڵانکردنی ماڵ و سامان و مەڕ و ماڵاتیان. بەپێی ئەو زانیارییانەی بڵاوکراونەتەوە، تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٩، (٣٨٣٩) گوند تێکدراون لە کوردستان، کە (١٧٥٧) قوتابخانەی تێدابووە، لەگەڵ (٢٤٥٧) مزگەوت و (٢٧١) بنکەی تەندروستی. ژمارەی ئەو خێزانانەی لەو گوندانە گوێزراونەتەوە (٢٩١٨٢٨) کەس بوون [٤]. ئەمە خۆی لە خۆیدا تاوانێکی گەورەیە، چونکە تێکدانی ئەو گوندانە و گواستنەوەی دانیشتوانی بە مەبەستی قڕکردنیان بووە لە کۆمەڵگای زۆرەملێدا نیشتەجێ کرابوون، لە ژێرچاودێری دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم بوون. بەشێك لەو گوندانە لە پاش ساڵی ١٩٧٥ دا تەختکراون، بە تایبەتی ئەو گوندانەی نزیکی سنووری ئێران و تورکیا بوون، ئەوانی تر لە کاتی جێبەجێکردنی سیاسەتی بە عەرەبکردنی گەرمیان و کەرکوك و ناوچەکانی تری کوردستان تێکدرابوون. سیاسەتی گۆڕینی باری

(٣) هەمان سەرچاوە ل . ١٠٦ .

ئەتنی و نەتەوەیی ئەو ناوچانە خۆی لە خۆیدا تاوانێکی ترە دەچێتە خانەی تاوانی جینۆسایدەوە، کە ئاسەوارەکانی ماون و چارەسەر نەکراون. تا ئێستا هەزارەها خێزانی عەرەب لە ناو شاری کەرکوك و دەوروبەری، کە پێشتر بۆ ئەم مەبەستە تێیدا نیشتەجێ کرابوون، ماونەتەوە. حکوومەتی عێراق هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ گێڕانەوەیان بۆ ئەو شوێنانەی لێوەی هاتوون، لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا.

کوشتن و دەرکردنی کوردە فەیلیەکان:

تاوانی کوشتنی نزیکەی پێنج هەزار گەنجی کوردی فەیلی، لەگەڵ گواستنەوەی نزیکەی ٤٠٠ هەزار کوردی تر، بە بیانووی ئەوەی بە ڕەگەز ئێرانین، لەگەڵ دەست بەسەر موڵك و ماڵ و سامانیان کە بەڕەنجی شانی خۆیان پەیدایان کردبوو، ئەویش تاوانی جینۆسایدە. هەرچەندە دوو ساڵ و نیو بەسەر ڕووخانی ڕژێمدا تێپەڕیوە و بەشێکی زۆر لەو خەڵکە تا ئێستا نە دەوڵەتنامە (ڕەگەزنامە/جنسیە)یان پێ دراوەتەوە و نە قەرەبوو کراونەتەوە. کوشتنی ئەو هەموو گەنجە و دەربەدەرکردنی ئەو هەزارەها کوردە فەیلییە بۆ وڵاتێکی تر تەنیا لەبەر ئەوەی کورد بوون و بە مەزهەب شیعە بوون.

هەموو ئەو تاوانانەی دژ بە گەلی کورد ئەنجامدراون، تاوانی گەورەن و ڕژێمی بەعسی و دام و دەزگاکانی بە مەبەستی لەناوبردنی گەلێکی ژێردەستە جێبەجێی کردوون، بۆیە پێویستە ئەو کەسانەی ئەو تاوانانەیان کردووە سزا بدرێن، خۆیان و هاوکارانیان. مەسەلە تۆڵە سەندنەوە نییە، بەڵکو بەجێگەیاندنی حوکمی قانوونە لە لایەن دادگایەکی شەرعییەوە، کە ئەمڕۆ خەریکی دادگاییکردنی ئەو کەسانەیە ئەو تاوانانەیان کردووە، زۆر بە هێمنی و نەرمی ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت.

لەو دادگاییکردنەی لە ١٩ی مانگی ئۆکتۆبەر دەستی پێکرد، دەبوو لە سەرەتاوە ئەو تاوانانەی ئاماژەمان پێکردن ڕووبەڕووی تۆمەتباران بکرابانەوە، دەکرا پاشان ئەو تۆمەتانە جیا بکرێنەوە، داواکارین ئەو تاوانانەی لە کوردستان ئەنجامدراون، دادگاییکردنی تۆمەتباران لەو شوێنانەی تاوانەکەیان تێداکراوە بکرێن، تاکو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و دانیشتوانی هەڵەبجەی شەهید و خەڵکانی ناوچە

تەعریبکراوەکان و کوردە فەیلییە دەرکراوەکان بەشێکیان بتوانن ئامادەی بن و بەچاوی خۆیان تۆمەتباران لە کاتی دادگاییکردنیان ببینن. ئەم چەند دێڕە تەنیا بەرکولێکە و پاشتر لە کاتی دادگایکردنی سەرانی ڕژێمدا بە شێوەیەکی فراوانتر باسیان لێ دەکەینەوە.

هەولێر، ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥

# باشووری کوردستان لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی لکێندراوە بە دەوڵەتی تازە دروستکراوەی عێراق (*)

لە نەخشەیەکی کۆنی بە ناو (نەخشەی تازەی تورکیا لە ئاسیا (A New Map of Turkey in Asia)، کە جۆگرافیناسی فەرەنسی (مۆنسینیۆر دانڤیل Mons D'Anville) ئامادەی کردووە لە لەندەن لە ساڵی ١٧٩٤ چاپکراوە، کوردستان کراوەتە دوو بەشەوە، بەشی یەکەمیان بەشێکە لە دەوڵەتی عوسمانی، سنوورەکەی ڕۆژاوای شاری مووسڵ و شارۆچکەی حەدیسە دەگرێتەوە، کە سنووری خوارو و باکووری عێراقی عەرەبییە، زنجیرە چیاکانی حەمرینە. بەشی دووەمی کوردستان لەو نەخشەیە کەوتووەتە نێوان باشووری کوردستان عێراقی عەرەبی و وڵاتی فارس. کوردستان بەم چەشنە تا ساڵی ١٨٧٩ ماوەتەوە، لەوساڵەدا لکێندراوە بە ویلایەتی (شارەزوور- شهرزور) کە شاری کەرکوك مەڵبەندی بووە. سنووری بەڕێوەبەرایەتی ئەم ویلایەتە چەند جارێك گۆڕانکاری تێداکراوە. ماوەیەك بەشێکی لکێندراوە بە ئەمارەتی ئەردەڵان و چەند جارێکیش والییەکی دەسەڵاتداری ویلایەتی بەغدا، بۆ نموونە مەدحەت پاشا (١٨٦٩ - ١٨٧٢)، بەشێك لە سنووری ویلایەتی مووسڵی خستووەتە سەر سنووری ویلایەتی بەغدا. بەڵام بە شێوەی گشتی، سنووری خوارووی ویلایەتی مووسڵ لە شارۆچکەی (مەندەلی) سەر سنووری ئێران، تا خاڵی (فەتحە)ی سەر ڕووباری دیجلە بووە، واتە زنجیرە چیاکانی حەمرین. بۆیە دەتوانین بڵێین سنووری بەڕێوەبەرایەتیی ئەم ویلایەتە پارێزگاکانی ئێستای مووسڵ و دهۆك و هەولێر و کەرکوك و سلێمانی گرتووەتەوە، لەگەڵ چەند قەزاییێکی سەر بە پارێزگای دیالە. بەڵام سەرکەوتنی دەوڵەتە زلهێزەکانی ڕۆژاوا لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بووەتە هۆی دەستکاریکردنی سنووری بەشێك لەو وڵاتانەی لەژێر دەستی عوسمانییەکاندا بوون، لەوانە کوردستان، بەشێکی خراوەتە سەر سنووری دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق. ئەم دەوڵەتە لەلایەن بریتانیاوە لە هەردوو ویلایەتی

بەغدا و بەسرا لە ساڵی ١٩٢١ دروستکراوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٦ دا و ویلایەتی مووسڵی خراوەتە سەر، ئەم ویلایەتە باشووری کوردستانی لەخۆ دەگرێت.

لە ساڵی ١٩١٨ دا بەشی هەرە زۆری ویلایەتی مووسڵ لەلایەن لەشکری بریتانیاوە داگیرکراوە. چەند دۆکیمەنتێکی نهێنیی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا کە ئاراستەی ئەفسەرە پایەبەرزەکانی لەشکرەکەیان لە بەرەی جەنگ لە عێراق کراوە، دەیسەلمێنن تا ئەو دەمە بریتانیا ئەو ویلایەتەی بە بەشێك لە خاکی عێراق نەزانیوە. بەڵام پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و داگیرکردنی ویلایەتی مووسڵ، بریتانیا هەوڵیداوە ئەو ویلایەتە بخرێتە سەر دەوڵەتی عێراقی تازە دروستکراو، ئەوەش بە پێچەوانەی ئارەزووی بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەو ویلایەتە بووە. لە ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٢٤، بە بڕیاری ئەنجومەنی (کۆمەڵەی گەلان)، کۆمسیۆنێکی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی مووسڵ دیاریکراوە، ئەو کۆمسیۆنە پێشنیازی ڕێکخستنی ڕاپرسییەکی گشتی لە ویلایەتی مووسڵ کردووە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٥ دا ئەو ڕاپرسییە ئەنجامدراوە، بەڵام بەشی زۆری دانیشتوانی ئەو ویلایەتە بەشدارییان لە دەنگدان نەکردووە، ئەوانەش بەشدارییان کردووە، بەشی زۆریان بێ ئاگابوون لە ئامانجی ئەو ڕاپرسییە، یان ئەلتەرناتیفێکی دیکەیان لەبەردەست نەبووە، چونکە داوایان لێکرابوو وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە: *"ئایا دەتانەوێ وڵاتەکەتان بەشێك بێت لە عێراق، یان لە تورکیا؟"*

لێرە ناتوانین ئاماژە بە هەموو ئەو دۆکیمەنت و ڕووداوانە بکەین کە بوونەتە هۆی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراق، بەڵام بەشێکیان لەبەردەستن، بە تایبەتی ئەوانەی چەند کاربەدەستێکی ئینگلیزی ئەو سەردەمە تێیدا باسیان لە ڕۆڵی حکوومەتەکەیان کردووە لە لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراق.

باری ئەتنیی دانیشتوانی ویلایەتی مووسڵ وەك ئینگلیزەکان و حکوومەتی ئەو سەردەمەی عێراق لە ساڵی ١٩٢٤ دا دیاریانکردووە، کورد زۆرینە بوون. بەپێی ئەو ئامارەی بە مەزەندە دیاریکراوە، باری ئەتنیی دانیشتوانی ویلایەتەکە بەم شێوەیە بووە:

٦، ٧٠ ٪ کورد

٨، ٢٣ ٪  عەرەب

٥، ٥ ٪ تورکمان.

لە ڕاستیدا پاشەڕۆژی ویلایەتی مووسڵ پێش دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی، لە ڕێککەوتنامەییێکی نهێنیی بەناوی سایکس ـ پیکۆ لە نێوان  دەوڵەتی بریتانیا و فەرەنسا و چەند دەوڵەتێکی تر لە ساڵی ١٩١٦ دیاریکراوە، واتە دوو ساڵ پێش تەواوبوونی ئەو جەنگە. بەپێی ئەو ڕێککەوتنامەیە، ویلایەتی مووسڵ دراوەتە فەرەنسا، هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا بۆ بریتانیا. ئەم دابەشکردنە خۆی لەخۆیدا ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئەو دوو دەوڵەتە بە چاوی ئەمڕۆوە تەماشای عێراقیان نەکردووە کە پێکهاتبێ لە یەك کیان.  کەواتە عێراق بەو شێوەیە نەبووە کە بەشێك لە توندڕەوە عەرەبەکان دەڵێن" کان العراق واحدا موحدا منذ الازل"!

داگیرکردنی ویلایەتی مووسڵ لەلایەن لەشکری بریتانیاوە بووەتە هۆی دامەزراندنی ئیدارەییێکی نوێ لە ویلایەتەکە. چەند ئەفسەرێکی سیاسیی بریتانی سەرپەرشتی ئەو ئیدارەیان کردووە، چونکە ستافی سەردەمی حوکمی عوسمانی لە ویلایەتەکە ماوەتەوە، بۆیە زمانی تورکی عوسمانی ماوەیەك لە ناو دەزگاکاندا بەکارهاتووە. مانەوەی لەشکری بریتانیا لە ویلایەتی مووسڵ بە پێچەوانەی پەیماننامەی سایکس ـ پیکۆ بوو، چونکە لەشکری بریتانیا دەبوو لە ویلایەتەکە بکشێتەوە و ئیدارەکەی بۆ فەرەنسییەکان بەجێ بهێڵێ. دۆزینەوەی نەوت لە ناوچەی کەرکوك، کە بەشێك بووە لە ویلایەتی مووسڵ، بووەتە هۆی ئەوەی بریتانیا چاو بە سیاسەتی پێشووی لە ناوچەکە بخشێنێتەوە و بە مەبەستی مانەوە تێیدا و ستراتیژییەتێکی نوێ دابڕێژێت. بۆ ئەم مەبەستە، چەند کۆبوونەوە و کۆنفرانسێك لەلایەن کاربەدەستانی وەزارەتی کۆلۆنیالی بریتانیا و کارمەندانیان لە هیندستان، کە بەرپرسی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەوڵەتەکەیان بوون لە ناوچەکە، ڕێکخراون. کۆنفرانسی قاهیرە کە لە ساڵی ١٩٢٠ بەستراوە گرنگتریان بووە، وەزیری کۆلۆنیال (وینستۆن چێرچڵ) ئامادەی بووە. لە ئاکامی ئەو کۆنفرانسە  سیاسەتێکی نوێی بۆ

بریتانیا له ناوچەکە دارێژراوە. لەو دەمەوە حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی بریتانیا، لەسەر بنەما سەرەکییەکانی ئەو سیاسەتە ڕۆیشتوون، کە بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی گەلانی ناوچەکە بووە. وەزیری دەرەوەی پێشووی بریتانیا (جاك سترۆ)، لە نووسینێکی لە هەفتەنامەی (نیو سکۆتسمان) لە ناوەڕاستی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٢ دا بلاّوی کردووەتەوە، ددانی بەوەدا ناوە کە وەزارەتی کۆلۆنیاڵی بریتانیا بە هەڵە چەند ئەتنیکێکی لەشێوەی مۆزایك لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق کۆکردووەتەوە.

لە دۆکیمەنتێکی نهێنی کە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە ساڵی ١٩١٦ دا ئاراستەی سوپاسالاری لەشکری بریتانیای لە عێراق کردووە، داوای لێ کردووە لەشکرەکەی نزیکی ئەو ناوچانە نەبێتەوە کوردی لێیە. نووسراوەکە ئیمزای سێر "ئارسەر هێرتزل"ی لەسەرە، کە سکرتێری بەشی سیاسی بووە لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا. لەو نووسراوەدا داواکراوە لەشکری بریتانیا نزیکی زنجیرە چیاکانی حەمرین نەبێتەوە، سنووری چیاکانی حەمرینی بەم شێوەیە دیاریکردووە: "لە سنووری وڵاتی فارسەوە دەست پێدەکات تا (فەتحە)ی سەر ڕووباری دیجلە، لەوێوە تا شارۆچکەی (هیت)". هەر لەو نووسراوەدا هاتووە: "چوونە ئەو ناوچەیە کێشەتان بۆ دروستدەکات لەگەڵ کوردەکان".[٥] وەك لەو نووسراوەدا دەردەکەوێ، وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا تا ساڵی ١٩١٦ بایەخێکی ئەوتۆی بە ویلایەتی مووسڵ نەداوە و

---

[١] Martina Kent, Oil and Empire,p.12

[٤] دایڤد کۆرن، "رجلان اقحما الاكراد بالعراق، مناورات كوكس - ولسن"، حەمید عەبدولەلیك لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە عەرەبی ، هەفتەنامەی "الاتحاد"، ژمارە (٣٢٦)، ٩ تەموزی ١٩٩٩. هەروەها تەماشای نووسینێکم لەژێر ناوی "كيفية تقرير مصير ولاية الموصل العثمانية" بکە، کە لە هەفتەنامەی (الاتحاد)، ژمارە (٣٤٦) ی ٢٦ نۆڤەمبەری ١٩٩٩ بلاّوکراوەتەوە.

پابەندبووە بە بەندە نهێنییەکانی ڕێککەوتننامەی سایکس ـ پیکۆ، کە ویلایەتی مووسڵی بە فەرەنسا دابوو. بەڵام داگیرکردنی ئەم ویلایەتە لە مانگی تشرینی یەکەمی (ئۆکتۆبەری) ١٩١٨ دا بووەتە هۆی ڕوودانی گۆڕانکاری لە سیاسەتی حکوومەتی بریتانیا لە ناوچەکە، لەو دەمەوە، بە تایبەتی ئیدارەکەی لە بەغدا هەوڵی داوە هێزەکانی بریتانیا لە ویلایەتی مووسڵ بمێنێتەوە. مۆرکردنی پەیماننامەی (سان ریمۆ) لە ٢٤ی نیسانی ١٩٢٠دا لە نێو بریتانیا و فەرەنسا، لەگەڵ هەوڵەکانی (لوید جۆرج)، سەرەك وەزیرانی بریتانیا بۆ قەناعەتپێکردنی(کلیمەنسۆ)، سەرەك وەزیرانی فەرەنسا بۆ ئەوەی داوای ویلایەتی مووسڵ نەکات بەرامبەر بەشداری فەرەنسا لە کۆمپانیای نەوتی تورکی، بووەتە هۆی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراق. ئەو کۆمپانیایە ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی لە سوڵتان عەبدولحەمید لە هەردوو ویلایەتی مووسڵ و بەغدا وەرگرتبوو. کۆمپانیاکە ئەڵمانەکان پێش دەستپێکردنی جەنگی یەکەم دایان مەزراندبوو، پاشان ناوەکەی گۆڕاو بوو بە کۆمپانیای نەوتی عێراق IPC.

هەوڵەکانی (کۆکس) و (مس بێل)، کە دوو کاربەدەستی پایەبەرزی بریتانی بوون لە بەغدا، لە پێناو لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە (مەملەکەتی عێراقەوە) بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو ویلایەتە بخرێتە سەر ئەو مەملەکەتە، ئەوەش لە نووسین و یاداشتە بڵاوکراوەکانی ئەوان و هاوکارانیان دەردەکەوێت. سێر ئەرنۆلد ویلسن کە ماوەیێك باوەڕپێکراوی پایەبەرزی (موعتەمەدی سامی) بریتانیا بووە لە بەغدا، لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی: "چوونە ناوەوەی مووسڵ لەلایەن جەنەراڵ مارشالەوە بووە، هۆی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراقی تازە دروستکراوەوە". کاپتن ستیڤن لۆنگریك، کە لەو سەردەمە ئەفسەرێکی سیاسی بووە لە ناوچەکە، قسەکانی ویلسن دووبارە دەکاتەوە و دەڵێ: داگیرکردنی مووسڵ لە پاش ئاگربەستی مۆدرۆس لە ٣٠ تشرینی ١٩١٨ دا بووە هۆی ئەوەی ئەم ویلایەتە ببێتە بەشێك لە عێراق". دکتۆر عەبدلرەحمان بەزاز، لە ساڵی ١٩٦٤ دا لە چاوپێکەوتنێکی

تەلەڤزیۆنیدا لەگەڵ کەناڵیBBC  بە زمانی ئینگلیزی، سوپاسی بریتانیای کرد، چونکە بە هۆی ئەوانەوە ویلایەتی مووسڵ خراوەتە سەر دەوڵەتی عێراق.

ئینگلیزەکان ڕێکخراوی "کۆمەڵەی گەلان/(عصبة الامم)"یان بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. لەپاش مۆرکردنی ئاگربەستی مۆدرۆس، تورکەکان داوای ویلایەتی مووسڵیان دەکرد، چونکە لەشکری بریتانیا پاش مۆرکردنی ئەو ئاگربەستە چووبووە ناو مووسڵەوە. بۆ پووچەڵکردنەوەی داواکارییەکانی تورکیا، ئینگلیزەکان کەوتوونەتە هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی سنوورێکی کاتی لە نێو ویلایەتی مووسڵ و تورکیا. لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٢٤، ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بڕیاری دیاریکردنی هێڵێکی وەهمی داوە بە ناوی "هێڵی بروکسێل"، وەك سنوورێکی کاتی لە نێو تورکیا و ویلایەتی مووسڵ. لەو بڕیارەدا دەستەیەکی لێکۆڵینەوە دیاریکراوە بۆ ئەوەی بچێتە ویلایەتی مووسڵ بۆ لێکۆڵینەوە و گوێگرتن لە دواکارییەکانی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان. لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٢٥ ئەو دەستەیە ڕاپۆرتێکی پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان کردووە لەبارەی چۆنیەتی دیاریکردنی پاشەڕۆژی ویلایەتی مووسڵ.  لەو ڕاپۆرتەدا پێشنیازکرابوو ویلایەتی مووسڵ بخرێتە ژێر چاودێری (ماندێتی) بریتانیا بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ. پێشنیازی ئەوەش کرابوو بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری و دادوەری و پەروەردە بە دەستی کوردەوە بێت و زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت لە ویلایەتەکەدا. بەڵام پێش تەماشاکردنی ئەو ڕاپۆرتە لەلایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلانەوە، شۆڕشێکی چەکداریی لە باکووری کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ سەعیدی پیران و هاوکارانی دژ بە حکوومەتی موستەفا کەمال هەڵگیرساوە. هۆی ئەو شۆڕشە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی ناجوامێرانەی موستەفا کەمال، کە پێشتر بەڵێنی بە سەرکردە کوردەکان دابوو ئۆتۆنۆمییێکی فراوان بە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا بدات، بەرامبەر هاوکاری و بەشداریکردنیان لە دەرکردنی لەشکری یۆنان لە تورکیا. پاش سەرکەوتنی لەو شەڕانە، موستەفا کەمال لە بەڵێنەکانی پەشیمان بووەوەتەوە. ئینگلیزەکان شۆڕشی کوردی باکووریان قۆستەوە، داوایان لە کۆمەڵەی گەلان کردووە "هێڵی برۆکسێل"

بکرێته سنووری هەمیشەیی له نێوان تورکیا و ویلایەتی مووسڵ. بریتانیا نفووزی سیاسیی خۆی لەناو ئەو ڕێکخراوه نێو نەتەوەییه بەکارهێناوه، بڕیارێکی نوێ لەلایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان، له ١٦ کانوونی یەکەمی (دیسەمبەر) ١٩٢٥ دەرچوو، تێیدا هێڵی برۆکسێڵ کراوەته سنوورێکی فەرمی له نێوان عێراق و تورکیا. هەر لەو بڕیارەدا عێراق به سنووری تازەی، که هەر سێ ویلایەتی بەغدا و بەسرا و مووسڵ لەخۆ دەگرت، خراوەته ژێر ماندێتی بریتانیا بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ.

وەکو دەردەکەوێ، هەوڵەکانی بریتانیا لەپاش داگیرکردنی ویلایەتی مووسڵ له ساڵی ١٩١٨ دا بوونەته هۆی لکاندنی ئەم ویلایەته به دەوڵەتی عێراقەوە. دۆزینەوەی نەوتی کەرکوك و ناردنی لەناو خاکی عێراقەوە بۆ سەر دەریای سپی، لەوێوە بۆ ڕۆژاوا، هۆی سەرەکی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بووه به دەوڵەتی عێراقی تازه دروستکراودا. لەو دەمه پەیوەندیی نێوان بریتانیا و تورکیا باش نەبووە، چونکه تورکیا داوای ویلایەتی مووسڵی دەکرد، بۆیه نەدەکرا نەوتی کەرکوك له ڕێگای تورکیاوه ڕەوانەی ئەوروپا بکرێت. بەڵام له ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، چونکه ناردنی نەوتی کەرکوك له ڕێگای سوریاوه ڕاگیرابوو به هۆی دەستپێکردنی جەنگی نێوان عێراق و ئێران، عێراق ناچاربووە ئەوە قبووڵ بکات.

سەبارەت بەو "ڕاپرسییه"ی گوایا کورد بەشدارییان تێدا کردووه و دەنگیان به لکاندنی ویلایەتی مووسڵ به دەوڵەتی عێراق داوه، له ڕاستیدا زۆرینەی خەڵکی کوردستان بەشدارییان لەو ڕاپرسییه نەکردووه، به تایبەتی دانیشتوانی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك. له کەرکوك جگه له کورد، تورکمانەکان هەمان هەڵوێستیان هەبووه و ڕێکخراوێکی تایبەتییان دژ به پرۆسەی دەنگدان پێکهێنابوو. بەشێك له تورکمانەکانی کەرکوك لەو دەمەوه ئەو ناوچەیه به بەشێك له تورکیا دەدەنه قەڵەم، بۆیه ئەمڕۆ که دەڵێن ناشێ ڕاپرسی لەسەر دواڕۆژی کەرکوك بکرێت!

پرۆسەی ڕاپرسییەکه تەنیا پیاو ماقووڵانی شار و شارۆچکەکان و سەرەك خێڵ و عەشرەت و موختارەکان بەشدارییان تێداکردبوو. ڕاپرسییەکه بریتی بوو له وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە: *"ئایا دەتانەوێ ویلایەتی مووسڵ بەشێك بێت له*

*عێراق، یان لە تورکیا؟"* لێرە قسەیێکی خوالێخۆشبوو مەلای گەورەی کۆیە دەگێڕمەوە، دەڵێن کاتێ ئەو لیژنەیە چۆتە کۆیە گوتوویە "ئایا دەتەوێ بتدەینە عەرەب یان تورك؟" لەوەڵامدا مەلای گەورە وتوویەتی، "وادیارە دەتانەوێ بەشوومان بدەن! ئەگینا بۆ لێمان ناپرسن چیتان دەوێ؟" لەو ناوچانەی خەڵکەکەی بەشدارییان لە ڕاپرسی کردبوو، بە تایبەتی لە ناوچەی هەولێر و دەڤەری باهدینان، بەشێك لە بەشداربووان داوایان کردبوو کوردستان لە ژێر ماندێتی بریتانیا بمێنێتەوە. کەواتە کورد یان بەشداری لەو "ڕاپرسییە" نەکردووە، یان داوای مانەوەی ئینگلیزی لە کوردستان کردووە. بێگومان خەڵکانێك هەبووە دەنگیان بەوە داوە ویلایەتی مووسڵ بخرێتە سەر عێراق، بەڵام ژمارەیان کەم بووە، نەك وەك ئەوەی (ئێدمۆندز) نووسیویەتی خەڵکانێکی زۆر دەنگیان بۆ لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بۆسەر عێراق دابوو. مەبەستی لە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە قسانە ئەوەبووە، بە بەردێك دوو نیشانە بشکێنێت: یەکەمیان بڵێ کورد بەشدارییان لە دەنگدان کردووە و ئینگلیز ناچاری نەکردوون، مەبەستی دووەمی ئەوە بووە خۆی وا پیشان بدات دۆستی کورد بووە، هەرچەندە هەمیشە لە خزمەتی بەرژەوندیی وڵاتەکەی و کۆمپانیە پترۆڵییەکانی بریتانیا بووە. لە سیمینارێکدا لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٤دا لە ئەنستیتوی ستراتیژیی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لەندەن بەسترابوو، ئێدمۆندز دەسەڵاتداران لە حکوومەتی ئەو سەردەمەی عێراقی بە ئاگا هێناوەتەوە، کە هیچ حکوومەتێك لە بەغدا ناتوانێ لەسەر کار بمێنێتەوە، ئەگەر بەشداریکردنی کورد لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك قبووڵ بکات!

بەشداری نەکردنی بەشی زۆری خەڵکی کوردستان لەو بەناو ڕاپرسییەی ڕێکخرابوو بۆ دیاریکردنی پاشەڕۆژی باشووری کوردستان، ئاکامی قانوونی لێدەکەوێتەوە. لەکاتی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری عێراق، لایەنی کوردی داوای دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقی دەکرد لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە، بەڵام جەختی لەسەر داواکەی نەکردەوە. ئەگەر کورد بەشداری لە دامەزراندنی

دەوڵەتی عێراق کردبا، داواکەی بە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق و داوای ڕیفڕاندۆم قبووڵ نەدەکرا.

زۆربەی خەڵکی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بەشدارییاین لە دروستکردنی ئەم دەوڵەتە نەکردووە، بۆیە دەتوانن داوای دامەزراندنەوەی بکەن لەسەر بنەمایێکی نوێ، پێکهاتبێ لە ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە و دەستنیشانکردنی ئایندەی خۆی بەو چەشنەی دەیەوێت.

لە پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی باشووری کوردستان بەو دەوڵەتەوە، زنجیرەیەك شۆڕش و سەرهەڵدان تا ساڵی ١٩٥٨ درێژەی کێشاوە. لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ دا شۆڕشێکی نوێ دەستپێکردووە تا نیسانی ٢٠٠٣ بەردەوام بووە، واتە تا ڕووخانی ڕژێمی بەعسی. بەڵام کێشەی کورد لە عێراق کێشەی نێوان کورد و عەرەب نەبووە، بەڵکو کێشەی نێوان ڕژێمە جۆراوجۆرەکانی عێراق بووە لەگەڵ گەلی کورد، کە بە بەردەوامی لەلایەن ئەو ڕژێمانەوە زوڵمی لێکراوە ، ئەوەش بێ متمانەیی لای کورد دروست کردووە. ئەم حاڵەتە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێ، چونکە شوێنەواری ئەو کارە دڕندە و ناڕەوایانەی دەرحەقیان کراوە لە دەروونی کەسایەتیی هەموو کوردێك دەمێنێتەوە. بەڵام دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت کە گۆڕانکاری لە شێوەی بیرکردنەوەی بەشێك لە عەرەبە ناسیۆنالیستەکان، بەتایبەتی لە ساڵانی نەوەتەکان بەدواوە پەیدابووە. جاران زۆربەی ڕووناکبیرانی بیری نەتەوەیی عەرەبی داواکارییە ڕەواکانی گەلی کوردیان بە "هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئیسرائیلێکی دووەم لەسەر خاك و نیشتمانی عەرەب لە قەڵەم دەدا". ئەمڕۆ کە ئەو توندڕەوانە زاتی ئەوە ناکەن ئەو تۆمەتە بخەنە پاڵ کورد. ئێستا دەڵێن ئەو سیستمە فیدڕاڵییەی کورد داوای دەکات ڕێگا خۆشکەرە بۆ جیابوونەوەیان لە عێراق. لە ڕاستیدا ئەمە شێوەی بیرکردنەوەی هەر ئەوان نییە، بەشێك لە لایەنە سیاسیەکانی عێراقی کە خۆیان بە "دۆستی" کورد دەزانن، ئەوانیش بەو شێوەیە بیردەکەنەوە. دەستووری تازەی عێراق کە چەند تێبینی و سەرنجی تایبەتیمان لەسەری هەیە، ئەو لایەنە سیاسییانە هەوڵی دەستکاریکردن یان جێبەجێ نەکردنی مادده گرنگەکانی دەدەن، بە تایبەتی ماددەی

١٤٠ی دەستوور، کە بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان دارێژراوە.

باری سیاسی و ئەمنی لە عێراق بەرەو ئایندەییێکی نادیار دەڕوات و نەیارانی کورد لە ناوەوە و لە ناوچەکەدا توانای خۆیان یەکخستووە لە پێناو دژایەتیکردنی کورد، بەلاٚم یەکڕیزی گەلەکەمان و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنی و کۆمەلاٚیەتی و کەسایەتییەکانی لە هەموو بەشەکانی کوردستان زامنی سەرکەوتنی گەلەکەمانە. ئەگەر ڕێز لە حوکمی قانوون و دەزگا شەرعییەکانی هەرێم بگیرێ و لایەنی کوردی بە بەرنامە کارەکانی ئەنجام بدات و گوێ لە ڕووناکبیرانی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بگرێت، دواکاریەکانی کورد گوێیان لێدەگیرێ.

---

4) Arnold T. Wilson , Mesopotamia 1917 – 1920, Oxford University Press, London, 1931, P. 22,

5**) Stephen He. Social and Economic History, Oxford University** Press, London, 1956, P.92

(*) لەو کۆنفرانسەی فێدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد، لە ڕۆژانی ١٠ و ١١ی شوباتی ٢٠٠٧ ڕێکی خستبوو پێشکەشکراو

# دیپلۆماسییەتی کورد و ڕوخسارێکی نوێ

لە پاش ڕووخانی ڕژێم، کەشێکی فراوان لەبەردەم دیپلۆماسییەتی کوردی کرایەوە، چونکە دەیتوانی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەت و دامەزراوەی نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان ببەستێ. لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ تا داگیرکردنی کوێت لەلایەن ڕژێم لە ئابی ١٩٩٠، لەبەردەم دیپلۆماسییەتی کوردییدا دەرگای وەزارەتەکانی دەرەوەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا داخرابوون. ئەو دەوڵەتانە ئامادە نەبوون هەتا بە نهێنی چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکردەکانی کورد ئەنجام بدەن، بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی بەشی هەرە زۆری ئەو دەوڵەتانە، کە دەوڵەتانی عەرەبی پشتگیرییان لە ڕژێمی سەدام دەکرد، ئەو دەوڵەتانە ئاوڕیان لە مەسەلەی ڕەوای کورد نەدەدایەوە. ئەو دەنگانەی جاروبار لە ئەوروپا و ئەمریکا بە دەنگ دەهاتن و ئیدانەی کارە توندڕەوەکانی ڕژێمی بەعسیان دەکرد کە گەیشتبوونە ڕادەی جینۆسایدکردنی گەلێکی بێ پشت و پەنا، دەنگی چەند کەس و ڕێکخراوێکی مرۆڤدۆست بوون. بە پێچەوانەوە، کوردستانی پاش ڕووخانی ڕژێم، بووە مەڵبەندی دیپلۆماسییەت لە ناوچەکە، بە دەگمەن دیبلۆماتێکی گەورەی یەکێك لەو دەوڵەتانەی دەچێتە بەغدا سەردانی کوردستان نەکات. یەکخستنەوەی دامەزراوە شەرعیەکانی کوردستان گرنگییێکی زیاتر بە کوردستان دەدات، جگە لەوە سەرانی کورد بوون بە سەرچاوەی دەسەڵات لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و کێشەکانی ئەم وڵاتە، بەبێ بەشداری سەرانی دەوڵەتە گەورەکان و دەزگا نێودەوڵەتیەکان چارەسەر ناکرێن. دەڵێن کورد کێشەی نییە و کێشە بۆ عێراق دروست ناکەن، بەڵکو بەشداری لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق دەکەن. چەند جارێك داوا لە سەرکردەکانی کورد کراوە کۆبوونەوە لە کوردستان ساز بدەن بە سەرپەرشتی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەمە جۆرەکانی عێراق.

لە کاتی کردنەوەی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان و ئەو کۆبوونەوەی بەهۆی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە بەسترابوو، کۆمەڵێك دیپلۆماتی پایە بەرزی دەوڵەتانی ڕۆژاوا و چەند دەوڵەتێکی ناوچەکە، لە ڕیزی پێشەوەی میوانەکانی پەرلەمان دانیشتبوون. بەشداریکردنی ئەو دیپلۆماتانە لە ئاهەنگەکانی پەرلەماندا لە ڕووی قانوونییەوە بە ددانان بەو دامەزراوە شەرعییەی کوردستان دەدرێتە قەڵەم. هەرێمی کوردستان ئەمڕۆکە وەك قەوارەیەکی خاوەن دامەزراوەی شەرعی تەماشا دەکرێت. بەشێکی زۆر لە نوێنەرانی دەوڵەتانی جیهان و نوێنەرانی کۆمپانیا گەورەکان بە بەردەوامی ڕوو لە کوردستان دەکەن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی دیپلۆماسی و بازرگانییان لەگەڵ دەزگاکانی کوردستان. لەسەر ئاستی عێراقیش، بەشداریکردنی نوێنەرانی دەزگا شەرعییەکانی عێراق، بە تایبەتی نوێنەری پەرلەمانی ناوەند لەو ئاهەنگەدا ددانانە بە پەرلەمانی کوردستان و دەزگا شەرعییەکانی هەرێم، هەتا پێش پەسندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق، کە ڕاشکاوانە ددانی بەو دامەزراوانەدا ناوە، لەگەڵ ئەو قانوونەی لە لایەن پەرلەمانەوە پەسندکراون لە سەرەتای دەستبەکاربوونی لە ساڵی ١٩٩٢، تا ڕووخانی ڕژێم لە نیسانی ٢٠٠٣ دا. دامەزراوە شەرعییەکانی کوردستان مافی پەیوەندیکردنیان بە دەوڵەتان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە، لەو دەمەوە کە شەرعییەتیان وەرگرتووە، بۆیە دەبینین کونسوڵخانەی چەند دەوڵەتێك و نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێری پایتەخت کراونەتەوە. بەڵام سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ چەند دەوڵەتێکی ڕۆژاوا، بە تایبەتی بۆ ئەمریکا، تینێکی گەرمتری بە دیپلۆماسییەتی کوردی داوە، چونکە لەسەر ئاستێکی بەرز پێشوازی لێ کراوە. لەو دەمەوە کە سەرۆکی هەرێم بە زیارەتێکی فەرمی لە کۆشکی سپی لە واشنتۆن پێشوازی لێکراوە، لە لایەن سەرۆکی گەورەترین وڵاتی دونیا، دیپلۆماسییەتی کوردی گەشەی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە، بە تایبەتی سەرۆکی هەرێم بە جلوبەرگی کوردییەوە پێشوازی لێکرا و بەزمانی کوردی ئاخافتنی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکادا کرد لە بەردەم میدیاکانی جیهان. ئەو چاوپێکەوتنە ڕاستەوخۆ بڵاوکرایەوە، ئەوەش

ڕێگای خۆشکرد بۆ چاوپێکەوتنەکانی سەرۆکی هەرێم لە ئەوروپا لەگەڵ گەورە لێپرسراوانی چەند دەوڵەتێکی ئەوروپی و نوێنەرانی دامەزراوە ئەوروپییەکاندا، بەتایبەتی پەرلەمانی ئەوروپی و دامەزراوەکانی دیکەی یەکێتی ئەوروپا. ئەوەی لێرەدا ئاماژەمان بۆ کردووە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ دیپلۆماسییەتی کوردی، پێویست ناکات باس لە گرنگیی ڕۆڵی دامەزراوە ئەوروپییەکان بکەین لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، کە هاوکارییان بۆ چەسپاندنی دیموکراسییەت و پەرەپێدانی لە کوردستاندا کردووە، چونکە گەورەترین دامەزراوەن لە جیهاندا لە پاش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئاسۆی پەیوەندییەکانی دیپلۆماسییەتی کوردستانی لەسەر ئاستی ناوچەیی بەرەو پێشەوە دەڕوا، بەتایبەتی پاش سەردانی سەرەك وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ ئێران و پێشوازیکردنی لە لایەن گەورەترین بەرپرسانی ئەو دەوڵەتەوە، هەڵوێستی نا دۆستانەی بەشێك لە دەوڵەتانی ناوچەکە، بە تایبەتی تورکیا هەرچەندە دەبێ بە هەند وەربگیرێ، بەڵام ئەو قورساییەی جارانی نەماوە، چونکە پەیوەندیی بازرگانی و ئابووریی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە ئاستێك کە تورکیا ناتوانێ بە ئاسانی دەستی لێ هەڵبگرێ،  لە کاتێکدا بەشێك لە بەرپرسانی تورکیا، بەرامبەر بە کورد و سەرکردەکانی، هەڕەشەی نابەجێ و قسەی دوور لە زمانی دیپلۆماسییەت بەکاردێنن. هەڵوێستی بەشێکی دیکەیان بەو جۆرە نییە، لە تورکیای ئەمڕۆ کەسانێك داوای بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەکەن. لەمەوبەر هەڕەشەی لەناوبردنی ئیدارەی کوردستانیان دەکرد بە زەبری چەك و داگیرکردنی کوردستان و ددانیان بە بوونی کورد وەك کەمینەش نەدەنا. لەوە دەچێ سەرچاوەی هەڵوێستی ئەو بەرپرسانە کە بەشی زۆریان سەربازی و ئەمنی بن کێشەی ناوخۆیی خۆیانە و دەیانەوێت لەو ڕێگایەوە ناکۆکییەکانی خۆیان بەرەو دەرەوە بەرن. ئەو ئاستەنگانەی ئەو بەرپرسانە جاروبار دروستی دەکەن بەرەو کزی دەڕۆن بۆ سەرقاڵکردنی ناوخۆییە، هۆیەکەی ئەوەیە لەناو ئەو دەوڵەتانەدا چەند دەزگایەکی دیکە هەیە، ئەوانن هەوڵی کێشە دروستکردن و دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی

کوردستان دەدەن و هاوکاری و پشتگیری لەچەند تاقمێك دەکەن. دونیای ئەمڕۆکە دونیای ئابووری و بەرژەوەندیی دوو قۆڵییە، لەگەڵ هەماهەنگی و پێکەوە دانیشتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، نەك هەڕەشە و گوڕەشە و توندو تیژی، جگە لەوەش دەبێ ئەوە لەبیرنەکرێ، کە ئەمریکا لە ناوچەکەیە، لە ڕاگرتنی ئاسایش و باری ئەمنی لە عێراق و سەرجەم ناوچەکە بەرپرسە. دەوڵەتانی ناوچەکە ناتوانن وەك جاران لەشکرکێشی لەم ناوچە ئاڵۆزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن، لەو باوەڕەدام لەو ڕاستییە تێگەیشتوون، بۆیە هەڕەشەکانیان زۆرجار ناڕاستەوخۆیانە جێبەجێ دەکەن، بە کێشە دروستکردن و هاوکاریکردنی گرووپی تیرۆرستی توندڕەو دژی هەرێمی کوردستانی ئارام.

# ڕێککەوتنی لیستی کوردستانی لەگەڵ لیستی "یەکگرتووی عێراقی" بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، دەبێ بە پێی میکانیزمێکی دیاری کراو بێت

قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە لە ئەنجامی وتووێژێکی درێژ و سەختدا پەسند کراوە، کۆمەڵێك ئەندامانی ئەنجومەنی حکومڕانی عێراق، هەڕەشەی کشانەوەیان کرد لەو ئەنجومەنەن ئەگەر چەند بەندێك لە پڕۆژەی ئەو قانوونە لانەبرێت. ئەو ئەندامانەی ناو ئەو ئەنجومەنە کە هەڕەشەی کشانەوەیان دەکرد، ئێستا سەرکردایەتیی لیستی هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراقی دەکەن لەناو ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی. پرسیار لەوەدایە: ئایا سەرکردەکانی ئەو لیستە کە ماوەیەکە وتووێژ و گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردەکانی گرووپی کوردستانی دەکەن بە ئومێدی ڕێکەوتن لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ پێکەوە کارکردن لە حکوومەتی ئایندەی عێراق گۆڕانکاری بەسەر بۆچوونی جارانیان هاتووە؟ یان گەمەیەکی سیاسی لەگەڵ گرووپی کوردستانی دەکەن؟ هەردوو گرووپ ماوەیەکە سەرقاڵی ئامادەکردنی ئەو ڕێککەوتنامەنە کە بۆ لایەنی کوردستانی گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە لە زۆر ڕووەوە دواڕۆژی گەلی کوردستانی تێدا دیاری دەکرێت، لانی کەم بۆ ماوەیەك، دوور یان درێژ، بۆیە نابێ وەکو گەمەیەکی سیاسی تەماشای ئەو ڕێکەوتنە بکرێت. ئەو گرووپە سیاسییە کە ناسراوە بە گرووپی شیعە و خۆی بە ڕابەری ئیسلامی شیعە دەداتە قەڵەم، سەنگی هەیە لەناو ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی، بۆیە سەرکردایەتیی گرووپی کوردستانی لە وتووێژکردنە لەگەڵیاندا، بەڵام دەبێ وریا بن، ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو گرووپە لەسەر بەرنامەیەك بێت بەشی زۆری ئەو کێشانە بگرێتەوە کە بەرەوڕووی گەلی کوردستان بوونەتەوە، جگە لە کێشەکانی تری عێراق.

جیاوازیی هزرو بیرو بۆچوون لە نێو ئەو دوو گرووپە زۆرن، بە تایبەتی چەند هێزێکی ناو ئەو گرووپە بە توندڕەوی ناسراون و پەیوەندییان بەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتەوە هەیە، کە دەبێ حیسابی بۆ بکرێت، چونکە مەترسی بەکارهێنانیان بۆ دژایەتیکردنی کورد لە ئارادایە.

هەڵوێستی سەرکردەکانی ئەو گرووپە، بە تایبەتی لە کاتی پەسندکردنی قانوونی کاتی بەڕێوەبردن، بووە هۆی پەیدابوونی بێ باوەڕیی و بێ متمانەیی لەلای خەڵکی کوردستان، بۆیە ئێستاش بە دوودڵییەوە تەماشای هەڵوێستی تازەیان دەکرێت. بەرنامەی پێشنیازکراو بۆ هاوکاریکردنی ئەو دوو لیستە سەرەکییەی ناو ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی، دەبێ بە هەموو وردەکارییەکانیەوە بە ڕوونی دابڕێژرێن. پرۆژەی پێشنیازکراو لە لایەن ئەو گرووپەوە بەو شێوە نەنووسراوەتەوە، بۆیە لایەنی کوردستانی داوای داڕشتنەوەی کرد تاکو چارەسەری وردەکارییەکان بەپێی میکانیزمی دیاریکراودا بکرێت. کاندیدی ئەو لیستە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق لە قسەکردندا، بە تایبەت کە باس لە کێشەیەکی ئاڵۆز دەکات، وەکو بەشی زۆری کێشەکانی کوردستان، خۆی دوورەپەرێز دەگرێت و بەڵێنی چارەسەرکردنیان نادات بەو شێوەی کورد داوا دەکات. ئەو شێوەی قسەکردنە لە زمانی دیپلۆماسیدا بە خۆپاراستن وەسف دەکرێت، بەو شێوە قسانە چارەسەری کێشەکانی گەلی کوردستان ناکرێن. ناوبراو ناسراوە بەوەی جاروبار ماوەیەك قسە دەکات بێ ئەوەی هیچ بەدەستەوە بدات، کە لە زمانی کوردەواریی خۆمان ئەو قسانە بە قسەی پێچوپەنا وەسف دەکرێت! قسەکەر لەو هەوڵەدا خۆی دوورەپەرێز دەگرێت لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەی باسی دەکات. ئایا پیاوێکی وا دەتوانێ چارەسەری هەموو ئەو کێشانە بکات کە ڕووبەڕووی گەلی کوردستان بوونەتەوە؟ ڕەخنەکانی پێشووی سەرکردەکانی ئەو گرووپە لە ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراقدا کە ئاراستەی پەرەگرافە جۆرە زەمانەتێکی تێدایە بۆ گەلی کوردستان، چونکە ڕێگا لە زۆرینە دەگرێت ڕاو بۆچوونی خۆی بەسەر کەمینەدا بسەپێنێ، لە کاتی ڕاوەرگرتن لەسەر پرۆژەی دەستووری ئایندەی عێراق بەپێی ئەو پەرەگرافە، ئەگەر دوو لەسەر سێی دانیشتووانی سێ پارێزگای هاوسنوور دەنگ بۆ ڕەشنووسی دەستوورەکە نەدەن، پرۆژەکە ڕەتدەکرێتەوە. لەو باوەڕەدام دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ئەو مافە بەکارناهێنن ئەگەر پرۆژەی دەستووریان بە دڵ بێ و مافەکانی گەلی کوردستانی تێدا دیاری کرابن. ئەو گرووپە ئەو پەرەگرافەیان وەکو (ڤیتۆ)یەك بەدەست کوردەوە دەدایە قەڵەم، کە

لە ڕاستیدا بەو شێوەیە نییە، چونکە دانیشتووانی سێ پارێزگای هاوسنوور لە هەموو ناوچەیەکی تری عێراق دەتوانن ئەو مافە بەکاربێنن. ئەگەری ئەوەش هەیە ئەو مافە بە شێوەیەك بەکاربێت کە دژ بە داخوازییەکانی گەلی کوردستان بێت، چونکە داواکارییەکانی گەلی کوردستان لە پڕۆژەی دەستووری پاشەڕۆژی عێراقدا ئەگەر پەسند بکرێن، دانیشتووانی سێ پارێزگای عێراق دەتوانن دژی ئەو پڕۆژەیە دەنگ بدەن.

بەداخەوە سەرکردەکانی ئەو گرووپە هەر کوردیان لە بیربوو لە کاتی پەسندکردنی قانوونی کاتی بەڕێوەبردندا! لێرەدا هەڵوێستی ساڵێك لەمەوبەری ئەو گرووپە دەخەینەوە بەرچاو، چونکە گرووپی کوردستانی لەگەڵیان لە گفتوگۆدا بوون. سەرکردەکانی ئەو گرووپە لە ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق لە بچووکترین خاڵیان دەپێچایەوە، دەبێ ئەمڕۆکە گرووپی کوردستانی لەگەڵیاندا لە وردەکاریەکان بپێچێتەوە پێش ڕێککەوتن. ئەوان بە ناچارییەوە داوای هاوپەیمانییەتی لەگەڵ گرووپی کوردستانی دەکەن، ڕێککەوتنی گرووپی کوردستانی کارێکی ئاساییە، بەڵام پێویستە لەو ڕێککەوتنەدا کێشە گرنگەکان دەستنیشان بکرێن و میکانیزم بۆ چارەسەرکردنیان دیاری بکرێت. گەر کەسێك لە دۆستایەتی بگەڕێ، دەبێ پێشەکی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان بدات، بەڵام ئەگەر لایەنێك نەیەوێت خۆی ببەستێتەوە بە چارەسەرکردنی کێشەکان، ورد بن یان گەورە، ئەوە نیشانەی نیازپاکی نییە. وشەی گەورە و نووسینی بریقەدار چارەسەری هیچ کێشەیەك ناکەن، موجامەلەکردنیش کێشەکان یەکلایی ناکەنەوە.

ڕەخنەکانی دوێنێی سەرانی ئەو گرووپە لەناو ئەنجومەنی حوکم سەبارەت بە پەرەگرافی (ج) ی بەندی ٦١ پێش پەسندکردنی قانوونی کاتیی بەڕێوەبردن، لەگەڵ وەسفکردنی بە قانوونێکی (ناشەرعی) لە بیر نەکراون. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین، کە سەید عەبدولعەزیز حەکیم سەرۆکی ئەو گرووپە، کاتێ بۆ ماوەی مانگێك سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم بووە بەشێوەیەکی ناشەرعی دەستکاریی قانوونی ژمارە ١٣٧ی کرد و هەڵیوەشاندەوە. ئەو قانوونە تایبەتە بە کاروباری کەسیەتی، ئەو

ڕەفتاری پەست و ناڕەزایی لەناو کۆمەڵانی شیعەش پەیداکرد. پاشگەزبوونەوە لە بەڵێنەکان و پەشیمان بوونەوە لە ڕێککەوتن، هەتا لە سیاسەتیشدا، کارێکی ناڕەوایە! کەواتە ئەو بەڵێنەی دەدرێ دەربارەی قانوونی کاتیی بەڕێوەبردن، کە بکرێتە بنەما بۆ دەستووری داهاتووی عێراق، یان گفتی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بەپێی بەندی ٥٨ ی ئەو قانوونە، لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەکانی تریش، دەبێ بەڕوونی و بێ پێچوپەنا بنووسرێتەوە، تاکو پاشگەزبوونەوەی بە دوادا نەبێتە هۆی چارەسەرنەکردنی ئەو کێشانە.

# له هەمبەر تاوانەکای ئەنفال، دەوڵەتی عێراق پێویستە داوای لێبووردن لە گەلی کوردستان بکات

ڕژێمی بەعس کۆمەڵە تاوانێکی گەورەی دژ بە گەلی کوردستان ئەنجامداوە، بەشێك لەو تاوانانە دەچنە خانەی تاوانی جینۆسایدەوە، چونکە بە مەبەستی لەناوبردن و قڕکردنی کۆمەڵە کەسانێك ئەنجامدراون. تاوانی جینۆساید تاوانێکی دژ بە مرۆڤـایەتییە، زۆرجاران بووەتە هۆی کوشتنی کۆمەڵە کەسانێك بە ڕەگەز یان بە ئاین یان لەبەر هەر هۆیەکی دیکە جیاوازی و تایبەتمەندیەتی خۆیان هەبووە، یان وەك کەمینە تەماشا کراون. ئەو کەسانەی ئەم جۆرە تاوانانە دەکەن دەبێ سزای توند بدرێن، کە تاوانێکی نێودەوڵەتییە، کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتیدا لە ساڵی ١٩٤٨ دا پەسندی کردووە و ئەو تاوانەی مەحکوم کردووە. بەپێی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییە پێویستە ئەنجامدەرانی ئەو جۆرە تاوانانە لە بەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتی یان دادگایەکی نێوخۆیی دادگایی بکرێن.

تاوانی ئەنفال یەکێکە لەو تاوانانەی دەرهەق بە گەلێکی ژێردەستە ئەنجامدراوە، بۆتە هۆی کوشتن و لەناوبردنی نزیکەی دوو سەد هەزار کەسی سڤیلی بێگوناه، کە بەشی زۆریان لە بیابانەکانی نزیکی سنووری عێراق و سعودیە زیندە بەچاڵکراون. هۆی لەناوبردنی ئەو هەموو خەڵکە لەبەرئەوە نەبووە چەکیان دژی ڕژێم هەڵگرتبێت، بەڵکو لەبەرئەوە بووە بە ڕەگەز کورد بوون. بەشی زۆریان گەنج و پیر و پەککەوتە و ژن و پیاو و منداڵ بوون بە مەبەستی لەناوبردنیان وەك بەشێك لە گەلێکی ژێردەستە کوژراون.

تاوانی ئەنفال دەچێتە ڕیزی تاوانی جینۆسایدە گەورەکانی جیهان، وەك بەکۆمەڵ کوشتنی ئەرمەنەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانی و کوشتنی چەندەها ملیۆن جوولەکە لە ئەوروپا لەلایەن نازییەکانەوە. ئەو دادگایەی دادگایی سەرانی ڕژێمی بەعس دەکات، دەبێ هەموو ئەو کەسانەی بە شێوەیەك لە شێوەکان

بەشدارییان لە تاوانی ئەنفال کردووە، دادگایی بکات، ئەنجامدەری سەرەکی بن یان هاوکار، عەرەب بن یان کورد.

ئێمەی کورد هەرچەندە بەدرێژایی مێژوو زوڵم و ستەمی زۆرمان لێکراوە، بەڵام زۆرجاران نەمانتوانیوە بە شێوەیەکی گونجاو بیانخەینە بەرچاو ڕای گشتیی جیهانی. سەبارەت بە دادگاییکردنی ئەو تاقمەی تاوانی ئەنفالیان دراوەتە پاڵ، چاکتر بوو چەند پسپۆڕێکی شارەزای نێودەوڵەتی لە بواری تاوانی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤـایەتی و چۆنیەتیی ڕەفتارکردن لەبەردەم ئەو دادگایە، هاوکاری ئەو پارێزەرە کوردانە بکەن، ئەوە ئەرکی وەزارەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانی کوردستان بوو.

تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال تۆمەتێکی سیاسییە، بەڵام لە قاڵبێکی قانوونیدا. لەبەرئەوەی سەرجەم دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم و حیزبەکەی، لەگەڵ بەشی زۆری دەزگاکانی دیکەی عێراق بە سەربازی و مەدەنییەوە، بەشدارییان لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە گەورەیە کردووە، بۆیە هەموو بەرپرسن. لە ڕووی قانوونییەوە، دەوڵەتی عێراق بەرپرسە لە ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال و ئاکامەکانی. هەموو دەزانین کە دەوڵەتی عێراق بەرپرسە لە دانەوەی قەرزەکانی ڕژێمی بەعس و بەردەوامە لە دانەوەی ئەو قەرزانە بە چەند دەوڵەت و کۆمپانیا و تاکە کەسانێك لە دەرەوەی عێراق، ئەمە لە حاڵەتێکدا کە بەشی هەرە زۆری ئەو قەرزانەی لەو جەنگانە خەرجکراون بە ناهەق ڕژێم بەرپای کردبوون. بەشێکی دیکەی ئەو قەرزانە بۆ سەرکوتکردنی گەلی عێراق بەکاری هێنابوون. هەندێ لەو دەوڵەتانە بە منەتێکی زۆرەوە دەست لە هەموو یان لە بەشێك لەو قەرزانە هەڵدەگرن. کەواتە هەمان دەوڵەتی عێراق دەبێ بەرپرسیار بێت لە قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی لە تاوانی ئەنفالدا کوژراون و لەناوبراون. بەرپرسانی حکوومەتی بەغدا و هەوادارانیان دەڵێن: ڕژێمی بەعس جیاوازی لە کوشتنی کورد و عەرەب و لە کاولکردنی شار و دێهاتەکانی عێراق نەکردووە. بە داخەوە ئەوانە ئەو ڕاستییە لەبیردەکەن، کە تاوانی ئەنفال بە مەبەستی لەناوبردنی گەلی کورد ئەنجامدراوە، بەشی زۆری دەزگاکانی دەوڵەتیی بەشدارییان تێداکردووە. پرسیار لەوەدایە: بۆ دەبێ حکوومەتی عێراق بەرپرس بێ

لە دانەوەی قەرزەکانی ڕژێمی بەعس بەو دەوڵەت و لایەن و کەسانەی لە دەرەوەن و بەشێکیان هاوکاریی ڕژێمیان کردووە لە بەرپاکردنی جەنگەکانی و سەرکوتکردنی گەلی عێراق، بەلاّم هەمان دەوڵەتی عێراق بەرپرس نییە لە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەبەر ئەوەی عێراقی بوون؟

نازییەکان لە ئەڵمانیای هیتلەری و لە ئەوروپا چەندین ملیۆن جوولەکەیان کوشت، دەبوو حکوومەتی ئەڵمانیای پاش نەمانی ڕژێمی نازی (حکوومەتی کۆنراد ئەدیناوەر) بەرپرس نەبێت لە تاوانەکانی هیتلەر، چونکە بەشداری لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانە نەکردبوو، بەلاّم ئەو حکوومەتە قەرەبووی جوولەکەکانی ئەڵمانیای کردەوە، لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی ئیسرائیل بە دەیان ملیار مارك لە ماوەی دە ساڵدا. لەبەر ئەوەی ئیسرائیل بە میراتگری ئەو جوولەکانەی کوژرابوون و بێ نەوە بوون لەقەڵەم درابوون، حکوومەتی ئەڵانیا پارەی قەرەبووکردنەوەی ئەوانی بە ئیسرائیل دا. حکوومەتی ئێستای عێراق قەرزی بەعس دەداتەوە، بەلاّم خۆی بێدەنگ دەکات سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان. جگە لەوەش، دەوڵەتی ئەڵمانیای پاش نەمانی ڕژێمی نازی داوای لێبووردنی لە جوولەکەکانی دونیا و ئیسرائیل کرد بە ئەنجامدانی ئەو تاوانانە، بەهەمان شێوە دەوڵەتی عێراقی پاش نەمانی ڕژێمی بەعسی دەبێ ئەویش داوای لێبووردن لە گەلی کوردستان بکات بەهۆی ئەو تاوانە گەورەیەی دژ بە گەلی کورد ئەنجامدراوە. داوای لێبووردن دەبێ بەناوی دەوڵەتی عێراقەوە بێت، بۆیە دەبێ بە بڕیارێکی پەرلەمانی عێراق ئاراستەی گەلی کوردستان بکرێت. داوای لێبووردن ئەگەر بە نامەیەکی سەرەك وەزیران یان بە بڕیارێکی حکوومەتی عێراق بدرێت، ئەو ئاکامە قانوونییەی نابێت، چونکە حکوومەتی داهاتووی عێراق دەتوانێ خۆی پابەند نەکات بە بڕیاری حکوومەتی پێشووتر، ئەمەش لە بوارێکی دیکەدا لە عێراق ڕوویداوە. لە ٢٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ دا حکوومەتی عەبدولڕەحمان بەزاز بەیاننامەیەکی بلاّوکردەوە بۆچارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، بەلاّم حکوومەتی ناجی تالیب، کە پاش حکوومەتی بەزاز هاتە سەر حوکم، پاشگەز بووەوە لەو بەیاننامەیە.

له کۆنفرانسێکدا لەبارەی تاوانی ئەنفال له مانگی نیسانی ٢٠٠٢ له هەولێر بەسترابوو، پێشنیازێکم بەو شێوەیە خستە بەرچاو بەشداربووانی ئەو کۆنفرانسەکە، بەوەی حکوومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان له پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەبێ داوا له حکوومەتی عێراق بکەن داوای لێبووردن له گەلی کوردستان بکات، بەڵام بەناوی دەوڵەتی عێراقەوە. پەسندکردنی ئەو بڕیارە دەبێتە هۆی ئیلزامکردنی دەوڵەتی عێراق بە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان. پێشنیازەکە لەلایەن بەشداربووانی کۆنفرانسەکە پەسندکرا، بەڵام زیاتر له چوار ساڵە ڕژێمی بەعس نەماوە، هیچ داوایەك بە ناوی پەرلەمانی کوردستانەوە ئاراستەی پەرلەمانی عێراق نەکراوە. جارێکی دی ئەم پێشنیازەم خستەوە بەردەم پەرلەمانی کوردستان له کۆبوونەوەیەکدا له مانگی ئایاری ٢٠٠٧ دا، داوامکرد گفتوگۆ لەسەر تاوانی ئەنفال بکرێت، ئومێدەوارم ئەمجارەیان بە جددییەوە تەماشای بکرێت.

کاتی ئەوە هاتووە لایەنی کوردستانی له "موجامەلە"ی سیاسی دوور بکەوێتەوە، پێویستە داواکارییەکانی گەلەکەمان بە ڕوونی و ڕاشکاوانە بخاتە بەرچاو دەسەڵاتدارانی عێراق. *ئەگەر داواکارییە ڕەواکانی گەلەکەمان ئەمڕۆکە جێبەجێ نەکرێن، سبەینێ کە حکوومەتی بەغدا بە هێزتر و بە تواناتر بێت ئاوڕی لێ ناداتەوە.* کەواتە خۆشمان بەرپرسین لەوەی تا ئێستا ئەوجۆرە داواکارییانەی گەلەکەمان بە فەرمی نەخستووەتە بەرچاو حکوومەتی بەغدا، لەکاتێکدا باش دەزانین هیچ لایەنێك دان بە داواکارییەکانی ئێمەدا نانێ ئەگەر خۆمان داوای نەکەین. بۆ نموونە، جێبەجێکردنی بڕگەکانی ماددەی ٥٨ی قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق و ماددەی ١٤٠ ی دەستووری عێراق دواکەوتوون، هۆی سەرەکی ئەوەیە لەسەرەتاوە لەگەڵ حکوومەتی ئەیاد عەللاوی و حکوومەتی ئیبراهیم جەعفەری سوور نەبووین لەسەر داوای جێبەجێکردنیان لەو ماوەی بۆیان دیاریکراوە، بڕوامان بە بەڵێن و قسەکانیان بووە. جێبەجێ نەکردنی بەشی هەرە زۆری بڕگەکانی ماددەی ١٤٠ قسەی زۆری لەسەرکراوە، بەڵام نزیك دەبینەوە له کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧، بەو بۆنەوە ئێستا باس له دواخستنی جێبەجێکردنی دەکرێت!

لەو باوەڕەدام هەتا ئەگەر جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە بۆ چەند ساڵێکی دیکەش دوابخرێت، بەڵام ئەگەر دەست بە جێبەجێکردنی بە شێوەیەکی جددی نەکرێت، ئەو ماددەیە وەك خۆی دەمێنێتەوە، وەك نووسینێکی سەر کاغەز. دەمێکە وتوومانە و ئێستاش دووبارەی دەکەینەوە، کات لە بەرژەوەندیی کورد نییە، نەیارانی کورد ئەو ڕاستییە باش دەزانن بۆیە هەموویان، بەڵام هەر یەکە بە شێوازی خۆی هەوڵی دواخستنی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی گەلەکەمان دەدەن، لە سەرووی هەموویانەوە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ماددەی ١٤٠، لەگەڵ چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی لە دەستووری عێراقدا. لێرە دەبێ ئاماژە بۆ پێشنیازەکانی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستووری عێراق بکەین، سەبارەت بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و دامەزراندنی "ئەنجومەنی هەرێمەکان". لە دانیشتنێکی تایبەتدا لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسیی کوردی لە مانگی تەموزی ٢٠٠٥، پێش پەسندکردنی دەستووری عێراق، لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی پەرلەمانی کوردستانیش، کە چەند ڕۆژێك پاش ئەو کۆبوونەوە سازدرابوو، سەرۆکی هەرێم ئامادە بوو، ئەو ڕاستییەم خستە بەرچاو، کە یەکێ لە سیماکانی سیستمی فیدڕاڵی دابەشبوونی پەرلەمانەکەیەتی بەسەر دوو ئەنجومەندا، چونکە لە بەشی هەرە زۆری دەستووری دەوڵەتانی فیدڕاڵیدا دوو ئەنجومەن هەن:"ئەنجومەنی پیران"، یان "ئەنجومەنی هەرێمەکان"، لەگەڵ "ئەنجومەنی نوێنەران". لەو یاداشتەی لە سەرەتای مانگی ئابی ٢٠٠٥ بەناوی لیستی کوردستانییەوە پێشکەش بە لیژنەی ئامادەکردنی دەستووری عێراق کرابوو، (لە هەفتەنامەی (دەستوور)، ژمارەی (٥)ی ڕۆژی ٤ی ئابی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە)، تێیدا ئاماژە بە چۆنییەتی و شێوەی دروستکردنی پەرلەمانی عێراق نەکرابوو. تەنیا یەك ماددە تەرخانکراوە بۆ (ئەنجومەنی هەرێمەکان)، کە ماددەی (٦٥)ی دەستوورە، کە "ئەنجومەنێك بەناوی (ئەنجومەنی یەکگرتوو/ مجلس الاتحاد) دروست دەکرێت، ئەندامانی نوێنەری هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی لەچوارچێوەی هەرێمدا نین، شێوازی دروستکردن و مەرجی ئەندامبوون تێیدا، لەگەڵ دەسەڵاتەکانی و هەر کارێك پەیوەندی پێوەی هەبێ، بە قانوون بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان

پەسند بکرێت". هەندێ لایەن ئەمڕۆ پێشنیازی "فیدراڵیزمی ئیداری" دەکەن، ئەوەی کە (برێمەر) پێشتر پێشنیازی کردبوو! لەبەرئەوەی لەسەرەتاوە بنەماکانی فیدراڵیزم بە ڕوونی لە دەستووری عێراقدا نەچەسپێنرابوو، لەسەرووی هەموویانەوە پەرلەمانەکەی لە دوو ئەنجومەن پێکهاتبێ، یەکێکیان نوێنەرایەتیی هەموو گەلی عێراق بکات بە ناوی (ئەنجومەنی نوێنەران)، کە ئێستا هەیە و هەموو دەسەڵاتەکان بەو دراون، لەگەڵ ئەنجومەنێکی دیکەدا کە نوێنەرایەتی هەرێم و ناوچەکان بکات، کە تەنیا ماددەی (٦٥)ی بۆ تەرخانکراوە. لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور ئێستا خەریکی دیاریکردنی دەسەڵات و شێوازی دەستنیشانکردنی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەیە، بەڵام بە بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پەسند دەکرێت! پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەنجومەنی نوێنەران کە نوێنەرایەتی هەموو گەلی عێراق دەکات و ئێستا هەموو دەسەڵاتەکانی بە دەستەوەیە و کوردیش هەمیشە کەمینە دەبێ تێیدا، دەست لە دەسەڵاتە فراوانەکانی هەڵدەگرێ و دەیدات بەو ئەنجومەنە تازەیە؟

هەولێر، ٢٤ حوزەیرانی ٢٠٠٧

# بەشی سێیەم

# دەستووری هەرێمی کوردستان و دەستووری عێراق و

# چەند بابەتێکی قانوونی

## هەرێمی کوردستان پێویستە خاوەن دەستووری خۆی بێت

پەسندکردنی دەستوورێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان، بەندە بە سیستەمی دەستووری و شێوەی حوکمڕانی لە عێراق. دەستووورە لەمەوبەرەکانی عێراق، واتە دەستووری ساڵی ١٩٢٥، کە یەکەم دەستووری عێراق بوو، وەزارەتی کۆلۆنیاڵی بریتانیا ئامادەی کردبوو، پاشان یەکەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تاوتۆی کردوە وپەسندی کردووە. هەروەها دەستووورە کاتییەکانی پاش ساڵی ١٩٥٨ هەموویان لەسەر بنەمای سەنترالیزم داڕێژراون. لەو دەستوورانەدا بەشی زۆری دەسەڵاتەکان بەدەستی دەزگاکانی ناوەندەوە بوون. ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ وکۆچڕەوە مەزنەکەی کە ناوچەی ئارامی لێ پەیدا بوو، ڕژێمی عێراقی ناچارکرد دەزگاکان لە بەشێکی فراوانی باشووری کوردستان بکشینێتەوە. ئەو بڕیارەی ڕژێم بە مەبەستی ئاژاوەنانەوە بوو لەو ناوچانەدا، بۆیە بڕیاری سازدانی هەڵبژاردن درا لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە بۆ دیاریکردنی پەرلەمانێك تاکو ئەویش حکوومەتەك دیاری بکات، بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار لەو ناوچەیە. لە پێنجی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان سیستمی فیدراڵی پەسندکرد بۆ پاشەڕۆژی عێراق، کە ڕێگای خۆشکرد بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی دیٚ فاکتۆ، تێیدا دەسەڵاتی ناوەخۆیی و دەسەڵاتی پەیوەندیکردن بە دەرەوە و داکۆکیکردن لە سنووری ئەو بەشە ڕزگارکراوەی کوردستانی پراکتیزە دەکرد، واتە هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەتیی. ئەگەر ئەو هەنگاوە هەنگاوێکی قانوونی بەدوادا بدرابا، بە پەسندکردنی دەستوورێك بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دەزگاکانی هەرێم، تا هەریەکەیان ئەرك و دەسەڵاتی

خۆیان بزانن و هاوڵاتیان ئاگاداری ماف و ئەرکەکانی سەرشانیان بن، بارودۆخەکە بەرەو چەسپاندنی شەرعیەتی دەستووری دەچوو. کۆمەڵێك لە قانووناسانی کوردستان داوایان دەکرد پەلە بکرێت لە دانانی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان، هەتا ئەگەر لە شێوەی دەستوورێکی کاتیش بێت. دەستوور سەرچاوەی هەموو قانوونەکانە لەوێدا شێوەی حوکمڕانی و چۆنیەتیی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و ڕێکخستنیان دیاری دەکرێت. ئەم داواکارییە پشتگیریەکی فراوانی لێ دەکرا لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٢ دا پڕۆژەی دەستوورێکم ئامادە کرد بۆ هەرێمی کوردستان، سەرەتا لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین چاپکرا، پاشان دابەشکرا بەسەر ئەندامانی پەرلەمان و میدیا و کۆمەڵێك لە قانووناسانی کوردستان، تاکو ڕا و سەرنجی خۆیان سەبارەت بە بنەما و ناوەڕۆکەکەی دەربڕن. پێشنیاز و سەرنجی بەشێك لە قانووناسان پڕۆژەکەی دەوڵەمەندتر کرد. پڕۆژەکە پاش دەستکاریکردنی بەپێی ئەو بۆچوون و سەرنجانە، خرایە بەردەستی دەزگایەکی قانوونی ڕەسمی کە خۆیشم تێیدا ئەندام بووم، ئەویش بە وردی لێی کۆڵییەوە و پەسندی کرد. ئەو دەزگایە قانوونییە پڕۆژەکەی بە ڕەسمی خستە بەردەستی حکوومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان، بە ئومێدی تەماشاکردنی لە لایەن لێژنەی قانوونی لە پەرلەمان، پاشان پەرلەمان لێی بکۆڵێتەوە بۆ پەسندکردنی. باری سیاسی لەو سەردەمە لە عێراق و ناوچەکە زۆر ئاڵۆز بوو، هێزەکانی ڕژێم ئابلۆقەی بەشێك لە شار و شارۆچکەکانی دابوو، هەڕەشەی دەکرد ناوچەکە داگیر بکاتەوە. فڕۆکە سەربازییەکانی ئەمریکا و بریتانیا کە لە تورکیاوە چاودێری ناوچەکەیان دەکرد، لەگەڵ چەسپاندنی کیانێکی سیاسی بۆ کورد نەبوون. وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە، بە بەردەوامی کۆدەبوونەوە و هەوڵی خنکاندنی ئەو کۆرپە ساوایەیان دەدا، تاکو نەکەوێتە سەرپێ.

پڕۆژەی ئەو دەستوورە بۆ ماوەی پتر لە دە ساڵ لێی نەپێچرایەوە، بەلام لەو ماوە درێژەدا کەسانێکی زۆر لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، داوای دانانی دەستووریان دەکرد بۆ ئەو بەشە ڕزگار کراوەی کوردستان.

له مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢، پەرلەمانی کوردستان پڕۆژەی دەستوورێکی پەسند کرد، بەڵام وەکو (پڕۆژە) مایەوە، بەندەکانی لەسەر بنەمای پڕۆژەی ساڵی ١٩٩٢ داڕێژرابوون، بەڵام کەمو کورتی تێدا بەدی دەکرا.

له نیسانی ساڵی ٢٠٠٣، ڕژێمی بەعس ڕووخا، ساڵێك پاشتر قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە، پەسند کرا، که وەکو دەستوورێکی کاتی تەماشا دەکرا. ئەو پڕۆژە دەستوورەی له مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ پەسند کرابوو، جگە لەوەی کەمو کورتی تێدا بوو، نەدەگونجا لەگەڵ باری تازەی عێراق و کوردستان، بۆیە پێشنیازی چاوگێڕانەوەم بەو پڕۆژەیە کرد. له سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣ لەگەڵ (لێژنەی قانوونی) پەرلەمانی کوردستان، خەریکی چاوگێڕانەوە بووین بەو پڕۆژەیە، پاش چەند کۆبوونەوەیەك، له ٢٢ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ (پڕۆژەیەکی چاککراو) ئامادەکرا و خرایە بەردەستی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، بەڵام پاشان هیچ کارێکی لەسەر نەکرا.

قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوەی، له ماددەی ٥٣ دا، سیستمی فیدڕاڵی بۆ عێراق قبوڵ کرد و ددانی نا به هەرێمی کوردستان له چوارچێوەی ئەو سنووره ئیدارییەی له ١٩ی ئاداری ٢٠٠٣، لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم بوو. بەندی ٥٤ی هەمان قانوون، ددانی به دەزگاکانی هەرێم نا، به تایبەتی حکوومەت و پەرلەمان و دەزگاکانی دادوەری، لەبەرئەوە پەرلەمانی کوردستان دەیتوانی لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانی بەردەوام بێت، که قانووندانان و دەستکاریکردنی قانوونەکانە بوو تا ئەو دەمەی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ عێراق پەسند دەکرێت. پەرلەمانی هەرێم لەو ماوەدا چەند قانوونێکی پەسند کرد و هەموویان جێبەجێ دەکران له لایەن دەزگاکانی هەرێمەوە. بەڵام قانوونی کاتی بەڕێوەبردن، چەند مەرجێکی دانابوو دەبوو ڕەچاوبکرێن لەلایەن پەرلەمانەوە کاتێ قانوونی تازە پەسند دەکات. ئەم مەرجانە له بەندی ٢٥ و پەرەگرافی (د) بەندی (٤٣)ی هەمان قانوون ئاماژەیان بۆ کراوە. کەواتە پەرلەمانی هەرێم دەیتوانی هەموو جۆرە قانوونێك پەسند بکات، به مەرجێك پێچەوانەی ئەو دوو مەرجە نەبن، که

تایبەت بوون بە سیاسەتی دەرەوە و داکۆکیکردن لە عێراق و دامەزراندنی هێزی چەکداری.

ئەو دوو بەندە دەسەڵاتی دی بە حکوومەتی ناوەندی داوە، کە پەیوەندییان بە دارشتنی سیاسەتی دارایی گشتی و دەرهێنانی دراو و ڕێکخستنی گومرگ و بازرگانی لەگەڵ دەرەوە هەیە، لەگەڵ دانانی بودجەی گشتی بۆ عێراق و ئەو کارانەی پەیوەندییان بە بانکی ناوەندی و کاروباری ڕێکخستنی کێشان و پێوان (مەقاییس و ئەوزان) هەیە. هەرچەندە سامانە سروشتییەکان بە سامانی هەرێم و ناوچەکان لەقەڵەم دراون، بەڵام دەرهێنانیان بە هاوکاری و سەرپەرشتیکردنی دەزگاکانی حکوومەتی ناوەند دەبوو بکرێن. کاروباری پەیوەندیدار بە دەوڵەتنامە/(جنسیە) و بێگانە و پەناهەندە، لە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیدا بوون. لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئەم دەسەڵاتانە بە حکوومەتی ناوەندی درابوون، بەڵام دەسەڵاتێکی زۆریش بە دەزگاکانی هەرێمی کوردستان درابوون، بۆیە دەبوو ڕێکبخرێن و شێوەی بەکارهێنانیان دیاری بکرێت لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا. کەواتە پەسندکردنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە، لە دەسەڵاتی ئەو پەرلەمانە بوو، هەتا بەپێی قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق.

پەرلەمانی کوردستان دەیتوانێ قانوون پەسند بکات، هەتا ئەو ڕۆژەی دەستووری هەمیشەیی بۆ عێراق پەسند دەکرێت، بەمەرجێ ئەو قانوونە بە پێچەوانەی بەندی ٢٥ و پەڕەگرافی (د)ی ٤٣ نەبن. دەستنیشانکردنی مافەکانی گەلی کوردستان بەو جۆرە دەبووە پشتگیرییەکی گەورە بۆ گرووپی کوردستان لەناو (ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی)، کە دەیانتوانی لەوێدا جەخت لەسەر داواکارییەکانی گەلی کوردستان بکەن کە لە دەستووری هەرێم دەستنیشان کرابوون.

بۆچوونێکی تر هەبوو، پێی باشتربوو پەسندکردنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان دوا بخرێت بۆ پاش پەسندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق. ئەم بۆچوونە هۆیەکەی سیاسی بوو نەك قانوونی، چونکە سەرچاوەکەی باری سیاسی بوو

له عێراق و ناوچەکە. ئەوان وایان دەزانی پەسندکردنی دەستوورێك بۆ هەرێم لەو کاتەدا بە کارێکی جوداخوازی دەدرێتە قەڵەم! بە بۆچوونی ئەوان، چاکتربوو چاوەڕێی دەستووری عێراق بکەین، تاکو بزانین لەوێدا چیمان پێ دەدرێ و چ قبووڵ ناکرێت! بەم شێوەیە هەموو سەنگی کورد دەخرایە ناو یەك سەبەتەوە، کە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق بوو، ئەگەر لەوێدا کارەکان یەکلایی نەکرێنەوە لە بەرژەوەندیی گەلەکەمان، لەو شەڕە دەستوورییە بە دۆڕاوی دەچووینە دەرێ. بە بۆچوونی ئێمە چاکتربوو لە چەند بەرەیەکەوە کورد ئەو شەڕە بکەن و پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵی خۆی ببینێ، وەکو نوێنەری شەرعی خەڵکی کوردستان و مافەکانی گەلەکەمان لە دەستووری هەرێمدا بچەسپێنێ و داوابکات ئەو مافانە لە دەستووری عێراقدا دەستنیشان بکرێن. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین، کە سەنگی پەرلەمانی تازەی هەرێمی کوردستان (خولی دووەم) قورستربوو لە پەرلەمانی پێشتر (خولی یکەم)، چونکە وەکو دەزگایەکی شەرعی تەماشا دەکرا. پەرلەمانی خولی دووەم پاش هەڵبژاردنێکی شەرعی دیاری کرا، چونکە ئەو هەڵبژاردنە بەپێی قانوونێکی عێراقی و لەژێر چاودێری دەزگاکانی عێراقی و نێودەوڵەتی هەڵبژێردرابوو. حکوومەتی عێراق و دەوڵەتان و دەزگاکانی نێودەوڵەتی نەیاندەتوانی گوێ شل نەکەن بۆ داخوازییەکانی.

دەستووری هەرێم کە داواکارییەکانی گەلی کوردستانی تێدا دیاری دەکرێت، لەناو ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی دەبێتە شیرێکی تیژ بە دەست گرووپی کوردستانی، چونکە برگەی (ج)ی بەندی ٦١ی قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە مافی بە دانیشتوانی دوو لەسەر سێی لە سێ پارێزگای عێراقی داوە پرۆژەی دەستووری عێراق ڕەت بکاتەوە. پەرلەمانی کوردستان نوێنەری سێ پارێزگا بوو، دەیتوانی ئەو پرۆژە دەستوورەی بۆ عێراق ئامادە دەکرێت، ئەگەر مافەکانی گەلی کوردستانی تێدا نەبن، دەیتوانی ڕەتی بکاتەوە. گرووپی کوردستانی لەناو ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی هەموو دەمێك دەیتوانی ئەم چەکە بخاتە بەرچاوی ئەو لایەنانەی قایل نەدەبوون بە مافەکانی گەلی کوردستان. کورد دەبوو "شەڕی"

دەستووری لەسەر هەموو بەرەکاندا بکات، لەناو پەرلەمانی عێراق، لە پەرلەمانی هەرێم، هەروەها بەهاوکاریی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان و دۆستانی کورد لە دەرەوە، کە دەیانتوانی فاکتەری چاك بن لەم "شەڕە" دەستووریە ڕەوایەدا، تا هەموو مافەکانی گەلەکەمان، بەمافی دیاریکردنی چارەنووسەوە، لە دەستووری هەرێم و لە دەستووری عێراقدا بچەسپێنن. کورد دەیتوانی هەموو سەنگێکی بخاتە پاڵ پرەنسیپی تەوافوقەوە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئامانجانەی سالەهای ساڵ خەباتی بۆ کردبوو و دەریایەك خوێنی بۆ ڕشتبوو. پێویست بوو ئەو هەموو فاکتەرانە بخرانەگەڕ تاکو لەم "شەڕەدا" سەرکەوتووبین.

# دەستووری هەرێمی کوردستان و بنەما سەرەکییەکانی

پەسندکردنی دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان، بەندە بە سیستمی سیاسی و شێوەی حوکمڕانیکردن لە عێراق. سەنترالیزم، سیستمی حوکمڕانیکردن بووە لە عێراق لەوەتەی ئەم دەوڵەتە دامەزراوە بەپێی دەستووری ساڵی ١٩٢٥، کە ڕەشنووسەکەی وەزارەتی کۆلۆنیالی بریتانیا ئامادەی کردبوو. لەو دەستوورانەی لە پاش ساڵی ١٩٥٨ پەسندکراون دەسەلاّت هەر بە دەست دەزگاکانی ناوەندەوە بووە، ناوچە و پارێزگاکان دەسەلاّتێکی ئەوتۆیان نەبووە لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆییان. دەستووری کاتی ساڵی ١٩٧٠ کە پاش کودێتای ساڵی ١٩٦٨ پەسندکراوە، دەسەلاّتی قانووندانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریی بە "ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش" دابوو، کە پێکهاتبوو لە سەرکردەکانی حیزبی بەعسی دەسەلاّتدار. لە ساڵی ١٩٧٥ دا قانوونی "حوکمی زاتی بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی" بلاّوکرایەوە، بەشێك لە دەسەلاّتەکانی ناوەند بە دەزگاکانی "ناوچەی ئۆتۆنۆمی" درابوون، بەلاّم ئەو دەسەلاّتانە دەزگا ئەمنیە سەرکوتکەرەکانی ڕژێم لە ناوچەکە جێبەجێیان دەکرد، ئەنجومەنی "ڕاپەڕاندن/ تنفیذی" و بەناو "بڕیاردان/ تشریعي"، کە ئەندامەکانیان کەسانێکی سەر بە ڕژێم بوون، دەبوو پرس بە دەزگا ئەمنیەکان بکەن، یان بە دەزگاکانی ناوەند بۆ هەموو کارێکی بچووك و گەورە. ئەنجومەنی "تەشریعی" مافی قانووندانی نەبوو، "قانوونی حوکمی زاتی"، کە بەناو بۆ ناوچەیەك دانرابوو، دەزگای تایبەتی خۆی هەبوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە، گۆڕانکاری لە شێوەی حوکمڕانیکردنی عێراقی نەکرد، چونکە هەموو دەسەلاّتەکان بە دەست دەزگاکانی ناوەند مابوونەوە.

ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و کۆچڕەوە مەزنەکەی بووە هۆی دامەزراندنی "ناوچەی ئارام" لە بەشێك لە باشووری کوردستان. دامەزراندنی ئەو ناوچەیە کە لە ژێر چاودێری چەند دەوڵەتێکی ڕۆژاوادا بوو، فڕۆکە جەنگییەکانیان لە ئاسمانی ناوچەکە دەسووڕانەوە، ڕێگایان لە دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم گرتبوو درێژە بە کاری سەرکوتکەرانە بدەن. ڕژێم ناچاربوو لە پاش ماوەیەك بڕیاری کشانەوەی

دەزگاکانی بدات لەو ناوچانە و کارکردن بۆ تێکدانی باری سیاسی و ئابووری لە ناوچەکە، بە دانانی ئابلۆقەیەکی سیاسی و ئابووری توند لەسەری. سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لەو سەردەمە سەرپەرشتی کاروباری ناوچەکەی دەکرد، بڕیاری سازدانی هەڵبژاردنی دا، تا پەرلەمانێك دەستنیشان بکرێت، ئەویش حکوومەتێك دیاری بکات بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە. پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم وەك دوو دەزگای دەوڵەتیی هەموو کاروباری ناوخۆیی و پەیوەندیکردن بە دەرەوەی وڵات و داکۆکیکردن لە سنووری ئەو بەشە ئازادکراوەی کوردستانیان ئەنجام دەدا. پەسندکردنی سیستمی فیدراڵی لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ لەلایەن پەرلەمانی هەرێمەوە بۆ پاشەڕۆژی عێراق، بووە هۆی دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی (دێ فاکتۆ) لەو ناوچانە. ئەم بڕیارەی پەرلەمان دەبوو بڕیارێکی دی بەدوادا بدرێت، بە پەسندکردنی دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان، تێیدا دەسەڵاتی دەزگا سەرەکییەکان دیاری بکرێن و رێکبخرێن، هەروەها ماف و ئەرکەکانی هاوڵاتیان دەستنیشان بکرێن.

مانەوەی ئەو دەزگایانە بە بێ دەستوور بووە هۆی بەردەوامبوونی پارتە سیاسیەکان لە دەستێوەردانیان لە کاروباری ئەو دەزگایانە، کە پێشتر ڕاهاتبوون دەست بخەنە ناو کاری بچووك و گەورەی ئەو دەزگایانە. نەبوونی دەستوور کە تێیدا دەسەڵاتی دەزگاکان دیاری دەکرێن و رێکدەخرێن، بووە هۆی دەستێوەردانی بەشێك لە دەزگاکان لە کاروباری ئەوانی دی، چونکە سنووری دەسەڵاتەکانیان بە ڕوونی دیاری نەکرابوو. بۆ نموونە، پەرلەمانی هەرێم کە ئەرکی سەرەکی قانووندانانە، لەگەڵ چاودێریکردنی کارەکانی حکوومەت، دەستی دەخستە ناو کاروباری حکوومەتەوە، ئەوەش ناکۆکی لێ پەیدادەبوو. حیزبە دەسەڵاتدارەکان تا دەهات زیاتر دەستیان دەخستە ناو کاروباری ئەو دەزگایانەوە، جاروبار لەجیاتی پەرلەمان بڕیاریان دەدا، پاشتر بۆ شەرعیەتدان بە بڕیارەکانیان، کارەکەیان دەخستە بەردەم پەرلەمان و داوایان لێ دەکرد پەسندیان بکات!

ئەو دەستێوەردانە بەردەوامەی حیزبەکان لە کاروباری پەرلەماندا لە خولی دووەمدا ڕێگای بە کۆبوونەوەی پەرلەمان نەدا، کە بە پێچەوانەی قانوونی پەرلەمانی کوردستان و پەیڕەوی ناوخۆی ئەو پەرلەمانە بوو. حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم بەردەوام بوون لە دەستخستنە ناو کاروباری پەرلەمان و حکوومەت، کە بووە هۆی ئەوە بێ باوەڕیی لای خەڵك دروست بکات بەو دەزگایانە. یەکێ لە ئاکامە خراپەکانی ئەو دەستێوەردانانەی حیزبە دەسەلاتدارەکان، ئەگەری بەشداری نەکردنی خەڵك بوو لە دەنگدان و هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، ئەوەش ڕەنگدانەوەیەکی زۆر خراپی دەبوو لەسەر پاشەڕۆژیکوردستان.

دەستوور دەبووە هۆی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، ئەگەر هەموو لایەنەکان پەیڕەویان پێی بکردبا، هەروەها دانانی دەستوور لە کاتی خۆیدا دەبووە هۆی ڕوونەدانی، لانی کەم بەشێك لەو کارەساتانەی لە پاش ١٩٩٤ لە کوردستان ڕوویاندا. پەسندکردنی دەستوور دەبووە هۆی دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسیی پتەو کە دەوڵەتانی ناوچەکە و نەیارانی کورد لە عێراق نەیاندەتوانی دەست بخەنە ناو کاروباری وڵاتەکەمانەوە.

لە پاش پەسندکردنی سیستمی فیدڕاڵی بۆ پاشەڕۆژی عێراق، کۆمەڵێك لە قانووناسانی کوردستان داوای دانانی دەستووریان دەکرد، هەتا ئەگەر دەستوورێکی کاتیش بێت، لەبەرئەوەی دەستوور سەرچاوەی دەسەڵات و قانوونەکانە، لەوێدا شێوەی حوکمڕانی و ڕێکخستنی دەسەڵاتەکان دیاری دەکرێت، بەتایبەتی پەیوەندیی نێو پەرلەمان و حکوومەت و دەسەڵاتی دادوەری، لەگەڵ دیاریکردنی مافەکانی هاوڵاتیان.

لە حوزەیرانی ١٩٩٢ دا پڕۆژەی دەستوورێکم ئامادەکرد، پێش پەسندکردنی سیستمی فیدڕاڵی لەلایەن پەرلەمانەوە، چونکە فیدڕاڵی لەکاتی هەڵبژاردندا دروشمی سەرەکی بەشی هەرە زۆری هێزە سیاسیەکانی کوردستان بوو.

چاپکردنی پڕۆژەی ئەو دەستوورە کارێکی ئاسان نەبوو لەو سەردەمە، بۆیە بە دەستخەتی کاك محەمەد سەلیم خۆشنووس نووسرایەوە، پاشان بەهاوکاری خوای لێ

خۆشبێ دکتۆر فازیل قەفتان، بەڕێوەبەری دەزگای چاپی زانکۆی سەلاحەدین، بە ئۆفسێت چاپکرا. پڕۆژەکە لەلایەن دکتۆر فازیل قەفتان، کە پەرلەمانتار بوو لە خولی یەکەمدا، دابەشکرابوو بەسەر ئەندامانی ئەو خولەی پەرلەماندا، لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەك تایبەت بوو بە فیدراڵیزم بە زمانی عەرەبی پێشتر بلاّوم کردبووەوە. پڕۆژەی ئەو دەستووره دابەشکرا بەسەر لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و میدیا و کۆمەڵێك لە قانوونناسان، داوایان لێکرابوو ڕاو ۆچوونیان لەبارەی پڕۆژەکە دەربڕن. سەرنجی کۆمەڵێك لە قانوونناسان پڕۆژەکەی دەوڵەمەندتر کرد، پاش دەستکاریکردنی بەپێی ئەو ڕاو و سەرنجانە، پڕۆژەکەم خستە بەردەست "دەستەی قانوونی باڵا"، کە دەزگاییێکی فەرمی بوو، تازە پێکهاتبوو لە سێ قانووناس، خۆم یەکێکیان بووم. ئەو دەستە قانوونییە بە وردی لە پڕۆژەکەی کۆڵییەوە و هەندێ دەستکاری تێداکرد، پاشان پەسندی کرد و بە نووسراوێکی فەرمی پڕۆژەکەی نارد بۆ سەرۆکی حکوومەت و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی هەردوو پارتی سەرەکی لە کوردستان. چاوەڕوان دەکرا لیژنەی قانوونی لەناو پەرلەماندا لە پڕۆژەکە بکۆڵێتەوە، چونکە ٣٣ پەرلەمانتار لە هەردوو فراکسیۆنە سەرەکییەکەی پەرلەمان، داوایان کردبوو پەرلەمان لێی بکۆڵێتەوە پاشان پەسندی بکات، بەڵام داواکەیان تەماشا نەکرا، پڕۆژەکە بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵ بە بێ خاوەن مایەوە!

لەو پڕۆژەی دەستووره دەسەڵات و ئەرکەکانی دەزگا سەرەکییەکانی هەرێم، وەکو پەرلەمان و حکوومەت و سەرۆکی هەرێم، لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەریی دیاری کرابوون. هەروەها پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پەیرەوکرابوو، کە نابێ دەسەڵاتێك لە دەسەڵاتەکان دەست بخاتە ناو کاروباری دەسەڵاتێکی دیکەوە. ڕاستییەکی تاڵ هەیە دەبێ لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین، کە بووە هۆی پەسندنەکردنی پڕۆژەکە، باری سیاسی لە عێراق و ناوچەکە لەو سەردەمە زۆر ئاڵۆز بوو، هێزەکانی ڕژێم ئابلۆقەی سەربازی و ئابووریيان خستبووە سەر ناوچەی ئازادکراو و هەڕەشەی داگیرکردنەوەیان دەکرد. هەڵوێستی ئەمریکا و بریتانیا کە فڕۆکە جەنگییەکانیان پاسەوانییان لە ئاسمانی ناوچەکە دەکرد ڕوون و ئاشکرا نەبوو، پشتگیرییان لە دامەزراندنی قەوارەیێکی

سیاسی لە کوردستان نەدەکرد. وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی دەڤەرەکە بە بەردەوامی کۆدەبوونەوە و هەوڵی خنکاندنی ئەو کۆرپە ساوایەیان دەدا. ئەو هۆیانە و چەند هۆییێکی دی تایبەتبوون بە پەیوەندیی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان و نەبوونی بەرنامەیەکی یەکگرتوو بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوانیاندا، بوونە هۆی سەرنەکەوتنی ئەو پرۆسەیە. بەلاّم  ژمارەیەکی زۆر لە ڕووناکبیران لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بە بەردەوامی داوای پەلەکردنیان دەکرد لە دانانی دەستوور، بێ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنن.

ڕووخانی ڕژێمی بەعسی لە نیسانی ٢٠٠٣ و پەسندکردنی قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە، کە وەکو دەستوورێکی کاتی تەماشا دەکرا، وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی کوردستان و عێراق و ناوچەکە. سەبارەت بە کوردستان، بەندی ٥٣ ی ئەو قانوونە ددانی بە هەرێمی کوردستاندا نابوو لە سنووری ئیداری ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەلاّتی حکوومەتی هەرێم بوون لە ئاداری ٢٠٠٣ دا. بەندی ٥٤ ی هەمان قانوون دانی بە دەزگا سەرەکیەکانی هەرێمدا نابوو، وەك حکوومەت و پەرلەمان و دەسەلاّتی دادوەری. پەرلەمانی کوردستان وەکو دەسەلاّتێکی قانووندانەر مایەوە، دەیتوانی درێژە بە کارەکانی بدات تا ئەو دەمەی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ عێراق پەسند دەکرێت. پەرلەمان بەپێی ئەو قانوونە دەیتوانی قانوونی تازە لە هەرێمی کوردستان پەسند بکات، یان دەستکاریی قانوونەکانی پێشتر بکات، بە مەرجێك بگونجێن لەگەڵ بەندی ٢٥ و پەرەگرافی (د) لە بەندی ٤٣ ی قانوونی ناوبراودا. بە گوێرەی ئەو دوو بەندە، چەند دەسەلاّتێکی "سیادی" تایبەت بوون بە حکوومەتی ناوەند، پەرلەمانی هەرێم لە کاتی پەسندکردنی قانوونی تازەدا، دەبوو ڕێزیان لێ بگرێ. بە واتایەکی دی، پەرلەمانی کوردستان دەیتوانی هەموو جۆرە قانوونێك پەسندبکات، بە دەستووریشەوە، چونکە دەستوور قانوونە، بەلاّم قانوونێکی بالاّیە، بە مەرجێك ڕەچاوی ئەو دوو بەندە کرابێت.

خەڵکی کوردستان داوای دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقیان دەکرد لەسەر بنەماییێکی نوێ، چاکترین بنەما بۆ دامەزراندنەوەی ئەو دەوڵەتە ڕێککەوتنی

ئارەزوومەندانە بوو لە نێو پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق. ڕێککەوتن لە نێو دوو لایەن، یان زیاتر لە دووان پێکدێ، بە پێشنیازکردنی لایەنێك و پەسندکردنی لایەنی دووەم. داخوازیەکانی گەلی کوردستان دەبوو لە دۆکیمەنتێکی قانوونی لەلایەن دەزگایەکی شەرعی هەڵبژێرراوە ئامادەبکرێن، کە پەرلەمانی کوردستان بوو. پەرلەمانی تازەی کوردستان شەرعیەتی بەدەستهێنابوو لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوە، چونکە بەپێی قانوونێکی عێراقی لەلایەن دەزگاییێکی عێراقی - نێودەوڵەتییەوە هەڵبژێررابوو، دەوڵەتی عێراق و دەوڵەت و دەزگا نێودەوڵەتییەکان، وەکو نوێنەری شەرعی گەلی کوردستان تەماشایان دەکرد.

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە ددانی بە هەرێمی کوردستان و دەزگاکانی نابوو، بۆیە دەیتوانی ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێ بکەن، تا ئەو دەمەی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ عێراق پەسند دەکرا. هەرچەند بەپێی ئەو قانوونە، دەبوو پڕۆژەی دەستووری عێراق بۆ ناوەڕاستی مانگی ئابی ئەو ساڵە ئامادە بکرێت، بەلاَم کورد وتەنی" تاریکە شەو لە ئێوارەوە دیارە"، جیاوازی نێوان ئەو لایەنانەی بەشدارییان لە ئامادەکردنی پڕۆژەی ئەو دەستوورە دەکرد نەیان دەهێشت پڕۆسەکە لەو ماوە کورتەدا تەواوبکرێت. جگە لەوەش، بڕگەی (ج)ی بەندی (٦١)ی ئەو قانوونە لە بیرنەدەکرا، کە مافی ڤیتۆ بەکارهێنانی بە دانیشتوانی دوو لەسەر سێی سێ پارێزگای دراوسێ داوە، دەیانتوانی پڕۆژەی دەستووری عێراق ڕەتبکەنەوە، ئەگەر بە دڵیان نەبوایا. هەموو ئاگادارین کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان تا ئەو دەمە دوو جار دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دابوو، بۆیە لەو باوەڕەدام دەنگیان بۆ ئەو دەستوورە نەدەدا ئەگەر هەموو مافەکانی گەلی کوردستانی تێدا مسۆگەر نەکرابا. هەروها لە هەرێمی کوردستان دەزگای شەرعیی خاوەن دەسەلاَت هەبوو، کە پەرلەمانی کوردستان بوو، ئەو خەڵکانەی ئەو دەزگایەیان هەڵبژاردبوو قبووڵیان نەدەکرد دەستووری ئایندەی عێراق داواکارییەکانی کوردی تێدا نەبن. پەرلەمانی هەرێم نوێنەری شەرعیی خەڵکی کوردستان بوو، دەیتوانی داواکارییەکانی ئەو خەڵکە لە دەستوورێکی تایبەت بە هەرێم دابڕێژێ. ئەو

داواکارییانە دەخرانە بەردەم لایەنی بەرامبەر، کە نوێنەری بەشی عەرەبی عێراق بوو، ئەگەر قبووڵیان بکردبا، هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق دەمایەوە، بەڵام ئەگەر قبووڵی نەکردبا، جارێکی تر حکوومەتی ناوەند نەیدەتوانی هێزە چەکدارەکانی شار و دێهاتەکانی کوردستان داگیر بکاتەوە و لەشکرکێشی بکاتە سەر کوردستان.

لەم "شەڕە" دەستوورییەدا پەرلەمانی کوردستان نەدەبوو وەك تەماشاکەر بمێنێتەوە، یان چاوی لە بەغدا بێت چاوەڕوان بێت چیمان پێ دەبەخشێ، یان چی قبووڵ دەکات. بە پێچەوانەوە، پێویستبوو داواکارییەکانی گەلی کوردستان ئامادە بکات لە دەستوورێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان و بیخاتە بەرچاو "ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی"، بە هۆی گرووپی کوردستانی لەناو ئەو ئەنجومەنە و داوای چەسپاندنیان بکات لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا. دەستووری هەرێمی کوردستانی پەسندکراو لەلایەن پەرلەمانی کوردستان دەبووە داواکاریی گەلی کوردستان، چونکە ئەو پەرلەمانە نوێنەری شەرعیی خەڵکی کوردستان بوو. بەو چەشنە داواکاریەکانی گەلی کوردستان لە دەستووری هەمیشەیی عێراق دەچەسان، بەهاوکاری گرووپی کوردستانی لەناو ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی.

بۆچوونێکی تر هەبوو پێی باشتربوو پەسندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان دوابخرێت بۆ پاش پەسندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق، چونکە دەستووری هەرێم دەبوو گونجاو بێت لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراقدا. ئەم بۆچوونە پەیوەندی بە باری سیاسی عێراق و ناوچەکەوە هەبوو. بە بۆچوونی ئەوان، پەسندکردنی دەستوورێك بۆ هەرێم دەبووە هۆی گومان پەیداکردن لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکە و لایەنە سیاسیەکانی عێراقی، لەگەڵ ئاراستەکردنی "تۆمەتی" "جوداخوازی" دەرحەق بە گەلی کوردستان! بەبۆچوونی ئەوان، چاکتربوو پەلە نەکرێت و چاوەڕێی دەستووری عێراق بکەین تا بزانین لەوێ چ سیستمێك قبووڵ دەکرێت و لەو سیستمە چیمان پێ دەدەن! بەکورتی دەبوو چاومان لە بەغدا بێت تاکو لە دەستووری هەمیشەیی عێراق مافەکانی گەلی کوردستان بچەسپێن.

ڕاستییەك هەیە لێرەدا دەبێ ڕاشكاوانە بیخەینە بەرچاو، كە لایەنی كوردی، چ لە كۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە كۆنفرانسی لەندەن لە دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٢ بەسترابوو، چ لە ئەنجومەنی حوكمڕانی عێراق، مەسەلەی مافی چارەنووسی گەلی كوردستانیان بەلاوە نابوو، مافی پەسندكردنی دەستووری داهاتووی عێراقیان بە گشت گەلی عێراق دابوو، ئەوەش بە كردەوە نەدەگونجا لەگەڵ مافی گەلی كوردستان بۆ دیاریكردنی ئایندەی خۆی بە ئارەزووی خۆی. پەسندكردنی پڕۆژەی دەستووری هەمیشەیی عێراق لەلایەن تێكڕای گەلانی عێراقەوە، وەكو بڕیاری لەسەردرابوو لە قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە ماوەی گواستنەوەدا، بە پێچەوانەی پرنسیپی ڕێككەوتنی ئارەزوومەندانە بوو، كە لایەنی كوردستانی و بەشێك لە هێزە سیاسیەكانی عێراقی هەمیشە باسیان دەكرد و دەیانگوت دەوڵەتی عێراق دەبێ لەسەر ئەم بنەمایە دروستبكرێتەوە.

پەرلەمانی هەرێمی كوردستان بە هەموو پێوانەیەك، نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵكی كوردستان بوو. یەكێ لەو بابەتانەی پێویست بوو پەرلەمانی نوێی كوردستان لێی بكۆڵێتەوە و بڕیاری لەسەر بدات، مەسەلەی پەسندكردنی دەستوور بوو بۆ هەرێمی كوردستان، بێ چاوەڕوانكردنی دەستووری عێراق. ئەو دەزگا شەرعییە دەبوو بكەوێتە لێكۆڵینەوە لە پڕۆژەی ئەو دەستوورە كە لە مانگی دیسەمبەری ٢٠٠٣ ئامادەكرابوو، بە ئاگاداری و ڕەزامەندیی سەرۆكی حكوومەتی هەرێم و سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان. سەرچاوەی ئەو پڕۆژەیە، پڕۆژەكەی ساڵی ١٩٩٢ بوو، كە چەند جارێك لەلایەن قانووناسان و خودی پەرلەمانەوە لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ تەماشاكرابوو و وەكو "پڕۆژە" پەسندكرابوو. پڕۆژەی چاككراوی دەستووری هەرێم ئێستا لەبەردەستایە و چاوەڕێی بڕیاری پەرلەمانی تازە دەكات تا لێی بكۆڵێتەوە و بە دوا شێوەی پەسندی بكات. گەلی كوردستان دەتوانێ ئەو دەستوورە بكاتە بنەما بۆ داواكارییەكانی و گرووپی كوردستانی لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی لەگەڵ پەرلەمانی هەرێم پێكەوە وەك یەك تیم داكۆكی لێ بكەن و هەوڵی چەسپاندنی ناوەڕۆكەكەی بدەن لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا.

دەبێ ئاماژە بۆ چەند بنەمایەکی ئەو پڕۆژەیە بکەم، کە گرنگتریان چەسپاندنی مافی گەلی کوردستانە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە ئارەزووی خۆی. لە بەندی (سێ)ی ئەو پڕۆژەیەدا نووسراوە: "گەلی کوردستانی عێراق سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانە و هەر خۆی بڕیاری دواڕۆژی خۆی دەدا". لە بەندی یەکەمی هەمان پڕۆژەدا باس لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق کراوە لەسەر پرنسیپی ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە و دەڵێ: "هەرێمی کوردستانی عێراق هەرێمێکە لە هەرێمەکانی کۆماری عێراقی فیدڕاڵ، لەسەر بنەمای یەکگرتنی ئارەزوومەندانە دروست بووە". پڕۆژەکەی ساڵی ١٩٩٢ ڕاشکاوانەتر ئەم ڕاستییەی چەسپاندبوو، لە بەندی چواری ئەو پڕۆژەیە هاتووە: "گەلی کوردستان بە ویست و ئارەزووی خۆی لەگەڵ بەشە عەرەبیەکەی عێراق کۆمارێکی فیدڕاڵی پێکدێنن"، دەوڵەتی عێراق دەبێ لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە دروستبکرێتەوە.

ئەمە بوو بە کورتی چەند بنەمایەکی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، ئومێدەوارین لەم نزیکانە ڕەشنووسەکەی بخرێتە بەرچاو خەڵکی کوردستان تاکو هاوڵاتیان بەشداری بکەن لە دەوڵەمەندکردنی، پێش ئەوەی پەسندبکرێت و کاری پێ بکرێت و ببێتە بنەما بۆ داواکارییەکانی گەلەکەمان، کە هەموو پێکەوە داوای چەسپاندنی بکەن لە دەستووری ئایندەی عێراقدا.

# تێبینییەکانم لەبارەی ئەو پڕۆژە دەستوورەی لە ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ دابەشکرا بەسەر پەرلەمانتارانی خولی دووەمدا

پاش نزیکەی (٣) ساڵ لەسەر بلاّوکردنەوەی ئەو پڕۆژە دەستوورەی بۆ هەرێمی کوردستان لە ٢٢ی ئابی ٢٠٠٦ ئامادەکرابوو، لیژنەی پێداچوونەوە بەو پڕۆژەیە، پڕۆژەییێکی دیکەی لە ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ دا، بەسەر ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دابەشکرد. هەر لەو ڕۆژەدا، سەرۆکایەتی پەرلەمان پڕۆژە قانوونێکی بۆ هەموارکردنی قانوونی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٨، کە تایبەتە بە پەسندکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، خستە ئەجینداى٠ کارەکانی پەرلەمان و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا. پاش سەعاتێك ئەو پڕۆژە قانوونە لەلایەن پەرلەمانەوە گفتوگۆی لەسەرکرا و بە زۆرینەی دەنگ پەسندکرا !

سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاری دابوو ئەو پڕۆژە دەستوورەی لە ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ بلاّوکرایەوە، لەلایەن پەرلەمانەوە پەسند بکرێت، تا لە ڕۆژی ٢٥ی تەموزی ٢٠٠٩ بخرێتە ڕیفڕاندۆمەوە، لەکاتی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان. لێرە خوێندنەوەییێکی قانوونی بە پەلە بۆ ئەو پڕۆژەیە دەکەم، بە دەستنیشانکردنی ئەو دەستکارییانەی لەسەر پڕۆژەی دەستووری ٢٢ی ئابی ٢٠٠٦ کرابوون. بڕیارە پەرلەمانی کوردستان لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ دەنگ لەسەر ئەو پڕۆژەیە بدات، دەنگدان بە "ئا"، یان بە "نا" بێت، چونکە بە بۆچوونی ئەوان پەرلەمان مافی ئەوەی نییە دەستکاری لە پڕۆژەکەدا بکات!

تێبینیی یەکەمم لەسەر پڕۆژەی ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ ئەوەیە، وشەی (دیباجە) کراوە بە (پێشەکی) و تۆزێك کورتکراوەتەوە، بەلاّم وەك (دیباجەی) دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، نووسینێکی ئینشائییە، ئاماژەی تێدانەکراوە بۆ ئەو دۆکیمەنتە نێودەوڵەتییانەی ددانیان بە مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد ناوە، بە تایبەتی پەیماننامەی سێڤەری ساڵی ١٩٢٠. بۆ بەراوردکردنی (پێشەکی) پڕۆژەکەی حوزەیرانی

٢٠٠٩، لەگەڵ ئەوەی پێشتر بۆ لیژنەکەم ناردبوو، ئەو (پێشەکی)یەی خۆم لێرە بلاّودەکەمەوە، نەك ئەوەی ئەوان ئامادەیان کردبوو، کە زیاتر "ئینشائی" یە.

پێشەکی پرۆژەی دەستووری ئامادەکراو لە ساڵی ١٩٩٢:

"لەدێر زەمانەوە کورد لەو ناوچە جۆگرافیایە دەژیت کە بە کوردستان ناسراوە، بە هۆی زمان و مێژووی هاوبەشیان گیانی هۆشیاری بەوەی سەر بە یەك گەلن و تایبەتمەندیەتی خۆیان لا پەیدابووە. لە پەیماننامەی (سیڤەر)ی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٢٠، ماددەکانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ تەرخانکرابوون بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەپاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی. ئەو ماددانە ڕاشکاوانە باس لە مافی چارەنووسی کورد دەکەن، ئەوەش بەڵگەنامەیێکی نێودەوڵەتییە کە ددان بە بوونی کوردا دەنێ و دەڵێت دەتوانن ئایندەی خۆیان بە ئارەزووی خۆیان دەستنیشان بکەن. بەلاّم بەرژەوەندیی ستراتیجی و ئابووریی چەند دەوڵەتێکی زلهێز لەو سەردەمە، بە پێچەوانەی ماددەکانی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییە بوونە هۆی لکاندنی بەشێك لەخاکی کوردستان بە دەوڵەتی عێراق، کە لە ساڵی ١٩٢١ لە هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا دروستکرابوو. لکاندنی ئەم بەشەی کوردستان بە دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق بەپێی بریارێکی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بووە لە ساڵی ١٩٢٥ دا. لەو بڕیارەدا چەند مەرجێك دانرابوون مە پەیوەندییان بە مافی کوردەوە هەبوو، دەبوو دەوڵەتی عێراق جێبەجێیان بکات. بڕیاری (کۆمەڵەی نەتەوەکان) لە ساڵی ١٩٣٢ بە قبوولکردنی دەوڵەتی عێراق لەو دامەزراوە نێودەوڵەتییە جەختی لەسەر ئەو پابەندبوونەی دەوڵەتی عێراق کردووەتەوە و داوای لێکردووە جێبەجێیان بکات. هەردوو حکوومەتی عێراق و بریتانیا پێشتر لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشدا، لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ داوایان لە سەرکردەکانی کورد کردبوو، گەر پەیوەستبن بە دەوڵەتی عێراقەوە، دەتوانن حکوومەتێکی تایبەت بە خۆیان پێکبێنن و ئامادەیی خۆیان پیشاندابوو گفتوگۆ لەگەڵ نوماینەدەکانیان بکەن سەبارەت بە جۆری ئەو حکوومەتە و سنووری جۆگرافیای دەسەلاّتەکانی و پەیوەندیی سیاسی و ئابووریی ئەو حکوومەتە کوردییەوە بە هەردوو دەوڵەتی عێراق و بریتانیاوە، کە لەو

سەردەمە عێراق لەژێر ماندێتی ئەو بووە. ئەو هەموو پابەندییە نێودەوڵەتییانەی لە ئەستۆی دەوڵەتی عێراق بوون، لە دامەزراندنیەوە تا وەرگرتنی لە کۆمەڵەی نەتەوەکان، بنەمایەکی قانوونی و مێژووییین بۆ ڕەوایی داواکردنی گەلی کوردستان، بە پەسندکردنی سیستمێکی فیدڕالی، تا بەو هۆیەوە بەهرەمەند بێت لە مافە نەتەوەییە تایبەتییەکانی. بەلاَم حکوومەتە یەك لەپاش یەکەکانی عێراق ئەو ئەرکەیان جێبەجێ نەکردووە. ڕێککەوتنامەی ۱۱ی ئاداری ۱۹۷۰ ددانی بە ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستان نابوو، بەلاَم حکوومەتی عێراق پابەند نەبووە بەو ڕێککەوتنامە، ماوەیەك پاش مۆرکردنی، دەستی کردووە بە بەرپاکردنی سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانە، بە مەبەستی کۆچپێکردنی کورد لە بەشێك لە خاکی باوو باپیرانیان. ڕژێمی بەعسی پاشتر سیاسەتی قڕخستنی لە دژ سڤیلە بێ چەکەکان بەکارهێناوە، کە بووەتە هۆی کاولکردنی بەشی هەرە زۆری گوندەکانی کوردستان و گواستنەوەی دەیان هەزار کەس بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان. هەر ئەو ڕژێمە کۆچی بە نزیکەی چوار سەد هەزار کوردی فەیلی کردووە بۆ خاکی ئێران. هەمان ڕژێم تاوانی ئەنفالی بەدناوی ئەنجامداوە، کە تێیدا زیاتر لە سەد و هەشتا هەزار مرۆڤی سڤیل بوون بە قوربانی، بەشی زۆریان زیندە بەچاڵ کراون. هەمان ئەو ڕژێمە چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە و چەندین جێگای دیکەی کوردستان بەکارهێناوە. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە نیسانی ۱۹۹۲ دا بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی پەسندکردووە، کە زیاتر تایبەت بووە بۆ پاراستنی گەلی کوردستان لە کردارە نامرۆڤییەکانی حکوومەتی عێراق، کە نەبووەتە هۆی ڕاگرتنی ئەو کردارانەی ڕژێم، چونکە تادەهات سیاسەتی کوشتن و گۆڕینی باری دیمۆگرافی لەو ناوچانەی کوردستان کە لە ژێردەسەلاَتیدا مابوونەوە چڕتری دەکرد. ئەم بڕیارە لەگەڵ هەموو ئەو سەرەتا و پەیماننامە نێودەوڵەتییانە ڕێك دەکەوێ، کە ددان بە مافی گەلاندا دەنێن بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بە خواستی خۆیان.

گەلی کوردستان مافی خۆیەتی گەر شێوازی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی بە گوێرەی دەستوورێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان دیاری بکات، چونکە یەکێك لە بنەما

سەرەکییەکانی سیستمی فیدراڵی ئەوەیە، هەموو هەرێمێك بەهرەمەند بێت لەوەی دەزگای تایبەتمەند و دەسەڵاتی دەستووری و قانوونیی خۆی هەبێت.

بۆ رێکخستنی تایبەتمەندیەکانی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەو دەزگاکانی، ئەم دەستووره پەسندکراوە".

ماددەی دووەمی پرۆژەکە تەرخانکراوە بۆ دیاریکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان. لە برگەی یەکەمی ئەو ماددەدا سنووری جۆگرافیای هەرێم دیاری کراوە، بەڵام لە برگەی دووەمدا باس لە سنووری سیاسیی هەرێم کراوە بە پشتبەستن "بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق". ئەم دوو برگەیە بەپێچەوانەی یەکترن، برگەی دووەم تەقییدی برگەی یەکەم دەکات. وەك پرەنسیپێکی قانوونی کە دەڵێ: (الخاص يقيد العام). ماددەی ١٤٠ بۆ نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەبکردن دارێژراوە، بەپێی ئەو میکانیزمەی لەو ماددەدا دیاری کراوە، کە تا ئێستاش نازانین چۆن و کەی و بە چ شێوازێك جێبەجێ دەکرێت. ئەم برگەیە دەبێتە هۆی کێشە و دروستکردنی فشاری سیاسی بۆ سەر دەسەڵاتی کوردی لە لایەن حکوومەتی عێراق و لایەنە سیاسیەکانی عێراقی و دەوڵەتانی ناوچەکە و دەوڵەتە زلهێزەکان، ئەوەش لە بەرژەوەندیی دوارۆژی ئەو ناوچانە نییە، کە ماددەی ١٤٠ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان دارێژراوە. ئەو برگەیە پێویستە، وەك پێشتر چەندین جار داوامانکردووە لابرێت و لەناو پرۆژەکەدا نەمێنێ.

یەکەم، ماددەی (٦) لە پرۆژەی دەستووری ئامادەکراو لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٩ برگەیێکی تازەیە، لە پرۆژەی ئابی ٢٠٠٦ دا نەبوو. بەپێی ئەو برگەیە، هیچ قانوونێك دانانرێت ئەگەر ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆرەکانی ئیسلام، ئەم برگەیە لەسەر داوای حیزبە سیاسییە ئیسلامیەکان خراوەتە سەر پرۆژەکە. دەستکاریەکی دیکە لە ماددەی (٨)ی پرۆژەی ئابی ٢٠٠٦ دا کراوە، ئەو ماددەیە، کە باس لە بەکارهێنانی مافی چارەنووس دەکات، لەگەڵ دیاریکردنی چەند حاڵەتێکی تایبەتدا. لە ماددەی (٧)ی پرۆژەی ٢٠٠٩ دا ئەو حاڵەتانە ئاماژەیان بۆ نەکراوە، ئەوەش چوارچێوەی بەکارهێنانی ئەو مافە رەوایەی کورد کەم دەکاتەوە. لە ماددەی

(٥١) دا ناوی سکرتێری پەرلەمان کراوە بە "سکرتێری گشتی"، هۆکاری ئەو دەستکارییە ڕوون نییە. لە ماددەی (٦٤) دا ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە چوار ساڵ دیاری کراوە، بەڵام دەشێ بۆ ویلایەتێکی دووەم هەڵبژێررێتەوە. ڕستەیێکی تازە خراوەتە سەر ئەو ماددەیە لە پڕۆژەی ٢٠٠٩ دا، بەوەی لە ڕۆژی کارپێکردن بە دەستووری پەسندکراوەوە، کاری پێدەکرێت، بۆیە سەرۆکی ئێستای هەرێم دەتوانێ بۆ دوو جاری تر خۆی کاندید بکاتەوە، چونکە ویلایەتی ئێستای بۆ حیساب نەکراوە. لە پڕۆژەی ئابی ٢٠٠٦ دا ئەو ماددەیە بە موتڵەقی بۆ دوو جار دیاری کرابوو.

جیاوازییێکی دیکە لەنێوان پڕۆژەی دەستووری ٢٠٠٦ و ئەوەی ساڵی ٢٠٠٩ ئەوەیە، بەپێی پڕۆژەی ٢٠٠٦ سەرۆکی دادگای دەستووری سەرۆکی (ئەنجومەنی دادوەری) بوو، بەڵام بەپێی ماددەی (٩٨)ی پڕۆژەی ساڵی ٢٠٠٩ سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە (تەمییز) دەبێتە سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە. لە دەستووری عێراقدا سەرۆکی دادگای باڵا سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی دادوەری دەکات. ئەگەر ئەم ئەرکە بە سەرۆکی دادگای دەستووری نەدرێت، ئەرکەکانی کەم دەبنەوە، چاکترە لەم حاڵەتەدا ئەندامانی ئەو دادگایە کەمبکرێتەوە لە (٧) ئەندامەوە بۆ (٥) ئەندام، بە سەرۆکەوە.

جێگای داخە پەرلەمانی کوردستان ناتوانێ بەشداری لە چاککردنی ئەو کەموکوریانە بکات کە ئاماژەمان بۆ بەشێکیان کردووە. کەسانێك دەڵێن هەموو دەستوورەکانی دونیا بەو شێوەیە پەسندکراون، پەرلەمان بەشداری لە تاوتوێکردنی هیچ پڕۆژە دەستوورێکی نەکردووە. ئەو بەڕێزانە ئاگاداری ئەوەنین کە دەستووری عێراقی ساڵی ١٩٢٥ لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسندکراوە، پاش گفتوگۆیەکی چڕوپڕ، کە ماوەیەکی زۆری بردووە، تێیدا بەشێکی زۆر لە ماددەکانی پڕۆژە ئەسڵیەکە دەستکاری کراون، یان لابراون. هۆکاری پەلەکردن لە پەسندکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان سیاسییە، نەك قانوونی، چونکە ١٧ ساڵە هەرێمی کوردستان بێ دەستوورە، لەو ماوە درێژەدا بە بەردەوامی داوای پەلەکردنمان لە پەسندکردنی دەستوور کردووە. لە تەمووزی ساڵی ١٩٩٢ دا پڕۆژەیەکم ئامادەکرد،

بەهاوکاریی بەشێکی زۆر لە قانووناسانی کوردستان، پاشتر ئەو پڕۆژەیە خرایە بەردەم پەرلەمان و حکوومەتی ئەو دەمەی کوردستان، بەڵام پەرلەمان تەماشای نەکرد لەبەر هۆکاری سیاسی. بەشێك لەوانەی ئەمڕۆکە داوای پەلەکردن لە پەسندکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێم دەکەن، ئەو دەمە دەیانگوت پێویستمان بە دەستوور نییە، یان دەیانگوت دەبێ چاوەڕێی دەستووری عێراق بکەین. لە مانگی تەمووزی ٢٠٠٥ دا، (٥٩) پەرلەمانتار لە هەموو گرووپەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان داواییێکمان خستە بەردەم سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە مەبەستی تاوتوێکردنی ئەو پڕۆژە دەستوورەی پێشتر ئامادەکرابوو، بەڵام داواکەمان نەخرایە بەردەم پەرلەمان تا دەستووری عێراق پەسندکرا.

هەولێر، ٢٣/ ٦/ ٢٠٠٩

# پەیوەندیی دەستووری لەنێوان کورد و عەرەب لە عێراق

کێشەی کورد لە عێراق، کێشەی کورد و عەرەب نەبووە، بەڵکو کێشەی نێوان ڕژێمە جۆراوجۆرەکانی عێراق لە لایەك، کورد و هێزە نیشتمانیەکانی دیکە بووە. گەلی کورد بەردەوام لەلایەن ڕژێمەکانی پێشووی عێراق زوڵمی لێ کراوە، کار گەیشتووەتە ڕادەی قڕکردن لە لایەن ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرەی ئێستای بەعس، ئەوەش حاڵەتی بێ بڕوایی و گۆشەگیری لای کورد دروست کردووە، کە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێ و ئاسەواری ئەو کارە ناڕەوایانەی دژی کراون لە دەروونی کەسایەتی کورد دەمێنێتەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە، پێویستە هەوڵی زۆر بدرێت، پردی گفتوگۆ و دایەلۆگی ڕاشکاوانە لە نێوان کورد و عەرەب دروست بکرێت. دروستکردنی بە چەند مەرجێك دەبێت، هەر قسە نەبێت، قسەی والا و ڕاست بن.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، پێویستە چەند خاڵێکی هاوبەش لەیەك تێگەیشتنی ڕاستەقینە بۆ نزیککردنەوەی هەردوو گەلی کورد و عەرەب جێگیر بکرێن. ئەم تەوەرە گرنگییەکی تایبەتی دەبێ، ئەگەر بنەما سەرەتاکانی لەناو ڕۆشنبیرانی کورد و عەرەب سەرهەڵبدات، ئەوان لەسەر چەند سەرەتایەکی هاوبەش ڕێکبکەون و گەلاڵەی کاری داهاتوو ئامادە بکەن. لەو بڕوایەدام دۆزینەوە، یان دەستنیشانکردنی دیدێکی قووڵی بە بناغە لەبارەی سازدانی تێگەیشتنی ڕاستەقینەی نێوان ئەو دوو گەلە زۆر پێویستە، نەبوونیان بوونەتە هۆی ونکردنی بڕوا و دڵنیایی. بە پێچەوانەوە سازکردنی دەبێتە هۆی دامەزراندنەوەی حاڵەتی تێگەیشتن و متمانەیی لە نێوان کورد و عەرەب، بە مەرجێك ئەم خاڵانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێن:

یەکەم: لە ئێستاوە داهاتووی دەستووریی عێراق لەپاش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری دەستنیشان بکرێت و بنەماکانی لەسەر بناغەی دیموکراسیەت و فیدراڵیەت و فرەحیزبی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ جێگیر بکرێن. پێویستە هەموو پەیماننامە و

ڕێککەوتنامە جیهانییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بکرێنە بەشێکی گرنگی گەلاڵەی ئەو دەستوورە چاوەڕوانکراوەی عێراق.

لەوانەیە هەندێ کەس پێی وابێ ڕێکخستنەوەی کیانی دەوڵەتی عێراق لەسەر ئەم بناغەیە و ددانان بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستانی عێراق دەبێتە هۆی جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق، بەلاّم ئایا ئینکارکردنی ئەو مافە دەبێتە هۆی مانەوەی کورد لە چوارچێوەی ئەو کیانە؟ یان ددانپیانان و دامەزراندنەوەی ئەو دەزگا دەستووریانەی زەمانەتی ژیانی هاوبەش، بە ویستی ئەو دوو گەلە دەکەن و دەبنە هۆی مانەوەی کیانی عێراق و بەردەوامبوونی؟

گەلی کوردستان مافی چارەی خۆنووسینی بەکارهێناوە، پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکەی لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ دا بە دەنگی تێکرای پەرلەمانتاران بڕیاری مانەوەی کوردستانی داوە لە چوارچێوەی عێراق، بە مەرجێك سیستمە سیاسیەکەی لەسەر بنەمای فیدڕاڵیەت و دیموکراتیەت و فرە حیزبی دامەزرابێت. هەڵبەتە ئەوانەی ڕەدی مافی فیدڕاڵیەت بۆ گەلی کوردستان دەکەن باسی ئەوە دەکەن دەبێ گەلانی عێراق دەنگ بۆ شێوەی سیستمی عێراقی پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس بدەن. لە ڕاستیدا بەو کارەیان مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستان ئینکار دەکەن، ئەو مافە هەر بەو ئەندازەیە دەبینین و بەو شێوەیە قبوڵی دەکەن، کە خەڵکانێکی غەیری گەلی کورد مافی بڕیاردانی چارەی گەلی کوردستانیان هەبێت. ئەم سووربوونەیان بە پێچەوانەی سەرەتاکانی مافی چارەی خۆنووسینە! ئەو مافەی زۆربەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، چ لە کۆنگرەی (ڤیینا)، چ لە کۆنگرەی (صلاح الدین) لە ساڵی ١٩٩٢ دا بۆ گەلی کورد ئیقراریان کردووە. کورد داوای جیابوونەوە لە کیانی عێراقی نەکردووە، لەوەتەی دەوڵەتی عێراق هەیە هیچ لایەنێکی سیاسی لە کوردستان داوای ئەو مافەی نەکردووە، بەلاّم پێمان وایە سووربوونی هەندێ لایەنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە ئینکارکردنی ئەو مافە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاکامێکی پێچەوانەی ئەو هەڵوێستەیان. ئەو خالاّنەی لەسەرەوە باسی هەندێکیانم کردووە، لەگەڵ داواکاریەکانی گەلی کوردستان و پڕنسیپی پێکەوە

کارکردن ناگونجێن. لەو باوەڕەدام هەر هێزێکی سیاسی لە کوردستان لەو خاڵانە کەمتر داوابکات جەماوەری خۆی لەدەست دەدات. ئەو لایەنە سیاسییانەی عێراقی هاوپەیوەندیی مێژوویی لە نێوان کورد و عەرەب و کەمە نەتەوەکانی تری عێراق لەوەدا دەبینن، کە کیانی دەوڵەتی عێراق بمێنێتەوە، تەماشای پایەکانی دیکەی ئەو دەوڵەتە ناکەن کە پێویستە بە ویستی گشت خەڵکی ئەو دەوڵەتە دامەزرێت، نەك لەسەر ئەو زوڵم و زۆر و دەسەڵاتەی لە ئارادایە. دوورکەوتنەوە لەو خاڵانەی سەرەوە دەبنە هۆی دابەشبوونی دەوڵەتی عێراق، پێم وایە ئامادەبوانی ئەم کۆڕە، کە نوێنەرانی ڕای گشتی خەڵکی عێراقی تێدایە، لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم ویست و ئارەزووانە کۆبوونەتەوە، دەتوانن لەسەر کۆمەڵە خاڵێك ڕێکبکەون، گرنگیەکەیان ئەمانەن:

خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری و بڕیاری دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی دیموکراتی، فیدڕاڵی، فرە حیزبی، کە مافەکانی مرۆڤـی عێراقی تێیدا پارێزراوبێت. پێویستە لە ئێستاوە لە هەوڵدان بین بۆ دانانی گەلاڵەی دەستوورێك بۆ عێراقی داهاتوو، کە ڕاشکاوانەو بەڕوونی ڕەچاوی ئەو خاڵەی سەرەوەی تێدا بکرێت.

بۆ ئەوەی خەڵکانی عێراق لە کەساسی و تەنگانە ڕزگار بکرێن، دەبێ کار بکرێت بۆ سەپاندنی جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (٩٨٦) بەسەر ڕژێمی ئێستای عێراقدا، لەگەڵ هەوڵدان بۆ لابردنی گەمارۆی ئابووریی نێودەوڵەتی لەسەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان.

لەبارەی ئەو بڕیارە نێودەوڵەتییانەی بەسەر ڕژێمی بەغدا دا سەپێندراون، دەبێ لە ئێستاوە کار بۆ لابردنیان لەسەر عێراقی داهاتوو بکرێت.

بەرامبەر بە تاوانی جینۆساید کە هێزەکانی ڕژێم لە کوردستان و خوارووی عێراق ئەنجامیان داون، دەبێ کاربکرێت بۆ دۆزینەوەی شێوازێك بۆ بەکارهێنانی ماددەکانی ڕێککەوتنامەی ١٩٤٨ ی پاریس، بۆ سازکردنی دادگایەکی نێودەولەتی بۆ دادگاییکردنی بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی ڕژێم.

هەڵبەتە لەبارەی مەسەلەی قڕکردنی گشتیی کورد، کە ئەنفالە، دەتوانین سوود لەو دۆکیومەنت و مەلەفە نهێنیانە وەربگیرێ لە کاتی ڕاپەڕینی ١٩٩١ دا کەوتە دەست پێشمەرگە، کە زیاتر لە بیست تۆن دەبن و لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ درایە کتێبخانەی کۆنگریسی ئەمریکی و سازمانی (Middle east watch)، بە چاودێری شارەزایانی کورد، خەریکی ڕێکخستن و بە کۆمپیوتەرکردنی زانیاریەکانی بوون، هەموو جۆرەکانی زیاتر لە پێنج ملیۆن دۆکیومەنتی نهێنی و گرنگ دەبن.

# زینده بەچاڵکردنی دوو پڕۆژە دەستووری ئامادەکراو بۆ هەرێمی کوردستان!

لە مانگی ئەیلوولی ١٩٩١، دەزگاکانی حکوومەتی بەعس لە "ناوچەی حوکمی زاتی" کشانەوە، حوکمی ئەو ناوچانە کەوتە ژێر دەسەلاّتی "بەرەی کوردستانی" کە دەسەلاّتی قانووندانانی لەو ناوچەیە بەخۆی دابوو، جگە لە دەسەلاّتی ڕاپەڕاندن. ئەو بڕیارەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی  بە پێچەوانەی پڕەنسیپە سەرەکییەکانی قانوونی دەستووری بوون، کە دەسەلاّتی حوکمڕانیکردن و قانووندان نابێت پێکەوە بەدەست هەمان لایەنەوە بێت.  ئەو سیستمە لە سەردەمی حوکمی بەعس کاری پێ دەکرا، "ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش/ مجلس قیادة الثورة" دەسەلاّتی حوکمڕانیکردن و قانووندانانی بەخۆی دابوو. ئەو بارودۆخەی لە کوردستان هەبوو دەبوو لەڕووی قانوونییەوە چارەسەر بکرێت. پێشنیازێکم خستە بەرچاو چەند بەرپرسێك، بەوەی قانوونی حوکمی زاتی کاری پێ بکرێت تا قانوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە پەسند دەکرێت. ئەو پێشنیازە بۆ ئەو دەمەی کوردستان گونجاوبوو. "ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن/ حکوومەتی هەرێم" لەلایەن ئەوەوە سەرۆك و ئەندامەکانی دیاری بکرێن لە کەسانی تێکنۆکرات و ڕابوردووپاك. قبووڵکردنی ئەو پێشنیازە دەبووە هۆی ئەوە کاروباری وڵات بەپێی قانوون بەڕێوەبچێت و ڕادەیەك بۆ دەستێوەردانی حیزبەکان لە کاروباری حکوومەتیدا دابنرێت. ئەو حیزبانە تازە لە شاخەوە هاتبوونە ناو شارەکان، ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەلاّتی ئەواندا بوون بە عەقڵییەتی شاخەوە بەڕێوەیان دەبردن. ئەم پێشنیازەم بۆ یەکێ لە سەرکردەکانی ئەو دوو حیزبە دەسەلاّتدارەی کوردستان ڕوونکردەوە، ئەویش پێی باش بوو،  لەکاتی بەستنی کۆنگرەی حیزبەکەیان، پێشنیازەکەی خستبووە بەرچاو، بەلاّم پەسند نەکرابوو. حوکمڕانیکردنی کوردستان لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە بووە هۆی ئەوە، لەپاش هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکوومەت ئەو حیزبانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەردەوام بن لەدەست خستنە ناو کاروباری حکوومەتەوە. لەو هەلومەرجە نائاساییەدا پڕۆژەی دەستوورێکم

بۆ هەرێمی کوردستان ئامادەکرد، بەئومێدی ئەوەی پەسند بکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە و ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو دیاردە نامۆییە، چونکە بنبڕکردنی کارێکی مەحاڵ بوو.

دەستوور شێوەی بەڕێوەبردنی کاروباری حکوومەتی و ئەرکی پەرلەمان و حکوومەت و دەسەڵاتی دادوەری دیاری دەکات، لەگەڵ ماف و ئەرکەکانی هاوڵاتیان. پڕۆژەکە لە مانگی حوزەیرانی ١٩٩٢ ئامادەم کرد، پێش ڕاگەیاندنی سیستمی فیدڕاڵی، چونکە فیدڕاڵی دروشمی بەشی زۆری ئەو لایەنە سیاسیانە بوو کە بەشدارییان لە هەڵبژاردنی ئایاری ١٩٩٢ دەکرد. پەرلەمانی هەڵبژێرراو لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ سیستمی فیدڕاڵی ڕاگەیاند، ئەو پڕۆژەی دەستوورە لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین چاپکرا و دابەشکرا بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە قانووننناسانی کوردستان، تا ڕاو سەرنجی خۆیان دەربڕن و دەوڵەمەندتری بکەن. لەمانگی تەممووزی ١٩٩٢ بە بڕیاری پەرلەمان دەستەیەکی قانوونی دروستکرا، ئەندامەکانی خوالێخۆشبوو کاك ڕەشید عەبدولقادر و بەندە و دکتۆر عەبدولرەحمان ڕەحیم بووین، ئەرکی سەرەکی ئەو دەستە قانوونییە ئامادەکردنی پڕۆژەی قانوون بوو بۆ پەرلەمان، لەگەڵ پێشکەشکردنی ڕاوێژکاری قانوونی بۆ حکوومەت و پەرلەمان. ئەو پڕۆژەیە بە شێوە چاککراوەکەی خستمە بەردەم ئەو دەستە قانوونییە، ئەویش بە هاوکاریی چەند قانووننناسێکی دی جارێکی تر پێیداچووەوە، پاشان بە نووسراوێکی فەرمی ناردی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم و سەرۆکی هەردوو حیزبی سەرەکی. لەبەر ئەو بارودۆخە سیاسییەی کوردستان پێیدا تێدەپەڕی، پڕۆژەکە نەخرایە بەردەم پەرلەمان و تەماشا نەکرا، هەرچەندە ٣٣ پەرلەمانتار لەهەردوو فراکسیۆنە سەرەکییەکەی، داوایان لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردبوو پڕۆژەکە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، تا پاشان پەسند بکرێت. خەڵکێکی زۆر لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان داوای پەسندکردنی دەستووریان دەکرد، بەڵام شەڕی ناوخۆ کە لە ساڵی ١٩٩٤ تا ١٩٩٨ درێژەی کێشا بووە هۆی ئەوە پڕۆژەی دەستووری ساڵی ١٩٩٢ لەبیر بکرێت. بەو جۆرە یەکەمین پڕۆژەی دەستوور کە لەسەر بنەمای فیدڕاڵی بۆ هەرێمی کوردستان

پێشنیازکرابوو، زیندەبەچاڵ **کرا.** بەڵام لەسەر ئاستی دەرەوەی کوردستان پڕۆژەکە کاری لەسەردەکرا. بۆ نموونە لە کۆنفرانسێکی زانستی نێودەوڵەتی، کە لە زانکۆی (پرنستن)ی ئەمریکی لە ئەیلوولی ٢٠٠٤ دا بەسترابوو، بابەتێکم دەربارەی ئەو پرۆژەیە پێشکەشکرد و گفتوگۆی لەسەرکرا. چەندین پسپۆڕی ئەمریکی پێشنیازی چاکیان پێشکەشکرد بۆ دەوڵەمەندکردنی پرژەکە، بەڵام بەشی زۆری ئەو عێراقیانەی سەر بە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بوون نارەحەتبوون لە پێشکەشکردنی بابەتەکە. لە بریتانیا پرۆژەکە کرایە ئینگلیزی و دابەشکرا بەسەر چەند ناوەند و زانکۆییێکدا، چەند بابەتێك لەسەر پرۆژەکە لەسەر سایتەکان بڵاوکرانەوە.

لە نیسانی ٢٠٠٢ دا، سەردانی کوردستانم کرد بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە ئەنفال. پێش بەستنی کۆنفرانسەکە، دیداری جەنابی کاك مەسعود بارزانیم کرد، لەو دیدارەدا ئاگاداری کردم دوو پرۆژە دەستووریان بۆ عێراق و کوردستان ئامادەکردووە، کۆپییێك لەو پرۆژە دەستوورەی بۆ هەرێمی کوردستان ئامادەکرابوو پێیدام، گوتی لەسەر بنەمای پرۆژەکەی ساڵی ١٩٩٢ داڕێژراوە، داوای لێکردم هەر تێبینیەکم لەسەر پرۆژەکە هەبێت بە نووسراو بۆی بنێرم. لەو ماوەی لە کوردستان بووم تێبینیەکانم بە نووسراوی بۆ نارد، لەگەڵ نامەیەکدا تێیدا ئامادەیی خۆم پیشاندابوو بۆ هاوکاریکردنی ئەو لیژنەی پرۆژەکەی ئامادەکردووە. لەمانگی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٢ دا ئەو دوو پرۆژەیە بڵاوکرانەوە، خۆم بە پرۆژە دەستووری عێراق مەشغووڵ نەکرد، بەڵام ئەوەی بۆ کوردستان ئامادەکرابوو کەموکورِ تێدابوو. لەبەر ئەوەی هەردوو پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی داڕێژرابوون، تێبینیەکانم لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە هەفتەنامەی (الاتحاد)، لەناوەڕاستی ئەیلوولی ٢٠٠٢ بڵاوکرایەوە. ئەو پرۆژەیە لە پەرلەمان دەنگی لەسەر نەدرا وەك دەستوور، هەتا وەك دەستوورێکی کاتی، هەر بە "پرۆژەیی" مایەوە، ئەوەش لەڕووی قانوونییەوە کارێکی سەیربوو، چونکە هەر پرۆژەیەك بخرێتە بەردەم پەرلەمان دەبێت بڕیاری لەسەربدرێت وەك قانوون، یان بڕیار، بۆیە ئەو پرۆژەیە هیچ سیفەتێکی قانوونی وەرنەگرت. لەو ماوەی لە هەولێر بووم پەیامنێری

گۆڤاری (گولان) چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کردم، پرسیاری پڕۆژەی دەستووری ساڵی ۹۲ی لێ کردم، لەوەڵامدا وتم "پەرلەمانی کوردستان سیستمی فیدراڵی پەسندکردووە، دەبوو ماوەیەکی کەم پاش ئەو بڕیارە دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان پەسند بکات، چونکە ناتوانین ئەو دەسەڵاتانەی لە هەرێمی کوردستان هەن بە شێوەیەکی قانوونی بەڕێوەیانبەرین ئەگەر دەستوور نەبێت، دەستوور وەك دەگوترێ باوکی قانوونەکانە، هەموو قانوونێك دەبێت بەپێی دەستوور بێت"، (**گولان**، ژمارەی ۳۷۸، ۱۸ی نیسانی ۲۰۰۲). لە پاش بڵاوکردنەوەی ئەو چاوپێکەوتنە، پرسیار لە سکرتێری پەرلەمان کرابوو، کە سەرۆکی لیژنەی دەستووری بوو، لەبارەی بۆچوونەکانم، ئایا پێویستە هەرێمی کوردستان دەستووری هەبێت؟ وەڵامی ئەوەبوو "پێویست بە دەستوور نییە، چونکە چەندین قانوونی دەستووریمان هەیە"!

لە مانگی دیسەمبەری ۲۰۰۳، پڕۆژەیێکی سێیەم ئامادەکرا، کە لەڕاستیدا هەمان پڕۆژەی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ۲۰۰۲ بوو، بەڵام چاککرابوو. ئەو پڕۆژە تازەیە بە هاوکاریی لیژنەی قانوونی پەرلەمانی کوردستان و بەندە و کاك فورسەت ئەحمەد ئامادەکرا، بەداخەوە ئەویش پاشان وەك پڕۆژەی ساڵی ۱۹۹۲ زیندە بەچاڵ کرا! پاساوی زیندەبەچاڵ کردنی زۆر سەیربوو، کورد دەڵێت "عوزر لە قەباحەت خەراپتربوو"! بە بۆچوونی بەشێك لەوانەی ئامادەیان کردبوو، ئەو پڕۆژەیە لەلایەن پەرلەمانەوە وەك "پڕۆژە" پەسندکراوە و لە کۆیە کۆنفرانسێك بەستراوە، بە بەشداریکردنی زیاتر لە ۲۰ حیزبی کوردستانی و دەنگیان بۆداوە وەك "پڕۆژە". بەڵام لەڕووی قانوونییەوە ئەو پڕۆژەیە سیفەتێکی قانوونی وەرنەگرتبوو، وەك هەموو پڕۆژەیەکی تر کە بڕیاری لەسەرنەدرابێت تەماشا دەکرا. ئەگەر پەرلەمانی کوردستان نیازی پەسندکردنی ئەو پڕۆژەی هەبوایا، دەبوو دەنگی لەسەربدات، لانی کەم وەك دەستوورێکی کاتی. پڕۆسەکە لەڕووی قانوونییەوە هەڵەبوو. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر سیفەتی قانوونی بەو "پڕۆژەیە" درابێت بۆچی ئەو کەسانەی بەشدارییان لە ئامادەکردنی کردبوو بەشدارییان لە پێداچوونەوەی کرد لەو لیژنەی لە هاوینی ۲۰۰۳ دا دامەزرابوو بۆ دەستکاریکردنی؟ قانووناس ئەگەر بەگومان بێت

لەکارێك، یان لەشێوەی کارکردنی لیژنەیەك، پێویستە بێ دەنگ نەبێت. هەموو ئەندامانی لیژنەی قانوونی پەرلەمان کە سەرۆکەکەی خوالێخۆشبوو کاك سەعید یەعقووبی بوو، لەگەڵ ئەندامانی دیکەی لیژنەکە، بەتایبەتی کاکە ڕەش نەقشبەندی و کاك نیعمەت محەمەد و چەندین ئەندامی تر چالاکانە بەشدارییان لە کارەکانی ئەو لیژنەیە دەکرد، تەنیا کاك فورسەت ئەحمەد نەبێت، کە بەبیانووی جیاواز هەوڵی دەدا کارەکانی لیژنەکە سەرنەگرێت.

لەکۆتایی مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٥ دا، پێش ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستووری عێراق، (٥٩) پەرلەمانتار لەهەموو گرووپەکان داوایان کرد پڕۆژەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٣ بەو شێوەی ئامادەمان کردبوو بکرێتە بنەما بۆ داڕشتنی پڕۆژەیەکی نوێ بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان. ئەو داواکاریە نەخرایە بەردەم پەرلەمان تا دەستووری عێراق پەسندکرا. کاتێك خرایە بەردەم پەرلەمان، دەستەی سەرۆکایەتی پێشنیازی کرد پڕۆژەکەی ساڵی ٢٠٠٢، واتا پڕۆژە کۆنەکە بکرێتە بنەمای کارەکانی ئەو لیژنەی بڕیاری دامەزراندنی درابوو. بۆ مێژوو پێویستە هەندێ ڕووداو هەن بخرێنە بەرچاو لەبارەی چۆنیەتی ئامادەکردنی پڕۆژەی دیسەمبەری ٢٠٠٣.

لە مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٣، لەپاش گەڕانەوەم بۆ کوردستان یاداشتنامەیەکم پێشکەش بە سەرکردایەتیی سیاسی کوردی کرد، تێیدا ٣ خاڵی گرنگم خستبووە بەرچاویان، (١) یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە (٢) دامەزراندنی لیژنەیەکی تایبەت بۆچارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوك (٣) چاوگێڕانەوە بە پڕۆژەی دەستووری نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ بۆئەوەی بگونجێت لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە عێراق ڕوویاندابوو بە هۆی ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە، تا سەقفی داواکارییەکانی کورد زیاتر بکەین، کە لەپڕۆژە دەستووری نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ بەوجۆرە نەبوو، چونکە لەسەردەمی حوکمی بەعس ئامادەکرابوو، هەروەها کەموکورتی تێدابوو. پێشنیازکرابوو ئەو پڕۆژەیە پاش چاککردنی پەسند بکرێت، پێش پەسندکردنی دەستووری عێراق، بۆ ئەوەی داواکارییەکانی گەلی کورستان بە ڕوونی لە دەستووری کوردستاندا دابڕێژرێن. سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەوە هاوکاری کردین، هەموو ئەندامانی لیژنەی

قانوونی پەرلەمان لە خولی یەکەمی و کاك فورسەت ئەحمەد و بەندە بانگکراین بۆ کۆبوونەوەیەك لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران. لەو کۆبوونەوەدا ئامادەبووان هەموو هاوڕابووین لەسەر دەستکاریکردنی پڕۆژەی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٢، تا بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی تازەی عێراق. هەروەها بڕیاردرا ڕۆژی پاشتر لە پەرلەمان لیژنەکە کۆببێتەوە. لە ڕۆژی دیاریکراودا، بە ئامادەبوونی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی لیژنەکە کۆبوونەوە سازکرا، لەماوەی چەند سەعاتێکدا بە تێکڕای دەنگی ئامادەبووان بڕیاری دەستکاریکردنی چەند ماددەیەك درا. بۆ نموونە، مافی دیاریکردنی پاشەڕۆژی گەلی کوردستان بە ڕوونی لە پڕۆژەکەدا چەسپێندرا، هەروەها ناوی (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی) کرا بە "پەرلەمانی کوردستان"، لەگەڵ دەستکاریکردنی چەند ماددەیەکی دیکە. کاك فرسەت ئەحمەد لە سەرەتای کۆبوونەوەکەماندا ئامادە نەبوو، پاش هاتنی ئەو دەستکارییانەی بڕیاریان لەسەردرابوو بۆمان ڕوونکردەوە. لەوە دەچوو نارەحەت بێت لەو دەستکارییانە، داوای لێ کردم بە نووسین دیڕاسەیەك بەو دەستکارییانەی پێشنیازیان دەکەم، ئامادە بکەم. پرسیارم لێی کرد بۆچی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ئەو داواکارییەی نەخستە بەرچاو، ئێستا هەمووومان پێکەوە خەریکین، ماددە بە ماددە بە پڕۆژەکەدا دەچینەوە، ئەو ماددەی پێویست بە دەستکاریکردن بکات، لەپاش بیروڕا گۆڕینەوە، بە تێکڕای دەنگی ئامادەبووان، دەستکاری دەکرێت. ئامادەکردنی ئەو دیڕاسەیە کاتی دەوێ و دەبێتە هۆی دواکەوتنمان لە تەواوکردنی ئەو ئەرکەی پێمان سپێررابوو، بەلاّم ئەو هەر سوور بوو لەسەر داواکارییەکەی. بۆ نەهێشتنی بیانگەکەی، ناچاربووم لە ماوەی دوو هەفتەدا ئەو دیڕاسە ئامادە بکەم و بەچاپکراوی بۆ لیژنەکەم نارد، لەگەڵ نامەیەکدا تێیدا پێشنیازم کردبوو پاش هەفتەیەکی تر لیژنەکە کۆبێتەوە. لە ڕۆژی دیاریکراودا چوومەوە بۆ پەرلەمان، ئەم جارە کاك فورسەت بیانوێکی تری هەبوو، گوتی ناتوانین لەسەر کارەکانمان بەردەوام بین، چونکە ڕەزامەندی سەرۆکی پەرلەمان وەرنەگیراوە! جارێکی دی پێم گوتەوە بۆ لەو کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کرابوو ئەو ئیعترازەی نەخستە ڕوو؟ پەرلەمان لەو کاتەدا

لەپشوودا بوو، د. ڕۆژ شاوەیس سەرۆكی پەرلەمان و د. كەمال فوئاد جێگرەكەی، هەردووكیان لە دەرەوەی وڵات بوون. ٣٥ ڕۆژ چاوەڕێی گەڕانەوەی یەكێ لەو دوو بەرپرسەی پەرلەمانمان كرد، پێم گوتن ئایا دەبێت كاروباری دامەزراوەیەكی وەك پەرلەمان، لەبەر سەفەری سەرۆكەكەی و جێگرەكەی هەمووی ڕاوەستێ؟ لە پاش گەڕانەوەی دكتۆر ڕۆژ، ئاگاداركرام دەیەوێ چاوی پێم بكەوێت، زۆر خۆشحاڵ بوو بەو كارەی دەستمان پێكردبوو، داوای لێ كردم بەردەوام بین لەسەری تا تەواوی دەكەین. هەرچەندە ئەو ماوە زۆرەمان لەدەست چووبوو، بەڵام لە ماوەیێكی كەمدا ئەو بەشەی لە پڕۆژەكە تەماشا نەكرابوو، پێیدا چووینەوە و كارەكانمان تەواوكرد. لە مانگی دیسەمبەری ٢٠٠٣ بە چاپكراوی پڕۆژەكەم دایە لیژنەی قانوونی و سەرۆكایەتیی پەرلەمان و چەند لایەنێكی دیكەی پەیوەندیدار. ئەو پڕۆژەیە لە كۆتایی حوزەیرانی ٢٠٠٥ دا، ٥٩ پەرلەمانتار داوایان لە سەرۆكایەتیی پەرلەمان كرد گفتوگۆی لەسەربكرێت، بە ئومێدی پەسندكردنی، بەڵام پێش پەسندكردنی دەستووری عێراق. هۆی پەلەكردنمان لە پەسندكردنی دەستوور بۆ هەرێمی كوردستان پێش پەسندكردنی دەستووری عێراق ئەوەبوو، كە دەستووری كوردستان بكرێتە بنەما بۆ داواكاریەكانمان و هەوڵبدرێت لە دەستووری عێراقدا بیانچەسپێنین. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو كارە لەكاتی خۆیدا ئەنجام نەدرا، لە پاش پەسندكردنی دەستووری عێراق بەسترāینەوە بەو مادده (حەصری)یانەی لەو دەستوورەدا هاتبوون، چونكە ناكرێت ماددەیەك لە دەستووری هەرێم بە پێچەوانەی ئەو مادده (حەصری) یانە بێت.

پڕۆژەی ساڵی ١٩٩٢ و پڕۆژەی دیسەمبەری ٢٠٠٣ هەردووكیان لەبەر هۆكاری جیاواز زیندەبەچاڵ كران، "هۆكاری" زیندەبەچاڵ كردنی پڕۆژەی دووەم زاتی بوو، پەیوەندی بە بارودۆخی كوردستانەوە نەبوو. هەموو ئەو كارانەی پەیوەندییان بە چۆنیەتی ئامادەكردنی ئەو چەند پڕۆژەیەوە هەبوو، لەگەڵ دەقەكانیان لە نامیلكەیەكدا لەلایەن دەزگای (ڕەنج) لەساڵی ٢٠٠٥ بڵاو كرایەوە. ئەو نامیلكەیەم دابەشكرد بەسەر هەموو ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان لە خولی دووەمی، ئەوەش

بووە هۆی ئەو داواکارییەی ئەو ٥٩ پەرلەمانتارە، کە پێشکەشیان بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردبوو.

لە هەردوو پرۆژە دەستووری ١٩٩٢ و دیسەمبەری ٢٠٠٣ دا ڕەچاوی ئەو ڕاستییە کراوە لە سیستمی فیدرالیدا هەندێك دەسەلات تایبەتن بە حکوومەتی ناوەند، لەپاڵ چەند دەسەلاتێکی دیکەی تایبەت بە هەرێمەکان. لە پرۆژەی دەستووری نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ دا چەند ماددەیەك بوونە مایەی کێشە دروستکردن بۆ کورد. بۆ نموونە لە پرۆژەی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ دا کەرکوك کرابووە پایتەختی هەرێمی کوردستان، کە ناحەزانی کوردی هار کردبوو. بڕواناکەم لە کوردستان کەسێك هەبێت لەمن زیاتر پێی خۆشتربێت کەرکوك بکرێتە پایتەختی هەرێم، بەلام لە پرۆژەکەی دەستووری ساڵی ٩٢ پێشنیازکرابوو هەولێر پایتەخت بێت، چونکە تا کەرکوك نەخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ناکرێت بە پایتەخت، مەگەر لەسەر کاغەز! ناحەزانی کورد پرۆپاگەندەیێکی زۆریان بلاوکردەوە لەبارەی ئەو پێشنیازە، هەموویان لە دژی کورد بوون، کوردیش لەو پێشنیازە هیچ ئیستفادەیەکی نەکرد.

ئەو لیژنەی خەریکی پێداچوونەوە بوو بەو پرۆژە دەستوورەی لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٦ دا بلاوکرایەوە، لەماوەی دوو ساڵدا یەك جاریش کۆنەبووەوە بۆ تەماشاکردنی ئەو پێشنیازانەی چەندین ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنی و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بۆیان ناردبوو. لەو باوەڕەدام چاکترە ئەو لیژنەیە ڕێگا چۆڵ بکات بۆ لیژنەیەکی تر، تا بە وردی تەماشای هەموو ئەو پێشنیازانە بکات، لەگەڵ ئەو پێشنیازانەی لایەنێکی بیانی ئامادەی کردووە بۆ چاککردنی پرۆژەکە. بەم شێوەیە دەتوانین پرۆژەیەکی گونجاوتر بۆ ئەمرۆ و پاشەڕۆژی کوردستان ئامادە بکەین، پێش ئەوەی دەنگدانی لەسەر بدرێت لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە. دەستوور هەر بۆ ئەمڕۆی کوردستان نانووسرێت، بەڵکو بۆ نەوەکانی پاش ئێمەیە. هەندێ خاڵی سەرەکی هەن ئەگەر نەتوانین بەو شێوەی دەمانەوێت دایانبڕێژین، وەك دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان، چاکترە باس نەکرێن، چونکە دەستنیشانکردنیان لە دەستووری کوردستان وەك دانپێدانانی یەکجارەکی بەو سنوورە تەماشا دەکرێت، ئەگەری ئەوەش هەیە لەم

بارودۆخەی ئێستای عێراق نەتوانین هەموو ئەو ناوچانەی بە بەشێك لەخاكی كوردستانی دەزانین، بیانخەینە سەر سنووری هەرێم. لەم حاڵەتەدا نەوەی پاش ئێمە پابەند دەبن بەو سنوورەی لە دەستووری كوردستان دیاریكراوە، كە ئەگەری ئەوە هەیە سنووری ڕاستەقینەی كوردستان نەبێت. یەكێ لەو هەڵانەی لە پڕۆژەی ئەیلوولی ٢٠٠٦ دا كراوە ئەوەیە ماددەی ١٤٠ای كراوەتە بنەما بۆ دیاریكردنی سنووری هەرێمی كوردستان، لە كاتێكدا ئەو ماددەیە بۆ نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی بەعەرەبكردن لە كوردستان دارێژراوە بەپێی ئەو میكانیزمەی لەو ماددەدا دیاریكراوە. ئاماژەكردن بۆ ئەو ماددەیە بۆ ئەو مەبەستە دەبێتە هۆی بچووككردنەوەی، لەكاتێكدا ڕێژەیەكی زۆر لە دەنگدەرانی كوردستان لەبەر ئەو ماددەیە دەنگیان بۆ دەستووری عێراق داوە. چاكترە لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان سنووری كوردستان بەچەند دەستەواژەیەكی گشتی دیاری بكرێت، بۆ نموونە بنووسرێت: "سنووری هەرێمی كوردستان ئەو ناوچانە دەگرێتەوە لە ڕووی مێژوویی و جۆگرافیاوە بەشێكن لە خاكی كوردستان". دەوڵەت هەیە ٦٠ ساڵ زیاترە هەیە بەڵام تا ئێستا سنووری سیاسی بۆ خۆی دیاری نەكردووە، وەك ئیسرائیل. فەرەنسا لە سییەكانی سەدەی ڕابوردوودا هەردوو لیوای ئەسكەندروونە و ئەنتاكیای دا بە توركیا، بەڵام سوریا ئێستاش ئەو دوو لیوایە بە بەشێك لە خاكی خۆی دەزانێت و دەستكاریی سنووری وڵاتەكەی لەسەر نەخشەی فەرمی نەكردووە.

سەبارەت بە مافی ئەو نەتەوانەی لە كوردستان دەژین، چاكترە لەگەڵ نوێنەرانی ئەو نەتەوانانەدا دانیشتن بكرێت بۆ بیروڕاگۆڕینەوە و ئاگاداربوون لە داواكارییەكانیان. ناوچەی كەركوك لە پڕۆژەكەدا پێویستە بە بەشێك لە هەرێمی كوردستان پێناسە بكرێت، بەڵام لە چوارچێوەی حوكمێكی ئۆتۆنۆمی فراواندا. لە دانیشتنێكدا لەگەڵ سەفیری ئەمریكا بۆكاروباری (باكووری) عێراق و ماددەی ١٤٠، سەفیر، (تۆماس كراجێسكی) لە كۆتایی مانگی ئابی ٢٠٠٨ سەردانی كوردستانی كرد، لەسەر داوای ئەو، لەگەڵ خۆی و تیمەكەی پێكەوە دانیشتین بۆ تاوتوێكردنی بارودۆخی ناوچەی كەركوك، **ڕاشكاوانە** پێمڕاگەیاندن كورد لەوەی كەمتر قبووڵ نییە

كە ناوچەی کەرکوك ببێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، بەڵام وەك ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم و دەسەڵاتێکی فراوانی پێ بدرێت.

ئەمانە چەند بۆچوونێکن دەیانخەمە بەرچاو ئەو لیژنە قانوونییەی پێشنیازی دامەزراندنی دەکەم، کە دەتوانێت زیاتر لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات. گوێ شل نەکردن بۆ ڕاو بۆچوونی کەسانی پەیوەندیدار، بە تایبەتی لە بواری داڕشتنی پڕۆژەی دەستوور کارێکی باش نییە و ئەنجامەکەی خراپ دەبێت بۆ ئەمڕۆی کوردستان و دواڕۆژی. پاشەڕۆژی ناوچەی کەرکوك لەبەرچاومانە بە چ قۆناغێکی مەترسیدار گەیشتووە، ئەو هەڵانەی بوونەتە دروستبوونی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان.

---

(هاوڵاتی)، ژمارەی (٤٦١)ی یەکشەممەی ٢٨ی ئەیلوولی ٢٠٠٨

# فەرمان ڕەشاد لەگەڵ د. نووری تاڵەبانی، لەبارەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان

پ١/ هۆکاری پەلەکردن لە پەسندکردنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان چییە؟ بۆچی لە ساڵی ١٩٩٢ەوە هەوڵی دانانی دەستوورتان داوە؟

و: پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ سیستمی فیدراڵی بۆ ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق پەسندکرد. ئەو بڕیارەی پەرلەمان بووە هۆی دامەزراندنی قەوارەیەکی دێ فاکتۆ لەو ناوچەی بە "ناوچەی حوکمی زاتی" ناودەبرا. دەسەڵاتی کوردی بەرپرس بوو لەبەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی و پەیوەندیکردن بە دەرەوە و داکۆکیکردن لە سنووری ئەو ناوچەیە، بەو شێوەیە دەسەڵاتەکانی دەوڵەتیی لەو ناوچەیە پیادە دەکرا. ئەم بڕیارەی پەرلەمان دەبوو بڕیارێکی دیکەی بەدوادابێت، کە پەسندکردنی دەستوور بوو بۆ هەرێمی کوردستان، تێیدا دەسەڵاتەکانی دامەزراوە و دەزگاکانی هەرێم دیاری بکرێن، لەگەڵ ماف و ئەرکەکانی هاوڵاتیان. لەو دەمەوە بە بەردەوامی داوای دانانی دەستوورمان بۆ هەرێمی کوردستان کردووە هەتا ئەگەر لەشێوەی دەستوورێکی کاتیش بێت، چونکە دەستوور سەرچاوەی هەموو قانوونەکانە و لەوێدا شێوەی حوکمڕانی و چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و ڕێکخستنیان دیاری دەکرێت.

لە مانگی تەمووزی ١٩٩٢، پێش پەسندکردنی سیستمی فیدراڵی لەلایەن پەرلەمانەوە، پڕۆژەی دەستوورێکم بە زمانی عەرەبی بۆ هەرێمی کوردستان ئامادەکرد، چونکە لەپاش ڕاپەڕین فیدراڵی بووە دروشمی بەشی هەرە زۆری لایەنە سیاسیەکانی کوردستان. پڕۆژەك لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین چاپکرا و دابەشکرا بەسەر ئەندامانی پەرلەمان و هەموو لایەنە سیاسیەکان و میدیا و کۆمەڵێك لە قانووناسانی کوردستان، تا ڕا و سەرنجی خۆیان دەربڕن. تێبینی بەشێك

له قانووناسان بووه هۆی دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە، دواتر بەدوا شێوەی خرایە بەردەم دەزگاییێکی قانوونی فەرمی کە خۆم ئەندام بووم تێیدا بەناوی (دەستەی قانوونی باڵا). لەپاش پێداچوونەوەییێکی ورد، پرۆژەکە بەنووسراوێکی فەرمی لەلایەن ئەو دەستەوە نێردرا بۆ سەرۆکایەتیی حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان و هەردوو حیزبی سەرەکی، بە ئومێدی پەسندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە. باری سیاسی لەو دەمە ئاڵۆز بوو، هێزەکانی ڕژێم ئابلۆقەی سەربازی و ئابووریيان لەسەر ناوچەکە دانابوو و هەڕەشەی داگیرکردنەوەیان دەکرد، ئەمریکا و بریتانیا کە فڕۆکە جەنگیەکانیان لە تورکیاوە چاودێری ئاسمانی ناوچەکەیان دەکرد لەترسی دەستدرێژیکردنی ڕژێم، پشتگیرییان لە دامەزراندنی کیانێکی سیاسی کوردی نەدەکرد. وەزیرانی دەرەوەی تورکیا و ئێران و سوریا کۆدەبوونەوە بە مەبەستی پلاندانان بۆ خنکاندنی ئەو کۆرپە ساوایە. ئەو هۆیە دەرەکییانە، لەگەڵ چەند هۆیەکی ناوەکی کە پەیوەندییان بە ناکۆکی نێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە هەبوو، بوونە هۆی دواخستنی پەسندکردنی ئەو پرۆژە دەستوورە، بە تایبەتی پاش دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٤ تا ١٩٩٨. بەڵام لەو ماوەدا کۆمەڵێکی زۆر لە ڕووناکبیرانی کوردستان لە دەرەوە و ناوەوە داوای دانانی دەستووریان دەکرد، بەڵام دەسەڵاتداران لە کوردستان گوێیان لێ نەدەگرتن. لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ دا پەرلەمانی کوردستان پرۆژە دەستوورێکی پەسندکرد کە وەك (پرۆژە) مایەوە، ماددە سەرەکیەکانی لە پرۆژەی ساڵی ١٩٩٢ وەرگیرابوون، بەڵام دەستکاری بەشێکیان کرابوو. بۆ نموونە لە پرۆژە نوێیەکەدا پێشنیازکرابوو سەرۆکی هەرێم بەو شێوەیە هەڵبژێردرێ کە سەرۆکی کۆماری عێراق لە دەستووری ئایندەی عێراقدا هەڵدەبژێردرێ، بەڵام لە پرۆژەی ساڵی ١٩٩٢ دا پێشنیازکرابوو سەرۆکی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەڵبژێردرێ. جیاوازییێکی دیکە لە نێوان ئەو دوو پرۆژەیە ئەوەبوو، لە پرۆژەی ٢٠٠٢ دا شاری کەرکوك کرابووە پایتەختی هەرێمی کوردستان، بەڵام لە پرۆژەی ساڵی ١٩٩٢ دا هەولێر کرابووە پایتەختی هەرێم. کەسانێکی زۆر لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە بە بەردەوامی داوای پەسندکردنی دەستووریان

کردووە، بەڵام دەسەڵاتی کوردی گوێی لێ نەگرتوون. ئەگەر لە ساڵی ١٩٩٢دا دەستوورێك لەلایەن پەرلەمانەوە پەسندبکرابا، باری سیاسی و قانوونی لە کوردستان بەرەو سەقامگیری دەچوو، بوونی دەستوور تا ڕادەیەك ڕێگای لە هەڵگیرسانی دەگرت، چونکە دەستوور شێوازی حوکمڕانی وڵات دیاری دەکرد، ئەوەش دەبووە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حیزبەکان کە نەتوانن بە زەقی بنەماکانی ئەو دەستوورە پێشێل بکەن.

پ٢/ دەگوترێت بەشێکی زۆر لە ماددەکانی ئەو پڕۆژە دەستوورەی لە تەموزی ٢٠٠٩ پەرلەمانی کوردستان پەسندی کردووەن بەپێی میزاجی چەند کەسێك داڕێژراون، ئەوەش هۆکاری سەرەکی دەست لەکارکێشانەوەتان بوو لە لیژنەی دەستوور، ئێوە لەو بارەوە چی دەڵێن؟

و: هۆکاری سەرەکی دەست لەکارکێشانەوەم لەو لیژنەیە لە سەرەتای تەمووزی ٢٠٠٨، هەوڵدانی سەرۆکی ئەو لیژنەیە بوو بە سەپاندنی ڕاو بۆچوونەکانی بەسەر لیژنەکەدا، ئەوەش بە من قبووڵ نەدەکرا. لێرە وەك نموونە چەند حاڵەتێك دەخەمە بەرچاو. لە حوزەیرانی ٢٠٠٦ دا لیژنەکە ئەرکەکانی خۆی تەواوکرد بە ئامادەکردنی پڕۆژەکە، هەرچەندە چەند تێبینییەکم لەسەر ناوەڕۆکی هەبوو و بەنووسراو ئاگاداری سەرۆکی لیژنەکەم کرد، بەڵام وتی تازە ناتوانین دەستکاریی لە پڕۆژەکەدا بکەن، چونکە دواشێوەی وەرگرتووە، داوای لێکردم لە عەرەبییەوە وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی. لە کاتی پشووی هاوینی پەرلەمان ئەو ساڵەدا لە لەندەن خەریکی وەرگێڕانی پڕۆژەکە بووم، لەکۆتایی مانگی ئابی ٢٠٠٦ دا ئەو ئەرکە قورسەم تەواوکرد و بەچاپکراوی پڕۆژەکەم دایە دەستی سەرۆکی لیژنەکە، بەڵام سەیر لەوەدابوو داوای لێکردم ئەو دەستکارییانەی لە پڕۆژەکەدا کردوویانە ئەوانیش وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی. ئاگاداری ئەو دەستکارییانە نەبووم، دەرکەوت لە کۆوبونەوەیەکی بەناو "نائاسایی"دا، یەك هەفتە پێش تەواوبوونی پشووی هاوینی پەرلەمان ئەنجامدرابوو، دەستکاریی ٢٢ ماددە و بڕگە کرابوو! یەکێ لەو دەستکارییە تازانە لە ماددەی ١٤٠ کرابوو بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان. بە توندی ڕەخنەم لەو کارەی

لیژنەکە گرت، لەوە دەچوو ڕەخنەگر هەر من بم! پاش بڵاوکردنەوەی پڕۆژەکە لە ئەیلوولی ٢٠٠٦ دا نزیکەی دوو ساڵ لیژنەکە کۆنەبووەوە بۆ تەماشاکردنی ئەو هەموو تێبینی و پێشنیازانەی بۆ لیژنەکە نێردرابوون. لە سەرەتای دەستپێکردنی پشووی هاوینی ٢٠٠٨ سەرۆکی لیژنەکە کۆبوونەوەی بە لیژنەکە کرد و دەستکاریی چەندین ماددەی دیکە کرابوو، بەڵام بەشداریم لەو کۆبوونەوانە نەکرد، چونکە بۆم دەرکەوت هەمان سیناریۆی مانگی ئابی ٢٠٠٦ دووبارە دەبێتەوە، بۆیە بڕیاری دەست لە کارکێشانەوەم دا و بە فەرمی داواکەشم پێشکەش بەسەرۆکی پەرلەمان کرد.

پ٣/ ئێستا باس لەوە دەکرێت ئەو پڕۆژە دەستوورەی لە تەموزی ٢٠٠٩ دا لەلایەن پەرلەمانەوە پەسندکراوە پەرلەمان جارێکی تر تەماشای بکاتەوە، چۆن لەوە دەڕوانن؟

و: بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، (١٠) پەرلەمانتار دەتوانن داوای هەموارکردنی قانوون بکەن. جگەلەوەش پەرلەمان ویلایەتی گشتی هەیە دەتوانێ دەستکاری هەموو قانوونێك بکات، قانوونی پەسندکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێم قانوونێکە وەك قانوونەکانی دیکەیە، بۆیە پەرلەمان دەتوانێ داوای پێداچوونەوە بەو پڕۆژەیە بکات پێش ئەوەی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە، دەنگی لەسەر پڕۆژەکە بدرێت. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت ئەو پڕۆژەیە لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ وەك "پڕۆژە" لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکرابوو، لە ناوەڕاستی ٢٠٠٥ دا لەسەر داوای ژمارەی قانوونی پەرلەمانتاران، ئەو پەرلەمانە لیژنەیەکی تازەی دروستکرد بۆ پێداچوونەوە بە پڕۆژەکەی ساڵی ٢٠٠٢. ئەو لیژنە تازەیە خودی ئەو لیژنەیەیە بوو کە پڕۆژەی دەستووری تەمووزی ٢٠٠٩ی ئامادە کردبوو. ئەگەر ١٠ پەرلەمانتار داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی تازە بکەن بۆ پێداچوونەوە بە پڕۆژەی ٢٠٠٩ و پەرلەمانیش دەنگی لەسەر بدات، ئەو دەستکارییانە لەسەر پڕۆژەکە دەکرێن. چاکترە لیژنەییەکی تازە لە دەرەوەی پەرلەمان دروستبکرێت بۆ پێداچوونەوە بە پڕۆژەی تەموزی ٢٠٠٩، پێش ئەوەی بخرێتەوە بەردەم پەرلەمان بۆ تاوتوێکردن و پەسندکردنی، دوا هەنگاو دەبێ پەسندکردنی بێت لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە. ڕەنگبێ کەسانێك بڵێن ئەو

پرۆسەیە دەبێتە هۆی دواخستنی پەسندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێم. بەڵام کێ بوون داوای دواخستنی پەسندکردنی پرۆژەی دەستووریان بۆ هەرێم دەکرد، تا بکەوێتە پاش پەسندکردنی دەستووری عێراق؟ هەر ئەوان نەبوون دوو ساڵ کۆبوونەوەیان بە لیژنەی دەستووری نەکرد، کە بووە هۆی دواکەوتنی پەسندکردنی دەستوور بۆ تەمووزی ٢٠٠٩؟

پ٤/ لە یەکێك لە ماددەکانی پرۆژەکە ئایینی ئیسلام هاوتەریب کراوە لەگەڵ دیموکراسییەتدا، پێت وانییە ڕازی کردنی هەردوو سەرچاوە لەیەك کاتدا لە هەندێك حاڵەتدا زەحمەتە؟

و: ئەو دەقە دەستووریە لە دەستووری عێراقەوە وەرگیراوە. ئەو ماددە دەستووریە بە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی دەستووری عێراق دەدرێتە قەڵەم، بۆیە ناکرێت لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا ماددەیێکی دەستووری هەبێت نەگونجاوبێت لەگەڵ ئەو بنەما سەرەکییانەی لە دەستووری عێراقدا هاتوون.

پ٥/ لەمەڕ ئەو ڕێژەیەی کە ٣٠٪ بۆ ئافرەتان دیاری کراوە، چەند لەخزمەتی دیموکراسی و پرسی ئافرەتانە؟ هەروەها ئەو (کۆتا)یانەی بۆ نەتەوەکانی تر دانراون بۆ پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەگەڵ ئەو ڕێژەی ٢٠٪ ەی کورسیەکانی بەغدا کە کورد داوای دەکات، چەند لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکان دەگونجێت؟

و: دیاریکردنی کۆتا یان ڕێژەیێکی دیاریکراو لە دەستوور، یان لە قانوونی هەڵبژاردن لەسەر هەر بنەمایەك بێت نەگونجاوە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسییەت، بەڵام ئەو بارودۆخە سیاسییە تایبەتییەی لە عێراقدا پەیدابووە لە ئاکامی ئەو زوڵمە زۆرەی لە ئافرەتان و لە نەتەوە ناسەرەکییەکانی دیکەی عێراق کراون دەخوازێ، بۆ چەند ساڵێك ڕێژەیەك بۆ ژنان و کۆتایەك بۆ ئەو نەتەوانە دیاری بکرێت، تا بتوانن نوێنەرانی خۆیان بنێرن بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنەکانی دیکە، ئەگینا لەم

بارودۆخەی عێراق ئێستا پێیدا تێدەپەڕێ ناتوانن نوێنەرانی خۆیان بنێرنە ناو ئەو دامەزراوانە بۆ ئەوەی داکۆکی لە مافە ڕەواکانیان بکەن.

پ٦/ لەمەڕ کاری پەرلەمان پێویستە ئەمجارە چی بکرێت کە پێشتر نەکراوە لە دەرکردنی یاسا و چاودێری کارەکانی حکوومەت و لێپێچینەوە، بەتایبەتی ئەمجارە ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا هەیە؟

و: میدیا زۆر جار باس لەوە دەکات لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا دەنگی ناڕەزایی نەبووە، لەڕاستیدا دەنگی ناڕەزایی هەبووە بەڵام لاواز و کەم بووە، چونکە بەشێوەی گشتی پەرلەمان لەژێر ڕکێفی هەردوو حیزبی سەرەکیدا بوو. بەشێك لە ئەندامانی ئەو دوو حیزبە سەرەکییە لەگەڵ چەند ئەندامێکی حیزبە بچووکەکانی ناو پەرلەمان ڕەخنەیان دەگرت. جاروبار بە بەشێکیانم دەگوت ئەوەی لەدانیشتنی تایبەتدا دەیڵێن چاکترە لەناو هۆڵی پەرلەمان بەدەنگی بەرز بیڵێن! بێگومان خولی سێیەمی پەرلەمان جیاوازە، چونکە بە فەرمی دوو فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا هەیە، ئەوەش دەبێتە هۆی چاودێریکردنی کارەکانی حکوومەت بەشێوەیێکی جددیتر و باشتر بەشداری لە داڕشتنی قانوونەکان بکەن. بەشێك لەو پڕۆژە قانوونانەی دەخرانە دەنگدانەوە جاروبار من بەتەنیا، یان لەگەڵ یەك دوو پەرلەمانتاری دیکەدا دەنگمان بۆ نەدەدا، چونکە کاریگەری هیچ لایەنێکمان لەسەر نەبوو.

# خوێندنەوەیەکی قانوونی لە ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق

لە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ٢٤ی ئابی ٢٠٠٥دا بەسترا بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق، چەند کاتژمێرێك پێش کۆبوونەوەکە ئەو ڕەشنووسەمان بە دەست گەیشت، چەند تێبینییێکم لەبارەی ئەو ڕەشنووسە خستە بەرچاو، بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاو بۆچوونەکانم لەبارەی ئەو دۆکیمەنتە دەستووریە. لەو پڕۆژەیە سیستمی فەرمانڕەوایی بۆ عێراقی پاشەڕۆژ دیاری کراوە، لەگەڵ پەیوەندیی هەرێمی کوردستان بە حکوومەتی ناوەندەوە، کە بە کردەوە تا ئەودەمە نەمابوو. ئەگەر ئەو ڕەشنووسە پەسند بکرێت، ئەو پەیوەندییە جارێکی تر بەپێی ئەو دەستوورە ڕێکدەخرێتەوە. لە کاتی تاوتوێکردنی بەندەکانی ئەو ڕەشنووسە، لەگەڵ چەند قانووناسێکدا بیروڕام گۆڕییەوە و گوێم لە ڕا و بۆچوونیان گرت، لێرە ئاماژە بۆ بەشێکیان دەکەم.

سەرەتا دەبێ دەستخۆشی لە شاندی کوردستان بکەم لە بەغدا بۆ هەڵوێستی یەکگرتوویان و هەوڵ و کۆششیان بۆ چەسپاندنی بەشێکی زۆر لە داواکاریەکانی گەلی کوردستان لەو ڕەشنووسەدا. دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی لایەن و گرووپی سیاسیی عێراقی عرووبەوی و مەزهەبیی توندڕەو کارێکی ئاسان نییە، شاندی کوردی بە بینێکی درێژەوە دانوستانی لەگەڵ دەکردن، جگە لەوەش، شاندی هەرێم لە ژێر گوشاری چەند دەوڵەتێکدا بوو کە پەلەیان بوو ئەو ڕەشنووسە زوو پەسند بکرێت.

تێبینییەکانم بە ڕوونکردنەوەی بنەما سەرەکییەکانی ئەو ڕەشنووسە دەکەم، لەگەڵ شیکردنەوەی "دیباجە" و بەندەکانی و بەراوردکردنیان لەگەڵ بەندەکانی ئەو پڕۆژەی کە (لیژنەی پشتگیریی لە فراکسیۆنی کوردستان لە کۆمەڵی نیشتمانی عێراقی) ئامادەی کردبوو، کە لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەموو پشتگیرییان دەکرد، چونکە بەشی زۆری داواکارییەکانی گەلی کوردستانی تێدابوو. لەو پڕۆژەیە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نەکرابوو، هەروەها داوانەکرابوو

عێراق بکرێتە دەوڵەتێکی کۆنفیدڕاڵی، کورد داوای عێراقێکی فیدڕاڵی دەکرد بە مەرجێك مافە سەرەکییەکانی دەستەبەربکرێن. بەشێك لە بەندەکانی قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە، کە کاریان پێدەکرێ تا ئەو دەمەی ڕەشنووسەکە پەسند دەکرێت و هەڵبژاردنێکی تازە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ دا ئەنجام دەدرێ دەخەمە بەرچاو، ئەگەر هەموو شتێك بەپێی ئەو قانوونە جێبەجێ بکرێن. لە حاڵەتی ڕەتکردنەوەی ئەو ڕەشنووسە، کار بەو قانوونە دەکرێت تا هەڵبژاردنێکی نوێ و دیاریکردنی لیژنەیەکی تازە بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستوورێکی تازە بۆ عێراق.

لەبارەی "دیباجە"ی ئەو ڕەشنووسە، خوازیاربووم ئاماژەی تێدابکرابا بۆ چۆنیەتیی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق، چونکە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و تایفەگەریی حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق لە ئاکامی چۆنیەتیی دروستکردنی ئەو دەوڵەتە پەیدابووە. ئەو سیاسەتە بێ باوەڕیەکی قووڵی بە حکوومەتی ناوەند پەیداکردووە کە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق ڕەنگی داوەتەوە، هەموو کەسێك ئەمڕۆکە هەستی پێدەکات. ئەگەر دەستووری هەمیشەیی عێراق چارەسەری ئەو کێشانە نەکات، ئەم دەستوورەش وەکو دەستوورەکانی لەمەوبەر وەکو نووسینێکی سەر کاغەز دەمێنێتەوە و کاری پێناکرێت.

خوێندنەوەم بۆ ئەم ڕەشنووسە وەك قانووناسێکی کوردی پەرۆشە بۆ ئەوەی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان لەو دەستوورەدا بچەسپێنین، چونکە ئەم ڕەشنووسە لەپاش پەسندکردنی دەبێتە دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ عێراق. ئەگەر لەو دەستوورەدا دواڕۆژی کوردستان بە ڕوونی دیاری نەکرێت و بەندەکانی ڕێگەنەگرن لە دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانانەی پێشتر دژ بە گەلی کوردستان کراون، جارێکی تر تووشی نەهامەتی و سەرگەردانی دەبێتەوە. ئەو بەندانەی لەم ڕەشنووسەدا مافەکانی گەلی کوردستانی تێدا چەسپێنراون پشتگیرییان لێ دەکەین، بەڵام دەبێ ڕاو سەرەنجی خۆمان لەبارەی ئەو بەندانەی بە ناڕێکی و لێڵی دارێژراون دەربڕین و پەنجە بخەینە سەر کەموکورتیەکانیان.

ڕەشنووسەکە پێکهاتووە لە (١٥٣) بەند/(مادده)، دابەشکراون بەسەر شەش دەروازەدا. بنەما سەرەکییەکانی ئەو ڕەشنووسە لە بەندەکانی (یەکەوە تا سێنزدە) دیاریکراون. کۆمەڵێك لە پرنسیپەکانی ئەم ڕەشنووسە پەیوەندییان بە مافەکانی گەلی کوردستانەوە هەیە، ئەوانی دی بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکانی هەموو هاوڵاتیانی عێراقە. لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو بەندانە دەکەم کە پەیوەندییان بەمافەکانی گەلی کوردستانەوە هەیە، بەشێکی زۆریان بە دەستکەوت دەزانم، بەتایبەتی ددانانان بە سیستمی "ئیتیحادی"، کە لەجیاتی وشەی فیدڕاڵی بەکارهاتووە. هەرچەندە ناوی "کۆماری عێراقی ئیتیحادی" لە ڕەشنووسەکەدا بەکار نەهاتووە کە ئاکامی قانوونیی لێ دەبێتەوە، وەك پاشان ڕوونی دەکەینەوە.

زمانی کوردی لە پاڵ عەرەبی زمانی فەرمی دەبێ لە عێراق، هەردوو زمانەکە لەلایەن دەزگاکانی هەرێمی کوردستان بەکاردێن، زمانی تورکمانی و سریانی زمانی خوێندن دەبن بۆ تورکمان و کلدان و ئاشووری، بەهەمان شێوە بۆ پێکهاتەکانی تری عێراق، کە دەتوانن زمانی خۆیان بۆ خوێندن بەکاربێنن. لەو شوێنانەی تورکمان و ئاشووری کلدان لێی نیشتەجێنە، زمانی تورکمانی و سریانی زمانی فەرمی دەبن بۆ کاروباری کارگێڕی و سیاسی و ڕۆشنبیری و خوێندن. ئەم بەندە بە پشتگیری شاندی کوردی لە ڕەشنووسەکەدا چەسپێنراوە.

ڕەشنووسەکە پابەندبوونێکی دەستووری خستۆتە سەرشانی دەوڵەتی عێراق، بەوەی دژایەتیی تیرۆر بە هەموو شێوەکانی بکات.

ئاڵا و دروشم و سروودی نیشتمانی عێراقی دەستکاری دەکرێن بەپێی قانوون، کە تێیدا دەبێ ئاماژە بۆ پێکهاتەکانی گەلی عێراق بکرێت. ئاڵای ئێستای عێراق کە ڕژێمی بەعس دایناوە، ئومێدەوارین جارێکی تر چاومان پێی نەکەوێتەوە.

هاوڵاتیانی عێراقی مافی ئەوەیان دەبێ جگە لە دەوڵەتنامەی (جنسیەی) عێراقی، دەوڵەتنامەی تریان هەبێ، ئەمەش مافێکی ڕەوایە لە دەستووری چەند دەوڵەتێکی تردا ئەم مافە بە هاوڵاتیانیان دراوە (حق حمل جنسیات متعددة).

هاوڵاتیانی عێراقی بە ژن و پیاوەوە یەکسان دەبن و مافی بەشداریکردنیان لە کاروباری گشتیدا هەیە. ڕەشنووسەکە ڕێژەیەکی دیاری کردووە بۆ بوونی خانمان لەناو ئەنجومەنی نوێنەرایەتیی عێراقی بە ٢٥٪، وەك ئەو ڕێژەی لە قانوونی کاتی بەڕێوەبردندا هەیە.

لە دەروازەی دووەمی ڕەشنووسەکەدا (بەندی ١٤ تا ٤٥)، کۆمەڵێك لەو مافانەی پەیوەندییان بە مافی مەدەنی و ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە هەیە چەسپێنراون. لە بەشی دووەمی هەمان دەروازەدا بە وردی باس لە ئازادییە گشتییەکان کراوە.

کۆمسیۆنێکی سەربەخۆ بۆ دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ، بەپێی بەندی ١٠٠ی ڕەشنووسەکە، دادەمەزرێ و هەموو دەزگاکان لە عێراق دەبێ هاوکاری بکەن، بەڵام ئەو کەسانەی لەو کۆمسیۆنە کاردەکەن دەبێ کەسانێکی پاك و لێوەشاوە بن و لەژێر ڕکێفی حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا نەبن تاکو بتوانن ئەرکەکانی سەرشانیان بە باشی جێبەجێ بکەن.

بەپێی بەندی ١٠٣ و ١٠٤، چەند دەستەیەك دادەمەزرێن، یەکێکیان بۆ زامنکردنی مافی هەرێم و ئەو پارێزگایانەی بە هەرێمێکەوە نەبەستراون، بۆ مسۆگەرکردنی بەشداریکردنیان بە شێوەیێکی دادپەروەرانە لە ئیدارەی دەزگاکانی ناوەند و دابەشکردنی زەمالەی خوێندن و بەشداریکردنی نوێنەرانیان لەو کۆنگرانەی لەسەر ئاستی ناوچەکە و نێودەوڵەتی عێراق بەشدارییان تێدا دەکات.

دەستەی دووەم تایبەتە بە چاودێریکردنی چۆنیەتیی تەرخانکردنی داهاتەکانی دەوڵەتی ئیتیحادی و دابەشکردنی ئەو (منحە) و یارمەتی و قەرزە نێودەوڵەتییانەی بە حکوومەتی ناوەند دەدرێن، تاکو بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر هەرێم و پارێزگاکاندا دابەشبکرێن. ئەو دەستەیە دەبێ مافی ئەوەی هەبێ، لە شێوەی بەکارهێنانی داهاتەکانی دارایی ئیتیحادی و دابەشکردنیان بە جۆرێکی ڕوون و دیار و شەفاف، لێکۆڵێنەوە بکات.

ڕەشنووسەکە ددانی ناوە بە هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانی ئێستای، هەروەها تێیدا هاتووە کار بەو قانوون و بڕیارانە دەکرێت کە لە ساڵی ١٩٩٢ەوە دەرچوون و کاریان پێ دەکرێن، مەگەر هەموارکرابن، یان هەڵوەشابێتنەوە لەلایەن دەزگاکانی هەرێمەوە، یان بە پێچەوانەی بەندە سیادییەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق بن. هەموو هەرێمێك بەپێی ئەم ڕەشنووسە دەتوانێ دەستوورێك پەسند بکات "بۆ دیاریکردنی هەیکەلی دەسەلاتەکانی، لەگەڵ دەستنیشانکردنی میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو دەسەلاتانە، بە مەرجێك بە پێچەوانەی بنەماکانی ئەم دەستوورە نەبن " (بەندی ١١٧). لەو باوەڕەدام لە پاشەڕۆژدا کێشە دروست دەبێ لە نێو دەزگاکانی هەرێمی کوردستان و دەزگاکانی ناوەند، ئەگەر لە دەستووری هەرێمی کوردستان هەموو داواکارییەکانی گەلی کوردستان تێیدا بچەسپێنین، چونکە بەشێکی زۆر لەو داواکارییانە لە ڕەشنووسەکەدا ددانیان پێدا نەنراوە. هەرێمەکان دەسەلاتی قانووندانان و ڕاپەڕاندن و دادوەرییان هەیە، بەپێی دەستووری تایبەت بە خۆیان دیاری دەکرێن، بەلام دەبێ ڕەچاوی ئەو دەسەلاتانە بکرێت، کە دەسەلاتی (حەصری) تایبەتن بە حکوومەتی ئیتیحادی (پەرەگرافی یەکەمی بەندی ١١٨). لە بەندی سێزدەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە دەستووری عێراق قانوونی بالا دەستە و دەبێ لە هەموو عێراقدا کاری پێ بکرێت، هەر دەقێك لە دەستووری هەر هەرێمێك بە پێچەوانەی ئەو دەستوورە بێ، بە بەتاڵ دەدرێتە قەڵەم و کاری پێ ناکرێت.

پەرلەمانی هەرێمەکان، دەسەلاتی هەموارکردنی قانوونی ئیتیحادییان دەبێ، ئەگەر نەگونجاو بن لەگەڵ دەستوور و قانوونەکانی هەرێمەکەیان، بە مەرجێك ئەو دەسەلاتانەی بەو قانوونە ئیتیحادییانە ڕێکدەخرێن، لە دەسەلاتی حکوومەتی ئیتیحادی نەبن (پەرەگرافی دووەمی بەندی ١١٨).

حکوومەتی ئیتیحادی و حکوومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەکان پێکەوە سیاسەتی ستراتیژی بۆ بەدیهێنانی زۆرترین سوود بۆ گەلانی عێراق دادەڕێژن، لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیای نوێ و بنەمای بازاڕ و هاندانی بەرهەمهێنان (بڕگەی دووەمی بەندی ١١٠). نەوت و گاز بەپێی بەندی ١٠٩ی ڕەشنووسەکە مولکی تێکرای گەلی

عێراقە، بەپێی بەندی ١١٠، حکوومەتی عێراقی بەرپرس دەبێت لە ئیدارەکردنی ئەو نەوت و گازەی لە کێڵگەکانی ئێستا دەریان دەهێنن، بە هاوکاری حکوومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەکان، داهاتەکەشی، بە شێوەیەکی کە بگونجێت لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتواندا دادپەروەرانە دابەش دەکرێت.

هەرێم و پارێزگاکان دەتوانن ئۆفیسی تایبەت بەخۆیان بکەنەوە لەناو سەفارەت و نێردراوەکانی دەرەوەی عێراق، بۆ دابینکردنی کاروباری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و گەشە پێدان لە هەرێم و پارێزگاکاندا (پەرەگرافی چوارەمی بەندی ١١٨).

حکوومەتی هەرێم بەرپرس دەبێت لە کاروباری ئیداری لە سنووری هەرێمی خۆی، "بە تایبەت" لە پێکهێنان و رێکخستنی هێزی ئاسایش و ناوخۆیی، وەك پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانانی هەرێم.

بەندی ١٣٦ی رەشنووسەکە ئاماژە بۆ جێبەجێکردنی بەندی ٥٨ی قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق دەکات و باس لە ئاساییکردنەوە و ڕێکخستنی سەرژمێری و ئەنجامدانی ڕیفڕاندۆمێك لە کەرکوك و ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە دەکات، بۆ دیاریکردنی خواستی هاوڵاتیان لەو ناوچانەدا، بە مەرجێك پێش ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ ئەنجام بدرێن.

لەپاڵ ئەو هەموو دەستکەوتانە، کە بەشێکیان تایبەتن بە داواکارییەکانی گەلی کوردستان، ئەوانی دی بۆ گەلانی عێراقە، دەبێ ئاماژە بۆ کەموکورتییەکانی ڕەشنووسەکەش بکرێت، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە داواکارییەکانی گەلی کوردستانەوە هەیە کە دەبوو لە ڕەشنووسەکەدا بنووسرێن. ئەرکی قانووناسانی کوردستانە بابەتییانە لە "دیباجە" و بەندەکانی ئەو ڕەشنووسە بکۆڵنەوە، چونکە لە پاشەڕۆژدا گلەییان لێ دەکرێت و خەڵك دەپرسن بۆ بە شێوەیەکی ڕاستگۆییانە ئاگادارنەکراونەتەوە لە ناوەڕۆکی ئەو ڕەشنووسە؟

بۆ یەکەم جار کە چاوم بە"دیباجە" کەوت و خویندمەوە ،هەستم کرد کەسانێکی مەزهەبی دەستی بالآیان هەبووە لە داڕشتنی ئەو دیباجەیە. وشە و دەستەواژەی وەکو"ئینتیفازەی شەعبانی" و "مەرجیعیەتی ئایینی"، کە لێرەدا بە مەبەستی

"مەرجیعیەتی مەزهەبی" نووسراوە، تەنیا ئەو گرووپە مەزهەبییانە بەکاریان دێنن، کە زۆرینە بوون لەناو لیژنەی دارشتنی ڕەشنووسەکە. هەر لەو دیباجەدا ناوی "سەرکردایەتیی ئایینی" پێش "سەرکردایەتیی سیاسیی نیشتمانی" هاتووە، مەبەستیش هەر "سەرکردایەتیی مەزهەبی" یە.

ئەم گرووپانە لە سەرەتاوە بە بەرنامە کاریان کردووە بۆ ئەوەی بیرورِا و بۆچوونی خۆیان بەسەر دەستووری پاشەڕۆژی عێراقدا بسەپێنن. ماوەیەك پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، لەژێر ناوی داکۆکیکردن لە خواست و داواکارییەکانی گەلی عێراق، داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنیان دەستپێکرد، تا پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو ڕەشنووسی دەستووری عێراق ئامادە بکات. ئەو لایەنانە هەرگیز باوەڕیان بە دیموکراسییەت نەبووە، بەلاّم پرِۆسەی هەڵبژاردنیان بەکارهێنا بۆ گەیشتن بە مەبەستی تایبەتی خۆیان. لەو بارودۆخەی لە پاش ڕووخانی ڕژێم دروست بوو، دەیانزانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دێنن، بۆیە دروشمی نووسینەوەی دەستوور لە لایەن پەرلەمانێکی هەڵبژێرراوەوە بووە داواکاریی سەرەکیی ئەوان، هەموو لایەنە سیاسیەکانی عێراقی و کوردستانیان ناچارکران ئەنجامدانی هەڵبژاردن قبووڵ بکەن و لیستی (خۆراك وەرگرتن) بکرێتە بنەمای ئەو هەڵبژاردنە، کە هەموو دەزانین پرِە لە کەموکورتی. جگە لەوەش، باری ئەمنی لە بەشێك لە ناوچەکانی عێراق ڕێگەیان بە دانیشتوان نەدەدا دەنگ بدەن، ئەم هۆیانە وای کرد لیستی "ئیئتلافی"، کە نوێنەری لایەنێکی مەزهەبیە، زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبێنن، بەو هۆیەوە بوونە زۆرینە لە ناو پەرلەمان و لیژنەی ئامادەکردنی دەستووری هەمیشەیی.

لە نووسینێکدا لەژێر ناوی: "هەڵبژاردن لە عێراق دەبێ پاش نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی بەعەرەبکردن ڕێکبخرێت" کە لە (هاولاّتی) ژمارە (١٥١)ی لە ٣ی دیسەمبەری ٢٠٠٣ بلاّومکردووەتەوە، فەتوایەکی ئایەتوڵلاّ سیستانی، گەورەترین ڕابەری مەزهەبی شیعەی عێراق، لەبارەی چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی ئەندامانی لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری عێراقی پێ دەسپێردرێت، بووە هۆی دواخستنی ئەو پرۆسەیە. لەو فەتوایەدا داواکرابوو ئەندامانی ئەو لیژنەیە لە ڕێگای

هەڵبژاردنەوە دەستنیشان بکرێن، بەبێ تەماشاکردنی باری نائاسایی ئێستای عێراق، کە ڕێگای بە ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە نەدەدا. باری نائارامی لە زۆر ناوچەکانی عێراق و نەبوونی سەرژمێرێکی باوەڕپێکراو بۆ بنەمای ئەو هەڵبژاردنە گەورەترین کۆسپن لە بەردەم ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە". "دواخستنی پرۆسەی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوور لە بەرژەوەندیی کورد نییە. ئەو گرووپانە داوای هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوور دەکەن لەلایەن پەرلەمانەوە".

لە بەشێکی زۆری دەوڵەتانی جیهاندا، سەرەتا داوا لە چەند قانوونزانێك دەکرێت ڕەشنووسی دەستوورێك ئامادە بکەن، پاشان هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێ. دوکتۆر کازم حەبیب، دۆستی کورد دەڵێ "زمانی دەستوورەکە زمانێکی ئایینی و مەزهەبی و دواکەوتووە و زەرەر بە کۆمەڵگا دەگەیەنێ" (خەبات)، (ژمارە ١٩٠٦ لە ٤ی ئەیلوولی ٢٠٠٥). دیباجەکە بە درێژی باس لەو زوڵمانە دەکات دژ بە عەرەبی شیعە ئەنجامدراون و هەموویان ڕاستن، بەڵام کە دێتە باسکردنی ئەو تاوانانەی دژ بە گەلی کوردستان ئەنجامراون و گەیشتوونەتە ڕادەی تاوانی جینۆساید، تەنیا ناوی ئەنفال و بارزان و هەڵەبجە و کوردە فەیلییەکانی هێناوە. کاك فەلەکەدین کاکەیی، لە وەڵامی پرسیارێکی (میدیا) دا دەڵێ، "دیباجەکە لە سەرەتادا، پێش گەیشتنی شاندی کوردستانی بۆ بەغدا بەو شێوەیە نەنووسرابوو، هەر ناوی هەڵەبجەی تێدابوو، پاشان ناوی ئەنفال و بارزانییەکان و کوردە فەیلییەکان خرانە سەری". پاشان دەڵێ، لە بەرامبەر وشەی (ئینتیفازەی شەعبانی) داوامان کرد هیچ نەبێ بڵێین ١١ی ئادار، دوو جار نووسیمان، هەر گۆڕییان. سەبارەت بە ئاماژەکردن بۆ کردەوەکانی ڕژێمی عێراقی پێشوو، دەڵێ: "ئاماژە بۆ ئەو شەڕانەی تێدا نەکرابوو ڕژێم بەرپای کردبوون دژ بە دراوسێکانی و کورد، وەکو ئیدانەیەك بۆ ئەو مێژووە، سەیر لەوەدابووە ئەویشیان قبووڵ نەبوو، دەیانویست دیباجەکە زیاتر سیمبوڵی خۆیانی تێدابێ. (لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی "میدیا "، ژمارە ٢٠٧ لە ٦ی ئەیلوولی ٢٠٠٥ بڵاو کراوەتەوە). دیباجەکە ئاماژەی تێدانەکراوە بۆ کاولکردنی زیاتر لە چوار هەزار گوند لە کوردستان، هەروەها باسی سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی و گۆڕینی باری

دیمۆگرافی له بەشێکی فراوانی کوردستان نەکراوە. ناونەبردنی ئەو تاوانانە ئاکامی قانوونی لێ دەبێتەوە و حکوومەتی ناوەند پابەند نابێت بە دروستکردنەوەی ئەو گوندانە و قەرەبووکردنەوەی دانیشتوانیان. له "دیباجەکە"دا چاومان بەناوی گوندی "بەشیر" دەکەوێت، که گوندێکی تورکمانە شیعەکانە و نزیکی شاری کەرکوکە، دەڵێن عەباس بەیاتی ئەندامی لیژنەی داڕشتنی ڕەشنووسەکەی خەڵکی ئەو گوندەیە! بەڵام دیباجەکە ئاماژەی بۆ ڕووخانی ٧٧٩ گوند له ناوچەی کەرکوك نەکردووە، که گوندی بەشیر یەکێکیانە. بەم جۆرە ناوی گوندی "بەشیر" دەچێتە ریزی ناوی هەڵەبجەی شەهیدەوە، که سالآنێکی زۆر ناودەبرا بە "هێرۆشیمای کوردستان".

دیباجەکە ئاماژە بۆ شێوەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق دەکات و دەڵێ: "ئێمەی گەلی عێراق بە هەموو پێکهاتە و ڕەنگەکانییەوە ئازادانە و بە ئارەزووی خۆمان بڕیاری یەکگرتنەوەمان داوە". ئەم بڕگەیە باس له یەکگرتنەوە له نێو هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق دەکات و ناوی دوو گەله سەرەکییەکەی نەهێناوە، که خاوەنی خاکن لەم دەوڵەتە. له کۆتایی دیباجەکەدا نووسراوە: "پابەندبوون بەم دەستوورە دەبێتە هۆی مانەوەی عێراق بە یەکگرتوویی وەك گەل و خاك و سەروەری". ئەم رستە بە (مەفهومی موخالەفە)، لەگەڵ دەستەواژەی سەرەوە بە فراوانی لێکدەدرێنەوە وەك باس له مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان بکات. پرسیار ئەوەیە، ئایا هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە؟ ئایا لێکدانەوەی ئەو دەستەواژانە بەو شێوەیە ناچێتە خانەی (تحمیل النص بمعنی لا یحتمله)؟ لێرە باس له ئەگەری هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتننامە کراوە ئەگەر لایەنێك ئیلتزامی سەرشانی جێبەجێ نەکات، ئەم مافە هەر تەنیا بە کورد دراوە، یان بە هەموو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق؟ مافی چارەنووس له بەندی ٦١ پڕۆژەی ئەو دەستوورەی که گرووپێکی کوردستانی ئامادەی کردبوو، ڕاشکاوانە دەیگوت:(گەلی کوردستان دوارۆژی خۆی دیاری دەکات، بە ڕێکخستنی ڕیفراندۆمێك له پاش تێپەڕبوونی هەشت ساڵ، یان له حاڵەتی ڕوودانی یەکێك لەو چوار حاڵەتانەی که لەو بەندەدا دیاریکراون. (دەقی ئەم پڕۆژەیە بە زمانی عەرەبی له "کوردستانی

نویٚ"، ژماره ٣٧٣٦ی ٣١ی تەمووزی ٢٠٠٥ بلاٚوکراوەتەوە). ئێمە نالێین دەبوو بەو شێوەیە باس لە مافی چارەنووسی گەلی کوردستان بکرێت لەو ڕەشنووسە، کە بەو شێوەی لە پەیماننامەی (سێڤەر)ی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٢٠ ددانی پێدانراوە، بەلاٚم ئایا بە چەند وشەیەك، کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بگرێتەوە، دەتوانین بلێین مافی چارەی خۆنووسین هەموو گەلی کوردستان دەگرێتەوە؟ لەناوەڕاستی مانگی ئابی (٢٠٠٥) دا ئەندامێکی لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی ئەو دەستووره، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی دەعوەی ئیسلامییە، ڕاشکاوانە لە تەلەفزیۆنی "الشرقیە"دا وتی، ئێمە داوامان دەکرد لە ڕەشنووسەکەدا بنووسریٚ عێراق بە خاك و گەل و سیادەوە شیاوی دابەشکردن نییە، لایەنی کوردستانی داوای چەسپاندنی مافی چارەنووسیان دەکرد، هەردوولامان دەستمان لە داواکەمان هەڵگرت و گەیشتینە "تەوافوق" لەسەر ئەوەی ئێستا ڕێککەوتووین لە سەری!

---

⋆لە میدیاکانی کوردستان، پێش پەسندکردنی پرۆژەی دەستووری عێراق لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ بلاٚوکراوەتەوە.

# ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە وەك بنەما بۆ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقی تازە

گەلی کوردستان ڕووبەڕووی خەباتێکی سیاسی و دەستووری سەخت بووەتەوە لەپێناو چەسپاندنی مافە ڕەواکانی لە دەستووری ئایندەی عێراقدا، چونکە لەو دەستوورەدا سیستمی حوکمڕانی عێراق و پەیوەندیی هەرێمی کوردستان بە حکوومەتی ناوەندیەوە دیاری دەکرێت، لەگەڵ مافە سەرەکیەکانی هاوڵاتیان و دابینکردنیان بە شێوەیەکی یەکسانی.

بەشێك لە لایەنە سیاسیەکانی عێراقی پشتگیرییان لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان دەکرد کە داوای دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقیان دەکرد لەسەر پرەنسیپی (تەوافوق). ئەم وشەیە لە "اتفاق"ەوە هاتووە، بەمانای رێککەوتن بە ڕەزامەندبوونی لایەنەکانی. هەرچەندە ڕێککەوتن سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ رێکخستنی پەیوەندیی لە بواری مەدەنیدا، بەڵام لە بواری پەیوەندیی سیاسی و نێودەوڵەتیدا سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیە سیاسی و نێو دەوڵەتیەکان. ڕێککەوتن زۆر جاران لەسەر پێشنیازی لایەنێك و پەسندکردنی لایەنی دووەم پێکدێ، دەستبەجێ یان پاش وتووێژ و گفتوگۆ، ئەگەری ئەوەش هەیە لایەنەکان نەگەنە ئەنجام و ڕێککەوتنەکە مۆر نەکرێت.

گەر تەماشای مێژووی سیاسی دەوڵەتان بکەین، دەبینین چەندەها دەوڵەت لە ئاکامی یەکگرتنەوەی چەند ئەمارەتێك یان ویلایەت و ناوچەیەك دروستبوون. عێراق وەکو دەوڵەت لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی لەلایەن بریتانیاوە دروستکراوە، بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە ستراتیجی و ئابووریەکانی لە ناوچەکەدا. ئەم دەوڵەتە بە دوو قۆناغ دروستکراوە، سەرەتا هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا یەکخروان و (مەملەکەتی عێراق)یان دروستکردووە لە ژێر چاودێری بریتانیا، کە لەشکرەکەی هەردوو ویلایەتەکەی داگیر کردبوو. لە قۆناغی دووەمدا کە دەکاتە کۆتایی ساڵی ١٩٢٥، ویلایەتی مووسڵ خرایە سەر ئەو دەوڵەتە پاش سازدانی ڕاپرسێکی ڕواڵەتی لەژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلاندا. لکاندنی ئەم بەشەی کوردستان

به دەوڵەتی عێراق بەپێی خواست و ئارەزووی خەڵکەکەی نەبووە، چونکە لەو بەناو "ڕاپرسییە"دا پرسیار لە دانیشتوانی ویلایەتەکە نەکرابوو چییان دەوێ، داوایان لێکرابوو وەڵامی پرسیارێك بدەنەوە بریتی بوو لەوەی دەیانەوێ بەشێك بن لە عێراق، یان لە تورکیا؟ دواڕۆژی ناوچەکە پێشتر لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە دەستنیشان کرابوو، پێش دەستپێکردنی جەنگ. بەشێك لەو دەوڵەتانە ئەمڕۆکە بە هاوکاریی چەند دەوڵەتێکی ناوچەکە هەوڵدەدەن گۆڕانکاری لە شێوەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق نەکرێت تاکو، بە وتەی خۆیان، "ئەمن و ئاسایش لە ناوچەکە بە بەرقەراری بمێنێتەوە"!

ئەگەر گەلی کوردستان پێشتر بەشداری نەکردبێت لە دروستکردنی دەوڵەتی عێراق، ئەمڕۆکە پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق خەریکی دامەزراندنەوەی ئەم دەوڵەتەنە، پێویستە کورد بەشداری بکات لەم پرۆسەیە و ڕێگا نەدات گەمەیەکی سیاسی دی لەگەڵ بکرێت. خۆشبەختانە دونیای ئەمڕۆکە وەك دونیای دوێنێ نییە، نە دەوڵەتان و نە هێزە سیاسییە عێراقییەکان ناتوانن ئیرادەی خۆیان بەسەر خواست و ئارەزووی گەلی کوردستان بسەپێنن، بەمەرجێك تەبایی و یەك ڕیزی لە نێو هێزە سیاسیەکاندا بەهێزبێت و هەموو پێکەوە داواکارییەکانی گەلی کوردستان دیاری بکەن و لە دەستووری هەرێمی کوردستان و دەستووری داهاتووی عێراقدا جەخت لە چەسپاندنیان بکەن. ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە لەنێو هەردوو پێکهاتەی سەرەکی عێراق، واتە گەلی کوردستان و گەلی عەرەبی عێراق باشترین ئامرازە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە و چەسپاندنیان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە هەردوو ئەو دەستوورە.

یەکێ لە دەستکەوتە گرنگەکانی گەلی کوردستان لە پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٥٨ و پەسندکردنی دەستوورێکی کاتی لەو ساڵەدا، ددانانی ئەو دەستوورە بووە بە پێکهاتەی سەرەکی گەلی عێراق، بەوەی لە دوو نەتەوەی عەرەب و کورد پێکهاتووە. بەڵام ئەو دەستوورە گۆڕانکاری تێدانەکرابوو لەبارەی شێوەی حوکمڕانیکردن لە عێراق، کە لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەوە لەسەر بنەمای سەنتراڵیزم داڕێژرابوو. کە بووە هۆی ئەوەی مەسەلەی کورد بە چارەسەرنەکراوی

بمێنێتەوە. لە پاش چەند ساڵێك گەلی كورد بە ناچاری پەنای بردە بەر شەڕی پارتیزانی بۆ داكۆكیكردن لە مافە ڕەواكانی. ئەو شەڕە ڕێگای خۆشكرد بۆ سەركەوتنی كودێتای ساڵی ١٩٦٣ كە پاش چەند ساڵێك كودێتای ١٩٦٨ی بەدواداهات. عێراق لەو دەمەوە كەوتە ژێر حوكمی ڕژێمێكی تۆتالیتاریی عەسكەری، پاشان تاكە حیزبی و تاكە كەسی تا لەناوچوونی لە نیسانی ٢٠٠٣. داواكاری بەشی زۆری پێكهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبی عێراق ئەوەیە ئەو دەوڵەتە لەسەر بنەمایەكی نوێ دروستبكرێتەوە، بۆ ڕێگاگرتن لە گەڕانەوەی ئەو جۆرە ڕژێمانە و چەسپاندنی سیستمێكی دیموكراتی و فرە حیزبی و فیدڕاڵی لە عێراقدا.

گەلی كوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە داوای دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقی كردووە لەسەر بنەمای ڕێككەوتنی ئارەزوومەندانە لە نێوان هەردوو نەتەوەی سەرەكی عێراق، عەرەب و كورد. پەرلەمانی هەرێمی كوردستان داوای دروستكردنەوەی دەوڵەتی عێراقی كرد لەسەر بنچینەی فیدڕاڵی لە ڕێككەوتنی ئارەزوومەندانە لە نێوان گەلی كوردستان و گەلی عەرەبی لە بەشی عەرەبی عێراقدا. ئەم داواكاریە لە بەندی چواری پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان بە روونی دیاریكراوە. كەواتە ئەم داواكاریەی گەلی كوردستان تازە نییە، لێرە ئەم ڕاستییە دەخەینە بەرچاو تاكو لە كاتی دانوستان و گفتوگۆ بۆ دارشتنی بەندەكانی دەستووری هەمیشەیی عێراق ئەو داواكارییە وەك "تۆمەتێكی نوێی تەعجیزی" نەخرێتە پاڵ كورد!

پەرلەمانی هەرێمی كوردستان لە تشرینی یەكەمی ١٩٩٢ فیدڕاڵی پەسندكرد وەك سیستمێكی دەستووری بۆ پاشەڕۆژی عێراق. ئەم "پێشنیازە" لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە خراوەتە بەرچاو لەبەرئەوەی مافی ئەوەی نییە ئەم سیستمە یان سیستمێكی دەستووری تر بەسەر بەشی عەرەبی عێراقدا بسەپێنێ. ئەم پێشنیازە وەك هەموو پێشنیازێكی دی چاوەڕێی وەڵامدانەوە دەكات، بە قبووڵكردنی یان بە ڕەتكردنەوەی. گەر پەسندبكرێت لەلایەن نوێنەرانی بەشی عەرەبی عێراق، ڕێككەوتنەكە پێكدێ، پاشان لە ڕێگای وتووێژ و دانوستانەوە وردەكارییەكان یەكلایی

دەکرێنەوە. لایەنی عەرەبی دەتوانێ ئەم پێشنیازە ڕەتبکاتەوە و قبووڵی نەکات، بەڵام ناتوانێ سیستمێکی دەستووریی دیکە بەسەر لایەنی کوردستانیدا بسەپێنێ.

قانوونی کاتی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە سیستمی فیدڕاڵی قبووڵکردووە بۆ پاشەڕۆژی عێراق لەسەر بنەمای جۆگرافی و مێژوویی، بەڵام کۆمەڵێك بابەتی گرنگ ماونەتەوە پێویستە بە ڕوونی لە دەستووری ئایندەی عێراقدا دیاری بکرێن. دەتوانین بڵێین پەسندکردنی سیستمی فیدڕاڵی بەپێی ئەو قانوونە وەڵامدانەوەیە بۆ پێشنیازی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، بەڵام پرۆسەی ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە لێرە کۆتایی نەهاتووە هەرچەندە قۆناغی یەکەمی بڕیوە. بەپێی قانوونی ناوبراو، ڕەشنووسی ئەو دەستوورە کە بۆ عێراق ئامادە دەکرێت لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقیەوە، بە "تەوافوق" پەسند ناکرێت، بەڵکو هەموو گەلی عێراق پێکەوە دەنگی لەسەر دەدەن، ئەوەش ناگونجێ لەگەڵ پرنسیپی ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە لە نێو هەردوو پێکهاتەی سەرەکی عێراق، هەروەها بە پێچەوانەی مافی گەلی کوردستانە بۆ دیاریکردنی ئایندە و چارەنووسی خۆی.

لەو کۆنفرانسەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لەندەن لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢ بەسترابوو، هەروەها لە کۆبوونەوەی ساڵی پاشتر کە لە هاوینەهەواری سەلاحەدین ڕێکخرابوو، بڕیاردرابوو دەستووری ئایندەی عێراق لەلایەن تێکڕای گەلی عێراقەوە پەسند بکرێت، ئەوەش بە پێچەوانەی پرنسیپی ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە و مافی چارەنووسی گەلی کوردستانە. لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی ساڵی ١٩٩٢ و لە کۆنفراسێکی دەستووری کە لە مانگی ئەیلوولی ١٩٩٤ لە زانکۆی (پرنستن)ی ئەمریکی بەسترابوو بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی سیستمی دەستووری بۆ عێراقی پاش ڕووخانی ڕژێم، لایەنی کوردی داوای ئامادەکردن و پەسندکردنی پرۆژەی دەستووری ئایندەی بۆ عێراق کردبوو بەپێی ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە. قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق، کە سەرچاوەکەی کۆنفرانسی لەندەنی مانگی دیسەمبەری ٢٠٠٢ بوو، پەسندکردنی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق کە

لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقیەوە ئامادە دەکرێت بە گەلی عێراقی داوە لە ڕاپرسێکی گشتیدا. کەواتە پەیرەو بە پرنسیپی ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە نەکراوە، چونکە بەجیا داوا لە گەلی کوردستان نەکراوە دەنگ لەسەر ئەو پرۆژەی دەستوورە بدەن.

بە هەرحاڵ تازە دەستکاری لە قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق ناکرێت، بۆیە دەبێ هەوڵی چارەسەرکردنی مەسەلەکە بدەین بەشێوەیەك گونجاو لەگەڵ ئەو دوو پرەنسیپە.

پەرەگرافی (ج)ی بەندی (٦١)ی قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق، ڕێگا بە دوو لەسەر سێی دانیشتوانی سێ پارێزگای هاوسنوور دەدات پرۆژەی دەستوورەکە ڕەتبکەنەوە. ئەم پەرەگرافە کاتی خۆی کێشەی لەسەر دروستکرا، چونکە گرووپی شیعە لە ناو ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق، وایان لێکدەدایەوە ئەو پەرەگرافە بۆ بەرژەوەندیی کورد دارێژراوە، کە دەتوانن وەکو (ڤیتۆ) بەکاری بێنن ئەگەر مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان لە پرۆژەی دەستوورەکە نەچەسپێندرێن. ئەم بەناو "ڤیتۆ"یە، کورد و نەیارانی کورد لە سێ پارێزگای دیکەی عێراق دەتوانن بەکاری بێنن. ئەوان دەتوانن بە هۆی ئەو پەرەگرافەوە پرۆژەی دەستووری ئایندەی عێراق ڕەتبکەنەوە گەر سیستمی فیدڕاڵی بەو شێوەی گەلی کوردستان داوای دەکات پەسندبکرێت.

پێکەوە ژیانی کورد و عەرەب لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی عێراقی، بەندە بەوەی ئەو دوو نەتەوە سەرەکییەی عێراق، بتوانن بەپێی ڕێککەوتنێکی ئارەزوومەندانە ئەم دەوڵەتە دروستبکەنەوە. ئەم دەوڵەتە لەسەر خاکی دوو نەتەوەی جیاواز دامەزراوە، دامەزراندنەوەی دەبێ بە ڕێککەوتن لە نێوان نوێنەرانی ئەو دوو نەتەوەیە بکرێت. پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کە خولی دووەمی لە ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ هەڵبژێراوە، حکوومەتی عێراق و دەوڵەتانی دونیا و ناوچەکە وەکو نوێنەری گەلی کوردستان تەماشای دەکەن، لەبەرئەوەی بەپێی قانوونێکی عێراقی، کە قانوونی هەڵبژاردنی ژمارە ٩٢ ی ساڵی ٢٠٠٤ یە، کە ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق

پەسندی کردووە، هەڵبژێردراوە. ئەو هەڵبژاردنە لە ژێر چاودێری دەزگایەکی عێراقی - نێودەوڵەتی ئەنجامدراوە، بۆیە پەرلەمانی هەرێم وەکو نوێنەری گەلی کوردستان دەتوانێ بەشداری لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق بکات، بە ئامادەکردنی دەستوورێك بۆ هەرێم تێیدا مافەکانی گەلی کوردستان بە ڕوونی دیاری بکرێن، بە مافی چارەنووسەوە. ئەو دۆکیمەنتە دەستووریە لەلایەن گرووپی کوردستانی لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی بخرێتە بەرچاوی لایەنە سیاسیەکانی عەرەبی وەکو داواکاریی گەلی کوردستان، تا لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە گفتوگۆی لەسەربکرێت. گەر لایەنی بەرامبەر داخوازیەکانی لایەنی کوردستانی قبوولّ کرد بەو شێوەی ڕێکدەکەون لەسەری، ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە پێکدێ، بەڵام ئەگەر ئەو داواکارییانە ڕەتبکاتەوە، مافی ئەوەی نییە ئیرادەی خۆی بەسەر لایەنی کوردستانی بسەپێنێ، چونکە بە پێچەوانەی پرەنسیپی ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانەیە، جگە لە مافی گەلی کوردستان بە دیاریکردنی پاشەڕۆژی خۆی بەپێی خواست و ئارەزووی خۆی.

هەڵبژاردنی ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٠٥، ئەو لایەنانەی دیاریکردووە کە بتوانن وەك نوێنەری عەرەبی عێراق وتووێژ لەگەڵ لایەنی کوردستانی بکەن، هەرچەندە بەشێك لە کۆمەڵگای عەرەبی کە ناودەبرێن بە "عەرەبی سوننە" بەشدارییان لەو هەڵبژاردنە نەکردووە. ئەمڕۆکە هەموو لایەنەکان کۆکن لەسەر ئەوەی نوێنەرانی عەرەبی سوننە دەبێ ئەویش بەشداری لە ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستووری ئایندەی عێراق بکەن تاکو پابەندبن بە ئاکامەکانیەوە.

وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، پێشنیازی گەلی کوردستان کە سیستمی فیدراڵییە بۆ پاشەڕۆژی عێراق لە ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە خراوەتە بەرچاو، بەڵام ناوەڕۆکەکەی و سنووری هەرێمی کوردستان و شێوەی حوکمڕانیکردنی عێراق و کۆمەڵێك لە وردەکاریی تر لە پڕۆژەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، باسیان لێ نەکراوە کە پێویستە یەکلایی بکرێنەوە. لایەنی کوردستانی کاتێ پابەند دەبێ بە دەستوورەی هەمیشەیی عێراق و پەیرەو بەو

دەستووره دەكات گەر پەسند بكرێت لەلایەن نوێنەرانیەوە، كه پەرلەمانی هەرێمی كوردستان و گرووپی كوردستانییه لەناو ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی. خۆشبەختانه لایەنه سیاسیەكانی كوردستان یەك هەڵوێستیان هەیه و پێكەوه داواكارییەكانی خەڵكی كوردستان دەخەنه بەرچاو.

بەشداریكردنی پەرلەمانی كوردستان لەو "شەڕە" دەستووریه پشتیوانییەكی چاكه بۆ گرووپی كوردستانی له ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقیدا. بەشداریكردنەكەی به دیاریكردنی داواكارییەكانی گەلی كوردستان دەردەكەوێت، كه له دەستووری هەرێمی كوردستاندا دەستیشانكراون. خەباتی سەختی گەلەكەمان پێویست به هاوكاری و بەشداری هەموو دەزگا شەرعییەكانی كوردستان دەكات له پێناو چەسپاندنی مافەكانی گەلەكەمان له دەستووری ئایندەی عێراقدا. لەناو گرووپی عەرەبی شیعه و سوننه لایەنی سیاسی هەیه فیدراڵیەت به "بیدعه" دەزانن، یان به سەرەتای "جیابوونەوە" له عێراق، بەلای ئەوانەوه لەوەتەی عێراق هەیه یەك پارچه بووه و دەبێ هەروا بمێنێتەوە. ئەو لایەنانه گەر به ناچاری دروشمی فیدراڵی قبووڵ بكەن، لەسەر ناوەڕۆكەكەی هەزار كێشه دروست دەكەن. بۆ نموونه نوێنەری "مەجلیسی ئیسلامی ئەعلا"، كه بەناو له حیزبی دەعوه كراوەتره، له ئەنقەره له ٢٤ی ئاداری ٢٠٠٥ ڕایگەیاند، فیدراڵیەت لەسەر بنەمای جۆگرافیی ئیداری دەبێ و جیاوازی له نێو هیچ بەشێكی عێراقدا ناكرێت، له كاتێكدا له دۆكیمەنتێكی قانوونی ئیمزاكراو لەلایەن ئەو گرووپەوه نووسراوە، فیدراڵیەت لەسەر بنەمای"مێژوویی و جۆگرافیایی"دەبێ.

داواكارییەكانی گەلی كوردستان دەبێ له دۆكیمەنتێكی قانوونیدا ئامادە بكرێن، وەكو "پێشنیاز" بخرێته بەرچاو لایەنی عەرەبی و هەوڵیش بدرێت لەسەر مێزی گفتووگۆ یەكلایی بكرێنەوە، چ به پەسندكردنیان، یان ڕەتكردنەوەیان. فیدراڵیەت سیستمێكی دەستووریه و میكانیزمی تایبەتی خۆی هەیه، بەشێك له لایەنه سیاسیەكانی عێراقی به بیانگەی ڕێگەگرتن له "جیابوونەوەی كوردستان" هەوڵی زیندووكردنەوەی پرۆژەكەی پۆڵ برێمەر دەدەن، كه بەناو "فیدراڵیەت" بوو، بەلام

ناوەڕۆکەکەی (لامەرکەزیەتی) تێپەڕ نەدەکرد، هەرێمی کوردستان وەکو (ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم) تەماشا بکرێت، بەڵام لە ژێر ناوی "هەرێمی کوردستان"، بەشەکانی دیکەی عێراق وەکو خۆیان بمێننەوە و پەرلەمانێکی فیدڕاڵی بە دوو ئەنجومەن دروست نەکرێت.

پەرلەمانی کوردستان وەکو نوێنەری گەلی کوردستان دەسەڵاتی پەسندکردن و ڕەتکردنەوەی پڕۆژەی دەستووری عێراقی هەیە، چ بە بەکارهێنانی مافی چارەنووسی گەلی کوردستان، یان بەپێی پەرەگرافی (ج)ی بەندی ٦١ی قانوونی کاتی دەوڵەتی عێراق. بە پێچەوانەوە، گەر دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنچینەی ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە بێت، دەبێ هەردوو لایەنی سەرەکی بکەونە گفتوگۆ و دانوستان بۆ ڕێککەوتن لەسەر بنەما و وردەکاریەکان.

لێرە بەرپەرچی ئەو بۆچوونەمان بەوە دەدرێت کە لە قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە چارەسەری کێشەی چەسپاندنی ڕای زۆرینە بەسەر کەمینەدا کراوە، چونکە لە بڕگەی (ج)ی بەندی ٦١ی ئەو قانوونەدا مافی ڕەتکردنەوەی پڕۆژەی دەستووری عێراقی داوە بە زۆرینەی (دوو لەسەر سێی) دانیشتوانی سێ پارێزگا، ئەگەر ئەو پڕۆژەیان بە دڵ نەبوو. هەموو ئاگادارین کە گرووپی شیعە لە ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق تێکڕا هەوڵی سڕینەوەی ئەو پەرەگرافەیان دەدا لەو قانوونە، کار گەیشتە ڕادەی هەڕەشەکردن بە کشانەوە لەو ئەنجومەنە، بەڵام ئەم بەندە چارەسەری کێشەکە ناکات لەبەر دوو هۆ:

یەکەم، لەبەر ئەوەی ئەو گرووپە کە لە ئەنجومەنی حوکمڕانی هەڕەشەی کشانەوەیان لەو ئەنجومەنە دەکرد لەبەر ئەو پەرەگرافە، ئەمڕۆکە زۆرینەی دەنگی خەڵکی عێراقیان بەدەستهێناوە و گەورەترین لیستی ناو ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی پێکدێنن، هەروەها هیچ زەمانەتێك نییە کە ئەو خەڵکانەی دەنگیان بۆ داوە لە کاتی ڕا وەرگرتن لەسەر پڕۆژەی دەستووری ئایندەی عێراق دەنگی بۆ بدەنەوە، ئەگەر داواکارییەکانی گەلی کوردستانی تێدا چەسپێندرابوون. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کە کولتووری بەعس ڕیشەی داڕشتووە لەناو مێشکی ملیۆنەها خەڵکی

عێراق، چونکە پتر لە (٣٠)ساڵ بەو کولتووورە پەروەرکراوە. ئەم ڕاستییە تاڵە ئەو کەسانە زیاتر هەستی پێدەکەن کە کار لەگەڵ پاشماوەکانی ڕژێمی بەعس لەناو دەزگاکانی دەوڵەتیدا کاردەکەن. لە ماوەی کارکردنمان لە دەستەی باڵای هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە هەستمان بەو ڕاستییە تاڵە دەکرد.

بەپێی قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی عێراق، پڕۆژەی دەستووری هەمیشەیی دەبێ بۆ ناوەڕاستی مانگی ئاب ئامادەبکرێت، بەڵام هەموو لایەك هەست بەو ئاستەنگانە دەکەن بوونەتە کۆسپ لەبەردەم ئەنجامدانی ئەو کارە لەو ماوە کورتەدا. هەروەها بڕگەی (ج) لە بەندی (٦١)ی ئەو قانوونە مافی ڤیتۆی بە دانیشتوانی دوو لەسەر سێی سێ پارێزگاکان داوە ئەو پڕۆژەی دەستوورە ڕەتبکەنەوە، ئەگەر بە دڵیان نەبوو. زۆرینەی خەڵکی کوردستان کە تا ئێستا دوو جار دەنگیان بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان داوە، بێ دەنگ نابن ئەگەر ئەو پڕۆژەی دەستوورەی عێراق هەموو مافەکانی گەلی کوردستانی تێدا نەچەسپێندرابن. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت ئەمڕۆکە لە هەرێمی کوردستان دەزگا شەرعییەکان خاوەن دەسەڵاتن، پەرلەمان و حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان، دەبێ لەسەر بنچینەی "موئەسەساتی" دابمەزرێتەوە و داواکارییەکانی ئەو خەڵکانەی دەنگیان بۆ ئەو پەرلەمانە داوە جێبەجێ بکرێن. پەرلەمانی هەرێم کە نوێنەری شەرعی خەڵکی کوردستانە دەبێ داواکارییەکانی ئەو خەڵکە لە دەستوورێکی تایبەت بە هەرێم دابڕێژێت و بڵێت ئەمەیە داواکارییەکانی گەلی کوردستان. ئەگەر لایەنی بەرامبەر ئەو داواکارییانەی خەڵکی کوردستان قبووڵکرد، ئەوا لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە فیدراڵییە دیموکراسییە فرە نەتەوەییەدا دەمێننەوە، ئەگەر قبووڵی نەکەن جارێکی تر لەشکرکێشی ناکرێتە سەر کوردستان بۆ قەتل و عام کردنەوەی گەلەکەی. پەرلەمانی کوردستان نابێ تەماشاکەربێ و چاوی لە بەغدا بێ لەوێ چیمان پێ دەدرێ و چی قبووڵ ناکرێت. ئەم پەرلەمانە دەبێ ڕاستگۆ بێت لەگەڵ ئەو خەڵکانەی دەنگیان بۆ داوە بە چەسپاندنی مافەکانیان لە دەستوورێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان. ئەم داواکاریەی پەرلەمانی کوردستان دەبێتە پشتگیری بۆ گرووپی کوردستانی لەناو

ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی، بەم چەشنە چەسپاندنی مافەکانی گەلەکەمان لە دەستووری هەرێم دەبنە هۆی چەسپاندنیان لە دەستووری عێراقدا.

گرووپی کوردی لە ئەنجومەنی حوکمڕانیکردنی عێراق لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٣ وە کەوتوونەتە ناو داوی ئەو تاقمە کەسانەی لە دەوروبەری سیستانی کۆبوونەتەوە. ئەو تاقمە هەرگیز باوەڕیان بە دیموکراسییەت و ئالیەتەکەی کە هەڵبژاردنی ئازادە نەبووە، بەڵام لە سەرەتاوە پرۆسەی هەڵبژاردنیان کردووە بە ویردی سەر زمانیان. ئەو هەڵبژاردنەی داوای ئەنجامدانی دەکەن و باس لە "تەوافوق" دەکەن، بە ڕێککەوتنی لایەنە سەرەکییەکانی ناو ئەو ئەنجومەنە لەسەر شێوەی دیاریکردنی حکوومەت و شێوەی داڕشتنی پرۆژەی دەستوور، ئەگەر ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە بە شێوەی ئێستای نەبووایا، داوای هاوکارییان نەدەکرد لە کورد.

دوو فاکتەری دی لە ئارادان، پێویستە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردی ڕەچاویان بکات، یەکەمیان، قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقە بۆ ماوەی گواستنەوە کە چەند بەندێکی تێدایە لەبارەی چۆنیەتیی دیاریکردنی سەرکردەکانی دەزگا سەرەکییەکان لە عێراق، کە پێویستە دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق دەنگ بۆ ناولێنانیان بدەن. فاکتەری دووەم، پەیوەندی بە سەنگی گرووپی کوردستانیەوە هەیە لەناو ئەنجومەنی ئایندەی عێراقدا، چونکە سوننەی عەرەب لە هەڵبژاردنی ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بەشدارییان نەکرد، بەڵام لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بەشداری دەکەن کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی سەنگی کورد لە ناو ئەو ئەنجومەنە. فاکتەری دووەم پەیوەندی بە چۆنیەتیی بەشداریکردنی لیستی کوردستانیەوە هەیە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا. لە هەڵبژاردنی ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ هەموو خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسیەکانی پێکەوە دەنگیان بۆ یەك لیستی کوردستانی دا، ڕەنگبێ ئەم هاوکارییە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بەو چەشنە نەبێت. هەموو دەزانین پێشترو ئێستاش زۆربەی لایەنە سیاسیەکانی عەرەبی بە شیعە و سونەوە یەك دەگرن کاتێ کار دەگاتە سەر داواکارییەکانی گەلی کوردستان، ئەگەر گرووپی کوردستانی ئەمڕۆکە سەنگێکی تایبەتی هەبێت لەناو ئەنجومەنی

نیشتمانی عێراقی و  ژمارەی نوێنەرانی سوننەی عەرەب لەو ئەنجومەنە کەم بن، ڕەنگبێ لە ئەنجومەنی داهاتوودا بەو شێوەیە نەبێت. مەبەست لەبەرچاوخستنی ئەم ئەگەرانە ئەوەیە لایەنی کوردستانی دەبێ هەوڵی چەسپاندنی مافەکانی گەلەکەمان بدات لە دەستووری ئایندەی عێراقدا، پێش ئەوەی ئەو فاکتەرانە، یان بەشێکیان ڕووبدەن و ببنە تەگەرە لە بەردەم بەدەستهێنانی مافەکانمان.

١٨ ی نیسان ٢٠٠٥

# گۆڤاری (کاروان) چەند پرسیارێك ئاراستەی د. نووری تاڵەبانی دەکات لە ١٤حوزەیرانی ٢٠٠٤

گۆڤاری (کاروان) چەند پرسیارێکی ئاراستەی دکتۆر نووری تاڵەبانی کردووە لەبارەی قانوونی کاتیی دەوڵەتی عێراق و کاریگەریی لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی ئەمڕۆی عێراق و کوردستان، ئەمە دەقی ئەو پرسیار و وەڵامەکانن:

پرسیاری یەکەم: پێتوایە قانوونی کاتیی عێراق دەبێتە هۆی بنەما و ڕاگرێك کە توانای ڕاگرتنی کۆڵەگەکانی دیموکراسییەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستمێکی عیلمانی هەبێت؟

وەڵام: سەرەتا پێتان ڕادەگەیێنم وشەی "یاسا" وشەیەکی تورکی مەغۆلییە، "قانوون" وشەیەکی یۆنانی کۆنە لە "کانۆنیمۆس"ەوە هاتووە. وشەی "کەنۆن" ئێستاش لە قانوونی کەلێسەدا بەکاردێت. کۆمەڵێك وشەی قانوونی بەهەڵە کەوتوونە ناو زمانی کوردی لە ئاکامی وەرگێڕانیان بە دەقاودەقی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، ئەو هەڵانە دەبێ زوو چاك بکرێن تاکو لەناو زمانەکەماندا جێگیر نەبن.

قانوونی بەڕێوەبردنی کاتیی دەوڵەتی عێراق کە لە لایەن ئەنجومەنی حوکمڕانیی عێراق لە هەشتی ئاداری ٢٠٠٤ پەسندکرا، دەستوورێکی کاتییە و بەردی بناغەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقە. ئەم قانوونە ڕێگا خۆشدەکات بۆ بنیاتنانی سیستمێکی دیموکراسی و دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراق، ئەگەر بە باشی جێبەجێ بکرێت لە لایەن حکوومەتی تازەی عێراقەوە. بەراوردکردنی بەندەکانی ئەم قانوونە لەگەڵ ئەوپرنسیپانەی لە دەستووری چەند دەوڵەتێکی ناوچەکەدا هاتوون، قانوونی بەڕێوەبردنی کاتیی عێراق بە پێشکەوتووتر دەدرێتە قەڵەم. بەندەکانی کە پەیوەندییان بە مافە دەیموکراسی و ئازادییە گشتییەکان و مافەکانی ژنان و مرۆڤـەوە هەیە، لەگەڵ ماددەی چوارەمی قانوونەکە، کە باس لە سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق دەکات کە "سیستمی حوکم و فیدراڵی و فرەییە و دەسەڵاتەکان لە نێوان حکوومەتی فیدڕاڵی و حکوومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانی و

ئیدارە خۆجێیەکان دابەش دەکرێن"، بەرچاوترین بەندی ئەم قانوونەیە. بەندی چوارەمی کە باس لە فیدراڵیەت دەکات، لە دەستووری دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو نەبێت، کە تەنیا دەوڵەتی فیدراڵییە لە ناوچەکە، ماددەی دوانزدە، باس لە یەکسانی هاوڵاتیان دەکات لە بەردەم قانووندا و ماددەی سێزدە بە درێژی باس لە مافە گشتی و تاکە کەسییەکان دەکات، بە تایبەتی ئازادیی هاتوچۆکردن و چوونە دەرەوەی عێراق، لەگەڵ ئازادیی خۆپیشاندان و مانگرتن و ئازادیی بیرکردنەوە و ویژدان و بیروباوەڕی ئایینی. ئەم پڕەنسیپانە لە دەستووری دەوڵەتانی ناوچەکەدا نووسراون، بەڵام لە قانوونی بەڕێوەبردنی کاتیی عێراقدا بە شێوەیەکی ڕوونتر داڕێژراون. لە یەکی حوزەیراندا حکوومەتێکی نوێ لە عێراق دامەزرا، کە بەرپرسیار دەبێت لە جێبەجێکردنی ئەم قانوونە، پرسیار لەوەدایە، ئایا ئەم حکوومەتە دەتوانێ چارەسەری مەسەلەی کورد بکات بەو جۆرەی لەو قانوونەدا هاتووە و دەستنیشانکراوە، بە تایبەتی کێشەی نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی تەعریب لە کەرکوك و ناوچە تازە ئازادکراوەکانی تری کوردستان؟ چونکە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بایەخێکی تایبەتی هەیە لەلای هەموو گەلی کوردستان.

سەرۆکی حکوومەتی تازەی عێراق، بەپێی ئەم قانوونە دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە و دەتوانێت ڕۆڵی سەرەکی ببینێت لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و کێشەکانی دی لەنێوان دەزگاکانی کوردستان و حکوومەتی عێراق، کەواتە پێویستە تەماشای ڕێباز و ڕەفتاری سیاسی کۆن و تازەی بکەین تاکو بە شێوەیەکی بابەتییانە وەڵامی پرسیاری سەرەوە بدەینەوە. سەرۆکی حکوومەتی ئێستای عێراق، تا سەرەتای ساڵەکانی حەفتاکان ئەندامێکی چالاکی حیزبی بەعس بووە، پاشتر کە ڕێکخراوی "ویفاق"ی دامەزراندووە، هەموو هەواڵان و ئەندامانی ڕێکخراوەکەی کۆنە بەعسی بوون. لە پاش نەمانی ڕژێم هەمیشە داوای کردووە سوپای عێراق و دەزگاکانی ئەمن و موخابەرات دروست بکرێنەوە، تەنیا مەرجی دانابێت بۆ ئەم داواکارییە دوورخستنەوەی گەورە بەرپرسانی پێشووی ئەو دەزگایانە بووە. لێکدانەوەی رابردووی مرۆڤـی سیاسی کارێکی پێویستە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری ئێستای،

ئەگینا تووشی هەڵە دەبین، وەکو ئەو هەڵانەی چەند جار دووبارە و سێ بارە بوونەتەوە، کورد داوای نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوك و ناوچە تازە ئازادکراوەکانی تری کوردستان دەکات بەپێی ماددەی شەشی قانوونی بەڕێوەبردنی کاتیی عێراق، کە باس لە "سڕینەوەی ئاسەواری ئەو کارە سەرکوتکەرانەی ڕژێمی پێشوو دەکات، کە بریتی بوون لە ڕاگوێزانی زۆرەملێ". حکوومەتی عێراق و سەرۆکەکەی لەبەردەم تاقیکردنەوەی گەورەدان لەبارەی چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کە ماددەی شەش باسی دەکات.

چەند ڕۆژێك پاش دامەزراندنی حکوومەتی تازەی عێراق، بڕیاری نەهێشتنی میلیشای چەکدارەکان درا، کە بڕیارێکی چاکە و پێویستە هەموو لایەك پشتگیری لێ بکات. بەڵام ناولێنانی پێشمەرگە بە میلیشیا ڕەتدانەوەیەکی خراپی لای خەڵکی کوردستان پەیداکرد، بۆیە سەرۆکی حکوومەتی عێراق ناچاربوو پەشیمانیی خۆی دەربڕێ لەوەی پێشمەرگەی بە میلیشیا ناو بردبوو. بە درێژایی زیاتر لە هەشتا ساڵ ڕەفتاری پڕ لە پێچوپەنای زۆربەی حکوومەت و کاربەدەستە عێراقییەکان وای لێ کردووین باوەڕمان بە قسە و کردەوەکانیان نەبێت. زۆر جاران خەریکی کاری دوژمنکارانە بوون، بەڵام کە هەستیان کردبێت بۆیان ناچیتە سەر، بە ناچاری پەشیمانیی خۆیان دەربڕیوە، ئەوەش دەلیلی نیاز خراپییە. بەشی زۆری ئەو حکوومەتانە باوەڕیان بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد نەبووە لە ڕێگای دانیشتن و گفتوگۆوە. دەتوانین چەندەها نموونەی تازە بخەینە بەرچاو بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەمان. زۆربەی لایەنە سیاسیەکانی موعارەزەی عێراقی هەمان ڕەفتاریان هەبووە، بۆیە پێویستە کورد وریا بێت و بەهەڵەی تازەدا نەڕوات، خۆش باوەڕیی سەرانی کوردی چەندین جار تووشی گەمەی سیاسی کردوون، ئومێدەوارین ئەمجارە دووبارە نەبێتەوە چونکە زۆر بەگرانی لەسەر کورد و خودی سەرکردەکان ڕادەوەستێ.

لەبارەی پرسیاری دەستنیشانکردنی ئایینی ئیسلامی پیرۆز بە ئایینی ڕەسمی دەوڵەتی عێراق، وەکو لە ماددەی حەوتەمدا هاتووە، پێویستە ئاگادار بین کە

"عیلمانییەت" لە وڵاتی ئێمەدا بەو جۆرە تەماشا ناکرێت کە لە وڵاتانی ڕۆژاوادا سەیری دەکەن. عیلمانییەت لە ڕۆژاوا، لە ئاکامی گێروگرفتێکی زۆر لەگەڵ کلێسە پەیدابووە، ئەو گێروگرفتانە لە وڵاتانی ئێمەدا سەریان هەڵنەداوە، زۆربەی خەڵکی خۆمان پەیوەندییەکی ڕوحیی توندیان لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا هەیە.

لە دەستووری چەند دەوڵەتێکی عیلمانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیسلام بە ئایینی ڕەسمی دانی پێدانراوە، وەکو دەستووری ئوردن و سوریا و تونس و مەغریب. لە قانوونی بەڕێوەبردنی کاتیی دەوڵەتی عێراق ئیسلام ئایینی ڕەسمییە، بەڵام دوو پرەنسیپی تر لە قانوونەکەدا چەسپێنراون لە دەستووری ساڵی ١٩٢٥ و لە دەستوورەکانی پاش ١٩٨٥ نەبوون، یەکەمیان دانانی شەرعیەتیی ئیسلام بە یەکێك لە سەرچاوەکانی قانووندانان بەپێی دەستوور، دووەمیان نابێ لە قۆناغی ڕاگوازتندا ئەو قانوونەی دادەنرێن نەگونجاوبن لەگەڵ (سەوابتی) ئیسلامدا کە ئیجماعیان لەسەرە. لایەنە مەزهەبیەکانی ناو ئەنجومەنی حوکمڕانیی عێراق هەوڵێکی زۆریاندا لە کاتی ئامادەکردنی قانوونی بەڕێوەبردنی کاتیی عێراق شەریعەتی ئیسلام وەکو سەرچاوەی سەرەکی بۆ قانووندانان لە عێراق قبووڵ بکرێت، بەڵام سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، ئەو گرووپانە وایان پیشاندا کە بۆچوونیان یەکە لەبارەی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام، بەڵام لە ڕاستیدا جیاوازییێکی زۆر هەیە لە نێوانیاندا. کۆمەڵێك بنەما هەیە بەلای یەکێك لەو دوو مەزهەبە بە (سەوابت) دەدرێنە قەڵەم، بەڵام بەلای مەزهەبەکەی تر بەوچاوە تەماشا ناکرێن. هەردوولا هەوڵدەدەن ماددەیەك بەو مانایە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بچەسپێنن، کە دەبێتە هۆی ناکۆکی پەیداکردن و لە یەك مەزهەبدا بوونەتە هۆی دوور کەوتنەوەیان لە یەکتر و ئەو برینانە کۆنن زوو سارێژ نابن. هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی ئەوقاف لە پاش نەمانی ڕژێمی بەعس لەسەر داوای لایەنی شیعە بوو، کە یەکێکە لە ئاکامەکانی ئەو جیاوازییەی لە نێوانیاندا هەیە.

گرفتی گەورە لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا لەوەوە پەیدابووە کە باوەڕیان بە دیموکراسییەت نییە و "کۆمەڵگەی مەدەنی" بە "بیدعە" دەزانن، گەر کاریان بە

دیموکراسییەت هەبێت، باسی دەکەن و دەڵێن پڕنسیپەکانی پێشێڵ دەکرێن، بەڵام کە کاریان پێی نەما، بە تایبەتی پاش ئەوەی دەگەنە سەر حوکم، پێشێلی پڕنسیپیەکانی دەکەن، ڕەفتار و کردەوەکانیان لە چەند وڵاتێکدا لە ساڵانی رابردوودا ئەم ڕاستییەی بۆ هەموو لایەك سەلماندووە.

پرسیاری دووەم: ئەو گەشبینەی گرووپی کوردی دەریخستووە دەربارەی ئەو قانوونە سەرچاوەکەی لە کوێوە هاتووە؟

وەڵام: چاکترە پرسیارەکەتان ئاراستەی خۆیان بکەن! سەرچاوەی گەشبینیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەسکەوتانەی لەو قانوونەدا بە دەستیان هێناوە، کە ئاماژەمان بۆ بەشێکیان کرد. لەو قانوونەدا چەند پڕنسیپێکی چاك هەیە بە نیسبەت کورد و هەردوو دەسەڵاتداری کوردستانەوە، چونکە شەرعیەتی بە دەزگاکانیان داوە، هەرچەندە قانوونەکە باس لە یەك ئیدارە دەکات. قانوونەکە باس لە فیدراڵیەت دەکات "لەسەر بناغەی فاکتەری جوگرافی و مێژوویيەکان"، بەلای کوردەوە دەکرێت سنووری هەرێمی کوردستان لە عێراقی فیدراڵدا بەپێی فاکتەرە جۆگرافی و مێژوویيەکان دەستنیشان بکرێت، بەڵام لایەنە چەپەکانی عێراقی و هاوپەیمانانیش بەو شێوەیە تەماشای مەسەلەکە ناکەن، چونکە بە ڕوونی لە قانوونەکەدا یەکلایی نەکراوەتەوە، ئەگەری ئەوە هەیە ئەمجارەش گەمەیێکی سیاسیی ترمان لەگەڵدا بکەن، ئاکامی جارێ بەدەر ناکەوێت، قسەی خۆشی زۆرمان بیستووە بەڵام بەڵگە و دۆکیمەنت بەدەستەوە نییە، گەر هەبێت هەر بەیاننامەی گشتییە لە کۆتایی کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بڵاوکراونەتەوە. چەندەها جار لایەنە سیاسییە عێراقیەکان بە کردەوە و بە قسە پەشیمان بوونەتەوە لەوەی پێشتر ددانیان پێداناوە، قسەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و بریتانیا و وتەبێژی حکوومەتەکانیان بە دۆکیمەنت نادرێنە قەڵەم، هەروەها باری ناتەواوی ناو ماڵی کورد دەورێکی سەرەکی هەیە کە بە جددی حیساب بۆ کورد ناکرێت، هەرچەندە ئێستا سەنگی سیاسی لە هەموو لایەنەکانی سیاسیی تری عێراقی قورسترە.

لەگەڵ زۆربەی لایەنە سیاسیەکانی عێراقدا تەجروبەمان هەیە و ئاگاداری بۆچوونەکانیانین لە بارەی داوا ڕەواکانی گەلی کوردستان، بەڵام لەبەر ئەوەی هەڵوێست وەرنەگیراوە بەرامبەر ئەو لایەنانەی دژ بە داواکارییەکانی گەلەکەمان ڕاوەستان، هەڵوێستی خۆیان نەگۆڕیوە. لە کۆنفرانسێکدا لە بەرلین بەسترا لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٢ دا لەبارەی مەسەلەی کەرکوک، داوام لە لایەنە سیاسییە کوردیەکان کرد هەڵوێستی خۆیان دیاری بکەن بەرامبەر ئەو لایەنانەی بەرامبەر دواڕۆژی کەرکوک دیاری ناکەن.

قانوونی بەڕێوەبردنی کاتیی دەوڵەتی عێراق، زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمی لە عێراق قەبووڵ کردووە، بەڵام جارێ بەرنامە دانەنراوە بۆ چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەم ماددە قانوونییە لەسەر ئاستی عێراق، لە کاتێکدا لەناو بەشێکی زۆر لە دەزگاکانی هەرێمی کوردستاندا ئێستاش هەر زمانی عەرەبی بەکاردێت!

ئەم قانوونە لە ماددەی ٥٣ دا ددانی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا ناوە لەسەر ئەو ناوچانەی تا ١٩ی ئاداری ٢٠٠٣ لەژێردەسەڵاتی کورد بوون، واتە ئەو ناوچانەی لەو ڕۆژەدا سەر بە پارێزگاکانی  کەرکوك و مووسڵ و دیالە بوون، جگە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك. هەر بەپێی ئەو قانوونە ناکرێت دەستکاری سنووری ئیداری هیچ پارێزگایەك بکرێت لە لایەن حکوومەتی کاتیی عێراقەوە، بەم شێوەیە ناوچەیەکی زۆر لە کوردستانی تازە ئازاد کراو تا ئێستا نەخراوەتە سەر سنووری هەرێمی کوردستان. لەکاتی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی تازەی عێراق هاوپەیمانان داوایان لە سەرکردەکانی کورد دەکرد داوای پۆستی سەرەکی نەکەن! لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەر کورد زەرەرمەند بوو.

پرسیاری سێیەم: بۆچی نێوەندی بزووتنەوەی نەتەوایەتی عەرەب و حەوزەی نەجەف و وڵاتانی دەوروبەر دژی ئەو قانوونە کاتییەی عێراقن، ئایا ترسەکە لە کوردە، یا لە خودی دیموکراسییەتە؟

وەڵام: هەڵوێستی ئەو لایەن و گرووپ و دەوڵەتانە هەمیشە دژ بە کورد بووە و هەوڵیشیان داوە بە کەمترین مافی خۆیان نەگەن. ئەو لایەن و دەوڵەتانە دژی

دیموکراسییەت بوون، چونکە باوەڕیان پێی نییە. قانوونی بەڕێوەبردنی کاتیی عێراق ددانی ناوە بە چەند مافێکی ڕەوای گەلی کوردستان، بەڵام ئەو لایەن و دەوڵەتانە ئەوە بە تێپەڕکردنی هێڵی سوور دەدەنە قەڵەم و هەوڵدەدەن ئەو قانوونە سەر نەگرێت و هەڵوەشێتەوە، نامە کراوە پڕ لە هەڕەشەکەی سیستانی بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش و قسەکانی جێگری سوپاسالاری تورکیا و وەزیری دەرەوەی ئەو دەوڵەتە، لەگەڵ ئەو قسانەی لە کەناڵە عەرەبیەکاندا دەیانبیستین هەموویان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە تێکڕا دژ بە کەمترین مافی گەلی کوردستانن. لایەنە سیاسیەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی عەرەب و حەوزەی نەجەف و دەوڵەتانی دەوروبەرمان باوەڕیان بە بوونی کورد نییە وەکو گەلێکی خاوەن خاکی تایبەت بە خۆی. ئەو قانوونە ددانی ناوە بە بەشێك لە مافەکانی گەلی کوردستان، بۆیە هەوڵی پووچەڵکردنەوەی دەدەن. لە سەرەتادا کەوتنە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی بێ بنەما دژ بەو قانوونە گوایا ڕێگاخۆش دەکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی! تاقمە مەزهەبیەکانی سەر بە حەوزەی نەجەف لە ئەنجومەنی حوکم هەوڵێکی زۆریاندا، گەیشتە ڕادەی هەڕەشەکردنی خۆکشانەوەیان لەو ئەنجومەنە بۆ ئەوەی قانوونەکە ئیمزا نەکرێت. بەشێك لە دەوڵەتانی ناوچەکە هاوکاریی ڕژێمی بەعسیان دەکرد لە جێبەجێکردنی سیاسەتی سەرکوتکەرانە و لەناوبردنی گەلەکەمان، ئەو دەوڵەتانە ددانیان بە کەمترین مافی کورد نەناوە و دژ بە دیموکراسییەتن، ڕۆژانە مافەکانی مرۆڤـ لە وڵاتەکانی خۆیان پێشێل دەکەن. لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوچەکە و نێو دەوڵەتیش، هەموو توانای خۆیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە کەمترین مافی خۆیان نەگەن.

عێراق لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە لە ژێر دەسەڵاتی حیزبە نەتەوایەتیەکانی عەرەبی بووە: لەو ساڵانەدا گەورەترین کارەسات بەسەر گەلەکەماندا هاتووە، ئیتر چۆن دان بەکەمترین مافی گەلی کوردستاندا دەنێن؟ حەوزەی نەجەف تەنیا جارێك بە دەنگ هاتووە لەسەر ئەو جینۆسایدەی بە کورد کراوە، ئەویش لە فەتوایەکی موحسن حەکیم، کە دژ بە سیاسەتی تایفەگەری عەبدوسەلام عارف بوو. ئەو لایەن و

دەوڵەتانە چەند لە کورد دەترسن ئەوەندە لە دیموکراسییەت سڵ دەکەنەوە، بە تایبەتی لەم ماوەدا کە باس لە چاکسازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دەکرێت.

پرسیاری چوارەم: ئەم واقیعەی کوردستان کە خۆی لە دوو ئیدارە دەبینێتەوە ئایا کێشە بۆ دواڕۆژی داخوازییەکانی گەلی کوردستان دروست ناکات؟

وەڵام: ئەم دوو ئیدارییە لە ئاکامی شەڕی نێوخۆیی لە نێو هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان پەیدابووە. هەرچەندە قەوارەیەکی سیاسیمان هەیە، بەڵام دابەشکراوە بەسەر دوو ئیدارەدا، کە مانەوەی نائاساییەو بە پێچەوانەی بوونی یەك پەرلەمانە. باری عێراق و کوردستان لە پاش نەمانی ڕژێمی بەعس واقعێکی تازەی دروستکردووە، پێویستە کورد خۆی لەگەڵیا بسازێنێ تاکو سوود لەم بارە تازە وەربگرێت. لەو باوەڕەدام ئەگەر لە کاتی ئامادەکردنی قانوونی بەڕێوەبردنی کاتیی عێراق، پاشتر لە کاتی ناولێنانی دەستەی سەرۆکایەتیی عێراق و حکوومەتی عێراق، ئەگەر ئیدارەیەکی یەکگرتووی پتەو لە هەرێم هەبوایا، کورد دەستکەوتەکانی زیاتر دەبوون لەناوچە تازە ئازادکراوەکانی کوردستان. کورد ئێستا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە گونجاو بێت لەگەڵ سەنگی ڕاستەقینەی لە ناوچەکە، چونکە یەکگرتوو نییە. ئێستا کەرکوك بەهۆی ناتەبایی نێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە و بوونی دووبەرەکی، لە بارێکی زۆر خراپدایە. جاران لەبەر سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی بەعس، کوردی کەرکوك هەموویان یەکبوون، بەڵام ئێستا بەهۆی سیاسەتی ئەو دوو حیزبەوە دووبەرەکی لە نێوانیاندا پەیدابووە.

قانوونی بەڕێوەبردنی کاتیی عێراق باس لە یەك ئیدارە دەکات، ئەگەر لەم ماوە کەمەی ماوە هەردوو ئیدارەکە نەبێتەوە بە یەك، باری کوردستان وەکو باری ناوچەکانی تری عێراق تەماشا دەکرێت.

پرسیاری پێنجەم: چی بکەین بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانەی کە نەمانتوانیوە لە قانوونی کاتیدا بە دەستیان بهێنین و لە دەستووری هەمیشەیی قەرەبووی بکەینەوە؟

وەڵام: لەسەرەتاوە داوامان کردووە پرۆسەی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری عێراق دوانەخرێت. بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٣، یاداشتێکم

پێشکەش بە سەرکرادیەتیی هەردوو حیزبی سەرەکی کوردستان کرد. فەتواکەی سیستانی بووە هۆی ئەوەی پرۆسەی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری عێراق دوابخرێت بۆ پاش هەڵبژاردن، کە بە زەرەری کورد شکایەوە. ئێستا نازانین ئەو لیژنەی خەریکی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری عێراق دەبێت بە چ شێوەیەك دەستنشیان دەکرێت. لایەنە مەزهەبیەکان دەمێکە خەریکی خۆ ئامادەکردنن، بە ئومێدی ئەوەی بتوانن دەست بەسەر ئەو لیژنەیە بگرن و بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت پرۆژەی دەستوورەکە دابرێژن. تا ئێستا هیچ زەمانەتێك بەدەستەوە نییە بتوانێ دارشتنی مافەکانی گەلی کوردستان لەو دەستوورەدا مسۆگەر بکات. وەکو ئاگادارن باس لەوە دەکرێت پرۆژەی ئەو دەستوورە لە رێگای ریفراندۆمەوە پەسند بکرێت لە لایەن هەموو گەلی عێراقەوە، ئەوەش کارەکە ئاڵۆزتر دەکات.

١٤ ی حوزەیرانی ٢٠٠٤

# تێبینییەکانم لەبارەی ڕەشنووسی دەستووری عێراق لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لە ئابی ساڵی ٢٠٠٥

لە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ٢٤ی ئابی ٢٠٠٥ بەسترابوو بۆ کۆڵینەوە لە بارەی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق، لە ٢٢ی ئەو مانگە لەلایەن هێزە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق و کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقییەوە پەسند کرابوو، ژمارەیەك لە پەرلەمانتارانی کوردستان ڕاو سەرنجی خۆیان دەربارەی ئەو ڕەشنووسە دەربڕی. دکتۆر نووری تاڵەبانی قانوونزانی ئەکادیمی و شارەزا لە بواری دەستووردا کە لە ساڵی ١٩٩٢ دا ڕەشنووسی دەستوورێکی بۆ هەرێمی کوردستانی ئامادەکردووە، یەکێك بوو لەو پەرلەمانتارانەی ڕاشکاوانە و بە وردی ڕاو بۆچوونی خۆی دەربڕی، لێرە دەیانخەینە بەر چاو.

سەرەتا دوکتۆر نووری تاڵەبانی دەستخۆشی و ماندوونەبوونی لە شاندی کوردی کرد و گوتی خۆشبەختانە وەك تیمێکی یەکگرتوو کاریان پێکەوە دەکرد بەرامبەر نوێنەرانی چەند لایەنێکی سیاسیی عێراقی، کە بەشی زۆریان عرووبەوی و مەزهەبیی توندڕەو بوون. پاشان گوتی ئەم ڕەشنووسە کە ئەمڕۆ لێی دەکۆڵینەوە، تەنیا سەعاتێك پێش ئەم کۆبوونەوە بە دەستمان گەیشتووە، بۆیە ڕا و بۆچوونەکانمان لاوەکی دەبن، بە ئومێدی ئەوەی پاشان بە شێوەیەکی وردتر لێی بکۆڵینەوە.

دکتۆر نووری تاڵەبانی سەبارەت بە (پێشەکی) واتە (دیباجەی) ئەو ڕەشنووسە گوتی، لەوە دەچێت لەلایەن ئاخوندێکی مەزهەبییەوە نووسرابێت، کەسێك کە بڕوای بەو بۆچوونە بێت کە دەڵێ "العراق واحد موحد منذ الازل"! نووسەری دیباجەکە هەوڵی داوە ئەم بۆچوونەی بسەپێنێ لە کاتی داڕشتنی "دیباجە"کە. هەر لەو دیباجەدا چەند وشەیەك وەك "ئینتیفازەی شەعبانی" و "مەرجیعیەتی ئایینی" کە لە لێرەدا لەجیاتی "مەرجەعیەتی مەزەبی" دەخوێندرێتەوە، بەدی دەکرێن. هەروها وشەی "سەرکردایەتیی ئایینی" پێش "سەرکردایەتیی سیاسیی نیشتمانی" خراوە، بە

مەبەستی ئەوەی سەرکردایەتیی مەزەبی هەبێت، لە چەشنی سیستمی "ویلایەتی فەقیە". گەر تەماشای ماددەی ١٠ بکەین کە باس لە "مەقاماتی دینی" دەکات وەك "قەوارەیەکی ئایینی و حەزاری"، ئەویش دەبێ بە "مەقاماتی مەزەبی" بخوێندرێتەوە. لە دیباجەکەدا بە درێژی باس لەو زوڵمانە کراون کە ڕژێمی بەعس لە شیعەی عێراقی کردوون، هەموویان ڕاستن، بەڵام کە باس لەو زوڵمانە دەکات کە دژ بە گەلی کوردستان ئەنجامدراون و گەیشتوونەتە ڕادەی جینۆساید، تەنیا ناوی ئەنفال و هەڵەبجە و کوردە فەیلیەکانیان دێنێ، باس لە کاولکردنی زیاتر لە چوار هەزار گوند لە کوردستان ناکات. هەروەها ئاماژە بۆ سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی بۆ گۆڕینی باری دیموگرافی لە بەشێکی فراوانی کوردستان ناکات، بەڵام لە دیباجەکەدا ئاماژە بۆ ناوی گوندی "بەشیر"ی نزیك شاری کەرکوك کراوە کە دانیشتوانی تورکمانی شیعە مەوهەبن، هەروەك بڵێی ٧٧٩ گوند لە ناوچەی کەرکوك خاپوور نەکرابن. دیباجەکە بە شەرمەوە ئاماژە بۆ شێوەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق دەکات دەڵێ، "ئێمەی گەلی عێراق بە هەموو پێکهاتە و ڕەنگەکانیەوە ئازادانە و ئارەزوومەندانە بڕیاری یەکگرتنمان داوە". ئەم بڕگەیە باس لە یەکگرتنەوە لە نێو هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق دەکات، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکات کە دوو گەلی سەرەکی لەم دەوڵەتەدا هەن و خاکەکەی بەشێکی هی نەتەوەی عەرەبە و بەشەکەی دی هی نەتەوەی کوردە. کەسانێك دەڵێن ئەو دوو وشەیە لەگەڵ دوا بڕگەی دیباجەکە باس لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە و مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان دەکات. نازانین هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە؟ ئایا ئەو دوو وشەیە دەتوانین بەو شێوەیە لێکیان بدەینەوە؟ یان دەچینە خانەی (تحميل النص بمعنى لا يحتمله). پڕۆژەی ئەو دەستوورە کە لایەنی کوردستانی ئامادەی کردووە، لە ماددەی ٦١ دا ڕاشکاوانە دەڵێت: گەلی کوردستان مافی دیاریکردنی ئایندەی خۆی هەیە بە ڕێکخستنی ڕیفراندۆمێك بۆ دیاریکردنی باری دەستووریی خۆی، پاش تێپەڕبوونی هەشت ساڵ، یان ئەگەر یەکێك لەو حاڵەتانەی خوارەوە ڕوویدات، کە چوار حاڵەتن بە

ڕوونی دیاری کراون. ئایا مافێکی سەرەکی گەلی کوردستان کە پەیماننامەی (سێڤەر)ی نێو دەوڵەتی لە ساڵی ١٩٢٠ دا ددانی پێداناوە، دەشێ لەم دەستوورەدا بە دوو وشەی نادیار، کە هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق دەگرێتەوە، بە مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستانی بدرێتە قەڵەم؟

هەموو دەزانین شاندی کوردی لە دانوستانێکی زەحمەتی پڕ لە گرفت بوو لەگەڵ لایەنی بەرامبەردا، هەروا هەردوولا هەوڵیان دەدا بەپێی بنەمای "تەوافوق" ئەو ڕەشنووسە بنووسرێتەوە، بەڵام نابێ دوو وشەی تەرخانکراو بۆ هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق بە شێوەیەك لێکبدرێتەوە کە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستان بگرێتەوە. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حیزبی دەعوەی ئیسلامی، کە ئەندامی لیژنەی داڕشتنی ئەو ڕەشنووسەیە، ڕاشکاوانە لە وەڵامی پرسیارێك ئاراستەی کرابوو لە ئێوارەی ٢٥ی مانگی ئابدا، لە پەیڤینێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی"ئەلشەرقییە" وتی، ئەوان داوایان کردبوو لە ڕەشنووسەکەدا بنووسرێت عێراق بە خاك و گەلەوە یەك وڵاتە و شیاوی دابەشکردن نییە، بەڵام دەستیان لەو داواکارییەیان هەڵگرتبوو بەرامبەر ئەوەی لایەنی کوردستانی دەست لە داوای چەسپاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووس هەڵبگرێ، بۆیە هەردوو داواکارییەکە بەلاوە نرابوون.

لە ڕەشنووسەکەدا کۆمەڵێك لە داواکاریەکانی گەلەکەمان چەسپێندراون، وەك سیستەمی فیدراڵی کە بە "ئیتیحادی"ناوبراوە لە بەندی یەکەمدا، بەڵام ناوی دەوڵەتی عێراق بە "دەوڵەتێکی ئیتیحادی" نەبراوە، بۆیە پاش پەسندکردنی ئەو ڕەشنووسە ناوی دەوڵەتی عێراق نابێت بە (کۆماری عێراقی ئیتیحادی)، بەڵکو "کۆماری عێراق". بەپێی بەندی (٢)ی ڕەشنووسەکە ئایینی ئیسلامی ئایینی فەرمی و سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ قانووندانان، هەروها نابێ هیچ قانوونێك پەسندبکرێت گەر نەگونجاو بێت لەگەڵ حوکمە بنەڕەتیەکانی ئیسلامدا. بڕگەی (ب) لە هەمان بەند مەرجێکی دی داناوە کە نابێ قانوونێك پەسندبکرێت گەر بە پێچەوانەی پڕەنسیپەکانی دیموکراسی، یان لەگەڵ ئەو ماف و ئازادییە سەرەکییانە بێت لەم دەستوورەدا چەسپێندراون. داڕشتنی ئەم بەندە لە سەر شێوازی داڕشتنی

بڕگەی (ا)ی بەندی حەوتی قانوونی کاتی بەڕێوەبردنە. لە بەندی (٣)ی ڕەشنووسەکەدا هاتووە عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیی و فرە ئایین و مەزەبە و بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی و گەلی عەرەب لەم وڵاتە بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب. ئەم دەقە لە بڕگەی (ب) لە بەندی (٧)ی قانوونی کاتی وەرگیراوە، بەڵام لە ڕەشنووسەکەدا ئەوەی خراوەتە سەر، کە بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی، بەڵام بەشێك لەو داواکارییانەی تێدا نییە کە لەلایەن لیژنەی پشتگیری کردنەوە دیاریکرابوون، یەکێکیان ئەوەبوو گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە کە پێشتر لە چەند دەستوورێکی عێراقیدا هاتبوون. لە ڕەشنووسی دەستوورەکەدا هاتووە پەرلەمانی عێراق پێکدێت لە دوو ئەنجومەن: ئەنجومەنی نوێنەران (المجلس النیابی) و ئەنجومەنی "ئیتیحادی"، بەڵام بەشی زۆری دەسەڵاتەکان بە ئەنجومەنی یەکەم دراون کە ئەندامەکانی لەلایەن تێکڕای گەلی عێراقەوە هەڵدەبژێردرێن، وەك (کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی). دەبێ ئەو ڕاستییە لە بیر نەکرێت کە کورد لەو ئەنجومەنە هەر کەمینە دەبێت و ژمارەی ئەندامانی لە ژمارەی ئێستای ناو کۆمەڵەی نیشتمانی زیاتر نابێت، ئەگەر کەمتر نەبێت. دەسەڵاتی قانووندانان بەو ئەنجومەنە دراوە، هەروا دەستنیشانکردنی سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمیزی ئیتیحادی و سەرۆکی ئیدیعای گشتی و سەرۆکی چاودێری دادوەری بەو ئەنجومەنە دراوە، جگە لە دیاریکردنی سوپاسالاری عێراق و ئەنجومەنی وەزیران. هاوکاران و سەرکردەکانی تری لەشکری عێراق و سەرۆکی دەزگای موخابەرات، لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران ناودەنرێن. سەیر لەوەدایە لێپرسینەوە لە سەرۆك کۆمار بەو ئەنجومەنە سپێردراوە، کە توانای لابردنی لەسەر پۆستەکەی هەیە لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراودا، دەبوو ئەو دەسەڵاتە بە دادگایەکی تایبەت بدرێت، بەشی زۆری ئەندامانی دادوەر و قانوونزان بن. حکوومەتی ئیتیحادی لەلایەن ئەم ئەنجومەنەوە باوەڕی پێ دەدرێ، دەشتوانێ باوەڕی لێ وەربگرێتەوە. ئەنجومەنی ئیتیحادی هیچ ڕۆڵێکی پێ نەدراوە لەم بوارەدا. سەرۆك کۆمار لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە هەڵدەبژێردرێ، بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی، ئەنجومەنی ئیتیحادی بەشداری ناکات لە

هەڵبژاردنی نە سەرەك کۆمار و نە سەرەك وەزیران و وەزیرەکانی حکوومەتی ئیتیحادی. بە کورتی بەشی هەرە زۆری دەسەلاَتەکانی ناوەند بە ئەنجومەنی نوێنەران دراون و ئەنجومەنی ئیتیحادی تەنیا چەند دەسەلاَتێکی پێ دراوە تایبەتن بە هەرێمەکان، کەچی بەپێی دەستووری بەشی زۆری دەوڵەتە فیدراڵیەکان، دەسەلاَتە سەرەکییەکان بە ئەنجومەنی (پیران) یان (ئیتیحادی) دراون، ئەنجومەنی نوێنەران لە پەراوێزی ئەودا کار دەکەن.

یەك ماددە، کە ماددەی (٦٣)ە، تەرخانکراوە بۆ ئەنجومەنی ئیتیحادی بەم شێوەیە:"ئەنجومەنێکی قانوون دانان بە ناوی ئەنجومەنی ئیتیحادیەوە دادەمەزرێت، کە نوێنەری هەرێمەکان و پارێزگاکانی تێدا دەبن بۆ تەماشاکردنی ئەو پرۆژەی قانوونانە وا پەیوەندییان بە هەرێم و پارێزگاکانەوە هەیە". لە برگەی دووەمی ئەو ماددەیە هاتووە بەپێی قانوون شێوەی دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە و رادەی دەسەلاَتەکانی و شێوەی هەڵبژاردنی ئەندامەکانی دیاری دەکرێن". ئەو قانوونە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پەسند دەکرێت ! لە ماددەی ١٠٩ دا موڵکایەتی نەوت و گاز دراوە بە حکوومەتی ناوەندی، بەلاَم هەرێمەکان بەشدار دەبن لە بەرێوەبردنی ئەو دەزگایانەی نەوت و گاز دەردێنن. لە دەزگای نەوتی باکوور (الشمال)، کە زیاتر لە دە هەزار کارمەندی تێدایە، ئێستا نزیکە ٣٠ کارمەندیان کوردە، پرسیار لەوەدایە پاش چەندساڵی تر ژمارەی کارمەندانی کورد زیاد دەبن، لانی کەم دەبن بە دە یەکی ژمارەی کارمەندانی عەرەب؟! لە کاتێکدا ئێستاش ژمارەیان هەر لە زیادبووندایە.

سەبارەت بە ماددەی ١١٦ کە تایبەتە بە ئۆفیسی هەرێمەکان لە سەفارەتەکانی دەرەوە، ئەرکی ئەو ئۆفیسانە دەستنیشانکراون بۆ کاروباری رۆشنبیری و کۆمەلاَیەتی و بووژاندنەوە، باس لە بواری بازرگانی ناکات، کە نزیکەی ١٣ ساڵە هەردوو ئیدارەکە بە سەدان پەیوەندیی جۆراوجۆری ئابووری و بازرگانییان هەیە لەگەڵ دەوڵەتان و دەزگای نێو دەوڵەتی و کۆمپانیای گەورە و بچووکدا. دوا وشەم سەبارەت بە کەرکوکە، کە بە داخەوە ماددەی ١٤٠ هیچ زەمانەتێکی تێدا نییە کە حکوومەتی ئایندەی عێراق وەکو هەردوو حکوومەتەکەی عەلاوی و جەعفەری نەکات.

# پەیوەندیی هەرێمی کوردستان بە حکوومەتی ئیتیحادی بە پێی دەستووری تازەی عێراق

ئەمریکاییەکان و لێپرسراوانی ئەنجومەنی حوکمڕانیی عێراق و لایەن و گرووپە سیاسییەکانی ناو ئەو ئەنجومەنە، ماوەیەکە بە بەردەوامی باس لە دانانی دەستوور دەکەن بۆ عێراقی نوێ، لەگەڵ شێوەی ناولێنانی ئەو لێژنەیە کە ئەو دەستوورە ئامادە دەکات. میدیاکانی کوردستان و عێراق و جیهان بە هەمان شێوە باس لەو دەستوورە دەکەن، ئاماژە بۆ چۆنیەتی دەستنیشانکردنی ناوی ئەندامانی ئەو لێژنەیە دەکەن، لەو ڕووەوە ڕاو بۆچوون و پێشنیازی جیاواز دەخرێنە بەرچاو. ماوەیەك لەمەوبەر لێژنەیەکی ٢٥ کەسی ناو لێنرابوو بۆ پەیوەندیکردن بە خەڵکەوە لە زۆربەی جێگاکانی عێراق، تاکو ئاگاداری ڕا و بۆچوونیان بن لە بارەی شێوەی دامەزراندنی ئەو لێژنەیە و ناوەڕۆك و بابەت و تایبەتمەندیەکانی ئەو دەستوورە. ئەم لێژنەیە دامەزرا لە پاش "فەتواکەی" ئایەتوڵا سیستانی، گەورە "مەرجەعیەتی" شیعەکانی عێراق، تێیدا داوای کردبوو ئەندامانی ئەو لێژنەیە بە هەڵبژاردن دەستنیشان بکرێن. هەموو لایەك ئاگادارن و دەزانن دەستنیشانکردنی ئەندامانی ئەو لێژنەیە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە لەم بارودۆخەی ئێستای عێراقدا کارێکی نیمچە محاڵە. لێرە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ بەشێك لەو هەوڵ و چالاکییانە بکەم، کە دە ساڵێك لەمەوبەر دراون لە پێناوی ئامادەکردنی دەستوورێکی نوێ بۆ عێراق، مەبەستم لە ڕووناکی خستنە سەر ئەو هەوڵانە ئەوەیە سوودیان لێ وەربگرێ و بەراوردیان بکەن لەگەڵ ئەو هەوڵانەی ئێستا دەدرێن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆسەیە. لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەو هەوڵانەی پێشتر درابووون سەرکەوتنیان بە دەست بهێنابا، پرۆسەی ئەمرۆ تووشی ئەم ئاستەنگانە نەدەبوو کە ئێستا هەموو هەستی پێدەکەین. ئەو بنەمایانەی کە بۆ پرۆژەی دەستووری عێراق داڕێژرابوون دە

ساڵێك لەمەوبەر بە ڕوونی مافەکانی گەلی کوردستانی تێدا دەستنیشانکرابوون. دەبێ ئەمڕۆکە هەوڵ بدرێت ئەو بنەمایانە بچەسپێنین لە دەستووری. بەداخەوە کاتی خۆی بە جددییەوە پشتگیری لەو پڕۆسەیە نەکرا لە لایەن دەسەڵاتدارانی کورد، بۆیە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، ئەگینا دەمێك بوو ئەو دەستوورە ئامادە کرابوو و مافەکانی گەلی کورد تێیدا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا چەسپێنرابوون. ئەو چالاکییانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هەوڵەکانی ئەمڕۆ بۆ چەسپاندنی مافەکانی گەلەکەمان لە دەستووری نوێی عێراقدا بێ بنەما نین، لە ساڵی پارەوە (واتە پاش کۆنفڕاسی لەندەنی مانگی دیسەمبەری ٢٠٠٢) دەستی پێ نەکردووە. کورد ئەمڕۆکە دەتوانێ سوود لەو هەوڵانە وەربگرێ، چونکە ئەو بنەمایانە وەکو دۆکۆمێنت تەماشا دەکرێن. مافەکانی گەلی کوردستان، بە مافی چارەنووسی گەلی کوردستان و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی ئارەزوومەندانە، لەو دەمەوە لەو دۆکۆمێنتانە چەسپێنراون بەو شێوەی لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ دا ئاماژەیان بۆ کراوە. کەمتەرخەمی کاربەدەستە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان هۆی سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵانە بوو. باری کوردستان لەودەمە چاکتر بوو، ناکۆکی لەنێوان حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان پەرەی نەسەندبوو، زۆربەی زۆری لایەنەکانی ناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە کورد و عەرەبەوە لەچوارچێوەی "کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی" کۆببوونەوە کە مەڵبەندەکەی لە هاوینە هەواری پیرمام بوو لە کوردستان. ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستوورێك لەو ڕۆژانە بۆ عێراقی پاش سەرنگومکردنی حوکمی بەعس لە بەرژەوەندیی کورد بوو، چونکە سەنگی کورد گەلێك قورستر بوو لەو سەردەمە، چ لەسەر ئاستی ناوەوە، چ لەسەر ئاستی دەرەوەی عێراق و جارێ شەڕی شوومی خۆکوژی دەستی ڕەشی نەکێشابوو بەسەر کوردستاندا.

پڕۆسەکە لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٩٣ لە لەندەن دەستی پێکرد، لەو سەردەمە چەند مانگێك بوو گەیشتبوومە ئەو شارە، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ دکتۆر حەسەن چەلەبی کە پێشتر مامۆستام بوو لە زانکۆی بەغدا، پێشنیازی ئامادەکردنی پڕۆژەی

دەستوورێکم کرد بۆ عێراقی پاشە ڕۆژ، تاکو تووشی سەرگەردانی نەبێت لەپاش لەناوچوونی ڕژێمی بەعس، بەهۆی پەیدابوونی دەسەلاتێکی بێ قانوونی و دەستووری. دکتۆر حەسەن پێشنیازەکەی پەسندکرد، داوای لێکردم پاش هەفتەیەکی تر چاومان بە یەکتر بکەوێتەوە، تاکو لەو ماوەدا پرس بە سەرانی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی بکات، ئەو ڕاوێژکاری قانوونی بوو. ئەندامانی کۆنگرە لەو سەردەمە بەشێکی زۆریان لە لەندەن بوون. لە دانیشتنی دووەمدا ئاگاداری کردم سەرانی کۆنگرە لە لەندەن پشتگیری لە پڕۆسەکە دەکەن و پێشنیاز دەکەن جگە لە هەردووکمان، سێ ئەندامی دیکە بەشداری لە ئامادەکردنی ئەو پڕۆژەی دەستوورە بکەن، ناوەکانی ئەو سێ شارەزایانەی دی دیاری کرابوون، بریتی بوون لە دکتۆر یەحیا ئەلجەمەل، مامۆستایەکی میسریی بوو و پسپۆڕ بوو لە بواری قانوونی دەستووری، بەلام شارەزایەتی نەبوو لە بارەی باری تایبەتی ئەتنی و مەزهەبی لە عێراق، بۆیە نەیدەتوانی بە شێوەیەکی باش هاوکاریمان بکات. لەبارەی دوو ناوەکانی دیکەوە، هەردووکیان کۆنە سەفیرەی ڕژێم بوون، تازە هاتبوونە ناو ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی. ئاگادارم کرد ئامادە نیم لەگەڵیان دابنیشم، حامید جبووری بەعسییێکی کۆن بوو و چەندین جار وەزیر بووە و چەند ساڵێك بوو سەفیری ئەو ڕژێمە بوو لە دەرەوە. لە بارەی ئەوی دی، کە هیشام شاوی بوو، لە ساڵی ١٩٧٩ و ١٩٨٠ پێکەوە مامۆستا بووین لە کۆلێجی قانوون، لە نزیکەوە دەمناسی و دەمزانی بیرو بۆچوونەکانی چییە سەبارەت بە داوا ڕەواکانی گەلەکەمان. مرۆڤێکی هەلپەرست بوو، چەند ساڵ بوو لە خزمەتی ڕژێمی بەعس بوو وەکو وەزیر و وەکو سەفیر، هەردووکیان تازە ڕیزەکانی ڕژێمیان بەجێ هێشتبوو لەبەر ئەوەی ڕاگوێزرابوون بۆ دیوانی وەزارەتی دەرەوە لە بەغدا. دکتۆر حەسەن چەلەبی پشتگیری لە قسەکانم کرد. لە چاوپێکەوتنی سێیەم ئاگاداری کردم قسەیان لەگەڵ هیشام شاوی کردووە، ڕاشکاوانە پێی وتن پشتگیری لە سیستمی فیدارلی ناکات، بۆیە ناوی ئەو و حامید جبووری سڕایەوە، ماینەوە هەردووکمان، بڕیاردرا پێکەوە دەست بەو کارە بکەین و کەوتینە داڕشتنی ئەو بنەما و پرەنسیپانە وەکو ڕێککەوتنێك لە نێوان هەردووکمان.

**لێرە بۆ مێژوو و بۆ سوود وەرگرتن لەو دۆکۆمێنتە، لە کاتی داڕشتنی پڕۆژەی دەستووری عێراق دەقی ئەو "ڕێککەوتنامەیە" دەخەمە بەرچاو کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ۱۹۹۳ لە لەندەن ئامادەکرابوو.**

# خوێندنەوەیەکی مێژوویی و قانوونی بۆ پرۆژەی چاکسازیی سیاسی لە هەرێمی کوردستان

پرسیارێك لەبارەی پرۆژەی چاکسازیی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بزووتنەوەی گۆڕان پێشکەشی لایەنی حکومی و سیاسیەکانی کردبوو، هۆکاری ئەم نووسینەیە. ئەو پرۆژەیە پێویستی بە شیکردنەوەی مێژوویی و قانوونییە، چونکە بەشی زۆری ئەو خالآنەی لەو پرۆژەیە هاتوون پێشتر قسەیان لەسەرکراوە، تەنانەت بەشێکیان لە پاش کشانەوەی هێزەکانی ڕژێم لە "ناوچەی حوکمی زاتی"، لە ئەیلوولی ١٩٩١ وەکو داواکاریی خراونەتە بەردەست دەسەلآتداران. کشانەوەی دامودەزگاکانی ڕژێم لەو ناوچەیە بووە هۆی دروستبوونی بۆشایی قانوونی و ئیداری، بەلآم لەبەر ئەوەی (بەرەی کوردستانی) هێزی دەسەلآتداری سەرەکی بوو لەو ناوچەیە، هەموو دەسەلآتەکان کەوتنە بەردەستی ئەو بەرەیە. لەجیاتی دامەزراندنی دەسەلآتێکی مەدەنی، بەرەی کوردستانی دەسەلآتی قانووندانان و بەڕێوەبردنی بەخۆی بەخشی بوو، شێوازی حوکمڕانیکردنی ئەو ناوچەیە وەك شێوەی دەسەلآتی (ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش)ی سەردەمی حوکمی بەعس بوو، کە بە پێچەوانەی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەلآتەکانە/ مبدأ فصل السلطات. پێشنیازی دووەم، کە پێشنیازی من بوو، کار بە قانوونی حوکمی زاتی ساڵی ١٩٧٤ بکرێت بۆ ماوەیەکی کورتی دیاریکراو. لەو ماوەدا دەسەلآتی قانووندانان بە دەست "ئەنجومەنی قانووندانەر/ المجلس التشریعی" بێت و دەسەلآتی "ئەنجومەنی بەڕێوەبردن/ المجلس التنفیذی" بە ئەنجومەنێکی نوێ بدرێت، سەرۆك و ئەندامەکانی کەسانی شارەزا و ڕابوردوو پاك بن، "بەرەی کوردستانی" دەستنیشانیان بکات. لەو ولآتانەی کوودەتای سەربازی، یان گۆڕانکاری بنەڕەتیی تێیدا ڕوودەدەن کار بە قانوونەکانی پێشتر دەکرێن، تا دەستکاری دەکرێن. لە عێراقی پاش کوودەتای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ کار بە قانوونەکانی پێش ئەو کوودەتایە کرا، تا دەستکاری کران و قانوونی تازە پەسندکران.

"بەرەی کوردستانی" کەسانێکی دەستنیشانکردبوو بۆ ئامادەکردنی پڕۆژە قانوونی هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆ کوردستان، ئەگەر ئەو حکوومەتە مەدەنییە دابمەزرابا، ئەو پڕۆژەیە دەبوو لەلایەن ئەو حکوومەتە ئامادەبکرێت، پاشان بخرێتە بەردەم "بەرەی کوردستانی" بۆ پەسندکردنی. ئەو حکوومەتە دەیتوانی هەڵبژاردن سازبکات لە ماوەیەکی کورتی دیاریکراودا، هەروەها دەیتوانی داوای هاوکاریی نێودەوڵەتی بکات بۆ چاودێریکردنی بەڕێوەچوونی ئەو پڕۆسەیە. لەوەش گرنگتر، دامەزراندنی حکوومەتێکی مەدەنی دەبووە هۆی ئەوەی ناوچەکە نەکەوێتە ژێردەسەڵاتی حیزبە دەسەڵاتدارەکان، کە هەر یەکەیان هێزی چەکداری تایبەت بە خۆیان هەبوو. ئەو حیزبانە نیمچە سەربەخۆیانە حوکمڕانی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیانیان دەکرد، ئەوەش ڕێگای خۆشکرد بۆ هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٤.

قانووناس بە پێچەوانەی سیاسەتمەدار، زووتر هەست بەو هۆکارانە دەکات دەبنە هۆی سەرنەکەوتنی حوکمی قانوون. چەند ڕۆژێك لە پاش بڵاوکردنەوەی ئاکامی هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمان، لەگەڵ دادوەر کاك ڕەشید عەبدولقادر و دادوەر کاك حەمە سەعید کانی مارانی سەردانی بارەگای کاك مەسعود بارزانی لە پیرمام کرد، پاشان چووین بۆ شەقلاوە بۆ چاوپێکەوتنی مام جەلال. چوونەکەمان بۆ هێورکردنەوەی ئەو بارودۆخە ناخۆشە بوو بەهۆی بڵاونەکردنەوەی ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنە بوو. لەو دوو چاوپێکەوتنەمان داوای یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەم کرد، لەگەڵ نەهێشتنی چەکی بێ مۆڵەت بە دەستی ئەو کەسانەی چەکیان هەبوو. چەند ساڵێك پاشتر دوو ئیدارەی جیاواز دروستببوو، ئەو پێشنیازە بووە داواکاریی سەرەکی خەڵکی کوردستان لە ناوەوە و لە دەرەوەدا. لەو ماوەدا (٣) یاداشتنامە پێشکەش بە بەرپرسان لە هەرێمی کوردستان کران لەلایەن کوردانی دانیشتوانی بریتانیا. لە یاداشتنامەی یەکەمدا (١٥٧) ڕووناکبیر و کەسانی دڵسۆز، بەشێکیان حیزبی بوون و بەشێکی دیکەیان بێ لایەن بوون. لە ٢٤ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٤ یاداشتنامەیەکی دی پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتیی هەرێم و سەرۆکایەتیی پەرلەمان و حکوومەت و هەموو پارتە سیاسیەکانی کوردستان کرابوو. یاداشتنامەی

دووەم لە ٩ی ئاداری ١٩٩٤، سێیەم لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٩٤ پێشکەش کرابوون، ئەو کەسانەی ئیمزایان کردبوو داوای جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەیان دەکرد پێشتر خرابوونە بەرچاو، لەوانە:

١- نەهێشتنی دابەشکردنی نفووزی حیزبایەتی، بەپێی شێوەی جوگرافی یان هەر شێوەیەکی تر.

٢- سەپاندنی حوکمی قانوون و سنووردانان بۆ دیاردەی چەکداری، بەتایبەت لەناو شارەکاندا.

٣- یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە بەشێوەی سوپایەکی نیزامی یەکگرتوو، لەگەڵ پاککردنەوەی لە نۆکەر و هاوکارانی ڕژێم.

٤- پەلەکردن لە دانانی دەستوورێك بۆ وڵات.

٥- یەکخستنەوەی دەزگاکانی دارایی و پەیوەندیەکانی دەرەوە.

هەموو ئەو داواکارییانە لە (گۆڤاری مەڵبەند، کە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن بلاوی دەکردەوە، لە ژمارە ٤٧، ساڵی ١٩٩٤ بلاوکرابوونەوە).

ئەگەر بە وردی تەماشای ناوەڕۆکی ئەو پڕۆژەی چاکسازییە بکەین، دەبینین بەشێکیان دەمێکە لەلایەن خەڵکەوە داواکرابوون، بەشێکی دیکەیان دەستکاری لە داڕشتنیان کرابوو، وەك بە دامەزراوەکردنی دامەزراو و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان و ڕێگانەدانە بە دەستێوەردانی حیزب لە کاروباری حکوومەتیدا. چەند پەرلەمانتارێك لە خولی دووەمی پەرلەمانی هەرێم چەند جارێك داوایان کرد ڕێگا لە دەستێوەردانی حیزب لەکاروباری حکوومەت بگیرێ، بە تایبەتی لەکاتی تاوتوێکردنی بودجەی ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩. هەر لەو خولەدا چەند جارێك داوای یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و وەزارەتی دارایی و هێزەکانی ئەمنی کرابوون و پەسندکردنی ئەو بودجانە پەیوەستکرابوو بە مەرجی یەکخستنەوەی ئەو وەزارەتانە. سەروەری حوکمی قانوون و ڕێگانەدان بە دستێوەردانی حیزب لە کاروباری حکوومەتیدا داواکاری ناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمان بوو.

پێڕەوکردنی پرەنسیپی کۆدەنگی نیشتمانی لەبەر ئەوەی پەیوەندییان بە چارەنووسی نیشتمانەوە هەبوو، پرەنسیپی تەوافوقە لایەنە کوردستانیەکان لە بەغدا هەموو دەم داوای پێڕەوکردنیان کردووە.

دەروازەی شەشەمی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە بۆ (دەستە و کۆمسیۆنە سەربەخۆکان)، وەکو لەناونیشانی ئەو دەروازەدا دەردەکەوێ، دەبێ کەسانی سەربەخۆ بن. ئەگەر ئەو کەسانە بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان دەستنیشان بکرابان، ئەگەری ئەوە لەئارادا بوو کەسانی سەربەخۆ نەبن، ئەزموونی پێشتر ئەوەی سەلماندووە. چاکترە ئەو دەستە و کۆمسیۆنانە، بۆ ئەوەی بتوانن سەربەخۆیانە ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێ بکەن، بە تێکڕای دەنگی پەرلەمانتاران، یان بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامان دەستنیشان بکرێن. سەبارەت بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، هەموو دەزانین کۆمەڵێك کەموکوڕی تێدا بوو پێویست بوو چاکبکرێن پێش ئەوەی خەڵکی کوردستان دەنگی لەسەر بدات.

پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لەساڵی ١٩٩٢ بە پەلە لەلایەن خولی یەکەمی پەرلەمان پەسندکرابوو. لیژنەی قانوونی لە خولی دووەمی پەرلەمان پرۆژەیێکی تازەی ئامادەکرد و دابەشی کرد بەسەر هەموو لیژنەکاندا بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی. ئەو پرۆژەیە بەدواشێوەی لە خولی دووەمی پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، بەڵام نەخرایە سەر بەرنامەی کاری پەرلەمان. لەکاتێکدا چاوەڕوان دەکرا یەکەم کاری خولی سێیەمی پەرلەمان تاوتوێکردنی ئەو پرۆژەیە بێت، کە بەداخەوە نەیکرد.

پێشنیازەکانی دیکەی ئەو پرۆژەیە لەناو پەرلەمان و لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و لە کەناڵە تەلەفزیۆنەکاندا قسەیان لەسەرکراوە، خۆشبەختانە بەشی زۆری لایەنە سیاسیەکان داوای جێبەجێکردنیان دەکەن، بەڵام هەر یەکە بە شێوازی خۆی، ئەو لایەنانەش دەگرێتەوە کە بەشداربوون لە حکوومەتی ئێستا و لە حکوومەتی پێشتر، وەك دامەزراندنی دەستەی نەزاهە و دەستنیشانکردنی سەرۆکی چاودێری دارایی.

کاتی ئەوە هاتووە لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، پێکەوە گفتوگۆ لەسەر ئەو پێشنیازانە بکەن و هەوڵی دەوڵەمەندکردنیان بدەن. باری ئێستای عێراق بەرەو

دواڕۆژێکی نادیار دەڕوات، بەشی زۆری لایەنە سیاسیەکانی عێراقی ڕاستەوخۆ داوا لە دەوڵەتە زلهێزەکان، یان لە دەوڵەتانی ناوچەکە دەکەن پشتگیرییان لێ بکەن. ئەو دەوڵەتانە دەستیان خستووەتە ناو کاروباری ناوخۆی عێراق، پشتگیری لەو لایەنانە دەکەن کە بەرژەوەندیی تایبەتییان مسۆگەر دەکەن. ئەگەر ناوماڵی کورد یەك نەخرێت و پتەوتر نەکرێت، ئەوەی بە خوێنی هەزاران شەهید و کاولکردنی چەند جارەی کوردستان دروستکراوە بەفیڕۆ دەچێت. لەم نێوەدا هەموو گەلی کورد ولایەنە سیاسیەکانی کوردستان زەرەرمەند دەبن، چونکە ناحەزانی کورد جیاوازی لەنێوان ئەو لایەنە سیاسیانەی کوردستان ناکەن.

هەولێر، ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

*لە هەفتەنامەی (ڕووداو) بلاۆکراوەتەوە.

# دەقی قانوونی "دەستەی قانوونی باڵا" لە هەرێمی کوردستان

**(ماددەی یەکەم):**

**"دەستەی قانوونی باڵا" دەستەیەکی قانوونی سەربەخۆیە، لە سەرۆك و چوار ئەندام پێکدێت.**

**(ماددەی دووەم):**

**ئەرکەکانی ئەم دەستە قانوونییە بریتین لە:**

**پێشکەشکردنی ڕاوێژکاریی قانوونی بە دەزگاکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی بە سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەبارەت بە هەموو کارێکی قانوونی، لەگەڵ شیکردنەوەی بەندەکانی دەستوور و قانوونەکانی هەرێمی کوردستان و دەستووری عێراق و قانوونەکانی دی، بە تایبەتی ئەو بەندانەی پەیوەندیی نێوان دەزگاکانی هەرێم و دەزگاکانی ناوەندی ڕێکدەخەن و دەسەڵات و ئەرکەکانی هەردوو لایان دەستنیشان دەکەن.**

**ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستکاریکردنی بەندێك، یان چەند بەندێك لە دەستووری هەرێمی کوردستان، لەسەر داواکردنی دەزگای پەیوەندیدار.**

**پێشکەشکردنی ڕاوێژکاریی قانوونی بە دەزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە دەسەڵاتەوە هەیە کە بە (تنازع الاختصاصات و الصلاحيات) ناودەبرێن، بەتایبەتی لە نێو دەزگاکانی هەرێم و دەزگاکانی ناوەندی.**

**ئامادەکردنی پڕۆژەی ئەو قانوونانە دەخرێنە بەردەم پەرلەمان، بە هاوکاریکردن لەگەڵ دەزگای پەیوەندیدار، لەسەر داوای ئەو دەزگایە.**

**چاوخشاندنەوە بە پڕۆژەی ڕێنماییەکان کە ئامادە دەکرێن لە لایەن یەکێ لە دەزگاکانی هەرێم، پێش ناردنیان بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسندکردنیان.**

نوێنەرایەتیکردنی هەرێمی کوردستان، یان یەکێ لە دەزگاکانی بە شێوەیەکی ڕەسمی کە بەشداری تێدا دەکات، یان پەیوەندی بە هەرێمەوە هەیە، لەسەر ئاستی عێراق ببەسترێت، یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دەوڵەتیی.

سەرۆکی دەستەی قانوونی باڵا، یان یەکێك لە ئەندامانی ئەو دەستەیە، دەشێت ئەرکێکی قانوونی تایبەتی پێ بسپێررێ، لەسەر ئاستی کوردستان یان لەسەر ئاستی عێراق، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، لەسەر داواکردنی دەزگایەکی پەیوەندیدار لە هەرێمی کوردستان.

**(ماددەی سێیەم):**

دەستەی قانوونی باڵا لە سەرۆك و چوار ئەندام پێکدێت، پێویستە قانوونزان و شارەزابن لە بواری قانووندا و ناسراوبن بە دڵسۆزی و دەستپاکی و تەمەنیان لە چڵ ساڵ کەمتر نەبێت.

**(ماددەی چوارەم):**

سەرۆك و ئەندامانی ئەم دەستەیە بە پلەی وەزیر بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە لایەن پەرلەمانەوە دەستنیشان دەکرێن، تەنیا بۆ جارێك تازە دەکرێتەوە.

**(ماددەی پێنجەم)**

سەرۆك و ئەندامانی ئەم دەستە قانوونییە نابێ ئەندامی پەرلەمان یان ئەنجومەنی وەزیران یان کارمەند بن لە دەزگایێکی ڕەسمیدا، مامۆستایەتی زانکۆی لێ بەدەر بێت.

**(ماددەی شەشەم):**

دەستەی قانوونی باڵا دەتوانێ ڕێنمایی تایبەتی دەربکات بۆ دەستنیشانکردنی شێوەی ڕێکخستنی کارکردنی و پەیوەندی بە دەزگاکانی هەرێمەوە.

# هەمواركردنی قانوونی باری كەسیەتیی عێراقی لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی كوردستان

قانوونی باری كەسیەتی Personal Status عێراقی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ بە یەكێ لە دەستكەوتە گرنگەكانی حكوومەتی عەبدولكەریم قاسم دەدرێتە قەڵەم كە لە ساڵی ١٩٥٩ دا پەسندكراوە. ئەو قانوونە بۆ ئەو دەمە قانوونێكی زۆر پێشكەوتنخواز بووە، سەرچاوەكەی شەریعەتی ئیسلام بووە، بەڵام بەبێ خۆبەستنەوە بە مەزهەبێكی دیاریكراودا. لە وڵاتانی ئیسلامیدا سەرچاوەی قانوونی باری كەسیەتیی موسڵمانان شەریعەتی ئیسلامە، بەڵام بە شێوازی جیاواز. زۆر جاران مەزهەبێكی دیاریكراو بووەتە سەرچاوەی ئەو قانوونە. بۆ نموونە لە ئێران مەزهەبی (جەعفەری) سەرچاوەی ئەو قانوونەیە، بەڵام لە سعودیە مەزهەبی (حەنبەلی). بە پێچەوانەوە، لە وڵاتانی ڕۆژاوادا ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە باری كەسیەتییەوە هەیە لە قانوونی مەدەنیدا Civil Law ڕێكخراون. قانوونی مەدەنی فەرەنسی (كۆدی ناپلیۆن) ساڵی ١٨٠٥ هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە باری كەسیەتییەوە هەیە، وەك ژنهێنان و دیاریكردنی سیستمی دارایی ژنهێنان Regime Matrimonial و تەڵاق و جودابوونەوە و سەرپەرشتیكردنە سەر منداڵی بێ باوك و چەندین بابەتی دیكەی لەو شێوە لەو قانوونەدا ڕێكخراون. لە سەردەمی حوكمی عوسمانی، باری كەسیەتی و كاروباری موعامەلات، وەك كڕین و فرۆشتن پێكەوە لە گۆڤاری (ئەحكامی عەدلیە) دیاریكرابوون، سەرچاوەكەی فیقهی (حەنەفی) بوو. لە ساڵی ١٩١٧ دا قانوونێكی عوسمانی تایبەت بە ڕێكخستنی باری كەسیەتی پەسندكرا، بەڵام ناوەڕۆكەكەی هەر لە فیقهی حەنەفییەوە وەرگیرابوو.

قانوونی باری كەسیەتیی عێراقی ساڵی ١٩٥٩ لەسەرەتاوە چەندین لایەنی سیاسی و مەزهەبی سوننی و شیعی دژایەتییان دەكرد. لەپاش كوودەتای شوباتی ١٩٦٣ لەلایەن بەعسەوە دەستكاری چەند ماددەیەكی كرا، دواتر لە ناوەڕاستی هەشتاكاندا دەستكاری چەند ماددەیەكی دیكەی كرا بۆ مەبەستی سیاسی، وەك ڕێگەدان بە پیاو زیاتر لە

یەك ژن بێنێ، بە مەرجێك ژنی دووەمی بێوەژن بێت و مێردەکەی لە شەڕی نێوان عێراق و ئێران کوژرابێت!

ئاشنایەتیم لەگەڵ قانوونی باری کەسیەتیی عێراقی ساڵی ١٩٥٩ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٦، لەو دەمە خوێندکاری دوکتۆرای قانوون بووم لە کۆلیجی قانوون لە زانکۆی پاریس. لەسەر داوای مامۆستایەکەم لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر ئەو قانوونە بە زمانی فەرەنسی پێشکەش بە خوێندکارانی بەشی دکتۆرا لەو کۆلێژە کرد. لەو لێکۆڵینەوەدا بەراوردێکم لەنێوان ئەو قانوونە و چەند قانوونێکی دیکەی وڵاتانی عەرەبی، بە تایبەتی قانوونی باری کەسیەتی لە تونس کردبوو[٦].

هەموو دەزانین قانوون دەبێ لە گۆڕانکاریدا بێت تا بگونجێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە کۆمەڵگادا ڕوودەدەن. قانوونی ساڵی ١٩٥٩ دەمێکە پەسندکراوە، لەو ماوە درێژەدا کۆمەڵێك کەموکوڕی تێدا بەدیارکەوتووە، بۆیە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پێشتر چەند ماددەیەکی لێ هەموارکرابوو، بەڵام ئەو دەستکارییانە بەو شێوەیە نەبوو کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئافرەتان داوایان دەکرد، بۆیە پێویست بوو بە شێوەیەکی قووڵتر دەستکاری بکرێت. ئەم ئەرکە لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان لە خولی دووەمی (٢٠٠٥ - ٢٠٠٩) خستییە سەرشانی خۆی. لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٧ دا پڕۆژەیەکی ئامادەکرد و پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد. بۆ ئەم مەبەستە کۆبوونەوەیەك لە مانگی شوباتی ٢٠٠٨ لە پەرلەمانی کوردستان سازکرا، بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی زیاتر لە ناوەڕۆکی ئەو پڕۆژەیە. سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان ئەویش لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ تەماشاکردنەوەی پڕۆژەکە و دەوڵەمەندکردنی. ئەندامانی ئەو

---

[٦] ئەو لێکۆڵینەوە لە گۆڤاری (**Comparison Law**)، کە لەلایەن کۆلێجی قانوون لە زانکۆی بەغدا دەردەچوو، لە **ژمارەی** (٢)ی ساڵی ١٩٧٢، بە زمانی فەرەنسی لەژێر ناوی: ( **Les tendences modernes dans le Droit Musulman**) بڵاوکراوەتەوە.

لیژنەیە کەسانی شارەزا بوون لە شەریعەتی ئیسلام و قانوون، بەندە یەکێکیان بووم وەك قانووناس. لە دانیشتنی یەکەمی ئەو لیژنەیە پێشنیازی بەستنی کۆنفرانسێك کرا، تا هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە نوێنەرانی ڕێکخراوانی ئافرەتەوە بەشداری لە تاوتوێکردن و دەوڵەمەندکردنی بکەن. بۆ هەمان مەبەست هەر لەو ماوەدا کۆبوونەوەیەکی تر لە پەرلەمان بۆ ئەندامانی (٣) لیژنەی پەیوەندیدار بە پرۆژەکە ڕێکخرا، تا لە نزیکەوە ئاگاداری ڕا و بۆچوونی هەموویان بین. سازدانی ئەو هەموو کۆبوونەوانە ئەوە دەسەلمێنێ ئەو قانوونە گرنگییەکی تایبەتی بۆ کۆمەڵگای کوردستانی هەبوو، بۆئەوەی بگونجێ لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگای کوردستان.

پاش پەسندکردنی ئەو قانوونە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، چەند پەرلەمانتارێکی ئافرەت لە پەرلەمانی عێراق داوایانکرد قانوونێکی نوێ پەسندبکرێت، یان قانوونی ساڵی ١٩٥٩ هەمواربکرێت. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت کە پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی هەموارکردنی قانوونەکانی عێراقی نییە، بەڵام ئەو قانوونانەی کە لە دەسەڵاتی (حەصری) حکوومەتی ناوەندیدا نەبن، پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ دەستکارییان بکات، لەم حاڵەتەدا تەنیا لە دادگەکان و دەزگاکانی هەرێم کاریان پێ دەکرێت. لەو قانوونەی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسندکراوە دەستکاری چەند ماددەیەکی گرنگی ئەو قانوونە کراوە، تا بگونجێت لەگەڵ ئەو بارودۆخە تازەیەی لە هەرێمی کوردستان هەیە.

قانوونی باری کەسیەتیی هەموارکراو لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەکرێ بکرێتە بنەمایەکی چاك بۆ پێشخستنی کۆمەڵگای کوردستان، بە مەرجی قبووڵکردنی بنەماکانی لەگەڵ ئەو پرنسیپانەی کۆمەڵگاکەمان باوەڕی پێیان هەیە. لێرە ئاماژە بۆ وتەیەکی ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی (پێیر ڕۆندۆ **Piere Rondot**) دەکەم سەبارەت بە پەسندکردنی قانوونی مەدەنی سویسری لە لایەن پەرلەمانی تورکیاوە لە سییەکانی سەدەی ڕابوردوودا. (ڕۆندۆ) دەڵێ "پاش زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە کارکردن بەو قانوونە لە تورکیا، منداڵان لە بەشێکی زۆری ئەو وڵاتە بەچاوێکی کەمەوە تەماشای ئەو

منداڵەیان دەکرد کە دایك و باوکیان هەر لە دادگەی مەدەنی مارەکرابوون و نەچووبوونە لای مەلای مزگەوت بۆ مارەبڕین"!

لەو قانوونە هەموارکراوە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، جگە لە چارەسەرکردنی کێشەی فرەژنی و ئاکامە خراپەکانی، چەندین کێشەی دی چارەسەرکراون، وەك پێشخستنی دایك لەسەر باپیری منداڵی بێ باب بۆ سەرپەرشتیکردنە سەر پەروەردەکردنی منداڵەکە و بەڕێوەبردنی سامانەکەی، چونکە دایك لە جگەر گۆشەکانیەوە نزیکترە تا باپیری. مەسەلەی تەڵاق لە قانوونەکەدا بە شێوەیەکی نوێ چارەسەرکراوە، چونکە لە یەکلاییکردنەوەی ئەم بابەتە قانوونەکە پابەند نەبووە بە مەزهەبێکی ئیسلامیی دیاریکراودا. مەسەلەی میرات و دیاریکردنی بەشی ژن لەپاش مردنی هاوسەرەکەی، ئەویش بە شێوەیەکی نوێ چارەسەرکراوە، چونکە هەردووکیان پێکەوە بەشدارییان کردووە لەپێکەوەنانی ئەو میراتە و بە ڕەنجی شانی هەردووکیان پێکەوەنراوە. لەو قانوونە هەموارکراوەدا پەنا براوەتە بەر تیۆری (حیسابی بەردەوام Compt Courant)، کە دەمێکە لە قانوونی فەرەنسی کاری پێدەکرێ، بەتایبەتی لەو حاڵەتانەی دوو کەس یان زیاتر لە دووان ماوەیەك پێکەوە پابەند دەبن بە پەیوەندیی پارە و پوولی درێژخایەن.[٧]

---

[٧] بابەتێکم بە زمانی عەرەبی لەژێر دێڕی: (حول مفهوم الحساب Compte في القانون الفرنسي) لە ساڵی ١٩٧٠، لە گۆڤاری (هیئة القانون والاقتصاد)، ژمارە (٥) بلاْوکردووەتەوە، کە کۆلێجی قانوون و ئابووری لە زانکۆی (بەسرا) دەری دەکرد. لە ڕاستیدا "حیساب compte" وەکو میکانیزمێك بۆ یەکلاییکردنەوەی پەیوەندیی درێژخایەن بەکاردێت لە بانك بێت، یان لە دەرەوەی بانك".

# پێویستە دەستکاری لە قانوونی داواکاریی گشتی بکرێت

وەزارەتی داد، پرسیاری لە دکتۆر نووری تاڵەبانی کردبوو لەبارەی قانوونی داواکاریی گشتی، وەڵامی ئەوەبوو تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان بایەخێکی ئەوتۆ بە ڕۆڵی داواکاریی گشتی نەدراوە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی نەتوانێ ئەرکەکانی سەرشانی بەباشی جێبەجێ بکات. لەدرێژەی قسەکانیدا وتبووی، لە ساڵی ١٩٩٢ شاندێك لە داواکاریی گشتی لە هەولێر سەردانی (دەستەی قانوونی باڵا)یان کردبوو بۆ ڕوونکردنەوەی ڕا و بۆچوونیان پێش ئامادەکردنی پرۆژە قانوونی وەزارەتی داد لەلایەن ئەو دەستەوە، کە ئەو یەکێکیان بووە. دەستەکە پرۆژە قانوونی وەزارەتی دادیان ئامادە کردبوو و تێیدا ڕۆڵی داواکاریی گشتی بەڕوونی دیاری کرابوو، بەڵام دواتر وەزارەتی داد، پێش ناردنی پرۆژەکە بۆ پەرلەمان بە مەبەستی پەسندکردنی، دەستکاری لە پرۆژەکەدا کردبوو.

داواکاریی گشتی لە قانوونی فەرەنسی بە (پارێزەری گشتی) ناودەبرێ، لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا ئەو ڕۆڵەی پێ نەدراوە و پەراوێزخراوە، بۆیە نەیتوانیوە ڕۆڵی خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی تاوان و گەندەڵی ببینێ. لە ڕووی کارگێڕییەوە داواکاریی گشتی بەشێکە لە وەزارەتی داد، ئەوە بە پێچەوانەی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دژ بە ماددەی (٨٩)ی دەستووری عێراقە. دەزگایەکی قانوونی گرنگ وەك داواکاریی گشتی ئێستا دوو مەرجەعییەتی هەیە، بۆیە تا ئێستا نەیتوانیوە ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات. ئەم بۆچوونە سەیرەی پەرلەمانی هەرێم، بەوەی دوو مەرجەعییەت بۆ دەزگایەك هەبێت، لەم ڕۆژانەدا دووبارە بووەوە. لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی هەرێم لە ٢٠١٢/٦/٧، کە تەرخانکرابوو بۆ پەسندکردنی پرۆژە قانوونی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو، پەرلەمانی هەرێم ئەکادیمیای کوردی بە یەکێك لە مەرجەعییەتەکان بۆ زمان و کولتووری کوردی داوەتە قەڵەم، بێ ئەوەی ناوی (مەرجەعییەتەکانی) تر

دیاری بکات! گومان لەوەدا نییە کە بوونی دوو مەرجەعییەت بۆ دەزگایەك دەبێتە هۆی لاوازی و تێکدانی.

فەرمانگەی داواکاریی گشتی دەبێ بەشێکی چالاك بێت لە دەسەڵاتی دادوەری تا بتوانێ ئەرکەکانی سەر شانی جێبەجێ بکات. ئەم دەزگا قانوونییە دەبێ پەرلەمان و حکوومەت و دەسەڵاتی دادوەری پشتگیریی تەواوی لێ بکەن، تا ڕۆڵی خۆی لە پارێزگاریکردنی سامانی گشتی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دیکەی هەبێت، چونکە گەندەڵی تەشەنەی کردووە و گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر ترسناك.

پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان داواکاریی گشتی بە بەشێك لە دەسەڵاتی دادوەری داوەتە قەڵەم، بۆیە مانەوەی ئەو دەزگایە بە دوو مەرجەعییەتەوە ناگونجێ لەگەڵ بنەماکانی ئەو پڕۆژەیە، کە ئەمڕۆ بێت یان سبەی هەر پەسند دەکرێت. چاکترە ئەو کێشە قانوونییە ئەمڕۆ چارەسەر بکرێت. بەپێی مادده (٩٨) لە پڕۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان، سەرۆکی داواکاریی گشتی ئەندامە لە (ئەنجومەنی دادوەری)، ماددەی (١٠٠)ی ئەو پڕۆژەیە داواکاریی گشتی بە نوێنەری کۆمەڵ پێناسە کردووە و ئەرکێکی زۆری خستووەتە سەرشانی. ئەگەر لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە وەزارەتی داد بمێنێتەوە، ناتوانێ ئەو ئەرکانەی بۆی دیاریکراون جێبەجێیان بکات. لە خولی دووەمی پەرلەمان، لە لیژنەی قانوونی و لەناو هۆڵی پەرلەمان ئەو بۆچوونەم دەربڕی، ئەوەش یەکێك بوو لە هۆکارەکانی دەنگ نەدانم بە قانوونی ژمارە (١٣) ساڵی ٢٠٠٧، کە بووە هۆی مانەوەی ئەو دەزگا قانوونییە بە دوو مەرجەعییەتی جیاوازەوە.

# تەرخانکردنی لە ٧٥٪ی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ مووچە شێوەیەکە لە شێوەکانی گەندەڵی

لە بارەی یاسای وەبەرهێنانی پرۆژە یاسای نەوت و گازی عێراقی و دیاردەی گەندەڵی و ڕۆڵی پەرلەمان لە لێپێچینەوە لەگەڵ وەزیرەکان و ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق و چەند پرسێکی دی، ئەم دیمانەمان لەگەڵ د. نووری تاڵەبانی قانووںناس و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان سازدا.

کوردستان راپۆرت: یاسایەك تەرح کراوە ئەویش یاسای وەبەرهێنان بووە کە قسە لەسەر لایەنە نەگەتیڤانەی کراوە، بەڵام تا ئێستا دیارنییە ئەو یاسایە لە هەرێمی کوردستان زەمینەی هەیە؟

و: قانوونی وەبەرهێنان پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر پەسندکراوە لە لایەن پەرلەمانەوە، ماوەیەکی زۆریش بەسەر پەسندکردنیدا تێپەڕنەبووە تا بە ئاسانی بڵێین کامە لایەنە نەگەتیڤەکانیەتی. لەڕووی پراکتیکەوە، پەسندکردنی ئەو قانوونە هەنگاوێکی باش بوو بۆ هاندانی سەرمایەی دەرەوە بۆ ئەوەی ڕوو لە کوردستان بکات لە پێناو بەشداریکردنی لە بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری کوردستان. جێگای داخە گەر بڵێم سەرمایەی ناوخۆ تا ئێستا ڕووی لە پرۆژەی وەبەرهێنانی ئابووری گەورە نەکردووە، زۆرتر خەریکی پرۆژەی ئیستهلاکین وەك سوپەر مارکێت و دروستکردنی خانووبەرە. دەبێ ئەوە لەبیرنەکرێت کە باری ئەمنی لە عێراق کۆسپێکی گەورەیە لەبەردەم هاتنی سەرمایەی بیانی بۆ کوردستان، چونکە سەرمایەدار وەك دەزانن ترسنۆکە، ڕوو لە وڵاتێك ناکات باری ئەمنی خراپ بێت. هەرێمی کوردستان بمانەوێ و نەمانەوێ وەك بەشێك لە عێراق تەماشا دەکرێ، هەر بۆیە زۆر لە وڵاتان هانی هاوڵاتیانیان نادەن ڕووبکەنە کوردستان و کار ئاسانییان بۆ ناکەن، بەڵام ئەو دەوڵەتانە کوردستان بە بەشێك لە عێراق تەماشا دەکەن، کە باری ئەمنی تێدا خراپە لەو باوەڕەدام ئەگەر باری ئەمنی سەقامگیر بێ، سەرمایەی بیانی لە ئەوروپا و ئەمریکا هەروەها لە وڵاتانی کەنداو ڕوو لە کوردستان دەکەن.

کوردستان راپۆرت: مشتومڕێکی زۆر لەسەر یاسای نەوت و گاز هەیە، پرسیار ئەوەیە بۆ ئەو کاتەی مەلەفی ئەمنی بە دەست ئەمریکاییەکانەوە بوو پەلەی لێ نەدەکرا کەچی ئێستا پەلەی لێ دەکرێت؟

و: پڕۆژەی قانوونی نەوت و گاز یەکێکە لەو پڕۆژە قانوونانەی گرفتی لەسەرە، بەشێکیان چارەسەرکراون، بەلام بەشێکی دیکەیان چاوەڕێی چارەسەرکردن دەکەن، حکوومەتی عێراق چەند جارێك دەستکاری لە پڕۆژەکەدا کردووە، دواجار لە لایەن "ئەنجومەنی شوورای دەوڵەتی "، کە دەزگایەکی قانوونییە و ڕایەکەی ڕاوێژکارییە، ئەو ئەنجومەنە مافی دەستکاریکردنی پڕۆژەی قانوونی نییە. چەند لایەنێکی سیاسیی عەرەبی ڕەخنەیان لەو پڕۆژەیە گرتووە، بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، چەند جارێك کاربەدەستی عێراقی هاتوون بۆ کوردستان و شاندێکی کوردستان بە سەرۆکایەتیی سەرۆك وەزیرانی حکوومەتی هەرێم چووەتە بەغدا بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشانە. سەبارەت بە پەلەکردنی ئەمریکا لە پەسندکردنی ئەو قانوونە دەبێ ئەو ڕاستییە لە بیر نەکەین ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەبەر خاتری خەڵکی عێراق نەهاتوونە بۆ ناوچەکە و ئەو هەموو خەڵکەیان لێ کوژراوە و ئەو هەموو پارە و پوولەیان خەرجکردووە لەو شەڕانە تەنیا بۆ مەبەستی لابردنی سەدام و ڕژێمەکەی نەبووە، ئەمریکا دەیەوێ کۆمپانیاکانی بەشداری لە دەرهێنانی نەوت لە چاڵە نەوتە کۆن و تازەکانی عێراق بکەن، پەسندکردنی قانوونی نەوت و گاز ئەو ڕێگەیان بۆ خۆش دەکات، ئەوەیە هۆی پەلەکردنیان لە پەسندکردنی ئەو قانوونە.

کوردستان راپۆرت: هەست ناکەیت بانگکردنی وەزیرەکان بۆ پەرلەمان لەجیاتی ئەوەی لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، ڕێکلامیان بۆ دەکرێت؟

و: بەشی زۆری ئەو وەزیرانە لە لایەن پەرلەمانەوە بانگکراون و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کراوە و پرسیاری زۆریان لێکراوە، میدیا بە گشتی، کەناڵە تەلیڤزیۆنەکان بە تایبەتی دانیشتنەکانی پەرلەمان ناخەنە بەرچاو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، تەنیا ئەو بەشانەی خۆیان دەیانەوێ بلاوی دەکەنەوە، پەرلەمان تا ئێستا کەناڵێکی

تەلەڤزیۆنی تایبەت بە خۆی نییە، ئەوەی بلاَو دەکرێتەوە زۆر کەمە و بەپێی میزاجی شەخسی بلاَودەکرێتەوە.

کوردستان راپۆرت: سەرکردایەتی کورد دەڵێت کوردستان ئارامە، بەلاَم بیرمان چووە کە هێشتا گرنگ و زۆری ناوچەکانی ئێمە ئارام نییە، وەك کەرکوك و خانەقین و مەخموور ...هتد، بۆ ئەمەیان چی دەڵێیت؟

و: هەموو دەزانین بەشێکی زۆری خاکی کوردستان ئێستاش لە ژێر دەسەلاَتی حکوومەتی عێراق ماوەتەوە، گەڕانەوەی بەشی زۆری ئەو ناوچانە بۆ سەر سنووری هەرێمی کوردستان دەبوو پاش ڕزگارکردنی عێراق بکرێت، لانی کەم ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەر نییە، وەك مەخموور و خانەقین و شێخان و چەند ناوچەیەکی دیکە. دەمێکە وتومە کات بەسەرچوون لە بەرژەوەندیی کورد نییە، ئەوەی لە پاش ڕووخانی ڕژێم دەکرا، ئێستا نیوەشی ناکرێ، قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە ماددەی ٥٨ دا ڕێگای گەڕانەوەی ئەو ناوچانەی دیاریکردبوو، بەلاَم حکوومەتی عێراقی هیچ ڕێگایەکی نەگرتەبەر بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە، مەبەستی دواخستنی بوو تا لەبیر بکرێت، لە هەمانکاتدا کۆسپی بۆ دروست دەکرد، لەوەدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، دەستووری عێراق ناوەڕۆکی ماددەی ٥٨ی خستە ناو ماددەی ١٤٠، بەلاَم حکوومەتی عێراق لەو کاتەوە کارێکی ئەوتۆی نەکردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە. مانەوەی ئەو ناوچانە لە ژێر دەسەلاَتی حکوومەتی عێراق، بە واتای بەردەوامبوونی باری نائارامی و ناسەقامگیری ئەو ناوچانە دێت. هەموو ئاگادارین کە بەشی هەرە زۆری لایەنە سیاسیەکانی عێراقی و چەند دەوڵەتێك لە ناوچەکەدا بە ئاشکرا هەوڵی دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەدەن، ئێستا دەڵێن ئەو ماوەی ماوە کافی نابێ بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە! سەرکردایەتیی سیاسی کوردی لەبەردەم ئیمتحانێکی قورسدایە، نازانین سەرکەوتن بە دەستدێنن، یان کارەکان بە جۆری ئێستا دەمێنێتەوە؟ لایەنی کوردستانی دەتوانێ جەخت لەسەر حکوومەتی (مالیکی) بکات پەلە بکات لە دانانی سەرۆکی لێژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و ئەو چوار قەزایەی لە ساڵی ١٩٧٦ لە لایەن ڕژێمەوە لە

پارێزگای کەرکوك دابڕاون، بخرێنەوە سەر سنووری ئیداری پارێزگای کەرکوك. هەنگاوی سێیەم ڕێکخستنی سەرژمێرێکی سووك و ئاسان لەسەر ئاستی سنووری ئیداری تازەی پارێزگای کەرکوك سازبکرێت تا پێش کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ پرۆسەی ریفراندۆم، بە هاوکاریی UN ئەنجام بدرێت، کارەکان ئەگەر وەك ئێستا بەردەام بن لەپاش ماوەیەکی دی دەڵێن ماوە نەماوە، دەبێ پرۆسەکە هەمووی دوابخرێت، ئەوەش بە مانای لەدەستچوونی ئەو ناوچانە دەبێت.

کوردستان راپۆرت: بە هەدەردانی سامانی ئەم وڵاتە زۆر قسەی لەسەردەکرێت تا ئێستا پەرلەمان نەمانبینیوە تەنها جارێکیش بە دیکۆمێنتەوە گەندەڵی ئاشکرا یان موحاسەبە بکات، لە کاتێکدا گەندەڵەکان زۆرن و ئاشکراشن؟

و: گەندەڵی قسە زۆر هەڵدەگرێ، کاربەدەستان خۆیان باس لە گەندەڵی دەکەن و دەڵێن دەبێ کار بۆ نەهێشتنی بکرێت، بۆ نموونە تەرخانکردنی لە ٧٥٪ی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ مووچە، شێوەیەکە لە شێوەکانی گەندەڵی، چونکە پارەیەکی زۆر کە پێویستە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری خەرج بکرێت، سەرف دەکرێت بۆ مووچە، کە یەکێکە لە ئاکامەکانی شەڕی ناوەخۆ. بنبڕکردنی گەندەڵی، یان لانی کەم سووککردنی دەبێ بەپێی قانوون بێت، دەستەیەك بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە قورسە دیاری بکرێت، لەگەڵ داڕشتنی میکانیزم و شێوازی کارکردنی ئەو دەستەیە، بەڵام لەماوەیەکی دیاریکراودا. چەند جارێك لە پەرلەمان باس لە گەندەڵ کراوە و داواکاری خراوەتە بەردەم سەرۆکایەتیی پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتە، بەڵام تا ئێستا کارێکی جددی بۆ نەکراوە. ئەزموونی وڵاتانی دونیا لەم بارەوە دەبێ سوودی لێ وەربگیرێ، ئەم کارە بەبێ هاوکاری حکوومەت و پەرلەمان ئەنجام نادرێت.

کوردستان راپۆرت: قسە زۆر بە سەراحەت لە ڕۆژنامەکاندا دەکەیت، بەڵام لە نێو پەرلەماندا نە ئەوەندە قسە دەکەیت و نە بە سەراحەتیش، بۆ؟

و: ئەوەی لە ڕۆژنامەکاندا دەینووسم، بەشی زۆریان پەیوەندییان بە کاری پەرلەمانەوە هەبێ لەوێدا وتومن. گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێك لە ناو پەرلەمان

دەبێ بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بێت، ئەو بابەت دەبێ، لەسەر ئەجیندەی پەرلەمان نەبێت قسەی لەسەر ناکرێت. بەڵام کێشەکە لەوەدایە تەلەڤزیۆنە حیزبیەکان کە هەر ئەوان وجوودیان لەناو هۆڵی پەرلەماندا هەیە، زیاتر قسەی پەرلەمانتارانی سەر بە حیزبی خۆیان بلاّودەکەنەوە و وێنەی ئەوان دەخەنە بەرچاو. ئەو دەزگایانە دەیانەوێ بە لایەنگرانی حیزبەکەیان بڵێن پەرلەمانتارەکانمان قسەدەکەن و پشتگیری لە داواکارییەکانی خەڵك دەکەن. پەرلەمانتاری بێ لایەن وەك جارێك لە پەرلەماندا وتم، وەك کەسێکی بێ پشت و پەنا تەماشا دەکرێت، هەتا لە لایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە گرنگی بە ڕا و بۆچوونی پەرلەمانتارە حیزبیەکان زیاتر دەدرێ، یەکەم وەکو خۆیان حزبین، دووەم لەبەر ئەوەی ئەوان گرووپیان لەناو پەرلەماندا هەیە، ئەوەش کارێکی ئاساییە. لە ولاّتانی دیموکراتیدا بە یەکچاو تەماشای هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، بەڵام لەلای ئێمە بەو جۆرە نییە. چەند جارێك ڕوویداوە داوای قسەکردنم کردووە، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان ڕێگای قسەکردنی پێ نەداوم. هەتا لەو کۆنفرانسەی لەبارەی فیدراڵیزم لە ڕۆژانی ١٠ تا ١٥ ی تەمووز لە هەولێر بەسترا، چەند جارێك داوای قسەکردنم کرد، یەك جار ڕێگەی قسەکردنم پێدرا، جارێکی دی لە موداخەلەیەکدا بۆ یەك دەقیقە توانیم دوو خاڵی گرنگ بخەمە بەرچاو بەشداربووانی کۆنفرانسەکە، یەکێکیان لەبارەی موڵکداریەتیی نەوت و گاز بوو، وتم لە دەستووری دەوڵەتی ئیماراتی یەکگرتوو سەروەتی نەوت و گاز هی ئیمارەتەکانە، نەك دەوڵەتی یەکگرتوو، هەروەها لەو ڕێککەوتننامەی چەند ساڵێك لەمەوبەر لە نێو بزووتنەوەی ئازادی بەخشی باشووری سودان و حکوومەتی سودان مۆرکرا، موڵکایەتیی ئەو سەروەتەی لەو دوو ویلایەتە هەن، هی خۆیانە، بەڵام دەبێ بەشێکی بدەنە حکوومەتی ناوەند. موداخەلەی دووەم لەبارەی ئەنفال بوو، ڕوومکردە سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بە وەکالەت وتم پێویستە دەوڵەتی عێراق لە ڕێگای ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، داوای لێبووردن لە گەلی کوردستان و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکات، لەو بارەوە نموونەی ئەڵمانیام بۆ هێنایەوە، وتم نازییەکان چەند ملیۆن جوولەکەی ئەوروپایان لەناوبرد، حکوومەتی (ئەدیناوەر) کە پاش

ڕووخانی ڕژێمی نازی هاتە سەر حوکم، کە بەشداری لە کوشتنیان نەکردبوو، داوای لێبووردنی لە هەموو جووەکانی جیهان کرد و قەرەبووی کەسوکاری هەموو ئەوانەی کوژرابوون کردەوە، جگە لە قەرەبووکردنەوەی ئیسرائیل لەجیاتی ئەو کەسانەی کەسیان نەمابوو، بە ملیارەها فرەنك بۆ ماوەی دە ساڵ زیاتر پارەی بە ئیسرائیل بەخشی. وتم من ناڵێم حکوومەتی ئێستای عێراق بەرپرسە لە کارەساتی ئەنفال، بەڵام دەبێ وەك حکوومەتی ئەدیناوەر داوای لێبووردن لە گەلی کوردستان و لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکات و قەرەبوویان بکاتەوە، کەسێك وەڵامی نەدامەوە. لەوەدەچێ عەقڵییەتی کاربەدەستانی عەرەب لە عێراق لە ئاستی عەقڵییەتی ئەوروپاییەکاندا نییە، بە تایبەتی خۆشمان سست بووین تا ئێستا ئەو داواکارییەمان نەکردووە. لەو کۆنفرانسەی لە نیسانی ٢٠٠٢ لە هەولێر بەسترابوو لەبارەی ئەنفال، پێشنیازم بۆکردن پاش ڕووخانی ڕژێم پەرلەمانی کوردستان داوا لە کاربەدەستانی تازەی عێراق بکات داوای لێبووردن لە گەلی کوردستان و لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکات، هەروەها قەرەبووکردنەوەیان. پێشنیازەکە پەسندکرا، بەڵام چوار ساڵ زیاترە ڕژێمی بەعسی نەماوە، تا ئێستا هیچ جۆرە داواکارییەك بەو مانایە نەخراوەتە بەردەم کاربەدەستانی عێراق.

---

لە ژمارە (٢٥٥)ی (کوردستان ڕاپۆرت) لە ٢٤/٧/ ٢٠٠٧ بڵاوکراوەتەوە. 

# پێشنیازی پۆستی "سەرۆکی هەرێمی کوردستان" لەجیاتی پۆستی "ڕابەری ڕزگاریخوازی بزووتنەوەی کوردی"

یەکەمین قانوون لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی عێراق ئامادەکرا، قانوونی ئەنجومەنی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بوو، کە پاشان لە (٨ی نیسانی ١٩٩٢) پەسندکرا. قانوونی دووەم تایبەت بوو بە (هەڵبژاردنی ڕابەری ڕزگاریخوازی بزووتنەوەی کوردی)، کە چەند مانگێ پاشتر لەلایەن هەمان دەسەڵاتی سیاسی بەرەی کوردستانی پەسندکرا. ئەو دوو قانوونە لە یەکەم هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان کە لە مانگی مایسی ١٩٩٢ ئەنجامدرا، پەیڕەوییان پێکرا. پاش ئەو هەڵبژاردنە، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پەسندی کردن بە ژمارە (١) و (٢)ی ساڵی ١٩٩٢. ڕەشنووسی ئەو دوو قانوونە لەلایەن کۆمەڵێك قانووناسانی کوردستانەوە ئامادەکرابوو، دادوەر مامۆستا ڕەشید عبدالقادر سەرۆکیان بوو. قانوونی دووەم بە پێچەوانەی قانوونی یەکەم، لەسەرەتاوە سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی، لەگەڵ چەند قانووناسێکی دی ئامادەیان کردبوو، بەشداریمان لە ئامادەکردنی ئەو ڕەشنووسە نەکردبوو. ڕەخنەی توند ئاراستەی ئەو پڕۆژەیە کران پێش پەسندکردنی و پاش پەسندکردنی. لەگەڵ نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکانی ئەندامانی بەرەی کوردستانی گوفتوگۆ و هەوڵی زۆر درا ئەو قانوونە بەو شێوەی ئامادەکرابوو، پەسندنەکرێت، چونکە نەدەگونجا لەگەڵ پرنسیپەکانی دیموکراسییەت و بنەماکانی قانوونی دروست. لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەو لیژنەی خەریکی ئامادەکردنی ڕەشنووسی قانوونەکە بوو، سەرۆکەکەی بۆچوونی لەگەڵ ڕای ئێمە کۆك بوو، هەوڵی لەگەڵ نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکانی "بەرە" دا تا چاوپۆشی لەدانانی قانوونەکە بکەن، بەڵام داواکارییەکەی ڕەتکرایەوە. لەسەرەتای نیسانی ١٩٩٢، ماوەیەکی کەم پاش پەسندکردنی ئەو قانوونە، لە هەولێر یەکەمین کۆنفرانسی مافپەروەرانی کوردستان بەسترا، لەوێ لێکۆڵینەوەی زۆرتر لەسەر بابەتەکە کرا، بە تایبەتی لەلایەن "لیژنەی پێشنیازکردن"، کە لیژنەیەکی سەرەکی بوو لەناو ئەو کۆنفرانسەدا. ئەو لیژنەیە

پێشنیازێکی بۆ کۆبوونەوەی گشتی کۆنفرانسەکە ئامادەکردبوو، داواکرابوو کۆنفرانسەکە داوا لە سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی بکات ئەو قانوونە ڕەتبکاتەوە. لەبەر چەند هۆیەك، پێشنیازی لیژنەکە نەخرایە بەرچاو کۆنفرانس تاکو بڕیاری لەسەر بدات، هەموو ئەو هەولآنە سەریان نەگرت، بۆیە ناچاربووم لە ٣٠ نیسانی ١٩٩٢ یاداشتێك ڕاستەوخۆ ئاراستەی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی بکەم، تێیدا ڕاو بۆچوونی خۆم سەبارەت بەو قانوونە بخەمە بەرچاو و پێشنیازی هەلۆەشانەوەی ئەو قانوونە بکەم. لە مانگی ئایاری ١٩٩٢ پرۆسەی هەلّبژاردنی "ڕابەر" ئەنجامدرا، بەپێی قانوونی ژمارە (٢) سالّی ١٩٩٢، ئەگەر لە خولی یەکەمی ئەو هەلّبژاردنە هیچ کاندیدێك ڕێژەی قانوونی بەدەست نەهێنا، پاشان لە خولی دووەمدا هەلّبژاردن ئەنجام دەدرێت، کە خۆشبەختانە ئەنجام نەدرا.

پێم باشە لێرەدا دەقی ئەو یاداشتنامەیەی کە بە زمانی عەرەبی پێشکەشی سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانیم کردبوو، بە کوردی بیخەمە بەرچاو، تێکستەکە عەرەبیەکە لەسالّی ١٩٩٩ لە گۆڤاری (کوردستان)، کە لە شاری (ڤییەنا) بە عەرەبی دەرچوو، بلآوکراوەتەوە.

**دەقی یاداشتنامەکە:**

**هەولێر، ٣٠ نیسانی ١٩٩٢**

**بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی،**

**تکایە ڕێگام بدەن وەك قانووونناسێك کە بەشێکی زۆری ژیانی بە خوێندنی قانوون و دەرس وتنەوەی قانوون بەسەربردووە، بە شێوەیەکی بابەتیانە ڕاو بۆچوونم لەبارەی قانوونی ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، تایبەت بە هەڵبژاردنی (ڕابەر) بۆ (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد) دەربڕم.**

**ماوەیەك لەمەوبەر چەند قانووونناسێك پرسیاریان لێکردم سەبارەت بەو قانوونە، ئایا بنەمایەکی قانوونی هەیە و دەگونجێ لەگەڵ باری ئێستای وڵاتەکەمان؟ ئەو پرسیارانە پێش پەسندکردنی قانوونەکە بوون. لە یەکەمین کۆنفڕانسی مافپەروەرانی کوردستان کە لەسەرەتای نیسان ١٩٩٢ لە هەولێر بەسترا، بەشداریم لە "لیژنەی پێشنیازکردن" کرد، یەکێ لەو بابەتانەی لێژنەکە لێی کۆڵییەوە پرۆژەی ئەو قانوونە بوو، ڕاو بۆچوونم بە ڕوونی بۆ ئەندامانی ئەو لیژنەیە ڕوونکردەوە، لێژنەکە پێشنیازی کرد کۆنفڕانس داوا لە سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی بکات ئەو قانوونە پەسند نەکرێت، چونکە بنەمایەکی قانوونی دروستی نییە. لەبەر چەند هۆیەك، پێشنیازی لیژنەکە نەخرایە بەردەم ئەو کۆنفڕانسە تا بڕیاری لەسەر بدات. ئێستا پرۆژە قانوونەکە پەسندکراوە و بووە بە قانوون و پاش ماوەیەکی تر جێبەجێ دەکرێت، بۆیە بە پێویستی دەزانم ڕاو بۆچوونم بخەمە بەرچاوتان، بە ئومێدی بڕیاردان بە هەڵوەشاندنەوەی، یان جێبەجێنەکردنی، تا پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێردرێت، دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەو قانوونە بەدەستی بەرەی کوردستانییە، چونکە تەنیا ئەو دەسەڵاتی قانووندانان و هەڵوەشاندنەوەی هەیە تا ئەو دەمەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێردرێ. هەموو دەزانین زۆربەی سەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی دونیا ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە دەستنیشان نەکراون، بەڵکو لەلایەن پارتیزانەکان، یان لەلایەن ئەو ئەنجومەنانەی ئەوان دەستنیشانیان کردوون. بۆ نموونە: (یاسر عەرەفات) کە سەرۆکی بەرەی**

ڕزگاریخوازی فەلەستینە و چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەدا بکرێتە سەرۆکی دەوڵەتی فەلەستین، سەرەتا ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلی فەلەستینەوە هەڵنەبژێرراوە. (سەرکردە) زۆر جاران لە ئاکامی خەبات و تێکۆشانی درێژخایەنی ئەو سیفەتەی وەرگرتووە، لەو ماوەدا کە سەرکردایەتیی خەباتی گەلەکەی کردووە لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی ولاَتەکەی، ئایا سەرکردەی حیزبێك بووبێ یان کۆمەڵێك لە ڕێکخراوی پارتیزانی، پاشان بەهۆی خەباتی بەردەوامی ئەو سیفەتەی وەرگرتووە؟ دەتوانین وەك نموونە ناوی خوالێخۆشبوو (مەلا مستەفا بارزانی) و (هۆشی منە) و (تیتۆ) بخەینە بەرچاو، کە هەموویان لە ماوەی سالاَنێکی دوورودرێژدا سەرکردایەتیی خەباتی گەلەکەیان کردووە، پاشان لەلایەن گەلەوە بە سەرکردە ناوبراون. پارتیزانەکان، یان ئەو حیزبانەی بەشدارییان لە شەڕی چەکداری دژی داگیرکەر کردووە، ئەوان نەك بە هەڵبژاردن ئەو سیفەتەیان وەرگرتووە، کەواتە ناشێ لەڕێگای هەڵبژاردنەوە بەو شێوەی لە قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ " ڕابەر"ێك دیاری بکرێت بۆ (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی).

دووەم: لە ڕوانگەی قانوونی و دەستوورییەوە، هەڵبژاردنی "ڕابەر" بۆ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەو شێوەی لەو قانوونەدا داڕێژراوە، بنەمایەکی قانوونی نییە. لە دەوڵەتانی دونیادا، یان لە هەرێم و کۆمارەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵیدا، سەرۆکێك دیاری دەکرێت لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە، ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە، یان لەلایەن پەرلەمانەوە، کە نوێنەرایەتی ئەو گەلەی بەدەست هێناوە. سەرۆك لەم حاڵەتەدا دەسەلاَتی کارگێڕی بۆ دیاری دەکرێت بەپێی دەستوور، سەرۆکی هەرێم لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا جێگای سەرۆکی دەوڵەت ناگرێتەوە.

سێیەم: ئەو دەسەلاَتانەی لەو قانوونەدا بە "ڕابەر" دراون زۆربەیان پرۆتۆکۆلین، لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی پەرلەمانی، یان فیدڕاڵی پراکتیزە دەکرێن. لە کوردستان دەبێ پاش یەکلاییکردنەوەی پەیوەندی هەرێمی کوردستان بە حکوومەتی ناوەندەوە، ئەو دەسەلاَتانە دیاری بکرێن.

چوارەم: لە حاڵەتی پێداگرتن لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکێك بۆ کۆماری هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵدا، کە لەوەدەچێ ئەو قانوونە لەسەر ئەو بنەمایە دارێژرابێت، پێویستە پێشتر دەستووری هەرێمی کوردستان پەسند کرابێت، تێدا شێوە و چۆنییەتیی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دیاری بکرێت: (بە هەڵبژاردن لە لایەن گەلەوە، یان بە هەڵبژاردن لە لایەن پەرلەمانەوە، لەگەڵ دیاریکردنی ڕێژەی ئەو دەنگانەی دەبێ بەدەستی بێنی، دوو لەسەر سێ، یان بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان. . . .تاد).

بۆیە پێویستە سەرەتا پەیوەندیی قانوونیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی ناوەند دەستنیشان بکرێت: (ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی، کۆنفیدراڵی یان سەربەخۆیی تەواو)، پاشان دەستوورێك پەسند بکرێت بۆ ئەو ناوچەیە، یان ئەو هەرێمە، یان ئەو دەوڵەتە. بە گوێرەی ئەو دەستوورە، (سەرۆکێ) هەڵدەبژێردرێ نەك (ڕابەرێك بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخواز)، وەکو پێشنیازکراوە لە لایەن ئەو قانوونەوە.

پێنجەم: تەنیا دەستوورێك لەم جیهانە باس لە هەڵبژاردنی (ڕابەر) بکات، دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێرانە، کە بەپێی ئەو دەستوورە لە لایەن ئەنجومەنێکی تایبەتەوە دەستنیشان دەکرێت، نەك لە لایەن گەلەوە، یان لە لایەن پەرلەمانەوە. لەو باوەڕەدام ئێمەی کورد دەبێ خۆمان دوورە پەرێز بگرین لەو سیستەمانەی هەموو دەسەڵاتەکان بە تەنیا بە کەسێك دەدات، هەر کەسێك بێت ئەو شەخسە، چونکە گەلەکەمان ئەزیەت و دەردەسەری زۆری چەشتووە بە دەست دەسەڵاتی تاکە کەسییەوە.

دەبێ ئەوەش لە بیرنەکرێت قبوولکردنی سیستەمێك لە چەشنی سیستەمی ئەو جۆرە وڵاتانە بۆ سومعەی گەلەکەمان بە خراپە دەگەڕێتەوە و(تۆمەتی) ڕەچاوکردنی سیستەمێکی نائاسایی دەخرێتە پاڵی.

شەشەم: جگە لەوەش، کەموکوڕی لەو قانوونەدا هەیە، بۆ نموونە لە پەرەگرافی (٦)ی بڕگەی (١١)دا دەسەڵاتی سەرپەرشتیی کارگێڕی بە (ڕابەر) دراوە، کە دەتوانێ سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستان دیاری بکات، بێ ئەوەی چۆنییەتیی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتە هاوبەشانە لە نێوان (ڕابەر) و حکوومەت دیاری کرابن.

هەروها شێوەی چارەسەرکردنی کێشەی بەکارهێنانی دەسەڵات لە نێو (ڕابەر)، کە بەرپرس نییە لەبەردەم پەرلەمان، چونکە ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراوە، لەگەڵ حکوومەت کە بەرپرسە لە بەردەم پەرلەماندا، چونکە ئەو متمانەی پێ داوە و دەشتوانێ لێی وەربگرێتەوە، دیاری نەکراوە لەو قانوونەدا.

لەبەر ئەو هەموو هۆیانە، تکاتان لێ دەکەم چاو بە قانوونەکەدا بخشێننەوە، یان کاری پێ مەکەن تاکو هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەستنیشان دەکرێ، ئەو پەرلەمانە پێشەکی دەبێ پەیوەندیی دەستووری لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەند دیاری بکات، پاشان دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ هەرێم پەسند بکات، لەوێدا چۆنیەتیی هەڵبژاردنی "سەرۆکی هەرێم" دیاری دەکرێت نەك "ڕابەرێك بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی".

لەگەڵ ڕێز و سلاّومان

دکتۆر نووری تاڵەبانی

هەولێر، ٣٠ی نیسانی ١٩٩٢

پاش بلاّوکردنەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢، دانەم بۆ سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکوومەت ناردبوو، سەرۆکی پەرلەمان ئەو سەردەمە کاك جەوهەر نامیق بوو، پێی وتم سەرۆکی هەردوو پارتی سەرەکیی دەسەڵاتدار لە هەرێم کۆکن لەسەر ناونانی "ڕابەر" بە "سەرۆکی هەرێم"، بەو چەشنەی لە پرۆژەی دەستووری هەرێم پێشنیازم کردبوو، وتیشی لەو ڕۆژانەدا لە لایەن پەرلەمانی تازەوە، بڕیار لەسەر قانوونی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەدرێ، وتم ئومێدەوارم ئەو قانوونە بەو شێوەیە دابڕێژرێت کە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان پێشنیازکراوە، کە سەرۆکی هەرێم لە لایەن دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ، پاشان لە دەستووری هەرێمی کوردستان دیاری بکرێت.

## بەشـــی چوارەم: کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکان

## کەرکوك بەرەو دواڕۆژێکی نادیار دەڕوات

ماددەی ١٤٠ ی دەستووری عێراق، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان داڕێژراوە، بەداخەوە تا ئێستا کارێکی جددی بۆ جێبەجێکردنی نەکراوە. ماددەی ٥٨ ی قانوونی کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق، کە سەرەتا بۆ هەمان مەبەست داڕێژرابوو، هەردوو حکوومەتی عەللاوی و جەعفەری، سەرەڕای چەندین بەڵێنی زارەکی و نووسراویان بە سەرکردایەتیی سیاسی کوردی، بە جێبەجێ نەکراوی بەجێیان هێشت. ماوەیەك پاش دامەزراندنی حکوومەتی مالکی و بڵاوکردنەوەی بەرنامەی کارکردنی حکوومەتەکەی، لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دامەزرا، بەڵام کارەکانی تا ئێستا بە سستی بەڕێوەدەچێت. لەم ماوەدا چەند کۆبوونەوە و کۆنفرانسێك بۆ هاوکاریکردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانە و کارکردن بۆ گەڕانەوەیان بۆسەر هەرێمی کوردستانن ڕێکخراوە، بەڵام جگە لە وشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان بە باری ناهەمواری دانیشتوانی ئەو ناوچانە، ئاکامێکی ئەوتۆیان نەبووە، بە هۆی گوێ نەگرتنی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردی لە داواکاری و ڕاسپاردەکانی ئەو کۆڕ و کۆنفرانسانە.

ڕژێمی بەعس بەو هەموو توانا و دەسەڵاتی ماددی و سیاسی و سەربازییەوە، بە بەرنامە و پلانڕێژی سیاسەتی بە عەرەبکردنی لەو ناوچانە جێبەجێ دەکرد، بۆیە هەڵوەشاندنەوە و کارکردن بۆ نەهێشتنی ئاسەواری ئەو سیاسەتە دەبێ بە بەرنامەی داڕێژراو ئەنجامبدرێت. نەبوونی بەرنامە و گیانی هاوکاریی لەنێو هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لە کاتی ڕزگارکردنی کەرکوك و ناوچە تازە ئازادکراوەکان هۆی ئەو بارە ناهەموارەیە کە تا ئێستاش ئاسەوارەکانی ماون و چارەسەرکردنیان قورستر بووە. ئەمریکیەکان لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ دا داوایان لە چەند ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی خۆیان کرد پلان و بەرنامە لەبارەی چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی تایبەتی کەرکوك و شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئامادە بکەن. چەند

مانگێك پێش ڕووخانی ڕژێم، پرسیارم له كەسانێكی نزیك له هەردوو حیزبی دەسەلاتداری كوردستان كرد له لەندەن لەبارەی پلان و بەرنامەیان بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانە پاش چوونە ناو شاری كەركوك، وەلامیان ئەوەبوو هەردوولا پێكەوە ڕووبەڕووی ڕووداوەكان دەبنەوە، بە تایبەتی سەبارەت بە كەركوك و هەڵەبجە و ئەنفال، كە ناكۆكی لە نێوانیاندا نییە. جێگای داخە لەسەر ئەرزی واقیع هاوكاریكردنیان بەو شێوەیە نەبوو، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی كەركوك و تێكڕای ناوچەكە بە بارێكی ناخۆشدا تێپەڕێن. ئەوەی لە پاش ۱۹۹۱ لە ناوچەكانی ژێر دەسەلاتی حیزبەكان ڕوویاندا، بە هۆی ململانێی تەسكی حیزبایەتی لە كەركوك و ناوچە تازە ئازادكراوەكانی دیكەی كوردستان، لە نیسانی ۲۰۰۳ بەدواوە سەری هەڵدا. نزیكەی دە ڕۆژێك پاش ڕزگاركردنی كەركوك، لەگەڵ چەند كەسێكی دڵسۆزی خەڵكی كەركوك، یاداشتنامەیەكمان ئاراستەی سەركردایەتیی سیاسیی كوردی كرد، تێیدا پێشنیازی دامەزراندنی لیژنە، یان دەستەیەكی هاوبەشمان كرد، نوێنەرانی ئەوان و چەند كەسێكی شارەزای خەڵكی ناوچەكە بەشداری تێدا بكەن، تاكو وەك تیمێكی هاوبەش، بەلام بە بەرنامە دەست بەكاربن بۆ ئاساییكردنەوەی باری كەركوك. داوامانكردبوو چاكترە لیژنەكە بە نهێنی ئەركەكانی سەرشانی ئەنجام بدات، ئاگادارمان كردبوون ئامادەینە دەستبەجێ بگەڕێینەوە بۆ كوردستان، ئەگەر ئەو لیژنەیە دروست بكرێت. لایەنێك وەلامێكی پۆزیتیڤی داینەوە، بەلام لایەنەكەی دی وەلامی نەبوو.

لە سەرەتای ئەیلوولی ۲۰۰۳ دا، بە یەكجاری گەڕامەوە بۆ كوردستان و سەردانی كەركوكم كرد، چاوم بە كەسانێكی دڵسۆزی ئەو شارە كەوت. هەروەها دانیشتنێكی دوو سەعاتیم لەگەڵ هەردوو بەرپرسی CPA لە كەركوك كرد، كە ئەفسەرێكی ئەمریكی و خانمێكی بریتانی بوون، دەركەوت زانیارییەكی ئەوتۆیان لەبارەی ناوچەكە نییە وبیر لە ئاساییكردنەوەی بارودۆخی كەركوك ناكەنەوە، مەگەر لە هەندێ كاری وردەكاریدا نەبێت. بە پێچەوانەوە، گلەییان لە كورد دەكرد كە ئالای كوردستان لە هەموو شوێنێك هەڵدەكەن، ئەوەش گرفتیان بۆ دروست دەكات!

ئەو كەسانەی لە كەركوك چاوم پێكەوتن هەموویان پشتگیرییان لە دامەزراندنی ئەو لیژنەیە دەكرد، دەیانزانی كاروباری ناو شار و دەوروبەری بە شێوەیەكی ناڕێك بەڕێوە دەچێت. لەودەمە كەسانێك خەریكی دروستكردنی خانوو بوون بە "تەجاوز"، بە شێوازێكی زۆر ناڕێك، لەسەر زەوی شارەوانی و میری، مەترسی ئەوەش هەبوو زێدەڕەویەكە تەشەنە بكات. لە ٢٢ ی تەمووزی ٢٠٠٣ دا یاداشتنامەیێكم پێشكەش بە سەركردایەتیی سیاسیی كوردی كرد، تێیدا جارێكی دیكە پێشنیازی دامەزراندنی ئەو لیژنەیەم بۆ كردن بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی كەركوك. لە یاداشتنامەكەدا ئاماژەم بۆ دیاردەی زێدەڕەوی كردبوو، كە كەسانێك ئاوارە نین، بەلاّم بەناوی ئەوانەوە دەست بەسەر زەوی ئەم و ئەودا دەگرن، بەشێكیان خەریكی خانوو دروستكردنن بە ناڕێكی (هەر كەسە بۆ خۆی)، بەبێ مۆڵەت، بێ ئەوەی ئاو و كارەبا و جادە و ئاوەڕۆیان بۆ دابین بكرێت، ئەگەر بە زوویی چارەسەری ئەو كێشەیە نەكرێت، لەدوا ڕۆژدا كێشەكە گەورەتر ڕوودەدات، لەچەشنی ئەوانەی لە بەشی زۆری شار و شارۆچكەكانی دیكەی كوردستان ڕوویانداوە. لە یاداشتنامەكەدا پێشنیازم كردبوو شارەوانی كەركوك، سەرەتا دوو تا سێ هەزار پارچە زەوی دابەش بكات بەسەر ئاوارەكاندا، بە مەرجێك یارمەتی بدرێن لەلایەن هەردوو ئیدارەكەوە، تا بەپێی نەخشەیەكی دیاریكراو لەلایەن شارەوانییەوە، لەژێر چاودێریی ئەودا خانوو دروست بكرێت. دەبێ جادە و ئاوەڕۆ و ئاو و كارەبایان بۆ دابین بكرێت، لەگەڵ دروستكردنی قوتابخانە و مەڵبەندی تەندروستی. لە یاداشتنامەكەدا پێشنیازی ئەوەشم كردبوو ئەو دوو ئیدارەیە هەریەكەیان بڕێك پارە تەرخان بكەن بۆ دروستكردنی خانوو لە چەشنی ئەوانەی لە سەرەتای شەستەكاندا، عەبدولكەریم قاسم لە گەڕەكی (الثورة) لە بەغدا دروستی كردبوون. ئەو ئاوارانەی ئەو خانووانەیان بەسەردا دابەش بكرێت، بەلاّم نەتوانن لە ماوەی دە ساڵدا بیفرۆشن، یان بە كرێی بدەن[٨]. جێبەجێكردنی یەكێ لەو دوو

[٨] دەقی ئەو یاداشتنامەیە لە هەفتەنامەی (هاولاّتی) ژمارە (١٤٧)ی ٢٩ی تشرینی یەكەمی ٢٠٠٣ بلاّوكراوەتەوە.

پێشنیازە دەبووە هۆی ئەوە لە ئایندەدا هیچ لایەنێك نەتوانێ ڕەخنە لە شەرعیەتی دروستکردنی ئەو خانووانە بگرێت، وەك ئێستا لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوە قسەی لەسەر دەکرێت[٩]. لە ڕاستیدا ئەو لیژنەیە دەبووە هاوکارێکی چاك بۆ ئەندامە کوردەکانی "ئەنجومەنی حوکم"و ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك، تا بە شێوەیەکی باشتر ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێ بکەن، بە تایبەتی لە کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ لێپرسراوانی ئەمریکی و حکوومەتی عێراق.

هەموو دەزانین ئەوەی لە سەرەتای ڕزگارکردنی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان دەکرا، ئێستا ناکرێت یان بەبێ کێشە ئەنجام نادرێت. لە ڕووی ئەمنیەوە، باری کەرکوك و ئەو ناوچانە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژدا بەرەو خراپتر دەچێ. یارمەتیدانی ئاوارەکان و نیشتەجێکردنیان ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێت. تەقینەوە پێشتر لە کەرکوك نەبوو، یان زۆر کەم بوو، بەلأم ئێستا بووە بە دیاردەیەکی ئاسایی ولە زیادبووندایە. بەڕێوەبەری ژووری چالاکی هاوبەشی پۆلیس لە کەرکوك دەڵێ: "کەرکوك ئێستا بووەتە بەرداشی نێوان هەرێم و بەغداد، نە هەرێم گرنگی بە هێزی ئەمنی ئەم شارە دەدات و نە بەغداش هێزمان بۆ زیاد دەکات، لە ساڵی ٢٠٠٦ دا (٢١٥٣) کەس کوژراو و بریندار بوون، بەشێکی زۆریان سەر بە هێزی پۆلیس و سوپا و ئاسایش یان فەرمانبەر بوون"[١٠]. نەبوونی خزمەتگوزاری، کەرکوکی کردووە بە شارێکی زۆر دواکەوتوو، سەیر لەوەدایە کونسوڵی ئەمریکی لە کەرکوك دەڵێت تا ئێستا، (کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦) ٨٠٠ ملیۆن دۆلارمان لە کەرکوك خەرج

---

[٩] پارێزگاری کەرکوك کاك عەبدوڕەحمان مستەفا، لە ساڵی ٢٠٠٤ دا سەفەرێکی ئەمریکای کرد، وەکو بۆی گێڕامەوە، چەند جارێك پرسیاری چۆنیەتی دروستکردنی ئەو خانووانەیان لێکردبوو، بۆ هەر لە گەڕەکە کوردنشینەکان ئەو خانووانە دروستکراون؟ وەلأمی نەدابووەوە.

[١٠] (کوردستان ڕاپۆرت)، ژمارەی (١٢٨) لە ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧.

کردووه[11]. هەردوو ئیدارەکە پێش یەکگرتنەوەیان، هەر یەکە بە شێوازێك پارەیان لە کەرکوك و ناوچەکانی دیکە خەرج دەکرد، بەلاّم بە مەبەستی تایبەتی خۆیان و بەبێ بەرنامە و هاوکاریکردن لەگەڵ ئیدارەکاندا.

ئەمڕۆکە لەسەر ئاستی ناوەوە و ناوچەکە و نێودەوڵەتی، باس لە پاشەڕۆژی کەرکوك و دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق دەکرێت. پروپاگەندەیەکی زۆر کراوە و دەکرێت سەبارەت بەوەی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و تەقینەوە لە عێراق و هەموو ناوچەکە. ڕاپۆرتی (بەیکەر هاملتۆن) بەندێکی نێگەتیڤی بۆ کێشەی کەرکوك تێدایە، ئەویش دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ ماوەیەکی نادیار.

پتر لە ٣ ساڵە دەسەلاّتی کوردی چاوی لە حکوومەتی بەغدایە بڕێك پارە تەرخان بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوك و ناوچەکانی دیکەی کوردستان. هەر سێ سەرۆکی حکوومەتەکانی عێراقی لەپاش ڕووخانی ڕژێم سەر بە دوو لایەن بوون. (حیزبی دەعوە)، کە حیزبێکی عرووبەوی و تایفییە، لەگەڵ گرووپی (ویفاقی عێراقی)، کە سەرۆك و بەشی هەرە زۆری ئەندامەکانی کۆنە ئەندامی حیزبی بەعس بوون. هەڵوێستی هەردوولایان بەرانبەر دوا ڕۆژی کەرکوك دیارە و شاراوە نییە، پێشتر ڕاشکاوانە خستوومانەتە بەر چاو[12]. ئەگەر ئەوان جاران، وەك بەشێك لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ئەوە هەڵوێستیان بووبێ، ئایا چاوەڕوان دەکرێ پاش ئەوەی بوونەتە خاوەن دەسەلاّت لە عێراق هەڵوێست بگۆڕن و لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بن بە شێوازێکی قانوونی و عادیلانە؟ ئەوان بە هەموو شێوەیەك

---

[11] (ئاوێنە)، ژمارەی (٥١) ی ٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧.

[12] لەبارەی هەڵوێستی لایەنە سیاسیەکانی عێراقی سەبارەت بە پاشە رۆژی کەرکوك، تەماشای ئەو بابەتە بکە لە کۆنفرانسی بەرلین لە تەمووزی ٢٠٠٢ بەستزابوو پێشکەشم کردووە، لە ژێر هەمان سەر دێڕدا، (باسەرە)، ژمارەی (١٧)، ٢٠ی ئابی ٢٠٠٣.

هەوڵیان داوە و ئێستاش هەوڵ دەدەن جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دوابخرێت بۆ ئایندەییێکی نادیار، ئایندەیەك تێیدا باری سیاسی و ئەمنی لە عێراق سەقامگیر بێ، تا بە شێوازی خۆیان "چارەسەری" دوا ڕۆژی کەرکوك بکەن. جیاوازی لە نێوان ئەجیندەی ئەوان و دەوڵەتانی ناوچەکە سەبارەت بە دواڕۆژی کەرکوك هەر ڕووالەتییە. لایەنی کوردیش تا ئێستا نەیتوانیوە قەناعەت بە ئەمریکا و هاوپەیمانانی بکات، کە دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق باری ناوچەکە ئاڵۆزتر دەکات و باری ئەمنی لە عێراق و کەرکوك بەرەو مەترسی دەبات.

نەیارانی کورد دەمێکە هەوڵی دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەدەن، پێش بلاوکردنەوەی ڕاپۆرتی بەیکەر ـ هاملتۆن. چەند کۆنفرانس و کۆبوونەوەیەك لە ناوەوەی عێراق و لە دەرەوە بۆ ئەو مەبەستە ڕێکخراون. هەروەها چەند ڕێکخراوێکی بەناو ناحکومی، کە نوێنەریان چەند جارێك سەردانی کوردستانیان کردووە، دەمێکە کار بۆ ئەو مەبەستە دەکەن(١٣). لەو دەمەوە کە ماددەی ١١٩ی دەستووری عێراق ڕێگای بە دامەزراندنی هەرێمێك داوە پێکهاتبێ لە یەك پارێزگا، ئەگەری دواخستنی گەڕانەوەی پارێزگای کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە ئارادایە. نەیارانی کورد بە "دۆست" و نادۆستەوە هەوڵی ئەوە دەدەن ناوچەی کەرکوك نەخرێتە سەر هەرێمی کوردستان. ماوەیەك پاش پەسندکردنی ئەو دەستوورە، عەباس بەیاتی سەرۆکی حیزبی یەکیەتی ئیسلامی تورکمانی عێراق ڕاشکاوانە گوتی ماددەی ١١٩ی دەستووری عێراق تایبەتە بە پارێزگای کەرکوك!

لایەنە سیاسیەکانی عێراقی، بە تایبەتی لیستی (ئیئتلافی عێراقی) هەموودەم بە بەرنامە کاریان کردووە و سەرکەوتنیشیان بە دەستهێناوە. ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە عێراق پێش ئەوەی بارودۆخی ئەمنی لەو وڵاتە سەقامگیر بێت، گەورەترین

---

13) Nouri Talabany,The Kurdish Case for Kirkuk, 'Middle East' Quarterly', winter 2007, Volume XIV Number 1.

دەستکەوت بوو بۆ ئەوان. فەتوایەکی ئایەتوڵڵا سیستانی، ئەمریکییەکانی ناچار کرد بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردن بدەن لە عێراق، کە بە پێچەوانەی هەڵوێستی لایەنی کوردی بوو، کە هەمیشە دۆستی هاوپەیمانان بوون و تا ئێستاش هیچ جۆرە کێشە و گرفتێکیان بۆ دروست نەکردوون، نە لە کوردستان و نە لە عێراق. نەبوونی بەرنامە و ستراتیژ زۆر جاران وای لە لایەنی کوردی کردووە پاش ڕووداوەکان بکەون. بلاٌوکردنەوەی ڕاپۆرتی بەیکەر ـ هاملتۆن بەبێ ئاگاداری لایەنی کوردی ئەو ڕاستییە تاڵەی بۆ دەرخستین. چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی لەو سەقفە زەمەنییەی لەو ماددە دەستوورییە بۆی دیاریکراوە ئیمتیحانێکی دیکەیە بۆ سەرکردایەتیی کوردی. ئەمجارە دەبێ بە بەرنامە کار بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بکات، لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوە.

کورد پێشتر دەرفەتی زۆری لە دەست چووە، بەلاٌم دەرفەتی دیکەشی بەدەستەوە ماوە کە سەرکردایەتیی کوردی دەتوانێ بەکاریان بێنێ، چونکە ئێستاش سەنگی کورد قورسە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە. بەبێ بەشداریکردنی کورد هیچ کێشەیەك لە عێراق چارەسەر ناکرێت و دیاریکردنی دواڕۆژی کەرکوك و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بەندە بە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکاندا لە عێراق و ناوچەکە، بەلاٌم بەپێی بەرنامە و بە پتەوکردنی یەك ڕیزی لەنێو هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، هەموو کوردستان. بە پێچەوانەوە، جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق لەو ماوەی بۆی دیاریکراوە، مانای لە دەستدانی ئەو ناوچانەیە و بەرپرسیاریەتیی مێژوویی دەکەوێتە ئەستۆی هەموو لایەك، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی دەسەلاٌت بە دەستن لە کوردستان.

---

٭ئەم بابەتە لەو کۆنفرانسەی (دەستەی پشتیوانی کەرکوك) لە لەندەن لە ٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ ڕێکیخستبوو، پێشکەشکراوە.

# پرۆژەی گەڕانەوەی ناوچەی کەرکوک وەک ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم بۆ سەر هەرێمی کوردستان

هەڵوێستی بەشی زۆری لایەنە سیاسیەکانی عێراقی لەبارەی دواڕۆژی ناوچەی کەرکوك، گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە. حکوومەتی عێراق کە بەرپرسی یەکەمە لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، هەمیشە هەوڵی "چارەسەرکردنی" کێشەی ناوچەی کەرکوکی لەدەرەوەی ئەو ماددە دەستووریەی داوە. کورد بە بەردەوامی داوای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی کردووە، لەپاش ٣١ی دیسەمبەری ٢٠٠٧ خەریکی داکۆکیکردن بووە لە مانەوەی ئەو ماددەیە، لەگەڵ پووچەڵکردنەوەی ئەو پڕوپاگەندانەی سەبارەت بە بەسەرچوونی ماوەکەی بلاْوکراونەتەوە. لەڕووی ماددییەوە حکوومەتی ناوەند هاوکاریی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی کردووە، بەلاْم ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کۆسپ و تەگەرەی بۆ دروستکردووە، بەمەبەستی دواخستنی جێبەجێکردنی. نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق (UNAMI) لەگەڵ هەردوو حکوومەتی ئەمریکا و بریتانیا بەشێوازی جیاواز هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیان داوە، بەلاْم تا ئێستا نەگەیشتوونەتە دەرئەنجامێکی قبووڵکراو لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان لە کەرکوك. کات بەسەرچوون لە بەرژەوەندیی کورد نییە، ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٣ دەکرا ئێستا ناکرێت، ئەوەی ئەمڕۆ  دەکرێت سبەینێ سەرناگرێ. ترسی گەورە لەوەدایە کێشەی ناوچەی کەرکوك بەچارەسەرنەکراوی بمێنێتەوە و ببێتە کێشەیەکی "موزمن- درێژخایەن"، لە چەشنی ئەو کێشانەی نەتەوە یەکگرتووەکان نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن، وەك کێشەی کشمیر و دارفۆر. دەوڵەتانی ناوچەکە ناڕاستەوخۆ دەستیان خستووەتە ناو کێشەی کەرکوك لەڕێگای چەند لایەنێکی سیاسیی عێراقی، بە مەبەستی ئاڵۆزکردنی و مانەوەی بە چارەسەرنەکراوی. بارودۆخی ناوچەی کەرکوك خەریکە وەك گۆمە ئاوێکی لێدێت، کە بەرەو بۆگەنی دەچێت، لەئاکامدا پڕکردنەوەی دەبێتە تەنیا ڕێگایەك بۆ "چارەسەرکردنی"! باسکردنی ئەو ڕاستییە تالاْنە بۆ هاندانی دەسەلاْتدارانی کوردە، تا ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك

بدۆزنەوە. دەبێ لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراقی و نێودەوڵەتی لەو ڕاستییە ئاگادار بکرێنەوە، کە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی بەشی زۆری کێشەکانی دیکەی عێراق، بەشی زۆریان ئەو ڕاستییە دەزانن، بەڵام بەکردەوە کاری جیددی بۆ کۆتاییهێنان بەو کێشە گەورەیە ناکەن.

لەناوەڕاستی تەمووزی ٢٠٠٩دا شاندێکی (یۆنامی) بە سەرۆکایەتیی بەرپرسی ئۆفیسی سیاسی و دەستووری هاتبوو بۆ هەولێر بۆ هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ کێشەی ناوچەی کەرکوک. لەسەرداوای شاندەکە، ڕۆژی ٢٠ی تەمووزی ٢٠٠٩ نزیکەی دوو کاتژمێر پێکەوە دانیشتین، لەو چاوپێکەوتنەدا بیروڕای جیاواز خرانەڕوو و گفتوگۆیان لەسەرکرا. ئەمە یەکەم جار نییە لەگەڵ نوێنەرانی (یۆنامی) و چەند بەرپرسێکی پایەبەرزی ئەمریکی و بریتانی، لەسەر داوای ئەوان پێکەوە دادەنیشین و گفتوگۆ لەسەر کێشەی کەرکوک دەکەین، بەڵام لە چاوپێکەوتنی ڕۆژی ٢٠ی تەمووز دا ڕاو بۆچوونەکان ڕاشکاوانە خرانەڕوو، ئاماژە بۆ ئەو کۆسپانەش کرا کە بوونەتە هۆی دواکەوتنی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە. ئەرکی هەموو کوردێکی دڵسۆزە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک بدات، بەڵام دەبێ ئاگاداری ڕاو بۆچوونەکانی لایەنەکانی دیکەش بێت. جێگای داخە بەشی زۆری ئەو لایەنانە زانیاریی ڕاست و دروستیان لەسەر کێشەی کەرکوک نییە، خۆشیان دوورەپەرێز دەگرن لە دوان لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، بەشێکیان جێبەجێکردنی بەکارێکی مەترسیدار دەزانن!

چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک بەو شێوەی تا ئێستا هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، کاتی ئەوە هاتووە بەشێوەیەکی دیکە هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت، بەمەرجێك دەرئەنجامەکەی گەڕانەوەی ناوچەی کەرکوک بێت بۆسەر هەرێمی کوردستان. پێکهاتەی ئەتنی لە ناوچەی کەرکوک وەك ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان نییە، تورکمان و عەرەب و کلدو ئاشووری ڕەسەن دەمێکە لەگەڵ کورد لەو ناوچەیە دەژین. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت کە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک پەیوەندی بە هەڵوێستی لایەنە سیاسیەکانی

عێراقی و ئەو گۆڕانکارییانەی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق ڕوودەدەن، هەیە. ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە بڕیارە لە ١٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠ دا ڕێکبخرێت ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر چۆنیەتیی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك دەبێ. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، دەوڵەتە زلهێزەکان حیسابی تایبەت بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و دەوڵەتانی ناوچەکە دەکەن. ئەم هۆکارانە بوونەتە کۆسپ لەبەردەم گەڕانەوەی ناوچەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردستان، ئەگینا کەرکوك لەگەڵ ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان دەبوو پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ بخرێنەوە سەر سنووری هەرێمی کوردستان.

نەیارانی کورد تۆمەتی ئەوە دەخەنە پاڵ کورد، گوایا لەبەر سامانی نەوت و گازی کەرکوك داوای دەکەن، کورد دەبێ بەکردەوە بیسەلمێنێ سامانی نەوتی کەرکوك هۆکاریی داواکردنی گەڕانەوەی نییە بۆسەر هەرێمی کوردستان، کورد داوادەکات داهاتی نەوتی کەرکوك بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە تەرخان بکرێت، لەگەڵ یارمەتیدانی دانیشتوانی بەهەموو پێکهاتەکانیەوە. لەم ڕوانگەوە پێشنیازی گەڕانەوەی ناوچەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردستان دەکەم وەك ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم، تێیدا دەسەلاتی بەڕێوەبردنی کاروباری پەیوەندیدار بە نەوت و گاز لە ناوچەکە بەو بدرێت، بەلام بەڕەچاوکردنی حوکمی ئەو مادده (حەصری) یانەی لەو بارەوە لە دەستووری عێراقدا هاتوون. قبوولکردنی ئەو پێشنیازە دەبێتە هۆی دامەزراندنی دوو ئەنجومەن، یەکێکیان بەناوی "ئەنجومەنی بڕیاردەر"، ئەندامەکانی لەلایەن خەلکی ناوچەکە هەڵدەبژێردرێن. ئەنجومەنی دووەم بەناوی "ئەنجومەنی بەڕێوەبردن"، سەرۆك و ئەندامانی لەلایەن ئەنجومەنی یەکەمەوە دەستنیشان دەکرێن. ئەو دوو ئەنجومەنە دەسەلاتی تەواویان دەبێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و ئابووری و ئاوەدانکردنەوە و ئەمنی و پەروەردە. مانەوەی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ ناردنی هێزی چەکداری عێراقی بۆ ناوچەکە دەبێ ئەویش بە ڕەزامەندی ئەو دوو ئەنجومەنە بدرێت، بەلام بە ڕەچاوکردنی ئەو خالانەی لە دەستووری عێراق و دەستووری هەرێمی کوردستان دیاری کراون.

پرسیاری چۆنیەتی دیاریکردنی سنووری ناوچەکەیان لێکردم، گوتم: سنووری پارێزگای کەرکوك پێش ساڵی ١٩٥٧ سنووری ناوچەکە بێت، ئەوەش لە بڕگەیەکی ماددەی ١٤٠ دا ئاماژەی بۆکراوە. پەیوەندیی ناوچەی کەرکوك بە هەرێمی کوردستان دەبێ بەڕوونی لەدەستووری هەرێم و دەستووری عێراقدا دیاری بکرێت. لەبەرئەوەی ناوچەی کەرکوك دەبێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، دانیشتوانی مافی ئەوەیان دەبێت لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازادەوە، نوێنەرانی خۆیان بۆ پەرلەمانی هەرێم دیاری بکەن، ژمارەیان لەو پەرلەمانە بەپێی ژمارەیان دیاری دەکرێت. چەند پۆستێکی وەزاری لە حکوومەتی هەرێم دەبێ بدرێتە کەسانێکی خەڵکی کەرکوك، لەگەڵ پۆستی جێگری سەرەك وەزیران، یان جێگری سەرۆکی هەرێم، کە چاکترە ئەو پۆستە بە تورکمانێکی خەڵکی کەرکوك بدرێت. پرسیاری زەمانەتی مانەوەی ناوچەکەیان لێکردم وەك ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم لە هەرێمی کوردستان؟ وتم ئەگەر ئەو سیستمە پەسندبکرێت، نە پەرلەمانی هەرێم و نە پەرلەمانی عێراق ناتوانن دەستکاری لەو سیستمە بکەن، لەبەر ئەوەی لە دەستووری هەرێمی کوردستان و دەستووری عێراقدا زەمانەتی مانەوەی وەك ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم دەچەسپێنرێ. بۆ زەمانەتی زیاتر، پێشنیازی بەستنی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیم کرد، بە بەشداریکردنی حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و چەند دەوڵەتێکی زلهێز و دەوڵەتانی ناوچەکە، لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەگەر هەردوو دەستووری عێراق و هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتییە ببنە زەمانەتی مانەوەی ناوچەی کەرکوك بەو شێوە دەستووریە، هێچ لایەنێك بەتەنیا توانای ئەوەی نابێت لە ئایندەدا دەستکاری بکات. بوونی زەمانەتی نێودەوڵەتی ڕێگا لە دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوچەی کەرکوك دەگرێت. دوا پرسیاریان دەربارەی ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان بوو، ئایا لەم حاڵەتەدا ناوچەی کەرکوك چی بەسەردێت؟ وەڵامم ئەوەبوو، دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەهەرێمی کوردستان بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی دەبێت، لەم بارەوە (کۆسۆفۆ) باشترین نموونەیە، سەرەتا داوای حوکمی زاتی لە چوارچێوەی کۆماری

(سربیا) دەکرد، بەڵام بەبڕیار و پشتگیری چەند دەوڵەتێکی زلهێز، سەربەخۆیی بەدەستهێنا، ئەو ئەگەرە بەداخەوە ئێستا لە ئاسۆی دوارۆژی کوردستان بەدی ناکرێت.

چاکترە ئەم پێشنیازە لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت، بەڵام لێرەدا وەك پڕۆژە پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراقی و نێودەوڵەتی بکرێت. لەو باوەڕەدام کورد ئەم پێشنیازەی قبووڵە، چونکە دەبێتە هۆی گەڕانەوەی ناوچەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردستان. نوێنەرانی تورکمان و عەرەب و کلدو ئاشووری لە کەرکوك ئەگەر پێشنیازەکە قبووڵ بکەن، ناوچەی کەرکوك دەبێتە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم و کاروباری ناوچەکە لەلایەن هەردوو ئەنجومەنی بڕیاردەر و بەڕێوەبردن بەڕێوە دەبرێن. ئەگەر لایەنە توندڕەوەکانی تورکمان و عەرەب ڕەتی بکەنەوە، کورد لەگەڵ دۆستەکانی دەتوانن بانگەشەی بۆ بکەن، بە تایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك. سەرکەوتنی ئەو لیستەی کورد پشتگیری لێ دەکات لەو هەڵبژاردنە ئەگەری پەسندکردنی پڕۆژەکە زیاتر دەکات. پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و ئەو ڕێکخراوانەی لە ناوەوە و لە دەرەوەی کوردستان داکۆکی لە ڕەوایی مەسەلەی کەرکوك دەکەن، دەتوانن لەگەڵ دۆستانی کورد لە دەرەوە پەیوەندی بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانەکانی ئەوروپا و کۆنگرێسی ئەمریکی بکەن بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو پێشنیازە.

---

هەولێر، ٢٧/ ٢٠٠٩/٨، ئەم بابەتە لەو کۆنفرانسەی (دەستەی پشتیوانی کەرکوك) لە لەندەن لە ٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ ڕێکی خستبوو، پێشکەشکراوە.

(ئاوێنە)، ژمارەی ١٨٩، سێشەمە ٩ ئەیلوولی ٢٠٠٩.

# کێشەی کەرکوک بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ چارەسەر دەکرێت

لایەنە سیاسیەکانی عێراقی، هەمیشە داوای دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقیان کردووە، ئەمریکا چەند جارێك پێشنیازی سەرپەرشتیکردنی UN بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك کردووە. بۆ نموونە، ڕاپۆرتی (بەیکەر ـ هاملتۆن) ڕاشکاوانە پێشنیازی دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی کردووە.

سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێین، کە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق تایبەت نییە بە کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان، ئەم ماددەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی چەند ناوچەیەکی دیکەی عێراق داڕێژراوە، کە سنووری بەڕێوەبەرایەتییان لە سەردەمی حوکمی بەعس دەستکاریکراون و بەپێی ئەو ماددە دەستووریە دەبێ چارەسەربکرێن.

ماددەی ١٤٠ میکانیزمێکی تایبەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دیاریکردووە، دەبوو لە ماوەیەکی دیاریکراودا جێبەجێ بکرێت. ئەو لایەن و دەوڵەتانەی پێشنیازی دواخستنی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دەکەن، دەزانن ئەو ماددەیە ماوەی جێبەجێکردنی بۆ دیاریکراوە، بەڵام گوایا لەبەر ڕەوشی ئەمنی لە کەرکوك، کە بە "بەرمیلێکی بارووت چاوەڕێی تەقینەوە دەکات!" دەشوبهێنن و ئەگەری دەستێوەردانی سەربازیی لەلایەن تورکیاوە هەیە، ئەگەر ڕیفراندۆم ئەنجام بدرێت. هەموو ئەو لایەنانە بە ئاشکرا باس لەوە دەکەن کە کورد بۆیە داوای کەرکوك دەکات لەبەرئەوەی چاوی لە نەوتەکەیەتی و نیازی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی هەیە! پێشنیازەکەیان جگە لەوەی بە پێچەوانەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقە، قبووڵکردنی دەبێتە هۆی توندوتیژی لە کەرکوك و ناوچەکە، چونکە ئەگەر تا ئێستا زۆربەی دانیشتوانی کەرکوك بە بێدەنگی مابنەوە، تەنیا لەبەرئەوە بووە چاوەڕێی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠یان کردووە. کەواتە دواخستنی جێبەجێکردنی ئەو ماددە

دەستوورییە باری ئەمنی لە کەرکوك بەرەو خراپتری بردووە. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێ، کە ئەو لایەن و دەوڵەتانە و میدیای عەرەبی پڕۆپاگەندە بۆ ئەوە دەکەن، مەبەستیان دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بووە. باری ئەمنی لە کەرکوك تا هێرشەکانی (داعش) بۆ سەر ناوچەکە لە زۆر جێگاکانی دیکەی عێراق باشتربوو. بەهۆی هێرشی داعشەوە بۆسەر بەغدا و ناوچە سوننییەکانی عێراق، بەشێك لە دانیشتووانانی ئەو ناوچانە ڕوویانکردووەتە کەرکوك و هەرێمی کوردستان.

ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، کە پێشتر ماددەی ٥٨ی قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بوو، بە ڕوونی ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکی دیاریکردووە. حکوومەتی (مالکی) لە بەندی ٢٢ی بەرنامەی حکوومەتەکەیدا جەختی لەسەر پابەندبوونی بە جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستووریە کردووە، هەروەها حکوومەتەکەی (د. عەبادی)، بەڵام هیچیان کارێکی جیددیان نەکردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە، ئەوەش جێبەجێ کرابێت دەچێتە خانەی هەوڵی جێبەجێ نەکردنی ئەو ماددەیە.

ئەرکی ئێمە ئاگادارکردنەوەی خەڵکە لەوەی دەیبینین و هەستی پێدەکەین، لەگەڵ جەختکردن لەسەر سەرکردەکانی کورد بۆ ئەوەی بە هەڵوێستی دیار و بەرچاو، نەك بە قسەی زارەکی گوشار بخەنە سەر حکوومەتی بەغدا، هەروەها گوێ بۆ داواکاریە ناڕەواکانی ئەو دەوڵەت و لایەنانە نەگرن، کە داوای دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەکەن، یان کار بۆ دروستکردنی هەرێمێکی تایبەت بە کەرکوك دەکەن، هەتا ئەگەر بۆ ماوەیەکی بەناو دیاریکراو بێت. عەباس بەیاتی دەمڕاستی لیستی "ئیئتلافی شیعە" و بەرپرسی یەکەمی حیزبی ئیسلامی تورکمانی عێراقی، ماوەیەك پاش پەسندکردنی دەستووری عێراق ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە ماددەی ١١٩ لە دەستووری عێراق بۆ ناوچەی کەرکوك داڕێژراوە! لە کۆنفرانسێکدا کە لە لەندەن لە کۆتایی مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٥ دا بەسترابوو، لەبارەی مەسەلەی کەرکوك. ئەو دەمە قسەکانی عەباس بەیاتیم بەبیر بەشداربووانی ئەو کۆنفرانسە هێنایەوەو وتم: هەموو لایەنە سیاسیەکانی عێراقی "دۆست" و نادۆستیان، کار بۆ دواخستنی

جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەکەن، یان کار بۆ دروستکردنی هەرێمێکی نوێ لە ناوچەی کەرکوك دەکەن، بەپێی ماددەی ١١٩. کەواتە ئەو هەوڵ و تەقەلایانەیان تازە نییە، بەلاَم بە بەرنامە کاری بۆ دەکەن، ئێمەش بە قسە کاتمان بەسەربردووە، بێ ئەوەی جێ پەنجەمان دیار بێ. لە ڕۆژنامە و میدیاکانی کوردستان و دەرەوە دەمێکە بابەتی جۆراوجۆر لەسەر پاشەڕۆژی کەرکوك بلاَودەکرێنەوە و بۆچوونی جیاواز دەخرێنە بەرچاو. ئەگەر هەموو لایەك لەسەر شێوەی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان کۆك بن، دەبوو بە هەمان شێوە پێکەوە وەلاَمی ئەو لایەنانە بدرێتەوە، کە هەوڵی دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەدەن، چونکە مەسەلەی کەرکوك مەسەلەیەکی نەتەوەیی وچارەنووسسازە، بە تەنیا هی لایەنانێکی سیاسیی کوردستان نییە و هەموو کورد لە هەر جێگاو شوێنێکی ئەم جیهانە بێت، دەبێ بەشداری لە چارەسەرکردنی بکات.

مەسەلەی کەرکوك تایبەتمەندیەتی خۆی هەیە و پێویستە بە شێوەیەکی تایبەتی کاری جیددی بۆ چارەسەرکردنی بکرێت. ئەگەر ئەمجارە بە شێوەیێکی ڕەوا چارەنووسی یەکلایی نەکرێتەوە، ئەگەری لە دەستدانی کەرکوك لە ئارادایە. کاتێکی زۆر بە فیڕۆ چووە، دەکرا لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو پاشەڕۆژی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان بگەیشتایە دوا قۆناغی چارەسەرکردن. دەبێ تا پێمان بکرێ هەوڵی چارەسەرکردنی بە شێوەیەکی ئاشتیانە بدەین، بەپێی دەستووری عێراق، کە ماددەی ١٤٠ ڕێگای چارەسەرکردنی بۆ دیاریکردووە. سەرکردایەتی سیاسیی کوردی دەبێ بە قسە و بە کار سووربوونی خۆیان لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بسەلمێنێ. لەگەڵ حکوومەتی عێراق و لایەنە سیاسیەکانی عێراقی و بەرپرسە ئەمریکاییەکان هەمیشە داوای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بکەن. لایەنی کوردستانی ئێستاش سەنگی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراقی قورسە، چونکە بەبێ بەشداریکردنی کورد، حکوومەتی عێراق بەرەو دواڕۆژێکی نادیار دەڕوات. ئەو سەنگەی کورد دەبێ بەگەڕی بخات، بە ئاگادارکردنەوەی هەموو لایەنە سیاسییە پەیوەندیدارەکان. هەروەها کۆمەلاَنی خەڵکی کوردستان دەبێ ئاگاداربکرێنەوە لەو

هەنگاوانەی دەینێن و داوای پشتگیرییان لێبکات، چونکە بەبێ هاوکاری و پشتگیریکردنی خەڵکی کوردستان سەرکەوتن بە دەست نایەت.

لە کەرکوك دەبوو لە سەرەتاوە کوردایەتی پێش حیزبایەتی بکرێت و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان هاوکاریی جیددی ماددی و مەعنەوی ئیدارەی کەرکوك بکەن، بەڵام بەبێ دەستێوەردان لە کاروباری ئیدارەکە.

بەرنامەی حکوومەتی د. عەبادی چەند قۆناغێکی دیاری کردبوو بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، کە دەبوو بە بەردەوامی داوای جێبەجێکردنیان بکرێت، بە تایبەتی گەڕانەوەی ئەو چوار قەزایەی لە ساڵی ١٩٧٦، بە بڕیارێکی ناڕەوا لە پارێزگای کەرکوك دابڕاون، بۆ سەر سنووری ئیدارەی پارێزگای کەرکوك، ئەوەش گەڕانەوەی کەرکوك بۆ باوەشی کوردستان مسۆگەر دەکات.

دەبێ ئەوەش ڕوونبکرێتەوە کە ماددەی ١٤٠ ئاماژەی تێدانەکراوە بۆ بەشداریکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بەو شێوەی ئەمریکا باسی لێ دەکات، چونکە جارێ کێشەکە بەپێی ماددەی ١٤٠ نەگەیشتووەتە ئەو ڕاددەی چارەسەر نەکرێت پێویست بە بەشداریکردنی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە بکات. ئەو پڕۆپاگەندانەی سەبارەت بە تێکچوونی باری ئەمنی لە کەرکوك بڵاودەکرێنەوە، بەوەی ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێ، هەموویان بێ بنەمان و بۆ چاو ترساندنی کورد دەکرێن. تا ئێستا هەر کێشەیەك ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییە دەستی بەسەردا گرتبێ، سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە. کێشەی کەرکوك کێشەیەکی ناوخۆییە، پێویستی بە دەستێوەردانی UN نییە، بەڵام هەردەمێ هەموو بڕگەکانی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێن و کار بگاتە سەر ڕێکخستنی پڕۆسەی ڕیفڕاندۆم، دەکرێ داوای هاوکاری لە UNبکرێت تا ئەویش بەشداری لە ڕێکخستنی ئەو پڕۆسە قانوونیە بکات. بەشداریکردنی UN دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەند بن بە ئاکامەکانی پڕۆسەی ڕیفڕاندۆم، ئەو دەزگایە نێودەوڵەتییە دەبێتە شایەتحاڵ بۆ مەحکومکردنی ئەو لایەنەی کێشە دروست دەکات، یان بەشداری لە پڕۆسەکە ناکات. ئەم پێشنیازە پێشتر لەو

**کۆنفرانسەی لە لەندەن لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٥ دا بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوك بەسترابوو خستوومەتە بەرچاو، بەڵام کاری جیددی لەسەر نەکراوە.**

**هەولێر، ٨ / ٤ / ٢٠١٧**

# حکوومەتی بەغدا نایەوێ ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکات

**چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی "هاوڵاتی" لەگەڵ د. نووری تاڵەبانی**
**دیمانە: ڕێبوار مارف**

بۆ قسەکردن لەسەر ئەو کۆنفرانسەی لە نێوان پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان، کە چەند پسپۆڕ و کەسایەتییەکی بیانی لەم چەند ڕۆژەدا لە هەولێری پایتەخت بەسترا بۆ قسەکردن لەمەڕ ئەو ئاریشانەی لە قانوونی نەوت و غاز و ماددەی ١٤٠ دروست بووە و ئەو گۆڕانکارییە جەوهەریانەی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا کراون، بە تایبەتی ماددەی ١٤٠ و یاسای نەوت و غاز، بە پێویستمان زانی ڕاو سەرنجی پەرلەمانتار و ئەندامی لیژنەی قانوونی پەرلەمانی کوردستان، د. نووری تاڵەبانی وەربگرین کە بەشداربووی کۆنفرانسەکە بوو.

پ/ لیژنەی پێداچوونەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق گۆڕانکاریی جەوهەری لە قانوونی نەوت و غاز کردووە، لەگەڵ هەندێك ماددەی دیکەی دەستووری، ئایا چ بۆچوونێکتان سەبارەت بەم گۆڕانکارییە جەوهەرییە هەیە، لە کاتێکدا کە سەرۆکی حکوومەت ڕایگەیاند، گۆڕانکاری جەوهەری قبوڵ ناکەین؟

و: بەپێی دەستووری عێراق پتر لە (٥٥) ماددەی دەستوور دەبێت قانوونی تایبەتی بۆ دابنرێت، چونکە لە دەستووردا بە شێوەیەکی گشتی باس لە بنەما سەرەکییەکان کراون، وردەکارییەکان دەبێت بە قانوون ڕێکبخرێن. لە دەستووری عێراقدا ئەو قانوونانەی پێویستە ڕێکبخرێن، دەبێ لە لایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسندبکرێن. هەمان ئەو دەستوورە ڕێگای داوە لیژنەیەك بۆ پێداچوونەوەی دەستوور لە ماوەیەکی دیاریکراودا دروستبکرێت، پێشنیازەکان دەخرێنە پێش پەرلەمان بۆ ئەوەی پەسندبکرێن و جارێکی دیکە بە ڕیفراندۆم، خەڵکی عێراق دەنگی لەسەر بدات. بەڵام ئەم لیژنەیە نەیتوانیوە کارەکانی بە باشی بەڕێوەبرێت، چەند بابەتێك هەیە لیژنەکە نەیتوانیوە بگاتە بڕیارێك لەسەری، وەك ماددەی ١٤٠ و قانوونی نەوت، کە بۆ لایەنە سیاسیەکان ماونەتەوە. لە ١١/١٥ی ئەم مانگەدا کۆنفراسێکی گەورە لە هەولێر

بەسترا، بەشێکی زۆر لە پەرلەمانتارانی عێراق و کوردستان و چەند پسپۆڕێك و چەند کەسایەتییەك لە هەندارانەوە هاتبوون، بەشدارییان تێدا کرد و بیروڕای باش خرانە بەردەم کۆنفراسەکە. لەوێدا تا ڕادەیەك لە یەکتری حاڵی بووین هەبوو. ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان توانیمان داوا سەرەکییەکانی کوردستان بخەینە بەردەم ئەو کۆنفراسە، بە تایبەتی لەبارەی ماددەی ١٤٠، کە لەو ماوەی بۆی دیاریکراوە جێبەجێ نەکراوە. هەروەها قانوونی نەوت و گاز لە ڕۆژی دووەمی کۆنفراسەکەدا قسەی لەسەرکرا. لەبارەی قانوونی نەوت و گاز، د. علی دەباغ و د. عودەی عەبدولحەمید سامەرائی دوو بابەتیان بە جیاواز پێشکەش کرد، یەکێکیان دەیویست بابەتەکە بخاتە قاڵبێکی ئابوورییەوە، ئەویتر بیخاتە چوارچێوەی تەکنیکییەوە، هەردووکیان بۆ یەك مەبەست بوون، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لە دەرهێنانی نەوت و گاز دەسەڵاتی ئەوتۆی نەبێت. لە وەڵامدانەوەدا گوتم، چەند پسپۆڕێك بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە دەستووری چەند وڵاتێکی بیانی پێشکەشکرد، وەکو دەستووری کەنەدا و ئوسترالیا سەبارەت بە موڵکایەتیی نەوت و گاز، کە موڵکی ئەو ویلایەتەیە، گوتم پێویست ناکات باس لە تەجروبەی ئەو وڵاتانە بکەین، چونکە تەجروبەی وڵاتێکی نزیکی خۆمان هەیە، کە وڵاتێکی عەرەبییە، دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتووە. ئەم دەوڵەتە سەرەتا پێکهاتبوو لەچەند عەشایەرێك لە ژێر پارێزگاری لەشکری بریتانیا بوون لە کەنداو، پاشان بەپێی فەرمانی ئینگلیزەکان، بوون بە ئیمارات و هەر بە فەرمانی ئینگلیزەکان بوونە یەك دەوڵەتی یەکگرتوو. بەپێی دەستووری ئیماراتی یەکگرتوو، سامانی نەوت و گاز هی ئیماراتەکانە، نەك دەوڵەتی ئیمارات، بەڵام پێویستە هەریەکەیان بەشێك بداتە دەوڵەتی ئیماراتی یەکگرتوو. هەروەها باسی ئەزموونی سودانم کرد، کە بەهەمان شێوەیە، داوام کرد لە کوردستان و لە عێراق ئەو دوو تەجروبەیە جێبەجێ بکەین، سامانی غاز و نەوت هی هەرێمەکان بن، بەڵام هەر یەکەیان بەشداری بکەن لە بودجەی حکوومەتی ناوەندی بەپێی ئەو سەروەتەی بەری دەکەوێت. گوتم بە داخەوە ئەو بۆچوونانەی کە پێشکەشکران بە شێوەی ئابووری و تەکنیکی بوون، نەچوونە چوارچێوەی ئەو قانوونە، گوتم لایەنێکی

دیکە هەیە تاکو ئێستا نازانین ناوەڕۆکی ئەو پرۆژەیە چییە. لە ئێستاوە بڕیاریدراوە هەر کەسێك لەو بارەوە کار بکات دەیکوژن. بۆیە پێویستە پرۆژەی قانوونی نەوت و غاز بە شێوەیەك دابڕێژرێت کە وەزعی هەرێمی کوردستان بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ. گەلی کوردستان خاوەنی سەروەت و سامانی خۆی بێت و بەشداری بکات لە بودجەی حکوومەتی ناوەند.

پ/ پێتوایە ئەو دوو وتارە گوزارشت لە رای حیزبە سیاسیەکان دەکات؟

و: تەعبیر لە لایەنە سیاسیەکانیان دەکات، چونکە بۆچوونی عەلی دەباغ جیاواز بوو لە بۆچوونی د. عودەی، کە نوێنەری دوو لایەنی جیاوازن. ئەگەر بە وردی تەماشایان بکەین بەهەمان ئاراستەدا دەڕۆیشتن، ئەویش کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان بوو.

پ/ ئایا ئێوە وەکو بەشی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، هیچ فشارتان خستۆتە سەر پەرلەمانی عێراق بۆ ئەوەی لە کاتی خۆی ماددەی ١٤٠ بەبێ دەستکاریکردن جێبەجێ بکرێت ؟

و: ماوەیەك لەمەوبەر لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی خەڵکی کوردستان دیاریکرا، لەگەڵ ئەوەدابین کە ماددەی ١٤٠ ماددەیەکی دەستوورییە پێویستە لەو ماوەی بۆی دیاریکراوە بەپێی میکانیزمی دیاریکراو جێبەجێ بکرێت، لەم کۆنفرانسەدا بۆچوونی خۆمان دووبارە کردەوە و سووربووین لەسەر ئەوەی کە ماددەی ١٤٠ هاتووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو زوڵمەی لە خەڵکی کوردستان کراوە، ئەو کەسانەی دەرکراون بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان و عەرەبە هاوردەکان بەپێی ئەو میکانیزمەی بۆیان دابین کراوە، بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان. ئەو چوار قەزایەی کە پێشتر بە بڕیاری حکوومەتی بەعس لە ساڵی ١٩٧٦ دا دابڕاون، بگەڕێنەوە بۆ سەر سنووری پارێزگای کەرکوك، کە بریتین لە قەزاکانی (چەمچەماڵ، کفری، خورماتوو، کەلار). هەروەها پێویستە سەرژمێرییەك ئەنجام بدرێت پێش کۆتایی ئەم ساڵی ٢٠٠٧، ئەو ریفراندۆمە ئەوجا ئەنجام بدرێت. نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر لە کۆنفرانسێکدا لەسەر کەرکوك رێکخرابوو، پێشنیازمکرد چاکترە لە کاتی ریفراندۆمدا نوێنەری

(UN) بەشدار بێت بۆ سەرپەرشتیکردنی، نەك تەنها لایەنێك كە حكوومەتی عێراقە هەر ئەو بێت. مەبەستم لەو پێشنیازە ئەوەبوو ئەگەر هاتوو نوێنەری (UN) لەم لێژنەدا بەشداربێت، لایەنەكانی دیكە ناتوانن لە ئەنجامی ڕیفڕاندۆمەكە پەشیمان بنەوە، بەڵام ئەگەر تەنها لایەنی عێراقی ئامادە بێت، ئەوان دەیكەن بە بیانوو، چونكە حكوومەتی مالیكی و جەعفەری و عەلاوی نەیانویستووە ئەو ماددەیە جێبەجێ بكرێت [١٤].

(١٤) كوردستان، كاروباری سیاسی ، ل ١٦ - ١٧

# چەند تێبینییەك بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەبارەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠

**بەڕێز جەنابی سەرەك وەزیران، کاك نێچیروان بارزانی،**

چەند تێبینییەك لەبارەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لەو ماوە کورتەی ماوە (کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧) دەخەمە بەرچاوتان، ئومێدەوارم سوودمەند بن:

ماددەی ١٤٠ یەکێکە لە ماددە سەرەکییەکانی دەستووری عێراق، لە ماددەی (٥٨)ی قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە وەرگیراوە. بەپێی ئەو ماددەیە، ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکان نەگەنە ڕێککەوتن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، دەتوانن پەنا بەرنە بەر (تحکیمی) نێودەوڵەتی، بەلاَم ئەمە ئێستا هەنگاوێکی پێش وەختەیە، چاکترە بیر لە چارەسەرێکی ناوخۆیی عێراقی بکرێتەوە، پێش بەسەرچوونی ئەو ماوە کورتەی ماوە، واتا پێش کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧.

کێشەی سەرەکی ماددەی ١٤٠، میکانزمی چارەسەکردنیەتی بۆ دیاریکردنی وادەی گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکانی ئەو ناوچانە بۆ ئەو شوێنانەی لێوەی هاتوون، لەگەڵ گەڕانەوەی ئەو ناوچە ئیدارییانەی لە پارێزگای کەرکوك و ناوچەکانی دیکەی کوردستان دابڕاون. چارەسەرکردنی ئەو دوو کێشەیە دەبێتە هۆی یەکلاییکردنەوەی دواڕۆژی ئەو ناوچانە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە، بەلاَم لەو ماوە کورتەی ماوە، ئەو دوو کێشەیە بەو شێوەیە بە زوویی جێبەجێ ناکرێن. پێویستە هەوڵبدرێت کێشەی عەرەبە هاوردەکان بە بڕیارێکی ئەنجومەنی بالاَی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) چارەسەر بکرێت و ڕێگا لە بەشداریکردنی عەرەبە هاوردەکان لە دەنگدان بۆ دیاریکردنی دواڕۆژی ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە، نەدرێت. بەشداری نەکردنی عەرەبە هاوردەکان لەو دەنگدانە کارێکی قانوونییە، چونکە ئەوان بۆ مەبەستێکی سیاسی لەو ناوچانە نیشتەجێکراون، نابێ دەنگ لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی بدەن، ماددەی (١٤٠) بۆ نەهێشتنی ئاسەواری ئەو سیاسەتەی ڕژێم ئەنجامی داوە، داڕێژراوە.

گەڕانەوەی ئەو چوار قەزایەی کە پێشتر لەسەر سنووری ئیدارەی پارێزگای کەرکوک بوون بۆ سەر سنووری بەڕێوەبەرایەتی پارێزگای کەرکوک ،نابێ بیشوبهێننە گەڕانەوەی بەشێك لە بیابانی (بادیە)ی عێراقی بۆ سەر سنووری پارێزگای (کەربەلا)، چونکە یەکەم خەڵکێکی زۆر لەو بیابانە نییە. ئەو ناوچەی لەلایەن ڕژێمەوە خراوەتە سەر سنووری بەڕێوەبەرایەتی پارێزگای (ئەنبار) بۆ نەهێشتنی سنووری هاوبەش لە نێوان پارێزگای کەربەلا و سنووری دەوڵەتی سعوودیە.

کورد لە سەرەتاوە داوای کردووە ئاماری ساڵی ١٩٥٧ بکرێتە بنەما بۆ ئەنجامدانی پڕۆسەی دەنگدان لەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کارە تا ئێستا نەگەیشتۆتە کۆتایی، بۆیە بە ناچارییەوە دەڵێم دەکرێ لیستی خۆراك وەرگرتن بکرێتە بنەما بۆ ئەنجامدانی ڕیفڕاندۆم. هەموو دەزانین هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ و دەنگدان لەسەر دەستووری تازەی عێراق لەسەر بنەمای ئەو لیستە ئەنجامدراوە، لێرە تەنیا مەرجمان ئەوەیە عەرەبە هاوردەکان بەشداری لە دەنگدان لە کەرکوك و ناوچەکانی دی نەکەن، لەو جێگایانە دەنگ بدەن کە لێوەی هاتوونە.

سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی ئەو خەڵکانەی زیانیان لێکەوتووە بە هۆی سیاسەتی بە عەرەبکردنی ئەو ناوچانەوە، چ عەرەبە هاوردەکان بن ئامادەن بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێوەی هاتوون، چ ئەو کورد و تورکمانانە بن لەلایەن ڕژێمەوە دەرکراون، ئەوە ئەرکی حکوومەتی ناوەندە. ئەو پڕۆسەیە دەکرێ لە قۆناغێکی دیکەدا بکرێ و (لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠) ئەنجامی بدات. ئەو لێژنەیە ماوەیەکە دەستی بە جێبەجێکردنی ئەو پڕۆسەیە کردووە، دەتوانێ بەردەوام بێت لەسەر تەواوکردنی تا ساڵی ئایندەی ٢٠٠٨.

ئەرکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانە لە عێراق میکانیزمێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی ڕیفڕاندۆم لەو ناوچانە دیاری بکات. ئەو ڕیفڕاندۆمەی لەو ناوچانە ئەنجام دەدرێ، لەسەر ئاستی پاریزگا (پارێزگای کەرکوك) و قەزا یان ناحیە دەکرێ. لە کەرکوك سنووری هەموو پارێزگاکە دەگرێتەوە، بەڵام لە جێگاکانی دیکە کە

ناکۆکی لەسەرە، سنووری ئیداری (قەزا)، یان (ناحیە) هەیە، ڕاپرسی لەسەر ئاستی قەزا، یان ناحیەکە دەکرێ.

ئەو پرسیارەی ڕووبەڕووی دەنگدەران دەکرێتەوە، چاکترە کورت بێت و بریتی بێ لە وەڵامدانەوەی یەکێك لەو دوو پرسیارە لەلایەن ئەو خەڵکانەی مافی بەشداریکردنیان لە دەنگدان هەیە:

١: ئایا ئەو ناوچانە بەشێك بن لە هەرێمی کوردستان؟

٢: ئایا ئەو ناوچانە بەشێك بن لە سنووری پارێزگای (سەلاحەدین)، یان سنووری پارێزگای (دیالە)؟

ئاکامی ئەو دەنگدانە بە زۆرینە یەکلایی دەبێتەوە، چونکە ماددەی (١٤٠) بە موتڵەقی هاتووە، (والمطلق يجري على اطلاقه).

دەنگدان لە قەزای کەرکوك هەموو ئەو ناحیانە دەگرێتەوە، کە سەر بە قەزای کەرکوك بوون لە ساڵی ١٩٧٦، هەردوو ناحیەی (قەرەهەنجیر) و (شوان) دەگرێتەوە، چونکە دەنگدان لەسەر ئاستی قەزای کەرکوك، بە (یەك بازنە)یە.

بۆ ئاگاداریتان، ڕووبەری پارێزگای کەرکوك لە ساڵی ١٩٧٥ دا (١٩٥٤٣) کم٢ بووە، لە ساڵی ١٩٧٦ کەمکراوەتەوە بووە بە (٩٤٢٦) کم٢، چونکە چوار قەزای (چەمچەماڵ و کفری و کەلار و خورماتوو)ی لێدابڕاوە.

نفوسی ئێستای پارێزگای کەرکوك، بەبێ ئەو چوار قەزایە، بەپێی لیستی خۆراك وەرگرتن تا ٣٠ نیسانی ٢٠٠٧، (٧٠٥٠١٤) کەس بوون. تا ٣١ دیسەمبەری ٢٠٠٦، (٢٢٤٥٤٤) کەس گەڕاونەتەوە بۆ پارێزگای کەرکوك. هەر لەو ماوەدا (٥٢٩٤٣) کەس لە عەرەبە هاوردەکان گەڕاونەتەوە بۆ جێگای خۆیان.

د. نووری تاڵەبانی

ئەندامی لیژنەی قانوونی،

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠

# کەرکوك بەر لە تەعریب و دوای تەعریب

سەرەڕای بوونی دوو نەتەوەی سەرەکی لە عێراق، کە هەریەکەیان خاوەن سیمای مێژوویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆیانن، چەند گرووپێکی ئەتنی و تایەفەیی جۆراوجۆر هەن حکوومەتەکانی عێراقی یەك لە دوای یەك لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لەساڵی (١٩٢١) سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەیان لە دژی کورد و ئەوان پیادەکردووە، بۆیە دەتوانین بڵێین سیاسەتی تایەفەگەری لەناو کۆمەڵگەی عێراقدا بەسەر ئەو نەتەوە و لایەنانەدا پەیڕەوکراوە، بەڵام ئەو سیاسەتانە نەگەیشتوونەتە ئاستی پاکتاوی نەژادی، نە لە دژی کورد و نە ئەتنیەکانی دیکەی عێراق، تا هاتنی حیزبی بەعس لەساڵی ١٩٦٣ بۆ دەسەڵات. لەو دەمەوە سیاسەتی پاکتاوی نەژادی لە دژی کورد، بەتایبەتی لە شاری کەرکوك و گوندەکانی دەوروبەری پیادەکراوە، دواتر بووەتە بەرنامەیەکی جێگیری دەوڵەت لەو ناوچەیە، بە تایبەتی دوای دووبارە گەڕانەوەی حیزبی بەعس بۆ دەسەڵات لە ساڵی (١٩٦٨). لەو کاتەوە بەعس ئەو سیاسەتەی بەپێی پلانێکی داڕێژراو پیادەکردووە، گەورە بەرپرسانی دەزگای ئیداری و ئەمنی و حزبی و سەربازی لە بەغدا سەرپەرشتی جێبەجێکردنیان کردووە. ڕژێم ئەو سیاسەتەی بۆ هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان گواستەوە کە لە ژێر دەستی بوون، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێشێلکردنی بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی ساڵی (١٩٩١)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بوو، کە داوای لە حکوومەتی عێراق کردبوو مافەکانی خەڵکی مەدەنی لە عێراق بە گشتی و کورد بەتایبەتی پێشێل نەکات. ئەو خەڵکەی لە بەهاری ساڵی (١٩٩١) دا بەشدارییان لە کۆڕەوە گەورەکە کرد و بەرەو شاخ و سنوورە نێودەوڵەتییەکان ڕۆیشتن، لەبەر بوونی نێردراو و نوێنەرانی هەندێ دەزگای ڕاگەیاندنی جیهانی لە کوردستان لە ماوەی دەستپێکردنی ئەو کۆڕەوە ملیۆنییە، بووە هۆی ئەوەی ئەو ڕووداوانە بۆ جیهان بگوازنەوە و سەرنجی ڕای گشتیی جیهان رابکێشێن و فشار بۆ سەر بەرپرسان لە

هەندێك لە وڵاتە ڕۆژاواییەکان دروست بکەن، پاشان لەسەر پێشنیازی فەڕەنسا، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیارێکی نێودەوڵەتی پەسندکرد.

بەراوردکردنی بارودۆخ لە شاری کەرکوك پێش جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە و دوای کردەوەکانی ڕژێم، کە هەموویان پێچەوانەی قانوونی نێودەوڵەتی بوون، ئاستی گەورەیی ئەو کارەساتە مرۆییە دەردەخات، کە خەڵکی کەرکوك و ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم بەسەریاندا هاتووە. لێرە زیاتر جەخت لەسەر شاری کەرکوك دەکەینەوە وەك نموونە بۆ ئەوەی بارودۆخەکەیان بخەینە ڕوو، بەو پێیەی کە تەوەرەی ئەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستییە بووە لە ژێر سەرپەرشتی و بە بڕیاری باڵاترین دەسەڵات لە عێراق ئەنجام دراون.

باری کۆمەڵایەتی هەر شارێك، پێویستی بە لێکۆڵینەوە و دەرخستنی پەیوەندیی لەگەڵ خەڵك و کۆمەڵگادا هەیە، جگە لە ڕەچاوکردنی فاکتەر و کاریگەریەکانی دیکە، کە هەموویان بەشداری لە پێکهێنانی ئەو ژیانە دەکەن و بە شێواز و سیمای تایبەتی دایدەپۆشن، چونکە مرۆڤـ پەیوەستە بەو ژینگەی تیایدا دەژیت و هەردوولا کار لە یەکتر دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ یەك بگونجێن. لە ڕابردوودا زۆربەی دانیشتوانی کەرکوك خەریکی کارە پیشەیی و میللییەکان بوون، کە کشتوکاڵ بووە و پێویستیان پێی بووە وەك هۆکاری سەرەکی ژیان. لە ناوچەی کەرکوك دەشتێکی فراوان وبەپیت و بەرەکەت هەیە، خەڵکی ئەو ناوچەیە لە گوند و دەشتە بەرفراوانەکانیدا بە شێوەیەکی دواکەوتووانە سەرقاڵی کشتوکاڵی زستانە و هاوینە و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات بوون. چڕیی دانیشتوان لە گوند و ئەو ناوچانەدا ڕوویان لە زیادبوون کردووە، کە سەرچاوەکانی ئاو بەدی کراون، لە ناوچەکانی دیکە کەمتر بوون، کە بە دەستی کەم ئاوییەوە ناڵاندوویانە. دانیشتوانی ناو شاری کەرکوك وێڕای کارە پیشەییەکانیان، خەریکی بازرگانی بوون و هەندێکیان پایەی حکومییان هەبووە. ئەگەر مرۆڤ بە خێرایی چاوبخشێ بە جلوبەرگیاندا، دەیتوانی سەبارەت بە باری کۆمەڵایەتیی دانیشتوان ئەو شارە لای خۆی دروست بکات، کە چینی گشتی خەڵك، بە

تایبەتی کورد جلی ئاسایی خۆیان لە ناوچە کوردییەکان پۆشیوە، تورکمانەکان جلوبەرگی تایبەت بە خۆیان هەبووە.

نووسەرانی ئەو کتێبە دواتر نووسیویانە، بۆ چەند نەوەیەك پایەی "متسلمیە" بۆ دوو خێزانی تورکمان ماوەتەوە، نەوە لە دوای نەوە تا ئەو کاتەی کە دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری لادانیانی داوە، دوا (متسلم) لە لیوای کەرکوك (عەبدوڵلا بەگی نەفتچی)، باپیری نازم بەگ بووە. نووسەری کتێبی ناوبراو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، لەسەر زاری عەبدوڵلا ئاوچی، سەرۆکی خانەوادەی (ئاوچی) لە کەرکوك، کە خانەوادەکەیان بە ڕەچەڵەك تورکە (وەچەکەی بۆ خێزانێکی تورك دەگەڕێتەوە، کە هەندێك لە ئەندامانی تا ئەمڕۆش لە شاری (قۆنیە)ی تورکیا دەژین. ئەمیرخانی باپیرە گەورەیان لەگەڵ مرادی چوارەمی سوڵتانی عوسمانی، لەگەڵ ئەو هەڵمەتەدا هاتووە بۆ عێراق، بە مەبەستی ڕزگارکردنی لە دەستی فارسەکان). لە لایەکی دیکەوە نووسەری ئەو کتێبە باس لە بارودۆخی ئەتنیەکانی دیکەی شاری کەرکوك دەکات و دەڵێ: (ئەو کەمینانەی کە حاڵی حازر لە لیوای کەرکوك دەژین، ئەرمەن و نەسارەن، کە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی ڕوویان کردۆتە عێراق، کاتێك کە عوسمانییەکان ناچاریان کردوون ناوچەکانیان جێبهێڵن، دواتر لە شارە گەورەکانی عێراق گیرساونەتەوە لە نێوانیاندا شاری کەرکوك).

ئەو فەرهەنگە عێراقییە ئاماژە بەوە دەکات، ئیسلام ئایینی سەرەکییە لە کەرکوك و دانیشتوانیشی موسڵمانن و پابەندیشن بە ئایینەکەیانەوە، زۆری ژمارەی مزگەوت و تەکیە و پەرستگا و قوتابخانە ئایینییەکان بەڵگەن بۆ ئەو بۆچوونەی لە کەرکوك.

تێبینی دەکرێ زۆربەی پیاوانی ئایینی لە شاری کەرکوك و ناوچەکە لەو کوردانەن، کە خاوەنی دەسەڵاتێکی فراوانن لە ناو خەڵکدا. لەو شارەدا چەند تایەفەی دیکە لە مەسیحی و سابیئە و جوولەکە، پێش گواستنەوەیان بۆ فەلەستین لە سەرەتای پەنجاکاندا، دەژین، زیاتر خەریکی بازرگانی و گۆڕینەوەی دراو و کڕین و فرۆشتنی زێڕن. (سابیئەکان) سەرقاڵی بازرگانی زیون، مەسیحیەکان وەکو زۆربەی

خەڵکی دیکە، خەریکی زۆربەی کار و پیشەکانی دیکەن، هەموویان بە یەکەوە برایانە دەژین.

دانیشتوانی قەزا و ناحیە و گوندەکانی دەرەوەی شار، کە زۆربەیان ڕۆڵەی هۆزەکان بوون، کورد بوون و بوونێکی بەرچاویان لە ناو شاردا هەیە، بە تایبەتی هۆزەکانی زەنگنە و تاڵەبانی و هەمەوەند و جەباری و داودە و بەرزنجە و کاکەیی و شوان. ژمارەیەك کەسایەتیی خانەوادەی تاڵەبانی، کە نیشتەجێی کەرکوك بوون پایەی سەرۆکایەتیی شارەوانی کەرکوکیان وەرگرتووە. شێخ ڕەئوف تاڵەبانی لە سەردەمی عوسمانی ئەو پایەی وەرگرتووە، دواتر لە ١٩٣٤ تا کۆتایی ١٩٤٨ شێخ حەبیبی تاڵەبانی برای، ئەو ئەرکەی پێ سپێرراوە. فازڵ تاڵەبانی پارێزەر، لە ساڵی ١٩٥٣ تا ١٩٥٨ سەرۆکی شارەوانی کەرکوك بووە. لە خانەوادەی بەرزنجە، کە لە کەرکوك دەژین، مارف بەرزنجی پارێزەر لە ماوەی نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩ دا ئەو پایەی وەرگرتووە. ژمارەیەك لە کەسایەتیی خانەوادەی تورکمانی ناسراوی شاری کەرکوك هەمان ئەو پایەیان وەگرتۆتە، بە تایبەتی لە هەردوو خانەوادەی قیردار و پیریادی لە سەردەمی عوسمانی. لە خانەوادەی یەعقوبی لە سەردەمی پاشایەتیی عێراقی، عەبدولمەجید یەعقوبی، پاشان لە ساڵی ١٩٤٩ شامل یەعقوبی برازی تا ١٩٥٤ سەرۆکی شارەوانی بوون. پێش ساڵی ١٩٦٨ هیچ عەرەبێك لە کەرکوك ئەو پایەی وەرنەگرتووە، بەڵام دوای ئەو کاتە ئەو پایە تەنیا بۆ عەرەب تەرخان کراوە. مەزهەر تکریتی، کە خەڵکی کەرکوکە یەکەم عەرەب بووە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ ئەو پایە دامەزراوە، ئەوانەی دواتر دامەزراون خەڵکی شاری کەرکوك نەبوون.

دەوڵەتی عوسمانی پایەی (متسلمی)ی دەبەخشیە هەندێك خێزانە تورکمانە دەسەڵاتدارەکان، بە تایبەتی سەرۆکەکانی خانەوادەی (نەفتچی)، کە تارادەیەکی زۆر وەکو ڕژێمی دەرەبەگایەتی بووە، چونکە ئەو (متسلم)ە بە ویستی سوڵتانی عوسمانی دادەمەزراوە، دەبوو پابەندبێت بە بەخشینی باج بە والی، لە بەرامبەر وەرگرتنی گومرگی جۆراوجۆر لە خەڵك. دوای لادانی ئەو سیستمە لە ساڵی (١٨٤٠)، ئیدارەی کەرکوك خرایە پاڵ ویلایەتی شارەزوور، تا ساڵی (١٨٧٩) شاری کەرکوك وەك بنکەیەك

بۆ ئەو ویلایەتە مایەوە، لەو کاتە کەرکوك بوو بە (سەنجەق)، سەر بە ویلایەتی مووسڵ بوو. ئەو ڕووداوە مێژووییە لەلایەن شێخ ڕەزای تاڵەبانی شاعیری ناسراوی کەرکوك لە دێڕە شیعرێکدا بە زمانی تورکی تۆماری کردووە.

لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، سەنجەقی کەرکوك، قەزاکانی هەولێر و ڕانیە و ڕەواندوز و کۆیە و کفری دەگرتەوە. لەپاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، کەرکوك بوو بە لیوا (پارێزگا)، چوار قەزای دەگرتە خۆی؛ ناوەندی کەرکوك و کفری و چەمچەماڵ و گل. پاشان ناوەندی قەزای گل لە گوندی کۆشك گوازرایەوە بۆ شارۆچکەی داقووق، پاشان بۆ خورماتوو، ئەوجا ڕژێمی بەعس ئەو قەزایەی - بێ ناحیەی داقووق - خستە سەر پارێزگای سەلاحەدین، لەگەڵ لکاندنی قەزای کفری بە پارێزگای دیالە و هەردوو قەزای چەمچەماڵ و کەلار بە پارێزگای سلێمانی.

سەبارەت بە دانیشتوانی لیوای کەرکوك، فەرمانگە بریتانییەکان کە لە نێوان ١٩١٨ - ١٩٢٥ حوکمی ڕاستەوخۆی کوردستانیان کردووە، ژمارەیان بە (١٤٠) هەزار کەس خەملاندووە، بەم شێوەیەی خوارەوە.

٧٥٠٠٠ کورد

٣٥٠٠٠ تورکمان

١٠٠٠٠ عەرەب

لەگەڵ ١٤٠٠٠ جوولەکە و ٦٠٠ کلدان. ئاماری لیژنەی کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٢٥ سەبارەت بە ویلایەتی مووسڵ، پاش سەردانی ناوچەکە، ئاماژەی بەوە کردووە، کە کورد ٦٣٪ دانیشتوانی کەرکوك بوون، تورکمان ١٩٪ و عەرەب ١٨٪. هەر لەو ساڵەدا حکوومەتی عێراق ڕێژەی کوردی بە ٥٩.٥٪ مەزەندە کردووە. لەبەر نەبوونی ئامارێکی فەرمی بۆ دانیشتوان لە عێراق پێش ئەنجامدانی ئاماری ساڵی ١٩٤٧، زۆربەی سەرچاوەکان باسیان لە ژمارەی جۆراوجۆر کردووە بۆ دانیشتوانی کەرکوك. لە هەندێك سەرچاوە ڕەسمیەکاندا لە ساڵی ١٩٣٦ بڵاوکراونەتەوە، ژمارەی دانیشتوانی لیوای کەرکوك (١٨٠) هەزار کەس بوون. نووسەری کتێبی (دلیل تاریخ مشاهیر الالویة العراقیة) لە بەشی دووەمی تایبەت بە لیوای کەرکوك، کە لە ساڵی ١٩٤٧

بڵاوکراوەتەوە، ئەو ژمارەی بە نزیکەی نیو ملیۆن کەس داناوە، جگە لە هۆزە ڕەوەندەکان. هەر لەوێدا هاتووە: (عەرەب لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژاوا، نزیك دەشتەکان دەژین، ئەو ناوچەیە بەرەو ڕۆژهەڵات و باکوور درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ناوەڕاستی لیواکە، کە تێیدا لەگەڵ کورد تێکەڵ دەبن، کورد بە شێوەیەکی گشتی لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات و نزیك لە چیاکان دەژین، تا دەگاتە باشوور و ڕۆژاوا، ئینجا بەرەو ناوەڕاستی لیواکە، لەگەڵ عەرەب تێکەڵ دەبن، تورکەکان (یان تورکمان) زۆربەیان لە ناوەڕاستی لیواکە دەژین و تێکەڵ بە عەرەب و کورد دەبن، تێکەڵەیەك دروست دەکەن بە سێ زمان قسە دەکەن، کە هەر یەکەیان کەوتۆتە ژێر کاریگەری دوو زمانەکەی دیکە و شێوازێکی تایبەتییان دروستکردووە. نووسەرانی ئەو کتێبە ناوی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیەکانی کەرکوك بە کورد و تورکمان و عەرەب و کلدان و هی دی هێناوە. تێبینی دەکرێ زۆربەی نوێنەرانی لیوای کەرکوك لە (ئەنجومەنی نوێنەرایەتیی عێراق) کورد بوون، دوای ئەوان تورکمان پاشان عەرەب لە چەند خولێکدا، بە تایبەتی دوای نیشتەجێکردنی هۆزەکانی عوبێد و جبور لە دەشتی حەویجە لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە.

ئاماری ڕەسمی ساڵی ١٩٤٧ دانیشتوانی لیوای کەرکوکی بەپێی ئینتیمای نەتەوەیی پۆلێن کردووە، بەڵام د. شاکر خەسباك ڕێژەی کوردی لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا لە نێوان ٥١ - ٥٣٪ مەزندە کردووە، تاکە ئاماری ڕەسمی کە خەڵکی لیوای کەرکوك بەپێی زمانی تایبەت بە خۆیان ڕێکخستبێ، ئاماری ساڵی ١٩٥٧ کە تێیدا لە خشتەی شەشەم تایبەت بە پۆلێنکردنی دانیشتوان بەپێی ڕەگەز و زمانی دایك، بەم جۆرە خەڵکی لیوای کەرکوکی ڕێکخستووە:

عەرەب (١٠٩٦٢٠) کەس، لە نێوانیاندا ئەو هۆزە عەرەبانەی لە ساڵانی چلەکاندا لە دەشتی حەویجە نیشتەجێ کراون، ڕێژەی عەرەب لەو لیوایەی بە ٢٨٪ مەزندە کردووە، ژمارەی کورد (١٨٧٥٩٣) کەسن، ڕێژەیان دەکاتە ٤٨.٣٪، تورکمان (٨٣٣٧١) کەسن، ڕێژەکەیان ٢١.٤٪، کۆی دانیشتوانی کلدان و سریان گەیشتۆتە (١٦٠٥) کەس، بۆیە دەکرێ بگوترێ ئاماری ڕەسمی ساڵی ١٩٥٧ تاکە ئامارە کە لە پێناوی

دەستنیشانکردنی بارودۆخی دانیشتوان لە کەرکوك پشتی پێ دەبەسترێ، چونکە ئامارەکانی دیکە کە دواتر ڕێکخراون واقیعی بارودۆخەکە ناخاتە ڕوو لە شاری کەرکوك و لەسەر ئاستی پارێزگاکە بە گشتی. وێڕای ئەوەش ئەو ئامارانە دوای دەستپێکردنی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە ئەنجامدراون، ئەو سیاسەتەی کە بووە هۆی ڕاگواستنی دەیان هەزار خێزانی کورد و تورکمان و ئاشووری بۆ دەرەوەی پارێزگاکە و نیشتەجێکردنی دەیان هەزار خێزانی عەرەب لە کەرکوك، کە لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە هێنرابوون. ڕژێم، لە دوای خۆماڵیکردنی کۆمپانیا نەوتیە بیانییەکان لە عێراق لە ساڵی ١٩٧٢، تەنانەت ناوی کەرکوکی کرد بە (التأميم)، مەبەستی سەرەکی گۆڕینی ناوی مێژوویی پارێزگاکە بوو بە ناوێکی دیکەی عەرەبی. بە شێوەی بەردەوام ناوچەی کەرکوك لەژێر دەسەڵات و هەژموونی ڕژێمدا ماوەتەوە، جگە لە ماوەیەکی زۆر کورت نەبێ لەپاش ڕزگارکردنی لەلایەن پێشمەرگەوە، لە ٢١ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ تا سەرەتای نیسانی ئەو ساڵە.

لە شاری کەرکوك چەند خێزانێکی عەرەب وەك (تکریتی و حەدیدیەکان) هەن. حەدیدیەکان لە باشووری ڕۆژاوای شار لە نزێك قوتابخانەی دواناوەندی کۆنی کەرکوك خەریکی بەخێوکردنی مانگا و گامێش بوون. چەند خێزانێکی عەرەبی دیکە کە ڕۆڵەکانیان کارمەندی فەرمانگە مەدەنی و سەربازییە حکومییەکان بوون، ئەوانی دی وەك کرێکار لە کۆمپانیای نەوتی بەریتانی کاریان دەکرد، یان سەرقاڵی کار و پیشەکانی دیکە بوون.

تا ساڵی ١٩٥٥ دواناوەندی کەرکوك تاکە قوتابخانەی دواناوەندی بوو لەو لیوایە، زۆربەی قوتابیەکانی کورد و تورکمان بوون، پاشان عەرەب و ئاسووری و کلدان و ئەرمەن. بەشی زۆری قوتابییە عەرەبەکان ڕۆڵەی کارمەند و سەربازەکانی سەر بە فرقەی دوو بوون، کە بارەگاکەی لە کەرکوك بوو، یان ڕۆڵەی هەندێك لە کرێکارانی کۆمپانیای نەوت بوون.

وەك نەریتێك لە کۆنەوە لە کەرکوك باو بووە، کورد مردووەکانیان لە گۆڕستانی تایبەت بە خۆیان بە خاکبسپێرن، تورکمان بە هەمان شێوە، چەند گۆڕستانێکی

تایبەت بە کلدان و جوولەکە هەبوون، بەڵام بە هۆی کەمیی ژمارەی عەرەب گۆڕستانی تایبەت بەخۆیان نەبووە، بۆ نموونە  تکریتییە عەرەبەکان مردووەکانیان لە گۆڕستانەکانی تایبەت بە تورکمانەکان دەشاردەوە. لەبەر ئەو هۆیە، ڕژێم لە سەرەتای ساڵەکانی نەوەدەکان گۆڕستانی تایبەتی بە عەرەب کردەوە، ڕێگەی لە عەرەبە شیعەکان گرت مردووەکانیان بگوازنەوە بۆ نەجەف. ڕژێم دواتر دەستی کرد بە تێکدان و وێرانکردن و شێواندنی هەندێك لە گۆڕستانەکانی تایبەت بە کورد و تورکمان، یان گۆڕینی ئەو ناوانەی لەسەر گۆڕەکان نووسرابوون، بە مەبەستی قەناعەت هێنان بەوەی لە کەرکوك گۆڕستانی کۆنی تایبەت بە عەرەب هەبووە. لەو کتێبەدا ئاماژە بۆ ئەوەکراوە خانەوادەی تکریتی خێزانی عەرەبی سەرەکین لە شاری کەرکوك، بە درێژی تیشك خراوەتە سەر مێژووی ئەو خێزانە و قۆناغی سەقامگیربوونیان لەو شارە. باسی ئەوەی کردووە خێزانی ناوبراو لە دوو بەشی گەورە پێکهاتووە، یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ یوسف بەگ، کە زۆربەی ڕۆڵەکانی لە لیوای کەرکوك دەژین، دووەمیان دەچێتە سەر عومەر بەگ لە شاری تکریت و دەوروبەری دەژین، باوکیان شەبیب عەلی حوسێن ناسری، سەرەك هۆزەکانی (عبادە)ن، لە ناوچەی (حەران) لە سوریا نیشتەجێ بوون. پاشان هاتوون بۆ عێراق. نووسەری ئەو کتێبە لە زاری مەزهەر تکریتی، سەرۆکی ئەو خانەوادەیە نووسیویەتی: لە ساڵی ١٠٤٨ دا شەبیب لەگەڵ موراد‌ی چوارەمی سوڵتانی عوسمانی لە میانەی ئەو هەڵمەتەی لە پێناو ڕزگارکردنی عێراق لە دەست فارسەکان هاتووە بۆ عێراق، پاشان (باپیری گەورە و شوێنکەوتوانی بەشدارییان لەو شەڕانە کردووە، لە بەرامبەردا سوڵتان چەند گوند و زەویوزارێکی کشتوکاڵی لە ناوچەی کەرکوك و تکریت پێ بەخشیون، ئەمڕۆکە ژمارەی ماڵەکانی ئەو خانەوادەیە لە کەرکوك دەگاتە ١٥٠ ماڵ لە ناوچەی نێوان ناحیەی (مەلحە) و شاری کەرکوك بڵاوبوونەتەوە. لەدوای مردنی عەلی بەگی سادق بەگ، مەزهەر قادر تکریتی بۆتە سەرۆکی خێزانەکەیان لە کەرکوك. ناوبراو یەکەم عەرەب بوو کرایە سەرۆکی شارەوانی کەرکوك لە ساڵی ١٩٦٩، دوای ئەوەی بەعس هاتە سەر دەسەڵات لە عێراق. لە سەرەتای پەنجاکاندا ناوبراو

خۆی لە هەڵبژاردنەکان کاندید کردبوو بۆ ئەوەی یەکێك لەو کورسییانە مسۆگەر بکات بۆ یەکێ لە فەرمانگەکانی هەڵبژاردن لە کەرکوك تەرخان کرابوو، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابوو. ئەو هۆزە عەرەبانەی لە کەرکوك دەژین، هۆزەکانی عوبێد لە دەشتی حەویجە دەژین، پێشتر لە ناوچەی (جەزیرە)ی باکووری مووسڵ بوون، ماوەیەك لە شەڕ و پێکدادانداا بوون لەگەڵ هۆزەکانی (شەممەر)، کە توانیان بە سەریاندا زاڵ بن، بەناچاریی ڕوویان کردبووە دەشتی دیالە، دوای زاڵبوونیان بەسەر (بەیات) و (ئەلعەزە). بۆیە دەکرێ بگوترێ هاتنیان بۆ ناوچەی کەرکوك لە دوای هاتنی کورد و تورکمان بووە، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی ئەوان هەمیشە لە گەڕان و کۆچکردن بوون، تا کاتی نیشتەجێکردنیان لەلایەن حکوومەتی عێراق لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی رابردوو. سەرەتا لە ساڵی ١٩٣٥ حکوومەتی عێراق، لە سەردەمی وەزارەتی یاسین هاشمی دەستی بە جێبەجێکردنی پرۆژەیەك کردووە بە مەبەستی نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبەکان لە دەشتی حەویجە، کە بریتی بوو لە هێنانی ئاو لە ڕووباری زێی بچووکەوە بۆ ژیاندنەوەی ئەو دەشتە، ئامانج لە دوای تەواوکردنی ئەو پرۆژەیە نیشتەجێکردنی هۆزەکانی عوبێد و جبوور بووە، کە دوای تەواوکردنی پرۆژەکە دەرکەوتووە، کاتێ حکوومەت ڕێگەی بە نیشتەجێکردنی چەند تیرەیەك لە تیرەکانی هۆزەکانی جاف لە ناوچەی کفری و کەلار نەداوە لەو دەشتە نیشتەجێ بکرێن. لەو دەمە حامید بەگی جاف قائمقامی قەزای چەمچەماڵ بووە، ئەو پێشنیازی بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق کردووە، بەڵام دواتر دەستی لە کار کێشاوەتەوە لەبەر ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ بڕیاری گواستنەوەی داوە بۆ خوارووی عێراق. لەسەرەتاوە مەبەستی سەرەکی حکوومەتی عێراق لە دروستکردنی ئەو پرۆژەیە نیشتەجێکردنی ئەو هۆزە عەرەبانە بووە، چونکە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی ١٩٣٥ گفتوگۆ لەو بارەوە کراوە، بە ئاشکرا ئاماژەیان بەوە کردووە مەبەست لە دروستکردنی ئەو پرۆژەیە نیشتەجێکردنی هۆزەکانی عوبێد بووە لەو ناوچەیە بە هۆی ئەو شەڕو توندو تیژییە نیمچە بەردەوامەی لە نێوانیان و هۆزەکانی (عەزە)ی دەوروبەری دیالە درێژەی کێشاوە. ئەو هۆزە ڕەوەندانە کە لە

دەشتی حەویجە نیشتەجێ کراون پێشتر خەریکی کاری کشتوکاڵی نەبوون، بۆیە حکوومەتی عێراق ژمارەیەك شارەزای بۆ تەرخانکردوون بە مەبەستی ڕاهێنانیان لەسەر شێوازە جۆراوجۆرەکانی کشتوکاڵ. بەو جۆرە لەجیاتی دابەشکردنی ئەو زەویوزارە بەسەر هەموو هۆزە کورد و عەرەبەکاندا، ئەو پڕۆسەیە تەنیا هۆزە عەرەبەکانی گرتوەتەوە، کە خۆی لە خۆیدا یەکەم کردەوەی نیشتەجێکردنی عەرەب بووە لە ناوچەی کەرکوك. ڕژێمی بەعس پاشان دەستی بە هێنانی فەرمانبەرە عەرەبەکان کردووە لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق بۆ ئەوەی لە شوێنی کوردەکانان نیشتەجێ بکرێن. ڕژێم ژمارەیەکی زۆری لە کرێکارە کوردەکان لەسەر کار دەرکردوە، چەندین کرێکاری دیکەی عەرەبی هێناوە دایمەزراندوون. دەزگای سەربازی و ئەمنییەکان چەندین شوێن و پێگەی سەربازییان لەسەر بەرزاییەکانی دەوروبەری کەرکوك و ناوچە نەوتیەکان دامەزراندووە و هەموویان مین ڕێژکردووە وەکو ناوچەی قەدەغەکراو. پڕۆسەی چەکدارکردنی ئەو هۆزە عەرەبانە دەستی پێکردووە لە ناوچەی حەویجە لە پێناو پشتگیریکردن لە سوپا لەکاتی هێرشکردنە سەر گوندە کوردییەکانی ناوچەکە. لەنێوان ئەو کردەوە ڕەگەزپەرستیانەی دیکە کە ڕژێم جێبەجێی کردون، گۆڕینی ناوی قوتابخانە و شەقام و تەنانەت دووکانەکانی ناو شاری کەرکوك بە چەند ناوێکی عەرەبی، کە هیچ پەیوەندیەکیان بە مێژووی ناوچەکەوە نەبووە، دەستپێکردووە.

ڕژێمی عێراق کۆششی بەردەوامی لە پێناو بە عەرەبکردنی شاری کەرکوك و شار و قەزا و ناحیە و گوندەکانی و هێنانی خێزان و هۆزی عەرەبی زیاتر بە مەبەستی نیشتەجێکردنیان خستۆتەگەڕ، لەناو شار هەزاران خانوو بۆ نیشتەجێکردنی عەرەبە تازەکان دروستکراون و زەوییان بەسەردا دابەشکراوە، پارەیەکی زۆر وەك قەرد لە ڕێگەی بانکی خانووبەرەوە پێداون و کارییان لە دەزگا و دامەزراوە حکومی و ئەمنی و هەوالگری و سەربازی و حزبیەکان بۆ دۆزراوەتەوە، وێڕای چەکدارکردنیان. لەبارەی هۆز و خێزانە عەرەبەکان کە لە ناوچە کوردییەکان نیشتەجێکراون، ڕژێم بڕیاری هەڵکەندنی (١٥٠٠٠) بیری ئیرتیوازی تازەی بۆ نیشتەجێکراوەکان داوە، وێڕای

ئەو بیرانەی دیکە کە بە سوود وەرگرتن لە بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراك هەڵکەنرابوون. لە ساڵی (١٩٩٦) ڕژێمی عێراق پەنای بردەبەر گرتنەبەری چەند ڕێوشوێنێکی ڕەگەزپەرستیی دیکە کە پێچەوانەی ئەو دەستووره بوو خۆیان ئامادەیان کردبوو، ئەویش ناچارکردنی هاوڵاتیانی غەیره عەرەب بووه بە گۆڕینی باری نەتەوەییان بۆ عەرەب لە تۆمارەکانی باری مەدەنی. ئەو کارەی پێش ئەنجامدانی ئاماری ساڵی ١٩٩٧ دەست پێکردووە، لەو کاتەوه هەزاران خێزانی کورد لە کەرکوك دوورخرانەوە، کە سیاسەتێکی لەو جۆرەیان ڕەتکردبووەوە، ئێستا بەشی زۆریان لە بارێکی ناهەمواردا لە خێوەتگاکاندا دەژین. لە ساڵی (١٩٩١) دا شاڵاوەکانی ڕاگواستن و دەرکردن لە ناوچەکە توندو تیژی زیاتریان بە خۆوە بینیوە، واتە دوای دامەزراندنی ناوچەی دژەفڕین لە باکووری هێڵی ٣٦. لە رابردوودا ڕژێم جۆرە ترسێکی بەرامبەر نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبەکان لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی کەرکوك هەبووە، ترسی هێرشی پێشمەرگە بووە، بەڵام دواتر چەند هۆکارێك بوونەتە هۆی ئەوەی ڕژێم خێزانی عەرەبی دیکە لەو ناوچانە نیشتەجێ بکات، سنووری ئەو ناوچانە فراوانترکراوە گەیشتووەتە ئەو تەپۆڵکانەی دەڕواننە سەر گوندەکانی (خالۆ بازیانی) لە ڕۆژهەڵاتی کەرکوك و (یاروەلی) لە باکووری ئەو شارە. هەرچەندە ئەو سیاسەتەی ڕژێمی عێراق بە درێژایی ئەو ماوەیە لە دژی ناوچەکە پیادەی کراوە بە پێچەوانەی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بووە، بەڵام ئەو ئەنجومەنە هەنگاوێکی نەناوە بۆ ڕەتکردنەوە و وەستاندنی ئەو سیاسەتە، جگە لەچەند دەنگێك نەبێ لەلایەن هەندێك ڕێکخراوی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و چەند پەرلەمانێکی ڕۆژاوا، کە داوای ڕەتکردنەوەی ئەو سیاسەتەیان کردووە کە دژی هەموو پڕەنسیپەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بوون. لە ناوەڕاستی ئەیاری (٢٠٠٢) پەرلەمانی ئەوروپی، پاشان چەند وڵاتێکی ڕۆژاوا چوونە پاڵ ئەو دەنگانە. دەسەڵاتدارانی کورد لە ئێستاوە دەبێ چەند ڕێوشوێنێك بگرنبەر لە پێناو ئاسانکردنی گەڕانەوەی ڕاگوێزراو و دەرکراوەکان بۆ ناوچە و گوندەکانیان، لەگەڵ یارمەتیدانیان لە ڕووی ماددیەوە بۆ ئەوەی بتوانن دووبارە

**ژیانی خۆیان بونیاد بنێنەوە، ئەمە تەنیا دوای گەڕاندنەوەی نێشتەجێکراوە عەرەبەکان دەکرێت، بۆ ئەو ناوچانەی لێیانەوە هێنراون. هەروەها دەبێ کورد چاوەڕێی هێنانی نیشتەجێکراوی دیکە بکات بۆ ناوچەکە.**

# پێکهاتەکانی کەرکوک و پێکەوە ژیانیان

کورد و تورکمان و عەرەب و کلدان و ئاشووری و ئەرمەن دەمێکە لە شاری کەرکوک پێکەوە دەژین، ئەگەر جاروبار ناکۆکییەکی ئێتنی لەنێو بەشێکیان ڕووی دابێت، خێرا پیاو ماقوولانی ئەو لایەنانە کەوتوونەتە نێوانیان بۆ چارەسەرکردنی پێش ئەوەی تەشەنە بکات. پێشتر لە کەرکوک کێشەی ئێتنی بە زەقی نەبووە، ئەوەی چەند لایەنێکی سیاسیی عێراقی لەگەڵ چەند دەوڵەتێك ئێستا بلاوی دەکەنەوە، زۆر گەورە کراوەتەوە بۆ مەبەستی سیاسی ودەست خستنە ناو کاروباری ناوخۆی کەرکوك. چەند فاکتەرێکی دەرەکی و ناوەکی لەسەرەتاوە بوونەتە هۆی سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئەو کێشەیە، لێرە دەستنیشان دەکەین، تا ڕێگای چارەسەرکردنی بە دروستی دیاری بکرێت.

کێشەی ئێتنی لە کەرکوك پێش داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن لەشکری بریتانیاوە هەستی پێ نەکرابوو. سەرەتا گرژی و ئالۆزی لەناو ئەو شارە بەهۆی ڕەفتاری گەوجانەی سەربازانی (لیڤی)، کە لە ئاسوورییە تەیارییەکان پێکهاتبوو، پەیدابووە. ئەو هێزە لەلایەن لەشکری داگیرکەری بریتانیاوە دروستکرابوو بۆ بەکارهێنانیان دژ بەو لایەنانەی داوای کشانەوەی ئەو لەشکرەیان لە ناوچەکە دەکرد. بەهۆی کوشتنی چەند کورد و تورکمانێك و هێرشکردنە چەند سەربازێکی ئەو هێزەی لیڤی بۆسەر گەرماو/حەمامی ئافرەتان لەناو شاری کەرکوك، کێشە دروست دەبێ و دەبێتە هۆی ئەوەی کورد و تورکمان پێکەوە بەرەنگاریان ببنەوە. لە ڕووداوێکی هاوشێوەدا لە ساڵی ١٩٤٦ لە گۆڕەپانی (گاورباغی) نزیك بارەگای کۆمپانیای نەوتی IPC ڕوویدابوو، چەند کورد و تورکمانێك دەکوژرێن لەبەر ئەوەی داوای مافی ڕەوای خۆیان لەو کۆمپانیانەیە کردبوو.

دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی کەرکوك لەلایەن کۆمپانیای نەوتی عێراق (IPC) لە کەرکوك دەستی پێکردووە پاش ئەوەی "ئۆفیسی پەیوەندییەکان"ی ئەو کۆمپانیایە دەستی بە پەیوەندیکردن کردبوو بە بەشێك لە پێکهاتەکانی کەرکوك و

ناوچەکە، بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی دەزگا تایبەتییەکانی بریتانی لەو ولاّتانەی ئەو دەولّەتە داگیری کردبوون، کە پێکهاتەکانی فرە نەتەوەیی و فرە ئێتنی بوون، وەك هیندستان و سودان. ئەو دەستێوەردانەی (IPC) بە ئاگاداریی حکوومەتی عێراق بووە، حکوومەتەکانی عێراق لە سەردەمی پاشایەتیدا بە شێوازی جودا هەولّی دروستکردنی کێشەی ئێتنییان لەنێو پێکهاتەکانی کەرکوك داوە، بەلاّم سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست نەهێناوە، چونکە پیاوماقوولاّنی ئەو شارە زوو چارەسەریان کردووە تا تەشەنە نەکات.

بارودۆخی کەرکوك لەپاش دەست بەسەرداگرتنی دەسەلاّت لەلایەن حیزبی بەعسەوە لە عێراق لە سالّی ١٩٦٣، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ئەو حیزبە بە بەرنامە و پلان خەریکی گۆڕینی باری ئێتنی لە کەرکوك و ناوچەکە بووە. سەرەتا لە ڕێگای کڕینی زەویی بووە لە چەند جێگایەك، پاشان دەست بەسەردا گرتنی زەویوزاری هاولاّتیانی کورد و تورکمان دەستی پێکردووە، تا گەیشتووەتە ڕادەی بە زۆر کۆچ پێکردنیان بۆ دەرەوەی ناوچەی کەرکوك. لەماوەی ٤٠ سالّدا باری ئێتنی کەرکوك و ناوچەکە گۆڕانکاریی زۆر گەورەی بەسەرداهاتووە، ئاسەوارەکانی تا ئێستاش ماون. ئەو حکوومەتانەی پاش ڕووخانی ڕژێم حوکمی عێراقیان کردووە جیددی نەبوون لە نەهێشتنی ئاسەواری ئەو سیاسەتەی ڕژێم. ناحەزانی کەرکوك سوودیان لە سیاسەتی ئەو حکوومەتانە وەردەگرت، بەهاوکاری چەند دەولّەتێکی ناوچەکە دەستیان کردووە بە کۆسپ دروستکردن لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەی کەرکوك.

لە بەشی زۆری ولاّتە فرە نەتەوەیی و فرە ئێتنیەکانی دونیا کێشەی ئێتنی هەبووە و دەمێنێ، زۆر جاران هەلّسوکەوتی ناژیرانەی چەند گرووپێکی توندڕەو بارودۆخی ئەو ولاّتانەی بەرەو پێکدادان بردووە، تا گەیشتووەتە خوێنڕشتن. لە کەرکوك وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، کێشەی ئێتنی بەو جۆرە نەبووە، بەلاّم بەهۆی دەستێوەردانی دەرەکی و سیاسەتی توندڕەوانەی ڕژێمی پێشووی عێراق، کێشەی ئێتنی لە کەرکوك و ناوچەکە سەری هەلّداوە و دروستبووە. چارەسەرنەکردنی ئاسەواری ئەو سیاسەتانەی ڕژێم لەلایەن حکوومەتەکانی عێراقی

لەپاش ٢٠٠٣ ڕێگای خۆشکردووە بۆ دەستێوەردانی چەند دەوڵەتێکی ناوچەکە لە کاروباری ناوخۆی کەرکوك.

ڕژێمی پێشووی عێراق توانای ماددی و سەربازیی دەوڵەتی عێراقی خستبووە ژێر دەسەلاّتی ئەو دەزگایانەی دەستنیشانی کردبوون بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی گۆڕینی باری دیموگرافی لە ناوچەی کەرکوك، لێرە بە کورتی ئاماژە بۆ یەکێ لە ئاسەوارەکانی ئەو سیاسەتەی ڕژێم دەکەین، کە کێشەی موڵك و زەویوزاری هاولاّتیانی کورد و تورکمانە. چەند ساڵێکە دەزگاییەکی تایبەت هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەدات، بەلاّم بەشێکی زۆر کەمی چارەسەر کردووە، کە بووەتە هۆی ئەوە گیانی دووبەرەکی لەناو پێکهاتەکانی کەرکوك بمێنێتەوە.

لەپاش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، ناحەزانی کەرکوك بە شێوەیەکی تر کەوتنە هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی ئاسەواری سیاسەتی ئەو ڕژێمە. سەرەتا دەیانگوت ماددەی ١٤٠ جێبەجێ ناکرێت، یان لە کارکەوتووە، لە هەمان کاتدا کاریان بۆ دواخستنی جێبەجێکردنی دەکرد. یان بلاّویان دەکردەوە کە پەلەکردن لە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لە کەرکوك و ناوچەکە! پرسی کەرکوك خەریکە دەبێتە (کێشەییەکی هەمیشەیی/موزمن)، لە چەشنی کێشەی کەشمیر، کە لەساڵی ١٩٤٧ەوە ڕێکخراوی (UN) نەیتوانیوە چارەسەری بکات. نوێنەرانی (UN) لە عێراق ئەوانیش دەڵێن چاکترە پەلەنەکرێت لە "چارەسەرکردنی" کێشەی کەرکوك، چونکە کێشەی گەورەتری لێ دەبێتەوە! شاندێکی (UN) لە ساڵی ٢٠٠٩ هاتبوو بۆ هەولێر بۆ چارەسەرکردنی پرسی کەرکوك، ئەوانیش هەمان بۆچوونیان هەبوو. لە دیدارێکی تایبەتدا  لەگەڵیاندا پێم ڕاگەیاندن (UN) لەساڵی ١٩٤٧ەوە خەریکی "چارەسەرکردنی" کێشەی کەشمیرە، بەلاّم بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، ئومێدەوارم پرسی کەرکوك بەهەمان شێوە "چارەسەر" نەکرێت!

بەشێکی زۆر لە پێکهاتەکانی کەرکوك بۆ ساڵانێکی زۆرە پێکەوە ژیاون و پێکەوە چوونەتە هەمان مزگەوت، یان تەکیە، یان خانەقا بۆ نوێژکردن و خوداپەرستی و گیانی دووبەرەکی لەنێوانیاندا نەبووە. بەلاّم لە سەردەمی حوکمڕانیی بەعس، لەبەر

نەبوونی متمانە لەنێو بەشێکیان، نەدەچوونە ئەو مزگەوت و تەکیە و خانەقایانەی پێشتر ڕوویان تێ دەکرد.

بە پێویستی دەزانم لێرە ئاماژە بۆ ڕۆڵی بەشێك لە کەسایەتییە کورد و تورکمانەکانی کەرکوك بکەم کە هەمیشە هەوڵیان داوە گیانی برایەتی و دۆستایەتی لەنێو پێکهاتەکانی کەرکوك بمێنێ و بەهێزتر بێت. تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوك یەکێکە لەو جێگایانەی دەمێکە کورد و تورکمان و عەرەبی ناوچەی کەرکوك ڕوویان تێکردووە. هەروەها لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و عێراق و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دی کەسانێکی زۆر ڕوویان تێکردووە، پێکەوە لەو تەکیە خەریکی خواپەرستی بوون، بێ ئەوەی کێشە لەنێوانیاندا ڕووبدات. ئەو تەکیە هەرگیز جێگای ململانێی سیاسی، یان حیزبی نەبووە، بەپێی توانا پشتیوان بووە بۆ هەژار و لێقەوماوانی کورد و تورکمان، تا کۆتایی ساڵی ١٩٥٨ بەسەدان هەژاری کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕوویان لەو تەکیە دەکرد، لەناو شاری کەرکوك کاریان دەکرد، بە شەو لە تەکیە دەمانەوە.

١٧ / ١ / ٢٠١٧

# پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان کورد و تورکمان لە کەرکوک دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو شارە

لە پاش ڕووخانی ڕژێم لە نیسانی ٢٠٠٣، حکوومەتەکانی عێراق دەبوو پابەندبن بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانیان، کە لە ماددەی (٥٨) لە قانوونی کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق دیاری کرابوون. ناوەڕۆکی ئەو ماددەیە دواتر بووە بەشێك لە ماددەی (١٤٠) لە دەستووری تازەی عێراق. ئەو ماددە دەستوورییە ماوەیەکی تێدا دیاری کرابوو (کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧) بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی، بەڵام حکوومەتەکانی عێراق لەجیاتی جێبەجێکردنیان، کاریان دەکرد بۆ جێبەجێ نەکردنی و کێشە و کۆسپیان دروست دەکرد. ناحەزانی کەرکوك، بە مەبەستی کۆسپ و تەگەرەی زیاتر دروستکردن بۆ دواخستنی چارەسەرکردنی پرسی کەرکوك لە دەرەوە دەستیان دەخستە ناو کاروباری ناوخۆی شارەکە.

ڕژێمی پێشووی عێراق بۆ ماوەی زیاتر لە (٣٠) ساڵ، بەشی زۆری توانای ماددی و سەربازیی خۆی تەرخانکردبوو بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی گۆڕینی باری دیموگرافی ئەو شارە و ناوچەکە، ئاسەواری ئەو سیاسەتە تا ئێستا ماوە و چارەسەرنەکراوە. بۆ نموونە کێشەی موڵك و زەویوزاری هاوڵاتیان لە کەرکوك تا ئێستا چارەسەرنەکراوە، هەرچەندە نزیکەی هەشت ساڵە دەزگایەکی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دروستکراوە، بەڵام بەشێکی زۆر کەمی چارەسەر کردووە، کە بووەتە هۆی مانەوەی گیانی دووبەرەکی لەنێو کورد و تورکمان لەگەڵ عەرەب. یەکێ لە ئەرکە هەنووکییەکانی بەرپرسانی کورد لە بەغدا هەموارکردنی ئەو قانوونەیە، بۆ چارەسەرکردنی بەشێك لە کێشەکانی کەرکوك، کە کێشەی کورد و تورکمانە لەگەڵ عەرەبی هاوردەدا.

ئەگەر داواکاریی ئەنجومەنی پارێزگای سەلاحەدین کە پارێزگاکەیان بکرێتە هەرێم سەربگرێت، چاکترە کورد داوابکات قەزای خورماتوو بخرێتەوە سەر سنووری ئیدارەی پارێزگای کەرکوك، کە تا ساڵی ١٩٧٦ ئەو قەزایە بەشێك بووە لە پارێزگای

کەرکوک. لە بەرامبەردا دەکرێ قەزای حەویجە، بەڵام بە سنووری ئیداری ساڵی ١٩٦٣ ەوە بخرێتە سەر پارێزگای سەلاحەدین، چونکە دانیشتوانی ئەو قەزایە وەکو ئەوان عەرەبی سونەن و سنووری ئەو قەزایە بەستراوە بە سنووری پارێزگای سەلاحەدین، کەچی سنووری قەزای خورماتووی دابڕاو لە کەرکوک، زۆر دوورە لە تکریت و سنووری پارێزگای سەلاحەدین. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ دا ئەم پێشنیازەم خستە بەردەم بەرپرسانی کورد لە هەولێر، ئەگەری قبوولکردنی لەو دەمە لەلایەن عەرەبەوە زیاتر بوو. هەموو دەزانین بەشی زۆری دانیشتوانی حەویجە لە ساڵی ١٩٦٣ بەدواوە دژایەتیی کورد دەکەن. لەپاش پەسندکردنی دەستووری تازەی عێراق هەمیشە کاریان کردووە بۆ ئەوەی ماددەی (١٤٠) جێبەجێ نەکرێت، چونکە تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەسەڵاتدار بوون لە کەرکوک و ناوچەکە. مانەوەی حەویجە لەسەر پارێزگای کەرکوک کێشەی گەورە بۆ کورد و تورکمان و هەرێمی کوردستان دروستدەکات، بۆ ئێستا و ئاییندەی هەرێم، چاکترە ئەو کێشەیە لە ئێستاوە چارەسەر بکرێت، تا نەبێتە مەڵبەندی دژایەتیکردنی کورد لەناو ماڵی کورد، بەتایبەتی لە ناوچەی کەرکوک، کە ئەمڕۆ بێت یان سبەینێ هەر دەبێ بگەڕێتەوە بۆ باوەشی کوردستان.

هەولێر، ١٧ / ١١ / ٢٠١١

# یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە، ڕێگە خۆش دەکات بۆ گەڕانەوەی ناوچە تازە ئازادکراوەکان بۆ باوەشی کوردستان

مێژوو باس لە ڕووداوەکانی ڕابردوو دەکات، لەگەڵ باری ئەو دەمەی تێیدا دەژین و هیوا و ئاواتەکانی پاشەڕۆژ. کورد دەبێ لەو ڕوانگەیەوە سەیری دیرۆك و مێژووی کۆن و تازەی خۆی بکات، بە ئومێدی عیبرەت وەرگرتن لە هەڵە و هەوراز و نشێو و نەهامەتییەکانی تاکو دووبارە نەبنەوە. هەموو دەزانین کە کورد لە دێرزەمانەوە بەسەرهاتی ناخۆش و تاڵی بینیوە، زۆرجاران خوێنی ڕۆڵەکانی بە ناحەق ڕژاوە بەدەستی داگیرکەرانی کوردستان، یان بەدەستی خۆیان.

دەست تێوەردانی دەوڵەتەکانی دەوروبەری کوردستان لە کاروباری ناوخۆی کورد، بوونەتە هۆی پەیدابوونی دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆ و خوێن ڕشتن و وێرانکاریی وڵاتەکەیان. لە دێرزەمانەوە شەڕی نێو ئەمارەتە کوردییەکان و ناکۆکی نێو هۆز و خێڵەکان بوونەتە هۆی کوشتنی کورد بەدەستی کورد. شیعرە فۆلکلۆرییەکان لە لاوك و حەیرانی ناوچە و دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنن. ئەو شیعرانە باس لەخوێنڕشتنی کورد دەکەن بە دەستی داگیرکەران و کوردان، لەگەڵ گێڕانەوەی داستانی ئازایەتی و نەبەردی و چاونەترسی بەشێك لەو سەرکردانەی کە دژ بە دوژمنانیان ڕاوەستاون. گەر میرێك، یان سەرکردەیەکی ئازا بەگژ دوژمنی داگیرکەردا چووبێت و داکۆکی لە گەلەکەی، یان لە خێڵەکەی کردبێت، چەندەها بەیتە شیعری پڕ لەشانازی پێدا وتراوە، ناوی وەك قارەمانێك لەو شیعرانە تۆمارکراوە. خوێنی کورد ئەگەر بەدەستی خۆی ڕژابێت بەهۆی ناکۆکی و شەڕ و پێکدادانی نێوخۆیی، هەر دوژمن سوودی لێوەرگرتوە و بە هەموو شێوەیەك هەوڵی داوە ئاگری شەڕەکە خۆشتر بکات. خوێنڕشتنی کورد بەدەستی کورد بووەتە هۆی لاوازی و دابەشبوونیان لەنێو لەشکری داگیرکەراندا. زۆر جاران لایەنێك پەنای بردووەتە بەر لەشکری دەوڵەتێك و داوای هاوکاری و کۆمەکی لێ کردووە، ئەوەش هۆیەکە لەو هۆیانە خاکی کوردستان لە نێو ئەو دەوڵەتانەدا دابەشکراوە. ئەو

جەنگانەی لەنێو دەوڵەتانی ڕۆم و عەجەم و عەرەب لەسەر خاکی کوردستان ڕوویان داوە سوودی هەر بۆ ئەوان بووە و هەر ڕۆڵەی کورد سووتەمەنی ئەو شەڕانە بوون. زۆر جاران ئەو شەڕ و پێکدادانە دووبارە و سێ بارە بوونەتەوە، بێ ئەوەی سەرکردەکانی کورد دەرس و عیبرەتیان لێ وەرگرتبێ. چەندەها جار برا بەگژ برادا چووە، مام بەگژ برازایدا چووە، بۆ ئەوەی لەسەر تەختی حوکمڕانی ئەمارەتەکەی بمێنێتەوە، یان ببێ بە میر.

خوێن ڕشتنی کورد بە دەستی داگیرکەران، گیانی هاوکاری و برایەتی و تەبایی و لەبیرچوونەوەی ڕق و کینەی پێشتری لێ پەیدابووە. با تەماشای ئەو کارەساتە تازانە بکەین کە تێیدا خوێنی کورد بە دەستی دوژمن ڕژاوە. کارەساتی یەکی شوباتی ئەمساڵ لە هەولێری پایتەخت، بووە هۆی خوێنڕشتنی پتر لە سەد کوردی سەرکردە و پێشمەرگەی دێرین و کەسانی بێتاوانی تر. لە قامیشلۆ و عیفرین و حەسەکە چەندەها لاوی کورد بە ناهەق شەهیدکران، هەموویان وەکو خوێنی شەهیدەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و کۆڕەوە گەورەکەی بەهاری ١٩٩١، گیانی هاوکاری و یەك خەمی یەکخستنەوەی ڕیزەکانی گەلی لێ پەیدا بووە لەسەر ئاستی هەموو بەشەکانی کوردستان و هەستی نەتەوایەتی بەهێزتر کردووە. ئەو کارەساتانە کوردی لە هەموو جێگایەکی ئەم جیهانە بە ئاگا هێنایەوە، کە چارەنووسیان یەکە و لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوبەشن. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەو خوێنڕشتنە سەدایەکی گەورەی دایەوە، مەسەلەی کوردی جارێکی تر خستەوە بەرچاو دەزگای دەوڵەتی و نێودەوڵەتی. میدیایی جیهان جارێکی دی کەوتە باسکردنی ئەو ڕووداوانە وەکو مەسەلەی گەلێکی ژێردەستە، کە هەمیشە ستەم لێکراو بووە. ئەو کارە تیرۆرستانە بووە هۆی ئەوە کە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بە بەشێك لە جوولانەوەی ئەنتی تیرۆرستی جیهانی بدرێتە قەڵەم. ئەو تاقم و گرووپە تیرۆرستانە بەو کردەوەیان سەلماندیان کە زۆر بەداخن لە کورد و ئامادەنە هەموو کارێکی تیرۆرستی بکەن تاکو بە کەمترین مافی ڕەوای خۆی نەگات، کە داننانە بەمافی چارەنووس و

چەسپاندنی ئەو سیستمە فیدراڵییە، کە ئەمڕۆکە داوای دەکات لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا.

خۆشبەختانە باری ئێستای کوردستان وەکو باری سەردەمی هەڵەبجە و ئەنفال نییە، کە دۆستانی کورد زۆر کەم بوون و هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و دەوڵەتانی دی هاوکاریی ڕژێمی بەعسیان دەکرد، جگە لە پشتگیری سیاسی و دیپلۆماسی، هەموو جۆرە چەکێکیان پێدەدا. بەڵێ کورد لەو سەردەمە دۆستی نەبوو لە کێو و کەژەکانی کوردستان بەولاوە، بەڵام ئەمڕۆکە قەوارەیەکی سیاسی هەیە و تا ڕادەیەك یەك هەڵوێستی سیاسی بەدی دەکرێت لەنێو هێزە سیاسیەکانی کوردستان. لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق سەنگی کورد لە سەنگی لایەنە سیاسیەکانی تر قورسترە و دەوڵەتانی ڕۆژاوا بە گشتی و ئەمریکا و هاوپەیمانانی بە تایبەتی، حسابی بۆ دەکەن، چونکە لە ناوچەکەدا هەر ئەوان دۆستی ڕاستەقینەیان بوون، بەبێ هاوکاریی کورد دوارۆژی عێراق یەکلایی نەدەکرایەوە. لەگەڵ ئەو هەموو خاڵە پۆزێتیڤانەی بۆ کورد ڕەخساون، پرسیار لەوەدایە ئایا سەرکردەکانی کورد توانیویانە سوود لەو هەلە گەورەیە وەرگرن و بەکردەوە بۆ دۆست و دوژمنانی بیسەلمێنن کە مەسەلەی کوردی وادەی چارەسەرکردنی بنەڕەتی هاتووە؟

داواکارییەکانی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق ڕوون و دیارن و دەمێکە داوای جێبەجێکردنیان دەکرێت. لەپاڵ ئەو داواکارییانەی تایبەتن بە عێراق بە گشتی، خەڵکی کوردستان داوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە دەکەن، ئەم داوا ڕەوایەی گەلەکەمان دەبوو زووتر جێبەجێ بکرێت. لە پاش یەکگرتنەوەی پەرلەمان، یان لەپاش کارە تیرۆرستیەکەی یەکی شوبات.

تا ئێستا نزیکەی سەد کۆبوونەوە لەنێو مەکتەبی سیاسیی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان ئەنجامدراون، بەڵام لە ژووری دەرگا داخراوەکاندا، بێ ئەوەی بگەنە ئاکامێکی بەرچاو. لەهەموو وڵاتێکدا کە کێشەی گەورە ڕوودبدات، گەر لایەنەکانی نەیانتوانی بگەنە ئاکامێکی باش، پەنا دەبەنە بەر لایەنێکی سێیەم، دەوڵەت بێت یان دەزگایەکی نێودەوڵەتی، یان کەسانێکی بێلایەن تاکو وەك چاودێر

یان ناوبژیکەر و حەکەم بەشداری بکەن لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، کە بە دوو قۆڵی نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن. لە کوردستان کەسایەتی بێ لایەنی بەڕێز و سەنگدار زۆر هەیە، دەکرێت وەکو (ڕیش سپی) هاوکاریی هەردوولا بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو خاڵانەی تا ئێستا هەردوولا نەیانتوانیوە لەسەریان ڕێکبکەون. سەرکردەکانی کورد چەند جارێك چوونە بۆ ئەمریکا و تورکیا بۆ چارەسەرکردنی ئاکامەکانی شەڕی ناوخۆ، ئێستاش لە کوردستان چەند یەکەیەکی لەشکری تورکیا ماونەتەوە، هەرچەندە چەند جارێك بە ڕەسمی داوایان لێکراوە خاکی کوردستان بەجێبێڵن. قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق، کە سەرکردەکانی کورد بەشدارییان لە ئامادەکردن و داڕشتنی کردووە، باس لە یەك ئیدارە دەکات لە کوردستان، ماوەش کەمە چونکە دەبێ پێش کۆتایی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ ئەو دوو ئیدارەیە یەکبگرنەوە. کورد کاتێ دەتوانێ داوای نەهێشتنی ئاسەواری بەعەرەبکردن لە ناوچە تازە ئازادکراوەکانی کوردستان بکات، ئەگەر یەك دەنگ بن.

بۆ پەلەکردن لە جێبەجێکردنی ماددەی شەشی قانوونی کاتی حوکمڕانی دەوڵەتی عێراق، پێویستە ئالیەت و میکانیزمی تایبەت ئامادە بکرێت بۆ نەهێشتنی سیاسەتی بەعەرەبکردن، لەم بارەوە پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە، پێشنیازی یەکخستنەوەی هەردوو وەزارەتی (مافی مرۆڤــ) دەکەین تاکو وەزارەتێکی تازەی لێ دروستبکرێت بەناوی وەزارەتی (ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان) و بودجەیەکی باشی بۆ تەرخان بکرێت، تاکو بتوانێ لەم ماوە کەمەی ماوە ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات، بە یارمەتیدانی ئاوارەکان بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر زێدی باوك و باپیرانیان و زامنکردنی ژیانیان، تا ئەو دەمەی دەکەونەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان. ئەو حکوومەتە یەکگرتووە دەتوانێ هاوکاری لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی بکات بۆ ئاسانکردنی کاری گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان بۆ جێگاکانی خۆیان. ئەو وەزارەتە دەتوانێ هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ناوچە تازە ئازادکراوەکان بکات، تاکو بەرنامەی عەمەلی دابنێن بۆ جێبەجێکردنی ئەم دوو ئەرکە قورسە، کە دەبنە هۆی نەهێشتن، یان سووککردنی ئاسەواری سیاسەتی بەعەرەبکردن لە ناوچەکە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە بۆچوونی کەسانێکی دڵسۆز و پەرۆشی کەرکوک و ناوچە تازە ئازادکراوەکان بکەین، کە دەڵێن تا ئێستا هەوڵێکی جیددی نەدراوە بۆ نەهێشتنی ئاسەواری تەعریب و ئەو ماوەی ماوە کافی نییە بۆ ئەوەی ئاسەواری سیاسەتی بەعەرەبکردنی تێیدا سووک بکرێن.

وەزارەتی نەخشە دانانی عێراق ماوەیەکە باس لە ڕێکخستنی سەرژمێر دەکات لە یەکی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا ڕێکبخرێت، ئەم ئامارە دەکرێتە بنەما بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو هەڵبژاردنە کە بڕیارە لە سەرتاسەری عێراق لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ ڕێکبخرێت، واتە پاش نزیکەی هەشت مانگی تر، پێویستە پێش سازدانی ئەو ئامارە، گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر زێدی باوباپیرانیان زامنبکات، لەگەڵ گێڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان بۆ ئەو جێگایانەی لێوەی هاتوون. ناونووسکردنی عەرەبە هاوردەکان لە کەرکوک و ئەو ناوچانەی ئێستا لێی دەژین دەبێتە بەڵگە بە دەستیانەوە، پاشان ناکرێت داوای بەجێهێشتنی ناوچەکەیان لێ بکرێت، پێویستە لە ئێستاوە بە هاوکاریکردن لەگەڵ قانووناسانی کوردستان پڕۆژەی ئەو قانوون و ڕێنماییانە ئامادە بکرێن کە دەبێت لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە دابنرێن بۆ نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی بەعەرەبکردن.

یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە بەردی بناغەیە بۆ گەڕانەوەی ناوچە تازە ئازادکراوەکان بۆ باوەشی کوردستان، ئەو یەکگرتنەوەیە ئەمڕۆکە لە هەموو کاتێکی تر پێویستترە، چونکە مەوقفی کورد بەهێزتر دەکات و ئیدارەیەکی یەکگرتوو دەتوانێ باشتر یارمەتی خەڵکی ئەو ناوچانە بدات.

٦ ی ئایاری ٢٠٠

# هەڵوێستی لایەن و گرووپە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەبارەی پاشەڕۆژی کەرکوك

کەرکوك و ناوچەکانی تری کوردستان ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی عێراقدایەو دەمێکە کەوتوونەتە بەر شاڵاوی سیاسەتی پاکسازیی نەژادی، بە مەبەستی سڕینەوەی سیمای کوردستانیەتی ئەو ناوچانە. ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستییە بە شێوەیەکی ئاشکرا، بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو پیادە کراوە، بە تایبەتی لە پاش گەڕانەوی حیزبی بەعس بۆ حوکمی عێراق لە هاوینی ساڵی ١٩٦٨. لەو سەردەمەوە، بەڵکو لە ساڵی ١٩٦٣ وە بۆ یەکەم جار ئەو حیزبە، بە هاوکاری چەند لایەنێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی خۆیان سەپاندبوو بەسەر حوکمی عێراقدا، هەزارەها خێزانی کورد لە شاری کەرکوك و ناوچەکە دەرکران، لە شوێنی ئەوان خێزانی عەرەبی ناوەڕاست و خوارووی عێراق نیشتەجێ کران. بۆ نموونە لەناو شاری کەرکوك، چەندەها گەڕەکی تایبەت بە (عەرەبی تازە هێنراو) دروست کراون، یان زەوی و پارەیان پێدراوە تا بیکەن بە خانوو و کاریان بۆ دابین کراوە، بەشێکی زۆریان چەکدار کراون. لە دەشتاییەکانی دەوروبەری کەرکوك و ناوچەکە، بەهەزارەها خێزانی عەرەبی تر نیشتەجێکراون و زەویی چاك و کەرەستەیان پێدراوە، هەمووشیان پڕچەك کراون. دەتوانین بڵێین کەرکوك و ناوچەکەی لە ڕووی ئەمنی و ئیداری و ئابوورییەوە کەوتۆنەتە ژێر دەسەڵاتی ئەو عەرەبە هاوردانە، بەم جۆرە چەندەها (مستوطنات)ی عەرەبی دروست کراون لەو ناوچەیە، بەداخەوە تا ئێستا ناوێرین ئەو ناوەیان لێ بنێین (١).

لە ساڵانی دواییدا سیاسەتی بەعەرەبکرن مردووەکانیشی گرتەوە، دەزگاکانی حیزبی بەعس و ئەمن کێلی قەبری مردووەکانی کەرکوکیان دەشکاند، یان تێکیاندەدان و کێلی تازەیان بەناوی عەرەبیەوە داناوە، پارەیان داوە بەو عەرەبانەی ئێسکی مردووەکانیان گوازتوەتەوە بۆ گۆڕستانەکانی کەرکوك، تاکو وا پیشان بدەن لە کۆنەوە ئەو عەرەبانە لە کەرکوك بوون!

بەشێکی بەرچاو لەو عەرەبانەی بەشدارییان لە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتی بەعەرەبکردن کردووە، ئێستا لەناو گرووپ و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی جێگای خۆیان کردۆتەوە لەژێر ناوی جیاوازدا. پاشماوەی لایەنی سیاسیی تر کە هاوکاریی حیزبی بەعس بوون و چالاکانە بەشدارییان لە بەرپاکردنی ئەو سیاسەتە کردووە، ئەوانیش ئێستا لەناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کار دەکەن. لایەنی سیاسی دی کە بەعسی نەبوون و هاوکارییان نەکردووە لەگەڵ بەعسیەکاندا ئێستا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، پێویستە کورد ئاگاداری هەڵوێست و ڕێبازی هەموو لایەنەکان بێت سەبارەت بە سیاسەتی بەعەرەبکردنی ئەو ناوچەیە، ئایا کەرکوك بە بەشێك لە کوردستان دەدەنە قەڵەم، یان بۆچوونی تریان هەیە لەوبارەوە؟

بۆ شیکردنەوەی هەڵوێستی ئەو لایەن و گرووپانە سەبارەت بە کەرکوك و دواڕۆژی، ئەو لایەنانە دەکەین بەچەند بەشێکەوە تاکو ئەو تێکەڵییەی لەناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا هەیە ئاسانی بکەین، تا بە وردی هەڵوێستیان دیاری بکەین. دەکرێ لایەن و گرووپەکانی ناو ئۆپۆزسیۆنی عێراق بکەین بە شەش بەشەوە:

١. لایەنەکانی سەر بە ناسیۆنالیستی عەرەبی.
٢. تورکمان بە هەموو لایەنەکانیانەوە.
٣. لایەن و گروپە ئیسلامییە سیاسیەکان.
٤. ئاشووری و کلدانی.
٥. لیبراڵییەکان.
٦. چەپڕەوەکان.

**حیزبی بەعسی بە هەردوو باڵەکەیەوە:**

لەگەڵ کۆنە بەعسییەکان و قەومییە ناسرییەکاندا، کە تاقمێکی زۆریان لەناو (التجمع القومي الديمقراطي) کۆبوونەتەوە، بارەگاکەیان لە سوریایە. بەڵام گرووپ و کەسانی تر هەن، مەدەنی و سەربازی، لە وڵاتانی عەرەبی دی و ئەوروپا و ئەمریکا، لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا کۆبوونەتەوە. لەساڵی ١٩٥٢ تا کۆتایی ١٩٦٣ ئەو لایەنانە

هاوکاریی یەکتریان کردووە. قەومییە ناسرییەکان لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣ تا ١٩٦٨ حوکمڕانی عێراقیان دەکرد، پاشی ئەوان، حیزبی بەعس بە تەنیا حکومی عێراقی دەکرد.

هەموو ئەو لایەنانە لەپاش سەرکەوتنی کودێتای ساڵی ١٩٦٣، سەبارەت بە کەرکوك یەك هەڵوێستیان هەبووە، کەرکوك بەلای ئەوانەوە بەشێك نییە لە کوردستان. لەو سەردەمەوە هەرلایەکیان بە شێوەیەك بەشدارییان کردووە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوك و ناوچەکەی. دەزگای (حەرەس قەومی) لەودەمە لە کەسانی سەر بەو لایەن و گرووپانە پێکهاتبوو و لە کەرکوك تورکمان ڕۆڵی سەرەکییان تێدا هەبوو، چونکە عەرەبی کەم لێبوو، کوردی بەعسی جارێ پەیدا نەبووبوو. لە پاش سەرکەوتنی ئەو کودێتایە زۆربەی کوردەکانی کەرکوك کەوتنە بەر شالاوی کوشتن و گرتن و ماڵ تالانکردن، خانووی کوردە هەژارەکان لە چەند گەڕەکێکدا لەلایەن حەرەس قەومی و بنکەکانی سوپاوە تەخت دەکران. لە دەوروبەری شاری کەرکوك (١٣) گوند تێکدران و خەڵکەکانی ئاوارە کران. لە ناحیەی (دوبز) کە نزیکی کەرکوکە، (٣٣) گوند بەزۆر چۆڵکرابوون و عەرەبی سەر بە خێڵی (جبوور) و (دلێم) لەو گوندانە نیشتەجێکرابوون.

ئەم سیاسەتەی کۆدتاچییەکانی ساڵی (١٩٦٣) گۆڕانکاری بەسەردا نەهات هەتا پاش لێدانی بەعسیەکان لە کۆتایی ئەو ساڵەدا، بەلاّم بە شێوەیەکی هێمنانەتر جێبەجێ دەکرا. لەو ماوانەدا بەشێك لە تورکمانەکان چالاکانە بەشدارییان دەکرد لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرپەڕاندنی کورد لە کەرکوك، ئەم هەڵویستەیان گۆڕانکاری بەسەردا نەهات تا سەرەتای هەشتاکان، لەو دەمەوە ئەوانیش کەوتنە بەر سیاسەتی دەرکردن، بەلاّم بەشێوەیەکی هێمنانەتر.

ئەگەر ئەمە هەڵوێستی هەموو ئەو لایەنانەی سەر بە بیروڕای ناسیۆنالیستی عەرەبی بێت لە ساڵی (١٩٥٩) تا دواتر و چالاکانە بەشدارییان لە سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوك و ناوچەکە کردبێت، لەبەرئەوەبووە ئەم ناوچەیان بە بەشێك لە کوردستان نەزانیوە. پرسیار ئەوەیە ئایا هەڵوێستیان گۆڕانکاریی بەسەردا

هاتووه لەپاش ئەوەی لە ڕیزی بەعس نەمان و هاوکارییان لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی پەیداکردووە؟ ئەگەر جاران حوکمڕان بوون، یان بەشداربوون لە هاوکاریکردنی حیزبی بەعس، کە ئەو سیاسەتەی جێبەجێ دەکرد، پاشان خۆیان بێدەنگ دەکرد و لە ڕۆژنامەو بەیاننامەکانیاندا باسی کردەوەکانی ڕژێمی بەعسیان نەدەکرد، کە بە هەموو شێوەیەك بەردەوام بووە لە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە بۆ گۆڕینی سیمایی دیموگرافی ئەو ناوچانە. هۆی ئەو بێدەنگییە موجامەلەکردنی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بووە، ئەگینا ئێستاش کەرکوك و ناوچەکەی بە بەشێك لە کوردستان نازانن، جاروبار بۆ پاساوکردنی هەڵوێستیان، بلاّویان دەکردەوە بەشی زۆری دانیشتوانی کەرکوك تورکمانن.

**تورکمانەکانی سەر بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی:**

لەدوای شەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩١، چەند لایەن و گرووپێك پەیدابوون خۆیان بە بەرهەڵستکاریی ڕژێمی عێراق دەزانی، ئەو لایەن و گرووپانە بەپێی بۆچوونی سیاسییان، دابەشدەکرێن بەسەر سێ تاقمدا:

- ⋆ تورکمانی توندڕەوی سەر بە ڕژێمی تورکیا.
- ⋆ تورکمانی شیعە لە (یەکێتیی ئیسلامی تورکمانی عێراق) کۆبوونەتەوە.
- ⋆ تورکمانی دۆستی کورد.

**تورکمانە توندڕەوەکان** ئەو لایەن و گرووپانە دەگرێتەوە کە هاوکاریی تورکیا دەکەن و بەشی زۆریان سەر بە دەزگای (میت)ی تورکیان. لە ڕووی دارایی و سەربازی و ڕێکخستن و تەبلیغاتەوە، دەزگاکانی حکوومەتی تورکیا و دەزگای تەبلیغاتی ئەو وڵاتە بە هەموو شێوەیەك یارمەتی و پشتیگیرییان دەکەن. بەرامبەر ئەو هاوکارییە، ئەمان لەسەر ڕێبازی حکوومەتی تورکیا لانادەن، بەشداری لە هەوڵەکانی تورکیا دەکەن بۆ تێکشکاندنی تەجروبەی کوردستانی عێراق. تورکیا کوردستان بە نیشتمانی کورد نازانێ، زۆربەی کوردستان بە وڵاتی خۆیان دەزانن، لە سەرووی (تەلەعفەر)ەوە تا خوارووی (مەندەلی) بە هەولێر و هەموو ناوچەکانی کەرکوکەوە. شاری کەرکوك بەلای ئەوان پایتەختی ئەم (تورکمانستانە)یە، دەڵێن ئامادەنە خۆیان بە کوشت

بدەن، بە هاوکاریی سوپای تورکیا بۆ ئەوەی کەرکوک نەکەوێتە ژێردەستی کورد. بەلای ئەوانەوە سۆمەرییەکان تورك بوون، هەر ئەوان بوون دەوڵەتی ئیسلامییان سەقامگیرکردووە لە سەردەمی ئەمەوییەکانەوە تا ساڵی ١٩١٧، ویلایەتی مووسڵ بەبەشێك لە خاکی تورکیا دەزانن. دەزگاکانی تەبلیغاتی تورکیا بۆچوونەکانیان دەگەیەنێتە بەرچاو حکوومەتەکانی ئەمریکا و ئەوروپا، چونکە لە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیانە. لەبەرئەوەی بەلای ئەوانەوە کەرکوك و ناوچەکە هی ئەوانە، بۆیە لە سەردەمی پاشایەتیی پشتگیریان لە سیاسەتی بە عەرەبکردنی کەرکوك و ناوچەکە کردووە. لەو سەردەمەی جەنەڕاڵ نازم تەبەقچەلی، فەرماندەی تیپی دووی سوپای عێراق بوو لە کەرکوك لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٨، بە هەموو شێوەیەك هاوکارییان لەگەڵکردووە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی گۆڕینی باری دیمۆگرافی ناوچەکە، تا ئەودەمەی ئەو سیاسەتە ئەوانی گرتەوە لە سەرەتای هەشتاکاندا. بە کورتی، بەلای ئەوانەوە کە هەموویان سوننی مەزهەبن، کورد نابێ باسی کەرکوك بکات، چونکە وەکو دەڵێن "تاپۆکەی لای ئەوانە" [٤] ئەگەر ئەمڕۆ بە ئاشکرا داوای ویلایەتی مووسڵ ناکەن، لەبەرئەوەی دەزانن سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوچەکە ڕێگا بەو جۆرە داواکارییانە نادات، بۆیە باس لە ناوچەی تورکمانستان دەکەن، کە لە کوردستان فراوانترە کەرکوك پایتەختی دەبێ.

**تورکمانە شیعەکانی سەر بە (یەکێتیی ئیسلامی تورکمانی عێراق):**

تورکمانە شیعەکان زۆربەیان لە شارۆچکەکانی نزیك کەرکوك دەژین، بەشی زۆریان لە پاش دەستپێکردنی جەنگی نێوان عێراق و ئێران نزیکبوونەوە لە ڕژێمی ئێرانی و حیزبە مەزهەبییەکانی شیعەی عێراق، بە تایبەتی "دەعوەی ئیسلامی". ئەم حیزبە و تورکمانە شیعەکان وەکو حیزبی دەعوە، حیزبێکی مەزهەبی و ناسیۆنالیستە، بۆیە هەردووکیان زۆر نزیکن لە یەکەوە و هاوکاری یەکتر دەکەن. بۆچوونی هەموویان ئەوەیە کەرکوك و ناوچەکە بەشێك نییە لە کوردستان. بەڵام جیاوازی ئەم حیزبە تورکمانییە لەگەڵ تورکمانە توندڕەوەکان لەوەدایە، ئەمان نزیك نین لە تورکیا، بەڵکو سەر بە ڕژێمی ئێرانن. هەروەها ئەمان ددان بە کوردستاندا

دەنێن، بەڵام لە چوارچێوەی ناوچە ئازادکراوەکانی، کە کەرکوك و بەشەکانی دی کوردستانی لەگەڵدا نییە.

**لایەنەکانی دۆستی کورد:** لەم چەند ساڵانەی دواییەدا چەند لایەن و گرووپێکی تورکمان لە "بەرەی نیشتمانی تورکمانی" دابڕان، سیاسەتی ئەوانیان مەحکوم دەکرد بەوەی بوونەتە داردەستی سەرانی ڕژێمی تورکیا، کە بەکاریان دێنێ بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی. ئەم لایەنانە ددان بە کوردستاندا دەنێن و هاوکاریی لەگەڵ دەزگاکانی دەکەن، بەشێکیان ناوچەی کەرکوك بە بەشێك لە کوردستان دەدەنە قەڵەم، بۆیە دەزگاکانی تەبلیغاتی تورکیا و ئەو لایەنانەی سەر بە تورکیان، هەمیشە هێرشی تەبلیغاتی دەکەنە سەریان. لەبەر ئەم هەڵوێستەیان بەرامبەر بە کورد و قبوڵکردنی فیدارڵی و ددانبنان بە کوردستان. ئەم لایەنانە داوای ستاتۆیەکی تایبەت دەکەن بۆ کەرکوك لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام هەمیشە باس لە یەکپارچەیی عێراق دەکەن.

**لایەن و گرووپە ئیسلامییەکان:**

ئەو لایەن و گرووپە ئیسلامییە سیاسیانەی ناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دوو بەشن بەپێی جیاوازیی مەزهەبیان. لایەن و گروپەکانی سەر بە مەزهەبی شیعە زۆرترن، وەکو "مەجلیسی ئیسلامی ئەعلا" و "حیزبی دەعوە"، لەگەڵ ئەو تاقمە تازەی بە ناوی ١٢٠ ڕووناکبیری شیعە بەیاننامەی (شیعەی عێراقیان) بڵاوکردووەتەوە لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا.

هەڵوێستی ئەم لایەنانە تێکڕا هەمان هەڵوێستی "یەکێتیی ئیسلامی تورکمانی عێراقە"، چونکە هەرچەندە ددان بە کوردستاندا دەنێن لە چوارچێوەی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا، بەڵام کەرکوك و ناوچەکانی تر بە بەشێك لە کوردستان نادەنە قەڵەم. سەبارەت بە دەستنیشانکردنی سیستمی دەستووری بۆ عێراقی پاشەڕۆژ، "مەجلیسی ئەعلا" باس لە سیستەمی "ویلایەت" دەکات کە جیاوازە لە فیدرڕاڵیەت. حیزبی دەعوە دژ بە فیدرڕاڵییەتە، گرووپی ١٢٠ کەسایەتی شیعە

(لامەرکەزیەتیان) قبووڵ کردووە بۆ عێراق، کە کورد لە ساڵی ١٩٦٣ وە قبوڵی نەکردووە.

لە ڕۆژنامەکانیاندا جاروبار ئەگەر هەواڵێکی بچووك لەبارەی سیاسەتی بە عەرەبکردنی ئەو ناوچانەی ژێر دەسەلاتی ڕژێم بلاوبکەنەوە، زیاتر وای دەدەنە قەڵەم کە دژی تورکمانەکان کراوە.

هەڵوێستی لایەنە ئیسلامییەکانی تری سەر بە مەزهەبی شیعە توندترە، دەشوبهێنە هەڵوێستی لایەن و گرووپە ئیسلامییە سیاسیەکانی سەر بە مەزهەبی سوننە، باس لە کوردستانییەتی ناوچەی کەرکوك ناکەن و فیدارڵییەتیان قبولْ نییە و سیاسەتی بە عەرەبکردنی ناوچەکە مەحکوم ناکەن.

ئاشووری و کلدانی:

نوێنەرانی ئاشووری و کلدانییەکانی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستاندا، سەبارەت بە پاشەڕۆژی هەرێمی کوردستان هەڵوێستیان دیارە، کەرکوك و ناوچەکانی تری کوردستانی ژێر دەسەلاتی ڕژێم دەگرێتەوە. بەلام لایەن و گرووپی ناسیۆلیستی تر هەن بە تەنگ پاشەڕۆژی عێراقەوە زیاتر دێن تاکو پاشەڕۆژی کوردستان. بەشی زۆری ئەو گرووپانە لە دەرەوەی کوردستان خەریکی پروپاگەندەی ناڕەوان دژ بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی و باس لە یەك پارچەیی عێراق دەکەن و خۆیان وا دەدەنە قەڵەم هەمیشە غەدریان لێکراوە و کورد بێ وەفا بووە بەرامبەریان.

لیبرالییەکان:

لیبرالییەکان بەشێکیان کەسانی سەر بە ڕژێمی پاشایەتی عێراقی بوون، لەگەڵ کۆمەڵێك لە ڕووناکبیرانی تر لە ناوەوە و دەرەوەی ڕێکخراوی INC کاردەکەن. قانوونناسی ناسراو، د. حەسەن چەلەبی یەکێکە لەو ڕووناکبیرە لیبرالییانەی لە ساڵی ١٩٩٣ دا هەڵوێستی خۆی ڕوونکردۆتەوە سەبارەت بە پاشەڕۆژی کەرکوك.[٦] ئەم هەڵوێستە دەبێ لە بیرنەکرێت و هەمیشە بخرێتە بەرچاو، چونکە کەسایەتییەکی ناسراوە لەسەر ئاستی عەرەبی و نێودەوڵەتی و حیساب بۆ ئەو هەڵویستەی دەکرێ.

د. مونزیر ئەلفەزل ئەویش یەکێکی ترە لەو ڕۆشنبیرە عەرەبە لیبراڵییانەی کە لەبەر هەڵوێستی، تورکمانە توندڕەوەکان ڕەخنەی توندی لێ دەگرن و و هێرشی دەکەنەسەر.[7] هەڵوێستی ئەم دوو کەسایەتییە سەبارەت بە سیاسەتی ڕژێمی عێراق لەو ناوچەیە و مەحکوم کردنی ئەو سیاسەتە و پشتگیری کردنیان لە سیستمی فیدراڵی و کەرکوك بە بەشێك لە کوردستان بدەنە قەڵەم، دەبێ کورد لەبیری نەکات.

چەپڕەوەکان:

بەشێوەی گشتی هەر چەپڕەوەکانی عێراق، لە پارتی کۆمۆنیستی عێراقی و کەسانی سەر بەوان هەڵوێستی دیاریان هەیە لە بارەی مەحکومکردنی سیاسەتی ڕژێم و قبوڵکردنی فیدراڵییەت و ددانان بە ناوچەی کەرکوك وەك بەشێك لە هەرێمی کوردستان. هەڵوێستی بەشێك لە ئەندامانی (لیژنەی تەنسیقی دیموکراتی عێراقی)، کە چەپڕەون هەر بەوجۆرەیە. کەسانی وەك د. کازم حەبیب و، د. عیسام خەفاجی بە توندی سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوك مەحکوم دەکەن و هەموو ناوچەکە بە بەشێك لە کوردستان دەدەنە قەڵەم [9].

ئەمەبوو زۆر بە کورتی هەڵوێستی بەشی زۆری لایەن و گرووپ و کەسانی ناوداری ناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی سەبارەت بە کەرکوك و سیاسەتی ڕژێمی عێراق، کە دەمێکە خەریکە کار بۆ گۆڕینی باری دیموگرافی ناوچەی کەرکوك دەکات. بەشی زۆریان کەرکوك بە بەشێك لە کوردستان نازانن، بۆیە بێدەنگ دەبن سەبارەت بە سیاسەتی ڕژێم بۆ بەعەرەبکردنی کەرکوك و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی. کاتی ئەوە هاتووە هێزە سیاسیەکانی کوردستان و هەموو ڕێکخراوە ناوەند و کەسایەتی و هەموو کوردێکی دڵسۆز هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەو لایەنانە دەستنیشان بکات، لەسەر بنەمای هەڵوێستی ئەوان لەبارەی کەرکوك و سیاسەتی بەعەرەبکردنی. ئەگەر کورد و هێزەکانی لەم بارەوە یەك هەڵوێستبن بەرامبەر بەو لایەنانەی کەرکوك بە کوردستان نازانن و سیاسەتی ڕژێم مەحکوم ناکەن، ئەو لایەنانە ناچاردەبن چاو بگێڕنەوە بەو هەڵوێستانەیان، لایەنەکانی تر کە بە پشتگیری دەوڵەتانی ناوچەکە خەریکی پڕوپاگەندە و پلانگێڕانن سەر شۆڕییان بۆ دەمێنێتەوە.

## پەراوێزەكان:

لێرە تەنیا ئاماژە بۆ قسەكانی نوێنەری (بەرەی نیشتمانی توركمانی) دەكەم لە ئەنقەرە، كە لە ١٢ حوزەیرانی ٢٠٠٢ سەبارەت بە كەركوك بۆ (ئەناتۆلیا ئەجانسی) توركی، كە وتویەتی، "مێژوی توركمان لە كەركوك زیاد لە هەزار ساڵە و ٦٠٠،٠٠٠ توركمان لەو شارە دەژین لەسەر خاكی خۆیانن، كەركوك شارێكی عێراقییە بە هیچ شێوەیەك هیچ كەسێك مافی ئەوەی نییە باسی كەركوك بكات و ئەوان ئامادەنە لەوێدا بكوژرێن و داكۆكی لێ بكەن تاكو نەهێڵن خەڵكەكەی قەتڵ و عام بكرێن، ئەگەر كوردەكان بچنە ناو ئەو شارە". (ئەناتۆلیا، ٢٠٠٢/٦/١٢). جارێكی تر دووپاتی دەكەنەوە كە حكوومەتی توركیا داكۆكییان لی دەكات و هێز و توانای خۆیان لەو وەردەگرن. هەر لەو چاوپێكەوتنەدا دەڵێ، سێ ملیۆن تورك (نەك توركمان) لە عێراق هەیە، لەگەڵ سێ ملیۆن و نیو كورد، پاشان دەڵێ كوردەكان دەیانەوێ توركمانەكان بەلاوە بنێن، ئەوان دەتوانین داكۆكی لەخۆیان بكەین. پاشان دەڵێن لە عێراق سێ نەتەوە هەیە: (تورك، كورد، عەرەب). هەر لەو چاوپێكەوتنەدا بەتوندی ڕەخنە لە ئەندامێكی پەرلەمانی ئەمریكی دەگرێت كە لە ( June 13-2002) لە كۆنفرانسی (واشنتۆنی ٩ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٢)، لەژێر دروشمی (كورد كلیلی ئارامییە لە عێراق) وتویەتی، كە دەكرێ كەركوك بەشێك بێت لە هەرێمی كوردستان. (مستەفا زیا) دەڵێ، "ئایا كەسێك لە ئەمریكا دەتوانێ دەست لە شاری (نیویۆرك) هەڵبگرێ، تاكو ئێمە دەست لە كەركوك هەڵبگرین"؟

لە كۆنفرانسێكدا لە لەندەن بەسترابوو لە ڕۆژانی (٤ و ٥)ی ئەیلولی ١٩٩٥ لەلایەن بزووتنەوەی دەستووری عێراقی، كە سەرۆكەكەی (شەریف بن عەلی)یە، نوێنەرانی هەموو لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەشدارییان تێداكردبوو، لە وتارێكدا لە ژێر ناوی: (دەستنیشانكردنی پەیوەندی نێوان كورد و عەرەب و توركمان لە عێراق)، داوام لە هەموو ئەو لایەنانە كرد هەڵوێستی خۆیان بۆ داوا ڕەواكانی گەلی كوردستان ڕوونبكەنەوە، كە كورد قبوڵی كردووە بۆ پاشەڕۆژی عێراق، لەگەڵ مەحكومكردنی سیاسەتی بە عەرەبكردنی كەركوك و ناوچەكانی دی ژێر دەسەڵاتی حكوومەتی عێراق. بەداخەوە وەڵامێكی پۆزەتیڤیان نەبوو، هەر لەو وتارەدا نووسیبووم ئایا عەرەبی (ڕومادی) قبوڵ دەكەن بیانگوازنەوە بۆ (عیمارە) و عەرەبی ئەوێ ببەن بۆ (رومادی)؟ خۆشبەختانە دەقی وتارەكەیان لە (ژمارە ٥ ی گۆڤاری (الدستورية) لە ٦ی ئابی ١٩٩٥ بڵاوكردەوە.

(٦) لە ڕۆژنامەی ( الحياة) ژمارەی (١٠٩٩) ڕۆژی ٢٣ ی ئازاری ساڵی ١٩٩٣. لە ژێر ناوی: (في تحديد العلاقة الدستورية بين العرب والكورد في العراق) ل ١٢، ١٣.

(٧) (كەمال بەیاتی) كە خۆی كردووە بە (كەمال بیاتلی)، لە ڕۆژنامەی (دەنگی توركمان، صوت التركمان) كە لە توركیا بڵاودەكرێتەوە، لە ژمارە (٣)ی مانگی ئازاری ٢٠٠٢، بەتوندی هێرشێكی ناڕەوای كردۆتەسەر (د. مونزیر فەزل)، لەسەر ئەو نووسینانەی وتویەتی كەركوك بەشێكە لە كوردستان.

(٨) له كۆنفرانسێكدا له ژێر دروشمی ئازادی و دیموكراسی بۆ عێراق، (یەكێتیی دیموكراتیانی عێراق) له ئەمریكا له (ای حوزەیرانی ٢٠٠٢) ڕێكخرابوو، نوێنەرانی بەشی زۆری لایەنە سیاسیەكانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی له ئەمریكا بەشدارییان تێدا كردبوو، (د. عیسام خەفاجی) پشتگیریی له فیدراڵییەتی كردبوو و ناوچەی كەركوك بەشێك بێ له هەرێمی كوردستان. هەروەها (د. كازم حەبیب) هەمان هەڵوێستی هەبوو لەو وتارەی له كۆنفرانسی ئەنفال كه له هەولێر بەسترابوو له ڕۆژانی (١٤ - ١٦) نیسانی ٢٠٠٢. (ئیدریس محمد) سكرتێری لیژنەی تەنسیقی دیموكراتی عێراقی له كۆنفرانسێكی تایبەت به كەركوك، كه له لەندەن له ڕۆژانی ١٧- ١٩ ی تەمووزی ٢٠٠١ بەسترابوو هەمان هەڵوێستی هەبوو.

# کەرکوك لە مەوسوعەیەکی عێراقی، لە ساڵی ١٩٤٧ بڵاوکراوەتەوە

نووسینی د. نووری تاڵەبانی بە عەرەبی، مامۆستا ساڵح محمد ئەمین وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

کتێبێکی بە نرخ لەناو بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی (مەڵبەندی کەرکوك بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە لەندەن) هەیە، لە سەرەتای بەرگی دەرەوەیدا نووسراوە "مەوسوعەیەکە باسی گرینگترین کاروباری وڵاتەکەمان و باری سروشتی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەرایەتی و ڕۆشنبیری و ئاوەدانی و مێژوویی و سەرجەم لایەنە گرینگەکانی دی و مێژوویی خێزانە بەخشندە و پیاوە ناودارەکانی وڵات دەکات، و جوانترین وێنەی عێراقی نوێ و ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی نیشانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا دەدات". بەشی دووەمی ئەو مەوسوعە تایبەتە بە (لیوا - پارێزگا)ی کەرکوك و ناودارانی. مەوسوعەکە لە دانانی (عبدولەجید فەهمی حەسەن)ی ڕۆژنامەنووس و توێژەرەوەی عێراقییە، لەگەڵ تاقمە لاوێکی یاریدەری ئامادەیان کردووە. (١)

ئەم بەشەی ئەو کتێبە تایبەتە بە لیوای کەرکوك، لە ساڵی ١٩٤٧ زاینی لە چاپخانەی (دیجلە) لە بەغدا چاپکراوە. (٢) سێ لاپەڕەی یەکەمی سێ وێنەی لە خۆگرتووە، یەکەمیان وێنەی (مەلیك) فەیسەڵی دووەمە، ئەوکاتە هێشتا منداڵ بووە، دووەمیان وێنەی جێنشینەکەیەتی، (وەصی عەبدولئیلاه) / وەلی عەهد، سێیەمیان وێنەی خاوەنشکۆ (مەلیك فەیسەڵی دووەم و مەلیك عەبدوڵلا)ی ئوردونە، کە لە سەردانێکیان لە ساڵی ١٩٣٩ بۆ شاری کەرکوك پێکەوەن، لە وێنەکەدا (عومەر نەزمی) و (د. فائق شاکر)ی (موتەصەریف - پارێزگار)ی لیوای کەرکوکی پێشوو و (د. سندرسن)ی پزیشکی تایبەتی خاوەن شکۆ و ئەندامانی تری دەست و پەیوەندە بەخشندەی خاوەن شکۆ لە پاڵیا بەدی دەکرێن.

لە لاپەڕەی ئەم سێ وێنەیەدا کتێبەکە پێشکەش کراوە بە قانوونناسی لێهاتوو، بەڕێوەبەری دەسەڵاتدار بەڕێز (عەبدولجەلیل حەسەن پرتۆ)ی موتەصەریفی لیوای کەرکوك، بۆ ئەو هەموو چاکە و دەست پاکییەی بەرامبەر لێژنەی دانەر

نواندوویەتی. (٣) لە دوای ئەو لاپەڕەیە وێنەیەکی دانەر و وتەیەك بە ناونیشانی (هەڵدان بە کتێبەکەدا)، لە نووسینی بەڕێز (محمد عباس الصالح)، کە لە ڕۆژی ١٩٤٧/٧/١ نوسیویەتی، پێدەچێ پەیوەندیی باشی بە (لێژنەی دانەر) و سەرۆکەکەیەوە هەبێت، تێیدا نووسیویەتی لێژنەی دانەری: (دەلیلی مێژووی ناودارانی لیواکانی عێراق)، کە بەشی یەکەمی زنجیرەی چواردە تەرخانکرابوو بۆ لیوای سلێمانی، ئەم بەشەی دووەمی تەرخانکراوە بۆ کەرکوك. ناوبراو لەسەر نووسینەکەی بەردەوامە و دەڵێت "ڕەشنووسی ئەم بەشەی بە وردی خوێندۆتەوە ئەوەش وای لێکردووە سەردانی کەرکوك بکات تا بە چاوی خۆی ئەو شتە جوانانەی کتێبەکە دەری خستوون ببینێ، بۆیە سەری شاری کەرکوکی بووکی کوردستانی کردووە". نووسیویەتی کتێبەکە زانیاریی زۆری تێدایە سەبارەت بە لیوای کەرکوك، کە سنووری بەڕێوەبردنی و پانتایی ڕووبەرەکەی و ژمارەی دانیشتووانی، ئاماژەی بۆ باری جوگرافیای ئاو و ڕووبار و ئەو پڕۆژە ئاودێریانەی کردووە لە پارێزگاکەدا هەبوون. زانیاریی ورد سەبارەت بە چیا و بەرزاییەکانی شار و کەش و هەوای وەرزەکانیساڵ لە کتێبەکەدا هەیە، ئاماژەی بۆ ڕێگاو بانەکانی ئەو سەردەمە کردووە.

سەبارەت بە شوێنی لیوای کەرکوك و سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەی لەو مەوسوعەدا هاتووە: "زەوییە بەرینەکانی ئەو لیوایە بەم جۆرەیە: سەرووی خۆرهەڵاتی عێراق تا دەگاتە هەردوو ڕووباری دیالە(٤) تا زێی بچووك و لیواکانی هەولێر و سلێمانی و دیالە و بە غدا و مووصڵ.(٥). پاشان نووسیویەتی سنووری دەسەڵاتی لیوای کەرکوك بەم جۆرەیە: "لە باکوورەوە لیوای هەولێر و بەشێك لە لیوای سلێمانی و بەشێك لە لیوای دیالە، لە باشووری خۆرهەڵاتەوە ڕووباری دیالە، لای باشووری خۆراوای چیای حەمرینە، کە لیوای کەرکوك لە هەردوو لیوای بەغدا و دیالە جیا دەکاتەوە، لەلای باکووری خۆرهەڵاتەوە چیاکانی قەرەداغ و سەگرمە و هەنجیرە و بازیانە، کە لە لیوای سلێمانی جیا دەکاتەوە."

بەپێی کتێبەکە، ڕووبەری لیوای کەرکوك نزیکەی (١٦،٥٠٠ کم٢) دەبێت، دانەری کتێبەکە ژمارەی دانیشتووانی بە چارەگە ملیۆنێك خەمڵاندووە، جگە لەو

ڕەوەندانەی لەسەر لیواکە دادەندرێن بە ١٠٠ هەزار کەسێك دەخەملێندرێن".(٧)
سەبارەت بە دانیشتوان و ئایینی نیشتەجێ بووەکانی لیواکە، دانەران وتوویانە دانیشتووانی لیواکە "تێکەڵەیەکن لە کورد و عەرەب و تورك، هەموویان لە شتێك یەکدەگرنەوە کە ئەمەکدارییانە بۆ عێراق و نیشتمان و لایەنگریەتیی تەختی شکۆداری مەزن" (٨).
کتێبەکە باری جوگرافی و تۆبۆگرافی لیواکە باس دەکات بەوەی "لە دەشتاییەکی بەرین پێکهاتووە لە هەر چوارلا بەربلاوە، کە زۆر بە پیت و بەرەکەتە، ڕووەو خۆرهەلات و باکوور بەرەبەرە بەرز دەبێتەوە، بۆیە زۆربەی ڕووبارەکانی لە باکووری خۆرهەلاتەوە بەرەو باشووری خۆراوا شۆڕدەبنەوە (٩). نووسەران درێژە بە باسەکەیان دەدەن و دەڵێن، "ئەم لیوایە لە باکووری خۆرهەلاتییەوە زنجیرەیەك شاخی مام ناوەندیی ڕووتەنی پیادادەڕوات، کە چیا بڵندەکانی سلێمانی بەسەریاندا دەڕوانێ، لێرەو لەوێ گرد و گردۆلکە و دۆڵ لە نێوانیاندا بلاو بوونەتەوە، بەشی خۆراوای کە تا دامێنی چیای حەمرین دەکشێت، تەختانی و گەلێك لەوەڕگای سەوزی تێدایە". (١٠) لە زۆربەی ناوچەکانی کەرکوك بە درێژایی وەرزی زستان و بەهار بارانی چاك دەبارێ و زەوی ئاو دەدا، "ئەو باراناوە نەبێ ئاوی دی کارەکەی پێ ناکرێ، هەر باراناوەکەیە کە سەرچاوە و کانیاوی شیرین هەڵدەقولێنێ و دەشتایی و دۆڵ و ئەو ڕووبارانە دێنێتە ئاراوە، کە لە باکووری خۆرهەلاتەوە بەرەو باشووری خۆراوا دەبنەوە" (١١). چەند ڕووبار بە لیواکەدا دەڕوات زۆربەیان لە وەرزی هاوین وشك دەبن، گرنگترینیان (خاسە)یە، کە بەناو شاری کەرکوکدا گوزەر دەکات. ڕووباری داقووق بە نزیك شارۆچکەی داقووقدا ڕەت دەبێت، ڕووباری (ئاقسو - ئاوە سپی) بە تەنیشت شارۆچکەی خورماتوودا دەڕوات. (١٢) ڕووبار و ڕووبارۆچکەی کەم بایەختر بە هەموو لایەکی لیواکەدا بلاوبۆتەوە، ناوچەی باکووری لیواکە پشتیان بە "زێی بچووك"ە، لە باشوور بە ڕووباری "سیروان - دیالە" و ئەو جۆگانەی لێی جیادەبنەوە.
بەلام وەك لە کتێبەکەدا هاتووە، گرنگترین چیای لیواکە، چیای "قەرەداخ"ە (١٣)، کە بەرزاییەکەی خۆی لە ١٨٥٠ مەتر دەدا، چیای سەگرمە کە دەکەوێتە سەرووی

چیای قەرەداخەوە و بەرزاییەکەی ١٧٠٠ مەتر دەبێ و گەرووی سەگرمە یە، بە هۆی "گۆك تەپە"وە سلێمانی بە کەرکوك دەگەیەنێت، تیادا چیای هەنجیرە کە دەکەوێتە باکووری خۆراوای چیای سەگرمەوە، لەنێوان هەردوو گەرووی "باسەڕە" و "بازیان" دایە و بەرزاییەکەی ١٤١٠ مەترە. کێوی بازیان کە دەکەوێتە باکووری خۆراوای چیای هەنجیرە و بەرزاییەکەی نزیکەی ١٣٥٠ مەترە، بەرزایی گەرووەکەی بە ناوی چیاکەکراوە، خۆی لە ٩٢٠ مەتر دەدا. گەلێك جۆگە لە زۆر شوێنی لیواکەدا هەن، لەوانە جۆگەی (باتوداغ) لە خۆراوای کەرکوك، کە بەرزایەکەی ٥٣٠ مەترە، جۆگەی "قەرەحەسەن" کە کەوتۆتە خۆرهەلاتی شارەکە ٧٥٠ مەتر بەرزە و جۆگەی "مەتارە" لە باشووری کەرکوك و جۆگەی کفری لە خۆرئاوایە و "سنك ئاباد" لە خۆرهەلاتی شارۆچکەی "قەرەتەپە"یە.

گرنگترین ڕێگای هاتوچۆی لیواکە "لە کۆتایی چلەکاندا کراوەتەوە،"، ئەو هێڵە ئاسنینەیە کە کەرکوکی بە بەغدا گەیاندووە و درێژیەکەی ٢٠٣ میل بووە. ڕێگاکانی تری هاتوچۆ هەمووی بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمۆبێلە، هەندێکیان قیرتاوکراون، ئەوی دی قیرتاو نەکراون، بریتین لە ڕێگای کەرکوك - مووصل و کەرکوك - هەولێر کە لە یەکەمیان جیا دەبێتەوە. ڕێگای کەرکوك - سلێمانی و کەرکوك - بەغدا. دانەری کتێبەکە ئاماژەی بە پێویستی بەرینکردنی ڕێگەی هاتوچۆی لیواکە کردووە.

سەبارەت بە باری ئابووری شارەکە، کتێبەکە باسی ئەوەی تێداکراوە کە لیوای کەرکوك خاکێکی هێجگار بە پیتی هەیە، بەلام کشتوکاڵ، بە تایبەتی دانەوێڵە تەنیا بە باران بارین بەستراوە، بۆیە بڕی بەروبوومی ساڵانەی کشتوکاڵ بە بڕی بارانەوە بەندە. پانتایی ئەو زەوییانەی دەکرێنە کشتوکاڵ، یان بە کەڵکی کشتوکاڵ دێن، نزیکەی ١٢٥٠٠ کم$^2$ ، واتە پێنج ملیۆن (مشارە)یە، کە "نزیکەی ٣/٤ی ڕووبەری لیواکەیە. "تێبینی دەکرێت کە خاکی لیواکە وەك هەموو ناوچەکانی تری کوردستان، بەهۆی لێژیی زەوییەکەیەوە ئاوی تیادا پەنگا بێت، بۆیە خوێ گل ناداتەوە و ڕێژەی خوێ کەمە. گرنگترین بەروبوومی کشتوکاڵیی لیواکە دانەوێڵەیە، بە تایبەتی گەنم، لیوای کەرکوك بە کشتوکاڵکردنی گەنمی کوردیی نایاب ناوبانگی دەرکردووە، بڕی

زۆری لێ بەرهەمدێنرێ و لە ناوچە دەشتاییەکان و بەرز و نزمەکاندا دەچێندرێت (١٤)، "جۆ"ی تیادا دەچێندرێت، هەروەها چەڵتووك لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی ئاوداری پڕ لە کانی و ئاو و کەناری ڕووبارەکاندا، بە تایبەتی لە شارۆچکەی چەمچەماڵ. لە هەموو لایەکی لیواکەدا هەمەجۆر سەوزە و باخی میوە و بەرهەمی ڕەگدار دەڕوێنن، باخەکان هەمەجۆرەنە، درەختی بەرداری تێدایە کە لەسەر ئاوی باران و پاشماوەکەی دەبن، بە تایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکانی لیواکە. زەوییەکی بەرین و زۆر هەیە ناکرێنە کشتوکاڵ و دەبنە لەوەڕگا، ئەو ڕەوەندانەی بەدوای شینایی و ئاودا بە ناوچەکەدا دەگەڕێن سوودی لێوەردەگرن (١٥).

دانەری کتێبەکە چەندین لاپەڕەیان بۆ پڕۆژەی حەویجە تەرخانکردووە، کە جۆگەیەك لە ڕووباری زێی بچووك ڕووەو خۆراوای شارۆچکەی "ئاڵتوون کۆپری/پردێ" هەڵدەکەنن، ئەوە وا دەگەیەنێ لە کاتی دانانی ئەو کتێبەدا پڕۆژەکە هێشتا تەواو نەبووبێ (١٦).

کتێبەکە ئاماژەی بە گرنگترین بەرهەمی ئاژەڵ لە لیواکە کردووە، هەروەها بازرگانی کە سەرچاوەی بژێویی خەڵکێکی زۆری شاری کەرکوك و شارۆچکە گەورەکانی دی لیواکە یە، دەرهێنانی بڕێکی زۆر لە نەوت سەرەکترین پیشەسازی لیواکەیە.

دانەران چەندین پەڕەی کتێبەکەیان بۆ پیشەسازیی نەوت تەرخانکردووە و کورتە ئاماژەیەکیان بۆ مێژووی چۆنیەتیی دروستبوونی کردووە، بە تایبەتی هەڵپەی خۆراواییەکان لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە، کە هەوڵیان داوە بۆ وەرگرتنی کانە نەوتەکان. پاشان باسی ئەوە دەکەن لەدوای یەکەم جەنگی جیهانییەوە، "هاوپەیمانی سەرکەوتووی جەنگ دەست بەسەر نەوتی عێراقدا دەگرن و بە میراتی خۆیانی دەزانن، کە لە دوو دەوڵەتە دۆڕاوەکەی جەنگ، تورکیا و ئەڵمانیا بۆیان مابێتەوە و لافی ئەوەیان لێداوە کە سەرکەوتنیان لەو جەنگە مافی بەگەڕخستنی سەرچاوە نەوتیەکانی هەموو ئەو وڵاتەیان پێداوە، کە بەزەبری هێز و چەك داگیریان کردووە. دانەران لەسەر قسەکردنیان دەڕۆن و نووسیویانە، ئینگلترا لە ئەنجامی ڕێککەوتنی

گۆڕینەوەی - سوودی سیاسی - کە لێرەدا بواری باسکرد نییە، "بە هاوبەشێتی فەرەنسا لە نەوتی عێراق قایل بووە" (١٧). دانەران دەڵێن لە کۆنگرەی "سان ریمۆ" بە دوور و درێژی باسی دانوستانی وەرگرتنی مافی دەرهێنانی نەوت و قۆناغەکانی گەڕان لە ساڵی ١٩٢٥ ەوە و هەڵقولانی نەوت لە بیری "بابەگوڕگوڕ"ی نزیکی شاری کەرکوك کراوە. (١٨) لە کەرکوکەوە تا "حەیفا" و " تەرابلوس" لە ساڵی ١٩٣١ دەستیان کردووە بە کردنەوەی بۆڕیی نەوت، کە لە ساڵی ١٩٣٥ کۆتایی هاتووە. لە کتێبەکەدا باسی ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٣١ کراوە، چونکە ڕێککەوتنەکە کارپێکردنی بەردەوامە و بەندە هەرە گرنگەکانیی بلاوکردۆتەوە (١٩).

چەند لاپەڕەیەکی دی لە کتێبەکە زانیاری تێدایە سەبارەت بە کۆمپانیاکانی تری نەوت، جگە لە کۆمپانیای (IPC)، کە حکوومەتی عێراق مافی بەگەڕخستنی نەوتی لە شوێنی تر پێداوە، کە دەکەونە خۆرئاوای ڕووباری دیجلە و باکووری هێڵی پانی ٣٣ (٢٠).

دانەران باسی باری کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریی لیواکە دەکەن. سەبارەت بە ژیانی دانیشتووانەکەی و بژێویان دەڵێن، "زۆربەی دانیشتووانی لیوای کەرکوك خەڵکی شار و شارۆچکە و گوندنشینەکان، ئارام و جێگیرن، بەلام ئەوانی دی لە تیرە ڕەوەندەکانن" (٢١). دانەران باسیان لەوەش کردووە کە دامەزراندنی دەزگاکانی نەوت لەو لیوایە و هەڵکەندنی بیر و ڕاکێشانی بۆری، بوونەتە هۆی "هاتنی هەزاران کرێکار و کارزانان و هونەرکاران، کە بە هەزاران کەسی تری خاوەن پیشەی جیاجیا و وردە بازرگان و فرۆشیار و ئەوانەی بە دوای بژێویی خۆیاندا دەگەڕێن، بەدوویان کەوتن و بەسەر شارە نەوتییەکاندا، بە تایبەتی لە شاری کەرکوك جێگیربوون" (٢٢).

لە بارەی جلوبەرگی خەڵکی ناوچەکەوە، لە کتێبەکەدا هاتووە: "عامەی خەڵکی شارەکە، بە تایبەتی کوردەکان ئەو جلوبەرگانە دەپۆشن کە لە ناوچە کوردنشینەکانی تر هەن" (٢٣).

سەبارەت بە باری نەتەوەیی لیواکە، لە کتێبەکەدا هاتووە کە "نەتەوە سەرەکییەکانی لیواکە بریتین لە کورد، پاشان عەرەب و تورك. خانووبەرەی کوردەکان

لە باکووری خۆرهەڵاتەوە بەرەو باشوور و خۆراوا تا ناوەندی لیواکە درێژ دەبێتەوە. بەڵام عەرەبەکان بە زۆری لە باشووری خۆرئاوانە، کە دەشتاییەکان دەگرێتەوەە.

---

ژمارەکان، ئاماژەن بۆ لاپەڕەکانی سەرچاوەکان.

# بەشی پێنجەم

## پەرلەمانی کوردســتان

## ئەگەر لەم یەك دوو ڕۆژەدا پەرلەمان کۆنەبێتەوە، ئێمەی ٢٠ پەرلەمانتار بڕیارمانداوە بچینە ناو هۆڵی پەرلەمان

**د. نووری تاڵەبانی قانوونزان و ئەندامی هەڵبژێردراوی پەرلەمانی کوردستان، لە بارەی دواکەوتنی کۆبوونەوەی پەرلەمان دەڵێت:**

پ: دوو کۆبونەوە لە هەفتەی رابردوو لە لایەن کۆمەڵێك لە پەرلەمانتاران بەستران، مەبەست لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوانە چی بوون؟

و: لە هەفتەی رابردوودا لە ڕۆژانی ١٥- ١٧ی مانگی ئایاری ٢٠٠٥ دوو کۆبوونەوە بەستران، لە هەر یەکێکیاندا نزیکەی (٢٠) پەرلەمانتار بەشدارییان تێداکردبوو بۆ بیروڕاگۆڕینەوە سەبارەت بە هۆیەکانی دواخستنی کۆبوونەوەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، کە دەبوو (١٠) ڕۆژ پاش ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن لەلایەن (کۆمسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق) کۆبێتەوە، واتە زیاتر لە ٢ مانگ لەمەوبەر. ئێمەی پەرلەمانتاران و هەموو خەڵکی کوردستان چاوەڕوان بووین پەرلەمانی هەرێم لە ماوەی قانوونیدا، واتە (١٠) ڕۆژ پاش ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، دەست بە کۆبوونەوەکانی بکات. دەبوو لە یەکەم کۆبوونەوەدا پەرلەمان دەستەی سەرۆکایەتیی هەڵبژێرێ، پاشان لە پڕۆژەی ئەو قانوونانە بکۆڵێتەوە دەخرێنە بەردەستی. ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی کە کۆمەڵێك گیروگرفتی گەورەی لەبەردەم بوو، دەستی بەکارەکانی کرد پێش پەرلەمانی کوردستان، کە بڵاودەکرایەوە ئامادەیە بۆ کۆبوونەوە، بەڵام چاوەڕێی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی دەکات، تا پاشان کۆبێتەوە. لەوە دەچێ ئەوانەی ئەوەیان بڵاودەکردەوە دەیانویست

پەرلەمان بکەن بە پاشکۆی ئەنجوومەنی عێراقی! کورد وتەنی "عوزر لە قەباحەت خراپتر بوو"! لە بەغدا ئەنجومەن کۆبووەوە بەو هەموو گیروگرفتەی لەبەردەمیاندا بوون و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنیان دەستنشیان کرد، لەگەڵ حکوومەت و ئەندامی لیژنەی دارشتنی دەستووری هەمیشەیی بۆ عێراق، کەچی پەرلەمانی کوردستان، کە وامان دەزانی گرفتی لەبەردەمدا نییە، تا ئێستا نەیتوانیوە کۆببێتەوە، ئەوەش ئاکامی خراپی لێ دەبێتەوە لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق و دەرەوە.

پ: ئەو ئاکامە خراپانە چین؟

و: سەبارەت بە ئاکامی خراپی لەسەر ئاستی کوردستان، بێ باوەڕی و بێ متمانەیی زۆری لە لای خەڵك پەیداکردووە، بە ئاشکرا خەڵك دەڵێن ئەم پەرلەمانەش وەکو ئەوەی پێشترە، دەسەلاتی نییە، دەسەلات هەر بەدەست هەردوو حیزبە سەرەکییەکەیە. چوونی سەرۆك وەزیران د. جەعفەری بۆ ئەنقەرە لەم کاتەدا دەبێ پارتی و یەکێتی بە ئاگابێنێتەوە. پێویستە ئەو ڕاستییە لەبیرنەکرێت، کە پرۆسەی دەنگدان لەبەردەممانە، خەڵك بەشداری لە دەنگدان و ڕیفراندۆم و دەنگدان لەسەر پرۆژەی دەستوور بۆ عێراق ئامادە دەکرێت، کە بڕیارە لە مانگی ئەیلوولی داهاتوودا ئەنجام بدرێت. لەمە و لەو هەڵبژاردنەی لە کۆتایی ئەم ساڵدا ئەنجامدەدرێ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی نیشتمانی عێراقیی تازە، خەڵك بەشداری ناکەن. ئەگەر خەڵکی کوردستان بەو تەوژمەی پێشووی لە ٢٠٠٥/١/٣٠ بەشدارییان لەو هەڵبژاردنە کرد، ئەمجارە بەشداری نەکەن، ئاکامەکانی زۆر خراپ دەبن بۆ پاشەڕۆژی کوردستان. نازانم ئەو سیاسەتمەدارانەی کوردستان بیریان لەو ئاکامە خراپانە نەکردووەتەوە، بەهۆی ڕێگە نەدان بە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بۆ زیاتر لە (٣) مانگ؟

کێشەی کەرکوك تا ئێستا چارەسەر نەکراوە، تەنیا بەندی (٥٨)ی قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق نەبێ، کە نەیارانی کورد بە شێوەیەکی تر لێکی دەدەنەوە تاکو کێشەکە چارەسەر نەکرێت و سیاسەتی ڕاگواستن و نیشتەجێکردنی هەزارەها خێزانی عەرەب لە ناوچەی کەرکوك ببێ بە "ئەمری واقع". حکوومەتی (عەللاوی) ناچارکرا قانوونێك دەربکات بۆ دامەزراندنی دەستەیەکی باڵا بۆ

جێبەجێکردنی ئەو بەندە، بەڵام حکوومەتی (جەعفەری) تا ئێستا هیچ کارێکی ئەنجام نەداوە، هەرچەندە بەپێی ڕێکەوتنی نێوان لیستی "ئیئتیلاف" و لیستی کوردستانی دەبوو لە ماوەی مانگێکدا نیزامی کارکردنی ئەو دەستەیە پەسند بکرابا، کە بەشداریم کردووە لە ئامادەکردنی. ئەو ناتەباییەی بەهۆی کۆبوونەوی پەرلەمانی کوردستان پەیدابووە لە نێو هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، لە کەرکوك رەنگی داوەتەوە، ئێستا بە شێوازی پێشتر پێکەوە کار ناکەن. لەو باوەڕەدام ئەو دەستەیە پێکبێت بەو شێوەی ئێمە لە پڕۆژەی قانوونەکەدا پێشنیازمان کردووە، کارێکی پێویستە، ئەگەر لێپرسراوانی ئەو دوو حیزبە لە کەرکوك هاوکاریی تەواو لەگەڵ ئەو دەستە نەکەن، ناتوانێ ئەرکەکانی ئەنجامبدات و باری کەرکوك، پێش ئەنجامدانی ڕیفرانددۆم لەبارەی پاشە ڕۆژی ئەو شارە، بەرەو ئاساییکردنەوە ناچێ. لەسەر ئاستی عێراق، نەیارانی کورد خەنی بوونە بەو وەزعەی لە کوردستان هەیە کە بووەتە هۆی ئەوە پەرلەمان نەتوانێ تا ئێستا کۆبێتەوە. لەو باوەڕەدام هەتا پێیان بکرێت هەوڵدەدەن بارەکە گۆڕانکاریی تێدانەکرێت و بەم جۆرە بمێنێتەوە. ئێمە لە کوردستان داوا دەکەین پەرلەمانی هەرێم دەستوور پەسندبکات تاکو بکرێتە بنەما بۆ داواکارییەکانی گەلی کوردستان لە کاتی ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستووری عێراق. دۆستانی کورد لە دەرەوە ئیحراج بوون، چونکە نازانن بە چ شێوەیەك ئەم هەڵوێستەی ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە لێك بدەنەوە، چونکە چەند میوانێك بانگکرابوون بۆ بەشداری لە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان، بەڵام بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە. هەڵبەتە هۆی دواخستنی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان هۆکاری هەیە، باسی ئەوە دەکەن چەند قانوونێك لە پەرلەمان دەبوو گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت؟ منیش دەڵێم دەبوو ئەو قانوونە دەبوو لەلایەن پەرلەمانەوە پەسند بکرێت. سەرەتا پڕۆژەی قانوونەکە لە لایەن لێژنەی قانوونی پەرلەمانەوە بە دواشێوەی ئامادە بکرێت، ئەوجا بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ پەسندکردنی. لەو باوەڕەدام ئەگەر لە سەرەتاوە بەو شێوەیە ڕەفتاربکرابا، کێشە دروست نەدەبوو. لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی ساڵی ١٩٩٢ پێشنیازی ئەوەم کردووە سەرۆکی هەرێم لە لایەن دوو لەسەر

سێی ئەندامانی پەرلەمان هەڵبژێردرێ، میکانیزمێکی وردم داناوە بۆ حاڵەتێك ئەگەر پاڵێوراوەکان یەکێکیان لە سەرەتاوە نەتوانێ ڕێژەی ئەو دەنگدانە بە دەست بێنێ. بە داخەوە سیاسەتمەداران گوێ لە قسەی ئەو کەسانەی لە بەرژەوەندیی کورد دەدوێن ناگرن، مەبەستم ئەو کەسانەیە کە هیچ بەرژەوەندی و مەبەستێکی تایبەتییان نییە لە کوردایەتی بەولاوە. ئەو کێشەیە دەبوایە لەلایەن قانووناسانەوە چارەسەر بکرابا، پاشان پرۆژەکە بخرابایە بەردەست سیاسەتمەداران بۆ یەکلایی کردنەوەی. بە هەر حاڵ، ئومێدەوارین پەرلەمان لەم یەك دو و ڕۆژەدا کۆبێتەوە. ئەگەر نەیانهێشت ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجام بدرێت، ئەوا بڕیاری کۆبوونەوەمان داوە لە ٢٠٠٥/٥/٢٥ لەبەردەم بینای پەرلەمان، تا ناچاریان بکەین ڕێگای کۆبوونەوەی پەرلەمان بدەن. کۆمەڵێك کاری گرنگ چاوەڕێی پەرلەمانی تازە دەکەن، لە سەرووی هەموویانەوە ئامادەکردن و پەسندکردنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان، بێ ئەوەی چاوەڕێی دانانی دەستوور بکەین بۆ عێراق. هەروەها ئەم پەرلەمانە خەریکی یەکخستنەوەی قانوونەکانی هەردوو ئیدارەکە دەبێت. ئەم کارە دەبێ لە پەرلەمان ئەنجام بدرێت، نەك بە پێکهێنانی لێژنەی تایبەتی لە لایەن حیزبەکانەوە. ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان چاوەڕێی پەسندکردنی قانوونێك دەکەن بۆ دەستنیشانکردنی شێوازی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەو ئەنجومەنانە لە هەرێمی کوردستان، چونکە نابێت ڕێگا بدرێت لە بەغدا قانوون بۆ دیاری کردنی شێوازی کارکردنی ئەنجومەنەکانی هەرێم دابنرێت. هەروەها پەرلەمانی نوێی کوردستان دەبێ هەوڵ بدات بە زووترین کات هەردوو ئیدارەکە یەك بخرێنەوە و ئەو گرفتانە کە ساڵی ١٩٩٢ بوونە هۆی سەرنەکەوتنی کابینەی یەکەم، دووبارە نەبنەوە، کوردایەتی نەك حیزبایەتی تەسك، سیستەمی (موئەسەساتی)، نەك سیستەمی پەنجا بە پەنجا، یان دەست تێوەردانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان ئاوات و ئامراز بن تاکو دەزگا شەرعییەکانی هەرێم، پەرلەمان و حکوومەتی یەکگرتوو و سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتی دادوەریی کوردستان، هەر ئەوان دەزگای شەرعی بن لە کوردستان. ئەگەر ئەو دەزگایانە پێکەوە هاوکاری بکەن و یەك مەبەستیان هەبێ، کە دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسیی یەکگرتووە بۆ ئەم

بەشە ڕزگارکراوەکەی کوردستان، ناوچە تازە ئازادکراوەکان دەگەڕێنەوە بۆ باوەشی نیشتمان. ئەگەر بەو شێوەیە کار نەکەین و دەسەلأت وەکو جاران لە ژێر دەستی دەزگا شەرعییەکانی کوردستان نەبێت، هەموو گەلی کوردستان زەرەرمەند دەبێت، لە سەرووی هەمویانەوە ئەو دوو حیزبە سەرەکییانەی کوردستان. چوونی (جەعفەری) بۆ (ئەنقەرە) کە یەکەم سەفەری دەرەوەی بوو، دەبێ سەرانی ئەو دوو حیزبە بە ئاگا بێنێتەوە.

# چەند تێبینییەك لەسەر ئەدای خولی دووەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان

یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە خولی دووەمی، بەهۆی کێشەیەکی سیاسی نەك قانوونی لەنێو هەردوو حیزبی دەسەلأتدار نەیتوانی کۆببێتەوە، سەلماندی ئەو دوو حیزبە لە پەرلەمان بە توانا و دەسەلأتدارترن لەو پەرلەمانە. لەماوەی ئەو چوار ساڵەی خولی دووەمی پەرلەمان (٢٠٠٥ - ٢٠٠٩) بەڕێوەبردنی کارەکانی پەرلەمان زۆر جار بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بەڕێوە نەچووە، لێرە ئاماژە بۆ بەشێکیان دەکەم. پاش ساڵێك لەسەر دەستبەکاربوونی پەرلەمان، کۆبوونەوەیێکی داخراو ئەنجامدرا بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی لەماوەی ئەو ساڵەدا. لەو کۆبووەنەدا ئاماژەم بۆ بەشێك لە پێشێلکاریەکانی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کرد، لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە. یەکەم پێشێلکاری لە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەنجامدرا، لەبەرچاو چەندین میوانی پایەبەرزی عێراقی و نێودەوڵەتی، لەکاتی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان. بەداخەوە ئەو پێشێلکارییە لەکاتی کردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەمان لە ٢٠ ئابی ٢٠٠٩ دووبارەکرایەوە. هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە خولی دووەمی لە ٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٥، لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا کۆتایی پێهات، بەداخەوە سیمای هەڵبژاردنی پێوە دیارنەبوو. بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، دەبوو ئەو هەڵبژاردنە بەنهێنی ئەنجامبدرێت، وەکو هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە لەو ساڵەدا بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ئەو ئەنجومەنە، بەنهێنی ئەنجامدرا. بەپێی پەرەگرافی یەکەم لە ماددەی ٢٠ ئەو پێڕەوە، دەبوو بەرنامەی کۆبوونەوەی پەرلەمان لەگەڵ ئەو پرۆژە و پێشنیاز و ڕاپۆرتانەی گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت، لانی کەم دوو ڕۆژ پێش کۆبوونەوەی پەرلەمان بگاتە

دەست ئەندامان، زۆرجاران ئەوە ڕەچاو نەکراوە. هەر بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی هەرێم، سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەبوو ڕێگا لە ئەندامان نەگرێت بیروڕای خۆیان دەربڕن، بەڵام چەندین جار ڕێگا بەچەند پەرلەمانتارێك نەدراوە ڕاو سەرنجی خۆیان دەربڕن، لەکاتێکدا سەرۆکی پەرلەمان لە بەشی زۆری دانیشتنەکاندا ڕاو سەرنج و "ڕوونکردنەوەی" خۆی دەردەبڕی و بە ئارەزووی خۆی قسەی دەکرد. چەند جارێك بە نووسراو داواکاری لەلایەن ژمارەی قانوونی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان کراوە، بەڵام دواخراون، یان دەستکاری ناوەڕۆکەکەیان کراوە، پێش ئەوەی بخرێتە بەردەم پەرلەمان. هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی خولی سێیەمی پەرلەمان ئەویش بە پێچەوانەی پێڕەوی ناوخۆ ئەنجامدرا. لە بڕگەی دووەمی ماددەی (١٣)ی ئەو پێڕەوەدا هاتووە: "دوای دەرگا داخستن لەسەر پاڵاوتن، کرداری هەڵبژاردن بە ڕێگای دەنگدانی نهێنی ئەنجامدەدرێ، ئەوەی زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان بێنێ، ئەو پلەوپایەی پێ دەدرێ". بڕگەکانی ماددەی (١٤) ئەو پێڕەوە شێوەی بەڕێوەچوونی ئەو پرۆسەیان دیاری کردووە، لەبڕگەی یەکەمدا هاتووە: "هەر ئەندامێکی ئامادەبوو لەدانیشتنەکە کاغەزێکی مۆرکراو بە مۆری ئەنجومەنی پێدەدرێ، ناوی ئەو ئەندامانەی لەسەر دەنووسێ کە ئارەزوو دەکات بۆ هەرکام لە پایەکانی دەستە هەڵیانبژێرێ". لە بڕگەی دووەمدا هاتووە: "ئەندامەکە کاغەزە مۆرکراوەکەی خۆی دەخاتە ناو ئەو سندووقەوە کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراوە، لەجیاتی و بەبریکاری دەنگدان نابێ". بڕگەی سێیەمی ئەو ماددەیە باس لە پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ سەرپەرشتیکردنە سەر ئەو هەڵبژاردنە دەکات و دەڵێ: "لە ئامادەبووان دوو ئەندامی لە هەمووان بەتەمەن بچووکتر، لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکی کاتی هەڵدەستن بەجیاکردنەوەی ناوەکان". ئەو هەموو ماددە و بڕگانەی پێڕەوی ناوخۆ شێوازی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی دیاری کردووە، بەڵام کاریان پێ نەکراوە، نە لە هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی لە خولی دووەمدا، کە بەدەنگدانی ئاشکرا، نەك نهێنی ئەنجامدرا، نە لە هەڵبژاردنی ئەو دەستەیە لە خولی سێیەمی، پاساو ئەوەبوو کاندیدی دیکە بۆ ئەو پۆستانە نەبووە.

ئەو مادده قانوونیانە بە موتڵەقی داڕێژراون، پڕەنسیپێکی شەرعی و قانوونی هەیە دەڵێ: دەقی قانوونی بەو شێوەی هاتووە کاری پێدەکرێ، نابێ ئیجتیهادی تێدابکرێت. لەو ماددانەدا باس لەوە نەکراوە یەك کەس خۆی کاندید بکات، یان چەند کەسێك، دەبوو دەقەکە دوور لە "تەزکیە"ی بەدناوەوە جێبەجێ بکرێت.

لەسەر ئاستی عێراق پێشینە/(سابقە) هەیە، بەڕێز مام جەلال لە ساڵی ٢٠٠٥ تەنیا کەسی کاندیدکراو بوو بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە دەنگدانی نهێنی هەڵیبژارد، کەس نەیگوت لەبەرئەوەی کاندیدی دیکە نییە، دەکرێ بە "تەزکیە" هەڵبژێردرێ. هەڵبژاردنەکە بەنهێنی ئەنجامدرا، چەند پەرلەمانتارێك دەنگیان بۆ نەدا، چەند پەرلەمانتارێکی دیکە کاغەزی سپییان خستە ناو سندووقی دەنگدانەوە، بەڵام زۆرینە دەنگیان بۆ دا، پڕۆسەکە بە شێوەیەکی قانوونی ئەنجامدرا. کێشەی ئێمە کێشەی کلتوورە، بەداخەوە بەشێك لەو کەسانەی لەبواری قانوون و بوارەکانی دیکەدا کار دەکەن نەیانتوانیوە خۆیان لە کولتووری کۆنی بەعس دەرباز بکەن.

یەکێ لە کێشەکانی دیکەی خولی دووەمی پەرلەمان، شێوازی پەسندکردنی پڕۆژەی قانوونی بودجە بوو لە ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩. لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژە قانوونی بودجەدا، پەرلەمانتار بۆی هەیە قسە لەسەر ئەدای حکوومەت و وەزارەت و دەزگاکانی و چۆنیەتیی سەرفکردنی بودجە بکات، هەروەها پەرلەمانتاران لێپێچینەوە لە کارەکانی حکوومەت و وەزارەتەکان بکەن و پرسیار لەسەر شێوازی سەرفکردنی بودجەی ساڵی پێشتر بکەن. پڕۆژەی قانوونی بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ گفتوگۆی لەسەر نەکرا لەبەر چەند هۆیەك، بەڵام لەسەر داوای پەرلەمانتاران چەند ڕاسپاردەیەك پەسندکران، تێیدا داوا لە حکوومەت کرابوو بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ دەبێ لە مانگی یانزەی ٢٠٠٧ ئامادەبکرێت، هەروەها دەبێ ڕوون و شەفاف بێت. ڕاسپاردەیەکی دیکەی پەرلەمان تایبەت بوو بە یەکگرتنەوەی ئەو وەزارەتانەی تا ئەو دەمە یەك نەخرابوون. لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠٠٨، چەند پرسیارێك ئاراستەی نوێنەرانی حکوومەت کران سەبارەت بە

هۆكاری جێبەجێ نەكردنی ئەو ڕاسپاردانە. دەستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمان تەنیا دوو دەقیقە مافی قسەكردنی بە ئەندامان دا بۆ دەربڕینی ڕاو بۆچوونەكانیان، لەو ماوە كورتەدا كەسێك ناتوانێ ڕاو سەرنجی خۆی لەبارەی پرۆژە قانوونێكی گرنگی وەك بودجە دەربڕێ. چەند پەرلەمانتارێك داوایان لە سەرۆكایەتیی پەرلەمان كرد وەزیرە پەیوەندیدارەكان ئامادەی ئەو كۆبوونەوانە بن، چەند پەرلەمانتارێكی دیكە داوای ڕوونكردنەوەیان لەبارەی یەك نەخستنەوەی ئەو سێ وەزارەتە كرد، كە دەبوو لەكۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ دا یەكبگرنەوە. لە موداخەلەیەكدا گوتم: ئەو سێ وەزیرە: هەردوو وەزیری دارایی، لەگەڵ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان، كە ئامادەی كۆبوونەوەی ئەو ڕۆژە (٢٣ی نیسانی ٢٠٠٨) بوون، ناتوانن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، چونكە بڕیاری یەكخستنەوەی ئەو چەند وەزارەتە لە دەسەڵاتی حكوومەت و پەرلەمان نییە، مەكتەبی سیاسی هەردوو حیزبی سەرەكی ئەو بڕیارە دەدەن و چەند كۆبوونەوە بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامدراوە، بەڵام دوا بڕیار نەدراوە. لە وڵاتی ئێمەدا واقیع و قانوون دوو شتی جیاوازن، بەپێی قانوون، یەكخستنەوەی ئەو چەند وەزارەتە دەبوو بە هەماهەنگی لەنێوان حكوومەت و پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدرێت، بەڵام نەیانتوانی ئەو بڕیارە بدەن، ئەوەش كەم دەسەڵاتیی پەرلەمانی سەلماند. لەكاتی تاوتوێكردنی پرۆژەی قانوونی بودجە لەماوەی ئەو سێ ساڵە، وەزیری دارایی ڕووناكی خستە سەر بەشێك لە پرسیارەكانی پەرلەمانتاران، چەند پرسیارێكی دیكە كە دەبوو وەڵام بدرێنەوە و ڕوونبكرێنەوە، بەتایبەتی ئەو پرسیارانەی پەیوەندییان بە بودجەی حیزبەكانەوە هەبوو، نەیدەتوانی وەڵامیان بداتەوە. لە كاتی تاوتوێكردنی بودجەی وەزارەتەكاندا دەبوو وەزیرە پەیوەندیدارەكان ئامادەبن، تا پەرلەمانتاران لە ڕاو بۆچوونەكانیان لەبارەی ئەو بڕە پارەی بۆ وەزارەتەكانیان تەرخانكرابوو ڕوونبكەنەوە. بەشی زۆری وەزارەتەكان داوای پارەی زیاتریان كردبوو، بەڵام لەلایەن هەردوو وەزارەتی داراییەوە كەمكرابوونەوە. ئەو وەزیرانە ئەگەر ئامادەی ئەو كۆبوونەوانە بوونایە، دەیانتوانی وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتاران بدەنەوە. دەبێ ئەوەش لەبیرنەكرێت كە جیاوازی لەنێو قانوونی بودجەی ساڵی ٢٠٠٨

و ٢٠٠٩، لەگەڵ ئەوەی ساڵی ٢٠٠٧ دا هەبوو، لە قانوونی بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ پەرلەمان توانی بەشێك لە داواكارییەكانی خەڵك بچەسپێنێ كە لە پڕۆژەكەدا نەبوو، وەك جیاكردنەوەی بودجەی دەسەڵاتی دادوەری لەو بڕە پارەیەی بۆ وەزارەتی داد تەرخانكرابوو، وەك دابینكردنی پارە بۆ سەرفكردنی (سولفە) پێشینەی خانووبەرە بۆ هاوڵاتیان، وەك زێدەكردنی مووچەی كارمەندان و خانەنشیكراوان لە هەرێمی كوردستان بەو ڕێژەی لە بودجەی عێراقدا دیاری كرابوو. داواكارییەكانی دیكەی لیژنەكانی پەرلەمان و پەرلەمانتاران وەك ڕاسپاردە لە قانوونی بودجەی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ چەسپێندران تاكو لەو بڕە پارەی لە بودجەی تەواوكەر (تەكمیلی)دا كە حكوومەتی ناوەندی دەیدات بە حكوومەتی هەرێم، بە ڕێژەی ١٧٪، ئەو ڕاسپاردانە هەموویان، یان بەشی زۆریان جێبەجێ بكرێن.

دەبوو ئەو داواكارییانە نەك وەكو "ڕاسپاردە"، بەڵكو وەكو بڕیار بخرێنە بەردەم حكوومەت، تا بەپێی ئەو بودجە تەواوكەرەی بەدەستی حكوومەت دەگات جێبەجێ بكرێن. بڕیاردان لەسەر بودجەی كۆتایی وەك ڕاسپاردە خرابووە بەردەم حكوومەت، بەڵام پاشتر نەخرایە بەردەم پەرلەمان. دەستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمان هاوكاری نەدەكرد بۆ گفتوگۆكردن لەسەر بودجەی حیزبە سیاسیەكان. لە داواكارییەكدا كە پتر لەنیوەی ئەندامانی پەرلەمان ئیمزایان كردبوو، لەبەر ئەوەی نەخرابووە سەر كاری بەرنامەی پەرلەمان تا قسەی لەسەربكرێت، قسەی لەسەر نەكرا. چەند پەرلەمانتارێك چەند جارێك داوای گفتوگۆكردنیان لەسەر ئەو داواكاریە كرد، بەڵام دەستەی سەرۆكایەتی خۆی لێ بێدەنگ دەكرد. بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، هەموو پەرلەمانتارێك لەڕێگای دەستەی سەرۆكایەتییەوە دەتوانێ داواكاری لەو جۆرە بخاتە بەردەم حكوومەت، بەڵام دەستەی سەرۆكایەتی بەدواداچوونی لەسەر ئەو داواكارییانە نەدەكرد، وەزیری تایبەتمەند، یان نوێنەری حكوومەت گفتوگۆ، یان وەڵامدانەوەیان لەسەر ئەو داواكارییانە نەدەكرد.

پێویستە خولی سێیەمی پەرلەمان پێڕەوێكی ناوخۆی تازە پەسند بكات، لیژنەی قانوونی لەخولی دووەمی پەرلەمان، بەهاوكاریی لیژنەكانی دیكە، پڕۆژەیەكیان

ئامادەکرد، بەڵام نەخرایە بەردەم پەرلەمان بۆ پەسندکردنی. نزیکەی ساڵێك لەمەوبەر لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەماندا، داوامکرد خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پڕۆژە قانوونەی پێڕەوی ناوخۆ بکرێت، لەپاش ماوەیەك خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژەکە کرا، بەڵام نەخرایە بەردەم پەرلەمان تا قسەی لەسەر بکات و پەسند بکرێت. پێویستە خوولی سێیەمی پەرلەمان پەلەبکات لە پەسندکردنی ئەو پڕۆژەیە و جارێکی تر پێیدا بچێتەوە پێش ئەوەی پەسندی بکات.

چەند پەرلەمانتارێك لە خوولی دووەمی پەرلەمان داوای دروستکردنی لیژنەی نەزاهەیان کرد، بەڵام پڕۆژەیەکی تێروتەسەلیان پێشکەش بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان نەکردبوو. کاتێ باس لە دروستکردنی دەستەی نەزاهە دەکرا، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەیگوت دەستەی چاودێری دارایی هەیە، ئەو دەتوانێ ئەرکەکانی دەستەی نەزاهە جێبەجێ بکات. ئەرکی دەستە، یان لیژنەی نەزاهە جیاوازە لە ئەرکی دەستەی چاودێری دارایی، هەریەکەیان بە شێواز و میکانیزمی جیاواز ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن. ئەم تێکەڵوپێکەڵیە لەنێوان ئەرکی (دەستەی نەزاهە) و (دەستەی چاودێری دارایی) لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت. لە دەروازەی شەشەمی ئەو پڕۆژەیە، کە تایبەتە بە دەستە و کۆمسیۆنە سەربەخۆکان، لە بڕگەی دووەمی ماددەی ١٠٧ دا پێشنیازی دروستکردنی "دیوانی دەستپاکی (نەزاهە) و چاودێری دارایی" پێکەوە کراوە، ئەو دوو دەستەیە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، جیاوازن لە ڕووی ئەرك و شێوازی کارکردنیان. لەناو پەرلەمان و پێشتر لە دەرەوە باس لە دامەزراندنی دەستەی نەزاهە کراوە، پێویستە سەرەتا قانوونێکی تایبەت بە دامەزراندنی ئەو دەستەیە پەسند بکرێت، تێیدا بە درێژی ئەرك و شێوازی کارکردنی ئەو دەستەیە دیاری بکرێت، پاشان سەرۆك و ئەندامانی دەستنیشان بکرێن. دەکرێ لەناو پەرلەماندا لیژنەیەکی تایبەت بەناوی (لیژنەی نەزاهە) دروست بکرێت، شێوازی کارکردنی ئەو لیژنەیە جیاوازە لە شێوازی کارکردنی دەستەی نەزاهە، بەڵام دەبێ لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی هاوکاری یەکتر بکەن.

لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لیژنەیەك بەو ناوەوە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە ئەندامەکانی دەستنیشانکراون، بەلاّم دەستەیەکی تایبەت بەناوی دەستەی نەزاهە دامەزراوە، هەریەك لەو دوو لیژنە و دەستەیە بەو شێوەی لە دەستوور و قانووندا ئەرکەکانیان دیاریکراون، کارەکانیان ئەنجامدەدەن.

هەولێر، ٨ / ٩ / ٢٠٠٩

# بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ و چۆنیەتیی تاوتوێکردنی لەلایەن خولی دووەمی پەرلەمان لە هەرێمی کوردستان

تاوتوێکردنی پڕۆژەی قانوونی بودجەی هەرێمی کوردستان و لێپێچینەوە لە ئەدای حکوومەت و وەزارەت و دەزگاکانی، لەگەڵ چۆنیەتیی سەرفکردنی ئەو بودجەیە، یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی پەرلەمان لە بەشی زۆری وڵاتانی دونیادا. هەڵبژاردن هۆی وەرگرتنی دەسەڵاتە لە لایەن حیزبێك، یان چەند گرووپ و حیزبێك لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردندا. ئەو لایەنە سیاسییانەی بەشداریی لەو پڕۆسەیە دەکەن بەڵێشاو بەڵێن بە دەنگدەران دەدەن، کاتێ لایەنێك یان چەند لایەنێك سەرکەوتن بەدەستدەهێنن، ئەوان حکوومەت دادەمەزرێنن، هەنگاوی یەکەمیان داوای متمانە پێدانە لە پەرلەمان بەپێی ئەو بەڵێنانەی لە کاتی هەڵبژاردندا پڕوپاگەندەیان بۆ کردووە، کە دەبێ جێبەجێی بکەن. ئەم پڕۆسەیە هەموو ساڵ دووبارە دەبێتەوە، بۆیە ئەرکی پەرلەمانە ساڵانە لێپێچینەوە لە حکوومەت و وەزارەتەکان بکات، تا بزانێ چەند لەو کار و پڕۆژانەی لە بودجەدا پارەیان بۆ تەرخانکرابوو جێبەجێ کراون. ئەو پڕۆسەیە زۆر جاران لەگەڵ تاوتوێکرنی پڕۆژەی قانوونی بودجەی ساڵی تازەدا ئەنجامدەدرێ. لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٧ دا پڕۆژەی قانوونی بودجەی هەرێمی کوردستان خرایە بەردەم پەرلەمان، بەڵام لەبەر چەند هۆیەك تایبەت بوون بە  بارودۆخی ئەو ساڵە، گفتوگۆی جیددی لەسەر نەکرا، پڕۆژەی قانوونەکە بە پەلە پەسندکرا، تێیدا داوا لە حکوومەت کرابوو بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ لە مانگی یانزدەی ٢٠٠٧ ئامادەبکرێت و ڕوونی و شەفافیەتی تێدابێت. ڕاسپاردەیەکی دیکەی پەرلەمان تایبەت بوو بە یەکگرتنەوەی ئەو وەزارەتانەی تا ئەو دەمە یەك نەخرابوونەوە. لە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ تەماشاکردن و تاوتوێکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٠٨، چەند پرسیارێك لە نوێنەرانی حکوومەت کران لەبارەی هۆی جێبەجێ نەکردنی ئەو ڕاسپاردانە، بەڵام دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان تەنیا دوو دەقیقە مافی قسەکردنی بە ئەندامان دەدا بۆ دەربڕینی ڕاو

بۆچوونەکانیان، هەڵبەتە لەو ماوە کورتەدا کەسێك ناتوانێ ڕاو سەرنجی خۆی لەبارەی ئەو خالاّنە دەربڕێت، کە بەقەد پرۆسەی متمانەدان بە حکوومەت گرنگە. چەند پەرلەمانتارێك داوایان لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرد وەزیرە پەیوەنددارەکان ئامادەبن لە کاتی تاوتوێکردنی بودجەی وەزارەتەکەیان. چەند پەرلەمانتارێکی دیکە داوای ڕوونکردنەوەیان کرد لەبارەی یەك نەخستنەوەی ئەو سێ وەزارەتە، کە دەبوو لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ دا یەکبگرنەوە. خەڵکی کوردستان ماوەیەك بوو بەرەوڕووی کۆمەڵێك کێشە ببوونەوە، زۆربەیان پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەیانەوە هەبوو، پرسیار ئەوەبوو ئایا لە پرۆژەی قانوونی بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ دا بەرنامەیەکی تێدایە بە ڕوونی چارەسەری ئەو کێشانە بکات؟ بە واتایەکی دی، ئایا جێبەجێکردنی ئەو بودجەیە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەیان؟ لە ڕاپۆرتی وەزیری دارایی کە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٣ی نیسان پێشکەشی بە پەرلەمان کرد، ڕووناکی خستە سەر بەشێك لە پرسیارەکانی پەرلەمانتاران، بەلاّم چەند پرسیارێکی دیکە مابوون دەبوو وەلاّم بدرێنەوە و ڕوونبکرێنەوە. یەکێ لەو ڕەخنانەی ئاراستەی پرۆژەی قانوونی بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ کرابوو نەبوونی ئامار و داتا بوو، چونکە لەو پرۆژەیەدا ڕوونی و شەفافیەتی تێدا نەبوو، بودجە هەر کۆمەڵێك حیساب و زانیاریی دارایی نییە، بە خەملاّندنی داهات و خەرجیەکانی دارایی لە ماوەی ساڵێکدا، لە بودجەدا سیاسەتی دارایی حکوومەت و چۆنیەتی جێبەجێکردنی لە لایەن وەزارەت و دەزگاکانیەوە دیاری دەکرێت. ئەگەر حکوومەت نەتوانێ بەهۆی بودجەوە لە بەرنامەیەکی ئابووریی ڕاست و دروست ئامادەکراو کێشە داراییەکان چارەسەر نەکات، کێشەکان دەمێننەوە. هەموو دەزانین ژیان لە بەشەکانی دیکەی عێراق لە ڕووی ئەمنییەوە خراپە، بەلاّم حکوومەتی ناوەند هەوڵی چارەسەرکردنی بەشێکی زۆر لە کێشە ئابووری و کۆمەلاّتییەکانی خەڵکی کوردستانی داوە، کە لە بودجەی هەرێمی کوردستان ڕوون نییە. یەکێ لەو کێشانەی حکوومەتی هەرێم پێویستە بەپەلە هەوڵی چارەسەرکردنی بدات، کێشەی وشکە ساڵییە، بە تایبەتی لەناوچەی گەرمیان، ئەگەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان زۆر پابەند نەبن بە باران، لەو

ناوچەیە کشتوکاڵ، هەتا ژیان و مانەوەی خەڵکەکەی پابەندە بە باران و ئاوەوە، چونکە سەرچاوەی ئاوی تێدا زۆر کەمە. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت کە بەشی زۆری ئەو ناوچانە بەر هێرشی ئەنفال کەوتبوون، چەند ساڵێکی کەمە بەشێك لە خەڵکەکەی گەڕاونەتەوە بۆ سەر زێدی خۆیان. حکوومەت دەبێ هاوکارییان بکات، بە تایبەتی ئاو و ئالیك بۆ ئاژەڵەکانیان دابین بکات، هەروەها چاوپۆشی لە دانەوەی قەرزی ئەوکەسانەی قەرزاری حکوومەت بون. پێویستە حکوومەت ئاگاداری پەرلەمان بکات لە ڕاو بۆچوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەبارەی ئەو بڕە پارەی بۆ وەزارەتەکان تەرخانکراون، بەڵام لەلایەن هەردوو وەزارەتی داراییەوە کەمکرابوونەوە. ئەو وەزیرانە ئەگەر لە پەرلەمان ئامادەبوونایا دەیانتوانی، لەبارەی کەموکوڕی لە وەزارەتەکانیان وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتارەکان بدەنەوە. بە بۆچوونی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بەپێی پێڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان، هەر وەزیری دارایی و ئابووری دەبێ ئامادەبێت لەکاتی تاوتوێکردنی پڕۆژەی قانوونی بودجە. پەرلەمانتارێك لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٣٠ی نیسان ئاماژەی بۆ تەجروبەی پەرلەمانی هۆڵەندا کرد. لە موداخەلەیەکدا وتم پێوسیت ناکات بگەڕێنەوە بۆ سیستمی پەرلەمانی ئەو وڵاتە دوورە، چونکە لە عێراقی سەردەمی پاشایەتیدا سەرۆك وەزیر و وەزیرەکان لە کاتی تاوتوێکردنی بودجەی حکوومەتدا ئامادەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دەبوون. ڕاستە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی ئەو پەرلەمانە، کە بە گرووپی (موافیج : موافق) ناودەبران ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لەناو ئەو پەرلەمانە نەبوو، بەڵام کەسانێکی دیکە هەبوون ئازادانە پتر لە سەعاتێك قسەیان لەسەر بودجە دەکرد و ڕەخنەیان لە حکوومەت دەگرت، ڕۆژی پاشتر قسەکانیان بە مانشێت لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرانەوە. دوو پرسیارم ئاراستەی هەردوو وەزیری دارایی کرد لەبارەی بودجەی وەزارەتەکەیان. پرسیاری یەکەمم ئەوەبوو، بوونی ئەو بودجەی بۆ هەرێم دەستنیشانکراوە کە دابەش دەکرێ لەنێوان ئەو دوو وەزارەتەدا، شێوازی ئەو دابەشکردنە چۆنە؟ ئایا ئێستاش هەر بەو ڕێژەیەی جاران دابەش دەکرێت لەنێوان ئەو دوو ئیدارەدا؟ پرسیاری دووەمم لەبارەی چۆنیەتیی یەکخستنەوەی ئەو (دوو)

بودجەیە بوو لە ئایندەدا، ئایا میکانیزمی یەکخستنەوەیان لە ئێستادا دیاری کردووە؟ وەزیری دارایی وەڵامی پرسیاری دووەمی دایەوە، بەڵام وەڵامی پرسیاری یەکەمی ڕوون نەبوو، لەوە دەچوو هەر بەپێی ئەو ڕێکەوتنامە (جەنتلمانە)یە بێت کە چەند ساڵە کاری پێ دەکرێت. سەبارەت بە بودجەی وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، پێشنیازم کرد ئەو پارانەی هەردوو حیزبی سەرەکی لەو ناوچەیە سەرفی دەکەن و زۆربەیان بۆ مەبەستی حیزبایەتیی تەسکە، دەبێ لە ڕێگای ئەو وەزارەتانەوە خەرج بکرێن، بەڵام بە هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارەکانی ئەو ناوچانە. ئەگەر لە سەرەتاوە ئەو پارانە بەو شێوەیە سەرف بکرابان، ئێستا دوو سیستمی خوێندن و دوو دەزگای پاراستن و چەندان دەزگای دیکە لەو جۆرە لەو ناوچانە نەدەبوون. جیاوازی لە نێو قانوونی بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ و ئەوەی ساڵی ٢٠٠٧ هەبوو، قانوونی بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٧ بە پەلە پەسندکرا، بەڵام لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ دا پەرلەمان توانی بەشێك لە داواکارییەکانی خەڵك بچەسپێنێ کە لەسەرەتادا تێیدا نەبوو، وەکو جیاکردنەوەی بودجەی دەسەڵاتی دادوەریی لەو بڕە پارەی بۆ وەزارەتی داد تەرخانکرابوو، وەك دابینکردنی پارە بۆ سەرفکردنی (سلفەی) خانووبەرە بۆ هاوڵاتیان، وەك تەرخان کردنی بڕە پارەیەکی گونجاو بۆ ئەو ناوچانەی بەر وشکە ساڵی کەوتبوون، وەك زێدەکردنی مووچەی کارمەندان و خانەنشینکراوان لە هەرێمی کوردستان بەو ڕێژەی لە بودجەی عێراق دیاریکراوە. داواکارییەکانی دیکەی لێژنەکانی پەرلەمان و پەرلەمانتاران، وەك ڕاسپاردە لە قانوونی بودجەی ٢٠٠٨ دا چەسپێندران، تاکو لەو بڕە پارەیەی لە بودجەی تەواوکەر (تەکمیلی)، کە بڕیارە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٨ دا حکوومەتی ناوەندی بیداتە حکوومەتی هەرێم بە ڕێژەی لە ١٧٪ و بخرێتە سەر بودجەی هەرێمی کوردستان، ئەو ڕاسپاردانە هەموویان، یان بەشی زۆریان جێبەجێبکرێن. بیرمەندێکی ڕۆژاوایی دەڵێت، ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات لە پێناو ئازادیدا هەنگاونانە بەرەو دیموکراسییەت، بەڵام کەسانێك هەن بە چاوێکی دیکەوە تەماشای ڕەخنە و ئەرکی پەرلەمان دەکەن، ئەوان وا بیردەکەنەوە ئەدای حکوومەت بە ڕەخنەگرتن چاك نابێت، هیچ کەسێك ئەمڕۆ ناتوانێ نکۆڵی لە

بڵاووبونەوەی گەندەڵی، وەك کولتوور و دیاردەیەکی ترسناك بکات، بەڵام چارەسەرکردنی ئەو قەوارە کۆرپەیەی، کە ناوی هەرێمی کوردستانە، بەرگەی پیلانەکانی ناحەزان و دوژمنانی کورد ناگرێ. ئەگەر ئەو کێشانە زوو چارەسەر نەکرێن، زۆرتر و گەورەتر دەبن و ئاکامە خراپەکانیان ترسناکتر دەبن بۆ هەموو لایەك، هەتا ئەوانەی ئێستا کاربەدەستن ئەوانیش پێوەی دەسووتێن، کورد وتەنی تەڕ و وشك پێکەوە دەسووتێن. نەیار و ناحەزانی کورد لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و دەرەوە، لەناوەوە پیاوخراپانی کۆن و تازە هەموویان بە شکستی کورد خەنی دەبن. کاتی ئەوە هاتووە هەموو چاوبگێڕینەوە بە سیاسەت و ڕەفتاری ئێستایان پێش ئەوەی کار لەکار بترازێ.

# لێپرسینەوە لە چەند وەزیرێك لە لایەن پەرلەمانی كوردستان لە خولی دووەمیدا

لە ڕۆژانی ١٢و ١٣ مایسی ٢٠٠٨ پەرلەمانی كوردستان دوو كۆبوونەوەی گرنگی بەست بە مەبەستی لێپرسینەوە لە چەند وەزیرێك لەسەر ئەدای وەزارەتەكانیان و ئەو كێشانەی بەرەوڕوویان دەبنەوە. ئەو لێپرسینەوە بووە هۆی ئاگاداركردنەوەی پەرلەمان لە كێشەكانی ئەو وەزارەتانە، كە بەشێكیان بەهۆی هاوكاری نەكردنی حكوومەتی ناوەندەوە پەیدابوون. كۆبوونەوەی یەكەمی پەرلەمان لە ڕۆژی ١٢ مانگ لەگەڵ وەزیری سەرچاوە سروشتیەكان بوو، تێدا ڕووناكی خستە سەر چەند بابەتێكی گرنگ، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە كۆنتراكتەوە هەیە لەگەڵ چەند كۆمپانیایەكی نەوتی بیانی بەسترابوون بۆ دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی كوردستان. ماوەیەكە بەستنی ئەو كۆنتراكتانە بوونەتە هۆی دروستبوونی چەندین پرسیار لەلای كۆمەڵێك كەسان و لایەن لە كوردستان و عێراق و دەرەوەش، كە دەبوو زووتر وەڵام بدرێنەوە. لە كۆبوونەوەی ئەو ڕۆژەدا وەزیری ناوبراو ڕووناكی خستە سەر ئەو كۆنتراكتانە لە ڕووی دەستووری و تەكنیكی و شێوەی بەستنیان، هەروەها شێوەی بەڕێوەچوونی گفتوگۆكانی نێوان حكوومەتی هەرێمی كوردستان و حكوومەتی ناوەند، كە بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیون. دەركەوت بەشی زۆری ئەو كێشانە بە چارەسەرنەكراوی ماونەتەوە و ئەو گفتوگۆیانە نەگەیشتوونە ئەنجامێكی یەكلایی. لەپاش قەسەكانی وەزیری ناوبراو، كە زیاتر لە سەعاتێكی خایاند، كۆمەڵێك پرسیار لە لایەن پەرلەمانتارانەوە ئاراستەی كران، بەشی زۆریان جەختیان لەسەر ئەوە دەكردەوە ئەو كۆبوونەوە دەبوو پێشتر ئەنجام بدرابا، ئەوەش ئەو ڕاستیەی سەلماند كە لێكترازان لەنێوان حكوومەت و پەرلەماندا هەیە.

وەكو وەزیری سەرچاوە سروشتیەكان ڕوونی كردەوە، لەوەتەی وەزارەتەكەی دامەزراوە حكوومەتی ناوەند و وەزارەتی نەوت و گازی عێراق بە تایبەتی، بە بەردەوامی گرفتیان بۆ دروست كردوون، هۆی بەشی زۆری ئەو گرفتانە دەگەڕێتەوە بۆ بەستنی ئەو كۆنتراكتانەی لەگەڵ چەند كۆمپانیایەكی بیانی لەبارەی دەرهێنانی

نەوت لە هەرێمی کوردستان ئیمزاکراون. لەو ڕوانگەوە پرسیارێکم ئاراستەی ئەندامانی پەرلەمان کرد، کە پێشتر لە کاتی تاوتوێکردنی پڕۆژەی قانوونی پەرلەماندا ئاماژەم بۆ کردبوو، پرسیارەکەم تایبەت بوو بەو لایەنانەی دەسەڵاتی بەستنی کۆنتراکتی دەرهێنانی نەوتیان پێدراوە لە هەرێمی کوردستان. ساڵی پار پڕۆژە قانوونێك بۆ دەرهێنانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان لەلایەن لێژنەیەکی تایبەتەوە ئامادەکرا، بەشی زۆری ئەندامانی ئەو لێژنەیە کەسانی پسپۆڕی بیانی بوون، لەو پڕۆژەیەدا دەسەڵاتی بەستنی ئەو جۆرە کۆنتراکتانە بە وەزیری سەرچاوە سروشتییەکان درابوو، پڕۆژەکە لە لایەن لێژنەی قانوونی پەرلەمانەوە دەستکاری تێداکرا، پێشنیازکرا وەك چارەسەرێکی مامناوەندی بۆ ئەو دەمە، ئەو دەسەڵاتە بە لێژنەیەکی حکوومەتی بدرێت، پێکهاتبێ لە سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی و وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری پلاندانان. ئەو پێشنیازە لە لایەن پەرلەمانەوە لە ماددەی چوارەمی قانوونەکە پەسندکرا. لە بڕگەی دووەمی ئەو ماددەیە پەسندکردنی ئەو کۆنتراکتانەی پەیوەندییان بە (عەمەلیاتی) نەوتییەوە هەیە، بەو لێژنە درا. لە ڕاستیدا بەشی زۆری ئەو ڕەخنانەی ساڵێك زیاتر بوو ئاراستەی ئەو کۆنتراکتانە دەکران، باسیان لە نەبوونی شەفافیەت دەکرد لە شێوەی بەستنی ئەو کۆنتراکتانە. لێرە وشەی "گرێبەست" بەکارناهێنم، چونکە وەرگێرانی دەقاودەقی وشەی "عقد"ی عەرەبییە کە خەریکە وەك چەندین وشەی دیکە بەهەڵە لەناو زمانی کوردیدا بچەسپێن.

لێکۆڵەرەوان دەڵێن لەم بوارەدا وەك لەهەموو بوارەکانی دیکەی ژیاندا، دەنگۆ و قسەو باسی زیاد و کەم بەهۆی نەبوونی شەفافیەتەوە دەگوترێ و دەبیسترێ. قانوونی ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ لەبارەی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی فراوانی بەو لێژنە حکوومەتیە داوە، بە تایبەتی دەسەڵاتی کۆنتراکت لەگەڵ ئەو کۆمپانیا نەوت و گازانەی لە کوردستان دەبسترێن. لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەو دەسەڵاتە، دەسەڵاتی پەرلەمان بێت و ئەو کۆنتراکتانە لە هۆڵی پەرلەمان تاوتوێ بکرێن، وەك لە سەردەمی حوکمی پاشایەتی دەکرا، ئەو دەنگۆیانە پەیدا نەدەبوون و حکوومەتی

ناوەندی نەیدەتوانی زمان درێژی بکات. لە کۆبوونەوی ڕۆژی ١٢ی مایسی ٢٠٠٨ پێشنیازم کرد ئەو دەسەڵاتە بدرێتە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەم بەو پێشینەیە کرد کە لە عێراق لە سەردەمی پاشایەتی هەبوو، کە بەستنی ئەو کۆنتڕاکتانە وەکو کارێکی تەکینکی و بازرگانی تەماشا نەدەکرا، بەڵکو پەیوەندییان بە داڕشتنی سیاسەتی دەرهێنانی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە دەبێ ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگیرێ، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەك بازرگان تەعامول لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە ناکات، بەڵکو وەك قەوارەیەکی سیاسی. لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا، کە کۆنتڕاکتەکانی تایبەت بە دەرهێنانی نەوت لە عێراق لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیەکانی بیانی دەبەستران، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاریان لەسەر دەدرا. زۆر جاران بەشێك لە ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە دەنگیان بۆ نەدەدا، ئەوانەی بە لێشاو دەنگیان دەدا ئەو ئەندامانە بوون کە بە گرووپی (موافیج : موافق) ناودەبران.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٣ ی مانگ لەگەڵ وەزیری تەندروستی و بازرگانی بوو، سەبارەت بەو کێشانەی ڕووبەڕووی هاوڵاتیان دەبنەوە، بەتایبەتی لەمەڕ هێنانی دەرمانی بێ کەڵك و ئێکسپایەر، یان خواردنی خراپ، کە بوونەتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشیی مەترسیدار. بە وتەی وەزیری تەندروستی، نەخۆشیەکانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان لەماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا چوار جار زیادیان کردووە، ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە لە دەرگای هەموو ماڵێك دەدا، چونکە بەشی زۆری ئەو دەرمان و خواردنانەی لە بازاڕەکانی کوردستان هەن، کۆنتڕۆڵ نەکراون. بەشێك لەو دەرمانانە وەك وەزیری تەندروستی ددانی پێدانا، دەگەنە هەرێمی کوردستان پاش هەفتەیەك ماوەی بەسەرچوونیان تێدەپەڕێ و دەبنە (ئێکسپایەر)، بەڵام ناچارن وەری بگرن چونکە لەگەڵ بەشە دەرمانەکانی دیکەی هەرێم بە یەك پاکێج دەیاننێرن! ئەوەیە عەقڵیەتیی بەرپرسیاران لەبارەی تەندروستی هاوڵاتیان لە عێراق ! پرسیار ئەوەیە بۆ ئەو دەرمان وخواردەمەنییانەی دێنە کوردستان لە ڕێگای وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی بازرگانی عێراقەوە، بۆ ئەو پارەی تەرخانکراوە بۆ

ئەو مەبەستە ڕاستەوخۆ نەدرێتە ئەو دوو وەزارەتە لە هەرێمی کوردستان؟ بەپێی دەستووری عێراق، هەموو ئەو دەسەڵاتانەی پەیوەندییان بە کاروباری تەندروستی و بازرگانییەوە هەیە بە هەرێمەکان دراون، کەواتە دەبێ داوابکرێت ئەو بڕە پارەیەی تەرخانکراوە بۆ کڕینی دەرمان و خۆراك بۆ هەرێمی کوردستان بدرێنە حکوومەتی هەرێم، تا ئەو دوو وەزارەتە خۆیان ڕاستەوخۆ بیانکڕن، یان دابینی بکەن. ئەو داواکاریەم خستە بەردەم پەرلەمان لەو ڕۆژەدا، پێویستە یەکێ بێ لەو خاڵانەی لەگەڵ حکوومەتی ناوەند یەکلایی بکرێتەوە، وەکو کێشەکانی مووچەی پێشمەرگە و ئەوانی دیکە لە ڕێگای گفتوگۆوە لەگەڵ حکوومەتی ناوەند چارەسەر بکرێن.

بەڵام لە پاڵ ئەو دەرمانە خراپانەی لە ڕێگای وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە دەدرێنە وەزارەتی تەندروستی هەرێم، دەرمانی دیکەش لەلایەن ئەو وەزارەتانەوە دابین دەکرێن، کە بەشێکیان لە بنەڕەتدا بێ کەڵکن، چونکە بە تەندەر، یان ڕاستەوخۆ کڕابن، کەسانێك دەیانهێنن وەك ئینگلیز ناوی لێ ناون: "لە پشیلە قەڵەوەکانﷲFat Cats"، ئەوە یەکێکە لەو گەندەڵییەی دەمێکە لەو وەزارەتەدا جێگیر بووە، کاتی ئەوە هاتووە ئەو هەموو گەندەڵیانەی بڵاوبوونەتەوە لە ڕێگای پێکهێنانی دەستەیەکی سەربەخۆوە چارەسەر بکرێن.

هەولێر، ١٧ ی مایسی ٢٠٠٨.

---

لە هەفتەنامەی (میدیا)، ژمارە (٣٣٩)، ساڵی سێزدەهەم، سێ شەمە ٢٠٠٨/٥/٣٠ ، هەروەها لە هەفتەنامەی (گوڵان)ی ژمارە ٣٠، ساڵی ٢٧٠٨ ی کوردی بڵاوکراوەتەوە.

# هەڕەشە لە پەرلەمانتاران لەبەر هەڵوێستیان، كارێكی نایاسایی و نافانوونییە

لە كۆبوونەوەیەكی پەرلەمانی هەرێمی كوردستان لە ٢٣ی تەمموزی ٢٠٠٧ بەسترابوو، ئەندامانی فراكسیۆنی سەوز هۆڵی پەرلەمانیان بەجێهێشت، چونكە داوایانكردبوو تاوتۆی پڕۆژەی قانوونی نەوت و گاز دوابخرێت، كە لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمانەوە داواكەیان پشتگوێ خرابوو. پەیامنێری (ڕۆژنامە) لە هەولێر لە ٣٠ی تەمموزی ٢٠٠٧ چەند پرسیارێكی سەبارەت بەو هەڵوێستەی ئەندامانی فراكسیۆنی سەوز ئاراستەی قانوونزان دكتۆر نووری تاڵەبانی كرد، وەك قانوونزانێك و پەرلەمانتارێكی بێلایەن، پرسیار و وەڵامەكانی بڵاودەكەینەوە.

پ: بەڕای بەڕێزتان وەك كەسێكی قانوونزان و پەرلەمانتارێكی سەربەخۆ، جێهێشتنی پەرلەمان لە لایەن فراكسیۆنی سەوزەوە تا چەند لە جێگەی خۆی بوو؟

و: پەرلەمانتاران مافی خۆیانە هەڵوێست وەرگرن هەتا ئەگەر بە پێچەوانەی ڕاو بۆچوونی فەرمی حیزبەكەیان بێت، چونكە نوێنەری گەلن، نەك تەنیا حیزبەكەی خۆیان. چوونە دەرەوە لە هۆڵی پەرلەمان هەڵوێست وەرگرتنە ئەگەر پەرلەمانتار ڕێگایەكی دیكەی لەبەردەمدا نەبێت، لەپێناو گوزارشتكردن لە بۆچوونەكانی. لەبەرئەوەی كوردستان ئەمڕۆكە بە بارودۆخێكی نائاساییدا تێدەپەڕێت، چونكە لەلایەك لیژنەی پێداچوونەوە بە دەستووری عێراق خەریكی دەستكاریكردنی بەشی زۆری ئەو ماددانەیە پەیوەندییان بە مافەكانی گەلی كوردستانەوە هەیە، لەلایەكی دیكەوە نەیارانی كورد خەریكی پیلانگێڕانن و هەڕەشە لە باری ئەمنیی كوردستان دەكەن، هاوكاریی نێوان هەموو لایەن و گرووپ و تاكە كەسانی ناو پەرلەمان و دەرەوەی پێویستە پتەوبێت و بەرژەوەندیی حیزبی لە پێناو بەرزڕاگرتنی بەرژەوەندیەكانی گەل لە پێشتربێت.

لە كۆبوونەوەیەكی نائاسایی پەرلەمان لە ٢٣ی تەمموزی ٢٠٠٧ بۆ تاوتوێكردنی پڕۆژەی قانوونی نەوت و گاز لە هەرێمی كوردستان، سەرۆكی فراكسیۆنی سەوز

پێشنیازی دواخستنی تاوتوێکردنی ئەو پڕۆژەی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك کرد. سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد داوای بەردەوامبوونی پەرلەمانی کرد لە تەماشاکردنی ئەو پڕۆژەیە، سەرۆکی پەرلەمان پێشنیازی دواخستنی کۆبوونەوەکەی بۆ ماوەیەکی کەم کرد لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە. لەو کۆبوونەوە جگە لە سەرۆکی هەردوو فراکسیۆنی سەوز و زەرد و نوێنەرانی گرووپ و چەند کەسێکی دیکە، کە منیش ئامادەی بووم، سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز داوای دواخستنی پڕۆژەی قانوونی نەوت و گازی کوردستانی کرد، بە مەبەستی زیاتر دیراسەکردنی. هەر لەوێدا چەند پێشنیازێك بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە خرانە بەرچاو. کورد وتەنی، هەویرەکە ئەوەندە ئاوەی نەدەویست، دەکرا لەو دانیشتنەدا کێشەکە چارەسەربکرێت، بەلاّم سەرۆکایەتیی پەرلەمان سووربوو لەسەر تەماشاکردنی پڕۆژەکە لەو ڕۆژەدا. پاش ئەو بڕیارەی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، فراکسیۆنی سەوز لەهۆڵی تایبەت بە خۆیان کۆبوونەوە، لەوە دەچێت بڕیاری نەگەڕانەوەیان بۆناو هۆڵی پەرلەمان دابوو. زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداری ئەو کۆبوونەوە نەبوون، بەلاّم لەبەرئەوەی ژمارەی ئامادەبووان لە هۆڵی پەرلەمان نەگەیشتە نیصابی قانوونی، کەسیش بە دڵنیاییەوە نەیدەزانی ئەندامانی فراکسۆنی سەوز ناگەڕێنەوە بۆناو هۆڵی پەرلەمان، داوا لە کاك خورشید شێرە کرا سەردانی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی سەوز بکات، تا ئاگاداری هەڵوێستیان بین. پاش گەڕانەوەی، دەرکەوت نیازی گەڕانەوەیان نییە، ئەمە بوو بەکورتی ئەو ڕووداوەی کە ئەو ڕۆژە ڕوویدا. ئەوەی پاشتر بلاّوکرایەوە گوایا ئەندامانی فراکسیۆنی سەوز هۆڵی پەرلەمانیان جێهێشتووە، ڕاست نییە. جیاوازی لەنێو بەجێهێشتنی هۆڵی پەرلەمان، لەگەڵ نەگەڕانەوەیان پاش ئەو کۆبوونەوەیە، لەڕووی قانوونییەوە زۆرە، چونکە لەوە دەچێت ئەوان لەپاش ئەو کۆبوونەوەی لە ژووری سەرۆکی پەرلەمان سازدرابوو بڕیاری نەگەڕانەوەیان دابێت. ئەوان ڕاستەوخۆ لەهۆڵی پەرلەمان نەچوونە دەرەوە، بەڵکو پاش پشووێکی کەم، کە بۆ مەبەستی ئەنجامدانی کۆبوونەوە و پاش بڕیاردانی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە تەماشاکردنی پڕۆژەکە، بڕیاری نەگەڕانەوەیان دابوو. لەو کۆبوونەوەدا کە لە ژووری

سەرۆکی پەرلەمان ئەنجامدرا، چەند پێشنیازێك خرانە بەرچاو، یەکێکیان دواخستنی کۆبوونەوەکە بوو بۆ چەند ڕۆژێکی تر، ئەوی دیکەیان کە پێشنیازی من بوو، کۆبوونەوەکە بەردەوام بێت، بەڵام سەرەتا تەماشای پڕۆژەی قانوونێکی دیکە بکرێت، کە لەسەر ئەجێندای کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژە بوو. دەکرا پاشان تەماشای پڕۆژەی قانوونی نەوت و گاز بکرێت، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان هەردوو پێشنیازەکەی ڕەتکردەوە، هۆی ڕەتکردنەوەی پێشنیازی دووەم ئەوەبوو کە وەزیری پەیوەندیدار بۆ کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژە بانگ نەکرابوو!

پ: ئایا نەدەکرا ئەو گلەییانەی فراکسیۆنی سەوز هەیانبوو، بێن لە هۆڵی کۆبوونەوەی پەرلەمان گفتوگۆی لە بارەیەوە بکەن، ئەگەر شتێك بەدڵیان نەبوو دەنگی لەسەر نەدەن؟ یاخود جێهێشتنەکە دەستێکی لەپشتەوە بوو؟

و: مەسەلەکە لەسەرەتاوە دەکرا بە ئاسانی چارەسەربکرێت، فراکسیۆنی سەوز داوای کردبوو بۆ ئەوەی بەباشی دیراسەی پڕۆژەکە بکەن، کۆبوونەوەکە دوابخرێت. بۆ ئەوەی ناکۆکییەکە تەشەنە نەکات، لەو کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان ئەنجامدرا، هەروەها پاشان لەناو هۆڵی پەرلەمان پێشنیازمکرد، سەرەتا دەست بە تاوتوێکردنی پڕۆژەیەکی دیکە بکرێت، کە لەسەر ئەجێندای کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژەدا هەبوو. یەکێکیان پڕۆژەی قانوونی دەسەڵاتی دادوەری بوو، ئەوی دیکەیان پڕۆژەی قانوونی دەزگای پاراستن بوو. پەرلەمانتارێکی سەر بە لیستی زەرد، نازناز محەمەدی مەلا قادر هەمان ئەو پێشنیازەی خستە پێش چاو سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بەڵام ئەویش لەبەر هەمان ئەو هۆیەی پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، ڕەتکرایەوە. لەدواییدا کۆبوونەوەکە دواخرا، ئەوەش بووە هۆی دروستبوونی گرژی لەنێو هەردوو فراکسیۆنی سەوز و زەرد، هەریەکەیان بەجیا کۆبوونەوەیان لەگەڵ میدیادا ئەنجامدا. جێگری سەرۆکی پەرلەمان، پاش کۆتایی کۆبوونەوەی پەرلەمان ڕایگەیاند کۆبوونەوەکە دواناخرێت و ئێوارەی ئەو ڕۆژە پەرلەمان کۆدەبێتەوە!

پ: جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژە قانوونە لە ئێستادا چەند پێویستە، هەندێك لە پەرلەمانتاران پێیان وایە باشترە پەلەی لێ نەکرێت، هاوکات دەڵێن فشاری حکوومەت

هەبووە لە پەلەکردن لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە، ئایا ئەوە چەند قانوونییە حکوومەت تەداخولی کاری پەرلەمان بکات؟

و: من لەگەڵ ئەوەدابووم کە پڕۆژەی قانوونی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دوانەخرێت، ئەو بۆچوونەم پێش کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژە، لە ٢٣ی تەمووزی ٢٠٠٧ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ژمارەی ڕۆژی ٢٣ی تەمووز بلاۆوکرابووەوە. لەو کۆبوونەوەی لە ژووری سەرۆکی پەرلەمان ئەنجامدرا، هەمان ئەو بۆچوونەم دووبارەکردەوە وتم: ئومێدەوارم ئەو هەڵەی بووە هۆی دواخستنی پەسندکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ پاش پەسندکردنی دەستووری عێراق، دووبارە نەبێتەوە، چاکترە ئەو پڕۆژەیە تەماشا بکرێت و هەموو کەس و لایەنێك دەتوانێ ڕاو بۆچوونی خۆی بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی دەربڕێ. بەم جۆرە ئەو قانوونە دەبێتە بنەمایەکی چاك بۆ داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان، پێش پەسندکردنی پڕۆژەی قانوونی نەوت و گازی عێراقی. بە پێچەوانەوە، ئەگەر پڕۆژەکە دوابخرێت تا پڕۆژەی قانوونی عێراقی پەسند دەکرێت، قانوونەکەمان دەبێتە پاشکۆی ئەو قانوونە، وەکو چۆن دەستوورەکەمان بووەتە پاشکۆی دەستووری عێراق.

پ: لەکاتێکدا پەرلەمان پشووی فەرمی خۆی ڕادەگەیەنێ، لەگەڵ ئەوەشدا گفتوگۆ لەسەر چەند پڕۆژە قانوونێك دەکات، ئایا لە ڕووی قانوونییەوە بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەوە دەکرێت؟ بە ڕای ئێوە بۆچی پەرلەمان ئەو پڕۆژانە دواناخات؟

و: بە بڕیاری پەرلەمان درێژە بە کۆبوونەوەکانی درابوو، چونکە پەرلەمان بەپێی پێڕەوی ناوخۆ دەتوانێ پشووی بۆ ماوەیەك دوابخات بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر چەند پڕۆژە قانوونێك بە گرنگی دەزانێت، بەڵام کۆبوونەوەکانی پەرلەمان لەم حاڵەتەدا نائاسایی دەبن. هەر بەپێی پێڕەوی ناوخۆ، پەرلەمان ناتوانێت کۆتایی بەکۆبوونەوەکانی بێنێ تا پڕۆژەی بودجەی هەرێم پەسند دەکرێت، ئەم حاڵەتە

(وجووبیه)، واته پەرلەمان لە کۆبوونەوەدا دەمێنێتەوە تا پڕۆژەی بودجە پەسند دەکرێت.

پ: ئەوەی تێبینی دەکرێت لە هەڵوێستی لیستی سەوز ترسێك هەبووە لە دەست بەسەرداگرتنی نەوتی کوردستان، وەك ئەوەی لە لێدوانەکانیش ڕایانگەیاندبوو، ئایا بەڕای ئێوە ئەو مەترسییانە چین، یاخود بڵێین ئەوە تا چەند ڕاستە کە ئەوان پێشبینی دەکەن؟

و: ترسەکە زیاتر لە پڕۆژەی قانوونی نەوت و گازی عێراقی بوو، چونکە کەموکوڕی زۆری تێدایە. بەڵام ئەگەر بە وردی لە ناوەڕۆکی پڕۆژەی قانوونی نەوت و گازی کوردستان بکۆڵینەوە، دەتوانین ئەو کەموکوڕییانەی هەن لەوێدا چارەسەر بکرێن. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت، کە حکوومەتی عێراق چەند جارێك لەو بارەوە گفتوگۆی لەگەڵ حکوومەتی هەرێم کردووە و گەیشتوونەتە ڕێککەوتن لەسەر بەشی زۆری بەندەکانی پڕۆژەی قانوونی نەوت و گازی عێراقی، بەڵام پاشان بە بیانووی بێ بنەما، دەستکاری پڕۆژەکە کراوەتەوە. سەبارەت بە پڕۆژەی قانوونی نەوت و گازی کوردستان، هەموو ئەندام پەرلەمانێك دەتوانێت ڕاشکاوانە ڕاو بۆچوونی خۆی دەربڕێ و پێشنیازی دەستکاریی ماددەکانی بکات، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی، بەڵام بەداخەوە پاش ئەو کێشەیە، گوێمان لە هەندێ موزایەدە بوو، ئەوەش زیان بە پڕۆژەکە دەگەیێنێ و ناچێتە خانەی دەوڵەمەندکردنی.

پ: پەرلەمانتاران بۆچی هەڵوێست لە سەر یەکنەگرتنەوەی وەزارەتەکان یاخود دیاری نەکردنی بودجەی حزبەکان وەرناگرن، لەکاتێکدا خۆیان داوایان کردبوو، کەچی بۆ پڕۆژە قانوونی نەوت، کە تا ڕادەیەکی زۆر گونجاوترە هەڵوێست وەردەگرن؟ پێتوانییە ئەوە دەستی حیزبی لە پشتەوەیە؟ ئەگەر وایە بڕیار بەدەست پەرلەمان نییە؟

و: لە پەرلەماندا قسە لەسەر پڕۆژەی قانوونی بودجەی هەرێمی کوردستان کراوە، بەڵام ئاکامەکانی ئەو "ڕاسپاردانە" بوون کە وەك پاشکۆیەك بۆ قانوونی بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ پەسندکران. یەکێ لەو ڕاسپاردانە ئەوەبوو کە حکوومەتی هەرێم دەبێ

پڕۆژەی بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ پێش کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ ئامادەبکات. هەر لەکاتی تاوتوێکردنی پڕۆژەی قانوونی بودجەی ئەمساڵەدا، داوای یەکگرتنەوەی وەزارەتەکان کرا، لەگەڵ چەند داواکارییەکی دیکە وەك: دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان. دەبێ پەرلەمان داوابکات بودجەی ساڵی ئاینده لە کاتی خۆیدا پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت، هەروەها هەموو ئەو کەموکوڕیانەی لە قانوونی بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ دا هەبوون، دەبێ چارەسەر بکرێن. پڕۆژەی قانوونی نەوت و گاز تایبەتیی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە بە وردی تاوتوێی بەندەکانی بکرێت و دوانەخرێت بۆ پاش پەسندکردنی قانوونی نەوت و گازی عێراقی. خۆزگە ئەو کەسانەی ئێستا داوای پەلەکردن لە پەسندکردنی پڕۆژەی قانوونی نەوت و گازی کوردستان دەکەن، کاتی خۆی داوای پەلەکردنیان لە پەسندکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بکردبا!

پ: لە کۆبوونەوەکە چەند پەرلەمانتارێك ئامادە نەبوون، بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، پێویست ناکات ئەو پەرلەمانتارانە ئیجرائاتی قانوونییان لەگەڵدا بکرێت، لەکاتێکدا ئەوانیش لایەنێك بوون بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکە نەکرێت؟

و: ئەوەی باس لە ئیجرائات وەرگرتن دەکات بەرامبەر ئەو پەرلەمانتارەی لەبەر هەڵوێستی سیاسی ناچێتە ناو هۆڵی پەرلەمانەوە، لە کلتووری بەعس دەرنەچووە. ئەو جۆرە قسانە هەڕەشەنە لە پەرلەمانتار، هەروەها دژی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و پڕەنسیپی ڕادەربڕینە بە ئازادی. ئەوەی ئەو شەکرە دەشکێنێت دەیەوێ لەو ڕێگایەوە ئەندام پەرلەمان دەمکوت بکات، بەڵام بەپێی پیڕەوی ناوخۆ، پەرلەمانتار بەبێ بیانوو نابێت لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دوابکەوێت، بەڵام ئەم حاڵەتە ناشوبهێتە حاڵەتی ئامادەنەبوون لەبەر هەڵوێست وەرگرتن دەربارەی کارێکی سیاسی، جا ئەو هەڵوێستـە ڕاست بێ یان نا.

پ: بێدەنگبوونی پەرلەمان لە پڕۆژەی دەستوور و هەندێك قانوونی دیکەی وەك یەکگرتنەوەی ئاسایش و ئیجرائات لەگەڵ ئەو وەزارەتانەی یەکیان نەگرتۆتەوە بەلای

ئێوەوە چی دەگەیەنێ؟ لە کاتێکدا پەلە لە قانوونی نەوتیش دەکرێت کە تاکو ئێستا لە بەغدا تەواو نەبووە؟

و: پەلەکردن لە تاوتوێکردنی پڕۆژەی قانوونی نەوت و گازی کوردستان، وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، لەبەر گرنگیی ئەو قانوونەیە، بەلای منەوە لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستانە ئەو پڕۆژە پێش قانوونی نەوت و گازی عێراق پەسند بکرێت. خۆزگە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان پێش پڕۆژەی دەستووری عێراق پەسندبکرابا. ئومێدەوارین پڕۆژەی دەستووری هەرێم پاش پشووی پەرلەمان تەماشا بکرێتەوە و کەموکورتیەکانی چاکبکرێن، لیژنەی ئامادەکردنی پڕۆژەکە گوێ لە ڕاو بۆچوونی خەڵك بگرێ، بە تایبەتی کۆمەڵێك ڕاو تێبینی لە لایەن ڕێکخراو و کەسانی شارەزاوە گەیشتوونەتە لیژنەکە. پڕۆژەی قانوونی یەکخستنەوەی دەزگای ئاسایش لەبەردەم پەرلەمانە، لەکاتی تەماشاکردنی پڕۆژەی قانوونی بودجەی هەرێم جەخت لەسەر یەکخستنەوەی وەزارەتەکان کراوە، چەند پەرلەمانتارێك داوایانکرد ساڵی داهاتوو تەماشای پڕۆژەی بودجەی ٢٠٠٨ نەکرێت، ئەگەر هەموو وەزارەتەکان یەك نەگرنەوە. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت کە پڕۆژەی قانوونی بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ پێویستە پێش کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ پەسند بکرێت.

# بەشی شەشەم

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم و پەرلەمانی عێراق

## لەبارەی بەشداری یان بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق

هەڵبژاردن پایەیەکی گرنگی دیموکراسییەتە، ئەگەر لە کەش و هەوایەکی ئازادانە ساز بکرێت و دەنگدەران بە ئارەزووی خۆیان بتوانن نوێنەرانیان دەستنیشان بکەن. ئەم پرۆسەیە کارێکی شارستانیشە، بۆیە دەبێ دوور لە توند و تیژی ئەنجام بدرێت، ئەوەش پێویستی بە کولتوورێکی دیموکراتییانە هەیە. لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا دەنگدەران دەزانن بۆچی بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن، ئەو کەسانەی خۆیان کاندید دەکەن دەتوانن ئازادانە ڕاو بۆچوونی خۆیان بە دەنگدەران بگەینن، تاکو دەنگیان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. کولتووری دیموکرات، لە هەموو قۆناغەکانی هەڵبژاردندا ڕێگا لە کاری نابەجێ و زمانی هەڕەشە و ترساندن و تۆقاندن دەگرێت.

سیستەمی تاکە حیزبی و کولتوورەکەی، کە لە پەنای ئایدۆلۆژیای تەسکدا خۆی دەنوێنێ، ڕێگا بە هەڵبژاردنی ئازاد نادات، پەناش دەباتە بەر ساختە و فرت و فێڵ بۆ چەواشە کردنی خەڵکی و ڕای گشتیی جیهانی. "حیزبی باڵا دەست"میدیاکەی دەخاتە گەڕ بۆ پڕوپاگەندەکردنی دوور لە ڕاستی، تاکو وا پیشان بدات دەنگدەران بە ئارەزووی خۆیان و بەکۆمەڵ چوون دەنگ بدەن، هەرچەندە لە ڕاستیدا ناچارکراون دەنگ بۆ تاکە لیستی "حیزبی سەرکردە" بدەن.

لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی ئەم بەشە ئازاد کراوەی کوردستان، ژیانی فرە حیزبی هەیە، بەڵام کولتوور و ڕەوشی دیموکراتییانە جارێ جێگیر نەبووە، چ لەناو خەڵکەکە، یان لەناو پارتە سیاسیەکاندا. بەشی زۆری پارتە سیاسیەکانی کوردستان پێشتر لە شاخ خەریکی کاری پێشمەرگایەتی بوون. ڕێکخراوە نهێنیەکانیان لە شار و شارۆچکەکاندا لە ژێر بارێکی زۆر سەختدا خەریکی ڕێکخستن و کاری تر بوون، ئەوانیش پەیڕەوی کولتووری دیموکراتییانەیان نەدەکرد، لەناو حیزبەکەیاندا ژیانی سەختی پێشمەرگایەتی، لەگەڵ سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕژێم، هۆی سەرەکی ئەم

واقیعە تاڵە بووە. لە وڵاتانی تر، کە گەلەکانیان ڕاستەوخۆ وەکو کوردستان ڕوو بەڕووی داگیرکەر بوونەتەوە و شەڕی پارتیزانییان کردووە، کولتووری دیموکراتییانە لاواز بووە، زۆر جاران مافەکانی مرۆڤ پێشێل کراون، نەك هەر لەلایەن داگیرکەرەوە بەڵکو لە لایەن پارتیزانەکانیشەوە.

نەبوون، یان کزبوونی ئەم کولتوورە لەناو پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە پاش ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ۱۹۹۱ بە ڕوونی هەستی پێ دەکرا، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێك کاری خراپی لێ بکەوێتەوە، بەتایبەتی لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵك و لەنێوخۆیاندا، کە بە عەقڵیەتی شاخ و کلتوورەکەیەوە ڕەفتاریان دەکرد و پەیڕەوی حیزبایەتیی تەسك و سەپاندنی کەسانی سەر بە حیزبەکانیان بەسەر دەزگا حکومیەکاندا دەکرد، هەتا ئەگەر نەشارەزا، یان هەلپەرست بوونایا. ئەم ڕەوشتەیان ڕێگای خۆشکرد بۆ ناکۆکی و ناتەبایی کە تا دەهات پەرەی دەسەند، هەتا لەنێو حیزبە "هاوپەیمانەکاندا". ئەو ناکۆکییانە و تەشەنەکردنیان تا گەیشتە سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ، کە ئاکامەکانیان تا ئێستاش بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە. بیرخستنەوەی ئەم واقیعە تاڵە لێرە تانەلێدان نییە لەو حیزبانە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستیان بۆ ڕێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەیان، لەهەمان کاتدا هەوڵدانە بۆ ئەوەی ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنانەی ئەنجام دەدرێن لە کۆتایی ئەم مانگەدا سوودبەخش بن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ماونەتەوە، لەگەڵ دامەزراندن و چەسپاندنی سیستمێکی نوێ لە کوردستان گونجاو بێت لەگەڵ ئەو واقیعە تازەی لە کوردستان و عێراق دروست دەبێ.

ئەو هەڵبژاردنانەی بڕیارە لەم مانگەدا ڕێکبخرێن، هەر یەکەیان گرنگی و تایبەتی خۆیان هەیە، بۆیە چاکترە هەریەکەیان بە جیا شی بکرێنەوە، تاکو بزانین سوودمەند دەبن بۆ پاشە ڕۆژی گەلەکەمان و چەسپاندنی مافە ڕەواکانی، یان بە پێچەوانەوە ئاکامەکانی خراپ دەبن.

پرسیارێك لە ئارادایە زۆر جاران لەو کەسانە دەبیسترێن، کە داوای بەشداریکردنی هەڵبژاردنیان لێ دەکرێت، دەپرسن بۆچی بەشداری لەو هەڵبژاردنانە

بکەن، بۆ کێ دەنگ بدەن؟ پرسیارەکە ڕەوایە و دەبێ ڕاشکاوانە وەڵام بدرێتەوە، لەبەر ئەوەی هەر یەکە لەو هەڵبژاردنانە بۆ مەبەستێکی سیاسیی جیاواز ئەنجام دەدرێن. پێویستە بە شێوەیەکی جیاواز وەڵامی هەریەکەیان بدرێتەوە، پاشە ڕۆژی گەلی کوردستان و هەوڵدان بۆ دامەزراندن و چەسپاندنی قەوارەیەکی سیاسی و دەستووری بۆ ئەم بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان دەکەینە پێوەر بۆ لایەنگیری ئەلتەرناتیڤی بەشداری، یان بەشداری نەکردن لە هەریەکە لەو سێ هەڵبژاردنانەی لە ٣٠ی مانگی یەکی ٢٠٠٥ ئەنجام دەدرێن.

# بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئایاری ١٩٩٢ دەستنیشانکرا بۆ چوار ساڵ، بەپێی قانوونی ژمارە (١) ی ساڵی ٩٢ کە لە لایەن سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی پەسندکرابوو و هەر خۆیشی سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکەی کردبوو. لێرە نامانەوێ باسی شێوەی هەڵبژاردنی ئەو پەرلەمانە بکەین، چونکە ئەو لایەنانەی بەشدارییان تێداکردبوو رێککەوتبوون لەسەر ئەوەی تەمەنی کورت بێت. لەماوەی ١٢ ساڵی ژیانی ئەو پەرلەمانەدا وڵاتەکەمان بە بارودۆخێکی زۆر سەخت و ناخۆشدا تێپەڕیوە، بە تایبەتی پاش دەستپێکردنی شەڕی ناوەخۆ، بەڵام ئایا ئەو پەرلەمانە ئەرکەکانی سەر شانی خۆی لەو ماوەدا جێبەجێ کردووە؟

هەموو ئاگادارین چەند هۆیەك، لە سەرووی هەموویانەوە شەڕی ناوەخۆ کۆسپ بوون لەبەردەم ئەو پەرلەمانە و نەیان دەهێشت ئەرکەکانی سەر شانی جێبەجێ بکات، بەڵام دەزگایەکی وەك پەرلەمان دەبێ بەو شێوەیە ڕووبەڕووی ئەو کێشانە بێتەوە و هەوڵی جیددی نەدات بۆ چارەسەرکردنیان؟ لێرە ئەم پرسیارە دەخەینە بەرچاو، تاکو ڕێگا بگرین لە دووبارەبوونەوەیان. لە پاش هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٠٥ دا، باس لە (چل بە چل) دەکرا، لەجیاتی (پەنجا بەپەنجا)! پەرلەمانی نوێی هەرێمی کوردستان دەتوانێ هەوڵی جیددی بدات بۆ چەسپاندنی سیستمێکی دەستووری لە هەرێم، تێیدا تەنیا (دامەزراوە/ موئەسەسات) دەسەڵاتی بەدەست بێت، ئەگینا گەلەکەمان جارێکی تر ئەم دەرفەتە تازە لەدەست دەدات. ئەگەر دەسەڵات لە ژێر دەستی پەرلەمان و ئەو حکوومەتەی ئەو پەرلەمانە دەستنیشان دەکات بێت، هەروەها دەسەڵاتی دادوەری وەکو دەزیگایەکی سەربەخۆ بمێنێتەوە، باری سیاسی لەم بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان جێگیر دەبێت و نەیارانی گەلەکەمان لە ناوەوە و دەرەوە ناتوانن لەناوی بەرن. ئەم بۆچوونە نابێ وا لێکبدرێتەوە کە پارتە سیاسیەکان ڕۆڵی خۆیان لەدەست دەدەن، بە پێچەوانەوە حیزبایەتی کۆڵەگەی دیموکراسییەتە، لەهەر وڵاتێکدا ئەگەر ژیانی حیزبایەتی تێدا نەبێ، ئەو وڵاتە دەچێتە ڕێزی وڵاتە

شموولییەکانەوە. پارتی سیاسی دەبێ ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی بنوێنێ و ببێتە هاوکار و تەواوکەری کار و ئەرکەکانی دەسەڵاتە شەرعییەکان. حیزبایەتی نابێ ئامرازێك بێت بەکار بێت بۆ خۆسەپاندن بەسەر دەزگا شەرعییەکاندا، یان دەست خستنە ناو کاروباریانەوە، پارتی سیاسی لە وڵاتانی دیموکراتدا خەریکی کاری حیزبایەتیی خۆیان دەبن بەپێی قانوون، بەڵام کە دەسەڵات دەگرێتە دەست لە ئاکامی هەڵبژاردندا، پشتگیری لە دەزگاکانی حکوومەتی دەکات و هەوڵی گۆڕینیان نادات بە ڕەنگی حیزبەکەی، تەنیا چەند پۆستێکی سیاسی گۆڕانکارییان تێدا دەکرێت، ئەو حیزبەی دەسەڵات دەگرێتە دەست لە ئاکامی هەڵبژاردنی ئازادا، هەوڵ دەدات لەو ماوەی دەسەڵات دەگرێتە دەست، خزمەتی باشتر بە کۆمەڵانی خەڵك بکات تاکو لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگی بۆ بدەنەوە.

ئەرکەکانی پەرلەمانی نوێی کوردستان قورس و گرانن، پێویستە دوانەکەوێت لە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنیان، دەتوانین ئەرکەکانی ئەم پەرلەمانە لەم سێ خاڵە کۆ بکەینەوە:

یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە بە زووترین کات، چونکە بەبێ یەکگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەیە، نە ئەو پەرلەمانە شەرعیەتی دەمێنێ و نە دەتوانێ ئەرکەکانی تری سەرشانی جێبەجێ بکات.

پەرلەمانی نوێی هەرێم هەرچەندە نوێنەرانی ناوچە تازە ئازادکراوەکانی کوردستانی تێدا نییە، چونکە بڕیار لەسەر پاشەڕۆژی ئەو ناوچانە دواخراوە بۆ پاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەپێی قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە ماوەی گواستنەوەدا، بەڵام ئەم پەرلەمانە دەتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێ لە هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

دامەزراندن و چەسپاندنی سیستمێکی دەستووری بۆ هەرێمی کوردستان و پەیڕەوکردنی ئەو سیستمە دەستوورییە، تا ئەو ساتەی دەستوورێك بۆ عێراق پەسند دەکرێت لە لایەن پەرلەمانی تازەی عێراقەوە. لێرەدا دوو ڕاستی هەن دەبێ ڕاشکاوی بخرێنە بەرچاو:

یەکەمیان ئەوەیە، دەزگاکانی هەرێمی کوردستان شەرعیەتیان هەیە و بەردەوام دەبن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانیان، تا ئەو دەمەی دەستووری هەمیشەیی بۆ عێراق پەسند دەکرێت، ڕاستیی دووەم ئەوەیە، ئەگەر پرۆژەی دەستووری عێراق داوا ڕەواکانی گەلی کوردستانی تێدا نەبێت، گەلی کوردستان ڕەتی دەکاتەوە، پرەنسیپی "تەوافق" کە بە مانای ڕێککەوتن دێت و تەنیا کورد باسی لێ دەکات، رەنگبێ پەیرەوی پێ نەکرێت لەلایەن گرووپە دەسەلاَتدارەکانی ناو پەرلەمانی تازەی عێراق، ئەگەر ئەو لایەنە بەناو دۆستانە سەرپێچی لەو پرنسیپە بکەن، سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان ناچار دەبن مافی ڕەوای خۆیان بەکار بێنن و ئەو پرۆژە دەستووره ڕەتبکەنەوە. ئەمانە ئەگەرن، بەلاَم هەلۆێستی بەشی زۆری ئەو لایەنانە لە ئێستاوە دیارە، چ بە نیسبەت ئەو فیدراڵییەی گەلی کوردستان داوای دەکات، یان بە نیسبەت پاشەڕۆژی ناوچەی کەرکوك، کە هیچ لایەنێکی سیاسیی کوردستانی دەست لە کوردستانیەتی هەلّناگرێ. پرسیار لەوەدایە بۆ دەبێ هەر کورد چاوی لە بەغدا بێ و چاوەڕوان بێ چییان پێدەدات و چی قبوولّ ناکات، ئەگەر پەرلەمانی تازەی هەرێمی کوردستان ئەرکەکەی جێبەجێ بکات، کە پەرلەمانی ئێستا پتر لە دوانزە ساڵە نەیتوانیوە بیکات، بە پەسندکردنی دەستوور بۆ هەرێم، کە لەمانگی دیسمبەری ٢٠٠٣ بە دوا شێوەی ئامادەکراوە و خراوەتە بەردەستی پەرلەمان، ئەوا گەورەترین دەستکەوت تۆمار دەکات بۆ گەلی کوردستان. دەبێ مافەکانی خۆمان لە دەستووری هەرێمدا بچەسپێنین و داوا بکەین بەهەمان شێوە لە دەستووری عێراقدا ددانیان پێدابنرێت. تا ئێستا هەر کورد داوای دانوستاندنی کردووە بۆ دەستنیشانکردنی مافەکانی، چاکترە ئەمجارەیان دەسەلاَتدارانی بەغدا ڕوو لە کوردستان بکەن داوای گفتوگۆ لەگەلّ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بکەن، وەکو نوێنەری خەلّکی کوردستان بۆ دیارکردنی مافەکانی گەلەکەمان و چەسپاندنیان.

پەرلەمانی ئایندەی هەرێمی کوردستان دەتوانێ ئەرکەکانی سەرشانی و زۆر کاری تر ئەنجام بدات ئەگەر یەك هەلۆێستی هەبێ بەرامبەر حکوومەتی ئایندەی عێراق.

کە واتە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەم پەرلەمانە ئەرکێکی نیشتمانییە، ئایا دەنگ بە لیستی هاوبەش بدرێت، یان بە لیستێکی تر.

بە بۆچوونی من، پێویستە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم دوانەخرێت، هەتا ئەگەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی لە ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ نەکرێت، چونکە لە لایەکەوە ئەم هەڵبژاردنە دەبوو زووتر ئەنجام بدرێت، هەروەها پەرلەمانی داهاتوو دەبێ کۆمەڵە کارێکی تر ئەنجام بدات و خۆی ئامادە بکات بۆ ئەو "شەڕە دەستووریە"، کە پاش ماوەیەکی تر بەرەنگارمان دەبێتەوە. هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان نابێ بەندبکرێت بە سازدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی، چونکە ئەو هۆیانەی دەبنە دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی لە کوردستان وجوودیان نییە و خەڵکی هەرێمی کوردستان دەتوانن ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام بدەن بەبێ کێشە، لەبەرئەوەی دەستی تیرۆر دوورە لە کوردستان، ئەوەش بەڵگەیەکی ترە دەیسەلمێنێ، کە کوردستان وەکو بەشی عەرەبی عێراق نییە.

## بەشداریکردن یان نەکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك و ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی

بەشداریکردنی گەلی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی دوودڵی تێدا نەکراوە، چونکە ئەو هەڵبژاردنە لە کوردستان وەکو پرۆسەیەکی دیموکراتییانە تەماشاکراوە و چاوەڕوان دەکرێ ئاکامەکەی ڕێگا خۆشکەربێت بۆ دیاریکردنی پەیوەندیی دەستووری لە نێوان کوردستان و دەسەڵاتی ناوەند لە عێراق. ئێمە ڕەخنەمان لەسەر شێوەی پەسندکردنی پرۆژەی دەستووری عێراقی هەیە، چونکە لە قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە ماوەی گواستنەوە نووسراوە، تێکڕای گەلانی عێراق بەشداری لە پەسندکردنی ئەو پرۆژەیە دەکەن، یان ڕەتی دەکەنەوە، ئەوەش بە پێچەوانەی مافی گەلی کوردستانە بۆ دەستنیشانکردنی ئایندەی خۆی بە ئارەزووی خۆی، بەڵام سەرباری ئەوەش گەلەکەمان بڕیاری بەشداریکردنی داوە لە هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنە، لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دەمێکە ناوی لیستەکەیان بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژرادنەکان لە عێراق پێشکەش کردووە، لەگەڵ ناوی پاڵیوراوانیان، هەرچەندە لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەمیشە باس لە "تەوافق" دەکەن لە نێو هەموو لایەنە سیاسیەکانی عێراق لەبارەی چۆنیەتیی دیاریکردنی حکوومەتی ئایندەی عێراق و ناولێنانی ئەو لێژنەی داڕشتنی پرۆژەی دەستووری پێ ڕادەسپێردرێ، بەڵام کورد وتەنی "تاریکە شەو سەر لە ئێوارەوە دیارە"، (دۆستانی دوێنێ) ئێستا وەکو لەمەوبەر باس لەو پرەنسیپە ناکەن، بەڵکو پەلەیانە لە سازدانی هەڵبژاردن، وا دەزانن لەو نزیکانەدا لەسەر تەختی "جەمیشد" دادەنیشن.

ئەمڕۆکە زۆر باس لە دواخستنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دەکرێت لە عێراق، هەرچییەك بێت ئەو بڕیارەی لەم بارەوە دەدرێت، گەلی کوردستان دەبێ سووربێت

لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم لەکات و وادەی خۆیدا، لەبەر ئەو هۆیانەی پێشتر ئاماژەمان بۆ کردوون. کۆسپێکی قانوونی نییە لە بەردەم ئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی دوابکەوێت، کە دەبێتە هۆی بارسووکی بۆ دەنگدەرانی هەرێم، چونکە لەجیاتی ئەوەی بەشداری لە سێ جۆرە هەڵبژاردن بکەن لە یەك ڕۆژدا، کە کارێکی زۆر زەحمەتە بۆ بەشی هەرە زۆری دەنگدەران، پرۆسەکە دابەش دەکرێت بەسەر دوو قۆناغدا، خەڵکەکە دەتوانن بە شێوەیەکی چاکتر بەشداری لە هەردووکیان بکەن.

بەڵام بە جیاوازییەوە تەماشای بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك دەکەین، گرووپی کوردستانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك دەمێکە داوای جێبەجێکردنی بەندی ٥٨ ی قانوونی بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق دەکات، بێ ئەوەی حکوومەتی عێراق هەنگاوێکی جیددی نابێ بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی لەو بەندەدا باسیان لێکراوە. بە واتایێکی دی، گرووپی کوردستانی ئامادەیە بەشداری لەو هەڵبژاردنە بکات ئەگەر حکوومەتی عێراق و کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق ئەرکە قانوونییەکنی سەرشانیان جێبەجێ بکەن. لەبەر ئەوەی نە حکوومەتی عێراق و نە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق ئەرکەکانی سەرشانیان ئەنجام نەداوە، ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك ناچاربووە بڕیاری بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنە بدات، کە تێکڕای گەلی کوردستان پشتگیریی لێ کردووە. لە دانیشتنێکدا لەنێو وەفدێکی هاوبەشی کوردستانی و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق لە کەرکوك، لە سێی ئەم مانگەدا، بە ئامادەبوونی کۆنسوڵی ئەمریکی لە کەرکوك وەکو شاهید حاڵ، کۆمەڵە بڕیارێك درا بۆ چارەسەکردنی ئەو کێشانەی دروستبوون، بەهۆی کارە ناقانوونییەکانی ئۆفیسی هەڵبژاردنی کەرکوك و خەمساردیی حکوومەتی عێراق لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانی. ئومێدەوارین هەردوولا پابەندبن بە ڕێنماییەکان، ئەگینا بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك و ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی، تەنیا ڕێگا دەبێ بۆ ناچارکردنی حکوومەتی عێراق

**و كۆمسيۆنی هەڵبژاردنەكان بۆئەوەی ئیلتزاماتەكانیان جێبەجێ بكەن، ئەگینا كەركوك و ناوچەكە، كە هاوار دەكەن بەشێكن لە كوردستان، بە دەستی خۆمان لە دەستی دەدەین.**

**هەولێر، ٩ی كانوونی دووەمی ٢٠٠٥.**

# چەند سەرنجێك لەبارەی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق و ئاكامەكانی سەبارەت بە پاشەڕۆژی كوردستان

خەڵكی كوردستان بە گەرمەوە بەشدارییان لە پڕۆسەی ڕیفڕاندۆم لەسەر ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەی عێراق نەكرد، كە لە ١٥ی تشرینی یەكەمی ئەمساڵ سازكرا. بەشداری نەكردنی ئەو خەڵكە بە گەرموگوڕییەوە لە هەڵبژاردنی ٣٠ی كانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی لە كوردستان/(پەرلەمانی هەرێمی كوردستان) و ئەنجومەنی پارێزگاكان بێ هۆكار نەبوو. جێگای داخە دەسەڵاتدارانی كوردستان بە زوویی نەكەوتنە چارەسەركردنی هەموو، یان بەشێك لەو كێشانەی بوونە هۆی بەشداری نەكردنی ئەو خەڵكە. بڕیارە لە ١٥ی كانوونی یەكەمی (دیسمبەر) ئەمساڵدا، بۆ جاری سێیەم هەڵبژاردنێكی تر ڕێكبخرێت بۆ دەستنیشانكردنی ئەنجومەنێكی تر بۆ ماوەی ٤ ساڵ. ئەركی سەرەكی ئامادەكردنی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق دەبێ بەپێی دەستووری تازەی عێراق بكرێت. ئەركە سەرەكییەكانی ئەو ئەنجومەنە دەكرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوە كۆ بكرێنەوە:

یەكەم: پێداچوونەوە بە دەستووری هەمیشەیی عێراق بەپێی ئەو ماددە نوێیەی كە لە دوا كۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەكردنی ڕەشنووسەكە خراوەتە سەر ئەو دەستوورە، بە دامەزراندنی لیژنەیەكی پەرلەمانی كە نوێنەرانی هەموو پێكهاتەكانی كۆمەڵگای عێراقی تێیدا بەشداربن. ئەركی ئەم لیژنەیە بریتی دەبێ لە ئامادەكرنی راپۆرتێك بۆ ئەنجومەنی نوێنەران لە ماوەی چوار مانگدا، تێیدا پێشنیازی ئەو دەستكارییانە دەكرێت كە پێویستە لەو دەستوورەدا بكرێن. پاش بڕیاردان لەسەر ئەو پێشنیازانە، كاری لیژنەكە كۆتایی دێت و هەڵدەوەشێتەوە. بەپێی بڕگەی دووەمی ئەم ماددە نوێیە، پێشنیازەكانی لیژنەكە دەبێ بخرێنە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران لە ماوەی دوو مانگدا، لە ڕۆژی پەسندكردنیان لە لایەن ئەنجومەنەوە، پاشان لە ڕیفڕاندۆمێكدا، كە هەموو گەلی عێراق بەشداری تێدا دەكات، دەنگی لەسەر دەدرێت. دوا بڕگەی

هەمان مادده، کە بڕگەی چوارەمە، ئەو ڕیفڕاندۆمەی لەسەر ئەو دەستکارییانەی لەسەر دەستوورەکە دەکرێت، کاتێ بە سەرکەوتوو دەزانرێت ئەگەر دەنگدەران بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگەکانی سێ پارێزگا ڕەتی نەکەنەوە. کەواتە ئەنجومەنی داهاتووی عێراق دەتوانی دەستکاریی هەموو، یان بەشێك لە بەندەکانی ئەو دەستوورە بکات کە لە ١٥ی مانگی تشرینی یەکەم پەسندکراوە. ئەم بەندە لەسەر داوای گرووپەکانی سوننەی عەرەبی خراوەتە سەر ئەو دەستوورە، چونکە ناڕازی بوون لە ناوەڕۆکەکەی، بە نیازن هەوڵی دەستکاریکردنی بدەن بەو شێوەی ئەوان دەیانەوێ. هەموو ئاگاداری کە هەڵوێستی بەشی زۆری لایەنەکانی سوننەی عەرەبی سەبارەت بە داواکارییەکانی گەلی کوردستان و هەوڵدانیان بۆ گێڕانەوەی باری عێراق بۆ باری پێش ڕووخانی ڕژێم، کە حوکمڕانیکردنی عێراق بەپێی سیستمی سەنترالیزم بە ڕێوەدەچوو و کارەکان هەموویان بە دەست حکوومەتی ناوەندەوە بوون. ئەرکێکی تری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی، کە لە ١٥ی دیسمبەر، چەندەها کێشەی گەورەی لەبەردەمدایە و چاوەڕێی چارەسەرکردنیان دەکرێت، گەورەترین کێشەی عێراقە ــ بە تایبەتی بە نیسبەت ئێمەی کوردەوە، جێبەجێکردنی ماددەی ٥٨ ی قانوونی بەڕێوەبردنە، کە ئێستا بووەتە ماددەی ١٤٠ی لە دەستووری نوێ عێراق، بە هەردوو بڕگەکەیەوە. هەردوو حکوومەتی عەلاوی و جەعفەری هیچ هەنگاوێکیان نەناوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، گەر حکوومەتی ئایندەی عێراق چارەسەری ئەم کێشەیە نەکات و ئەنجومەنی نوێنەران بە جیددیەوە چاودێری کارەکانی نەکات، عێراق بەرەو بارێکی ناهەموار دەچێت. ئەنجومەنی هەڵبژێرراوی ئایندەی عێراق دەبێ چاودێری هەموو کارەکانی حکوومەتی تازەی عێراق بکات، کە کۆمەڵێك کێشەی گەورە چاوەڕێی چارەسەرکردن دەکەن، بە تایبەتی یەکلاکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی بەشێك لە وەزیر و کاربەدەستە گەورەکانی هەردوو حکوومەتی عەلاوی و جەعفەری کراون، جگە لەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵ بەرپرسە ئەمریکی و بیانییەکانی تر، کە یەکێکیان خودی (پۆڵ بریمەر)ە. ئەم ئەنجومەنە دەبێ خەریکی ئامادەکردن و پەسندکردنی نزیکەی ٥٠ قانوونی تازە بێت، کە لە دەستووری تازەدا

ئاماژەیان بۆکراوەو پێویستە قانوونی تایبەتیان بۆ پەسند بکرێت و پێویستە بە شێوەیەك ئامادە بکرێن دەستوورەکە دەوڵەمەندتر بکەن و نەبنە هۆی کەمکردنەوەی مافەکانی گەلی کوردستان و گەلی عێراق بە گشتی و دەستوور لە کونجێکی تەسکدا حەشار بدات. لێرە هەر بۆ نموونە ئاماژە بۆ بڕگەی دووەمی ماددەی ٤ی دەستوور دەکەم، کە تایبەتە بە چۆنییەتی پیادەکردنی حوکمەکانی ئەو ماددەیە سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانی کوردی، هەروەها بڕگەکانی ماددەی ١٢ سەبارەت بە ڕێکخستنی ئاڵای تازەی عێراق و دروشم و سروودی نیشتمانی، کە پێویستە بە قانوونێکی تایبەت دابڕێژرێن تاکو بگونجێن لەگەڵ پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا. پێویستە بەپێی قانوون ئەو کارانەی پەیوەندییان بە دەوڵەتنامە (ڕەگەزنامە)وە هەیە دیاری بکرێن و ڕێکبخرێن، ماددەکانی (٢٢ و ٢٣ و ٢٤ و ٢٦ و ٢٧ و ٢٨ و ٣٠ و ٣١ و ٣٢ و ٣٤ و ٣٥ و ٣٦ و ٣٧ و ٤٣ و ٤٧) دەستوور چەند نموونەیەکی ترن، کە پێویستیان بە قانوونی تایبەت هەیە. ماددەی ٦٢ کە زۆر بە ناڕێکی و شپرەزەیی و لێڵی و نەزانییەوە داڕێژراوە، پێویستی بە قانوونێکی تایبەت هەیە، تا ماددەکانی بە ڕوونی باس لە ئەرکەکانی ئەنجومەنی یەکگرتوو بکەن، پێویستە ڕۆڵی ئەم ئەنجومەنە لە ڕۆڵی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی فراوانتر بێت، بۆیە گەر خەڵکی کوردستان تیمێکی بەسەنگ نەنێرێ بۆ ناو ئەو ئەنجومەنە، کارکردن بەشێوەیەکی نادۆستانە جارێکی تر گەلەکەمان تووشی نەهامەتی دەکات. مەترسی لەوەدایە ئەمجارە گەلی کوردستان لە ڕێگای پرۆسەیەکی شەرعییەوە بەشداری لە پرۆسەی دامەزراندنەوەی عێراق دەکات، پێشتر بە بەردەوامی دەمانگوت ئەو بەشەی کوردستان بەبێ ڕەزامەندبوونی خەڵکەکەی لکێندراوە بە دەوڵەتی عێراقەوە، بەڵام ئێستا هەر سەرپێچییەك لە بەندەکانی ئەو دەستوورە بکرێت بەرپرس دەبین، چونکە زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ داوە. لەمەودوا هەر حکوومەتێك لە بەغدا حوکم بکات بەپێی ئەو دەستوورە، بە حکوومەتی شەرعی دەدرێتە قەڵەم لەلایەن دەوڵەتانی دونیا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە. سەنگی فراکسیۆنی کوردستانی لەناو ئەنجومەنی نیشتمانی/ پەرلەمانی عێراق کە فراکسیۆنی دووەم بووە، تا ڕادەیەك قورس و

سەنگین بووە، بەڵام باری سیاسی تازەی عێراق بەهۆی بەشداریکردنی بەشێکی زۆری لایەنە سیاسەکانی عەرەبی سوننە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، کە هەڵوێستیان دیارە بەرامبەر داخوازییەکانی گەلی کوردستان، گۆڕاوە. ئەگەر فراکسیۆنی کوردستانی سەنگی جارانی لەناو ئەو ئەنجومەنە نەبێت، ئەو دەسکەوتانەی لە دەستووری عێراقدا بەدەستمان هێناوە و هەر پێی ڕازی نەبووین، ئەگەری کەمکردنەوەیان لە ئارادایە، چ بەهۆی ئەو قانوونانەی بەندەکانی دەستوور ڕێکدەخەن و شییان دەکەنەوە، چ بەهۆی دەستکاریکردنی ڕاستەوخۆی دەستوورەکە. ئەم هەموو هۆیانە وامان لێدەکات بڵێین بەشداریکردنمان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی تازەی عێراق ئەرکێکی نیشتمانییە و دەبێ بیر لە (سزادانی) حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان نەکەینەوە، چونکە هەموو گەلی کوردستان لە بەشداری نەکردنمان زەرەرمەند دەبن.

پێم باشە ماددەی (٦٢) لە دەستووری عێراق شیبکەمەوە، تاکو بزانین ئەگەر بەشێوەیەکی نارێك و مەترسیدار قانوونێکی بۆدابڕێژرێ، کورد چەند زەرەرمەند دەبێت. چەند جارێك بە نووسین و لە ناو کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی هەرێم و دەرەوەی پەرلەمان پێش پەسندکردنی ڕەشنووسی دەستوورەکە، سەرنجی هەموو لایەنەکانم ڕاکێشاوە بۆ بنەماکانی سیستمی فیدڕاڵی و وتوومە دەوڵەتێك ناوی فیدڕاڵیی لێ نانرێت گەر پەرلەمانەکەی پێك نەهاتبێ لە دوو ئەنجومەنی هاوسەنگ، یەکێکیان لەلایەن تێکڕای خەڵکی ئەو وڵاتەوە هەڵدەبژێردرێ، ئەوی تر لەلایەن هەرێمەکانەوە. ئەو کەسانەی بەشدارییان لە ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستووری عێراق کردووە، دەبوو ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرن، ئەگەر بێتو بۆ ماددەی (٦٢) قانوونێکی پتەو دانەڕێژرێت، تێیدا چارەسەری کەموکورتییەکانی ئەو ماددەیە بکات، دەکەوینە بەر ڕەحمەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، کە ئەندامەکانی لە ڕاستیدا پەرلەمانی ئێستای عێراق دەبن. بەپێی ماددەی (٤٧)ی دەستوور ئەو ئەنجومەنە پێکهاتووە لە یەك ئەنجومەن و هەموو دەسەڵاتەکان بەو دراون. ئەنجومەنی دووەم (ئەنجومەنی یەکگرتوو/پیران) تائێستا هەر بۆ (وەزنی شیعر) ناولێنراوە، کە وەك لە ماددەی (٦٢)دا هاتووە، پاشان دادەمەزرێ، نوێنەرایەتیی

هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانە دەکات لەناو هەرێمەکدا نیین. کێشەکە ئەوەیە پێکهاتە و مەرجەکانی ئەندامیەتی و دەسەلأتەکانی بە قانوون دیاری دەکرێن، بە دەنگی زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران. ئەم ئەنجومەنە دەبوو لە ئەنجومەنی نوێنەران بالأدەستتر بێت، وەك ئەوەی لە دەستووری بەشی هەرە زۆری دەوڵەتە فیدراڵیەکاندا هاتووە. بەلأم لە دەستووری عێراقدا جارێ هەر بەناو دامەزراوە، لە داهاتوودا بەپێی قانوونێك دەسەلأتەکانی دیاری دەکرێن، کە ئەنجومەنی نوێنەران پەسندی دەکات! هەڵەیەکی تر کە هەڵەی خۆمانە، دواخستنی ئامادەکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان بوو بۆ پاش پەسندکردنی دەستووری عێراق. لەوەتەی سیستمی فیدراڵی لە (مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) پەسندکراوە، بە بەردەوامی داوامان کردوە و هەوڵمان داوە دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان پەسند بکرێت. پەسندکردنی سیستمی فیدراڵی بۆ عێراق بەلای منەوە لە ئامادەکردنی دەستوورێکی تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان گەورەترە، چونکە پەسندکردنی سیستمی فیدراڵی بووە هۆی هەڵتەکاندنی سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق، کە لەسەرەتای دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەی لەسەر بنەمای سەنترالیزم داڕێژراوە و کاری پێکراوە. پەرلەمانی کوردستان کە سیستمی فیدراڵی پەسندکرد بۆ پاشەڕۆژی عێراق پرسی بە حکوومەتی بەغدا نەکرد، کەواتە بۆ دەبێ ئەو هەموو ساڵانە چاوەڕێی دەستووری عێراقی بکەین، تا دەستوورەکەمان گونجاو بێت لەگەڵ ناوەرۆکی دەستووری ئایندەی عێراق؟

لە کۆنفرانسێکی قانوونیدا لە ئەیلوولی (١٩٩٤) لە زانکۆی (پرنستی) ئەمریکی بەسترابوو، کۆمەڵێك شارەزا و پسپۆڕانی بیانی و عێراقی و کورد بەشداریمان تێداکردبوو، ئەم مەسەلەم خستە بەرچاو. بەشی هەرەزۆری پسپۆڕە ئەمریکی و بیانییەکان پشتگرییان لە بۆچوونی ئێمە دەکرد، بەلأم عێراقیەکان بە عەرەب و تورکمانەوە ڕەخنەیان لێدەگرتین. لەو باوەڕەدام ئێستاش پێیان بکرێت هەوڵ دەدەن دەستوورێك بۆهەرێمی کوردستان پەسند نەکرێت، بەلأم دەستووری تازەی عێراق ڕێگای بە دانانی دەستووری تایبەت بە هەرێمەکان داوە. ئەگەر لە کاتی خۆیدا

دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان پەسندکرابا، ئەو دەستووورە ئێستا، وەك سیستمی فیدراڵی دەبووە بەشێك لەو سیستمە قانوونییەی کە ماددەی ١٣٧ی دەستووری تازەی عێراق دانی پێداوە. بە داخەوە ئەو قانووننناسە کوردانەی کە دەیناگوت پێوستە دەستوورەکەمان پاش بخەین تا دەستووری عێراق پەسنددەکرێت، لەبەر هەر هۆیەك بێت، دووربوون لەم واقیعە تاڵەوە. لە سیمنارێکدا کە پسپۆڕێکی فەرەنسی خەڵکی ویلایەتی (کێبەك)ی کەنەدا بوو، لە ڕۆژی ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٥ چاوی بە ئەندامانی لێژنەی ئامادەکردنی دەستووری هەمیشەیی کوردستان کەوت لە پەرلەمانی کوردستان، داوای پەلەکردنی لێکردین لە دانانی هەموو قانوونەکانی کوردستان، بە دەستوورەوە، خوازیاربوو ئەو دەستووورە پێش دەستووری عێراق ئامادە بکرێت! وادیارە نەخۆشی خۆ بەکەم زانین لەناو ڕووناکبیرانیش باوە. پەسندکردنی دەستووری هەرێم پێش دەستووری عێراقی دەبووە هۆی ئەوە، کە داواکارییەکانی گەلەکەمان لە دەستووری خۆمان بچەسپێنین و ئێستا دەبوونە بەشێك لەو سیستمە قانوونییەی کە دەستووری عێراق قبوڵی کردبوو. ئەندامانی لێژنەی ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستووری هەمیشەیی عێراق چاوەڕێ دەکەن، تاکو دڵنیا بن لەوەی ئەو بەندانەی پێشنیاز دەکرێن گونجاو بن لەگەڵ ئەو دەستووورە، کە بڕگەی یەکەمی بەندی ١٣ دەستووری عێراقی دەڵێ: " ئەم دەستووورە بە پایەدارترین و بالآترین قانوون دەژمێردرێت لەسەرتاسەری عێراق" و هەموو پێی پابەند دەبین. بڕگەی دووەمی هەمان بەند جارێکی تر باڵادەستیی ئەو دەستووورە دووپات دەکاتەوە و دەڵێ: "نابێت قانوونێك دابنرێت لەگەڵ ئەم دەستوورەدا ناکۆك بێت" و "هەر دەقێکیش لە دەستووری هەرێمەکاندا، یان هەر دەقێکی دیکەی قانوونی لەگەڵیدا ناکۆك بێت، بە پووچەڵ دەژمێردرێت". دەزگاکانی هەرێم پاش جێبەجێکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق، دەبێ پابەند بن بەو دەستووورە. بۆ نموونە پەیوەندیکردنیان بە دەزگا دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەکانەوە لە پاش دامەزراندنی حکوومەتی تازەی عێراق، دەبێ لە چوارچێوەی بەندەکانی دەستوور ئەنجام بدرێن. سیستمی فەرمانڕەوایی لە عێراق و پەیوەندیی هەرێمی کوردستان بە حکوومەتی ناوەندەوە لە

دەستووری هەمیشەیی عێراقی دیاری کراوە، ئەو پەیوەندییەی کە زیاتر لە ١٤ساڵ پچڕابوو، ئێستا بەپێی ئەو دەستوورە ڕێکخراوەتەوە. بەڵام پێش پەسندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق دەمانتوانی دەستوورێکی تایبەت بەهەرێم ئامادەبکەین، وەك چۆن لە ساڵی ١٩٩٢ دا سیستەمی فیدراڵیمان پەسندکرد، بەو شێوەیە دەستوورەکەمان دەبووە بەشێك لەو سیستمە قانوونییەی کە بەندی ١٣٧ دەستووری عێراقی دانی پێداناوە. بەپێی ئەو بەندە "ئەو قانوونەی لە ساڵی ١٩٩٢ بەولاوە لە هەرێمی کوردستان دانراون کاریان پێدەکرێت و هەموو بڕیارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ـ بە بڕیارەکانی دادگا و ڕێککەوتنامەکانیشەوە کاریان پێ دەکرێت، مەگەر هەموار بکرێت یان هەڵبوەشێتەوە بەپێی قانوونەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن لایەنی دەسەڵاتدارەوە، بەمەرجێك ناکۆك نەبن لەگەڵ دەستووردا". لە نوسینێکدا لە ٩ی ئاداری ٢٠٠٥ لە هەفتەنامەی (هاوڵاتی) بلاّومکردووەتەوە، لە ژێر دێری: "کاتی پەسندکردنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان هاتووە"، نووسیبووم پەرلەمانی کوردستان لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ سیستمی فیدراڵی بۆ پاشەڕۆژی عێراقی پەسندکردووە، بەم چەشنە لەو بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان قەوارەیەکی سیاسی (دێ فاکتۆ) دامەزراوە، کە دەزگاکانی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتیی پراکتیزە دەکەن: دەسەڵاتی ناوخۆیی و پەیوەندیکردن بە دەرەوە، لەگەڵ داکۆکیکردن لە سنووری ئەو بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان، ئەم هەنگاوە دەبوو هەنگاوێکی دیکەی بەدوادابهاتبا، بە دانانی دەستوورێك بۆ ئەم هەرێمە، بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و دەزگاکانی هەرێم تاکو هەریەکەیان ئەرك و دەسەڵاتەکانی خۆی بزانێ و هاوڵاتیان ئاگاداری ماف و ئەرکەکانیان بن". بەشێك لە قانووناسانی کوردستان ڕەخنەیان دەگرت دەیان گووت چۆن دەبێ دەستووری هەرێمی کوردستان پێش دەستووری عێراق پەسندبکرێ؟ دەمانپرسی بۆ دەکرێ سیستمی فیدراڵی پەسند بکرێت بۆ هەموو عێراق، بەڵام نابێ دەستوورێکی تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان دابنێین تایبەت بێت بە هەرێمی کوردستان؟ دواخستنی دانانی

دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان پاش پەسندکردنی دەستووری عێراق زیانێکی گەورەی لە گەلەکەمان دا.

لە ١٥ی دیسەمبەری ٢٠٠٥ جارێکی تر هەموو خەڵکی عێراق دەنگدەدەن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی تر کە هەموو دەسەڵاتەکان لە عێراق بەو تاقە ئەنجومەنە دەدرێن. بەرژەوەندیی پاشەڕۆژی گەلەکەمان دەبێ بخەینە پێش ڕەخنە و گلەییەکانمان لە هەردوو حیزبی دەسەلاتدار و نەخرێنە خانەی "تۆڵە سەندنەوە" لەو دوو حیزبە. هەموو کەس دەبی دەنگ بدات، چونکە بۆ پاشەڕۆژی کوردستان دەنگ دەدات، نەك بۆ ئەو دوو حیزبە، کە دەبێ جارێکی تر بە سیاسەت و ڕەفتاری سیاسی خۆیاندا بچنەوە.

ڕوونەکردنە سندووقەکانی دەنگدان، ناحەزانی گەلەکەمان شاد دەکات و ئەو دەستکەوتانەی تا ئێستا بە دەستمان هێناوە، لە دەستیان دەدەین. با هەوڵ بدەین ئەو دەستکەوتانە بچەسپێنین و پەرەیان پێ بدەین و بەهێزتریان بکەین. بەشداری نەکردنمان دەبێتە هۆی لە دەستدانی ئەو دەستکەوتانە لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێو دەوڵەتی. باری ئێستای کوردستان وەکو ئەو دەمە نییە کە دەنگ بۆ ڕەشنووسی دەستووری عێراقی درا، ئەو ڕەشنووسە کە خەڵکانێك دەنگیان بۆ نەدا بە مەبەستێکی تایبەتی بوو، وایان دەزانی دەنگ نەدان بەو ڕەشنووسە ئاگاداری ڕای گشتی عێراقی و جیهانی دەکەنەوە، کە ئەو ڕەشنووسە بەشی زۆری داواکاری و ئاواتەکانی گەلی کوردستانی تێدا نییە، بەلاّم ئەو دەستووورە کاری پێدەکرێت لە پاش دامەزراندنی حکوومەتی ئایندەی عێراق لە پاش هەڵبژاردنی ڕۆژی ١٥ی دیسەمبەر.

هەولێر، ٢٨ تشرینی دووەمی ٢٠٠٥

# بەشی حەوتەم

## لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و زمانی کوردی

## لە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ زانای گەورەی کورد تۆفیق وەهبی بەگ

ئەکادیمیای کوردی، لە ڕۆژی چوارشەمە ڕێکەوتی (٢٠١٣/١٢/١٣)، ئێوارە کۆڕێکی بۆ دکتۆر نووری تاڵەبانی، سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی ڕێکخستبوو، بۆ گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی لەسەر زانای گەورەی کورد تۆفیق وەهبی. سەرەتا د. نەجات عەبدوللا، سکرتێری ئەکادیمیا، ژیاننامە و بەرهەمەکانی مامۆستا تۆفیق وەهبی خستە بەرچاو ئامادەبووانی ئەو کۆڕە، دواتر مامۆستا نووری تاڵەبانی بیرەوەرییەکانی لەگەڵ ئەو زانا گەورەیە لەو ماوەی لە لەندەن بووە، بە تایبەتی لە ساڵانی (١٩٧٤ - ١٩٧٥) دا گێڕایەوە .

دکتۆر نووری تاڵەبانی بەم شێوەیە دەستی بە قسەکانی کرد: خۆم بە بەختەوەر دەزانم لەو ماوەی لە (لەندەن) بووم لە نزیکەوە زانای گەورە، تۆفیق بەگم ناسیوە. هەرچەندە دەمێك بوو ناویم بیستبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٣ بە خزمەتی گەیشتم. لە کۆتایی ئەو ساڵە بە ئەرکێکی زانستیی (تەفەروغی عیلمی) لە لایەن زانکۆی سلێمانییەوە بۆ ماوەی ساڵێك ڕووم کردە لەندەن. بەهۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان، درێژەم بە مانەوەم دا تا مانگی ئەیلوولی ١٩٧٥ نەگەڕامەوە بۆ وڵات. لەو ماوەدا سەردانی مامۆستا تۆفیق وەهبیم دەکرد، پاشان لەسەر پێشنیازی ئەو، لە ڕۆژانی دووشەممە دەچوومە لای لە ماڵەکەی، کە لە ناوەڕاستی شارەوە تۆزێك دوور بوو. بە هاندانی ئەو زانایە کەوتمە کۆکردنەوەی وشەی قانوونیی کوردی، بە مەبەستی ئامادەکردنی فەرهەنگێکی قانوونی بە چوار زمانی عەرەبی و کوردی و فەرەنسی و ئینگلیزی. ئەو فەرهەنگە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە هەولێر چاپکرا و بڵاوکرایەوە. پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبی پاش گەڕانەوەم بۆ کوردستان لە ئەیلوولی ١٩٧٥ دا درێژەی هەبوو، بە نامە و نووسین و سەردانی کردنی لە کاتی گەڕانەوەم بۆ لەندەن، کە تا پاییزی ١٩٧٨ هەموو ساڵێك دووجار دەچوومەوە بەهۆی مانەوەی

خێزانەکەم لەو شارە بۆ تەواوکردنی خوێندنی تەخەصوصی لە بواری پزیشکیدا. لێرە بەشێك لە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ ئەو زانا گەورەیە دەگێڕمەوە، ئاماژەش بۆ بەشێك لە ڕاو بۆچوونەکانی دەکەم، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە زمان و ئەدەبی کوردییەوە هەیە، تا لەبیر نەکرێن و سوودیان لێ وەربگیرێ.

ئەوەی لێرەدا دەیگێڕمەوە قسەکانی ئەو زانا گەورەیە، لەگەڵ چەند تێبینییەکی لەسەر ئەو ڕووداوانەی لە کاتی قسەکردندا دەیگێڕانەوە. لە دەرەوەی ئەو بابەتە، پرسیارم لێ نەدەکرد، بەڵام جاروبار وەکو کورد دەڵێ: قسە قسە ڕادەکێشێ، شتێك دەهاتەوە بیری و دەیگێڕایەوە، لێرە بە ئەمانەتەوە بەشێکیان دەگێڕمەوە.

تۆفیق وەهبی لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری سلێمانییە، ناوی تۆفیق، ناسراو بە (وەهبی) کوڕی مارفی کوڕی محەمەدە، لە شارۆچکەی چوارتای نزیك سلێمانی، لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٠ هاتۆتە دونیاوە. باری دارایی بنەماڵەکەی باش بووە، بۆیە خوێندنی لە قوتابخانەی (سەرەتایی ڕوشدیەی سەربازی) لە سلێمانی تەواو کردووە. پاشتر چۆتە بەغدا بۆ درێژەپێدان بە خوێندنی لە قوتابخانەی (ناوەندی ڕوشدیەی سەربازی)، ئەوەش ڕێگای بۆ خۆش کردووە بچێتە ئەستەمووڵ و کۆلێجی سەربازی لەوێ تەواو بکات، لە ساڵی ١٩١١ بووە بە ئەفسەر لە لەشکری عوسمانی. لە چەند شەڕێکدا بەشداری کردووە، بە تایبەتی لە بەرەی شەڕ لە لیبیا دژ بە لەشکری ئیتاڵیا. ماوەیەك ئەفسەر بووە لەو فیرقەیەی، کە موستەفا کەمال فەرماندەی بووە، بۆیە لە نزیکەوە ناسیویەتی. پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، لە مانگی ئابی ١٩١٩ (بینباشی ئەرکان حەرب) تۆفیق وەهبی گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. لە نیسانی ١٩٢٠ دا کراوە بە ئەفسەر لە ڕانیە، پاش ماوەیەك هەڵبژێردراوە بە ئەندام لە ئەنجومەنی شارەوانی ئەو شارۆچکەیە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٢١ دەچێتە بەغدا و بەشداری لە دامەزراندنی لەشکری عێراق دەکات و دەکرێتە ئەفسەری حەرەکات. لە ئەیلوولی ١٩٢٢ لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی کورد لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان دەبێتە یاریدەدەری بۆ کاروباری سەربازی. کاك حەمە ڕەسووڵ هاوار، لە زاری تۆفیق وەهبییەوە نووسیویەتی: "چەند ئەفسەرێکی کورد بووین لە سوپای عێراقدا، بە

ڕەزامەندی ئینگلیزەکان و حکوومەتی عێراق، لەسەر داخوازی شێخ مەحموود و بەپێی هەستی نەتەوایەتیی خۆمان لەگەڵ شێخ مەحموودا چووینەوە بۆ کوردستان و بەشدارییمان لە دامەزراندن و ڕێکخستنی کاروبارەکاندا کرد، بە تایبەتی کاروباری سوپا، هەموومان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەشەو و ڕۆژ کارمان دەکرد بە ئومێدی ئەوەی لە خوارووی کوردستان، وەکو چۆن لە بەغدا حکوومەتێك بۆ عەرەبی بەغدا دروست کرابوو، بەو پێیەش لەوێ حکوومەتێك بۆ کورد دروست بکرێت و هەرچییەك لە توانامدا بێ لەو ڕووەوە بۆ کوردی بکەین". ئەو ڕووناکبیرانەی نزیك بوون لە شێخ مەحموود هەوڵیان دەدا کاروباری دەزگاکانی حکوومەتەکەی بە شێوەیەکی نوێ دابمەزرێ، بۆیە بە "موتەنەویر" ناو دەبران، بەڵام کەسانێکی تر کە ژمارەیان زۆرتر بووە و دەسەڵاتدارتریش بوون، هەوڵیان دەدا ئەو "موتەنەویر"انە دەمکوت بکرێن، چەند کەسێکیان لێ کوژراوە، وەکو جەمال عیرفان و عارف سائیب. لە پاش ڕووخانی حکوومەتی دووەمی شێخ مەحموود، تۆفیق وەهبی لەگەڵ چەند کەسێکی تر، بە هاوکاریی حەپسەخانی نەقیب دەگەڕێنەوە بۆ بەغدا. ماوەیەك لە بەغدا دەیگرن، پاش بەردانی تۆفیق وەهبی ڕاشکاوانە دەڵێ: "سیاسەتی ئینگلیز ئەوە نەبوو حکوومەتێکی کوردی دابمەزرێنێت، بۆیە زۆرمان هیوابڕاو بووین و یەکە یەکە لە شێخ مەحموود دوورکەوتینەوە". پاشان وتویەتی: "ئینگلیزەکان دەیانویست دەستی بە دەستی شێخ مەحموود بکەن، لە سەرەتاوە نەیانویستوە دەسەڵاتی حوکمداریەتەکەی لە سنووری شاری سلێمانی و ناوچەی دەوروبەری تێپەڕ بکات ".

حکوومەتی عێراق تۆفیق وەهبی بە پلەی (سەرهەنگ) دەگێڕێتەوە بۆ ناو لەشکری عێراقی و داوای لێ دەکات کۆلێجی ئەفسەران لە بەغدا دابمەزرێنی، لە ساڵانی ١٩٢٥ تا ١٩٢٩ فەرماندەی ئەو کۆلێجە بووە. لە ٢٣ ی ئابی ١٩٢٩ دەبێ بە (کۆلۆنێل)، هەر لەو ساڵەدا دەینێرنە کۆلیجێکی تایبەت بە ئەفسەرە پایە بەرزەکان لە شاری (کێنت)، لە نزیکی لەندەن، بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵای سەربازیی. لە ٣٠ی نیسانی ١٩٣٠ خزمەتی دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوەخۆی عێراق و دەکرێتە "موتەسەریفی" سلێمانی، بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت، چونکە لە ٢٢ی ئاب، ماوەیەکی

کەم پێش کارەساتی شەشی ئەیلوول ۱۹۳۰ لەو پۆستەی لادەبرێ، کە زۆر ناڕەحەتی دەکات، بە ناچاری ڕوودەکاتە بەیروت تا ۱۹۳۵ لەوێ نیشتەجێ دەبێ. لە ساڵی ۱۹۳۲ بەیاننامەیەك لەبارەی مەسەلەی کورد لە لوبنان بڵاودەکاتەوە، لە کۆتایی ساڵی ۱۹۳۵ دا دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا، لە ساڵی ۱۹۳٦ دەکرێتە بەڕێوەبەری گشتیی "فەرمانگەی ئەشغال". لە حوزەیرانی ۱۹٤٤ لە وەزارەتی یەکەمی حەمدی پاچەچی و لە وەزارەتی دووەمی، لە ئابی ۱۹٤٤ تا کۆتایی ۱۹٤٦ دەبێتە وەزیری ئابووری، لە ئاداری ۱۹٤٧ تا کۆتایی ۱۹٤٨ دەکرێتە وەزیری (مەعاریف) لە وەزارەتی سالح جەبر، لە ۱۹٥۰ لە وەزارەتی تۆفیق سوێدی دەبێتە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، لە ساڵانی ۱۹٤٨ بەدواوە ئەندامی ئەنجومەنی پیران (ئەعیان) بووە.

دکتۆر خالد ناجی، کە مامۆستایەکی ناسراوی کۆلێجی پزیشکی بووە لە بەغدا، لە ساڵی ۱۹۸۷ لە هەولێر گێڕایەوە و گوتی : لە ساڵی ۱۹٤٨ (موعید) بووە لەو کۆلێجە، ڕاگری کۆلێج داوای لێ کردووە هاوکاری ئەو مامۆستایانە بکات کە هەموویان بەریتانی بوون و بۆ بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەی خوێندکارانی کۆلێجەکەیان بانگ کرابوون، چونکە لەو دەمە وەزارەتی "مەعاریف" سەرپەرشتی کۆلێجەکانی دەکرد، جارێ زانکۆی بەغدا دانەمەزرابوو. پێش گەڕانەوەی ئەو مامۆستایانە بۆ وڵاتی خۆیان، وەزیری مەعاریف لەماڵەکەی خۆی ئێوارە خوانێکیان بۆ سازدەکات. دکتۆر خالید ناجی گوتی: چوومە ئوتێل بە شوێنی میوانەکاندا، تا پێکەوە بچینە ماڵی تۆفیق وەهبی، یەکێکیان لێی دەپرسێت پلەی خوێندەواریی وەزیرەکەتان چۆنە؟ ئەویش پێی دەڵێ "ئەوەی من بزانم، شارەزایی لە هەشت زمانی کۆن و تازەدا هەیە، لەگەڵ زمانی سانسکریتی". مامۆستا ئینگلیزەکە لە مەبەستی تێدەگات و عوزری بۆ دەخوازێت. ئەو شەوە تا نیوە شەو لە ماڵی وەزیر دەمێننەوە، هەمان ئەو مامۆستایە لە کاتی گەڕانەوەیاندا بۆ ئوتێل پێی دەڵێ: "خۆزگە زووتر چاومان بە وەزیرەکەتان بکەوتبا، تا زیاتر سوودمان لێ وەرگرتبا"!

لە کۆتایی ساڵی ۱۹٥۲، ساڵح جەبر حیزبێکی نوێ بەناوی حیزبی "ئوومەی ئیشتراکی" پێکدێنێ، تۆفیق وەهبی و چەند کەسایەتیەکی کوردی تر هاوکاریی

دەکەن، وەهبی بەگ دەکرێتە ئەندامی سەرکردایەتی و دواتر دەبێتە جێگری سەرۆکی ئەو حیزبە. سەیر لەوەدابوو وەهبی بەگ ناوی ئەو حیزبەی بە (حیزبی ئومییە نا ئیشتراکیەکان) ناو دەبرد! دەیگوت: (وەك چێشتی مجێور هەموو جۆرە کەسانێکی تێدا بو)! ڕەخنەی لە خۆی دەگرت و دەیگوت" شوێنی کڵاوی بابردوو کەوتبووین"! لە پاییزی ١٩٥٢، سالح جەبر لەگەڵ چەندین کەسایەتی عەرەب و کورد، کە تۆفیق وەهبی و شێخ بابا عەلی شێخ مەحموودیان لەگەڵدا بوون، دێنە کەرکوك، ڕۆژی پاشتر دەچن بۆ سلێمانی، کاتێك کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی سالح جەبر و هاوڕێکانی نزیك سلێمانی دەبنەوە، شێخ مەحموود بە سوارە لەگەڵ بیست کەسی تر، لە (داری کەلی) یەوە دەچنە ملەی تاسلووجە بۆ بە پیرەوەچوونیان. ڕۆژی پاشتر وێنەیان پێکەوە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی (الامة) بڵاودەکرێتەوە. لە ساڵی ١٩٧٥، پرسیارم لێ کرد سەبارەت بە هۆی چوونی شێخ مەحموود بە بەرەوپیری سالح جەبر، بەڵام پرسیارەکەم بێ وەڵام مایەوە.

تۆفیق وەهبی لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هەوڵی پێشخستی زمانی کوردی داوە. لە ساڵی ١٩٢٣ لەسەر داوای وەزارەتی (مەعاریف) بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان، ڕێزمانی کوردی ئامادە کردووە. پێشنیازی کردووە دەستکاریی چەند پیتێکی عەرەبی بکرێت تا بگونجێن لەگەڵ فۆنەتیکی زمانی کوردی، ئەویش بە زێدەکردنی چەند ئیشارەتێك، بەڵام پێشنیازەکەی لەلایەن وەزارەتەوە قبوڵ نەکراوە و بە شێوەیەکی تر لێك دراوەتەوە. بە هەوڵ و کۆششی تۆفیق وەهبی و ئەمین زەکی بەگ لە ساڵی ١٩٣٩، ئێزگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا کراوەتەوە. لە ساڵی ١٩٤٨ تۆفیق وەهبی یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی (کۆڕی زانیاری عێراقی)، پاش دامەزراندنی ئەو دەزگا ئەکادیمییە، دەبێتە ئەندامی کارا و بەجێگری سەرۆك هەڵبژێردراوە. لەپاش دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کوردی، وەکو ئەندامی شکۆمەند (فەخری) هەڵبژێرراوە، چەند نووسینێکی زۆر بە نرخی لە گۆڤارەکەی بڵاوکردۆتەوە. تۆفیق وەهبی سەرۆکی یەکەمین ئەنجومەنی خوێندنی باڵا بووە لە عێراق، کە هەنگاوی یەکەمی دامەزراندنی زانکۆی بەغدا بووە. لەو پۆستەی زۆر نامینێتەوە، چونکە

سەرقاڵی نووسین و کاروباری تر بووە. لە ساڵی ١٩٥٦ هەڵبژێردراوە بە سەرۆکی فەخری "یانەی سەرکەوتنی کوردی" لە بەغدا، ئێواران دەرسی زمانی کوردی تێدا دەگوتەوە بەبێ بەرانبەر. لە ساڵی ١٩٥٨، هەڵبژێرراوە بە سەرۆکی (کۆمەڵەی داهێنەران و وەرگێران و بڵاوکردنەوە) لە عێراق، کە گۆڤاری (الکاتب)ی بڵاودەکردەوە. تۆفیق وەهبی کەسایەتییەکی ئەکادیمی بوو پێش ئەوەی سیاسەتمەدار بێت، بەشی هەرە زۆری ژیانی بۆ خزمەتی زانست و لێکۆڵینەوەی زانستی تەرخان کردبوو. نووسینێکی زۆری بڵاوکردۆتەوە لە گۆڤارە کوردییەکانی وەکو: (گەلاوێژ) و (دەنگی گێتی تازە) و (پێشکەوتن) و (پەروەردە و زانست) و (شەفەق) و (کۆڕی زانیاری کوردی). لە تەمووزی ١٩٥٨ لە تورکیا دەبێ، لەوێوە بڕیاری چوونە بریتانیا دەدات، لە لەندەن نیشتەجێ دەبێ تا کۆچکردنی لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤. چەند جارێك حکوومەتی عێراق بەهۆی سەفارەتەکەیەوە لە لەندەن داوای لێ کردووە بگەڕێتەوە بۆ بەغدا و ببێ بە سەرۆکی "کۆڕی زانیاری کورد" و خانووەکەی بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام وەڵامیان نەداتەوە. لە لەندەن زۆر بە دەستکورتی دەژیا، (سامی خوندە)ی ئاوەڵزاوای، کە بە ناو نوێنەری بووە، هیچی بۆ نەدەنارد. چەند جارێك لە بەغدا چوومەتە لای و پێم ڕاگەیاندووە، کە تۆفیق وەهبی و خێزانەکەی دەست کورتن، بەشێك لەو پارەی لایەتی بۆیان بنێری، بەڵام خۆی گێل دەکرد. پێش کۆچکردنی، وەسیەتی کردبوو تەرمەکەی ببەنەوە بۆ کوردستان لەسەر لووتکەیەکی بەرزی پیرەمەگروون، کە لە نووسینەکانیدا باسی کردبوو، بە خاکی بسپێرن. وەسیەتەکەی جێبەجێ کراوە، زۆر بە ڕیزەوە بە خاکی نیشتمانەکەی سپێردرا. تۆفیق وەهبی پیاوێکی زۆر قسە خۆش و ڕووخۆش بوو، حەزی لە نوکتە بوو، بە موناسەبە قسە خۆشەکانی خۆی بۆ دۆست و کەسانی دیکەی دەگێڕایەوە. جارێکیان باسی زەحمەتی سەفەری بۆ سلێمانی و کەرکوك دەکرد گوتی، کوێخایەکی هەمەوەند بڕیارەدا کاری جەردەیی نەکات، بەڵام ڕۆژێك لەگەڵ دەستەیەك لە دانیشتوانی دێیەکەی دەچنە سەر گردێك، مام کوێخا قامەت دەبەستێ بۆ نوێژکردن، کتوپڕ نوێژەکەی دەبڕێ و ڕوودەکاتە ئەو کەسانەی لەگەڵی بوون و دەڵێ: "قەومەکە لە

دوورەوە تارماییەك لەسەر ڕێگای کەرکوك دیارە، لەوە دەچێ کاروان بێ و بارەکانیشیان کوتاڵ بن، ئیتر کەیفی خۆتانە"، پاشان قامەت دەبەستێتەوە بۆ تەواوکردنی نوێژەکەی!

تۆفیق وەهبی لە ساڵی ۱۹٥۸، لە لەندەن خۆی و خێزانەکەی جێگیر ببوون، کە بریتی بوو لەخۆی و هاوسەرەکەی: خاتوو ئاسیا ڕیزەلی - ناسراو بە ئاسیا تۆفیق وەهبی، لەگەڵ هەردوو کوڕەکەیان: سزا و سروش، کە مۆسیقاژەن بوو. ئەو خێزانە هەموویان لە خانوییێکی بچووکدا دەژیان، کە شایەنی ئەوان نەبوو. ژیانی ئەوان ئاسان نەبوو، بە تایبەتی لە دوا ساڵەکانی ژیانی ئاسیا خانمدا، کە تووشی نەخۆشی (لوکیمیا) ببوو، دەبوو هەموو مانگێ لە نەخۆشخانە، لەژێر چاودێری پزیشکدا خوێنی تێ بکرێ لەگەڵ چەند ماددەیەکی کیمیاویدا. وەکو دکتۆرێك بۆ د. عەتیەی خێزانمی گێرابووەوە، هەموو جار مردنی بە چاوی خۆی دەبینی. سەرباری حاڵەتی تەندروستیی خراپی ئەو شاژنە، زۆر خزمەتگوزار بوو، زۆر بە باشی خزمەتی وەهبی بەگی دەکرد، هەروەها هی میوانەکانی، کە کەسانێکی زۆر لە کورد و عەرەب سەردانیان دەکرد.

ئاسیا خانم زۆر بەڕێزەوە باسی وەهبی بەگی دەکرد و دەیگوت قەرزاری ئەو پیاوەم، چونکە لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە تێکەڵ بە کاری خێرخوازی و داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان و منداڵان بووە. ماوەیەکی زۆر سەرۆکی (یەکێتیی ئافرەتانی عێراق) و لقی ڕێکخراوی ئافرەتانی (مانگی سووری عێراقی) بووە. بەهۆی ئەو ئەرکانەی لەو ڕێکخراوانەدا، چەندین جار سەفەری دەرەوەی عێراقی کردووە، هەروەها لە شەواندا جاروبار درەنگ گەڕاوەتەوە، بەڵام هەرگیز پرسیاری لێ نەکردووە لە کوێ بووە، یا بۆ دواکەوتووە. کۆچکردنی ئەو خانمە گەورەیە، کارەسات بوو بۆ وەهبی بەگ، لەو دەمەوە باری تەندروستی بەرەو خراپتر چووە، تا کۆچکردنی لە زستانی ۱۹۸٤. لەپاش کۆچکردنی ئاسیا خانم لە ساڵی ۱۹۸۰ فەرمانگەی (سۆشیاڵ) (نێرسیك) دیاری دەکات بۆ خزمەتی وەهبی بەگ تا مردنی (٦).

وەهبی بەگ دوو کتێبخانەی گەورەی هەبوو، یەکێکیان لە ماڵە گەورەکەی لە بەغدا، لە گەڕەکی (وەزیرییە)، بەشێك لە کتێبەکانی ناو ئەو کتێبخانەی بە دیاری بە کتێبخانەی (کۆڕی زانیاری کورد)ی بەخشیبوو. کتێبخانەی دووەمی لە (لەندەن) بوو، چونکە تەنیا داواکاریی وەهبی بەگ لەو کەسانەی دەچوونەوە بۆ بەغدا و دەگەڕانەوە، هێنانی چەند کتێبێك بوو، کە خۆی بۆی دیاری دەکردن.

بەشێك لە دۆستانی و کەسانی دیکەش، بە کورد و عەرەبەوە سەردانیان دەکرد، وەکو عەلی کەمال بەگ و شێخ بابا عەلی و تەحسین بەگی میری ئێزدیان و د. صەفا خەلوصی و مێژوو نووسی عێراقی عبدالرزاق حەسەنی، کە دەیگوت: وریا بن زۆر ڕاستگۆ نییە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا! تۆفیق وەهبی لەگەڵ (ئێدمۆندز) فەرهەنگێکیان بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٦٥ دا بە چاپ دەگەینن، بەڵام پاش قسەکانی ئێدمۆندز لە ساڵی ١٩٦٦ سەبارەت بە دواڕۆژی ناوچەی کەرکوك، گوایا "ئەو حکوومەتەی لە بەغدا دەست لەسەر کەرکوك هەڵبگرێت دەڕووخێت"، ساردی لە نێوانیاندا پەیدابووە.

ڕۆژێك لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ پرسیاری لێ کردم بۆ خەریکی ئامادەکردنی فەرهەنگێکی قانوونی کوردی نابم؟ لە وەڵامدا وتم: زمانناس نیم و زاراوەی قانوونیی کوردی زۆر کەمن، وتی شارەزاییم لە هەر سێ زمانی عەرەبی و فەڕەنسی و ئینگلیزی هەیە و کوردیەکەم باشە! لەوە دەچوو لەو ماوەدا چاودێری کوردییەکەی کردبم، بۆیە ئەو قسەی کرد! وتی منیش هاوکاریت دەکەم. کاتێ دەستم بە ئامادەکردنی ئەو فەرهەنگە قانوونییە کرد، پاش نیمەڕۆی ڕۆژانی دووشەم دەچوومە لای، زۆر جاران پرسیاری مانا قانوونییەکەی وشەکەی لێ دەکردم، منیش بۆم ڕوون دەکردەوە، دواتر پێکەوە بڕیارمان لەسەر هاوتایەکەی بە کوردی دەدا.(٧) چاپی یەکەمی ئەو فەرهەنگە، کە یەکەمین فەرهەنگی قانوونییە بە زمانی کوردی، دەزگای (ئاراس) لە هەولێر لە ساڵی (٢٠٠٤) چاپی کرد، چاپی پێنجەمی پاش پوختەکردنی لە ساڵی ٢٠١٣ هەردوو وەزارەتی داد و ڕۆشنبیری و لاوان چاپیان کردەوە و دابەشیان کرد بەسەر وەزارەت و دەزگاکانی حکومیدا.

له سەرەتای مانگی ئەیلوولی ١٩٧٥ بڕیاری گەڕانەوەم بۆ کوردستان دا و چوومە سەردانی بۆ دوعاخوازی، زۆری پێ ناخۆش بوو، چونکە ڕاهاتبووین بە چاوپێکەوتنی یەکتر لەو ماوە درێژەدا، وتم :مامۆستا خەمت نەبێ هەوڵ دەدەم ساڵانە دوو جار سەردانت بکەمەوە، چونکە د. عەتیەی خێزانم کە زوو زوو سەردانی دەکردن، لە لەندەن دەمێنێتەوە بۆ تەواوکردنی خوێندنی.

له کاتی نووسیندا، هەستم دەکرد دەستی بە ئاسانی قەڵەم ناگرێت، بۆیە پێشنیازی هاتنی کەسێکم بۆ کرد، کە کۆڕی زانیاری کورد بینێرێ بۆ هاوکاریکردنی بۆ نووسینەوەی بەرهەمە زۆرەکانی، بە تایبەتی ڕێزمانی زمانی کوردی، کە لە چەند بەرگێکدا ئامادەی کردبوو، هەمیشە دەیگوت دەمێکە خەریکی ئامادەکردنی بووە و زۆر مەبەستی بوو ئەو بەرهەمەی پێش کۆچکردنی چاپ بکرێت. پاش گەڕانەوەم بۆ وڵات، پەیوەندیم بە بەرپرسانی (کۆڕ) کرد بە هۆی کاك د. کەمال مەزهەرەوە، لەو دەمە ئەمینداری گشتیی (کۆڕ) بوو. هەموویان بە گەرمەوە پێشوازییان لەو پێشنازەکرد، منیش بە نامە ئاگاداری مامۆستام کردەوە، کە (کۆڕ) دەیەوێ یەکێك بنێرێ بۆ لەندەن بۆ هاوکاریکردنی. لە ٨ی تەمووزی ١٩٧٦ نامەیەکی بە دەستی خۆی بۆ ناردم، تێیدا داوای کاك محەمەدی مەلا کەریمی کردبوو. قسەم لەگەڵ مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم کرد، ئەویش زۆری پێ خۆش بوو، ئامادەیی خۆی پیشان دا بۆ ئەوەی بچێتە (لەندەن)، ئەگەر (کۆڕ) کارئاسانی بۆ بکات، وێنەی ئەو نامەی وەهبی بەگ، کە بە دەستخەتی خۆی بۆی نووسیوم، دامە کاك (هیوا حەمید شەریف) کە نامەی ماستەرنامەکەی بە زمانی عەرەبی لە ژێر ناوی (توفيق وهبی، حياته و دوره السياسي و الثقافي) له ١٨٩١ - ١٩٨٤ لە ساڵی ٢٠٠٦ بە چاپکردنی گەیاندووە، لەو کتێبەدا لە لاپەڕە ١٨٨ دەقی ئەو نامەیە بڵاوکراوەتەوە.(٨) بەرپرسیارانی (کۆڕ) لە بەغدا زیاتر لە ساڵێك خەریکی نووسراو بوون لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراقدا بۆ ئەوەی ڕێگا بە سەرفکردنی مووچە کەمەکەی کاکە حەمە لە (لەندەن) بدات، بەڵام نەیانکرد. لەو باوەڕەدام ئەگەر بۆ ماوەی ساڵێك کاکە حەمە لە لەندەن هاوکاری

بکردبا بە نووسینەوەی بەشێك لە بەرهەمەکانی، خزمەتێکی گەورە بە زمان و مێژوو و کولتووری کورد دەکرا.

پاش دامەزراندنی (کۆڕی زانیاری کورد) لە بەغدا لە ساڵی ١٩٧٠، تۆفیق وەهبی ڕەخنەی لە ناوی ئەو دەزگا زانستییە گرتووە و پێشنیازی دەستکاریکردنی کردووە. بە بۆچوونی ئەو، ئەو ناوە لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕاست نییە، وشەی (کۆڕ) کە وەرگێرانی وشەی (مجمع)ی عەرەبییە، لە کوردیدا بە مانای (کۆبوونەوە) دێت، کورد دەڵێ (کۆڕی زیکر). وشەی (زانیاری) دەبوو (زانستی) بێت، وشەی (کورد) ئەویش دەبوو (کوردی) بێت، کەواتە هەر سێ وشەکان لە جێگای خۆیدا نەهاتبوون. لەو فەرهەنگە قانوونییەم پێشنیازی (ئەکادیمیای زانستی کوردی) کراوە لەجیاتی (کۆڕی زانیاری کورد). لە پاش دامەزراندنەوەی ئەو دەزگا زانستییە لە هەرێمی کوردستان و پەسندکردنی قانوونێکی تایبەت بۆ ئەو دەزگایە لە لایەن پەرلەمانی هەرێم لە ساڵی ١٩٩٧، وشەی (ئەکادیمیا) جێگای (کۆڕ)ی گرتەوە. بە داخەوە لە ساڵانی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەرپرسیارانی (کۆڕ) لە بەغدا سووربوون لەسەر مانەوەی ئەو ناوە، ئەوەش بووە هۆی کێشە دروستبوون لە نێو وەهبی بەگ و ئەو دەزگا زانستییە، جاروبار بە پێکەنینەوە دەیپرسی: "دەنگوباسی (گۆڕی) زانیاری کورد چییە"؟ ماوەیەك لەگەڵ د. کەمال مەزهەر، کە ئەمینداری گشتیی کۆڕی زانیاری کورد بوو، هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەمان دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبووین. ڕۆژێك د. کەمال بە تەلەفۆن پرسیاری لێ کردم کەی دەگەڕێمەوە بۆ لەندەن؟ وتی کاك مەسعوود محەمەد دەیەوێ نامەیەك بۆ وەهبی بەگ بنێرێ و منیش بە دەستی خۆم پێی بدەم. ئامادەیی خۆم پیشان دا بۆ گەیاندنی ئەو نامەیە، ئەو ڕۆژەی لە سلێمانییەوە بە ڕێکەوتم بەرەو بەغدا، د. کەمال هاتە فڕۆکەخانەی بەغدا و نامەکەی پێدام، کە دانەخرابوو. نامەکەی کاك مەسعوود سەرەتاکەی بەم جۆرە نووسرابوو: "بۆ خزمەتی مامی گەورەم ... دەستەکانت ماچ دەکەم، جێگای سەربەرزییە گەر لە نووسینە بەنرخەکانت بۆ گۆڤارەکەمان بێ بەشمان نەکەیت... ". نامەکەم دایە دەستی تۆفیق وەهبی بەگ و سڵاو و ڕێزی کاك دکتۆر کەمالم پێ ڕاگەیاند. لەبەر ئەوەی نامەکە بە

جوانی نووسرابوو، پێم خۆش بوو وێنەیەکی هەڵگرم، داوای ڕوخستەم لێ کرد فۆتۆکۆپی بکەم، ئەویش ڕازی بوو. وێنەی ئەو نامەیە لەناو کتێبخانەکەمدا مابوو، بە داخەوە ئەویش لەگەڵ هەموو ئەو کتێب و دۆکیمەنتانەی تری ناو ئەو کتێبخانەیەمان لە هاوینی ١٩٩٦ دا بەدەستی نەزانان لە هەوایر سووتێندران، هەرچەندە نزیکەی چوار ساڵ بوو وڵاتمان جێهێشتبوو.

مامۆستا تۆفیق وەهبی زانای ئەکادیمی، پتر لە (٣٢٧) کتێب و لێکۆڵینەوە و دیراساتی جۆراوجۆری بە چەند زمانێك لە گۆڤارە بەناوبانگەکانی جیهانی و کوردی و عێراقی بڵاوکردۆتەوە، بەشی زۆریان بە زمانی کوردی بوون. لە ساڵی ١٩٢٨ لە بەغدا کتێبی (دەستووری زمانی کوردی) بە چاپکردن گەیاندووە، لە ساڵی ١٩٥٦ لە بەیروت بەشی یەکەمی کتێبی ڕێزمانی کوردی چاپ کردووە، چەندەها لێکۆڵینەوەی بە نرخی لەسەر ناوی شار و جێگا بەناوبانگەکانی کوردستان و عێراق بڵاوکردۆتەوە، لەوانە ناوی: کەرکوك، داقووق، شارەزوور، پردێ و بەغدا. چەندین دیراساتی لەسەر ئایینە کۆنەکان لە گۆڤارە جیهانی و عەرەبییەکان بڵاوکردۆتەوە. لە نووسینێکی بە زمانی ئینگلیزی، کە وەڵامدانەوەی نووسینێکی (مەکەنزی) بووە، کە تێیدا وتویەتی زمانی کوردی بەشێکە لە زمانی فارسی، تۆفیق وەهبی بە بەڵگەی مێژوویی و زمانەوانییەوە سەلماندوویەتی کورد وەك نەتەوە نەوەی مادە - هیندۆ ئێرانییەکانن، زمانەکەشیان بەشێکە لە زمانە ئێرانییەکان، نەك لە زمانی فارسی. ئەم نووسینەی لە ساڵی ١٩٧٤ کراوە بە عەرەبی و بڵاوکراوەتەوە. چەندین دەسنووسی ماوە جارێ چاپ نەکراون، لەوانە:

فەرهەنگێك بە زمانی کوردی - سانکریتی - ئاڤێستایی- فارسی.

فەرهەنگێکی کوردی - فارسی.

فەرهەنگێکی ئاڤێستایی.

فەرهەنگێکی تایبەت بە سەرچاوەکانی زمانی کوردی و ئاڤێستایی.

کتێبێکی تایبەت بە ڕێزمانی کوردی، کە دەمێك بوو خەریکی ئامادەکردنی بوو، زۆریش مەبەستی بوو چاپ بکرێت.

ماموستا تۆفیق وەهبی شارەزای چەند زمانێکی کۆن و تازە بوو، لانی کەم (هەشت) زمان، شارەزایییەکی زۆری هەبوو لە ئەدەبی کوردی و فارسی و تورکی کۆن. سەبارەت بە ئەدەب شیعری کلاسیکی کوردی، زۆر شارەزا بوو، بەشێکی زۆری شیعرەکانی شێخ ڕەزای لەبەر بوو، لەگەڵ موناسەباتی گوتنیان. بەخۆشییەوە دەیگوت: موریدی شێخ ڕەزام، هەستم دەکرد خۆشترین کاتی تۆفیق وەهبی ئەو دەمە بوو کە قسە خۆشەکانی شێخ ڕەزای دەگێڕایەوە. هەر لەبارەی شێخ ڕەزاوە، جارێکیان گوتی: لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا کۆنە وەزیرێك کۆچی دوایی کردبوو، لە گۆڕستانی شێخ عبدالقادری گەیلانی لە بەغدا بە خاکیان دەسپارد. لە کاتی بە جێگەیاندنی مەڕاسیمی ناشتن، دەکەوێتە تەماشاکردنی سەرکێلەکان بە مەبەستی دۆزینەوەی کێڵی سەر گۆڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کە لەوێدا لە ساڵی ١٩١٠ بەخاك سپێردراوە. کاتێ دەیدۆزێتەوە، دەبینی کێلەکانی بەسەریەکدا شکاون، زۆر ناڕەحەت دەبێ دەگەڕێتەوە ناو خەڵکەکە. لە دوورەوە چاوی بە شێخ حەسەن تاڵەبانی، کوڕەزای شێخ ڕەزا دەکەوێ، دەچێتە لای و دەستی دەگرێ و دەیباتە سەر گۆڕی باپیری و ئەم بەیتە شیعرەی شێخ رەزای بەسەردا دەخوێنێ:

**تــڕی ئــەولادی ئــەم عەســرە بــە کیــرم**

**کە من مردم مەگەر گوو بکەن بە خێرم!**

وەهبی بەگ وتی: قسەکانم بێ  سوود نەبوون، چونکە پاش چەند هەفتەیەك شێخ حەسەن بە تەلەفۆن ئاگاداری دەکاتەوە، کە گۆڕی شێخ ڕەزای باپیری هەڵبەستۆتەوە!

تۆفیق وەهبی تەماشای شێخ ڕەزای نەدەکرد هەروەك شاعیرێکی بە جورئەتی قسە خۆش و زیرەك، بەڵکو دەیگوت شێخ ڕەزا دەریایەك بوو دەبێ بە وردی لە شیعرەکانی بکۆڵینەوە. بۆ پشتگیریی لە قسەکانی، چەند بەیتە شیعرێکی بە زمانی تورکی بۆ خوێندمەوە، کە لە دیوانەکەیدا نییە و تێیدا دەڵێ: کەرکوك پایتەختی ویلایەتی شارەزوورە و ئەو باجانەی کۆکراونەتەوە ڕەوانەی ئەوێ کراون. ماموستا وتی ئەو چەند بەیتە شیعرە وای لێ کردم ماوەیەکی زۆر لەناو کۆنە دۆسیەکانی وەزارەتی دارایی عێراقی بگەڕێم و تەماشای پسووڵە کۆنەکانیش بکەم، بەتایبەتی لەو ماوانەی

کەرکوك پایتەختی شارەزوور بووە. پاش ماندووبوونێکی زۆر، ئەو پسوولانە دەدۆزێتەوە کە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە شێخ ڕەزا لەو شیعرەی باسی کردووە. چەندین ڕووداو سەبارەت بە جەسارەتی کەم وێنەی شێخ ڕەزای و دەیگوت: بەشی زۆری شیعرەکانی بۆ بەزم و خۆشی، لە موناسەباتی کتوپڕدا وتونی، بۆیە نەنووسراونەتەوە. ڕووداوێکی گێڕایەوە سەبارەت بە دڵپاکیی شێخ ڕەزا و گوتی: دڵی بە کینە نەبووە هەتا بەرانبەر ئەو کەسانەی قسەی ناشرینیان پێ وتون، بە تایبەتی شوکری فەزڵی شاعیر، کە هەمیشە بە توندی هەجوی کردووە. گوتی : پاش گەڕانەوەم بۆ بەغدا ماوەیەك بێ کار بووم، زوو زوو سەردانی شوکری فەزلیی شاعیرم دەکرد، کە دراوسێمان بوو لە گەڕەکی "جەدید حەسەن پاشا" لە شاری بەغدا. چەند جارێك پرسیاری ئەو شیعرانەی لێ دەکات کە تێیدا شێخ رەزای هەجوی کردووە، تا کۆیان بکاتەوە، بەڵام هەر جارە بەشێوەیەك وەڵامی دەداتەوە و عوزری بۆ دەخوازێ. جارێکیان پێی دەڵێ "وادیارە وەهبی بەگ وازم لێ ناهێنی، بەڵام ئەگەر بزانی بەهاوکاریی شێخ ڕەزا ملم لە پەتی سێدارە ڕزگار بووە، هەقی ئەوەم دەدەیتێ کە ئەو شیعرانەت پێ نەدام"! تۆفیق وەهبی کەوتە گێڕانەوەی ڕووداوەکە بە زمانی شوکری فەزلی و گوتی: لە سلێمانی لە قەسیدەیەکدا بە زمانی تورکی هەجوێکی توندی "ئۆردووی" عوسمانی کردووە. پاش بڵاوبوونەوەی ئەو پارچە شیعرەی، شوکری فەزڵی لە سلێمانی دەگیرێ و ڕەوانەی بەغدا دەکرێت بە تۆمەتی سووکایەتیکردن بە "ئۆردووی" عوسمانی. دادگای سەربازی لە بەغدا بڕیاری لە سێدارەدانی دەدا، بڕیارەکە ڕەوانەی (بابی عالی) دەکرێت بۆ پەسندکردنی. ئەم هەواڵە پاش ماوەیەك دەگاتە شێخ ڕەزا، کە وەکو دەزانین لە دوا ساڵەکانی ژیانی لە بەغدا جێگیربووە تا کۆچکردنی لەساڵی ١٩١٠. ئێوارە وەختێك شێخ ڕەزا دەچێتە دیوانی (والی)، کە لەوە دەچێت پیاوێکی ئەدەب دۆست بووە و بەشێك لە شیعرەکانی شێخ ڕەزای لەبەربووە. (والی) کە شێخ ڕەزا دەبینێت زۆری ڕێزی لێ دەگرێ و گلەیی لێ دەکات پێشتر سەردانی نەکردووە، پاش نوێژی شێوان میوانەکان هەموو دەڕۆن، تەنیا شێخ ڕەزا دەمێنێتەوە، (والی) پێی دەڵێ ئەم هاتنەت بێ هۆ نییە، ئەویش پێی دەڵێ بۆ کارێك

هاتووم و دیوەخانەکەت جێ ناهێڵم تا گفتی جێبەجیکردنیم نەدەیتێ، (والی) دەڵێ کاری تۆ بەمن جێبەجێبکرێ، بەسەر چاوان. شێخ ڕەزا پێی دەڵێ بۆ تکاکردن بۆ بەردانی شوکری فەزلی هاتووم، (والی) پێی دەڵێ بەداخەوە ئەو کارە لە دەستی ئەودا نەماوە، بەڵام گفتی پێ دەدا هەرچی پێ بکرێ لەبەر خاتری شێخ رەزا قسوور نەکات. زۆری پێناچێ، بەهۆی تکا و هەوڵدانی والی لەلای (بابی عالی)، وەلاّم لەجیاتی لە سێدارەدانی شوکری فەزلی، بە لێخۆشبوونی دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا. ئەوجا شوکری فەزلی ڕوو دەکاتە تۆفیق وەهبی و پێی دەڵێ: "لەگەڵ ئەو هەموو چاکەی شێخ ڕەزای (ئوستادم) لەگەڵی کردووم، دەتەوێ ئەو شیعرانەت پێبدەم کە تێیدا هەجووم کردووە، بە هاندانی چەند کەسێك؟" (٩) مامۆستا گوتی پاشان چەند جارێك داوای ئەو شیعرانەم لێکردەوە، بەڵام بێ سوود بوو پێی نەدام. (١٠)

مامۆستا تۆفیق وەهبی شارەزایەکی گەورە بوو لە بواری ئارکیۆلۆژی و مێژووی ناوچەکە، چەندین نووسینی بە پێزی لەم بوارانەدا بلاّوکردۆتەوە لە گۆڤارە بەناوبانگەکانی جیهانی و عەرەبی، سەبارەت بە زمانی کوردی و ڕێزمانەکەی، جگە لە بەرهەمەکانی لە سەرەتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، چەند ساڵێك بوو خەریکی ئامادەکردنی ڕێزمانی کوردی بوو بە شێوەیەکی فراوانتر، دەیگوت دەترسم ئەوەی چەند ساڵێکە پێوەی خەریکم نەگاتە دەستی ئەو کەسانەی سوودی لێوەردەگرن.

هەموو دەزانین چاکترین فەرهەنگی زمانەوانی، کە تا ئەو دەمە بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی بلاّوکرابێتەوە ئەو فەرهەنگە بوو کە مامۆستا تۆفیق وەهبی و (ئیدمۆنز) ئامادەیان کردبوو. لە چەند کەسێکم بیستووە کە ئەو فەرهەنگە تۆفیق وەهبی ئامادەی کردووە، ناوی (ئیدمۆنزی) لەسەر داناوە تا هاوکاری بکات بۆ چاپکردنی! پەیوەندی لەگەڵ (ئیدمۆنز) لە پاش ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٦ تێکدەچێ، چونکە لەو ڕۆژەدا (ئیدمۆنز) لەAsian Royal Association، لە کۆڕێکدا دەڵێ "هەر حکوومەتێکی عێراقی ڕێز لە خۆی بگرێت و بەتەنگ بوونی خۆیەوە بێت و سوودی خۆی لەبەرچاو بێ، پێویستە بە هیچ جۆرێك ڕێگە بەوە نەدات کەرکوك بە بەشێك

له كوردستان بژمێردرێ !" هەرچەندە ئەم بۆچوونەی (ئیدمۆنز) هی خۆی نەبووە، بەڵكو بەشێك بووە لە سیاسەتی حكوومەتی بریتانیا لەوەتەی دەوڵەتی عێراقی دامەزراندووە لە ساڵی ١٩٢١، بەلاّم تۆفیق وەهبی پاش ئەم وتارەی لێی تووڕە دەبێ و نێوانیان تێكدەچێت .

پاش ئەوەی چەند جارێك مامۆستا داوای لێكردم خەریكی كۆكردنەوەی وشەی قانوونیی كوردی بم، چونكە دەیزانی فەرهەنگێكی قانوونی بە زمانی كوردی نییە، منیش جگە لە زمانی عەرەبی شارەزای هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بووم. بەلای ئەوەوە، ئەو كەسەی خەریكی ئامادەكردنی فەرهەنگێكی قانوونی كوردی بێت، دەبێت جگە لە شارەزابوونی لە بواری قانوونیدا، لەچەند زمانێكی زیندووی وەك ئینگلیزی و فەرەنسی شارەزایی هەبێت، قانوونی فەرەنسی بە تایبەتی و قانوونی ئینگلیزی بە پلەی دووەم، سەرچاوەی بەشی هەرەزۆری قانوونەكانی ولاّتانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستن، چاكترە وشەی قانوونی لەو دوو زمانەوە وەربگیرێن و بكرێنە كوردی، نەك لە عەرەبیەوە، چونكە بەشی زۆری وشەی قانووونی عەرەبی لە یەكێ لەو دوو زمانەوە وەرگیراون، پاش ئەوەی چەند جارێك بەم شێوەیە گفتوگۆمان كرد لەسەر شێوەی ئامادەكردنی فەرهەنگێكی قانوونی، مامۆستا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هاوكاریكردنم و دەستم بە كۆكردنەوەی وشەی قانوونی كرد، پاش كۆكردنەوەی كەرەستەیەكی چاك، كە جگە لە مامۆستا تۆفیق وەهبی، كۆمەڵە پرسیارێكم ئاراستەی چەند دۆستێكی زمانزان و شارەزا لە زمانی كوردی كرد، كە ئاماژەم بۆ ناوەكانیان لە (پێشەكی) فەرهەنگەكە كردووە، هەوڵێكی زۆرم دا كەسێك یان دەزگایەك بدۆزمەوە بۆ چاپكردنی ئەو فەرهەنگە قانوونییە بەو چوار زمانە، بەلاّم كەسێكی شارەزام نەدۆزیەوە، بۆیە ناچاربووم خۆم ئەم كارە قورسە ئەنجام بدەم، كە ماوەیەكی زۆری برد. لە ساڵی ٢٠٠٤ دەزگای (ئاراس) لە هەولێرچاپی كرد و بلاّوی كردەوە .(١١)

لە خولی دووەمی پەرلەمانی هەرێمی كوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٩، ئەندامێكی بێلایەنی ئەو پەرلەمانە بووم. لەو ماوەدا بە بەردەوامی داوام دەكرد

پڕۆژە قانوونەکان بەزمانی کوردی ئامادەبکرێن و دابڕێژرێن. نەك بە عەرەبی. کێشەی گەورەمان تا ئێستا وەرگێڕانە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی، زۆر جاران ئەو کەسانەی پڕۆژە قانوونەکان ئامادە دەکەن، بە عەرەبی بیردەکەنەوە نەك بە کوردی، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە تائێستا بیر لە چارەسەرکردنی نەکراوەتەوە. پاساوی ئەو کەسانە کە داوای ئامادەکردنی پڕۆژەی قانوون و دەستوور بە زمانی عەرەبی دەکەن ئەوەیە، وشەی قانوونیی کوردی لەبەردەست نییە و دەزگایەکی بەرپرس ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ نەگرتووە، کار بەم شێوەیە بمێنێتەوە قانوونەکانی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان ئامادە ناکرێن، جاروباریش لەسەر بەکارهێنانی وشەیەکی عەرەبی مشتومڕ دەکەن. ماددەی (سێ) لە دەستووری عێراق دانی بە زمانی کوردی ناوە وەك زمانێکی فەرمی، لەپاڵ زمانی عەرەبی، ئەم ماددەیە تا ئێستا لە کوردستان بەباشی کاری پێنەکراوە، هۆیەکەش هەر خۆمانین.

سیفەتێکی تری مامۆستا تۆفیق وەهبی زانستمەند ئەوە بووە، خۆی باسی هەڵەکانی خۆی دەکرد و دەیگوت: لە فلانە شوێن هەڵەم کردووە و دەبێت چاك بکرێت. بۆ نموونە کە گەیشتینە سەر باسی وشەی (قانوون)، داوای لێکردم ئەم وشەیە بەکاربێنم نەك وشەی (یاسا)، کە وشەیەکی مەگۆلی تورکییە، دانی بەوەدا دەنا بەهۆی ئەوەوە کەوتۆتە ناو زمانی کوردی. بەلای ئەوەوە وشەی (قانوون) ڕاسترە، چونکە دەمێکە بەو مانایە بەکارهاتوە، لە وشەی (کانۆنیمۆس)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە. وشەی (یاسا) بە مانای ڕێگەپێدان دێ، پێچەوانەکەی (یاساغە)، بە مانای قەدەغە، یان ڕێگە پێنەدراو. پرسیاری بەکارهێنانی وشەی (یاسا)م لە زمانی کوردی لە مامۆستا ئەحمەد هەردی کرد، وەڵامی ئەوە بوو، تۆفیق وەهبی ئەم وشەی خستۆتە ناو زمانی کوردییەوە، وتی ئێمەش لەومان وەرگرتووە و بەکارمان هێناوە. لێرەدا بە ئەرکی سەر شانمی دەزانم ئەوەی لە مامۆستا تۆفیق وەهبیم بیستووە بە ئەمانەتەوە بیخەمە بەرچاو. بەلای بەشێك لە قانووناسانەوە بەکارهێنانی وشەی (یاسا) هەتا بەهەڵەش بێ، دەبێ دەسکاری نەکرێت، چونکە خەریکە بچەسپێ! سووربوون لەسەر بەکارهێنانی وشەیەکی هەڵە، کە داهێنەرەکەی داوای

ڕاستکردنەوەی دەکات هەڵوێستێکی سەیرە، پاساو بۆ بەکارهێنانی ئەو وشەیە بەهەڵەش بێت، وەك ئەوە وایە پاساو بۆ (زێدەڕۆیی - تەجاوز) لەسەر زەویوزاری میری و خەڵکانی تر بکرێت، کە تائێستا چاوپۆشی لێ کراوە و دەکرێت لەبەر ئەوەی چارەسەرکردنی کارێکی ئاسان نییە، هەتا ئەگەر بە پێچەوانەی قانوونیش بێت! چەند زمانزان و قانوونناسێکی ناسراو کە پێشتر وشەی (یاسا)یان بەکاردەهێنا، ئێستا وشەی قانوون بەکاردێنن، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ کە وشەی (قانوون) ڕاسترە. وابزانم کاتی ئەوە هاتووە چ لە سیاسەتدا بێت، یان لە بواری تر، هەڵەکانمان خۆمان چاکیان بکەینەوە و پاساو بۆ هەڵەکانمان نەهێنینەوە.

تۆفیق وەهبی قسە خۆش و ڕووخۆش، کە حەزی لە نوکتە و گاڵتە دەکرد، جارێکیان بە خێزانەوە چووبووینە سەردانیان، ئەو دەمە (کۆسار)ی کوڕم تازە کەوتبووە سەر پێ و زۆر بزێو بوو. لە ژووری دانیشتنەکەیان، کە زۆر بچووك بوو، دەستی بۆ شتی سەر مێزەکەی مامۆستا دەبرد، ئەویش بە بزەیەکی سەر لێوەوە تەماشای دەکرد، لەناکاودا گوتی: (هەمەوەنە هەمەوەن !) لە قسە خۆشەکانی دیکەی گوتی: لە گەڕەکی (جدید حسن پاشا) بووین لە بەغدا، هاوین بوو زۆر گەرم بوو، کاتێك دەگەڕامەوە بۆ ماڵ لە بن سێبەری دیوارێك کابرایەکی کوردی فەیلی دانیشتبوو، پرسیاری لێ دەکات ڕۆژانە چەند پەیدا دەکات، دەڵێ نزیکەی (ڕوپیەك)، پێی دەڵێ ڕۆژانە ئەو (ڕوپیە)ی پێدەدا، هیچ نەکات، تەنیا پێکەوە قسە بکەن، کابرا ڕازی دەبێت و پێکەوە دەچنە ماڵەوە و دەست بە قسەکردن دەکەن. مەبەستی مامۆستا لە گفتوگۆکردن لەگەڵی ئەوە بووە لە شێوەی قسەکردن لە لوڕی تێبگات. پاش ماوەیەك کابرا مێشکی ماندوو دەبێ، مامۆستا گوتی کتوپڕ هەستایە سەر پێ و گوتی ئەوە ڕوپیەکەت و خودا حافیز، ڕێگای دەرەوەی گرت، گوتی جارێکی تر چاوم پێی نەکەوتەوە! مامۆستا دەیگوت بیرکردنەوە لە کاری لەشیی گەلێك قورسترە، بۆیە بەجێی هێشتم !

سەرباری تەمەنی تۆفیق وەهبی بەگ، بیرو هۆشی زۆر تیژ بوو، شتی زۆر وردی لەبیر مابوو، جارێکیان چووینە سەردانیان، (نسار)ی کچم تەمەنی دوو مانگ بوو، بە

هەردوو دەستی هەڵیگرد، پاش تۆزێك بەدەم جووڵانەوە کەوتە وتنی ئەم چەند بەیتە وەك لای لایەی بۆ بکات:

**هەرچی کچە لە بیتوێنێ**
**هەی هەی لە پۆشینی سەری**
**چەند ناسك و چەند دوڵبەری، هاوارە و لانکێ**
**هەرچی کچی سلێمانییە**
**ماچیان نەکەی عاریان نییە، هاوارە و لانکێ**
**هەرچی کچی هەورامییە**
**بۆ تەنگانە عەیبیان نییە، هاوارە و لانکێ**
**هەرچی کچی کۆییە**
**پیشەی ناز و چاوبازییە، هاوارە و لانکێ**
**هەرچی کچی سابلاغییە**
**باڕیزەی کەلی شاخییە**
**ئەمڕۆ لە کوڕە لاو یاخییە، هاوارە و لانکێ !**

گوتی منداڵ بووە کە دایەنەکەی ئەو لایەلایەی بۆ وتوە، بەڵام بینیم لەگەڵ وتنی ئەم بەیتانە دەجووڵایەوە، دەنا نەدەکەوتنەوە بیری!

ئومێدەوارم لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان چاومان بە شەقامێك یان جێگایەکی گشتی بکەوێت بە ناوی (تۆفیق وەهبی) بەگەوە، داواش لە زانکۆکانی کوردستان دەکەم هۆڵێك یان بەشێك لە کتێبخانەکانیان بە ناوی (تۆفیق وەهبی) یەوە ناو بنێن، هەتاماوم یادی ئەو زانا گەورەیە لەبیر ناکەم و خۆم بە قەرزاری دەزانم.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستای گەورەمان تۆفیق وەهبی هەمیشەزیندوو.

پەراوێزەکان:

(١) حەمە ڕەسووڵ هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن ١٩٩١، لاپەڕە ٣٥٨، ٣٥٩

(٢) هۆی کوشتنی عارف سائیب، تۆفیق وەهبی بەشێوەیەکی تر دەیگێڕایەوە جیاواز بوو لەوەی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لە نووسینێکی لە گۆڤاری (کاروان) لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بلاّوی کردووەتەوە. ئەوەی لە وەهبی بەگم بیستووە سەبارەت بە کوشتنی جەمال عیرفان ئەوەیە، کەسانێك بە بەردەوامی لەلای شێخ مەحموود بە خراپە باسیان کردووە، ڕۆژێك ئەوەندە هانی دەدەن لە حاڵەتی تووڕەییدا دەڵێت: "سەگبابێك نەبوو بیکوژی"! پاش ماوەیەك یەکێك لە پیاوەکانی، کە گوێی لەو قسەیە بووە دەچێتە پێشەوە و دەڵێ قوربان کوشتم! پرسیاری لێ دەکات کێی کوشتووە، دەڵێ ئەی جەنابت نەتفەرموو کەسێك نییە ئەو کابرایە بکوژێت؟ شێخ زۆر تووڕە دەبێت، ئەو پیاوە ڕووناکبیرە زۆر دۆستی وەهبی بەگ بووە، زۆر جاران قسە خۆشەکانی دەگێڕایەوە .

(٣) هاوار، هەمان سەرچاوە لاپەڕە، ٣٦٠ .

(٤) ئەو چوار ئەفسەرەی کە بەشدارییان لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد کردبوو: شەهیدان عیزەت عەبدولعەزیز و خەیروڵا عەبدولکەریم و مستەفا خۆشناو و محەمەد قودسی لەپاش گەڕانەوەیان بۆ عێراق، دەدرێنە دادگای سەربازی و بڕیاری لە سێدارەدانیان دەدرێ، حکوومەتی ساڵح جەبر پاش ماوەیەکی کەم ئەم سزایە جێبەجێ دەکات، خوا لێخۆشبوو جەلال بەگی حامید بەگی جاف لە لەندەن لەساڵی ١٩٩٧ بۆی گێڕامەوە وتی، حامید بەگی جاف باوکی، لەگەڵ چەندین پەرلەمانتاری کوردی تر هەوڵی زۆریان لەگەڵ ساڵح جەبر دابوو تا بڕیاری لە سێدارەدان بکات بە بەندی هەمیشەیی، بەلاّم ساڵح جەبر سووربووە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی دادگای سەربازی.

(٥) ئەدرێسیماڵەکەیان ئەمە بوو **Ferry Road Barnes، London S.W**

(٦) خوێندکارێکی زانکۆی بەسرە بەناوی (نەعیمە لەتیف)، کە خەریکی ئامادەکردنی ماستەرنامە بوو لەسەر (ئاسیا تۆفیق وەهبی) چەند جارێك بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردم، بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر ژیان و چالاکییەکانی ئەو ژنە گەورەیە، لە ٢٠١٣/٣/٣٠ لەهەولێر بۆ هەمان مەبەست سەردانی کردم.

(٧) تەماشای (پێشەکی ) فەرهەنگی قانوونی بە زمانی عەرەبی - کوردی - فەرەنسی - ئینگلیزی بکە، چاپی پێنجەم، کە وەزارەتی داد و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان چاپیان کردووە، چاپخانەی (ڕۆژهەلاّت)، هەولێر ٢٠١٠، ل ٩

(٨) هيوا حميد شريف، تۆفيق وەهبی، حياته ودوره السياسي والثقافی، (بنکەی ژين) السليمانية، ٢٠٠٦ ، ص ١٨٨.

(٩) شێخ ڕەزا لە بەيتە شيعرێکی ئاماژەی پێکردوون، کە وتوويەتی:

من دەزانــم کێ لە خشتەی بردوويی ئەمما چە ســوود؟

(سەييدە) و(سەييد) قسەی سووکی دەبێت دەرهەق نەکەم !

(١٠) نووسينێکم لەبارەی شێخ ڕەزا تاڵەبانی لە گۆڤاری (کاروان) بڵاوکردۆتەوە، ژمارەی (٧٠) ساڵی ١٩٨٨، لاپەڕە ٢٤، هەروەها لە ناميلکەی لە ژێرناوی: (شێخانی ئيرشادی تاڵەبانی و چەند ناودارێکی تری ئەم بنەماڵەيە)، کە لەساڵی ٢٠٠٢ بڵاومکردوەتەوە، چاپی دووەم ساڵی ٢٠٠٣، هەولێر، لاپەڕە ٦٤.

(١١) تا کۆتايی ساڵی ٢٠١٠، ئەو فەرهەنگە قانوونييە پێنج جار چاپکراوەتەوە.

(١٢) سەرچاوەی ژمارە (١٠).

# بارودۆخی ئێستای کوردستان لە دیدی حاجی قادر و شێخ ڕەزا و خالیسی

چەند شاعیرێکی بوێر و چاونەترسی کورد، پتر لە سەدەیەك لەمەوبەر ڕەخنەیان لە کۆمەڵگای کوردی ئەودەمە گرتووە، لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ باری شێواوی وڵاتەکەیان. حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و خالسی (شێخ محەمەدی کوڕی شێخ ڕەزا) نموونەی دیار و بەرچاوی ئەو شاعیرانە بوون. پرسیار لەوەدایە ئایا ئەو شیعرانە هەر بۆ ئەودەمە گونجاوبوون، یان بۆ باری ئێستای کوردستانیش دەشێن؟ وردبوونەوە لە بەشێك لە شیعرەکانی ئەو سێ شاعیرە گەورەیە، لەگەڵ دیاریکردنی هۆی دانانیان، وەڵامی ئەو پرسیارەمان بۆ ڕووندەکاتەوە.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی پیاوێکی کراوە بووە، بە توندی ڕەخنەی لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاوە گرتووە. ڕەخنەی توندی لە کاربەدەستە گەورەکانی سەڵتەنەتی عوسمانی گرتووە، لە سوڵتان عەبدولحەمیدەوە کە بە (ئەی حەمیری المؤمنین) ناوی بردووە، تا سەدری ئەعزەم، کە لە بەیتە شیعرێکی بە زمانی فارسی (صەدری ئەعزەمی) بەم شێوە وەسفکردووە:

**شنیدم که عرب صدر سینەرا گویند**

**رسیدم بدیاری که صدرشان پشت است**

**واتا: بیستوومە عەرەب بە سنگ دەڵێن: (صدر)**

**گەیشتمە وڵاتێ کە (صدر)ەکانیان پوشت و نامەردن!**

بە بۆچوونی کاك محەممەدی حەمەی باقی، ڕووخانی ئەمارەتی بابان هۆی دروستبوونی گیانی ڕەخنەگەری بووە لەلای شێخ ڕەزا، چونکە لەسەرەتای ژیانیا ڕووخانی ئەو ئەمارەتەی بینیوە، کە دوا ئەمارەتی کورد بووە، ئەوەش باری دەروونی بەجارێك شێواندووە، لەتاوا ڕووی لە هەندەران کردووە، دەمێك لە ئەستەمبوول بووە و دەمێك لە میسر و لە ئێران، تا لە بەغدا خۆی گرتووەتەوە، لەوێ لە ساڵی ١٩١٠ کۆچی دوایی کردووە. لە بەیتە شیعرێکی بەم جۆرە وەسفی ژیان و حاڵەتی خۆی کردووە:

**غم سبق داش ازل درد و الم، یاروندیم**

**علت و زلت، وقلت رفیقان قدیم**

**واتا: خەم هاوڕێی کۆنمە، دەرد و ئازار یار و هاودەممە**

**هەروەها نەخۆشی و زەلیلی و دەستکورتی هاوڕێی کۆنمن.**

لەو گەشت و گەڕانەی بەو وڵاتانەدا چاوی بە چەندەها پیاوی گەورەی سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری کورد کەوتووە، باری ناخۆشی وڵاتەکەی بۆ ڕوونکردوونەتەوە، بە ئومێدی چارەسەرکردنیان. لە پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، دەبینێ باری سیاسی و کۆمەڵایەتی خراپتر بووە، کەسانێکی زۆر ڕوویان لە چەوتی و فێڵبازی کردووە، بۆیە لە داخا بەڵام بە زمانی گاڵتەو گەپەوە لێیان بە جەواب هاتووە و بەو شێوە وەسفی کردوون:

**ڕاست لە دونیادا نەماوە گەر قسەی ساغت دەوێ**

**بێ هـەزارانت نیشـاندەم گەر قورمســاغت دەوێ**

ئەو کەسانەی بەر پەلاری شێخ ڕەزا کەوتوون، بە شیعر بێ یان بە قسە، لێی دڵگیر نەبوون، بەڵکو زۆر جاران خۆیان ئەو شیعر و قسانەی شێخ ڕەزایان بڵاوکردووەتەوە! ڕۆژێك لە کەرکوك لەبەردەم باڵەخانەیەکی تازەدا تێدەپەڕێ و پرسیار لە خاوەنەکەی دەکات، دەردەکەوێ ناسیاوێکی خۆیەتی کە بە گەرمەوە پێشوازی لێدەکات، بەڵام شێخ ڕەزا پێی دەڵێ: گەورەیی و ویحدانیەتی خوا لەوەدا دەردەکەوێ کە تۆ بەو هەموو بێ عەقڵییەوە خوا ئەو کۆشکەی پێداوی، منیش بەو زیرەکییەوە نانی شەوم نییە!

حاجی قادری کۆیی لە بەر جەور و ستەمی هاوڵاتیانی خۆی بە ناچاری ڕوو لە وڵاتی غەریبی دەکات، ئەویش بە شیعر بەڵام ئازایانە و بێ سڵکردنەوە لە کەس، ڕەخنە لە کۆمەڵگای دواکەوتووی کوردی دەگرێ، لەگەڵ دیاریکردنی برینەکانی و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان، بێ ئەوەی کەسێك گوێ لە ئامۆژگارییەکانی بگرێ. حاجی وەك شێخ ڕەزا، ئەویش زۆر ناڕەحەت بووە لە شێوازی حوکمڕانیکردن لە دەوڵەتی عوسمانی و لە بارودۆخی سیاسی ئەو دەمە، هەروەها خەمی لەوەش

خواردووه كه گەلەكەی لەژێر دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە نەخۆشەدا بێ. بەلای منەوە دەوڵەتی عوسمانی ئەو دەمە لە زۆر ڕووەوە دەشوبهێتە باری ئێستای دەوڵەتی عێراقی نەخۆش! حاجی لە نامەیەكی بە شیعر بۆ دۆستێكی لە كوردستان وەسفی كاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی بەوە شێوەیە دەكات:

**ئەم سەگانەی كە لە لای ئێمە وەزیر و وكەلان**

**بێنە لای تۆ بەخودا نایكەیە گاوان و شوان!**

لەگەڵ ئەو ڕەخنانەی كە ئاراستەی كۆمەڵگای كوردی ئەو سەردەمەی كردوون، هەمیشە هەوڵی داوە ڕێگای ڕزگاربوونیان بۆ دیاری بكات، ئەوەش بە یەكگرتنیان:

**لەم بەینە ئیتیفاقێ پەیدا بكەن بە مەردی**

**فەرقی نەبێ شوان و جووتیار و میر و گاوان**

هەروەها بە بیریان دێنێتەوە و دەڵێ:

**كوا ئەو دەمەی كە كوردان ئازاد و سەربەخۆ بوون**

**سوڵتانی موڵك و میللەت، ساحیبی جەیش و عیرفان**

**كوا والیی سەنەندوج، بەگزادەیی ڕەواندوز**

**كوا حاكمانی بابان، میری جزیر و بۆتان**

حاجی قادر لە ئەستەموولْ سەری حەسانەوەی ناوەتەوە، تا لە ژیاندا مابوو كەسێك گوێی بۆ شیعرە پڕ لە ئامۆژگارییەكانی شل نەدەكرد. ١٥ ساڵ بەسەر دامەزراندنی قەوارەیەكی كوردی تێپەڕیوە، بەڵام كەسێك تا ئێستا لە گۆڕ و مەزارە ونبووەكەی حاجی نەپێچاوەتەوە. لە هاوینی ساڵی ١٩٦٨ دا لە فەرەنسا بەرەو نیشتمان دەگەڕامەوە، لە ئەستەموولْ چاوم بە موریدێكی حاجی قادر كەوت خودا لێی خۆشبێت كاك كەمال حەمەد ئاغای دزەیی. ڕۆژێك پێكەوە چووینە گۆڕستانی (ئەبا ئەیوبی ئەنساری) بۆ سۆراغی گۆڕەكەی حاجی قادر، بەڵام چوونەكەمان سوودی نەبوو.

ناوی حاجی قادر و شێخ ڕەزا لە دەروونی هەموو كوردێكی دڵسۆز جێگیربووە، هەروەها شیعرەكانیان كە بەشی زۆریان لەسەر زاری زۆر كەسن و لە بیر نەكراون،

بەڵام ئەو کەسانەی بەر ڕەخنەی ئەو دوو کەڵە شاعیرە کەوتوون، مەگەر ناویان لە شیعرەکانی ئەواندا مابن!

ئەگەر حاجی قادر و شێخ ڕەزا لە سەردەمێکدا ژیابن کورد خاوەن دەسەڵاتی سیاسیی خۆی نەبووە، خالسی لە سەردەمێکی جیاوازدا ژیاوە ئومێدی دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ لە ئارادا بووە. خالیسی بە هەموو توانایەوە بەشداری لە دروستکردن و بنیاتنانی کردووە، بەڵام لەبەر هەمان ئەو هۆیانەی کە پێشتر حاجی و شێخ ڕەزا دەستنیشان کردبوون، ناچاردەبێ دەست لە کار بکێشێتەوە. کەسانێك لەبەر بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان چەسپاندنی حکوومەتی شێخ مەحموودیان بەلاوە گرنگ نەبووە و هەوڵیانداوە کەسانی دڵسۆز و بە توانا لەناو ئەو دەسەڵاتە جێگایان نەبێتەوە. خالسی یەکێ بووە لەو دڵسۆزانە و ناچاریان کردووە دەست لەکار بکێشێتەوە و دووربکەوێتەوە لە شێخی نەمر.

شێخ محەمەدی خالسی پیاوێکی زیرەك و بە توانا بووە، خوێندەوارێکی زۆر باش بووە. بە ئومێدی بەشداریکردن لە دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموودی حەفید، دەبێتە قایمەقامی ڕانیە. بەڵام تاقمێکی خۆپەرست بە هەموو شێوەیەك کۆسپ و تەگەرەی بۆ دروست دەکەن، داوای لێ دەکەن داواکارییە نابەجێیەکانیان جێبەجێ بکات، کە قبووڵی نەکردووە. شەو چەند پیاوکوژێك دەنێرنە سەری بە نیازی کوشتنی، بەڵام لەگەڵ ئەو چەند کەسەی لەگەڵی بوون، داکۆکی لە خۆیان دەکەن، لە ئاکامدا یەکێکیان دەکوژرێ و خۆیشی بەسەختی بریندار دەبێ. کاتێ ڕۆژ دەبێتەوە بە برینداری ڕانیە بەجێ دێڵێ و دەگەڕێتەوە بۆ کەرکوك. بەڵام پیلانگێڕان بەوەش وازناهێنن، لەو ماوەدا درۆ و دەلەسە بە زمانی ئەوەوە هەڵدەبەستن، بەڵام وەك دەڵێن: "پەتی درۆ زۆر کورتە"، شێخ مەحموود ڕاستییەکانی بۆ دەردەکەوێ و نامەی بۆ دەنێرێ داوای گەڕانەوەی لێ دەکات، بەڵام خالسی بە قەسیدەیەکی زۆر جوان، کە بووە بە بەشێك لە میرات و مێژووی کورد، وەڵامی شێخ دەداتەوە، لەگەڵ پەنجە خستنە سەر ئەو هۆیانەی پاشتر بوونەتە هۆی

لەناوچوونی دەسەڵاتی کوردی. لە قەسیدەیەکی زۆر درێژدا خالسی ڕاشکاوانە ڕوو لە شێخ دەکات و دەڵێ:

وجودت فەخرە بۆ من، چونکە لای من فەخری کوردانی
نەوەی کاك ئەحمەدی، نوتفەی حوسێنی، شێری یەزدانی
جەنابی تۆ لەحەق مـن، زۆر لە خۆم موشـفیقتری ئەمما
لـە بـەختی نەحـسی مـن فکرت خـراپە، زۆر بـە نسیانی
یـەکانـەو پـەڵـخ و مـالوســی قـەوی قوڵیـان گـــەڵێ زۆرە
بـەری ملیـان لـەکوێ دەگرێ پشـیلەی کـانی ئێسـکانی؟
لەبـەرچاوت وەکو یەك وایـە، بێ فەرقــە لە خزمــەت تـۆ
شــەهین و حاجی لەقلەق، شـێر و ڕێوی، مورشید و جانی
کـەر و گـا خەرجی بـار جـووتە، هێسـتر ماڵی کـاروانـە
ئـەمـانـە نـابنــە کوێخـا و ڕەئیس و مــیری دیــوانی
بەیار کێڵان و گای لـەڕ، پیرو کچ خواســتن، ژن و تــەدبیر
سەگ و جۆ، ئەسپ و ئێسقان، بوق و سەردار، جورج و ناوکانی
عەبا و کەر، فێس و ڕێوی، ورچ و شـەپقە، مێزەر و مەیمـوون
حەیا و کوێر، شەرم و دۆم، قەحپە و وەفا، نامووس و سۆزانی!
لە کوێت دۆزینــەوە ئەم کوێر و قۆڕانەی لە خوا عاســـی؟
چلۆنت کەوتــە خاتر مشــکە کوێــرە و ورچی کوێســـتانی؟
لــە ڕۆژی وا پیــاوێ چاتــرە بۆ تـــۆ لە پێنج ســـەد کەس
هــەزاری لیــرەیــەك ناکــا دە پـارە و پـــووڵ و تـــارانی!
هەموویان دوژمنن، نەك دۆســـتی تۆن ئـەو گیپە خۆرانە
کـە ئیمــڕۆ تۆ وەلی نیعمـــەت و ئـاغــای هــەمـــوویانی
هەمـوو شــێر و پڵنگن وەختی نانخـواردن لە ئــەتــرافت
ســمێڵ بابـڕ، کفن دز، کەللە خـڕ، پەرچــەم مەریـــوانی
دوعــات با بۆ بکەن، ئەممــا بە تەدبـیریان نەکەی زینهار
مەلا و دەروێش و ســۆفی و شــێخەکانی لوقــمە باتمـانی

**ئەمانە گشت قســەن، بابێمە سەر مەتلەب وەکو عـورفی**
**لەســەر ئەم مەتلەعە لادەم بچم بــۆ مەتــلەعی ســـانی**
**لــە پاش تــالآن و عــەزل و لانـــەوازی و خــانـــەوێرانی**
**حـەواڵەی خۆت دەکەم قوربان، چلۆن بێم بۆ ســـولەیمانی!**

خالسی ئەم قەسیدەی پاش دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردی داناوە، هۆی ڕێکخستنیشی دیارە وەك شاعیر بۆی ڕوونکردووینەتەوە. جارێکی دی ئەو پرسیارە لە خۆمان دەکەینەوە، ئەو بارودۆخەی بووەتە هۆی هۆنینەوەی ئەو پارچە شیعرانە ئایا دەشوبهێتە باری ئێستای کوردستان؟ ئەم پرسیارە بۆیە دێتە ئاراوە چونکە دەبینین کەسانێکی ئەنفالچی و کۆنە بەعسی و پیاوی ئەمن و موخابەرات بوون بە دەسەڵاتدار! مشك، بە وتەی خودی کاربەدەستێك، کراوە بە "فیل"، نەزان کراوە بە "زانا"! هەر ئەوەندە دەڵێم: خوا ئاخری خێر کات!

هەولێر، ١١ تەموزی ٢٠٠٧

---

هەفتەنامەی (ئاوێنە)، ژمارەی (٧٨)، سێشەمە ١٧ تەمووزی ٢٠٠٧.

# شێخ ڕەزای تاڵەبانی قسەخۆش و خاوەن هەڵوێستی جوامێرانە

شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شاعیری کلاسیکی گەورەی کورد و بە توانا لە ڕێکخستنی شیعرو قافیەدا لە هەموو مەیدانەکاندا، بە تایبەتی لە مەیدانی هەجوو و ڕەخنەگرتن، پیاوێکی زۆر قسە خۆش بووە و زۆر حەزی لە گاڵتەوگەپ بووە. ئەم شاعیرە گەورەیە خاوەنی هەڵوێستی جوامێرانە بووە لەگەڵ هەموو کەسێکدا، هەتا لەگەڵ ئەو کەسانەی خراپەیان بەرامبەر کردووە، کە شوکری فەزڵی شاعیر، یەکێکیان بووە و لە هەموو کەسێکی تر زیاتر شیعری ناشرین و ناڕەوای پێ وتوە. بەشێك لە قسە خۆش و نەستەقەکانی شێخ ڕەزا ئێستاش دانیشتنی ئەدیب و ئەدەبدۆستان و خەڵکانی تر دەڕازێننەوە.

لەوە دەچێ شێخ رەزا لە مناڵیەوە زیرەکی و بلیمەتی و زمان تیژی پێوە دیار بووە. دەگێڕنەوە لەسەردەمی ژیانی باوکی، شێخ عەبدەلوڕەحمانی (خالص)، کە زانا و شێخی عیرفان و شاعیرێکی گەورە بووە، شێخ ڕەزای مێردمناڵ، لەگەڵ شێخ عەلی کاکی و دوو براکەی دیکەیان، بۆ زیارەتی بارەگای شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەچن بۆ بەغدا. بە زمانی شێخ ڕەزا دەگێڕنەوە، لەکاتی تەوافکردندا پاڕاوەتەوە لە خوای گەورە توانای شیعر و قافیەی ڕێکخستنی پێ ببەخشێ، پاش چەند سەعاتێك زمانی بەستراوە و قسەی پێ نەکراوە، کە بووەتە هۆی ناڕەحەتی کاکی گەورەی، شێخ عەلی تاڵەبانی. کاتێ دەگەڕێنەوە بۆ کەرکوك، شێخ عەلی ئەو ڕووداوەی بۆ باوکی گێڕاوەتەوە، بە بزەیەکی سەر لێوەوە فەرموویەتی "خۆزگە زمانی نەکرابایەوە"!

شێخ ڕەزای قسە خۆش و مەشرەب خۆش، دانەماوە لە وەڵامدانەوەی بەرامبەرەکەی و لە وتنی شیعری ڕەخنەگرتن لە ڕووی دەسەڵاتداراندا سڵی نەکردووەتەوە، بێ گوێدانە پلە و پایەیان، بە ئاشکراو ڕاستەوخۆ قسەی خۆی کردووە و ڕەخنەی لێگرتوون هەتا سوڵتان و سەدری ئەعزەم و والی بوویا. لەگەڵ خزم و دۆستانیشی، بە هەق و ناهەق، بە شیعر و بە قسە هەرچی بەدەمیدا هاتبێت نەیگێڕاوەتەوە، بەڵام وەك دەگێڕنەوە پاشان پەشیمان بووەتەوە. شێخ ڕەزا پیاوێکی

دووڕووو نەبووە، قسە خۆشەکانی وەك شیعرەکانی بە گێڕانەوەی دەماودەمی بۆمان ماونەتەوە و بڵاوبوونەتەوە، بەتایبەتی لە دیوەخانە و تەکیە و خانەقاکاندا، کە لەو سەردەمە لە سەرانسەری کوردستاندا، وەکو مەڵبەندی ڕۆشنبیری بوون. بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی فەوتاون، هەروەها قسە خۆشەکانی، کە بەشێکیان لە بیرکراون، یان فەوتاون، یان دەستکاری کراون.

بەشێك لە شیعرە هەجووەکانی شێخ ڕەزا و قسە توندوتیژەکانی بوونەتە مایەی ئیحراج بۆ کەسوکاری، بە تایبەتی بۆ کاکی گەورەی، حاجی شێخ عەلی تاڵەبانی، کە گەورە پیاوی ئایینی و کۆمەڵایەتی ناوچەی کەرکوك و کوردستانی ئەو سەردەمە بووە و سەرۆکی بنەماڵەی تاڵەبانی بووە. لە بەشێك لە شیعرەکانی هەجوی کەسانێکی کردووە سایشتەی ئەو جۆرە هەجووکردنە نەبوون. بۆ نموونە، لە تاکە بەیتێکدا قسەی توندی دەرحەق بە مەلا مەحموودی مەزناوە وتووە، کە یەکێك بووە لە مەلا هەرە ناودارەکانی کەرکوکی ئەو دەمە، شێخ ڕەزا دەڵێ:

**کێ دیویەتی ماڵی خەزوور بۆ زاوا**

**تۆ لە کوێ، تەکیە لە کوێ، (بزنە گەڕی) مەزناوا!**

وابەزانم بەشی زۆری ئەو مامۆستایانەی شیعرەکانی شێخ ڕەزایان لێکداوەتەوە ئاماژەیان بۆ هۆی دانانی ئەم تەنیا بەیتە شیعرەی نەکردووە، چونکە ئاگاداری پەیوەندیی نزیکی نێوان مەلا مەحموود و شێخ عەلی برا گەورەی شێخ ڕەزا نەبوون. مەلا مەحموود جگە لەوەی زانایەکی گەورە بووە، مامۆستای خوای لێ خۆشبێت باوکم شێخ جەمیلی تاڵەبانی بووە، لە مەیدانی عیرفاندا پایە بەرز بووە و خەلیفەی کاك ئەحمەدی شێخ و شێخ عەلی تاڵەبانی بووە. لە، خوا لێی خۆشبێت، کاکم شێخ عەلی تاڵەبانیم بیستووە، مەلا مەحموود پێی خۆشبووە نزیکتر بێتەوە لە شێخ عەلی و خوازبێنی یەکێ لە کچەکانی بکات، شێخ ڕەزا بە "سووئی نیەتەوە" ئەو مەبەستەی مەلا مەحموودی لێکداوەتەوە، گوایا نیازی ئەوەی هەبووە ببێ بە جێنشینی شێخ عەلی! شێخ ڕەزا لەو بەیتەدا دایشۆردووە و کردوویەتی بە "بزنە گەڕەی مەزناوە"! تاکو ئەمڕۆش ئێمەی نەوەی شێخ عەلی گەورە، لە پاش تێپەڕبوونی ئەو هەموو

سالأنه جاروبار كه چاومان به نەوەيەكی لەو كەسانه دەكەوێ كه شێخ ڕەزا به توندی دايشۆردوون، هەست به ئيحراج دەكەين!

شێخ ڕەزا چ به شيعر چ به قسه، زۆر كەسی ناوداری ئەو سەردەمەی شۆردووەتەوە. له چەند بەيته شيعرێكدا هەجوی تێكڕا خەڵكانی چەند شارێكی كوردستانی كردووە. سەير لەوەدايه ئێستاش ئەو شيعرانه لەسەر زاری خەڵكن و كەسانێكی زۆر بۆ گاڵته و له موناسەبات و بێ موناسەبه دەيلێنەوە!

له چەند كەسێكم بيستووه كه چاويان به شێخ ڕەزا كەوتووه و له نزيكەوه ناسيويانه، هەموويان دەيانگوت پياوێكی زۆر دڵپاك و دەروون خاوێن بووه، زۆر به دين بووه، به كردەوه زۆر دوور بووه لەو قسانەی له شيعرەكانيدا وتونی. شيعر و قسەكانی جاروبار بوونەته مايەی پەستی و دڵگيری لەلای ئەو كەسانەی هەجوی كردوون، هەرچەنده زانيويانه ئەو شيعرانەی بۆ سوحبەت و ڕابواردن وتونی. شێخ ڕەزا ستايشی ئەو كەسانەی كردووه كه هەجوی كردوون. له وەڵامدانەوەی پرسيارێك ئاراستەی كراوە، بۆچی هەجوی كەسانێكی كردووه، كەچی لەگەڵ كەسانێكی ديكەدا بێ دەنگ بووه، وتويەتی: "ئەو كەسانەی ديار نەبن من هەجويان ناكەم"!

لەوە دەچێت له سەردەمی شێخ ڕەزا و پاش ئەويش، زۆر له گەورە پياوانی ئايينی و كۆمەڵايەتيی كورد حەزيان له شيعری هەجوی مەكشوف بووه. له بەشێك له ديوەخانه و تەكيه و خانەقاكاندا ئەو شيعرانه خوێندراونەتەوه و گوێ له نوكتەكانی ڕاگيراوە. گەر تەماشای كتێبی "ڕشتەی مرواری" مەلا عەلادينی سەجادی ڕەحمەتی بكەين، دەبينين پڕە له قسەی گاڵته و نوكتەی كراوه به زمانی بەشێك له گەورە پياوانی ئايينی و كۆمەڵايەتيی سەدەی بيستەم و پێشتر. خەڵكەكه تێكڕا حەزيان لەو جۆره قسانه بووه، بۆيه به ئاسانی بڵاوبوونەتەوه و كۆمەڵگای كوردی قبووڵی كردوون.

ئەو كەسانەی ناڕەحەت بوون له شيعره هەجوەكانی شێخ ڕەزا، بەشێكيان چوونەته لای شێخ عەلی كاكی و گلەييان كردووە. بەپێی نەريتی ئەو سەردەمە، شێخ عەلی خۆی له شێخ ڕەزا تووڕەكردووه و سەرزەنشتی كردووە، چونكه بەشێك لەو

کەسانە دۆست و موریدی بوون و هەمووشیان لەناو کۆمەڵگای ئەو سەردەمە ناودار و دیار بوون. حاجی موستەفای ڤیڕدار یەکێك بووە لەو کەسانەی چووەتە لای شێخ عەلی و گلەیی لە شێخ ڕەزا کردووە. حاجی موستەفا پیاوێکی ناوداری کەرکوك بووە، ماوەیەك ئەندامی "ئەنجومەنی مەبعوسان"ی عوسمانی بووە لە ئەستەمووڵ و سەرۆکی شارەوانی شاری کەرکوك بووە. لە پارچە شیعرێکی بە زمانی تورکی، شێخ ڕەزا تەشبیهی کردووە بە (میناس غەریب) ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی کەرکوك لەسەر لیستی کلدانییەکانی ئەو شارە. ئەو پارچە شیعرە لەناو دیوەخانەکانی کەرکوك بلاّودەبێتەوە، پاش ماوەیەك دەگاتەوە بە حاجی موستەفای دۆست و موریدی شێخ عەلی. حاجی موستەفا دەچێتە لای شێخ عەلی و گلەیی دەکات کە شێخ ڕەزا تەشبیهی کردووە بەو پیاوە. شێخ عەلی دەنێرێ بە شوێن شێخ ڕەزا و خۆی لێ تووڕە دەکات و پێی دەڵێ چۆن پیاوێکی گەورەی وەکو حاجی موستەفای شوبهاندووە بەو کەسە؟ لەو سەردەمە تەشبیهکردنی پیاوێکی دیندار و ناوداری ناو کۆمەڵگا بە دیانێك کارێك بووە بە ئاسانی قبووڵ نەکراوە.[15] لە وەلاّمدانەوەی گلەییەکەی حاجی موستەفا، شیخ ڕەزا ڕووی کردووەتە کاکی و وتویەتی، لەم بەینە سەری لێشێواوە، لە لایەکەوە ئەو پیاوە چووەتە ماڵەکەی و گلەیی لێ کردووە کە شوبهاندوویەتی بە حاجی موستەفا، پێی وتووە لە کەرکوك کەسێکی دیکەی نەدۆزیوەتەوە پێی بشوبهێنی لە حاجی موستەفا بەولاوە، کەچی ئەویش گلّەیی دەکات بەوەی شوبهاندوویەتی بە میناس غەریب! بە کورتی حاجی موستەفا قەرزاربار دەرچووە!

لێرە ئاماژە بۆ موناسەبەتی دانانی چەند بەیتە شیعرێکی شێخ ڕەزا دەکەم، لەگەڵ گێڕانەوەی چەند قسەیەکی نەستەقی. بەشێك لەو قسانە لە پیاوانی بە تەمەنم بیستووە کە چاویان بە شێخ ڕەزا کەوتووە، یان بە دەماودەم ئەو قسانەیان لە

---

(١) تەماشای نووسینەکەم بکە لەژێر ناوی:" گەشتێکی تر بە جیهانی شێخ رەزای تالّەبانیدا"، گۆڤاری (کاروان) ژمارەی (٧٠)ی ساڵی ١٩٨٩، لاپەرە ٢١

کەسانی نزیکیەوە بیستووە. چەند قسەیەکی دیکەی شێخ ڕەزام لە کاکم، خوالیێ خۆشبێت، شێخ عەلی تاڵەبانی بیستووە، هەندێکی دیکەیان، لە خوالێی خۆشبێت، مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ. بەشێك لەو قسانەی بە زمانی شێخ ڕەزاوە بلاّوکراونەتەوە، یان بۆ لێکدانەوەی شیعرەکانی و موناسەبەتی وتنیان نووسراون، بەشێك لە ئەدیب و نووسەرە بەڕیزەکان ناوی ئەو کەسانەیان دیاری نەکردووە، کە ئەو قسانەیان لێ بیستوون. ئەوەش بووەتە هۆی ئەوە تاڕادەیەك گومان بکەوێتە سەر دروستیی ئەو لێکدانەوە و نووسینانە. ئەگەر تەماشای نووسینەکانی خوالێی خۆشبێت مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ بکەین، کە لە گۆڤاری "دەفتەری کوردەواری" لە سەرەتای حەفتاکاندا بلاّوی کردوونەتەوە لەبارەی قسە و شیعرەکانی شێخ ڕەزا، یان ئەو "پێشەکی"یەی بۆ دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە پاش کۆچکردنی، کاك ئومێد ئاشنا بلاّوی کردووەتەوە، دەبینین بەشێك لەو قسانە بۆ لێکدانەوەی موناسەبەتی شیعرەکانی نووسراون، پێویست بە چاوگێڕانەوە دەکات. لەو نووسینەی لە گۆڤاری"دەفتەری کوردەواری" بلاّوکراوەتەوە مامۆستا خاڵی ڕەحمەتی میناس غەریبی کلدانی کردووە بە جوولەکەی مەی فرۆش! بەش بە حاڵی خۆم نەمبیستووە لە کوردستان جوولەکە مەیفرۆشی کردبێت. لە لێکدانەوەی موناسەبەتی وتنی چەند بەیتە شیعرێکی شێخ ڕەزا، مامۆستا خاڵ ناوی ئەو کەسانەی نەهێناوە، کە ئەو قسانەی لێ بیستوون، ئەوە گومانێکی تر دەخاتە سەر شێوەی ئەو لێکدانەوە و نووسینانە. پێویستە لە نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستیانەدا ناوی سەرچاوە و ئەو کەسانە بنووسرێن کە گفتوگۆیان لەگەڵداکراوە. مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ زانایەکی ئایینی گەورەبوو، دەبوایە لە گێڕانەوەی ئەو قسانە ناوی ئەو کەسانەی بەیان بکردبا کە ئەو قسانەیان بۆ گێڕاوەتەوە. هەر چەندە لێرەدا مەبەستم تەشبیهکردن نییە، بەلاّم چۆن لە گێڕانەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر "دڕوودی خوای لەسەر بێت" ناوی ئەو کەسانە تۆمار کراون کە ئەو فەرموودانەیان گێڕاوەتەوە، لێرەش دەبوو ناوی ئەو کەسانە ئاشکرابکرێن کە ئەو قسانەی بە زاری شێخ ڕەزاوە وتووە، چونکە کاری زانستی دەبێت بەو شێوەیە بێت.

بەشێکی زۆر لە قسە خۆشەکانی شێخ ڕەزا فەوتاون، یان لە بیرکراون، چونکە نەنووسراونەتەوە و ئەو کەسانەش بیستوویانە دەمێکە چوونەتە بەر ڕەحمەتی خوا. مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ دەیگوت پیاوێکی وەك شێخ ڕەزای خاوەن ئەو هەموو شیعرە جوان و بە تام و لەزەتانە، چۆن دەبێ دوو سێ ئەوەندە قسەی خۆشی لە پالدا نەکردبێت! جاری واهەیە تاقە بەیتێك ڕووداوێکی گەورەی لە دوا بووە، یان بە هۆی قسەی یەکێکی کەوە کراوە، چونکە شێخ ڕەزا لە ناو جەرگەی کۆمەلگادا ژیاوە، شیعرو قسەکانی ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی ئەو ژیانە بووە. شێخ ڕەزا گەشتی زۆری کردووە بە جیهانی پێشکەوتووی ئەو سەردەمە و هەزاران ڕووداوی چاو پێکەوتووە و هەولی داوە بەشێکیان تۆمار بکات نەك لەسەر کاغەز، بەلکو لە دلی خەلکدا. ئەگەر شێخ ڕەزا نەبێت کێ دەتوانێ پێش سەدو بیست سال ئەم بەیتە شیعرە بلێت:

**ڕاست لە دونیادا نەماوە گەر قسەی ساغت دەوێ**

**بێ هەزارانت نیشان دەم گەر قورمساغت دەوێ!**

بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی شێخ ڕەزا بە موناسەبە وتراون و بەکوتوپڕی لە ناکاودا ئەو شیعرانە وەك پەلە هەوری بەهار لە دەمی دەرپەڕیون. زۆرجاران تەنیا بەیتە شیعرێك موناسەبەتێکی گەورەی لەدوادا بووە، کە لەبیرکراوە، یان هەر نەزانراوە. خوا لێی خۆشبێت حاجی حەمیدی حاجی کەریم دانیشتووی گەڕەکی بەرتەکیە، لە سەرەتای حەفتاکاندا بۆی گێڕامەوە وتی: کۆمەلێك هەرزەکاربووین لەبەردەم دەرگای تەکیە ڕاوەستابووین، شێخ ڕەزا لە مالی خۆیانەوە دەهاتە دەرێ، کە بەرامبەری تەکیە بووە، بۆ ئەوەی بچێتە تەکیە بۆ نوێژ. لەبەردەمیا وەستاین و کەوتینە پاڕانەوە: "توخوا مامە شێخ شیعرێکمان بەسەردا بلێ"، ئەویش پەلەی بوو تا بە نوێژەکەی ڕابگات و دەیگوت بەرۆکم بەردەن ئەگینا زەرەر دەکەن. گوتی هەر وازمان لێ نەهێنا، کتوپڕ وەستاو گوتی، لەگەل ئاماژەکردن بۆ چوار کەس لە نێوماندا:

**"بەر تەکیەلیی" حـەرام زادە و دایك خۆگێی زۆرە**

**"خلە"و "بلە" و "فشە گالتە" و "عەزە دەمبۆرە"!**

لەو باوەڕەدام ئەم بەیتە شیعرەی شێخ ڕەزا ئەگەر یەکێك لە موناسەبەی گوتنی ئاگادار نەبێت، ئەو کەسەی بەرچاوی دەکەوێت وا دەزانێ بەیتە شیعرێکی جنێودانە! سەدان شیعری شێخ ڕەزا بە موناسەبەتەوە وتراون و کەس ئاگاداری هۆی وتنیان نییە، بۆیە تامیان لێ ناکەن، یان بەباشی لێیان تێ ناگەن.

لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٩ کە لە کۆلێجی قانوون لە زانکۆی بەغدا مامۆستا بووم، جارجار سەردانی "کۆڕی زانیاری کورد"م دەکرد. جارێکیان چاوم بە کاك عەزیز ئاکرەیی ڕەحمەتی کەوت، لەو دەمە سەرۆکی بەشی کوردی (کۆڕ) بوو. لەو دانیشتنە قسە گەیشتە سەر شێخ ڕەزا، پێشنیازی دامەزراندنی لیژنەیەکم بۆ کرد لە کەسانی شارەزا لە شیعرەکانی، تاکو بتوانن کۆیان بکەنەوە، لەگەڵ لێکدانەوە و تۆمارکردنی موناسەبەتی وتنی شیعرەکانی. پێشنیازم کرد ئەندامانی ئەو لیژنەیە بچنە ئەو شار و جێگایانەی کەسانی لێ ماوە، کە شیعری شێخ ڕەزایان لە بەرە و ئاگاداری موناسەبەتی وتنی شیعرەکانن، ئامادەیی خۆیشم پیشاندا بۆ هاوکاریی کردنی ئەو لیژنەیە. کاك عەزیز پێشنیازەکەی پەسندکرد و هەر لەوێ داوای لە کاك لەتیف گلی، بەڕێوەبەری (کۆڕ)ی کرد، ئەو پێشنیازە بخاتە بەردەم کۆبوونەوەی داهاتووی (کۆڕ) لە مانگی ئەیلوولی ئەو ساڵەدا، چونکە پشووی هاوینی ئەو ساڵە تازە دەستی پێکردبوو. پاش چەند ڕۆژێك گەڕامەوە بۆ کوردستان، لە کەرکوك قسەم لە گەڵ چەند کەسێك کرد بۆ هاوکاریکردنی ئەو لیژنەیە. لە ئێوارەیەکی مانگی تەمووزی ئەو ساڵەدا کاك عەزیز چوو بۆ سوریا و لەوێوە بەیانێکی دژ بە ڕژێم بڵاوکردەوە، بەو شێوەیە کارەکە تێکچوو سەری نەگرت!

خوا لێی خۆشبێت حەمید فەتاح، ناسراو بە حەمید ئەفەندی، کە چاوی بە شێخ ڕەزا کەوتبوو و لە نزیکەوە دەیناسی و بەشی زۆری شیعرەکانی لەبەر بوو، جارێك لە تەکیە لە کەرکوك بۆی گێڕامەوە وتی، "شێخ ڕەزا لەماڵەوە دێتە دەرەوە بۆ ئەوەی بچێت بۆ تەکیە، لەو کاتەدا حاجی ڕەفیق ئەفەندی حاجی ئەمین خادم سوجادە، لەبەردەم تەکیە بەسواری ئەسپ تێدەپەڕێت، بە نیازی گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان، کە

له خوارووی تەکیە بووە. شێخ ڕەزا چاوی پێ دەکەوێ و ڕادەوەستێ و کتوپڕ ئەم بەیتە شیعرەی بەسەردا دەڵێت:

**ماینە کوێتێکی لەژێردایە لەڕ و سست و عەتیق**

**شـــان بە شـان ئــەڕوا لەگـەڵ " نعــم الرفيق "!**

هەندێك ڕووداوی تایبەت بە ژیانی شێخ ڕەزا هەن لەسەرەتاوە بە هەڵە تۆمارکراون، بۆ نموونە: لە "پێشەکی" دیوانی شیعرەکانی، کە لە ساڵی ١٩٤٦ لەلایەن خوالێی خۆشبێت پارێزەر عەلی تاڵەبانی، کوڕەزای شێخ ڕەزا، لە بەغدا چاپکراوە، نووسەری "پێشەکی" ئەو دیوانە، هەڵەی زۆری کردووە، کە بەداخەوە نووسەر و لێکۆڵەرانی پاشتر، بە مەلا عەئەلادینی سجادییەوە، لەسەر هەمان هەڵە ڕۆیشتوون و دووبارە و سێ بارەیان کردووەتەوە. هەموو دەزانین ئەو دیوانەی شێخ ڕەزا پڕە لە هەڵەی گەورە و بە نووسینێکی کوردی ناتەواو و ناڕێك چاپکراوە. ئەو کەسەی "پێشەکی" بۆ دیوانەکە نووسیوە و ئامادەی کردووە بۆ چاپکردن شارەزاییەکی ئەوتۆی لەبارەی ژیانی شێخ ڕەزا نەبووە. لەو پێشەکیەدا نووسراوە: کاتێ شێخ ڕەزا لە ڕێگای گەڕانەوەی لە ئەستەموول گەیشتووەتە هەولێر، هەواڵی کۆچکردنی باوکی بە هۆی کاروانەوە پێی گەیشتووە! هەر لەوێدا نووسیویەتی، پاش ماوەیەکی کەم لەگەڵ شێخ عەلی کاکی لەسەر میراتی باوکیان بەینیان تێکچووە و ناخۆشی پەیدا بووە لە نێوانیاندا. جێگای داخە بەشی زۆری ئەو کەسانەی نووسین و لێکۆڵینەوەیان لەسەر شێخ ڕەزا نووسیوە، هەمان ئەو قسەیان دووپات کردووەتەوە، بێ ئەوەی خۆیان ماندوو بکەن لەو بۆچوونانە بکۆڵنەوە. بەهەمان شێوە لە گێڕانەوەی بەشێك لە موناسەبەتی وتنی چەند شیعرێکی شێخ ڕەزا، کە قسە کۆنەکان وتراونەتەوە و کەسیش ناوی ئەو کەسانەی نەهێناوە ئەو قسانەیان بۆ گێڕاونەتەوە. دەبوو ئەو نووسەرە بەڕێزانە تۆزێك زیاتر خۆیان ماندوو بکردبا و باشتر لەو ڕووداوانە بکۆڵنەوە. ئەو دیوانەی شێخ ڕەزا بە ناڕێکی کۆکراوەتەوە و زۆریش ناتەواوە، چونکە شێخ عەلی کوڕەزای شێخ ڕەزا، شارەزای زمانی کوردی نەبووە و ئاگاداری شیعرەکانی باپیری نەبووە. ئەو کەسەی پێشەکی بۆ ئەو دیوانە نووسیوە و ئامادەی کردووە بۆ

چاپکردن شارەزاییەکی ئەوتۆی لەمەڕ ژیانی شێخ ڕەزا و ئاگاداری ڕووداوەکان و موناسەبەتی وتنی شیعرەکانی شێخ ڕەزا نەبووە. زۆر لە نووسەر و لێکۆڵەڕەوان لە شیعری شێخ ڕەزا و موناسەبەتی وتنیان بە هەمان هەڵەدا چوون.

شێخ ڕەزا قسەی خۆشی زۆر هەبووە و شیعرەکانی پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە. مامۆستا تۆفیق وەهبی، شێخ ڕەزای دەشوبهان بە دەریا، دەیگوت چۆن دەبێت هەموو دەمێك خەریکی گەڕان بیت لەناو دەریادا تاکو شتی تازە بدۆزینەوە، پێویستە هەمیشە خەریکی لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی شیخ ڕەزا بین، تا شتی تازە بدۆزینەوە و باشتر لێیان تێبگەین.

شێخ ڕەزا خاوەنی هەڵوێستی جوامێرانە بووە هەتا لە بەرامبەر ئەو کەسانەی بە توندی و بە ناشرینی هەجویان کردووە، لەوانە شوکری فەزلی شاعیری بەناوبانگ. پێش ئەوەی ئەو ڕووداوە بگێڕمەوە، کە لە مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگم بیستووە لەبارەی چۆنیەتیی ڕزگارکردنی ملی شوکری فەزلی لە پەتی سێدارە بە هۆی شێخ ڕەزاوە، ڕووداوێکی تر دەگێڕمەوە، کە لە کاکم شێخ عەلی تاڵەبانیم بیستووە، ئەویش لە سەعدوڵلا ئەفەندی کەرکوکی بیستووە. ئەو سەعدوڵلا ئەفەندیە ئەدەب دۆست بووە و بەشی زۆری شیعرەکانی شێخ رەزای لەبەربووە و لە شاری بەغدا دانیشتووە. لەوە دەچێت لەساڵەکانی بیستەکاندا لە ڕۆژانی هەینی لە ماڵی یەکێ لە پیاوە کوردە گەورەکانی بەغدا کۆبوونەوەی ئەدەبی سازکرابێت بۆ گوێگرتن لە شیعر و قسەی ئەدەبی بە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسی. لە یەکێ لەو دانیشتنانە داواکراوە لە سەعدوڵلاّ ئەفەندی چەند بەیتە شیعرێك بخوێنێتەوە، ئەویش ئەو قەسیدە شیعرەی شێخ ڕەزای خوێندووەتەوە، کە تێیدا بە توندی هەجوی شوکری فەزڵی کردوە، بەم بەیتە دەست پێدەکات:

**پوورە شوکری بەسیەتی با.... شەمەت لەق نەکەم**

**دایکە.....  هەواڵەی سووری سەر ئەبڵەق نەکەم!**

کاتێ دەستی کردووە بە خوێندنەوەی چەند بەیتە شیعرێك، ئەو کەسەی بە تەنیشتیەوە دانیشتووە ویستوویەتی ئاگاداری بکاتەوە بۆ ئەوەی ڕابوەستێ لە

خوێندنەوەی شیعرەکە، بەڵام دەڵێ لەوکاتەی کە شیعرەکەی خوێندووەتەوە یەکێ لە دانیشتوانی کۆڕەکە، لە بەرامبەری دانیشتبوو نەیناسیوە، بە کوڵ گریاوە. بەهۆی ئەو کەسەی لەلایەوە دانیشتووە، سەعدوڵلا ئەفەندی ڕادەوەستێ لە شیعر خوێندنەوە، بەڵام ئەو کەسەی گریاوە لە کاتی شیعر خوێندنەوەدا سەری بەرز کردووەتەوە و داوای لێکردووە بەردەوام بێت لە خوێندنەوەی شیعرەکە و وتویەتی: "خۆزگە شێخ ڕەزا بمابایا و دوو ئەوەندە قسەی جۆراوجۆری پێم بووتابا"! دەرکەوتووە ئەو کەسە شوکری فەزڵی بووە، کە شێخ ڕەزا بووەتە هۆی ئەوە لە سێدارەدان ڕزگاری بکات.

مامۆستا تۆفیق وەهبی لە ساڵی ١٩٧٥ بۆی گێڕامەوە و گوتی، لەپاش گەڕانەوەی بۆ عێراق ماوەیەك خەریکی کۆکردنەوەی شیعرەکانی شێخ ڕەزا و شوکری فەزڵی بووە. ماڵەکەی نزیکی ماڵی شوکری فەزڵی بووە لە گەڕەکی "جدید حەسەن پاشا" لە بەغدا و هاموشۆی یەکتریان کردووە، جارێك داوای ئەو شیعرانەی لێدەکات، کە تێیدا هەجوی  شێخ ڕەزای کردووە، بەڵام بیانووی دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی ئەو شیعرانەی پێ نەدات. ڕۆژێك پێی دەڵێ وادیارە وازی لێ ناهێنی، بۆیە ئەم ڕووداوەی بۆ دەگێڕێتەوە. شوکری فەزڵی دەکەوێتە قسەکردن و دەڵێت، لە سلێمانی بووە، لە پارچە شیعرێکی بە زمانی تورکی هەجوی ئۆردووی عوسمانی کردووە، پاش ماوەیەك گیراوە و ڕەوانەی بەغدا کراوە و دراوە بە دادگای سەربازی، کە حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاندووە. لەو ماوەیەدا چاوەڕێی فەرمانی ئەستەمووڵیان کردووە بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ئەو دادگایە، ئەو هەواڵە دەگاتە شێخ ڕەزا، کە وەکو ئاگادارین دوا ساڵەکانی ژیانی لە بەغدا بەسەربردووە و هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە. ئێوارەیەك شێخ ڕەزا دەچێتە دیوەخانەی (والی)، کە وەکو مامۆستا وەهبی بەگ دەیگێڕایەوە پیاوێکی ئەدەب دۆست بووە و زۆر حەزی لە شیعرەکانی شێخ ڕەزا بووە. (والی) ڕێز و حورمەتی شێخ ڕەزا دەگرێ و گلەیی لێ دەکات پێشتر سەردانی نەکردووە. نەریتی دیوەخانی (والی) وابووە پیاوە گەورەکانی بەغدا ئێوارە بچن بۆ دیوەخانەکەی و پێکەوە نوێژی شێوانیان بکەن، پاشان بچنەوە بۆ ماڵی خۆیان. پاش نوێژی شێوان شێخ ڕەزا دەمێنێتەوە، (والی) پێی دەڵێ: ئەو هاتنەی بێ مڵامەت (هۆ)

نییه، ئەویش لە وەڵامدا پێی دەڵێ بۆ کاری شوکری فەزڵی هاتووە و دیوەخانەکەت جێ ناهێڵێ تا گفتی پێ نەدا یارمەتی شوکری فەزڵی بدات، (والی) بە شێخ ڕەزا دەڵێت ئیشی ئەو ئەگەر بەو جێبەجێ بکرێت بەسەر چاوان دەیکات، بەڵام ئەو کارە لە دەستی ئەو نەماوە، بڕیاری دادگەی سەربازی دراوە و ڕەوانەی ئەستەموولّ کراوە، چاوەڕێی فەرمانی بابی عالی دەکەن، بەڵام پێی دەڵێ لەبەر خاتر ئەو هەرچی پێی بکرێت قسوور ناکات. زۆری پێ ناچێت بە هۆی تکای (والی) بەغداوە بڕیاری دادگەی سەربازی بە لەسێدارەدانی شوکری فەزلی دەکرێتە فەرمانی لێخۆشبوون لەو تۆمەتەی خرابووە پاڵی! مامۆستا تۆفیق وەهبی گوتی ئەوجا شوکری فەزڵی ڕووی لێکردم و گوتی "ناهەقمە پاش ئەو کردەوە گەورەی شێخ ڕەزا بڵێم لەو شیعرانەی قسەی ناشرینم بە مامۆستاکەم وتوە هەموویان فەوتاون و نەماون! مامۆستا وەهبی بەگ گوتی چەند جارێکی تر داوای ئەو شیعرانەم لێی کرد، بەڵام بێ سوودبوو هیچی پێ نەدام. ئەو ڕووداوە دەیسەلمێنێ کە شێخ ڕەزا پیاوێکی زۆر دڵ گەورە بووە، ئەویش بووەتە هۆی ڕزگارکردنی شوکری فەزڵی لە پەتی سێدارە، پاشان پێی دەڵێ: کەسانێك هانیان داوە هەجوی  بکات و قسەی ناشرین بە شێخ ڕەزا بڵێت.

ئەمە نموونەیەکە لە هەڵوێستی جوامێرانەی شێخ ڕەزا بەرامبەر کەسێك کە قسەی ناشرینی پێ وتوە. لەو باوەڕەدام هەڵوێستی جوامێرانەی تری هەبووە، لە ئاکامی لێکۆڵینەوە باشتر ڕوون دەکرێنەوە، ئەگەر بە وردی لە شیعرەکانی بکۆڵینەوە و موناسەبەتی شیعرەکانی بدۆزینەوە و هەوڵ بدەین لایەنە ڕاستییەکانی ژیانی شێخ ڕەزا بخەینە بەرچاو. بەم شێوەیە دەتوانین باشتر خزمەت بە ئەدەب و شیعری کوردی ڕەسەن بکەین، کە شێخ ڕەزا لەسەر لووتکەکەی ڕاوەستاوە.

---

(٢) شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی و چەند ناودارێکی تری ئەم بنەماڵەیە، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٣، ل ٦٥.

# له زانایانی کورد، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

گەر مرۆڤ چاوبگێڕێ بەسەر هەر کتێبخانەیەك لە کتێبخانەکانی باشووری کوردستان، کتێبێك یان چەند کتێبێك لە بەرهەمە بە نرخەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسی بەرچاو دەکەوێ. مامۆستا هەر لە بواری بەشەکانی شەریعەتی ئیسلامدا کتێب و نووسراوی بلاّو نەکردۆتەوە، بەڵکو لە بواری زمان و ئەدەب و شیعری کوردی و لێکۆڵینەوە چەندەها بەرهەمی زۆر بایەخداری بە چاپ گەیاندووە، بەم شێوەیە خزمەتێکی گەورەی بە زمان و ئەدەبی کوردی کردووە. دیوانی شیعری گەورە شاعیرانی کورد، وەکو دیوانی مەولەوی و نالی و مەحوی و خانای قوبادی و فەقێ قادری هەمەوەند ئەو کۆی کردوونەتەوە و بە چاپی گەیاندوون، لەگەڵ لێکدانەوەی شیعرەکانی ئەو کەڵە شاعیرانەی کورد، کە ترسی فەوتاندن و لە بیرکردنیان لەسەربووە. بەهۆی شارەزایەتی و لێزانی مامۆستا عەبدولکەریم و کوڕەکانی کۆکرانەتەوە و جێگای خۆیان لەناو کتێبخانەی کوردیدا کردووەتەوە.

دەمێکە بە خزمەتی مامۆستا عەبدولکەریم گەیشتووم، لە ناوەڕاستی ساڵەکانی پەنجاکاندا مامۆستا بوو لە خوێندنگاکەی تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوك و منیش خوێندکار بووم لە کۆلێجی ماف لە زانکۆی بەغدا. هاوینان کە دەگەڕامەوە بۆ کەرکوك، بۆ چەند هەفتەیەك دەرسی شەریعەتم لە لای وەردەگرت، بە تایبەتی لەفیقە و میرات بەپێی شەریعەتی ئیسلام.

مامۆستا مودەڕیس هەروەکو خۆی نووسیویەتی، کوڕی موحەممەدی کوڕی فەتاحی کوڕی سلێمانە، لە بنەماڵەی (قازی) کە ئێستا زیاتر لە دەوروبەری شارۆچکەی سەید سادق دەژین. لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٣٤٣ کۆچی لە گوندی تەکیەی سەر بە ناحیەی خورماڵ هاتووەتە دونیاوە. کاتێ گەیشتووەتە تەمەنی ئەوەی دەست بە خوێندن بکات، لە لای مەلای گوندەکەیان دەستی بە خوێندنی

قورئانی پیرۆز و چەند کتێبێکی بچووکی ئایینی کردووە، لەو تەمەنە ناسکەی منداڵیدا باوکی چووەتە بەر ڕەحمەتی خودا، بەڵام ئەم کارەساتە نەبووەتە هۆی ئەوە واز لە خوێندنەکەی بێنێ، بەهۆی پشتیوانیی دایکی و مامەکانیەوە، پاش ئەوەی ئەبێ بە فەقێ و لە خوێندنەکەیدا پێش دەکەوێ، بە گوێرەی دابی ئەو سەردەمە دەچێتە ئەو دێهات و شارانەی کوردستان کە مەلای چاکی لێ بووە. پاش چەند ساڵێك شەڕی یەکەمی جیهانی بەسەر دادێت، بۆیە دەچێتە سلێمانی بە ئومێدی ئەوەی باری ژیان لەوێ چاکتربووە و دەتوانێ خوێندنەکەی تەواو بکات، بەڵام پاشان برسیەتی دەستی ڕەشی دەکێشێ بەسەر ئەو شارەدا، ئەویش ناچار دەبێ ڕووبکاتە هەورامان لە مزگەوتی گوندی (دووڕۆ) لەلای مەلاکەی دەست بە خوێندنەکەی بکاتەوە. لە ساڵی ١٣٣٨ ك. دەچێتە بیارە، پاشان ئەڕواتە باڵەك و لەوێ هەشت مانگ دەمێنێتەوە، پاشان جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ بیارە. لەوە دەچێ لەو ماوەی لە بیارە ماوەتەوە ئەو مامۆستایەی پێشتر دەرسی لەلا خوێندووە بەینی لەگەڵ شێخی خانەقای بیارە تێکچووە، پاشان چووە بۆ سلێمانی، ئەمیش لەگەڵ مامۆستاکەیدا دەچێتەوە بۆ سلێمانی، بۆ جاری دووەم لە مزگەوتی مەولانا خالید لەگەڵ مامۆستاکەی دەبنە میوانی مەلا شێخ عومەری قەرەداغی. مامۆستاکەی پاش ماوەیەك دەچێتە باڵەك، بەڵام شێخ عومەر، فەقێ عەبدولکەریم، وەکو خۆی نووسیویەتی لەو ماوەی لە خزمەتی شێخ عومەری قەرەداغی خوێندوویەتی چاوی زیاتر کراوەتەوە و هەندێ بابەتی زانیاریی تری فێر بووە. هەر لە ژێر دەستی ئەو مامۆستایەیدا کە یەکێ بووە لە مەلا بەناوبانگەکانی کوردستان، ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە لە ئاهەنگێکی گەورەدا، کە زۆر لە زانا و مەلا ناودارەکانی ئەو سەردەمەی سلێمانی بەشدارییان تێدا کردووە. ئەو ڕووداوە گەورەیە لە ژیانیدا لە ساڵی ١٣٤٣ کۆچی ڕوویداوە.

پاش ئەوەی دەبێ بە مەلا دەچێت بۆ گوندی (نێرگسەجاڕ)ی نزیکی هەڵەبجە و لە مزگەوتی ئەو دێیە دەست دەکات بە دەرس وتنەوە، لە ساڵی ١٣٤٧ کۆچی دەچێتە بیارە و لە خانەقاکەیدا دەبێ بە مامۆستا تا ساڵی ١٣٧١. لەم ماوەدا قوتابیانی زۆر لە ژێر دەستی خوێندوویان و دەبنە مەلا و لەلای ئەو ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرن.

وەکو نووسیویەتی، تا خوای لێی خۆش بێت شێخ عەلادینی بیارە دەسەڵات لە ژێردەستی ئەودا بووە مابووەوە، خۆی و فەقێیەکانی خزمەتی باش کراون و ڕێزیان زۆر لێ گیراوە. پاشان بیارە بە جێدێڵێ و دەچێتە سلێمانی، لە مزگەوتی (حاجی حان) لەو شارە دەبێ بە مامۆستا و خەڵکێکی زۆر لە پیاو چاکانی ئەو شارە لە دەوری کۆدەبنەوە و کۆمەکی دەکەن، تا بتوانێ بە باشی ئەرکەکانی دەرس وتنەوە و ڕێ پیشاندانی موسڵمانان بکات. بەڵام پاش ماوەیەکی تر نا ڕەحەت دەکرێت، ئەمجارە بەهۆی (موتەسەریفی/ پارێزگاری) ئەو سەردەمەی سلێمانی، کە جەنڕاڵ عومەر عەلی تکریتی بووە. ئەم کاربەدەستە هەرچەندە بە ڕەچەڵەك عەرەبی تکریت بووە، دوژمنایەتیی کوردی کردووە. ناوبراو جارێك لە دیوانی (موتسەریفیەت) هەندێ قسەی نا بەجێ دەکات لە ڕووی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم، ئەویش بە زیادەوە وەڵامی دەداتەوە، بۆیە بەهۆی بەغداوە داوای گواستنەوەی دەکات. بۆ سووکایەتی پێکردن، فەرمانی گواستنەوەی دەردەچێ بۆ گوندی (ئیمام زەینولعابدین)، کە گوندێکی بچووکە لە نزیك شارۆچکەی داقووق لە خوارووی کەرکوك. دانیشتوانی ئەو گوندە بەشی زۆریان شیعە مەزهەبی توندڕەون، مامۆستا مودەڕیس بە ناچاریی شاری سلێمانی بە جێدێلێ، بەڵام پێش ئەوەی بچێت بۆ ئەو گوندە، بە میوانی دەچێت بۆ تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوك. لەو کاتە خوای لێ خۆش بێت باوکم، شێخ جەمیلی تاڵەبانی لە ژیاندا مابوو، ناهێڵی مامۆستا عەبدولکەریم بچێت بۆ ئەو جێگایە، چونکە جێگای ئەو نەبووە. باوکم پێی دەڵێ ئەگەر بە نانی تەکیە ڕازی دەبێت، ئەوا پێکەوە دەیخۆین، بۆیە لە کەرکوك دەمێنێتەوە، لەو کاتەوە، واتە لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوە خەریکی وانە وتنەوە بووە لە خوێندنگای تەکیەی تاڵەبانی تا کۆتایی ساڵی ١٩٦٠. لەو ساڵەدا لەبەر ئەوەی ژیانی کوردی ئەو شارەدا بەرەو ناخۆشی دەڕۆیشت، ئەویش هەوڵی گواستنەوە دەدا بۆ بەغدا، سەرەتا لە مزگەوتی (ئەحمەدی)، پاشان لە بارەگای شێخ عەبدولقادری گەیلانی دادەمەزرێ، دەرس بە قوتابیانی موسڵمانان دەدات کە لەچەند وڵاتێکی ترەوە ڕوویان دەکردە ئەوێ و بە بەردەوامی چەند قوتابیەکی کوردی لابووە، تا خانەنشینکردنی لە ساڵی ١٩٧٣. پاشتر،

لەسەر داوای نەقیبەکانی گەیلانی، لەو بارەگایە دەمێنێتەوە بۆ ڕێگاپێشاندانی موسڵمانان، کە لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێ دەکرد. لە ژوورەکەی لە بارەگای گەیلانی، بە بەردەوامی پیاوە ناودارەکانی کوردستان و کوردی شاری بەغدا سەردانیان دەکرد، من خۆم تاکو لە بەغدا دەژیام و پاشانیش کە گەڕامەوە بۆ کوردستان، هەر جارێك ڕێگام بکەوتایە بەغدا سەردانی مامۆستام دەکرد. زۆر جاران باسی ئەو چەند ساڵە خۆشەی بۆ دەکردم لە کەرکوك بەسەری بردبوو، خۆزگەی بۆ ئەو ساڵانە دەبرد. ماوەی چەند ساڵێك لەبەر تەمەن و بێ تاقەتی لە بارەگای گەیلانی نەمابوو گەڕابووەوە بۆ ماڵی خۆیان هەر لە بەغدا، بەڵام دۆست و ناسیاوانی هەمیشە دەچوونە خزمەتی و سەریان لێ دەدا. پاشان جارێکی دی گەڕایەوە بۆ بارەگای شێخی گەیلانی.

لێرەدا ناتوانم ناوی هەموو بەرهەمەکانی مامۆستا مودەڕیس بخەمە بەرچاو، بۆیە تەنیا ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەم.

ژمارەی بەرهەمەکانی بە زمانی کوردی ٣٠ نامیلکە و کتێبە لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٧ تاکو ئێستا بە چاپ گەیشتوون، لەوانە لەبواری شەریعەتی ئیسلامدا.

شەریعەتی ئیسلام، لە چوار بەرگدا، لە ساڵانی ١٩٦٨ تاکو ١٩٧٣ چاپ کراون.

تەفسیری نامی، کە تەفسیری قورئانی پیرۆزە، لە حەوت بەرگدا، لە ساڵانی ١٩٨٠ تاکو ١٩٨٤ چاپکراون.

مەکتوباتی کاك ئەحمەدی شێخ، کە لە چوار بەرگدا کۆی کردوونەتەوە لە ساڵانی ١٩٨٤ تاکو ١٩٩١ بە چاپی گەیاندوون.

بەرهەمەکانی لەبارەی گەورە شاعیرانی کلاسێکی کورد بریتی بوون لە کۆکردنەوەی شیعرەکانیان، لەگەڵ لێکدانەوە و شیکردنەوەیان کە ئەمانەن:

دیوانی مەولەوی، لە ساڵی ١٩٦١ چاپ کراوە.

دیوانی نالی بە هاوکاری کاك فاتحی کوڕی لە ساڵی ١٩٦٧ بە چاپیان گەیاندووە.

دیوانی مەحوی، ئەویش بە هاوکاریی کاك محەمەدی کوڕی پێکەوە کۆیان کردووەتەوە و بە چاپکردنیان گەیاندووە لە ساڵی ١٩٧٧.

دیوانی فەقێ قادری هەمەوەند، لەگەڵ کاك فاتحی کوڕی پێکەوە شیعرەکانیان کۆکردوونەتەوە و لێکیان داوەتەوە، لە ساڵی ١٩٨٠ چاپکراوە، ئەمە جگە لە کتێبی بنەماڵەی زانیارانی کورد و کتێبی یادی مەردان و نامەی هۆشیار و بەهار و گوڵزار، کە بریتییە لە ئامۆژگاری لە بارەی ڕەوشت و ئایینەوە، بەهەڵبەست و نووسین.

بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی ٢٦ کتێبن، زۆربەیان لەبارەی شەریعەت و عەقاید و فیقهی ئیسلامییە، لەوانە (جوهر الفتاوی) کە لە ڕاستیدا کۆکردنەوەی فەتوای زانایانی کوردن، کە لەسێ بەرگ کۆیانی کردووتەوە لە ساڵانی ١٩٦٩ تا ١٩٧٠ بە چاپی گەیاندوون، هەروەها کتێبی (الوسیلة في شرح الفضیلة) کە لە عیلمی کەلامە، لە ساڵی ١٩٧٢ چاپکراوە، لەگەڵ کتێبی (صفوة من مصطفی الغزالي) لە ئوسوڵی فیقە، لە ساڵی ١٩٨٦ چاپکراوە و کتێبی (مواهب الرحمن في تفسیر القرأن) کە حەوت بەرگە لە ساڵانی ١٩٨٦ تاکو ١٩٨٩ چاپکراون، جگە لە بەرهەمەکانی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، دوو کتێبی بە زمانی فارسی بڵاوکراونەتەوە لە ساڵانی ١٩٣٨و ١٩٥٩، ئێستاش نزیکەی پانزە بەرهەمی تری ماون بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، چاوەڕێی چاپکردن دەکەن. ئەمەبوو زۆر بە کورتی ناوی بەشێك لە بەرهەمەکانی زانای گەورەی کورد مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس. لەو باوەڕەدام ئەگەر مامۆستا مودەڕیس زانایەکی پاکی کورد نەبوایە، ئێستا  هەموو ڕۆژ باسی دەکرا و بەرهەمەکانی دەخرانە بەرچاو و دەزگاکانی دەوڵەتی و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان بە چاپیان دەگەیاند، بەڵام ئەوەی من ئاگاداربم، بەشی زۆری ئەو بەرهەمانەی لەسەر ئەرکی خۆی چاپ کراون، بەشێکیان بە هاوکاریی (کۆڕی زانیاری کورد)، کە ئەندامی کارای ئەو کۆڕەیە، چاپکراون. نازانم کاتی ئەوە نەهاتووە بەشێك لە بەرهەمەکانی دەزگا ڕۆشنبیری و کولتوورییەکانی دەرەوەی کوردستان بیر لە چاپکردنەوەی بکەن؟

لەندەن، ١٥ / ٧ / ١٩٩٨

# نامەیەك بۆ سەرۆكی حكوومەت
# بۆ چارەسەركردنی باری تایبەتی مامۆستا محەمەدی مەلا كەریم، ئەندامی كارای ئەكادیمی كوردی

**بەڕێز جەنابی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران،**

بەپێویستی دەزانم سەرنجی بەڕێزتان بۆ باری خراپی یەكێك لە زانا هەرە دیارەكانی گەلەكەمان ڕابكێشم، كە مامۆستا محەمەدی مەلا كەریمە، كە هەموو تەمەنی بۆ خزمەتكردنی ئەدەب و ڕۆشنبیری كوردی بەخت كردووە.

مامۆستا محەمەدی مەلا كەریم، لە ڕۆژی دامەزراندنی ئەكادیمیای كوردیی لە هاوینی ٢٠٠٨، ئەندامی كارای ئەم دەزگایە بووە، پێش ئەوەش سالآنێكی دوور و درێژ لە كۆڕی زانیاری كورد، لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە بێوچان كاری كردووە و دەیان كتێب و بەرهەمی دانسقەی پێشكەش بە كتێبخانەی كوردی كردووە. بە بەردەوامی لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری كوردیدا كاری كردووە، بە سەدان و بگرە بە هەزاران وتار و لێكۆڵینەوەی بلاوكردووەتەوە. ئەم زانایە، چەند ساڵە لە سەر جێگە كەوتووە و توانای هەڵسان و هاتوچۆی نەماوە، لە گەڵ ئەوەشدا لە كار و خەباتی زانستی نەكەوتووە. مامۆستا محەمەدی مەلا كەریم توانای ئەوەی نییە ئەركەكانی خۆی وەكو ئەندامێكی كارای ئەكادیمیا جێبەجێ بكات، ئێمە ڕێگەمان بە خۆمان نەداوە، تەنانەت بیر لەوەبكەینەوە لە ئەندامەتیی بێبەشی بكەین، چونكە ئەو پاداشتەی لە ئەكادیمیاوە وەردەگرێ، تەنها سەرچاوەی ژیانی خۆی و خێزانەكەیەتی. پێمان باشە لە ئەنجومەنی وەزیران ئەو بارەی مامۆستا، لەڕووی دارایییەوە چارەسەر بكەن، بەوەی بڕیارێكی تایبەتی بۆ دەربكرێت بە خانەنشینكردنی لە سەر میلاكی ئەنجومەنی وەزیران، یان لەسەر میلاكی ئەكادیمیای كوردی، بە موچەیەكی شایستە، بۆ ئەوەی

**دواڕۆژەکانی ژیانی بە ئاسوودەیی لە گەڵ خێزانەکەی بە سەرببات. پێشتری چەند ئەندامێکی کارای ئەکادیمیا لە سەر میلاکی ئەکادیمیا خانەنشین کراون، پێمان وایە هەنگاوێکی وا لە لایەن بەڕێزتانەوە مایەی پێزانینی هەموو ڕۆشنبیرانی کورد دەبێت.**

**دکتۆر نووری تاڵەبانی**
**سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی.**

# کاکە حەمەی مەلا کەریم، ئەدیب و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ناوداری کورد، ماڵاوایی لێکردین

دۆستایەتیم لەگەڵ برا و دۆستی دێرینم خوالێخۆشبوو کاکە حەمەی مەلا کەریم، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوو. بەڵام پەیوەندیی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیسی باوکی لەگەڵ شێخ جەمیل تاڵەبانیی باوکم، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی چلەکان، کاتێ لە بیارە بووە. هاتنی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم بۆ کەرکوك لەساڵی ١٩٥٥ بە فەرمانی پارێزگاری ئەو دەمەی سلێمانی بووە، بڕیاری گواستنەوەی دابوو بۆ گوندی (ئیمام زەینولعابدین) لە نزیك داقووق، کە ئێستا سەر بە (دیوانی ئەوقافی شیعەیە)! مامۆستا لەسەر تکای باوکم نەچوو بۆ ئەو گوندە، لە تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوك مایەوە. مانەوەی مامۆستا لە کەرکوك بووە هۆی بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییە کۆنەی لەنێوان ئەو دوو خانەوادەدا هەبووە. سەرەتا کاکە حەمە و کاك فاتح لەگەڵی نەبوون، وەك نەفیکراو دەستبەسەرکرابوون لە شارۆچکەیەك لە ناوەڕاستی عێراق. لەو دەمەوە پەیوەندیم لەگەڵ کاکە حەمە پەیداکردووە و تەنانەت لەو ساڵانەی لە دەرەوەی وڵات بووم، بە نامە گۆڕینەوە، ئەو پەیوەندیەمان هەر مابوو.

لە چەند خولەیەکدا، ناکرێت باسی کاکە حەمەی نووسەر و لێکۆڵەر و ڕووناکبیر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس بکەم، یان ئاماژە بۆ دڵسۆزیی و ڕاستگۆی و وەفاداریی ئەو کەڵە پیاوە بکەم، بۆیە وەکو لەو ئاهەنگەی لە ئەکادیمیای کوردی لە ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣ بۆ ڕێزلێنان لە کاکە حەمە و مامۆستا عەبدوڵلای حەسەن زادە ڕێکخرابوو، ئاماژە بۆ بەشێکی تر لە یادەوەرییەکانم لەگەڵ کاکە حەمە دەکەم.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ لە زانکۆی سلێمانی مامۆستا بووم، پاشان بە ئەرکێکی زانستی چووم بۆ زانکۆیەك لە بریتانیا، پاش ماوەیەك ڕژێم هێرشی لەشکری کردە سەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان. لەو ماوەدا گەیشتمە ئەو باوەڕە کە حوکمی زاتی/ ئۆتۆنۆمی چارەسەری دۆزی کورد لە باشوور کوردستان ناکات، کورد دەبێ داوای

فیدڕاڵییەت بکات، کە چەمکی زۆر ڕوون نەبوو لەوسەردەمە. بۆ ئەو مەبەستە دەستم بە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە کرد لەسەر سیستمی فیدڕاڵی، نوێنەری شۆڕشی کورد لە بریتانیا بەڵێنی پێدام بڵاوی بکاتەوە. لەو کاتەدا هەرەسی ئازاری ١٩٧٥ی بەسەرداهات کە بووە هۆی بڵاونەکردنەوەی ئەو لێکۆڵینەوەیە، کە بە زمانی عەرەبی بوو. لە پاش گەڕانەوەم بۆ کوردستان لە ئەیلوولی ١٩٧٥، نائومێدیی سەرتاسەری کوردستانی داگرتبوو، بۆیە کەوتمە هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو لێکۆڵینەوەیە کە لە سەر فیدڕاڵی ئامادەم کردبوو، کە کارێکی ئاسان نەبوو. چەند دۆستێك ئاگاداریان کردم لە گۆڤاری (کۆڕی زانیاری کورد) ئەو بابەتە دەکرێت بڵاوبکرێتەوە، لەبەر ئەوەی سانسۆری لەسەر نییە. کاکە حەمە یەکێك بوو لەو کەسانەی لەو گۆڤارە کاری دەکرد، بۆ ئەو مەبەستە چووم بۆ بەغدا و چاوم پێی کەوت، وتی ئەگەر پەلە نەکەم، لە ئایندەدا دەکرێ بتوانن بڵاوی بکەنەوە. پاش (١١) ساڵ بەهاوکاریی کاك لەتیف گلی، کە بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە بوو، لە ساڵی ١٩٨٧ لە ژمارەی (١٦ و ١٧)ی ئەو گۆڤارە بڵاوکرایەوە، هەڵوێستی جوامێرانەی ئەو دوو کوردە دڵسۆزە دەبێ لەبیر نەکرێت، چونکە بارودۆخەکە لەودەمە زۆر خراپ بوو.

لێکۆڵینەوەی تایبەت بە فیدڕاڵی و سەرچاوەی سەرەکی بوو بۆ ئەو سیستمە فیدڕاڵییەی پەرلەمانی هەرێم لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ پەسندی کرد.

ڕووداوێکی دیکە پەیوەندی بە کاکە حەمە و زانای گەورە تۆفیق وەهبی بەگەوە هەیە تائێستا باس نەکراوە. لە ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٧٨ سەردانی لەندەنم دەکرد و دەچوومە لای وەهبی بەگ. هەستم کرد لە کاتی نووسیندا دەستەکانی بە باشی قەڵەم نگرێت و پێویستی بە هاوکارییە. پرسیارم لێی کرد ئایا پێیخۆشە کەسێك هاوکاریی بکات بۆ نووسینەوەی بابەتەکانی؟ بەتایبەتی ئەو کتێبەی لەسەر ڕێزمانی کوردی ئامادەی کردبوو، بەڵام دەبوو پێیدا بچێتەوە. پرسیاری ئەوەشم لێی کرد ئایا لەو ڕووەوە دەتوانم قسە لەگەڵ بەرپرسانی (کۆڕی زانیاری کورد) بکەم؟ وەڵامەکەی ئەرێنی بوو، بۆیە پرسیارم لێی کردەوە ئایا کەسێکی تایبەت دەستنیشان دەکات بۆ هاوکاریکردنی؟ ناوی کاکە هێنا. لە پاش گەڕانەوەم بۆ وڵات پەیوەندیم بە (کۆڕی

زانیاری کورد) کرد بەهۆی د. کەمال مەزهەر، کە ئەمینداری گشتی (کۆڕ) بوو. زیاتر لە ساڵێك لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراقی لە هەوڵدابوون بوون بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی بە ناردنی مووچە کەمەکەی کاکە حەمە بۆی بۆ لەندەن بۆ ماوەی یەك ساڵ، بەڵام ڕەزامەندی وەرنەگیرا. هەڵبژاردنی کاکە حەمە بۆ ئەو کارە گرنگە لەلایەن وەهبی بەگەوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ، کە هەردووکیان بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی ئامادەبوون پێکەوە کاربکەن، بەڵام وەزارەتی دارایی کۆسپی دروستکرد لەبەر هۆی سیاسی، لەو بەینەدا هەر کورد زەرەرمەند بوو.

کاکە حەمە کاری زۆری لەسەر شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی کردبوو و هەمیشە هەوڵی دەدا بابەتی تازە لەسەر شیعرەکانی ئەو شاعیرە گەورەی کورد بڵاوبکاتەوە. لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو کتوپڕ گەیشتە هەولێر بۆ کۆکردنەوەی دۆکیمەنتی تازە لەسەر شیعرەکانی حاجی لە کۆیە. پێکەوە چووین بۆ کۆیە و چاوی بە خوالێخۆشبوو کاکە سوور تاڵەبانی و چەند ئەدیبێکی تر کەوت، چەند ڕۆژێك لەگەڵیان مایەوە. ئاکامی ئەو ماندووبوونەی ئەو لێکۆڵینەوە بوو لە گۆڤاری (کاروان)، لە ژمارەی (٩٢) لە ساڵی ١٩٩١ لەژێر ناوی: (چەند بابەتێکی ئەدەبی لەبارەی حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانییەوە) بڵاوکرایەوە.

هەموو کورد قەرزاری کاکە حەمە و بنەماڵەکەیەتی، دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت کە بەشی زۆری بەرهەمەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم لەلایەن کاکە حەمەوە داڕێژراون. کاکە حەمە شایستەی ئەوەیە ناوەندێکی بەناو بکرێتەوە، چونکە ئەو لە ڕێگەی قەڵەمەکەیەوە، ژیانی خۆی و خێزانەکەی تەرخانکردبوو بۆ خزمەتی گەلەکەی. لەم ڕووەوە نابێ دڵسۆزی و خزمەتی شیرین خانمی هاوسەری لەبیر بکرێت، کە لە ساڵانی نەخۆشییەکەی کاکە حەمە بەباشی خزمەتی دەکرد و ئەرکی پێگەیاندنی منداڵەکانی لە ئەستۆدا بوو، کە هەمووومان شانازییان پێوە دەکەین و ئومێدەوارین جێگای باوکیان بگرنەوە.

---

لە چلەی ئەدیب و ڕووناکبیر و زمانزان و ڕۆژنامەنووسی گەورەی کورد، کاکە حەمەی مەلا کەریم، کە لە سلێمانی لە ١٩ی نیسانی ٢٠١٧ ڕێکخرابوو، بە نووسین پێشکەشکراوە.

## د. ئیسماعیل بێشکچی:
## زۆر خۆشحاڵم ئەندامی فەخری ئەکادیمیای کوردیم

ئەکادیمیای کوردی ئێوارە کۆڕێکی بۆ سۆسیۆلۆگ و نووسەری ناوداری تورک د.ئیسماعیل بێشکچی، لەژێر ناوی: (ئازادی ڕامان، ئازادی چاپەمەنی و ئازادی ئەکادیمی) ڕێکخست.

لە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ١/٦/٢٠١٤ ئەکادیمیای کوردی کۆڕێکی بۆ زانای تورک و دۆستی گەورەی کورد، د. ئیسماعیل بێشکچی لە هۆڵی مەلا مەحموودی بایەزیدی، لە ناو تەلاری ئەکادیمیای کوردی ڕێکخست بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری کورد.

سەرەتا د. نووری تاڵەبانی، سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی بەخێرهاتنی کرد و وتی: ئەمڕۆ ئەکادیمیای کوردی زۆر بە خۆشحاڵییەوە ئەم کۆڕە تایبەتییەی بۆ زانای گەورەی تورک، د. ئیسماعیل بێشکچی ڕێکخستووە. د. ئیسماعیل بێشکچی بەلای ئەکادیمیای کوردییەوە بێگانە نییە، چونکە پتر لە شەش ساڵە ئەندامی شەرەفی ئەم دەزگا زانستییەیە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی ئەندامییەتی فەخری بەم زانا و دۆستەی کورد بەخشیوە. پاشان دۆستایەتیی ئەم پیاوە بۆ کورد کۆنە، ، د. ئیسماعیل بێشکچی زانا و مرۆڤدۆست ئەو کەسەیە کە پتر لە ١٧ ساڵ لەژیانی لاوەتیی خۆی لە زیندانە تاریکیەکانی تورکیا بەسەربردووە لە پێناو ئەوەی لەبارەی کوردەوە ڕاستی گوتووە.

لەکۆتاییدا، سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی بەشێك لە بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ ئەم دۆستەی کورد گێڕایەوە، پاشان د. ئیسماعیل بێشکچی لە وتەیەکدا سوپاسی

ئەکادیمیای کوردی کرد و وتی: "زۆر خۆشحالم کە ئەندامی فەخری ئەکادیمیای کوردیم و جێگای دڵخۆشییە بۆ من". هەروەها وتی شوێنی وەکو ئەکادیمیا و زانکۆ و ئەو شوێنانەن کە زانست تێیدا بەرهەمی هەیە، پێویستە ئازادی کارکردن و ئازادی ئەکادیمی و ئازادی ڕادەربڕین فەراهەم کرابێت.

لەکۆتاییدا سەرۆکی ئەکادیمیا خەڵاتی تایبەتی ئەکادیمیای پێشکەش بەم نووسەر و مرۆڤـدۆستە کرد و کۆتایی بە مەراسیم و کۆڕەکە هێنا.

هەولێر، ١٤ / ٢ / ٢٠١٤

# مامۆستا ئەحمەد هەردی شاعیری گەورەی کورد، ماڵاوا

لە ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦ شاعیری ناوداری کورد، مامۆستا ئەحمەد هەردی کە هەمیشە شیعرە جوان و ناسکەکانی وەك ئەستێرە لە ئاسمانی شیعر و ئەدەبی کوردیدا ئەدرەوشانەوە، بە یەکجاری ماڵاوایی لێ کردین. مامۆستا ئەحمەد هەردی تێکۆشەرێکی ماندوونەناس بوو، بەشی هەرە زۆری ژیانی لە نارەحەتی و دەربەدەریدا بەسەربردووە تا ئەو ڕۆژەی لە کۆشی ئەو نیشتمانەی کە هەمیشە خەونی بە سەربەخۆییەوە دەبینی، سەری حەسانەوەی نایەوە.

ئاشنایەتیم لەگەڵ شیعرەکانی مامۆستا هەردی پێش ناسینی خۆی بوو، دیوانی شیعرەکانی: "ڕازی تەنیایی" تازە بڵاوکرابووەوە، شیعرەکانی لەبارەی خۆشەویستیی کوردستان و خاکەکەی لاوانی کورد بەرەو کۆڕی خەبات و تێکۆشان ڕادەکێشا. کەسێك هەبوو " ئازادیخواز کوردین ئێمە"ی لەبەرنەبێ؟ موناسەبەتێکی نیشتمانی هەبوو ئەو پارچە شیعرەی تێدا پێشکەش نەکرێت؟ شیعرەکانی هەردی لەناو دڵ و دەروونی هەموو کوردێکی دڵسۆز جێگای خۆیان کردبووەوە، هەر بەو شێوەش دەمێننەوە، هەرچەندە خاوەنەکەی بەجێی هێشتووین و بووەتە میوانی گردی سەیوان.

لە پاییزی ساڵی ١٩٧٣ مامۆستا بووم لە زانکۆی سلێمانی، بەسەردان چوومە لای دکتۆر کەمال فوئاد، ئەو دەمە سەرۆکی بەشی دیراساتی کوردی بوو لەو زانکۆیە. پیاوێکی کورتە باڵا لای دانیشتبوو، دکتۆر کەمال ویستی بڵێ ئەوە مامۆستا هەردی یە، گوتم دەمێکە لە ڕێگای شیعرەکانییەوە بە خزمەتی گەیشتووم. ئەگەر پێشتر وەك شاعیرێکی مەزنی گەلەکەمان تەماشام کردبێ، لەو ڕۆژەوە وەك مرۆڤـێکی لەسەرخۆ و موتەوازیع جێگای لە دڵم کردەوە، خۆم بە بەختەوەر دەزانم لە نزیکەوە بە خزمەتی کۆمەڵێك لە زانا و پیاوانی ناوداری ئەو سەردەمەی گەلەکەمان گەیشتووم، وەك مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و مامۆستا تۆفیق وەهبی و مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ و دکتۆر کامران بەدرخان و کوردناسی فەرەنسی تۆما بوا، کە لە ساڵی ١٩٧٠ دا کتێبی لەسەر جینۆسایدی کورد لە کوردستانی باکوور، نووسیوە،

هەروەها لەگەڵ ئەحمەد هەردی. لە مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس پاش مەرحومی باوکم، شارەزایەتیم لە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام پەیداکردووە، ئێستاش بە دید و بۆچوونی ئەوان تەماشای ئیسلام دەکەم. ڕەوشتی بەرزی مامۆستا هەردی و تەوازوعەکەی کە لێرەدا چەند نموونەیەك دەگێڕمەوە، ڕەوایی دەدەن بە قسەکەم.

لە پاییزی ساڵی ١٩٩٦ لە لەندەن کۆڕێکی ڕێزگرتن بۆ مامۆستا هەردی ڕێکخرا، لەو کۆڕە بە تەوازعەوە گوتی من شایانی ئەوە نیم ئەم کۆڕەم بۆ بکرێت ! پاشان ئاماژەی بۆ نووسینەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کرد، بە تایبەتی لە "گەلاوێژ"دا گوتی نووسینەکانی بە کوردییەکی پاراو بوونە هاندەر تا بە دوای وشەی کوردی ڕەسەنا بگەڕێم. لە هاوینی ٢٠٠٣ دا داوام لە مامۆستا هەردی کرد گەر کاتی هەبێت، بە بەشە کوردییەکەی ئەو فەرهەنگە قانوونییەدا بچێتەوە کە بە چوار زمان ئامادەم کردبوو، بە سوپاسەوە داواکەی قبوڵکردم، چەند جارێك پێکەوە دانیشتین تاکو مانای بەشێك لە تێرم و وشەکانی بۆ ڕوون بکەمەوە، چونکە فەرهەنگەکە تایبەتە بە تێرم و وشەی قانوونی. لەو "پێشەکی" یەی بۆ ئەو فەرهەنگەی نووسیوە دەڵێ: " من ئەو (کوردی)زانە نیم کە پیاچوونەوەی بەشی کوردی فەرهەنگەکەم پێ بسپێردرێ"، چونکە "هیچ کاتێك خۆم وانابینم"!

من ئەدیب و شاعیر نیم تا بتوانم لە شیعرەکانی مامۆستا هەردی بکۆڵمەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم شیعرەکانی لە دڵی لاواندا مانای خۆشەویستیی ڕاستەقینەی دەچەسپاند، کە بەشێکیان وەك شیعری عیرفانی تەماشا دەکرێن. "ئارەقی یەزدانی" و چەندەها وشەو تێرمی لەو جۆرە لە شیعرەکانی هەردی بەرچاو دەکەون، لە شیعرە عیرفانییەکانی (خالص) و (مەولەوی) و (مەحوی) دا بەرچاو دەکەون. شیعرەکانی هەردی لە لایەکی ترەوە خۆشەویستیی گەل و نیشتمان و خاکەکەی لە دەروونی لاوان دەچەسپاند، بە جۆرێك ئەو مەینەتی وماڵ وێرانی و دەربەدەرییەی لە پێناو نیشتماندا دەهاتە ڕێیان، لە بیری دەبردنەوە و بە باجێکی ڕەوایان دەزانی.

ماموٚستا هەردی جگە لەوەی زۆر موتەوازیع بوو، پیاوێکی زۆر لەسەرخۆ و قسە خۆش بوو. بۆی گێڕامەوە لە سالآنی چڵەکاندا لەگەڵ ماموٚستا فایەق بێکەسی شاعیر و ماموٚستایەکی دی پێکەوە ماموٚستا بوون لە تەوێڵە، ڕۆژێك بانگ دەکرێن بۆ دانیشتنێك بە هۆی سەردانی بەرپرسێکی سەربازیی ئێرانی بۆ تەوێڵە، میوانە فارسەکە خۆی بەناوی فلآنی "نیزامو الدەولە" پێناسە دەکات. فایق بێکەسی شاعیر دەکەوێتە پێناسەکردنی خۆی و هەواڵەکانی و دەڵێ: ئاغای هەردی، " شاعیرو الدەولە"، بە برادەرەکەی دیکەی دەڵێ: ئاغای "موفلیسو الدەولە"، خۆیشی فایقی"سەرخۆشو الدەولە"!

کاتێ بیستم ماموٚستا هەردی ناساغە چوومە سەردانی بۆ سلێمانی، کە چاوی پێ کەوتم گریا، پاشان کە بینیم سیحەتی باشترە، گوتم ماموٚستا پێمان خۆشە هەندێ وێنە پێکەوە بگرین. د. عەتیەی هاوسەرم کە دەمێك بوو پێی خۆش بوو ئەویش بە خزمەتی ماموٚستا بگات، داوای خوێندنەوەی پارچە شیعرێکی خۆی لێ کرد بە دەنگی خۆی، ساتێك ڕاوەستا، من لە جێگای خۆمەوە وتم:

بە سەرسامی لەسەر لووتکەی بڵندی گەنجی وەستام
شریتی عومری ڕابردووم وەکو خەو دێتە بەرچاوم

خێرا قەسیدەکەی لەدەم وەرگرتم و بەشێکی زۆری خوێندەوە. پاش ماوەیەکی دیکە تەندروستی باشتر بوو، هاتبوو بۆ هەولێر، جارێکی دی چوومەوە بۆ سەردانی لە ماڵی دکتۆر شەفیق قەزاز، وێنەکانیم پێشکەش کرد، لەگەڵ وێنەکانی کاتێ خەریکی خوێندنەوەی ئەو پارچە قەسیدەیە بوو بە دەنگی خۆی، زۆری پێخۆش بوو.

ماموٚستا هەردی شاعیر و زانا لە بواری ئەدەب و شیعردا یەکێکە لە گەورە شاعیرانی کورد لە سەدەی بیستەمدا، جگە لەوە ڕابەر و ماموٚستای کوردایەتی بووە.

هەزار سلآو لە گیانی پاکی ئەو پیاوە نەمرە، بەهەشتی بەرین جێگای هەمیشەیی بێ، خوای گەورە سەبووری بە کەس و کار و هەموو دۆستەکانی ببەخشێ.

هەولێر، ٩ ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٦.

# ماموستا ڕەشید عەبدولقادر قانونناس و کورد پەروەر، ماڵاوا

له ١٢ای حوزەیرانی ئەمساڵ ٢٠٠٥، قانوونەناسی ڕێگای ئازادی کوردستان ماموستا ڕەشید عەبدولقادر کتوپڕ ماڵاوایی لێکردین و بەجێی هێشتن. هەفتەیەك پێش کۆچکردنی، لەکاتی کردنەوەی خولی دووەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان وەکو میوان بانگکرابوو، پێش دەستپێکردنی مەراسیمی کردنەوەی ئەو خولەی پەرلەمان، پێکەوە ماوەیەکی باش دانیشتین. نەمدەزانی ئەوە دوا چاوپێکەوتنم دەبێت لەگەڵ ئەو کەڵە پیاوە و جارێکیتر پێکەوە باس لەباری خۆش و ناخۆشی کوردستان ناکەین. ئەو تا دوا هەناسەی بە ئومێدی دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی و دەستووری بوو لەم بەشە ڕزگار کراوەی کوردستان. لە قسەکانی لەو ڕۆژەدا جەختی لەسەر چەسپاندنی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان دەکردەوە و دەیگوت پێویستە پەلە بکرێت لە چەسپاندنی ئەو مافانە لە هەردو دەستوری هەرێمی کوردستان و عێراقدا، بەڵام بڕوای بە ڕاستگۆیی کاربەدەستانی بەغدا نەبوو، بەتایبەتی هەڵوێستیان سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك.

پتر لە بیست ساڵ پێش ئێستا کاك ڕەشیدی خاوەن هەڵوێست و پڕەنسیپ دەناسم، هەمیشە وەك برایەکی گەورە تەماشام دەکرد و گوێم بۆ ڕاو بۆچوونەکانی شل دەکرد. مرۆڤێکی خاوێن و ڕاستگۆ و چاونەترس و خاوەن پڕەنسیپ بوو. بەو جۆرە مایەوە تا لەباوەشی نیشتیمانەکەی سەری نایەوە، ئەوەش مایەی سەربەرزیی بوو نەك تەنیا بۆ نەو و کەسوکاری، بەڵکو بۆ هەموو دۆست و ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەیانناسی. لە پرسەکەی موچڕکەیەکی گەورە بە لەشمدا هات، کاتێ کاسبکارێکی هەولێری لەکاتی سەرەخۆشی کردن لە کەسوکاری ڕووی کردە دانیشتوانی پرسەکە و بە دەنگێکی بەرز وتی: " ئەم گەورە پیاوەی لێمان چوو، تۆی کوردایەتیی

لەم شارەی چاندووە و مامۆستای گەورەی هەمووومان بوو". بەڵێ، کاك ڕەشیدی کورد پەروەر و ڕووناکبیر لە کاتێکدا بەجێی هێشتین، هێشتا گەلەکەی پێویستی پێبوو، چونکە مرۆڤێکی دووربین و وردبین و شارەزا و دڵسۆز بوو، جگە لە دەستپاکی. تا کۆچکردنی هەر لەو ماڵە دەژیا کە ساڵانێکی زۆربوو لە گەڕەکێك لە گەڕەکەکانی ناوشار دروستی کردبوو، نەك لە ڤیلایەکی گەورە، یان لە باڵەخانەیەکی تازە دروستکراودا.

دۆستایەتیم لەگەڵ کاك ڕەشید عەبدولقادری قانووناس و کوردپەروەر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەشتاکان. لەپاش خانەنشین کردنم لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ و ڕێگا نەدانم بگەڕێمەوە بۆ شارەکەم، شاری کەرکوکی هەمیشە غەدرلێکراو، لە هەولێر نیشتەجێ بووم. بۆ یەکەمجار لە باخچە جوانەکەی خوای لێخۆشبی موستەفا ئاغای عوزێری چاومان بە یەکتر کەوت. لەوە دەچوو ئەویش عەودالی گوڵی جوان و درەختی نایاب بێت، کە هەمیشە لە چوار وەرزی ساڵدا لە باخچە ڕازاوەکەی موستەفا ئاغا بەدی دەکران. پێشتر ناوی کاك ڕەشید عەبولقادری تێکۆشەرم بیستبوو، بەڵام پاش ئەوەی یەکترمان ناسی هەستم دەکرد دەمێکە دەیناسم، چونکە کۆمەڵە پرەنسیپێکی هاوبەش کۆی دەکردینەوە، بۆیە زوو زوو چاومان بە یەکتر دەکەوت. پەیوەندی کاك ڕەشید بە موستەفا ئاغای عوزێرییەوە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی حیزبی "هیوا"، هەردووکیان لە دامەزرێنەری ئەو ڕێکخراوە کوردییە بوون لە هەولێر. لە پاش هەڵوەشانەوەی "هیوا" درێژەیان بە خەباتی سیاسییان دابوو، بەڵام هەریەکەیان لە ڕێگایەکی جیاوازەوە، ئەو ڕێگایەی کاك ڕەشید بەرەو زیندانی "نوگرەتولسەلمان" بردبوو. جارێکیان پێی وتم باوکی ئەزیەت و مەینەتییەکی زۆری کێشاوە لە ڕێگای هاتوچۆکردن لەنێوان هەولێر و ئەو بیابانە دوورەی ئەو زیندانییەی لێبوو.

ئەو دەمەی لە هەولێر بووم لە سەرەتای هەشتاکاندا، کاك ڕەشید سەرۆکی دادگای ئیستیئنافی "ناوچەی ئۆتۆنۆمی" بوو، ئەو پۆستەی پێدرابوو چونکە کۆنترین دادوەر بوو لە ناوچەکە. وەکو خۆی بۆی گێڕامەوە، یەکەمجار کە چاوی بە وەزیری

دادی ئەو سەردەمەی عێراق، دکتۆر مونزیر شاوی، کەوتبوو پێی وتووبوو، کاکە ڕەشید دەتوانن خزمەت بە گەلەکەتان بکەن لەم ڕێگایەوە. دکتۆر مونزیرم لە نزیکەوە دەناسی، پێکەوە مامۆستا بووین لە کۆلێجی قانوون لە زانکۆی بەغدا تا ئەو دەمەی بوو بە وەزیر، بەڵام لەو کاتەوە چاوم پێی نەکەوتەوە. پێش ئەوەی ببێ بە وەزیر لە قسەکردندا هەڵوێستی خراپ نەبوو بەرامبەر بە مەسەلەی کورد، بەڵام پاش ئەوەی بووە وەزیر ئەو هەڵوێستەی نەمابوو، بەشی زۆری ئەو کەسانەی هاوکارییان لەگەڵ ڕژێمی بەعس دەکرد، چ عەرەب و چ کورد، زۆر دەکەوتنە ناو زەلکاوی ئەو حیزبە فاشیستیە.

لە بارەگای دادگای هەولێر جاروبار سەردانی کاک ڕەشیدم دەکرد، گەر ژوورەکەی کەسی لێ نەبووایە ڕاشکاوانە دڵی خۆی بۆ دەکردمەوە و باسی هەموو شتێکمان دەکرد. جارێکیان کە چوومە سەردانی هەستم کرد پەستە، هەر خۆی کەوتە گێڕانەوەی هۆی ناڕەحەتییەکەی و وتی تازە (فلانە کەس کە هەردووکمان دەماناناسی و پیاوی ڕژێم بوو) بە چەند چەکدارێکەوە هاتبوونە ناو حەوشەی دادگاوە، یەکسەر ناردبووی بەشوێنیا و داوای لێکردبوو دەست بەجێ دەبێ چەکدارەکانی بچنە دەرەوەی حەوشەی دادگا.

لەپاش ڕزگار کردنی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢، کاک ڕەشید قانوونزان و ڕابردوو پاک کە لەلایەن هەموو لایەنەکانەوە ڕێزی لێدەگیرا، دەستنیشان کرا لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی بۆ سەرۆکایەتیی لیژنەی ئامادەکردنی پڕۆژەی قانوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان. پاشتر داوای لێکرابوو پڕۆژەی قانوونی هەڵبژاردنی "ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد" ئامادە بکات. هەڵوێستی کاک ڕەشید سەبارەت بە قانوونی دووەم جیاوازبوو، چونکە لەگەڵ ئەو بۆچوونە نەبوو کە ئەو قانوونە بەو شێوەیە ئامادە بکرێت، پاشتر کە پێشنیازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانم کرد لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، لەجیاتی "ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد"، پشتگیری لە بۆچوون و پێشنیازەکەم کرد.

لەپاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئایاری ١٩٩٢، باری سیاسی لە کوردستان بەرەو گرژی و ناخۆشی دەچوو، کە بوە هۆی ئەوە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە لەکاتی خۆیدا بڵاونەکرێتەوە. لەو ماوەدا زوو زوو چاومان بەیەکتر دەکەوت، جارێکیان بە ئامادەبوونی دادوەر کاك حەمە سەعید کانی مارانی، کە پاش خانەنشینکردنی کاك ڕەشید ئەو کرابوو بە سەرۆکی دادگای ئیستیئناف، پێشنیاری چاوپێکەوتنی سەرکردەی سیاسی هەردوو پارتی سەرەکی کوردستان کرا تاکو ئێمەش دەنگی خۆمان بخەینە پاڵ دەنگی ئەو کەسانەی هەوڵی هێورکردنەوەی ئەو بارە گرژییەیان دەدا. سەرەتا لە پیرمام کاك مەسعود بارزانی پێشوازی لێکردین، پاشتر چوین بۆ شەقڵاوە بۆ سەردانی مام جەلال، ئەودەمە لەوێ بوو. لەو چاوپێکەوتنەماندا لەگەڵ کاك مەسعود کاك موحسین دزەیی ئامادە بوو، پێی وتین پێویستیمان بە ئێوەی قانوونناسان هەیە بۆ ئامادە کردنی قانوونەکان، ئێمەیش ئامادەیی خۆمان دەربڕی بۆ هاوکاری کردنیان، کۆمەڵێك قسە و پێشنیازی تر خرانە بەرچاو، پاشان بەڕێ کەوتین و چوینە شەقڵاوە بۆ چاوپێکەوتنی مام جەلال، لەگەڵ ئەوەیش هەمان ئەو قسانەمان دووپات کردەوە.

پاش دامەزراندنی یەکەم حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشنیازی دروستکردنی دەستەیەکی قانوونیم کرد وەکو دەستیێکی ڕاوێژکار بۆ پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم و ئامادەکردنی پڕۆژەی ئەو قانوونانەی دەخرێنە بەردەم پەرلەمان، پێشنیارەکە پەسەندکرا، بە بڕیارێکی پەرلەمان دەستەکە دامەزرا، ئەندامەکانی سێ قانووناس بووین: کاك ڕەشید و دکتۆر عەبدولڕەحمان ڕەحیم و بەندە. جێگایان تەرخان نەکردبوو بۆ ئەو دەستە قانوونییە، ماڵەکەی خۆمم کردە بارەگای ئەو دەستە، هەموو ڕۆژ کاك ڕەشید و دکتۆر عەبدولڕەحمان لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە تا دووی دوای پاش نیوەڕۆ دەهاتنە ماڵی ئێمە، لەوێ پێکەوە پڕۆژەی قانوونەکانمان ئامادە دەکرد، بە تایبەتی قانوونەکانی وەزارەتەکان، جگە لەو کێشانەی ئەنجومەنی وەزیران بۆی دەناردین بۆ دەربڕینی بیرو ڕای قانوونی بۆ چارەسەرکردنیان. دووربینی و تەجروبەی کاك ڕەشید بوونە هۆی ئەوەی ئەرك و

کارەکانمان بە شێوەیەکی باش ئەنجام بدەین. ئەو کارانەمان بە نان و بەرگی خۆمان دەکرد، وەکو بێکەسی شاعیر وتویەتی، کە ببوو بە مایەی نیگەرانی بۆ کەسانێك تارۆژی ڕاپەرین لە خزمەتی ڕژێم بوون. کاك ڕەشیدی کەمدوو، جارێکیان پێی وتین ئێمە دەرەقەتی ئەو "پاڵەوانانە" نایەیین، هەرچەند بە دڵسۆزییەوە کارەکانمان ئەنجام بدەین، چونکە ئەوەی بەوان دەکرێت بە ئێمە ناکرێت! پاشان وتی، گەر جارێك لە جاران بچوومایە بۆ "عۆجە" بۆ بەشداریکردن بە هۆی ڕۆژی لەدایکبوونی سەددام، ئێستا ڕووم نەدەبوو بچمە ناوخەڵك، بەڵام ئەو جۆرە کەسانەی لە خزمەتی بەعس بوون تەڕنابن و هەموو کاتێك لە پێشەوە دەبن! ڕۆژگار سەلماندی بۆچوونەکانی ڕاست بوون، چوونکە ئەوەی ئەوان دەیانکرد بە ئێمەوەمانان ناکرێ!

لە مانگی ئەیلوولی ١٩٩٤ دەزگایەکی نا حکوومی ئەمریکی بە هاوکاری لەگەڵ زانکۆی پرنستنی ئەمریکی، لە زانکۆی پرنستن، کۆنفرانسێکی بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی پاشەڕۆژی دەستووری عێراق ڕێکخست. لەو سەردەمە لە لەندەن بووم پەیوەندیان پێوەکردم بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسە، پێشنیازی بەشداریکردنی چەند ڕووناکبیرێکی کوردم بۆ کردن، ناوی دوو سێ کەسم پێدان یەکێکیان کاك ڕەشیدی ڕەحمەتی بوو. لەو کۆنفرانسەدا وەکو تیمێکی کوردی یەکگرتوو بەشداریمان کرد، جگە لە بەندە و کاك ڕەشید، دکتۆر بەرهەم ساڵح و خاتوو تریفە غولام، نوێنەری یەکێتی و پارتی، لەگەڵ دکتۆر نەجمەدین کەریم و دکتۆر ئەحمەد فەرهادی مامۆستا لە یەکێك لە زانکۆکانی نیوێۆرك بەشداریمان لەو کۆنفرانسە کرد. کاك ڕەشید باسێکی سەبارەت بە سیستمی کارکردن لە دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان پێشکەش کرد، بەندە بابەتێکم لەبارەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان پێشکەش کرد کە لە ساڵی ١٩٩٢ ئامادەم کردبوو. پاش کۆنفرانسەکە پێکەوە چووین بۆ واشنتۆن و چاومان بە بەرپرسانی چەند ئەنستیتۆ و دەزگایەکی قانوونی ئەمریکی کەوت، دکتۆر بەرهەم ئاسانکردنی چاوپێکەوتنەکانی بۆ کردبووین. تا ئێستاش پەیوەندییمان بە بەشێکیانەوە هەرماوە.

کاك ڕەشید کە یەکەم سەرۆکی دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان بوو، ڕووبەڕووی ئاستەنگ و کێشەی گەورە ببوو لە پاش دەستپێکردنی شەڕی ناوەخۆ، بەتایبەتی پاش دروستبوونی دوو ئیدارەی جیاواز کە تا ئیستاش بەردەوامە. چەند مانگێك پێش کۆچکردنی خانەنشین کرابوو، بەڵام بەردەوام بوو لە پێشکەشکردنی خزمەت بە گەلەکەی بەهەموو شێوەیەك. کاك ڕەشید نەخۆش نەبوو، زۆر ئاگاداری تەندروستی خۆی دەکرد، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا وەکو ناویان لێناوە "مردنی بێ ئەجەلیش" هەیە، لەبەر چەند هۆیەك کە ئێرە جێگای باسکردنیان نییە کتوپڕ بەجێی هێشتین.

هەزار سڵاو لە گیانی پاکی کاك ڕەشید عەبدولقادری کورد پەروەر و دڵسۆز،

داواکارین خوای گەورە غەرقی ڕەحمەتی خۆی بکات و سەبووری بە کەسوکاری و دۆستانی ببەخشێ.

یادت بەخێر مامۆستا ڕەشید عەبدولقادری هەمیشە زیندوو لە دڵی دۆستەکانت.

هەولێر، ٥ ی تەمووزی ٢٠٠٥

# زانای گەورەی کورد مامۆستا مستەفا زەڵمی، ماڵاوا

مامۆستا مستەفا زەڵمی یەکێکە لەو زانا گەورانەی کوردستان کە زیاتر لە نیوسەدە خزمەتێکی زۆری بە کورد و ئاینی ئیسلامی پیرۆز کردووە، بەتایەتی لەبواری فیقه و شەریعەتدا. یادەوەریم لەگەڵ ئەم برا و دۆستە نزیکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانەی پێکەوە مامۆستا بووین لە کۆلێجی قانوون لە زانکۆی بەغدا. لێرە تەنیا ئاماژە بۆ ئەو دەمە دەکەم لە هەولێر چاومان بە یەکتر گەوتەوە، پاش بانگکردنی بۆ پێشکەشکردنی چەند بابەتێك لە بووارەکانی شەریعەتی ئیسلامدا، پاشان داوای لێکرابوو ئەرکی فەتوادان لە هەرێمی کوردستان قبووڵ بکات.

بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا، کۆسپ و تەگەرەی زۆر دروست دەکرێت بۆ ئەو کەسانەی شارەزان لە بواری خۆیاندا، جاروبار کار دەگاتە ڕادەی دروستکردنی قسەی بێ بنەما و بوختان بۆیان. پاش پێداچوونەوە بە پڕۆژە قانوونی باری کەسیەتیی عێراقی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩، کە ئەرکی سەرۆکایەتیی ئەو لیژنەیە بەو سپێررابوو و بەندە یەکێك بووم لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە، پڕۆژەکە پاش دیراسەیەکی زۆر لەلایەن پەرلەمانەوە پەسندکرا. ئەگەر بە جیددییەوە جێبەجێ بکرابا، ڕێگای لە دیاردەی فرەژنی لە هەرێمی کوردستان دەگرت. لەو ماوەدا بەشێوازی جیاواز هێرشێکی ناڕەوای زۆر دژ بە مامۆستا زەڵمی بڵاوکرایەوە، کار گەیشتە ئەوەی نێوان ئەو و برای ئازیزمان کاك شێخ محەمەدی شاکەلی، کە وەزیری ئەوقاف بوو لەودەمە، تێکبچێت، بۆیە کارێکی وامکرد هەردووکیان لە ماڵەکەمان کۆبکەمەوە، کە بووە هۆی گەڕانەوەی باری ئاسایی نێوانیان، چونکە دەرکەوت ئەو قسانەی بە زمانی مامۆستا زەڵمی بڵاوکرابوونەوە دوور بوون لە ڕاستی، پەیوەندیی لەنێوان ئەو دوو گەورە پیاوەی کورد وەکو جارانی لێهاتەوە.

پاش نەخۆشکەوتنی مامۆستا زەڵمی، زوو زوو سەردانم دەکرد، هەمیشە ورەی بەرزبوو، بەوچاوە تەماشای مردنی دەکرد کە دەچێتەوە بۆلای ئەو کەسەی خەلقی

کردووە. پێش کۆچکردنی بە ماوەیەکی کەم دەبوو سەفەرێکی دەرەوە بکەم، لەو ڕۆژەدا چوومەوە بۆ سەردانی بۆ دوعاخوازیی، بۆ یەکەمجار بوو ببینم بە کوڵ دەگریی، وادیارە دەیزانی جارێکی تر چاومان بە یەکتر ناکەوێتەوە. بەداخەوە کاتێ لە دەرەوەی وڵات بووم، هەواڵی کۆچکردنیم زانی، جگە لە غەم و پەژارە هیچی ترم بۆ نەمایەوە.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەو زانا گەورەیەی کورد، کە یەکێك بوو لە دۆستە هەرە ئازیزەکانم، انا لله وإنا إليه راجعون.

# بەشی هەشتەم

## ئەکادیمیای کوردی و زمانەوانی

### ئەرك و ڕۆڵە سەرەکییەکانی ئەکادیمیای کوردی

ئەکادیمیای کوردی درێژەپێدراوی (کۆری زانیاری کورد)یە، کە لە ساڵی ١٩٧٠ لە بەغدا دامەزرابوو، پاشان لە هەولێر لەژێر ناوی (کۆڕی زانیاری کوردستان) دامەزرایەوە، جارێکی تر بەپێی قانوونی ژمارە (١٢)ی ساڵی١٩٩٧ دروستکرایەوە.

ماددەی (٤)ی ئەو قانوونە ئامانجەکانی ئەکادیمیای کوردی بەم جۆرە دیاری کردووە:

ا - کار بۆ یەکگرتنەوەی زاراوەکانی زمانی کورد بە مەبەستی گەیشتن بە زمانێکی فەرمی یەکگرتوو.

ب - پارێزگاریکردنی زمانی کوردی و پاککردنەوە و بەرەوپێش بردنی.

ج - پەرەپێدان بە توێژینەوەی زانستی و زمانەوانی، بۆ گەیشتن بە پێشکەوتنی زانستی و ڕۆشنبیری.

د - ژیاندنەوەی کەلەپووری کوردی و ئیسلامی لە زانستەکان و هونەر و ئەدەب و بەدیارخستنی ڕۆڵی زانایانی کورد.

ه - بایەخدان بە توێژینەوەی مێژووی کورد و کوردستان و شارستانییەکەی.

و - هاندان و پشتگیری کردنی دانان و وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانانی دیکە، لە زمانانی دیکەشەوە بۆ کوردی.

ز - بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەکادیمیاکانی زانستی و زانکۆکان و مەڵبەندەکانی توێژینەوەی زانستی لەناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

ماددەی پێێجەمی ئەو قانوونە، شێوەی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەی دیاری کردووە، بە:

ا - دانانی فەرهەنگ و ئەنسیکلۆپیدیای زانستی و زمانەوانی.

ب - دەرکردنی گۆڤار و چاپکراو و بایەخدان بە لایەنی بڵاوکردنەوە.

ج - بڵاوکردنەوەی پەرتووك و بەڵگەنامە و لێکۆڵینەوە لە دەقە کۆنەکان.

د - بەستنی کۆنگرەی زانستی و زمانەوانی و کۆڕی ڕۆشنبیری و بەشداری کردن لەو کۆنفرانسانەی بۆ ئەو مەبەستانە لە دەرەوەی هەرێم سازدەکرێن.
ه - ڕێزلێنان لە زانایان و توێژەران و نووسەران و هونەرمەندان.
ز - دامەزراندنی بنکەی لەخۆگرتن و پاراستنی دەستنووسەکان (مراکز حفظ الوثائق).

(کوری زانیاری کورد) لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، سەرچاوەی سەرەکی بووە بۆ ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە زمانی کوردییەوە هەیە، بەلاّم پاش هەموارکردنەوەی قانوونەکەی لە ساڵی ٢٠١٢، کراوە بە یەکێك لە سەرچاوەکان، بێ ئەوەی ناوی ئەوانی دیکە دیاری بکرێن.

ئەکادیمیا هەمیشە بەردەوام بووە بۆ کارکردن بۆ یەکخستنەوەی زمانی کوردی. بۆ نموونە، لە سالی ٢٠١٢ کۆنفرانسێکی زانستی زمانەوانی ڕێکخرا، کە کۆمەڵێك کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بەشدارییان تێداکرد و ئەندامانی کارای ئەکادیمیا وەك چاودێر بەشدارییان لەو کۆنفرانسە کرد، بەلاّم بەشداربووانی ئەو کۆنفرانسە نەگەیشتنە ئەنجامێکی دیاری کراو.

هەر لەو ڕووەوە، لەپاش چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە، ئەنجومەنی ئەکادیمیا ڕێنووسێکی یەکگرتووی بۆ زمانی کوردی پەسەندکرد و ناردی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ دابەشکردنی بەسەر دامەزراوە و دەزگاکانی هەرێم.

بەپێی دەستوری عێراق، زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراق. ئەگەر لە بەشی عەرەبی عێراقدا، زمانی عەرەبی زمانی فەرمی یەکەم بێت، لە هەرێمی کوردستان، کوردی زمانی فەرمی یەکەمە، بۆیە پێویستە هەموو دامەزراوە و دەزگاکانی هەرێم زمانی کوردی بەکاربێنن. دەرچوونی قانوونی زمانە فەرمییەکان لە عێراق ژمارە (٧) لە ساڵی ٢٠١٤، هەروەها قانوونی زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦) لە ساڵی ٢٠١٤ هەردووکیان زمانی عەرەبی و زمانی کوردیان کردووە بە زمانی فەرمی، کە ئەو ڕاستییە دووپاتدەکاتەوە، پێویستە لە هەموو دامەزراوە و وەزارەت و دەزگاکانی هەرێم زمانی کوردی زمانی سەرەکی بێت.

بەلاَم بۆ پەیوەندی کردن بە دامەزراوە و وەزارەتەکانی ناوەندەوە لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی عێراق، دەزگاکانی هەرێم دەتوانن زمانی عەرەبی و کوردی، یان عەرەبی بەکاربێنن، ئەگەر کورد لەئێستاوە ئەو مافە دەستووریەی خۆی بەکار نەهێنێ، دواتر بەکارهێنانی لەبیر دەکرێت.

سەبارەت بە زمانی فەرمی لە هەرێمی کوردستان، هەرچەندە هەموو قانوون و بڕیارەکانی پەرلەمان و فەرمانەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم کاریان پێ ناکرێت تا لە گۆڤاری ڕەسمی: (وەقایعی ڕەسمی) بلاَوونەکرێنەوە، کە لەسەرەتاوە بە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست بلاَوکراوەتەوە، بۆیە بە کردەوە ئەو شێوە زارەوە بووە بە زمانی فەرمی لە هەرێمی کوردستان. سەبارەت بە زمانی خوێندن، لەبەر ئەوەی لە چەند ساڵانی ڕابوردوودا کێشە و ئاریشەی بۆ پەیدابووە، پێویست بوو لەژێرچاودێری ئەکادیمیا، بە هاوکاریی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بە بەشداری کردنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە شێوەزاراوەکان، لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، لەگەڵ پابەندبوون بە بنەما سەرەکییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی یونێسکۆ.

هەموو دەزانین کە (کۆڕی زانیاری کورد) لە ساڵی ١٩٧٠ لە بەغدا، بەپێی قانوونێکی عێراقی دامەزرا و تاکە سەرچاوەی سەرەکی بوو بۆ هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە زمانی کوردییەوە هەبوو. سەرۆکی یەکەمی ئەو دەزگا زانستییە مامۆستا ئیحسان شێرزاد بوو، دواتر خوالێخشبوو مامۆستا مەسعود مەحەمەد بووە سەرۆکی (بەشی کوردی) لە کۆڕی زانیاری عێراقی. لەسەرەتاوە ناکۆکی لەنێو بەشێك لە زمانزانایانی کورد لەسەر ناوەکەی هەبوو. بۆ نموونە، تۆفیق وەهبی بەگ ڕەخنەی لە بەرکارهێنانی وشەی (کۆڕ) دەگرت و دەیگوت وەرگێڕاوی وشەی (مجمع)ی عەرەبی یە. بەبۆچوونی ئەو، وشەی ئەکادیمیا، کە تێرمێکی جیهانییە گونجاوترە. لە پاش دامەزراندنەوەی ئەو (کۆڕە) لە هەرێمی کوردستان، ناوەکەی بوو بە (کۆڕی زانیاری کوردستان)، کە ڕاست نەبوو، چونکە ئەو دامەزراوە تایبەتە بە زمانی کوردی، نەك بە ناوچەیێکی دیاری کراو، کە تێیدا زمانی تورکمانی و سوریانی وەکو دوو زمانی

جیاوازی دیکە لە هەرێمی کوردستان هەن. ئەکادیمیای کوردی پشتگیری لە دامەزراندنی ئەکادیمیای تورکمانی و ئەکادیمیای سوریانی کردووە و بە فەرمی ئاگاداریی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووەتەوە.

چەند جارێك پرسیارمان لێکراوە لەبارەی بەکارهێنانی رێنووسی لاتینی بۆ زمانی کوردی، لەسەر ئەم بابەتە بەدەیان کتێب و لێکۆڵینەوە بڵاوکراونەتەوە. دابەشکردنی کوردستان لەنێو چەند دەوڵەتێکدا بووەتە هۆی بەکارهێنانی لاتینی لە باکوور و ڕۆژاوای کوردستان، بەڵام لە باشوور و ڕۆژهەلات هەر ئەلفوبێی ئارامی بەکارهاتووە. لەو کۆنفرانسە زمانەوانییەی لە هەولێر لە مانگی ئەیلولی ۲۰۱۲ بەسترا، بەشداربوان نەگەیشتنە دەرئەنجامێکی دیاری کراو. دەبێ ئەوەیش لەبیر نەکرێت، لە باشوور و ڕۆژهەلاتی کوردستان زیاتر لە دوو سەد ساڵە بە هەزارەها کتێب و نووسراو و دۆکیمەنت، بە ئەلفوبێی ئارامی نووسراون و چاپکراون و بڵاوکراونەتەوە، بۆیە ناکرێت دەستبەرداری ئەو بەرهەمە گەورە بین. لەوباوەڕەدام زمانەکەمان بەرەو مەترسی دەڕوات ئەگەر کاری جددی نەکرێت بۆ یەکخستنەوەی لەسەر هەموو ئاستێك. مەترسی هەر لەوەدا نییە، بەڵکو بەکارهێنانی وشەی بێگانە بەشێوەیێکی نادروست و هەڵە، کە بەشی زۆریان پەیوەندییان بە زمانی کوردییەوە نییە، بووەتە دیاردەیێکی مەترسیدار لەسەر زمان و کولتووری ڕەسەنی کوردی.

لە ساڵی ۲۰۱۰ پێشنیازی هەموارکردنەوەی قانونی ئەکادیمیای کوردی کرا، پێشنیازکرابوو دەسەڵاتی دارایی و کارگێڕی بدرێتە ئەکادیمیا بۆ چارەسەرکردنی دواکەوتنی کارەکانی، کە بە هۆی ڕۆتینەوە زۆر جاران ڕوویانداوە، چونکە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران زۆر جاران بە درەنگ وەڵامی بەشێك لە نووسراوەکانی ئەکادیمیای داوەتەوە، یان هەر وەڵامی نەداوەتەوە. ئەو پڕۆژە قانوونە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەندکراو و ڕەوانە پەرلەمان کرا، پاشان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا و هەردوو لیژنەی ڕۆشنبیری و قانوونی ڕاپۆرتی خۆیان لەسەر پڕۆژەکە پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرد لە خولی سێیەمدا، بەڵام نەخرایە سەر بەرنامەی کاری پەرلەمان بۆ تاوتۆی کردنی بۆ ماوەیێکی زۆر

درێژ. بەداخەوە کاتێ خرایە بەردەم پەرلەمان، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بە پاساوێکی ناقانوونی ڕێگەی لە سەرۆکی ئەکادیمیا گرت ئامادەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بێت. سەیرتر ئەوەبوو داوای لە وەزیری ڕۆشنبیری کردبوو ئامادەی کۆبوونەوەکان بێت، لەجیاتی سەرۆکی ئەکادیمیا! لەبەر ئەوەی وەزیری ناوبراو ئاگاداری ناوەڕۆکی پڕۆژەکە نەبوو و بەشی زۆری پەرلەمانتارانیش زانیارییان لەسەر کار و ئەرکی ئەکادیمیا نەبوو، پڕۆژەکە بە سەقەتی و ناتەواویی پەسندکرا. بەڵام بە پێچەوانەوە، لەکاتی تەماشاکردنی پڕۆژەی قانوونی زمانە فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە ڕەسمی داوەتنامەی بۆ سەرۆکی ئەکادیمیا ناردبوو بۆ ئامادەبوونی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان لە کاتی گوفتوگۆکردن لەسەر ئەو پڕۆژە قانوونە. لێرە دەبێ ئەو پرسیار بکرێت: بۆ لە کاتی تەماشاکردنی پڕۆژە قانوونی ئەکادیمیای کوردی ئەو مافە قانوونییە بە سەرۆکی ئەکادیمیا نەدرا، بەڵام لە کاتی تاوتوێکردنی پڕۆژە قانوونی زمانە فەرمییەکان، کە پەیوەندی کەمتری بە ئەکادیمیاوە هەیە، ڕێگەی لێ نەگیرا، بە فەرمی بانگکرابوو؟ ئەوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ، لە وڵاتی ئێمەدا جاروبار میزاجی شەخسی سەروەرە، نەك حوکمی قانوون. پێش ئامادەبوونی سەرۆکی ئەکادیمیا بۆ کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بۆ تاوتوێ کردنی پڕۆژەی قانوونی زمانە فەرمییەکان، (ئێستا قانوونی ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠١٤ )ە، پرسیار لە سەرۆکی پەرلەمان کرابوو، بۆ لە خولی سێیەمی پەرلەمان ڕێگا بە سەرۆکی ئەکادیمیا نەدرابوو ئامادەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بێت، کەچی لە خولی چوارەمدا، ئەکادیمیای کوردی بە نووسراوی ڕەسمی بانگهێشت کرابوو بۆ ئامادەبوونی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، بۆ ڕوونکردنەوە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پەرلەمانتاران؟، کە یەکێ لەو دوو بۆچوونە ڕاست نەبێت! وەڵامی سەرۆکی پەرلەمان ئەوەبوو، بانگکردنی سەرۆکی ئەکادیمیا، کە بە پلەی وەزیرە، بۆ کۆبوونەوەکانی پەرلەمان کارێکی قانوونییە.

هەولێر، ٢٠١٥/٤/٢٢

# پێشنیازەکانی ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی بۆ جێبەجێکردنی قانوونی زمانە فەرمییەکان لە عێراق

**ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی**

**٢٠١٤/٢/٢**

بەپێی ماددەی (١١) لە قانوونی زمانە فەرمییەکان لە عێراق، لێژنەیەکی باڵا دادەمەزرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو قانوونە، سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەبێت و سەرپەرشتی کارەکانی ئەو لیژنەیە دەکات. ئەمینداریێتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و دیوانی ئەنجومەنی نوێنەران و نوێنەرانی تورکمان و سریان بەشداری لەو لیژنەیە دەکەن، نوێنەرێکی هەرێمی کوردستان تێیدا ئەندام دەبێ، ئەمەش ڕەنگبێ لە داهاتوودا کۆسپ لە بەردەم جێبەجێکردنی قانوونەکە دروست بکات، کە باس لە دوو زمانی فەرمی دەکات کە عەرەبی و کوردین. لەبەر ئەوەی نوێنەرانی هەرێم لەو لیژنەیە نوێنەرایەتیی یەکێك لەو دوو زمانە سەرەکییە دەکەن، دەبوو هاوتای نوێنەرانی حکوومەتی عێراق بوونایە، بەڵام دەکرێ ئەمە لە ڕێگەی ئەو لێژنە تایبەتەوە چارەسەر بکرێت، لە کەسانی زمانزان و پسپۆڕ و شارەزا بن بەپێی هەمان ماددەی قانوونی. لەبەر ئەوەی ئەرك و بەرپرسیارێتی ئەو لێژنەیە زۆر گرنگە، پێویستە ئەندامەکانی کەسانی لێزان و شارەزا بن.

یەکێك لەو پرسە گرنگانەی پێویستە لێرە ئاماژەی بۆ بکرێت، پرسی پلان و سیاسەتی زمانە لە هەرێمی کوردستان، کە تا فەزایەکی لە بار دروست نەکرێت بۆ گەشەکردنی زمانی کوردی و بەهێزکردنی پێگەی لە کۆمەڵگەکەماندا لە بەرامبەر زمانەکانی دیکەدا، کێشەمان بۆ دروست دەبێت. ئەکادیمیای کوردی پڕۆژەیەکی بۆ سیاسەت و پلانی زمان ئامادەکرد، بەڵام باشتربوو لە کۆنفرانسێکی زانستیدا بڕیاری لەسەر بدرێت و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە سیاسەتی زمان و پلانی زمان و بەرپرسانی سیاسی بەشداری تێدا بکەن. چاکتر بوو ئەو کۆنفرانسە پێش ئەوەی قانوونەکە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ساز بکرێت.

لێرەدا چەند خاڵێك دەخەینە بەرچاو بە مەبەستی ئاسانكردنی جێبەجێكردنی قانوونەكە، ئەگەر پێویستی كرد، دەتوانین بە شێوەیەكی وردتر تاوتوێی قانوونەكە و میكانزمی جێبەجێكردنی بكەین. لێرە بە كورتی ئاماژە بە چەند خاڵێك دەكەین:

ئەزموونەكانی كورد لەگەڵ حكوومەتەكانی عێراق ئەو ڕاستییەی دەرخستووە، زۆر جاران قانوونەكان وەكو خۆیان، یان لە كاتی خۆیاندا جێبەجێ نەكراون، بۆیە دانانی كاتی دیاریكراو بۆ هەر یەكێ لە هەنگاوەكان و جێبەجێكردنی هەر یەكێ لە بڕگەكانی، وەكو: (بە كوردی نووسین لە سەر دراو، پاسەپۆڕت، پوول، تابلۆی وەزارەت و دەزگاكانی دەوڵەت و ناسنامە و ئەوانەی هاتوچۆ... تا) بە پێویستی دەزانین.

ئەزموونی چەند كۆبوونەوە و بۆنەی فەرمی ئەوەی دەرخستووە، وەرگێڕەكان لە كوردییەوە بۆ عەرەبی و بە پێچەوانەوە، سەركەوتوو نەبوون. ئەمەش كێشەی زۆر دروست دەكات، بە تایبەتی لە دادگاكان و وەرگێڕانە ڕاستەوخۆكان و وەرگێڕانی بەڵگەنامە فەرمییەكان. بۆیە ئامادەكردنی وەرگێڕی بەتوانا بۆ ئەو هەموو ناوەند و ئەركانە بەرپرسیارێتییەكی گەورە دەخاتە ئەستۆی ئەو ناوەندانەی ئەم كارە دەكەن. پێمان باشە هەنگاوی یەكەم دامەزراندنی ناوەندێك، یان پەیمانگایەكی تایبەت بێت بە وەرگێڕان بۆ دەرچووانی بەشەكانی كوردی، عەرەبی، قانوون، كارگێڕی و هەر بوارێكی دیكە، بەتایبەتی بۆ ئەو كەسانەی ئەو دوو زمانە دەزانن، تا لە ماوەیەكی دیاریكراودا ڕابهێنرێن بۆ وەرگێڕان. ئەم كارە لە ئایندەدا فراوانتر دەبێت، بۆیە باشترە زانكۆكان یان بەشێكیان بیر لە كردنەوەی كۆلێجی وەرگێڕان بكەنەوە بۆ ئامادەكردنی كادری شارەزا، ئەكادیمیای كوردی ئامادەیە هاوكارییان بكات.

دانانی لێژنەیەكی چاودێری و بەدواداچوون بۆ جێبەجێكردنی قانوونەكە لە كەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری قانوون و كارگێڕی و سیاسەتی زمان، بۆ ئەوەی پێشێلكارییەكان دیاری بكەن.

پێویستە لە سیاسەتی زمان و لە بواری جێبەجێكردنی مافی زمانی كەمینەكاندا، وەكو توركمانی (نەك توركی) و سریانی و عەرەبی، حكوومەتی هەرێم پڕۆژەی خۆی هەبێت و چاوەڕێی حكوومەتی عێراق نەكات، كە داوای جێبەجێكردنی هەندێ

بڕگەی ئەو قانوونەی لێ بکات. هەڵبەتە لەم بوارەدا هەنگاوی زۆر نراون، بەڵام پێمان باشە لەگەڵ نوێنەرانی ئەو زمانانەدا کۆبوونەوە بکرێت و گوێیان لێ بگیرێ، تا بزانین داخوازییان لە بارەی زمانەوە چییە.

پێمان باشە حکوومەتی هەرێم دەستپێشخەری بکات بۆ ئەوەی ڕێنمایی پێویست بۆ هەموو دامودەزگاکانی هەرێم دەربکات بۆ جێبەجێکردنی ئەم قانوونە، بەر لەوەی حکوومەتی عێراق هیچ هەنگاوێك بنێت، بەڵام دوای بڵاوکردنەوەی قانوونەکە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا.

هەرچەندە ماددەی (١٠)ی قانوونەکە بە ڕواڵەت لە دیدێکی دیموکراتییەوە داڕێژراوە، بەڵام ئاکامەکانی ڕەنگبێ دوو سەرە بن، چونکە پرسەکە لەوێدا بە کراوەیی هێڵراوەتەوە. بەپێی ئەو ماددەیە، هەرێم و پارێزگاکان دەتوانن زمانێکی خۆجێی بۆ خۆیان بکەن بە زمانی فەرمی، ئەگەر زۆربەی دانیشتوانیان لە ڕاپرسیدا لەگەڵ ئەوەدا بن، بەم شێوە ڕەهایە و لە دەرەوەی چوارچێوەی هەردوو زمانە فەرمییەکە و زمانی کەمینەکانی دیکەدا، پرسێکی پڕ لە کێشە دێتە پێش، بە تایبەتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. هەتا لەناو هەرێمی کوردستانیش دەرفەتی ئەوە پەیدا دەبێت کە ئەو ماددەیە لە دژی کورد و بەرژەوەندییەکانی و یەکێتیی زمانی کوردی بەکار بهێنرێت.

ئەو بڕیارانەی لە بارەی زمان و سیاسەتی زمانەوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە دەدرێن، پێویستە بە ڕاوێژ لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدرێن، بە تایبەتی ئەوانەی، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە.

ئەگەر سیاسەتێکی یەکلاکەرەوە و دیاریی زمانمان نەبێت و نەتوانین زمانی کوردی بەو شێوەی لە قانوونەکەدا دانی پێدانراوە لە ڕووی زاراوە، ڕێزمان، پەروەردە و وەرگێڕانەوە دابین بکەین، لەوانەیە پاشخانی ڕۆشنبیری و کاریگەری زمانی باڵادەست (عەرەبی) لە ڕووی مێژوویی و ئێستایی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، تەنانەت لە هەرێمیش بەپێی شەپۆلی هاتنی عەرەبەکان بە هۆی بازرگانی و کۆمپانیاکانەوە، ئاخێوەری کورد لە سەر بنەمای پەیوەندیکردن و

بەرژەوەندییە ڕۆژانە و ماددییەکانی زمانی دووەم (عەرەبی) هەڵبژێرێتەوە، بەم جۆرە بە ئارەزووی خۆی بەرەو بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی زمانی دووەم بچێ. پێویستە لە هەرێمی کوردستان و بەپێی ناوچە، زمانییە جیاوازەکانی لە ڕووی دیالێکتەکانەوە ئاگادار بین، تا ململانێی دیالێکتە کوردییەکان سەرهەڵنەدات، کە ئەنجامی سیاسیی خراپی بۆ کوردستان لێدەکەوێتەوە.

# زمانی فەرمی لە عێراق

**ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی**

**بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان،**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران،**

**بابەت/ زمانی فەرمی لە عێراق**

**ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ٢٠١٤/١/٧ قانوونی زمانە فەرمییەکانی پەسندکرد، کە بووە هۆی چەسپاندنی یەکسانی و هاوتایی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی لە عێراقدا.**

**بەپێی ماددەی (١٥)ی ئەم قانوونە، ئەکادیمیای کوردی لەگەڵ (المجمع العلمي العراقي)، بە دوو لایەنی متمانەپێکراو دانراون بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی لەڕووی زمانەوانییەوە دێنە پێش.**

**جێبەجێکردنی ئەم قانوونە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سیاسەتی زمانەوە هەیە، چاکترە بە بڕیاری سیاسی یەکلایی بکرێتەوە. لەم ڕووەوە ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی چەند پێشنیازێك، کە لە هاوپێچدایە، دەخاتە بەردەست، ئومێدەوارین لە کاتی داڕشتنی سیاسەتی زمان لە هەرێمی کوردستان سوودیان لێ وەربگیرێ.**

**لە گەڵ ڕێزماندا**

**د. نووری تاڵەبانی**

**سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی**

**هەولێر، ٢٠١٢/٦/١٧**

**هاوپێچ// پێشنیازەکان**

**وێنەیەك بۆ:**

**- فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.**

**- ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.**

**- نووسینگەی سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.**

ـ نووسینگەی جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.

ـ سکرتێری ئەکادیمیای کوردی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.

ـ فایلی گشتی.

# ڕوونکردنەوەی ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی لەبارەی هەموارکردنەوەی قانوونی ئەکادیمیای کوردی لەلایەن پەرلەمانی هەرێم

ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی لە کۆبوونەوەی ژمارە (١٥)ی ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٢/٦/١٧، بڕیاری دا ئەم ڕوونکردنەوەی خوارەوە سەبارەت بە هەموارکردنەوەی قانوونی ئەکادیمیای کوردی بڵاوبکاتەوە:

ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی، کە باڵاترین دەسەڵاتە لە ئەکادیمیای کوردی، لە ساڵی ٢٠٠٩ پرۆژە قانوونێکی بۆ هەموارکردنەوەی قانوونی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو ئامادەکرد. ئەم دەزگایە، کە لە ساڵی ١٩٩٧ لە هەرێمی کوردستان بەناوی (کۆڕی زانیاری کوردستان) دامەزراوە، درێژەپێدراوی (کۆڕی زانیاری کورد)ە، کە لە ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە.

پرۆژەی هەموارکردنەوەی قانوونی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٧، بە نووسراوی سەرۆکایەتیی ئەکادیمیا ژمارە (١٩) لە ٢٠٠٩/١/٢١، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، ڕەوانەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، ئەویش بەپێی نووسراوی نهێنی ژمارە (٩٧٠)ی ڕێکەوتی ٢٠١٠/٤/٢٢، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی ڕەوانەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانی کردووە. پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (١٩٩) لە ٢٠١٠/٦/٢٧ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژەکە کردووە و داوای لە هەردوو لێژنەی (پەیوەندییەکان و کاروباری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوار) و (قانوونی) کردووە ڕاپۆرتی خۆیان لەبارەی پرۆژەکە ئامادە بکەن. پاش نزیکەی دوو ساڵ، پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەکانی ژمارە (١٤، ١٥ و ١٦) لە ڕۆژانی ٩، ١٥، ٢٠١٢/٥/١٦، بەبێ ئاگاداری و ئامادەبوونی نوێنەری ئەکادیمیای کوردی، تاوتوێی پرۆژە قانوونەکەی کردووە. سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی، کە بە پلەی وەزیره دەبوو ئەویش وەکو ئەو کەسانەی لە خولی دووەم و سێیەمی پەرلەمان پلەی وەزیریان هەبووە لە دەزگاکانیاندا و ئامادەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بوون، ئەویش لەکاتی تاوتوێکردنی پرۆژەی قانوونی ئەکادیمیا بانگ بکرێت بۆ

ڕوونکردنەوەی ئەو پرسیارانەی لە لای پەرلەمانتاران پەیدا دەبوون. بەداخەوە کەسێك نەبوو وەڵامی پرسیارانی پەرلەمانتاران بداتەوە. لەوەسەیرتر ئەوەبوو، لە ڕۆژی دووەم و سێیەم وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان لە لایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پەرلەمانتاران بانگهێشتکرابوو، ئەوە پێشێلکارییەکی قانوونیی تر بوو، چونکە ئەکادیمیای کوردی سەر بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانە نەك ئەو وەزارەتە. ئامادەنەبوونی نوێنەری ئەکادیمیا لەناو هۆڵی پەرلەمان، بووە هۆی ورووژاندنی چەند پرسیارێك لە لایەن بەشێك لە پەرلەمانتارانەوە. بۆ نموونە باس لەوە کرابوو ئەکادیمیا پرۆژەکەی هەر بە زمانی عەرەبی ناردووە بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، ئەویش بەو زمانە ناردوویەتی بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان. پرسیار لەوەدایە بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان پرۆژەکەی هەر بە زمانی عەرەبی بڵاوکردووەتەوە نەك بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، لەکاتێکدا بەو دوو زمانە بەدەستی گەیشتوون؟ جێگەی داخە پرسیاری بەشێك لە پەرلەمانتاران سەبارەت بە ئەرك و کار و چالاکییەکانی ئەم دەزگا زانستییە جۆرێك ناشارەزایەتی پێوەدیاربوو، کە بووە هۆی ئەوەی ڕاو بۆچوونی جیاواز لەنێو پەرلەمانتاراندا لەسەر پرۆژەکە دروست بێ. پەرلەمان لیژنەیەکی هاوبەشی لەو دوو لیژنەیە دروستکردبوو بۆ کۆکردنەوەی بۆچوونە جیاوازەکان. لە کۆبوونەوەی ژمارەی (٢٣)ی ئاسایی پەرلەمان لە ڕۆژی ٢٠١٢/٦/٧، بەشێوەیەکی ناڕۆشن دەنگ لەسەر پرۆژەکە درا. ئەکادیمیای کوردی بە نووسراوی ژمارە (١١) لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٦/١١ نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکایەتیی هەرێم کرد، داوای کردووە ئەو قانوونە واژۆ نەکات و بیگێڕێتەوە بۆ پەرلەمان، چونکە ماددەی یەکەمی پرۆژەکە بەو شێوەیەی هەموارکراوەتەوە، لەگەڵ ئەرك و چالاکییەکانی ئەکادیمیا ناگونجێ. ئەکادیمیا داوای لە سەرۆکایەتیی هەرێم کردووە ماددەی یەکەمی پرۆژەکە دەستکاری بکرێت تا هەر ئەکادیمیای کوردی مەرجەعی باڵا بێت لە بواری زمانی کوردیدا. لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ئەکادیمیایان هەیە، ئەو دەزگا زانستییە تاکە سەرچاوە و مەرجیعە سەبارەت بە هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە زمانی ئەو وڵاتەوە

**هەیە، لە هیچ وڵاتێکدا دوو مەرجیع بۆ زمان دانەنراوە. لە هەرێمی کوردستان ئەکادیمیای کوردی دەبێ مەرجیعی سەرەکی بێت لە بواری زمانی کوردیدا، وەکو کۆڕی زانیاری کورد، کە لە ساڵی ١٩٧٠ بۆ ئەو مەبەستە دامەزرابوو.**

# وەرگێڕانی بەشێك لە وشەی قانوونی لە عەرەبییەوە بۆ كوردی بە هەڵە

نەبوونی كیانێكی سەربەخۆی كوردی و دابەشكردنی خاكی كوردستان بەسەر چەند دەوڵەتێكدا، یەكێكە لە هۆیە سەرەكییەكانی تێكەڵبوونی وشەی عەرەبی و توركی و فارسی بە زمانی كوردی. زمانی ڕەسمی ئەو دەوڵەتە داگیركەرانەی كوردستان لە هەموو بەشەكانی كوردستان زمانی خوێندن و فێركردن بوون لە قوتابخانە و زانكۆكان و دادگە و دەزگاكان. ئەم سێ زمانە دەمێكە لەو بەشانەی كوردستان بەكاردێن، كە بووەتە هۆی ئەوەی وشە و زاراوەی جۆراوجۆر لەو زمانانەوە بكەونە ناو زمانی كوردی، لە نووسین و لە ئاخافتندا. بەشێوەی گشتی، بەكارهێنانی وشە و زاراوەی زمانێك لە زمانێكی تر، بەتایبەتی لە بواری تەكنیكی و بازرگانی كارێكی نادروست نییە، بەڵام سەپاندنیان وەكو ئەوەی لە بەشێك لە وڵاتە كۆنە كۆڵۆنیاڵ و داگیركراوەكاندا ڕوویانداوە، ئەوە جێگای قبووڵكردن نییە.

لە باشووری كوردستان دیاردەی وەرگێڕانی وشەی عەرەبی بۆ كوردی دەمێكە دەستی پێكردووە، بەتایبەتی لە بواری كارگێڕی و قانوونیدا. ئەم دیاردە بە ڕوونی بۆم دەركەوت لە كاتی ئامادەكردنی فەرهەنگێكی قانوونی كوردی، چونكە چەندین وشە و زاراوەی قانوونی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیرابون بۆ سەر زمانی كوردی بە دەقاودەقی. ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕاكێشام ئەوەبوو، بەشێك لەو زاراوە وەرگێڕاوانە لە كوردی ئەو مانایەی نییە كە لە زمانی عەرەبیدا هەیەتی. لەوە دەچێ بەشێك لەو كەسانەی ئەو وشانەیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی بایەخی زۆریان بە وەرگێڕانی دەقاودەق داوە، لە زمانی عەرەبی بەولاوە شارەزای زمانێكی تر نەبوون. لەبارەی وشە و زاراوەی قانوونی، چەندین وشەی عەرەبی لە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزییەوە وەرگیراون و كەوتوونەتە ناو زمانی عەرەبی، پاشان لە زمانی عەرەبییەوە بە وەرگێڕانێكی هەڵە كەوتوونەت ناو زمانی كوردی.

هەرچەندە دیاردەی وەرگێڕانی وشەی قانوونیی عەرەبی بۆ كوردی كۆنە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییە زیاتر بووە و هەموو هەستی پێدەكەین. زمانی كوردی لە

باشووری کوردستان لەپاڵ زمانی عەرەبی، زمانێکی ڕەسمییە، بەڵام تا ئێستا بەشێکی زۆر لە دامەزراوە و دەزگاکانی هەرێم هەر زمانی عەرەبی بەکاردێنن، لە دادگا و زانکۆکانەوە تا پەرلەمان و دەزگاکانی تر. بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا زمانێکی قانوونیی کوردی بنەماییەکی پتەوی بۆ خۆی دانەمەزراندوە، زمانی عەرەبی ئێستاش بە بەردەوامی بەکاردێت لەناو بەشی زۆری دەزگاکانی هەرێم، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو دەزگایانە بە قانوونەکانی عێراق کار دەکەن، کە بەشی زۆریان بە زمانی عەرەبی ئامادەکراون و نەکراونەتە کوردی. نەبوونی دەزگایەکی قانوونیی شارەزا و لێزان کە بتوانێ بەشێوەیەکی زانستییانە وشەی قانوونیی گونجاو بۆ ئەو وشە عەرەبیانە ئامادە بکات تا وردە وردە لە زانکۆ و دەزگاکانی هەرێم بەکاربێن هۆیەکی ترە بۆ بەردەوامبوونیان لە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی.

مەترسی لەوەدایە کە بەشێك لەو وشانەی بە هەڵە وەرگێڕاونەتە کوردی و خەریکە بچەسپێن لەناو زمانی کوردیدا، چونکە ڕۆژانە لە نووسین و میدیا و لە بەشی زۆری دەزگاکانی هەرێم بەکاریان دێنن. پرۆسەی ئامادەکردنی زمانێکی قانوونی ڕاست و مۆدێرن هەر بەرەو ڕووی کورد نەبووەتەوە، چەندین کیان و دەوڵەتی پاش دامەزراندنیان خەریکی ئامادەکردنی وشە و زاراوەی قانوونی بوون و هەوڵیان داوە لەناو دەزگاکانیان بەکاریان بێنن. بۆ نموونە لە تورکیای پاش نەمانی دەوڵەتی عوسمانی، کە پاشماوەی ئەو دەوڵەتە گەورەیە بوو و زمانی تورکی بۆ چەند سەدەیەك بەکارهاتبوو، کاربەدەستانی ئەو دەوڵەتە کەوتنە ئامادەکردنی فەرهەنگێکی قانوونی مۆدێرنی گونجاو لەگەڵ باری تازەی وڵاتەکەیان، بەمەبەستی بەکارهێنانی لەناو دەزگاکانی دەوڵەتیدا. هەرچەندە پرۆسەکە بە ئاسانی جێبەجێ نەکرا، نەك لەبەر گۆڕینی پیتی عەرەبی بە پیتی لاتینی لە نووسینی زمانی تورکیدا، بەڵکو لەبەر ڕانەهاتنی خەڵك و کارمەندانی دەزگاکان لە بەکارهێنانی ئەو وشە و زاراوە قانوونییانە.

لەم بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان کە زمانی کوردی زمانی ڕەسمییە تێیدا، پڕۆسەی ئامادەکردنی وشە و زاراوەی قانوونی کوردی تا ئێستا دەستی پێنەکراوە و بۆتە هۆی پەیدابوونی ئاڵۆزی و ناڕێکی لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەی قانوونی جۆراوجۆر، هەر کەسە بەپێی مزاجی تایبەتی خۆی بەکاری دێنێ. ئامادەکردنی فەرهەنگێکی قانوونی بە زمانی کوردی کارێکی ئاسان نییە ئەگەر ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین، کە وشەی قانوونی لە زمانی کوردی کەمن و پێشتر بەکار نەهاتوون. ئەو کۆمەڵە وشانەی بە دەقاودەقی لە زمانی عەرەبییەوە کراون بە کوردی، بەشێکیان وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکردووە مانای خۆیان نابەخشن لەزمانی کوردی. بەڵام پێش دەستنیشانکردنی ئەو وشانەی بەهەڵە کەوتوونەتە ناو زمانی قانوونی کوردی، پێویستە لە خودی وشەی "یاسا" بکۆڵینەوە، تا بزانین چۆن و بە چ شێوەیەك کەوتۆتە ناو زمانەکەمان.

وشەی "یاسا" بۆ یەکەم جار مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ بەکاری هێناوە لەو فەرهەنگەی لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا ئامادەی کردووە. کۆڕی زانیاری کورد لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا پێشنیازی بەکارهێنانی ئەو وشەی کردووە، هەرچەندە ڕاشکاوانە ددانی بەوەداناوە، کە ئەو وشەیە لە بنەڕەتدا تورکی مەغۆلییە، بەڵام دەمێکە کەوتووەتە ناو زمانی کوردی. وشەی "یاسا" وشەیەکی تورکییە، لە زمانی تورکی بە (دەستوور) دەوترێ، "ئەنە یاسا"، واتا دایکی قانوونەکان. ئەوەی پێویستە لێرە بوترێت ئەوەیە، مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ پەشیمانیی خۆی نیشانداوە لە بەکارهێنانی ئەو وشە تورکییە لە سەرەتای دەستپێکردنم بە ئامادەکردنی ئەو فەرهەنگە قانوونییە. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٤ داوای لێکردم وشەی "قانوون" بەکاربێنم، وشەی "قانوون" وشەیەکی یۆنانی کۆنە لە "کانۆنیمۆس"ەوە هاتووە، لە زمانی عەرەبی کراوە بە (قانون) و لە زمانی کەنەسی و لاهووتیدا (کەنۆن) بەکاردێت. ئەگەر زانایەکی گەورەی وەکو تۆفیق وەهبی بەگ بەو تەوازوعەوە پەشیمانی خۆی دەربڕێ لە بەکارهێنانی وشەی "یاسا"، کە خۆی بۆ یەکەمجار بەکاری هێناوە. بۆیە چۆن دەبێ ئێمەی شاگردی ئەو زانا گەورەیە

پێداگرین لەسەر بەکارهێنانی. لەبارەی بەکارهێنانی وشەی "قانوون" لەجیاتی "یاسا"ی تورکی مەغۆلی، لە چەند قانووناسێکم بیستووە وتوویانە ئەو وشەیە لەم دە دوانزە ساڵەی دواییە بەکارهاتووە، ئەگەر هەڵە بێت، نابێ بەردەوام بین لەسەر بەکارهێنانی.

وشەی "پەرلەمان" لەجیاتی "ئەنجومەنی نیشتمانی" بەکارهاتووە، بەڵام لەکاتی چاوگێڕانەوە بە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی قانوونی لە پەرلەمانی هەرێم لە مانگی ئۆکتۆبەر و نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٣ بڕیاری چەسپاندنمان دا. ئومێدەوارم قانووناسی کورد وەکو زۆربەی قانووناسانی ڕۆژاوا بە (کۆنسێرڤەتیڤ) نەدرێنە قەڵەم، بەو مانایەی حەز بە گۆڕانکاری نەکەن. لەو باوەڕەدام مرۆڤـ هەر دەمێك بۆی دەرکەوت کارێکی کردووە ڕاست نییە و بە هەڵە بۆی چووە، دەبێ خۆی ڕاستی بکاتەوە، چونکە ئەو دەمە کارەکەی بە دوو چاکە بۆی دەنووسرێتەوە، لای خودا و لای خەڵك. ئەگەر تەماشای فەرهەنگە قانوونییەکان بکەین کە بە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی ئامادەکراون، دەبینین سەدان وشە و تێرمی یۆنانی و لاتینی تێدا هەیە ئێستاش بەکاریان دێنن، کە لەو دوو زمانە و لە زمانەکانی تر وەرگیراون و زۆریان بوونە بە زاراوەی جیهانی.

ئەو وشانەی کەوتوونەتە ناو زمانی قانوونی کوردی و بەشێوەی خۆیان ماونەتەوە و دەستکاری نەکراون، بەشێکیان لە شەریعەتی ئیسلامەوە وەرگیراون و بە بەردەوامی بەکار هاتوون، چونکە پەیوەندییان بە ئایینی ئیسلامەوە هەیە کە بەشی هەرە زۆری کورد لەسەر ئەم ئایینەیە. ئەو وشانە لەبەر ئەوی دەمێکە کەوتوونەتە ناو زمانی کوردی، ڕەگ و ڕیشەیان لەناو زمانەکەمان داکوتاوە، پیاوانی ئایینی ئیسلام لە زانا و مەلاکانی کوردستان لە دێرزەمانەوە خزمەتی ئەم ئایینە و زمانەکەیان کردووە کە زمانی عەرەبییە، بۆیە بەشی زۆری ئەو وشانە کەوتوونەتە ناو زمانەکەمانەوە. جگە لەو کۆمەڵە وشانەی کە پەیوەندییان بە شەریعەتی ئیسلامەوە هەیە کە لەو باوەڕەدام نابێت دەستکاری بکرێن، کۆمەڵە وشەیەکی تر هەن بە دەقاودەقی لە عەرەبییەوە کراون بە کوردی دەبێ بە وردی لێیان بکۆڵینەوە و هەوڵی

ڕاستكردنەوەیان بدەین. لەوە دەچێ ئەو كەسانەی ئەو وشانەیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی هەر شارەزای زمانی عەرەبی و كوردی بوون، نەك زمانەكانی وەكو فەرەنسی و ئینگلیزی كە بەشێك لەو وشانە لەو دوو زمانەوە وەرگیراون و كەوتوونەتە ناو زمانی عەرەبییەوە. بۆ نموونە وشەی "محامی" لە عەرەبییەوە بە دەقاودەقەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی بووە بە وشەی "پارێزەر"، بەڵام ئەگەر تەماشای زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی بكەین، دەبینین تێرمێكی وایان بۆ داناوە گونجاوە لەگەڵ ئەركی ئەو كەسانەی بەو كارە هەڵدەستن. لەم ڕوانگەوە وشەی "دادیار"م بۆ پێشنیازكردووە لە فەرهەنگە قانوونیەكەم، كە بە مانای (دۆستی داد) دێت، چونكە ئەركی سەرەكی دادیار بەپێی ئەو سوێندەی خواردوویەتی هاوكاریكردنی دادگا و دەزگاكانیەتی بۆ دۆزینەوە و دەرخستنی ڕاستی ـ هەرچەندە هەموو دادیاران بەو چەشنە ڕەفتار ناكەن، بەداخەوە بەشێكیان دووركەوتنەوە لە ئەركی پیشەیی سەرشانیان. ئەو دیاردە لەناو خاوەن پیشەكانی تر هەیە، كە بە چەوتی كار دەكەن. زاراوەی دادیار لە چەشنی "ئەندازیار" كە دەمێكە لە زمانی كوردی بۆ (مهندس) بەكارهاتووە. خۆ بەستنەوە بە وەرگێڕانی دەقاودەقی وشە عەرەبیەكان تووشی هەڵەی گەورەتری كردووین، وەكو بەكارهێنانی وشەی "پارێزگا" و "پارێزگار" بۆ (محافظة) و (محافظ)، كە لە زمانی عەرەبیدا گونجاون، بەڵام بۆ كوردی ئەو مانایە نابەخشن كە لە عەرەبیدا هەیانە. وشەی "ئوستان" كە وشەیەكی ئێرانیی كۆنە و كورد دەتوانێ بەكاری بێنێ، چونكە گونجاوترە بۆ كوردی، وشەی (پارێزگا) هیچ پەیوەندییەكی نییە بە ئەركی ئەو فەرمانبەرە ئیدارییە كە هەڵسووڕاندنی كاروباری ئیدارییە لەو ناوچەی بۆی دیاری كراوە. هەروەها بەكارهێنانی وشەی (ڕەگەزنامە) بۆ (جنسیە) كە حاڵەتێكی قانوونییە لە ئاكامی پەیوەندییەكی قانوونی پەیدادەبێت لە نێوان (كەسێك)، یان (شتێك) وەكو كەشتی، لەگەڵ دەوڵەتێكدا هیچ پەیوەندییەكی بە ڕەگەزەوە نییە، زاراوەی (دەوڵەتنامە) یان (هاوڵاتی نامە) لە وشەی (جنسیە) ڕاسترە. هەرچەندە لە وشە عەرەبیەكەوە دوورە. ئەمڕۆكە بە هەزارەها كوردی نیشتەجێی دەوڵەتانی دونیا بوون، ئەو پەیوەندییە

قانوونیەیان پەیدا کردووە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی تێیدا دەژین، بێ ئەوەی ڕەگەزی خۆیان بگۆڕن. سەبارەت بە وشەی (پەیمانگا) لە (معهد)ی عەرەبییەوە بە وەرگێڕانی دەقاودەقی کراوە بە کوردی، لە کوردیدا ئەو مانایە نابەخشێ کە لە عەرەبیدا هەیەتی، وشەی (ئینیستیتۆ) یان (ئەنستیتۆ) کە وشەیەکی جیهانییە، لە وشەی (پەیمانگا) ڕاستترە، چونکە (معهد) ئەو مانایەی نییە لە کوردیدا، (پەیمانگا) جێگای خوێندنە و ئەرکی سەرشانی ئەو دەزگایە فێرکردنە نەك پەیمانبەستن.

ئومێدەوارم ئەم چەند وشانەی لێرە وەکو نموونە خستوومنەتە بەرچاو، بە هاوکاریی هەموو لایەك ڕاستیان بکەینەوە پێش ئەوەی بچەسپێن لەناو زمانەکەماندا. ئەو فەرهەنگە قانوونییە کە بە عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی و فەرەنسی ئامادەمکردووە و ئومێدەوارم لەم نزیکانە بە چاپکراوی بکەوێتە بەردەستی خوێندەواران، کە ئەم بۆچوونانەم لەوێدا ڕوونکردووەتەوە، لەوێدا هۆکاری ئەو پێشنیازانەی کردوومن خستوومەتە بەرچاو. ئومێدەوارم ئەو وشە و زاراوە تازانەی پێشنیازکراون بۆ ئەو کەسانەی شارەزا و پسپۆڕن لە زمانی کوردی و بیانی وەکو عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزی لێیان بکۆڵنەوە، بە مەبەستی نوێکردنەوە و پاککردنەوەی زمانی قانوونی کوردی، کە پێویستە بەشێوەیەك ئامادەبکرێت خزمەت بە ئەمڕۆ و پاشەڕۆژی گەڵ و نیشتمانەکەمان و زمانی کوردی بکات.

# بەشی نۆیەم

## شاری کەرکوک لە سەدەی رابوردوودا

## ڕۆڵی تەکیەی تاڵەبانی لە یەکخستنی پێکهاتەکانی شاری کەرکوک

تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوک بە (تەکیەی گەورە) ناسراوە، لەناو تورکمان بە (بیوك تکیە). ئەم تەکیە لە قەراغی شاری کەرکوك نزیکە لە ڕێگای گشتی نێوان کەرکوك - سلێمانی، لەسەر گردێکی بەرز دروستکراوە لە قەلاّی کەرکوك بەرزترە. سەرەتا نوێژ و زیکر لە ژێرزەمین دەکران، بەلاّم لە سەردەمی مەولانا شێخ عەبدوڕەحمانی تاڵەبانی ناسراو بە (خالص) گەورە کراوەتەوە. بە ڕەسمی ناوی مزگەوتی (مەجیدیە) یە، شاری کەرکوك تا ساڵی ١٨٧٩ مەڵبەندی ویلایەتی شارەزوور بووە، والی عوسمانی لەو شارە دانیشتووە. خێزانی سوڵتان عەبدولمەجید، (پرتیڤنال) خانم و یەکێ لە والییەکان موریدی شێخ عەبدوڕەحمان بوون، بەهۆی ئەوانەوە سوڵتان عەبدولمەجید فەرمانی فراوانکردنەوەی تەکیەکەی داوە، بۆیە ئەو ناوەی پێدراوە. ئەو خێزانەی سوڵتان تەڵێك لە مووی پیرۆزی پێغەمەر- دروودی خوای لەسەر بێت -  ناردووە بۆ شێخ عەبدوڕەحمان، کە تا ئێستاش لەوێ ماوە لە جێگایەکی زۆر تایبەت ئاگاداری دەکرێت.

تەکیەی تاڵەبانی کەرکوك، سەرچاوەی هەموو تەکیەکانی تاڵەبانییە لە کوردستانی باشوور و بەشەکانی دیکەی کوردستان و وڵاتانی عێراق و تورکیا و میسر و بەشی زۆری وڵاتانی ئیسلامی. چەندین لقی تەکیەی تاڵەبانی لە ناوچەکانی هەورامان و سەرپێڵی - زەهاو و ناوچەی جوانڕۆ و سنە و مەریوان و سەردەشت و موکریان کراونەتەوە، بەشێکی زۆر لە زاناو  ناودارانی ئەو ناوچانە خەلیفە و موریدی ئەو تەکیە بوون. یەکێ لە خەلیفەکانی شێخ عەبدوڕەحمان لە شاری (سیواس) لە باکوور شێخ نور باباعەلی بووە، کە ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵەندی (مارتن ڤان بروینس) لە کتێبەکەی بە زمانی ئینگلیزی: (ئاغا و شێخ و تەکیە و خانەقاکانی کورد) باسی کردووە،  نووسیویەتی کاتی خۆی سەردانی کەرکوکی کردووە، لەوێوە

لەگەڵ شێخ عەبدوڕەحمان و بەشێك لە موریدەكانی چوونە بۆ بەغدا، بۆ بەشداریكردن لە یادكردنەوەی ڕۆژی لە دایكبوونی پێغەمبەرـ دروودی خوای لەسەر بێت - كاتێ گەیشتوونەتە بارەگای غەوسی گەیلانی لە بەغدا، بە دەف لێدان چوونەتە ژوورەوە، چەند شێخێكی سەر بە ڕێبازی دیكەی تەسەوف، كە بۆ هەمان مەبەست لەوێ بوون، ناڕەزایی خۆیان دەربڕیوە، بەڵام (نەقیبی ئەشرافی بەغدا) بەم شێوەیە وەڵامی داونەتەوە: "لە نێوان سوڵتان و دەستی بۆ مەزاری شێخ عەبدولقادر درێژكردووە و وەزیرەكەی، دەستی بۆ شێخ عەبدوڕەحمان درێژكردووە، ناتوانم هیچ بڵێم"! ئەوە پلەو پایەی شێخ عەبدوڕەحمانی خالص دەردەخات لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی ئیسلامی، چونكە بارەگای غەوسی گەیلانی لە بەغدا مەڵبەندێكی گەورەی تەسەوفە لەسەر ئاستی هەموو وڵاتانی ئیسلامی.

لە بەردەم تەكیەی تاڵەبانی لە كەركوك گەڕەكێك بەناوی (بەرتەكیە) لەسەردەمی شێخ عەبدوڕەحمان و شێخ عەلی كوڕیی دروستكراوە، سەرەتا بۆ ئەو كەسانە لە تەكیە بوون و خاوەن خێزان بوون. لە پشتی تەكیەدا گۆڕستانێك بەناوی (گۆڕستانی پشت تەكیە) هەیە، جادەیەك لەبەردەم تەكیەوە دەست پێدەكات تا دەگاتە دەشتی (چوارباخ) ئەو گۆڕستانە دەكات بە دوو بەشەوە: گۆڕستانی (پشت تەكیە) و گۆڕستانی (شێخ محێدین). لەو نووسینانەی لەسەر ئەو گۆڕستانە بڵاوكراونەتەوە جاروبار بە هەڵە ناوی هەردووكیان بە گۆڕستانی (شێخ محێدین) براوە.

دەشتی چوارباخ پێشتر موڵكی تەكیە بووە، باخێكی گەورەی تێدابوو بەناوی باخی شێخ حەبیبی تاڵەبانی ناسراو بوو، كە تا ساڵی ١٩٤٨ سەرۆكی شارەوانی كەركوك بووە. دەشتی چوارباخ پێش ساڵی ١٩٥٧ دەكرایە گەنم، لە هاوین بەشێكی دەكرایە (شینایی)، بەئاوی ئەو جۆگەی لەلای (ئاشە سووركەوە)ی سەر(خاسە)وە دەهات ئاودەدرا. لە خوارەوە، لەنزیك ڕێگای ئێستای سلێمانی - كەركوك سەوزاییەك هەبوو ئێستا كراوەتە پاركێكی بچووك، كاڕێزێكی گەورە لە نزیكی هەبوو بە (بلاّغ)

ناودەبرا، ئێستا نەماوە مزگەوتی (ئیسکان)ی لەسەر دروستکراوە. دەشتی چوارباخ پاشان کرایە چەند گەڕەکێکی گەورە، کە یەکێکیان گەڕەکی (ئیسکان)ە.

تەکیەی تاڵەبانی لە ساڵی ١٧٠٦ی زاینی، لەلایەن مەلا مەحموودی زەنگنە بنیاتنراوە، کە باپیرە گەورەی شێخانی تاڵەبانی یە. مەزاری مەلا مەحموود و شێخ ئەحمەدی کوڕی لە تەکیە بەخاك سپێرراون. ئەم تەکیە پاشان لەلایەن شێخ عەبدوڕەحمان گەورەو فراوانتر کراوەتەوە. بە بۆنەی فراوانکردنەوەی ئەو تەکیە چەند شاعیرێکی گەورەی ئەودەمە، کە یەکێکیان مەولەوی تاوەگۆزیی، شاعیر و دۆستی نزیکی شێخ عەبدوڕەحمان بووە، قەسیدەیەکی جوانی بە زمانی فارسی داناوە.(١)

شێخ عەبدوڕەحمان شێخێکی گەورە بووە لە مەیدانی عیرفان و تەسەوفدا و دۆستێکی زۆر نزیکی کاك ئەحمەدی شێخ بووە، پێکەوە لەلای شێخ مەعروفی نۆدەیی لە سلێمانی خوێندوویانە. کاتێ کاك ئەحمەد لە حیجاز گەڕاوەتەوە، لە کەرکوك میوانی شێخ عەبدوڕەحمان بووە. شێخی (خالص) زانایێکی گەورە بووە دەرسی بە بەشێك لە فەقێیەکانی خۆی وتووە، یەکێکیان حاجی قادری کۆیی بووە، کە ماوەیەك فەقێی موستەعید بووە. شێخی خالص شاعیرێکی زۆر پایەبەرز بووە، نازناوی شیعری (خالص) بووە، لە "خالصا للە"وە هاتووە. بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی لە بواری عیرفان و تەسەوفدایە بە سێ زمانی فارسی و تورکی و کوردی /شێوەی هەورامی، کەمێك شیعری بە عەرەبی هەیە. دیوانی شیعرەکانی بە ناوی "جەزبیەی عیشق" چەند جارێك چاپکراون، یەکەم جار لە ئەستەمووڵ، لە سەردەمی شێخ عەلی کوڕی گەورەی، چاپی دووەم لە ئێران لە ساڵی ١٩٥٠، لە سەردەمی شێخ جەمیل تاڵەبانی باوکم، چاپی سێیەم لە ساڵی ١٩٩٣ لە ئێران، لەلایەن موریدێکی باوکم کە دانیشتووی شاری (سنە) بووە.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لەبارەی شێخ عەبدوڕەحمان نووسیویە:

" ئەم زاتە سەروێك بووە لە چەمەنی شاهانەی ئەولیادا، ئەدیب و نووسەرێکی تاقانە بووە لە باخی ئەسفیادا و مامۆستایەکی زاناو بەتوانا بووە لە ناو مامۆستایاندا و

مورشدێکی هەڵکەوتوو بووە لەناو کۆڕی مورشیدەکاندا". لە درێژەی ئەو نووسینەیدا وتوویەتی، "سەردەمی شێخی خالص لەناو بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانی سەردەمی زێڕینی هەموو بنەماڵەی تاڵەبانی بووە، چونکە ئەوەندە جیلوەی خودایی بووە، تەکیەکەی بووە بە دائیرەی تەکیەی دەروێشان و خوێندگاکەی دەرمانخانەی دڵریشان بووە، هۆدەکانی تەکیە مەڵبەندی پیاوان و ناوداران بوون و هەموو جۆرە خوێندەوار و زمانزانی تێدا دانیشتووە و وچانیان داوە". لەبارەی ڕەوشتی شێخی خالصەوە، مامۆستا مەلا عەبدولکەریم نووسیویەتی: "بە مەعنای کەلیمە مەردی مەیدان بووە و شێری ناو مەردان بووە، تاجی سەری ئەولیاکان بووە، لەناو پیاوە هەڵکەوتووەکانی جیهاندا لەڕیزی سەرەوە ناوی نووسراوە".(٢) مامۆستا مەلا عەبدوالکەریمی مودەڕیس نووسیویە کە شێخ عەبدوڕەحمان پیاوێکی زۆر سەخی تەبیعەت بووە، هەرچی دەستکەوتووە بەگوێرەی توانا سەرفی کردووە. زانای گەورەی کورد، تۆفیق وەهبی بەگ شێخ عەبدوڕەحمانی وەك فەیلەسوفێکی ئیسلامی گەورە تەماشا دەکرد. حاجی قادری کۆیی، کە هەموو دەزانین هەجوی تەکیە و خانەقا و شێخەکانی کردووە، کە باسی شێخی خالصی کردووە بە "غەوسی سانی" و "حاتەمی مەزهەب" ناوی بردووە:

**غەوسی سانی و حاتەمی مەزهەب**

**عەبدولرەحمانی خالصی مەشـــڕەب**

تەکیەی تاڵەبانی هەمیشە مەڵبەندێکی گەورە بووە بۆ زیکر و عیبادەت لەسەر ڕێبازی قادری، بەلاَم ڕێگە نەدراوە موریدەکانی تیغبازی بکەن. شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی هەموویان سەرەتا خوێندوویانە بوون بە مەلای چاك، ئەوجا دەستیان بە ئیرشاد کردووە، بۆیە ڕێگایان بە کاری ناشەرعی نەداوە. هەروەها ڕێگەیان نەداوە خەلیفەکانی ئەو تەکیە بەسەر موریدەکاندا بگەڕێن، تا نەبنە باری قورس بەسەریانەوە. ڕێبازێکی دیکەی شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی، کە هەمیشە لەسەری ڕۆیشتوون ئەوەیە سیاسەتیان لەگەڵ دین تێکەلاَو نەکردووە، بەلاَم هەمیشە پشتگیرییان لە بزووتنەوەی نیشتمانی و نیشتمانپەروەرانی کوردستان کردووە. بۆ

نموونە، لە سەردەمی شۆڕشی شێخ مەحموود، مەحموود خانی دزلی و چەکدارەکانی لە نزیك دێی (قەرە هەنجیر) لە کەرکوك شەڕێکی نابەرابەرانە لەگەڵ لەشکری ئینگلیز دەکەن، پاشان بەشێکیان دەستگیر دەکرێن، مەحموود خان خۆی و ئەو کەسانەی لەگەڵی بوون لە زیندانی کەرکوك بۆ ماوەی چەند مانگێك ماونەتەوە. لەو ماوەدا بە فەرمانی شێخ جەمیلی تاڵەبانی هەموو ڕۆژ لە تەکیەوە خواردنیان بۆ ناردوون. لەپاش دەرچوونیان لە زیندان، ماوەیەك لە کەرکوك دەمێننەوە، لەبەرئەوەی ڕێگایان پێ نەدرابوو بگەڕێنەوە بۆ هەورامان، لەو ماوەدا هەموویان میوانی شێخ جەمیل بوون لە تەکیە.(٣)

تەکیەی تاڵەبانی هەمیشە هەژار و فەقیر و لێقەوماوانی کوردستانی لێ بووە، بەتایبەتی خەڵکی ناوچەکانی هەورامان، کە لە وەرزی زستان و سەرەتای بەهاردا، لەبەر هەژاری دەهاتن بۆ کەرکوك بۆ کارکردن، لەبەر ڕێزی تەکیە چاوپۆشییان لێ کراوە، شەوان لە تەکیە دەمانەوە ژەمی ئێوارەیان پێ دەدرا. ئەم دیاردە تا ساڵی ١٩٥٨ بەردەوام بووە.

تەکیەی تاڵەبانی هەمیشە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و فیکری و جێگای فێربوونی مەقامی ڕەسەنی کوردی و تورکمانی و عەرەبی بووە. چەندین مەقامزانی گەورەی ئەو شارە لەو تەکیە فێری مەقام بوون، شێخەکانی تەکیە هەموویان حەزیان لە مەقامی ڕەسەن بووە. زۆر جار لە تەکە گوێت لە مەقامی (ئەڵلاوەیسی) و (خاوکەر) و (سیاچەمانەی) هەورامان و (هۆرە) و (حەیران) و (لاوك) و (قۆریات)ی تورکمانی دەبوو، موریدەکانی تەکیە بە دەنگی خۆش دەیانگوتەوە.(٤)

لەپاش کۆچکردنی مەولانا شێخ عەبدوڕەحمان، چەند شاعیرێکی گەورەی ئەو دەمە، بەتایبەتی (مەولەوی) دۆستی، بەو بۆنەوە بە زمانی فارسی قەسیدەییەکی نایابی داناوە، لەو قەسیدەیەدا مەولەوی بە "حەرفی ئەبجەد" ساڵی کۆچکردنی دیاری کراوە، وتویەتی:

**بتاريخش قلم نان سان رقم رد**

**برحمت جان پاكش باز گرديد** دەکاتە ساڵی ١٢٧٥ی کۆچی.

واتە: لە مێژوویدا قەڵەم بەو چەشنە نووسی:
گیانی پاکی بەڕەحمەت گەڕایەوە.

مەولانا شێخ عەبدوڕەحمان چوار کوڕی هەبووە، هەموویان پیاوی ناودار‌بوون لە مەیدانی جیاوازدا، شێخ عەلی، کە پاشان بە شێخ عەلی گەورە و (محدث) ناسراوە، زانا و شێخێکی ئیرشادی گەورە بووە، لەگەڵ شێخ عەبدولقادر و شێخ ڕەزای شاعیر و شێخ عەبدولواحیدی کوڕی چوارەمی.(٥)

شێخ عەلی گەورە، سەرەتا لەلای باوکی خوێندوویەتی، پاشان چووە بۆ چەند شارێکی دیکەی کوردستان بۆ تەواوکردنی خوێندن، کە یەکێکیان شاری کۆیە بووە، لەلای مەلا ئەسعەدی جەلیزادە، لەگەڵ مەلا عەبدوڵلای کوڕی پێکەوە خوێندوویانە، پاشتر لەسەر دەستی ئەو زاتە ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. پێشتر ماوەیەك لە مزگەوتی (بلاغ) لە نزیك تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوك، لەلای مەلا سەید محەمەد، لەگەڵ شێخ عومەری کوڕی شێخ عوسمانی سیراجودینی تەوێڵە پێکەوە خوێندوویانە. لە تەمەنی گەنجیدا شێخ عەلی خەریکی سلووکی تەسەوف بووەو لەژێرچاودێری باوکی پلەی (خیلافەتی) وەرگرتووە، بۆیە "کاتێ باوکی کۆچی دوایی کردووە زانایێکی شارەزاو موڕشیدێکی بەتوانا بووە، لەبەر ئەوە باشترین جێگری باوکی بووە"(٦). حاجی شێخ عەلی جگەلەوەی زانایەکی گەورە بووە لە زانیاریی فیقە و شەریعەتدا، هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەربووە، لەگەڵ بەشی هەرە زۆری فەرموودەکانی پێغەمبەر، بۆیە بە (محدث) ناسراوە. لە لێکدانەوەی قورئاندا زۆر شارەزا بووە. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس نووسیویەتی: "کۆڕی دانیشتنی هەمیشە بە زانایانی سەردەم ڕازاوەتەوە، جێگەی چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەی موسڵمانان بووە، هەرکاتێ ڕووداوێکی گەورە ڕوویدابێ، زاناکانی کەرکوك چوون بۆ تەکیەکەی لە خزمەتیا چارەسەریان کردووە". (٧) شێخ عەلی گەورە هەمیشە ڕێزی لە زانایان گرتووە ولەگەڵ بەشی زۆری گەورە پیاوانی سەردەمی خۆی بە دۆستایەتی ماوەتەوە، یەکێ لەوانە مەلا عەبدوڵلای جەلیزادە بووە، ئەویش خۆشەویستی بەرانبەر شێخ عەلی دەربڕیوە. شێخ عومەری بیارە، بە نامە داوای لە مەلا عەبدوڵلای

جەلیزادە کردووە لەسەر دەستی تەمەسسوك بکات، بەلاّم بەم بەیتە شیعرەی عوزری بۆ خواستووە بۆی نووسیوە:

**لەپاشی تۆ، خـودا بـۆخـۆی عەلیمە**

**لە کەرکوکێ دوعاگۆی شێخ عەلیمە** (٨).

شێخ عەلی ئەدیبێکی بەرز و شاعیرێکی بالأدەست بووە، بەلاّم بەداخەوە شیعرەکانی کۆنەکراونەتەوە. لە پارچە شیعرێکی بە بۆنەی کوشتنی شێخ سەعیدی حەفید لە شاری مووسڵ لە ساڵی ١٣٢٦ ك، بە زمانی فارسی باس لە شێوازی نا مرۆڤانەی شەهیدکردنی شێخ سەعیدی لەو شارە کردووە.

حاجی شێخ عەلی لە ئیرشادا لە هەموو کوردستان و دەرەوەی کوردستان جێگایەکی گەورەی هەبووە. بەشی زۆری مەلا بەناوبانگەکانی کەرکوك، وەك مەلا ناسیح و مەلا ڕەزای واعیز و مەلا مەحموودی مەزناوە خەلیفەی ئەو بوون. مەلا ڕەزای واعیز لە بەیتێکدا لەسەر دەرگای مەزارەکەی لەسەر مەڕمەڕ هەڵکەندراوە وتوویەتی: (شيخ علي كان قطب زمانه وجيها)، لەوێدا ساڵی کۆچکردنی بە حەرفی ئەبجەدی دیاری کراوە. شێخ عەلی گەورە سێ برای هەبووە، دووانیان شاعیری گەورە بوون: شێخ عەبدولقادر، کە نازناوی شیعریی (فایز) بووە، شیعرەکانی لە مەیدانی عیرفان و تەسەوفدا بوون، لەگەڵ شێخ ڕەزای کەڵە شاعیری بەناوباگی کورد، برای سێیەمی شێخ عەبدلواحید بووە، کە شێخی ئیرشاد بووە.(٩)

لەپاش کۆچکردنی شێخ عەلی گەورە، شێخ محەمەد عەلی کوڕی گەورەی لەجێگای باوکی دەبێ بە شێخی ئیرشاد. شێخ محەمەد عەلی پیاوێکی زۆر بە هەیبەت و خاوەن شکۆ بووە. بەپێچەوانەی باپیرانی، ئەو گۆشەگیر نەبووە. تۆفیق وەهبی بەگ لەساڵی ١٩٧٤ بۆی گێڕامەوە وتی، لە پاش دامەزراندنی حکوومەتی شێخ مەحموود لە سلێمانی، شاندێك لە شێخانی تاڵەبانی لە کەرکوك، بە سەرۆکایەتیی شێخ محەمەد عەلی، ئەو دەمە سەرۆکی بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانی بووە، گەیشتوونەتە سلێمانی. شێخ مەحموود زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردوون، پێش گەڕانەوەیان، لە ئاهەنگێکی گەورەدا پیاوماقوڵ و دەسەلأتدارانی حکوومەت ئامادەی بوون، شێخ مەحموود

"عەبای سورمەلی" لەشانکردوون وەك ڕێزلێنان. (باسیلی نیکیتین) لەو کتێبەی کە تایبەتە بە مێژووی کورد، نووسیویەتی سەرۆکی بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانی بووە لە کەرکوك و ناوچەکانی دیکە. (١٠)

شێخ جەمیل تاڵەبانی، کوڕی گەورەی شێخ محەمەد عەلی، لە سەردەمی باوکیەوە خەریکی خزمەتکردنی تەکیە و مورید و میوانەکانی بووە، جگە لە ئیرشادکردنی موسڵمانان و ئەو خەڵکانەی ڕوویان لە تەکیە کردووە. لەپاش داگیرکردنی کەرکوك لەلایەن لەشکری ئینگلیز لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨، شێخ جەمیل بڕیاری داوە نەچێتە دەرەوەی تەکیە، لەو دەمەوە خۆی دوورگرتووە لە ئینگلیز و کاربەدەستانی حکوومەتی بەغدا، بۆماوەی زیاتر لە (٤٠) ساڵ نەچووەتە دەرەوەی تەکیە، دووجار نەبێت، یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٧ کە سەفەری حیجازی کردووە بۆ ئەدای فەڕیزەتی حەج، جاری دووەم لە ساڵی ١٩٥١ کە نەخۆش کەوتووە چووە بۆ بەغدا بۆ سەردانی پزیشکەکانی ئەو شارە، لەو ماوەدا میوانی سەید عاسم گەیلانی، نەقیبی ئەشرافی بەغدا بووە.

تەکیەی تاڵەبانی لە سەردەمی شێخ جەمیل دەبێتە مەڵبەندی کۆڕ و جێگای دانیشتنی زانایانی کەرکوك. هەروەها خوێندنگایەکی گەورە دەکاتەوە، کە باشترین مامۆستا تێیدا دەرس بە فەقێ دەڵێنەوە، لە هەموو بەشەکانی کوردستان فەقێ ڕوودەکەنە تەکیە. شێخ جەمیل چاودێری خەلیفە و موریدەکانی کردووە، بەشێکی زۆریان ساڵانە دەهاتنە تەکیە. تەکیەی تاڵەبانی لەناو خەڵك بە تەکیەی شێخ جەمیل ناودەبرا، چونکە زیاتر لە (٤٠) شێخی ئیرشادی ئەو تەکیە بووە. لەساڵی ١٩٣٧ لەسەر ئەرکی خۆی بەدرێژایی چەند کیلۆمەترێك لە سەنتەری شارەوە خەتی کارەبای بۆ تەکیە راکێشاوە و هەموو گۆڕەپانی ناو تەکیەی کردووە بە چیمەنتۆ، کە پانتاییەکەی لە هەزار مەتر زیاترە.

هەڵوێستی جوامێرانە و نیشتمان پەروەرانەی شێخ جەمیل زۆرن. بۆ نموونە لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابوردوو ڕەزا شای ئێران هێرش دەکاتە سەر ناوچەی هەورامان لە کوردستانی ئێران بۆ چەککردنی عەشیرەتەکانی، خەڵکی چاونەترسی

هەورامان بەرەنگاریی لەشکری ڕەزاشاه دەبنەوە، بەڵام سەرکردەکانیان دواتر ناچاردەبن ڕوو بکەنە کوردستانی عێراق. بەهۆی چەند موریدێکی شێخ جەمیل لەو ناوچەیە، ئاگادار دەکرێتەوە کە سەرکردەکانی عەشیرەتی (لهۆن)ی هەورامان، کە گەورەترین خێڵی هەورامانە، بەنیازن ڕووبکەنە کەرکوك بە نهێنی. بە ڕەزامەندیی شێخ جەمیل، جەعفەر سوڵتان/ جافر سان و ئەفراسیاو بەگ و چەند کوڕێکیان بە نهێنی دەگەنە کەرکوك. شێخ جەمیل پێشوازییان لێ دەکات لە چەند ژوورێکی لابەلای ناو تەکیە بۆ ماوەیەك دەمێننەوە، پاشان دەیاننێرێ بۆلای شێخ جەمالی برای لە گوندی (زەرداو)ی سەر بە قەزای کفری. لە پاش چەند مانگێك خۆیان داوادەکەن ئاگاداری کاربەدەستان بکەنەوە ببن بە پەناهەندە، لەسەر داوای خۆیان حکوومەت لە کەرکوك لە نزیك تەکیەی تاڵەبانی خانوویان بۆ بەکرێ دەگرێ، بەشی زۆری کاتەکانیان لە تەکیە بوون. حکوومەتی ڕەزاشا لە ساڵی ١٩٤١ دەڕووخێ ئەوجا هەموویان بۆ هەورامان دەگەڕێنەوە. شێخ جەمیل قەت هاوکاریی ڕژێمەکانی عێراقی نەکردووە و دوژمنێکی سەرسەختی ئینگلیز بووە. بە درێژایی تەمەنی خەریکی خزمەتی هەژاران و لێقەوماوان بووە، جگە لە مورید و ئەو کەسانەی ڕوویان لە تەکیە کردووە. (١٣) لە یەکی مانگی ئابی ١٩٦٠، پاش نەخۆشی کە چەند ساڵێك درێژەی کێشاوە، کۆچی دوایی کردووە، لەپاڵ گۆڕی باپیر و باوکی، بە بەشداریکردنی بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی شاری کەرکوك بە خاکیان سپاردووە. مەلا عەبدولەجیدی قوتب لە بەیتە شیعرێکی بە زمانی فارسی، بەپێی حروفی ئەبجەدی ساڵی کۆچکردنی دیاری کردووە.

شێخ عەلی تاڵەبانی کوڕی گەورەی شێخ جەمیل لەجێگای باوکی دەبێتە شێخی ئیرشادی تەکیەی تاڵەبانی. لەسەر ڕێبازی باوك و باپیرانی سەرەتا خوێندنی شەریعەتی تەواوکردووە پاشان بووە بە مەلا. لەسەردەمی باوکیەوە خەریکی خزمەتی تەکیە بووە و خوتبەخوێنی نوێژی هەینی بووە. (١٤)

لەبەر ئەوەی شێخ عەلی لە سەردەمی بەعس خۆی لەو ڕژێمە دوور گرتووە، لە ساڵی ١٩٦٣ موڵکەکانیان لە دەرەوەی شار لەلایەن بەعسەوە داگیرکراون، تا ٢٠٠٣ درێژەی کێشاوە. پاشان کەسانی حیزبیی دەستیان بەسەر موڵکەکانیاندا گرتووە.

شێخ عەلی لەسەر ڕێبازی بنەماڵەکەیان، هەمیشە خۆی لە سیاسەت دوور گرتووە خەریکی خزمەتکردنی خەڵك و موسڵمانان و موریدەکانی تەکیە بووە، هەر کەسێك کێشەیەکی شەرعی، یان کۆمەلاَیەتی هەبووبێ، ڕووی لە تەکیە کردووە بۆ چارەسەرکردنی و بەنائومێدی نەگەڕاوەتەوە، کورد بێ یان تورکمان و عەرەب، چونکە جیاوازی لەنێوانیاندا نەکراوە، بۆیە وەکو جێگایەك تەماشا کراوە بۆ کۆکردنەوەی هەموویان. شێخ عەلی زۆر چاونەترس بووە، لەپاش داگیرکردنی کوێت لەساڵی ١٩٩٠ سەرانی بەعس لە کەرکوك کۆبوونەوە بە پیاوانی ئایینی ڕێکدەخەن، لەبەر ئەو ئابلۆقەی لەسەر عێراق دانرابوو، داوا دەکەن کە دەرگای تەکیە و خانەقا و مزگەوتەکان لە پاش ڕۆژاوا دابخرێن. لەناو ئەو هەموو پیاوە ئایینی و کۆمەلاَیەتیانە، تەنیا شێخ عەلی هەڵدەسێت و دەڵێت "تەکیە و خانەقا و مزگەوت بۆ ئەوە دروست نەکراون دەرگاکانیان دابخرێن، سەربازێك بە مۆڵەت دەگەڕێتەوە دەگاتە کەرکوك، بەلاَم پاش سەعات چوار ڕێگای پێ نادرێت بەرەو جێگاکەی بگەڕێتەوە، زۆریان پارەیان نییە بچنە ئوتێل، ئەگەر دەرگای تەکیە دابخرێت دەبێ ئەو شەوە لە جادە بە برسیەتی بمێنێتەوە، هەتا نانێکم مابێ دەیکەمە دوو لەتەوە لەگەڵ میوانەکانم، هەتا ماوم دەرگای تەکیەکەم داناخەم". (١٥) شێخ عەلی لە بیروڕادا زۆر کراوە بووە، جگە لە بواری فیقە و شەریعەتدا، شارەزاییەکی زۆری هەبووە لە زانستەکانی تر. لەگەڵ خەڵك زۆر زمان شیرین بووە، بۆیە کاتێ لە کارەساتێکی تایبەت بە ڕێگاوبان لەسەر ڕێگای کۆیە بۆ پرسە چووبوو لە کۆتایی مانگی دیسەمبەری ١٩٩٠ کۆچی دوایی دەکات، هەموو شاری کەرکوك ئامادەی بە خاك سپاردنی بوون. ئەویش لەپاڵ باوك و باپیرانی لەناو تەکیە بە خاك سپێرراوە و لە هەموو تەکیەکانی تالەبانی لە بەشەکانی کوردستان پرسەی بۆ دانراوە.

لەپاش کۆچکردنی، شێخ یوسفی کوڕی لەجێگای باوکی بووە بە شێخی ئیرشاد. شێخ یوسف کۆلێجی شەریعەتی لە مەدینەی منەووەرە تەواوکردووە، لە سەردەمی باوکی خەریکی فێربوونی ئادابی سلوکی تەسەوف بووە لەژێر چاودێری باوکی (خیلافەتی) وەرگرتووە. ئەویش وەك باوك و باپیرانی ئایین و سیاسەتی تێکەڵ نەکردووە و بە یەك چاو تەماشای هەموو مورید و ئەو کەسانە دەکات ڕوو لە تەکیە دەکەن، کورد تورکمان یان عەرەب.

<u>پەراوێزەکان:</u>

[١] دکتۆر نووری تاڵەبانی، شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی و چەند ناودارێکی تری ئەم بنەماڵەیە، چاپی دووەم، چاپخانەی (چاك)، هەولێر ٢٠٠٢، ل ٤٥.

٢ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی زانیاران، چاپخانەی شەفیق، بەغدا ١٩٨٤، ل ٥٧٦، هەروەها دکتۆر نووری تاڵەبانی: مەولانا شێخ عەبدولڕەحمانی خالص، زانا و شاعیر و شێخی عیرفان، گۆڤاری (باسکار)، ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٩، ل ٦٥ — ٧٦.

٣. دکتۆر نووری تاڵەبانی، شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی، سەرچاوەی ژمارە ١، ل ٨٢.

٤. گۆڤاری (ڕامان)، چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر نووری تاڵەبانی لەلایەن مامۆستا وریا ئەحمەد، ژمارەی (١٦٠)، ئەیلوولی ٢٠١٠، ل ١٣٣.

٥. دکتۆر نووری تاڵەبانی، سەرچاوەی ژمارە ١، ل ٤٦.

٦. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی زانیاران، سەرچاوەی پێشوو.

٧. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی زانیاران.

٨- سەرچاوەی پێشوو.

٩. سەرچاوەی پێشوو.

١٠- دکتۆر نووری تاڵەبانی، لە بیرەوەریەکانم لەگەڵ زانای گەورەی کورد مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ، (ئاوێنە)، ٣١ی ئاداری ٢٠٠٦.

١١- دکتۆر نووری تاڵەبانی، شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی و چەند ناودارێکی تری ئەم بنەماڵەیە، ل ٨٣.

١٢- عبدالمجيد فهمي حسن، دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية، الجزء الثاني الخاص بلواء كركوك، مطبعة السلام، بغداد ١٩٤٧، ص ٣١٢.

١٣. دكتۆر نووری تاڵەبانی، سەرچاوەی  ژمارە ١، ل ٨٦

١٤- دكتۆر نووری تاڵەبانی، سەرچاوەی  ژمارە ١.

١٥- چاوپێكەوتنێك لەگەڵ دكتۆر نووری تاڵەبانی لە هەولێر لە ٢٤ی كانوونی یەكەمی ٢٠١٠.

١٦- شيوخ الارشاد في الاسرة الطالبانية مع بعض مشاهير تلك الاسرة، تاليف الدكتور نوري طالباني، ترجمة كمال غمبار من اللغة الكوردية الى اللغة العربية، اربيل ٢٠١١، وعبدالمجيد فهمي حسن، دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية، الجزء الثاني الخاص بلواء كركوك.

# هەڵوێستی جوامێرانەی چەند ناودارێکی شاری کەرکوک
# لە سەدەی پێشوودا

خوێندنەوەی دیرۆك و مێژووی کۆن و تازەی کورد بۆ فێربوون و عیبرەت وەرگرتنە لە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیان، بۆیە ئەو کەسانەی لە نزیکەوە ئاگاداری بەشێك لەو ڕووداوە کۆن و تازانە دەبن، یان لە کەسانێکی باوەڕپێکراوەوە بیستوویانە، پێویستە تۆماریان بکەن تاکو نەفەوتێن و نەوەکانی ئەمڕۆ و پاشەڕۆژ سوودیان لێ وەربگرن. هەڵوێستی جوامێرانەی گەورە پیاوانی کورد بۆ بیرخستنەوەی ناوی ئەو کەڵە پیاوانە نییە، بەڵکو بۆ سوود وەرگرتنە لە هەڵوێستیان تاکو پەیڕەویان پێ بکرێت، هەروها بەراورد بکرێن بە هەڵوێستی ئەو گەورە پیاوانەی بە بەشێك لە " گەورە پیاوانی" ئەمڕۆ دراونەتە قەڵەم.

بەشێك لەو کەسانەی لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بوون، بەجێیان هێشتووین، ئەو زانیارانەی دەیانزانی لەگەڵ خۆیاندا بردوویانەتە ژێر خاك. تۆمارکردنی ڕووداو و بەسەرهاتەکان خزمەت بە مێژووی گەلەکەمان دەکات، کەمتەرخەمی لە نووسینەوەیان دەبێتە هۆی فەوتاندن و لەبیرکردنیان.

لە نزیکەوە ئاگاداری چەند ڕووداوێکم خەریکە لەبیر دەکرێن، بەشی زۆریان لە کەسانێکم بیستوون جێگای باوەڕ بوون، ئەو کەسانەی ئەو دیرۆکانەم لێ بیستوون بە ئەمانەتەوە ناویان دەبەم. کورد وتەنی مردن شەرم لەکەس ناکات، جاری واهەیە کتوپڕ یەخەمان دەگرێ، بۆیە چاکترە ئەو ڕووداوانەی دەیانزانین ئەمڕۆ تۆماریان بکەین، نەك سبەینێ، پێش ئەوەی بفەوتێن یان لە بیر بکرێن. چەندەها ڕووداوی گەورە لە مێژووی گەلەکەمان ڕوویداوە بەڵام لە کاتی خۆیدا لەلایەن ئەو کەسانەی لە نزیکەوە ئاگاداری بوون نەنووسراونەتەوە، بەشی زۆریان لەبیرکراون. لێرە ڕوودەکەمە هەموو ئەو کەسانەی ئاگاداری ڕووداوێك، یان لە کەسانێکی باوەڕپێکراوەوە ڕووداوی لەو جۆرەیان بیستووە، زوو تۆماریان بکەن، چونکە مێژوو لە کۆکردنەوەی ئەو ڕووداوانەوە پێکدێت.

ئەگەر لێرە ئاماژە بە چەند ڕووداوێك بکەم کە بەشێکیان پەیوەندییان بە بنەماڵەکەمانەوە هەیە، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو ڕووداوانەم، یان لە کەسانێکی باوەڕپێکراوەوە لێم بیستوون.

بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانی لە ناوچەی کەرکوك بنەماڵەیەکی ئایینی ناسراوە و چەندەها پیاوی ئایینی گەورەی تێدا هەڵکەوتووە. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندییان بە کەسانێکی زۆرەوە هەبووە لەسەر ئاستی ناوچەکە و هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان. کەسانێکی زۆر لە هەموو لایەکەوە هاتوونەتە تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوك، پیاوی ئایینی و کەسانی ناوداری تر، چونکە تەکیە هەر مەڵبەندێکی ئایینی نەبووە، بەڵکو ناوەندێکی کۆمەڵایەتیی گەورە بووە لە کەرکوك، جێگای ئەدیب و شاعیر و قسەزان و پیاوماقووڵان بووە، لە ناوچەکە و لە بەشەکانی دیکەی کوردستان خەڵکانێکی زۆر ڕوویان تێ کردووە، بەشێکیان ماوەیەك لە ژیانیان لەوێ بەسەربردووە وەکو فەقێ و مەلا، یان وەکو مورید و دۆست.

ئەمڕۆ کەسانێك خۆیان بە پیاوی ئایینی ئیسلامی پیرۆز پێناسە دەکەن، بەڵام بە ڕەوشت جیاوازن لە ڕەوشت و ڕێبازی پیاوانی ئایینی دوێنێی کۆمەڵگای کوردەواری. بنەماڵەی تاڵەبانی زانا و شێخی عیرفان و تەسەوفی گەورەیان تێدا هەڵکەوتووە، بە هەڵوێست جیاواز بوون لە هی بەشێك لەو پیاوانەی ئەمڕۆ خۆیان بە پیاوی ئایینی دەزانن. شێخانی ئیرشادی ئەو بنەماڵەیە جگە لەوەی زانا و شارەزابوون لە بەشەکانی شەریعەتی ئیسلامیدا، لە مەیدانی تەسەوفدا شێخی عیرفان بوون و پایەیان بەرز بووە، بەڵام بە تەزەموتەوە شەریعەتیان لێکنەداوەتەوە، بەڵکو بە گیانێکی کراوەی پڕ لە لێبووردەیی و تەساموحەوە تەماشای ئایینەکانی تریان کردووە و پەیوەندییان لەگەڵ پیاوانی ئەو ئایینانە هەبووە و ڕێزیان لێ گرتوون، ئەوانیش گەر کێشەیەکیان هەبووبێ، ڕوویان لە تەکیە کردووە بۆ چارەسەرکردنی. ئەمڕۆکە گەر کەسانێك خۆیان بە پیاوی ئایینی ئیسلامی پیرۆز دەزانن، بەداخەوە بەشێکیان بە تەزەموتەوە تەماشای ئایینەکانی دیکە دەکەن، کە ناگونجێ لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام و ڕەفتاری پێغەمبەری ئیسلام ـ درוودی خوای لەسەربێ. لێرە باس لەو بەناو پیاوانەی ئاینی

ئیسلامی عەرەب ناکەم کە بەناوی ئیسلامەوە فەتوای کوشتن و قڕکردنی کوردیان داوە و دەیدەن و لە سەردەمی حوکمی بەعس بێدەنگ بوون بەرامبەر ئەو هەموو تاوانانەی ئەو ڕژێمە لە کوردستان دژ بە گەلی کوردی موسڵمان ئەنجامی داون.

شێخ عەلی تاڵەبانی، ناسراو بە شێخ عەلی گەورە، کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی (خالص) زانایەکی گەورە و شێخێکی ناوداری عیرفان بووە، لە ساڵی ١٨٣٢ لە گوندی (قرخ) لە نزیك چەمچەماڵ هاتووەتە دونیاوە، بەڵام پاشان لەگەڵ باوك و مامەکانی چوون بۆ کەرکوك و لەوێ نیشتەجێ بوون. شێخ عەلی بە گوێرەی نووسینەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس "زانایەکی شارەزا و مورشیدێکی بەتوانا بووە ". بەشی زۆری مەلا ناودارەکانی کەرکوك خەلیفەی بوون و چەندەها مەلای گەورەی تر لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان سەردانیان کردووە. پەیوەندی لەگەڵ گەورە پیاوانی ئایینەکانی شاری کەرکوك باش بووە، مەترانی ئەو سەردەمەی کەرکوك دەچێتە لای عەرزی دەکات پارچە زەوییەك، کە ڕووبەرەکەی چەندین دۆنم بووە موڵکی ئەو بووە، نزیکی تەکیەکە بووە، داوای لێ کردووە لێی بکڕێ، چونکە کاتی خۆی کلێسایەکی مەسیحی لەسەر بووە. شێخ عەلی پرسیاری لێ دەکات بۆچییەتی؟ مەتران وتوویەتی لە کەرکوك گۆڕستانیان نییە، شێخ پێی دەڵێ باسی پارە مەکە، لە سبەینێوە دەتوانن دەست بەکاربن شوورەیەك لە دەوری دروستبکەن! ئەو گۆڕستانە تا ئێستاش ماوە، ئەو کەسانەی لە کەرکوکەوە دەچن بۆ سلێمانی، پێش ئەوەی بگەنە مزگەوتی "ئیسکانی" سەر ڕێگای گشتی نێوان سلێمانی – کەرکوك، لە دەستی ڕاستەوە ئەو گۆڕستانە دەبینن، بەسەر گردێکەوەیە. پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئەو داواکارییە کە پتر لە ١٥٠ ساڵ پێش ئێستا لە شێخ عەلی گەورە کراوە، ئەمڕۆکە لە یەکێ لەو بەناو "گەورە پیاوانەی" ئیسلام بکرێت، ئایا بەو جۆرە وەڵام دەدرایەوە؟

شێخ محەمەد عەلی کوڕی گەورەی شێخ عەلی، ئەویش پیاوێکی ئایینی و کۆمەلایەتیی ناودار بووە لە کەرکوك و ناوچەکە، لە ساڵی ١٩٣٤ چووەتە بەر ڕەحمەتی خوا. لە سەردەمی ژیانی ئەودا لە کەرکوك پڕۆژەی ئاو بۆ خواردنەوە نەبووە، خەڵکی شار لە ئاوی خاسە، یان لە کاڕێزەکانی دەوروبەری کەرکوك ئاویان

بردووه بۆ خواردنەوە و بەکارهێنانی ناومالّ. بەشێك لە سەرچاوەکانی ئاوی کەرکوك ئاوی "ئاشە سوورکە"و چەند کارێزێکی تری دەشتی چوارباخی پشت تەکیەی تالّەبانی بوون، کە تا ناوەڕاستی سالّانی پەنجاکان مابوون. لە کەسانێکی بەتەمەن و لە کاکم خوای لێ خۆشبێ شێخ عەلی کوڕی شێخ جەمیلی تالّەبانیم بیستووە، دانیشتوانی گەڕەکەکانی نزیك تەکیە دەهاتن بۆ پشت تەکیە بۆ ئاوبردن لە کارێز و سەرچاوەکانی ئاو. دانیشتوانی گەڕەگی جوولەکەکان دەبوو بەسەر گەڕەگی (بلاّغ) و (پیریادی) تێپەڕن تاکو بگەنە پشت تەکیە. حاخامی ئەو سەردەمەی جووەکانی کەرکوك دەچێتە لای شێخ محەمەد عەلی عەرزی دەکات، هەندێ لە گەنجانی ئەو دوو گەڕەکە "تەشقەلّە" بە کچ و ژنەکانیان دەکەن کە تێپەڕدەبن بچن بۆ ئاوهێنان لە پشت تەکیە، شێخ محەمەد عەلی چەند پیاوێك تەرخان دەکات بۆ چاودێریکردنی ئەو کچ و ژنە جوولەکانە لە کاتی چوونیان بۆ ئاوهێنان و گەڕانەوەیان. حیکایەتی لەم جۆرە زۆر هەیە، خاوەنەکانیان شێخی ئیرشاد و پیاوی ئایینی بوون، یان کەسانی کۆمەلاّیەتی و سیاسی، ئەوەی لێرەدا خستمە بەرچاو بەرکولێکی بچووك بوو. خوای لێ خۆش بێت مامۆستا تۆفیق وەهبی لەو ڕووەوە چەند شتێکم لێی بیستووە، ئومێدەوارم لە ئایندەدا بتوانم بیانخەمە بەرچاو.

٢١ی نیسانی ٢٠٠٥

# بەشی دەیەم

# بابەتی هەمەڕەنگ

## ئینگلیز ویلایەتی مووسلی لکاندوە بە دەوڵەتی عێراق لەبەر نەوتی کەرکوك و بەرژەوەندی ستراتیجیی خۆی لە ناوچەکە

لە سیمینارێکدا لە مەڵبەندی کوردۆلۆجی سەر بە زانکۆی سلێمانی، لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ بۆ برای هێژا و دۆستی دێرینم کاك دکتۆر کەمال مەزهەر ڕێکخرابوو، باسێکی بە پێزی لە ژێر ناوی: "هەڵوێستی نەتەوەپەرستانی عەرەب بەرانبەر مەسەلەی نەتەوەیی کورد" پێشکەش کردووە. لە باسەکەی بەهێنانەوەی نموونەی مێژوویی، ڕووناکی خستۆتە سەر چەندین پرسیار دەمێکە چاوەڕێی وەڵامدانەوە دەکەن. کاك دکتۆر کەمالی مێژووزانی کورد، پەردەی لەسەر ڕووی ناسیۆنالیستە عەرەبە توندڕەوەکان لابردووە، ئەوانەی لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق ڕۆڵێکی سەرەکییان لە بنیاتنانی ئەو دەوڵەتە هەبووە، یان پاشماوەکانیان لە هەڵگری هەمان بیری نەتەوەیی توندڕەو، لە بەعسی و ناسیۆنالیستەکانی تر، ئەوانەی خۆیان بەسەر حوکمی عێراقدا سەپاندبوو لە کوودەتا شوومەکەی شوباتی ١٩٦٣ تا نیسانی ٢٠٠٣.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەی کە بۆ کێشەی ویلایەتی مووسڵ تەرخان کرابوو، گلەییەکانی جارێکی تر ئاراستەی ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق کردووە دەڵێ: "لەو ڕۆژگارانەدا ئەوان پێویستییان بەوە بوو دڵنیایی کوردیان بکردایە، چونکە دیاریکردنی چارەنووسی ویلایەتی مووسڵ لەسەر هەڵوێستی ئەوان وەستابوو، لەبەرئەوەی کورد لەو ڕۆژگارەنەدا هەڵوێستێکی ئێجگار جوامێرانەی نواندووە...". ئەگەر بەباشی لە قسەکانی حاڵی بووبم، چونکە لە کۆڕەکەدا ئامادە نەبووم و بەهۆی میدیاوە ئاگاداری قسەکانی بووم، ویستوویەتی بڵێ هەڵوێستی جوامێرانەی کورد بووەتە هۆی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە، کە ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩٢١ لە دوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا دروستیان

کردبوو. بۆچوونەکەی ئەگەر بەم شێوە بێت، پێویستی بە شیکردنەوە هەیە، چونکە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و عێراق، لەگەڵ ئەو دۆکیمێنتە نهێنییانەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا پاشان بلاّوی کردوونەتەوە، پرۆسەکە بە شێوەیەکی تر دەخەنە بەرچاو. بەپێی ئەو ڕووداو و دۆکیمێنتانە، ئینگلیزەکان ڕۆڵی سەرەکییان لە لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراقی دروستکراو لەلایەن خۆیانەوە هەبووە، بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان، ڕۆڵی کورد لە ناوچەکانی کوردستان دژی ئەو پرۆسەیە بووە. بێگومان بەشێك لەو پیاوماقوڵانەی کورد کە بەشدارییان کردووە لەو بە ناو "ڕاپرسی"یەی ڕێکخرابوو بۆ دەستنیشانکردنی پاشەڕۆژی ویلایەتەکە، ڕەنبێ دەنگیشیان دابێ بخرێتە سەر دەوڵەتی عێراق، بەلاّم زۆربەی بەشداربووان، یان بە ڕوونی ئاگادار نەکراونەتەوە لە ئامانجی ئەو پرۆسەیە، یان ئەلتەرناتیڤێکی تەسك و ناهەموار خراوەتە بەردەستیان، چونکە داوایان لێکراوە وەلاّمی ئەم پرسیارە بدەنەوە: "دەتانەوێ ولاّتەکەتان بەشێك بێت لە عێراق، یان لە تورکیا"؟ ئەو خەڵکانەی دەنگیان داوە بۆ مانەوەی ویلایەتی مووسڵی عوسمانی لە چوارچێوەی تورکیا، زۆربەیان ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانە نەبوون لە تورکیا ڕوویاندابوو. لێرە بۆ نموونە ئاماژە بۆ وەلاّمی چەند کوردێکی باکووری کوردستان دەکەم، کە ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژاوایی پرسیاری لێکردبوون ڕایان چییە لەبارەی ئەو گۆڕانکارییانەی لە ولاّتەکەیاندا ڕوویانداوە و بوونەتە هۆی لابردنی سوڵتان. وەلاّمیان بۆ جاری دووەم و سێیەم هەر ئەوە بووە: "دەمانەوێ بزانین سوڵتان لابراوە و کێ لە جێگاکەی کراوە بە سوڵتان؟" لە ڕاستیدا زۆربەی دانیشتوانی کوردستان وایان زانیوە سەڵتەنەت هەر دەمێنێتەوە هەتا ئەگەر سوڵتانیش بگۆڕدرێ، گۆڕینی سوڵتان لە سەردەمی حوکمی عوسمانیدا کارێکی زۆر نائاسایی نەبووە. کە واتە خەڵکێکی زۆر ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانە نەبوون لە تورکیا ڕوویاندابوو، لەو سەردەمە نە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن هەبووە، نە ئەو جۆرە دەنگوباسانە بە ئاسانی بلاّوبوونەتەوە، بەتایبەتی لە ولاّتێکی دواکەوتووی وەك کوردستان. لەوە دەچێ هەتا بەشێك لە سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمەی کوردستان لە باشوور ئاگادارییێکی ئەوتۆیان لەمەڕ باری سیاسی

تورکیای کەمالی نەبووبێت. (ئۆزدەمیر) کە بۆ ماوەیەکی زۆر پەیوەندی بە نوێنەرانی شێخ مەحموودەوە کردووە لە ناوچەی ڕەواندز و جێگاکانی تر، نوێنەری موستەفا کەمال بووە و بە ناوی ئەوەوە گفتوگۆی لەگەڵ کردوون. سەیر لەوەدایە بەشێك لە نوێنەرانی شێخ مەحموود لەو گفتوگۆیانەدا کۆنە ئەفسەری ناو لەشکری عوسمانی بوون، دەبوو موستەفا کەمال بناسن. لە مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگم بیستووە، کە ئەفسەری تۆپچی بووە لە ناو لەشکری عوسمانی، موستەفا کەمالی لە نزیکەوە ناسیوە، چونکە ماوەیەك فەرمانداری بەتالیۆنەکەی بووە. ئەگەر زۆر لە ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمەی کورد، لە کۆنە ئەفسەرانی لەشکری عوسمانی شارەزای موستەفا کەمال نەبن، دەبێ خەڵکانی تر چەند شارەزای بن؟ خەڵکی کوردستانی ژێر دەسەلاتی حوکمی عوسمانی لە برسیەتی و نەخوێندەواری و دواکەوتن بەولاوە هیچ مافێکی تریان نەبووە و هەموو دەمێك بێ بەش بوون لەهەموو ڕوویەکی ئاوەدانی. جەنگی یەکەمی جیهانی، کە بە سەفەر بەلگ ناودەبرا، هۆی پەرەسەندنی برسیەتی و سەرگەردانی بۆ خەلکی کوردستان بووە، کە بە هەموو شێوەیەك خەریکی پەیداکردنی پاروە نانێك بوون بۆ خۆیان و منداڵە برسیەکانیان. ژیانی خوێندەوار و نیمچە خوێندەوارانی کورد لە ژیانی خەڵکانی تر، ئەگەر خراپتر نەبووبێ چاکتر نەبووە، ئەوانیش سەرقاڵی پەیداکردنی پاروە نان بوون بۆ خێزانەکانیان، ئیتر چۆن ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەمە بن؟

بێینەوە سەر باسی چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی پاشە ڕۆژی ویلایەتی مووسڵ، منیش پشتگیری لە قسەکانی کاك دکتۆر کەمال دەکەم و دەڵێم: کێشەی کورد لە عێراق هەرگیز کێشەی نێوان کورد و عەرەب نەبووە، بەڵکو کێشەی نێوان ڕژێمە جۆراوجۆرەکانی عێراق و گەلی کورد و هێزە نیشتمانییەکانی بووە. کورد بە بەردەوامی لەلایەن ئەو ڕژێمانەوە زوڵمی لێکراوە، کە حاڵەتێکی بێ بڕوایی و گۆشەگیریی لا دروست کردووە. ئەم حاڵەتە بۆ ماوەیەکی زۆریش دەمێنێ و جێ پەنجەی ئەو کارە ناڕەوایانەی دەرحەقیان کراوە لە دەروونی کەسایەتی کورد دەمێنێتەوە. بەڵام نابێ ئەوەیش لەبیر بکەین، کە گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوویداوە

لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی بەشێکی زۆر لە عەرەبە ناسیۆنالیستەکان، بەتایبەتی لە سالأنی نەوەتەکان بەدواوە. جاران زۆربەی ڕووناکبیرانی فیکری نەتەوەیی عەرەبی داواکارییە ڕەواکانی گەلی کوردیان بە "هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئیسرائیلێکی دووەم لەسەر خاك و نیشتمانی عەرەب دەدایە قەڵەم"! ئەمڕۆکە هەتا کەناڵە هەڵەوەڕەکانی وەك (الجزيرة) و (العربية) زاتی ئەوەیان نییە داواکارییەکانی کورد بەو تۆمەتە بشوبهێنن. ئەوان دەڵێن: ئەو فیدڕاڵییەتەی کورد داوای دەکات ڕێگاخۆشکەرە بۆ جیابوونەوەیان لە عێراق. ئەمە هەر بۆچوون و شێوەی بیرکردنەوەی ئەوان نییە، بەڵکو بەشێکی زۆر لە لایەنە سیاسی و مەزهەبیەکانی عێراق بەو شێوە بیردەکەنەوەو هەندێکیان خۆیان بە "دۆستی" کورد دەدەنە قەڵەم.

قسەکانی سەرەوەمان ڕێگا خۆشکەرن بۆ چوونە ناو باسی چۆنیەتیی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراق، کە لێرەدا ناکرێت ئاماژە بۆ هەموو ئەو دۆکیمەێنت و ڕووداوانە بکەم بوونەتە هۆی لکاندنی ئەم ویلایەتە بە دەوڵەتی عێراق، بەلأم دەکرێ دەستنیشانی بەشێکیان بکەم، بەتایبەتی ئەو دۆکیمێنت و نووسین و یاداشتانەی چەند کاربەدەستێکی ئینگلیزی ئەو سەردەمە تێیدا بە ڕوونی پەردەیان لەسەر ڕۆڵی خۆیان و هاوکارانیان لابردووە، لە پێناو لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە.

ویلایەتی مووسڵ تاکو ساڵی ١٨٧٨ بە ویلایەتی شارەزوور ناوبراوە و کەرکوك مەڵبەندی بووە، ئەم ویلایەتە بەشێك بووە لە دەوڵەتی عوسمانی تا داگیرکردنی لەلایەن لەشکری بریتانیاوە لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی. زۆربەی دانیشتوانی ویلایەتەکە کورد بوون بەپێی ئەو ئامارانە کە ئینگلیزەکان خۆیان و حکوومەتی ئەو سەردەمەی عێراق لە ساڵی ١٩٢٤ بە مەزەندە کردوویانە. بەپێی ئەو ئامارە باری نەتەوەیی دانیشتوانی ویلایەتەکە بەم شێوەیە بووە:

٧٠ ٪ کورد و ٢٣ ٪ عەرەب و ٥ ٪ تورکمان.

پاشەڕۆژی ویلایەتی مووسڵ بۆ یەکەمجار لە ڕێککەوتننامەی نهێنیی سایکس - بیکۆی نێوان هەردوو دەوڵەتی بریتانیا و فەرەنسا دەستنیشانکراوە کە لە ساڵی ١٩١٦

ئیمزا کراوە. بەپێی ئەو پەیماننامەیە، ویلایەتی مووسڵ درابوو بە فەرەنسا، هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا بە بریتانیا. ئەم دابەشکردنە خۆی لەخۆیدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئەو دوو دەوڵەتە زلهێزەی ئەو سەردەمە بە چاوی ئەمڕۆوە تەماشای عێراقیان نەکردووە، بە کیانێکی یەکگرتوویان نەزانیوە.

داگیرکردنی ویلایەتی مووسڵ لەلایەن لەشکری بریتانیاوە بووەتە هۆی دامەزراندنی ئیدارەیەکی ئینگلیزی لە ویلایەتەکە، بە سەرپەرشتی کردنی چەند ئەفسەرێکی سیاسی. مانەوەی لەشکری بریتانی لە ویلایەتەکە بە پێچەوانەی پەیماننامەی سایکس - بیکۆ بووە. دۆزینەوەی نەوتێکی زۆر لە ناوچەی کەرکوك لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بووەتە هۆی چاوگێڕانەوەیان بە سیاسەتی پێشوویان و دارشتنی ستراتیجیەتێکی نوێ بۆ ناوچەکە. چەندەها کۆبوونەوە و کۆنفرانس لەلایەن وەزارەتی کۆلۆنیالی بریتانی و کاربەدەستانیان لە هیندستان بەستراون، کە بەرپرس بوون لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەوڵەتەکەیان لە ناوچەکە.

لە دۆکیمێنتێکی نهێنی کە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە ساڵی ١٩١٦ دا ئاراستەی سوپاسالاری لەشکری بریتانیای کردووە لە عێراق، پێی ڕادەگەیدوون نەکەن نزیکی ئەو ناوچانە ببنەوە کە کوردی لێیە. نووسراوەکە ئیمزای سێر "ئارسەر هێرتزل"ی لەسەرە، کە سکرتێری بەشی سیاسی بووە لە وەزارەتی دەرەوە. لەهەمان نووسراودا جارێکی تر بە بیریان دێنێتەوە چاکترە نزیکی زنجیرە چیاکانی حەمرین نەبن و بەهیچ شێوەیێك تێپەڕی نەکەن. هەر لەو نووسراوەدا سنووری چیاکانی حەمرین دەستنیشانکراوە کە "لە سنووری وڵاتی فارسەوە (مەبەستی ئێرانە) دەست پێدەکات، تاکو (فەتحە)ی سەر ڕووباری دیجلە، لەوێوە دەڕوات تا شارۆچکەی (هیت)". هەر لەوێدا نووسراوە "چوونە ئەو ناوچەیە دەبێتە هۆی پەیدابوونی کێشە لەگەڵ کوردەکان".(١) ئەم نووسراوە بە ڕوونی بۆمان دەردەخات کە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە ساڵی ١٩١٦ دا بایەخێکی ئەوتۆی بە ویلایەتی مووسڵ نەدابوو. ڕازیبوونی حکوومەتی بریتانیا بەپێی بەندە نهێنییەکانی ڕێککەوتننامەی سایکس - بیکۆ کە ویلایەتی مووسڵ بدرێتە فەرەنسا ئەو ڕاستیە دەسەڵمێنێ. بەڵام داگیرکردنی ئەم

ویلایەتە لە مانگی تشرینی یەکەمی (نۆڤەمبەری) ١٩١٨ بووە هۆی گۆڕانکارییەکی گەورە لە سیاسەتی حکوومەتی بریتانیا و ئیدارەکەی لە بەغدا سەبارەت بە پاشەڕۆژی ویلایەتی مووسڵ. ئیدارەی بریتانی لە بەغدا بە جیددی کەوتوەتە هەوڵدان بۆ مانەوە لەو ویلایەتە. مۆرکردنی پەیماننامەی سان ڕیمۆ لە ٢٤ی نیسانی ١٩٢٠ لە نێوان بریتانیا و فەرەنسا، بەهۆی هەوڵەکانی لوید جۆرج، سەرەك وەزیرانی بریتانیا، لەگەڵ کلیمەنسۆ، سەرەك وەزیرانی فەرەنسا بوونەتە هۆی دەست هەڵگرتنی فەرەنسا لە ویلایەتی مووسڵ، بەرامبەر بەشداریکردنی لە کۆمپانیای نەوتی تورکی. ئەم کۆمپانیایە پێشتر ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی لە هەردوو ویلایەتی مووسڵ و بەغدای پێدرابوو لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید. کۆمپانیاکە ئەڵمانەکان دایانمەزراندبوو بە هاوکاریکردنی تورکەکان، پاشان ناوەکەی گۆڕدرا، ناوی کۆمپانیای نەوتی عێراقی لێنرا.

ئیدارەی بریتانی لە عێراق کە ڕاستەوخۆ حوکمی هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرای دەکرد کەوتە هەوڵ و تەقەلادان بۆ لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بەو دەوڵەتەی لە تەمموزی ساڵی ١٩٢١ بەناوی (مەملەکەتی عێراق) دروستی کردبوو و میر فەیسەڵی کوڕی شاە حوسێنی لە حیجازەوە بۆ هێنابوو کردبووی بە مەلیك بە سەریەوە. هەوڵە نهێنی و ئاشکراکانی ئیدارەی بریتانی لە بەغدا، بە تایبەتی هەوڵەکانی (کۆکس) و (مس بێل) لە کۆنفرانسی قاهیرە و پاش ئەو کۆنفرانسە، کە لە نووسین و یاداشتە بڵاوکراوەکانی خۆیاندا دەردەکەون، بوونەتە هۆی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق لە ساڵی ١٩٢٥ (٢). سێر(ئەرنۆڵد ویڵسن) کە ماوەیەك باوەڕپێکراوی پایەبەرزی/موعتەمەدی سامی بریتانیا بووە لە بەغدا، لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی: "چوونە ناوەوەی مووسڵ لەلایەن جەنەراڵ (مارشاڵ)ەوە بووە هۆی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراقی تازە دروستکراو" (٣). کاپتن (ستیڤن لۆنگریك) کە لەو سەردەمە ئەفسەرێکی سیاسی بووە لە ناوچەکە، قسەکانی ویڵسن دووبارە دەکاتەوە و نووسیویەتی داگیرکردنی مووسڵ لە پاش ئاگربەستی مۆدرۆس لە ٣٠ی تشرینی ١٩١٨ بووە هۆی ئەوەی ئەو ویلایەتە ببێتە

بەشێك لە عێراق" (٤). دكتۆر عەبدولڕەحمان بەزاز کە کرایە سەفیری عێراق لە لەندەن لەپاش سەرکەوتنی کوودەتای ساڵی ١٩٦٣، لە پەیڤینێکی تەلەڤزیۆنیدا بە زمانی ئینگلیزی، لە ناوەڕاستی ١٩٦٣ دا سوپاسی بریتانیای کرد، "چونکە بە هۆی ئەوانەوە ویلایەتی مووسڵ گێڕدرایەوە بۆ عێراق".

ئینگلیزەکان ڕێکخراوی "کۆمەڵەی گەلان"یان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەکارهێناوە. لە پاش مۆرکردنی ئاگربەستی مۆدرۆس، تورکەکان کەوتنە داواکردنی ویلایەتی مووسڵ، بە بیانگەی ئەوەی لەشکری بریتانیا پاش مۆرکردنی ئەو ئاگربەستە چووەتە ناو مووسڵ. بۆ پووچەڵکردنەوەی داواکانی تورکیا، ئینگلیزەکان کەوتنە هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی سنوورێکی کاتیی لە نێوان ویلایەتی مووسڵ و تورکیا، بەهۆی کۆمەڵی گەلانەوە (عصبة الامم). لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٢٤ ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان، لە بڕیارێکدا هێڵێکی وەهمی بە ناوی "هێڵی بروکسێل" وەکو سنوورێکی کاتیی لەنێوان تورکیا و ویلایەتی مووسڵ دیاری دەکەن. هەر لەو بڕیارەدا دەستەیەك بۆ لێکۆڵینەوە ناولێنراوە بچێتە ویلایەتەکە بۆ لێکۆڵینەوە ودەستنیشانکردنی پاشەڕۆژی سیاسیی ویلایەتەکە. ئەو دەستەی لێکۆڵینەوە، لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٢٥ ڕاپۆرتێکی پۆزیتیڤانەی پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان کردبوو، تیایدا پێشنیازی کردبوو ویلایەتی مووسڵ بخرێتە ژێرچاودێری/(ماندێتی) بریتانیا بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ. هەر لەو ڕاپۆرتەدا داواکرابوو بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری و دادوەری و پەروەردە بە دەستی کوردەوە بێت و زمانی کوردی لە ویلایەتەکە زمانی فەرمی بێت، بەلاّم پێش دەستپێکردنی ئەنجومەنی گەلان بە تەماشاکردنی ئەو ڕاپۆرتە گرنگە، شۆڕشێکی چەکدارانە لە باکووری کوردستان بە سەرۆکایەتیی شێخ سەعیدی پیران و هاوکارانی دژ بە حکوومەتی موستەفا کەمال بەرپابووە. هۆی بەرپابوونی شۆڕشەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی موستەفا کەمال، کە لەو بەڵێنانەی پێشتر پێی دابوون، کە ئۆتۆنۆمییێکی فراوان بووە بە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا بدات، پەشیمان بوەتەوە. کوردەکان پێشتر هاوکارییان لەگەڵ هێزەکانی موستەفا کەمال بۆ دەرکردنی لەشکری یۆنانی لەسەر خاکی تورکیا کردبوو،

ئەویش بەرانبەر ئەو هاوکاریە، بەڵێنی پێدابوون حوکمی زاتی بە ناوچە کوردنشینەکان بدات. ئینگلیزەکان ئەم سەرهەڵدانەی کوردی باکووریان قۆستەوەو داوایان لە کۆمەڵەی گەلان کرد "هێڵی برۆکسێل" بکرێت بە سنووری یەکجارەکی لە نێوان تورکیا و عێراق. هەوڵ و کۆششیان لەگەڵ بەکارهێنانی نفووزی سیاسییان لەناو ئەو ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییە بووە هۆی دەرچوونی بڕیارێکی نوێ لەلایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان، لە ١٦ ی کانوونی یەکەمی (دیسەمبەر) ١٩٢٥، تێیدا هێڵی بروکسێڵ وەکو سنوورێکی فەرمی لە نێوان عێراق و تورکیا قبوولکرا. هەر لەو بڕیارەدا عێراق بە سنووری تازەیەوە، کە هەرسێ ویلایەتی بەغدا و بەسرا و مووسڵی دەگرتەوە، بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ خرایە ژێر ماندێتی بریتانیا. بەشێك لە مێژوونووسان دەستێوەردانی ئینگلیزەکان بەدوور نابینن لە هاندانی سەرانی ئەو شۆڕشەی کورد لە باکوور پەلە بکەن لە بەرپاکردنی سەرهەڵدانی چەکداری.

لەم کورتە باسەی لێرەدا خستوومانەتە بەرچاو، بە ڕوونی دەردەکەوێ کە هەوڵەکانی ئینگلیز لەپاش داگیرکردنی ویلایەتی مووسڵ لەلایەن لەشکرەکەیەوە بوونەتە هۆی لکاندنی ئەم ویلایەتە بە دەوڵەتی عێراق. بەلای منەوە دۆزینەوەی نەوتی کەرکوك و ناردنی ئەو نەوتە بە هۆی بۆڕی تایبەتەوە لەناو خاکی عێراقەوە تا دەگاتە سنووری سوریا و فەلەستین، لەوێوە بۆ سەر دەریای سپی پاشان بۆ ڕۆژاوا، هۆی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بووە بە عێراق. لەو ڕۆژگارانەدا پەیوەندیی ئینگلیز و تورکیا خراپ بووە، بۆیە نەدەکرا نەوتی کەرکوك لە ڕێگای تورکیاوە ڕەوانەی ئەوروپا بکرێت وەکو ئەوەی پاشان سەدام حوسێن کردی. ئینگلیزەکان هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریان بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانەیان دا و بە مەرامی خۆیان گەیشتن.

سەبارەت بەو "ڕاپرسی"یەی گوایا کورد بەشداری تێداکردووە و دەنگی داوە بۆ لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە عێراق، لە ڕاستیدا پرۆسەیەکی ڕواڵەتی بووە، زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان بەشدارییان تێدا نەکردووە، بەتایبەتی دانیشتوانی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك. لە کەرکوك جگە لە کورد کە زۆربەیان بەشدارییان تێدانەکردبوو، تورکمانەکانیش هەمان هەڵوێستیان هەبووە، بەڵام بۆ مەرامی خۆیان.

ئەوان لە پێناو ڕێکخستنی کار و چالاکییەکانیان بۆ بەشداری نەکردن لەو ڕاپرسییە، ڕێکخراوێکی تایبەتییان پێکهێنابوو بۆ پڕۆپاگەندەکردن دژی ئەو پڕۆسەیە. تورکمانەکانی کەرکوك لەو سەردەمەوە ئەو ناوچەیە بە بەشێك لە تورکیا دەزانن، بۆیە ناشێ و ناکرێ پڕۆسەی ڕاپرسی لەسەر دوارۆژی بکرێت.

لەڕاستیدا ئەو پڕۆسەی ڕاپرسییە ڕێکخرابوو تەنیا پیاو ماقووڵانی شار و شارۆچکەکان و سەرۆك عەشیرەت و موختارەکان بەشدارییان تێداکردبوو. ڕاپرسییەکە بریتی بوو لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە: دەتەوێ ببی بە عێراقی، یان بە تورك؟! لێرەدا قسەیەکی خوا لێی خۆشبێت، مامۆستا مەلا "عەلی حاجی تۆفیق"ی کۆیەم بەبیر دێتەوە، کە لە سەرەتای هەشتاکاندا بە زمانی مەلای گەورەی کۆیە بۆی گێڕامەوە، وتی لە مەلای گەورەی بیستووە وتوویەتی: "کاتێ ئەو لیژنەیە هاتووە بۆ کۆیە پرسیاریان لێ کردووە ئایا دەتەوێ بتدەینە عەرەب یان تورك؟) لەوەڵامدا پێی وتوون "وادیارە دەتانەوێ بەشوومان بدەن! ئەگینا بۆ لێمان ناپرسن چیتان دەوێ؟" لەو ناوچانەی کوردستان کە دانیشتوانی بەشدارییان لە ڕاپرسییەکە کردووە، بەتایبەتی لە ناوچەی هەولێر و دەڤەری بادینان، بەشێك لەو خەڵکانە داوایان کردووە کوردستان لە ژێر ماندێتی بریتانیا بمێنێتەوە. کە واتە کورد بە شێوەی گشتی، یان بەشدارییان نەکردووە لەو "ڕاپرسییە"، یان داوای مانەوەی ئینگلیزیان کردووە لە کوردستان. هەڵبەتە خەڵکانی دی هەبووە داوایان کردووە ویلایەتەکە ببێت بە بەشێك لە عێراق، بەڵام ڕادەی ئەو خەڵکانە زۆر نەبوون وەکو (ئێدمۆندز) ئیدعا دەکات. لەوەدەچێت ئێدمۆندز بە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە پڕۆپاگەندانە ویستوویەتی بە بەردێك دوو نیشانە بشکێنێ. یەکەمیان واپیشان بدات کە کوردەکانی ویلایەتی موسڵ خۆیان ڕازی بوون وڵاتەکەیان ببێتە بەشێك لە عێراق، ئینگلیز ناچاری نەکردوون. مەبەستی دووەمی ئەوەبووە خۆی واپیشان بدات دۆستی کوردە، کەچی هەمیشە هەموو توانای خۆی تەرخانکردبوو بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیی وڵاتەکەی وکۆمپانیاکانی پترۆڵی بریتانی، کە زۆر جاران ئەو بەرژەوەندییانە لەگەڵ ئاوات و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد نەگونجاو بوون. لە سیمینارێکدا لە ناوەڕاستی

ساڵی ١٩٦٤ بەسترابوو لە ئینستیتوێکی ستراتیژی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە ڕاشکاوی دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئەو سەردەمەی عێراقی بەئاگا هێنابووەوە "هیچ حکوومەتێ لە بەغدا ناتوانێ لەسەرکار بمێنێتەوە ئەگەر باس لە بەشداریکردنی لایەنێکی دی بکات لە نەوتی کەرکوك"، مەبەستی مورد بووە.

ئەم بەشداری نەکردنەی بەشی زۆری خەڵکی کوردستان لەو ڕاپرسییە، ئاکامی قانوونیی لێدەبێتەوە بۆ ئەمڕۆی کوردستان و بایەخێکی تایبەتی هەیە. گەلی کوردستان ئەمڕۆ کە داوای دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق دەکات لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە، چونکە کاتی خۆی بەشداری لە دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە نەکردووە و پرسی پێ نەکراوە کە وڵاتەکەیان خستووەتە سەر خاکی عێراق. ئەگەر بڵێین کورد لەو سەردەمە لایەنگیری لکاندنی ویلایەتی مووسڵی کردووە تا بخرێتە سەر دەوڵەتی عێراق، داواکەی سەبارەت بە دامەزرانەدنەوەی دەوڵەتی عێراق و ڕیفراندۆم بۆ دەستنیشانکردنی پاشەڕۆژی کوردستان، بە شێوەیەکی تر تەماشا دەکرێت. بەلای منەوە زۆربەی خەڵکی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بەشدارییان لە بنیاتنانی ئەم دەوڵەتە نەکردووە، بۆیە ئەمڕۆکە دەتوانێ داوای دامەزراندنەوەی ئەم دەوڵەتە بکات و ئایندەی خۆی دەستنیشان بکات بەو چەشنەی خۆی دەیەوێ.

---

(١) Marina Kent, Oil and Empire, p. 120

(٢) دایڤد کۆرن، "رحلان اقحما الاکراد بالعراق، مناورات کوکس – ولسن"، حەمید عەبدولەلیك لە ئینگلیزیەوە کردوویەتی بە عەرەبی، هەفتەنامەی "الاتحاد"، ژمارە ٣٢٦، ٩ تەمووزی ١٩٩٩. هەروەها تەماشای نووسینەکەم بکە لەژێر ناوی: کیفیة تقریر مصیر ولایة الموصل العثمانیة، هەفتەنامەی (الاتحاد)، ژمارە (٣٤٦) ی ٢٦ نۆڤەمبەری ١٩٩٩

(3) Stephen H. Longrigg, Mesopotamia 1917 – 1920, P 92.
Iraq, A Clash of Loyalties 1900 – 1950, p 22

# جێبەجێکردنی حوکمی قانوون بە پێی میزاجی شەخسی

(کۆڕی زانیاری کورد) لە ساڵی ١٩٧٠ لە بەغدا بەپێی قانوونێکی عێراقی دامەزراوە، بە سەرچاوەی سەرەکی دانراوە بۆ هەموو ئەو بابەتانەی پێوەندییان بە زمانی کوردییەوە هەبووە. هەرچەندە لە سەرەتاوە ناکۆکی لەنێوان بەشێك لە زمانزانانی کورد لەسەر ناوەکەی هەبووە، بۆ نموونە تۆفیق وەهبی بەگ ڕەخنەی لە بەکارهێنانی وشەی (کۆڕ) گرتبوو کە وەرگێڕاوی وشەی (مجمع)ی عەرەبی بووە، بە بۆچوونی ئەو زانا گەورەیە وشەی ئەکادیمیا، کە تێرمێکی جیهانییە لە وشەی (کۆڕ) گونجاوترە و پاش دامەزراندنەوەی ئەو (کۆڕە) لە هەرێمی کوردستان ناوەکەی کراوە بە (کۆڕی زانیاری کوردستان)، کە ئەویش ڕاست نەبووە چونکە ئەو دامەزراوە تایبەتە بە زمانی کوردی نەك بە ناوچەییەکی دیاری کراو، کە تێیدا زمانی تورکمانی و سوریانی وەکو دوو زمانی جیاوازی دیکە لە هەرێمی کوردستان هەیە. ئەکادیمیای کوردی پشتگیری لە دامەزراندنی ئەکادیمیای تورکمانی و ئەکادیمیای سوریانی کردووە و بە فەرمی ئاگاداری سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە.

ئەکادیمیای کوردی بەپێی قانوونی ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٧ دامەزراوەتەوە بە ناوی (ئەکادیمیای کوردی). لە پاش پەسندکردنی دەستووری عێراق زمانی عەرەبی و زمانی کوردی بوونەتە دوو زمانی فەرمی لە عێراق، ئەگەر بە کردەوە زمانی عەرەبی لە بەشی عەرەبی عێراق زمانی فەرمیی یەکەم بێت، کوردی زمانی فەرمیی یەکەمە لە هەرێمی کوردستان. دوو قانوونی تایبەت بە زمانە فەرمییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئەم ڕاستییەیان چەسپاندووە، قانوونی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤ تایبەت بە زمانە فەرمییەکان لە عێراق و قانوونی زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤. کەواتە دەبوو بەپێی دەستووری عێراق و قانوونێکی عێراقی و قانوونێك لە هەرێمی کوردستان دەرچووە هەموو دامەزراوە و وەزارەت و دەزگاکانی هەرێم زمانی کوردی وەکو زمانی سەرەکی بەکاربێنن. بۆ پەیوەندیکردن بە دامەزراوە و وەزارەتەکانی ناوەند لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی

عێراق، دەزگاکانی هەرێم دەتوانن زمانی عەرەبی و کوردی بەکاربێنن، ئەگەر کورد لە ئێستاوە ئەو مافە دەستوورییەی بەکار نەهێنێ، دواتر بەکارهێنانی لەبیر دەکرێت.

لەبارەی زمانی فەرمی لە هەرێمی کوردستان، کە بە حوکمی قانوون دیاری کراوە، لە قانوونی بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمی لە هەرێمی کوردستان (وەقایعی کوردستان) هەموو ئەو قانوون و بڕیارانەی پەرلەمان پەسەندیان دەکەن کاریان پێ ناکرێت تا لەو ڕۆژنامەیە بڵاونەکرێنەوە، کە وەزارەتی داد سەرپەرشتی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی دەکات. ئەم ڕۆژنامەیە لە سەرەتاوە بە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست بڵاوکراوەتەوە، بۆیە بە کردەوە بووە بە زمانی فەرمی لە هەرێمی کوردستان. لەبارەی زمانی خوێندن لە قوتابخانە و خوێندنگاکانی هەرێم، لەبەر ئەوەی لە ساڵانی ڕابوردوودا کێشە و ئاریشەی زۆریان بۆ دروستکردووە، ئەم بابەتە دەبێ لەژێرچاودێری ئەکادیمیای کوردی و هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بە بەشداری کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە شێوە زاراوەکاندا لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت بۆ چارەسەرکردنی.

لەو باوەڕەدام زمانەکەمان بەرەو مەترسی دەڕوات، ئەگەر کاری جیددی بۆ یەکخستنەوەی لەسەر هەموو ئاستێك نەکرێت. مەترسی لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە بەشێوەییێکی نادروست و هەڵە، کە بەشی زۆریان پەیوەندییان بە زمانی کوردییەوە نییە، بۆتە دیاردەییێکی مەترسیدار لەسەر زمان و کولتووری ڕەسەنی کوردی.

لە ساڵی ٢٠١٠ پێشنیازی هەموارکردنەوەی قانوونی ئەکادیمیای کوردی کرا، پێشنیازکرا دەسەڵاتی دارایی و کارگێڕی بدرێت بە ئەکادیمیا بۆ چارەسەرکردنی دواکەوتنی کارەکانی بە هۆی ڕۆتینەوە، چونکە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران زۆر جار بە درەنگ وەڵامی نووسراوەکانی ئەکادیمیای داوەتەوە. ئەو پڕۆژە قانوونەی لەلایەن ئەکادیمیاوە ئامادەکرا ئەنجومەنی وەزیران پەسندی کرد و ناردی بۆ پەرلەمان. لە پاش ماوەیەك، لە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا و ڕەوانەی هەردوو لیژنەی (ڕۆشنبیری) و (قانوونی) کرا تا ڕاپۆرتی خۆیان لەسەر پڕۆژەکە

پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بکەن. ئەو پڕۆژەیە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان نەخرایە سەر بەرنامەی کاری پەرلەمان بۆ تاوتوێکردنی، بە مەبەستی پەسندکردنی بۆ نزیکەی دوو ساڵ. لەپاش ئەو ماوە درێژە کە خرایە بەردەم پەرلەمان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بە پاساوێکی ناقانوونی ڕێگەی لە سەرۆکی ئەکادیمیا گرت ئامادەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بێت. لەوەش سەیرتر ئەوەبوو داوای لە وەزیری ڕۆشنبیری کردبوو ئامادەی ئەو کۆبوونەوانە بێت لەجیاتی سەرۆکی ئەکادیمیا، لە کاتێکدا پەیوەندیی لەنێوان ئەو وەزارەت و ئەکادیمیادا نییە. لەبەر ئەوەی وەزیری ناوبراو ئاگاداری ناوەڕۆکی پڕۆژەکە نەبوو، هەروەها بەشی زۆری پەرلەمانتاران زانیارییان لەسەر کار و ئەرکەکانی ئەکادیمیا نەبوو، پڕۆژەکە بە سەقەتی و ناتەواوی پەسندکرا. پاش ماوەیەك لەکاتی تەماشاکردنی پڕۆژەی قانوونی زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی پەرلەمان بە ڕەسمی داوەتنامەی بۆ سەرۆکی ئەکادیمیا ناردبوو بۆ ئامادەبوونی لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش، بۆ لە کاتی تەماشاکردنی پڕۆژە قانوونی ئەکادیمیای کوردی ئەو مافە قانوونییە بە سەرۆکی ئەکادیمیا نەدرابوو، بەلاّم لە کاتی تاوتوێکردنی پڕۆژە قانوونی زمانە فەرمییەکان، کە پەیوەندیی کەمتری بە ئەکادیمیاوە هەیە، داوای لێکرابوو ئامادەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بێت؟ ئەوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە لە ولاّتی ئێمەدا جاروبار میزاجی شەخسی سەروەرە، نەك حوکمی قانوون. پێش ئامادەبوونی سەرۆکی ئەکادیمیا بۆ کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بۆ تاوتوێکردنی پڕۆژەی قانوونی زمانە فەرمییەکان، کە ئێستا بووە بە قانوونی ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠١٤، دەبوو وەلاّمی ئەو پرسیارە قانوونییە بدرێتەوە، کام لەم دوو بۆچوونەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان ڕاست بوو؟ ڕێگەگرتن لە ئامادەبوونی سەرۆکی ئەکادیمیا بۆ کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، یان بانگهێشتکردنی بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان لە خولی چوارەمدا؟ ئەمە تەنیا نموونەیێکی بەرچاوە بۆ شێوەی کارکردن بە حوکمی قانوون لە ولاّتی ئێمەدا. لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئێستا کورد حوکمڕانی ئەم بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان دەکات بەبێ دەستوور، هەموو دەزانین کە شێوەی

بەڕێوەبردنی حوکمی وڵات لە دەستوور دیاری دەکرێت و ڕێگا بە کاری ناقانوونی نادات، بەلاّم لەبەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستان نە دەستووری هەیە و نە دادگای دەستووریی بۆ یەکلایکردنەوەی ئەو کێشانە. دەیان و سەدان کێشەی لەو شێوەی ئاماژەمان بۆ یەکێکیان کردووە ڕوویانداوە و حوکمی قانوون پێشێلکراوە، چونکە تا ئێستا دەزگاییەکی قانوونی نییە ئەو جۆرە بڕیارانەی دەسەلاّت ڕاست بکاتەوە.

# چەند نەورۆزێکی لە یاد نەکراو

ئەوەی لە بیرم بێت ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لە شاری کەرکوک هەمیشە قەدەغەکراو بووە، بە ئاشکرا نەکراوەتەوە تا ساڵی ١٩٥٩. لە سەردەمی پاشایەتیدا لە ساڵانی پاش چلەکان ئاهەنگی نەورۆز قەدەغەکراو بوو لە کوردستان، ئەگەر سازبکرابا بە نهێنی دەکرا. لە بیرمە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٥٨ قوتابیانی کوردی دانیشتووی بەغدا بڕیارمان دا بە نهێنی ئاهەنگی نەورۆز پێکەوە بکەین. لەبەر ئەوەی ژمارەمان زۆر بوو، بووین بە دوو بەشەوە. بەشی ئێمە کە قوتابیانی چوار کۆلێج بووین، چووینە (سدة الهندية)، نزیك لە شاری (حلة)، لەناو باخچەیەك دەستمان بە ئاهەنگ کرد، کتوپڕ پۆلیس دەورەیانداین، ئەو برادەرەی خەریکی وتار خوێندنەوە بوو، نەپەشۆکا، زوو قسەکانی گۆڕی و کردی بە گاڵتەو گەپ. ئەفسەر و پۆلیسەکان وایان دەزانی نوکتە و قسەی خۆش دەکات. ئەو نەورۆزەی هەرگیز لە بیری ناکەم، ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٥٩ بوو، لەو ساڵەدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی شاری کەرکوك، بە شێوەیەکی ڕەسمی ئاهەنگی نەورۆز سازکرا لە گۆڕەپانی تۆپانی کە نزیکی دەزگاکانی کۆمپانیای نەوت بوو. ئاگری نەورۆز لەو ساڵەدا کرایەوە بەقەد بەرزیی ئاگری هەمیشە زیندووی باوەگوڕگوڕ بەرز بوو. نەورۆزێکی گەورەی تر لە ساڵی ١٩٧٠ سازکرا، لە زۆر ناوچەکانی کوردستان خەڵك ڕهاتبوون، ئاهەنگەکە لە گوندی (حەسار)ی سەر بە ناحیەی (شوان)، لە نزیك شاری کەرکوك سازکرابوو، لەسەر ڕێگای کەرکوك - کۆیە. حکوومەتی بەعس ڕێگای نەدابوو لەناو شاری کەرکوك، یان لە کەناری ئەو شارە بکرێت، چونکە خەریکی ئامادەکردنی نەخشەی تایبەت بوو بەعەرەبکردنی ئەو ناوچانە. هەر لەو ساڵەدا لە شاری بەسرا بووم، لەگەڵ چەند برادەرێکی مامۆستای زانکۆ داوامان کرد ئاهەنگی نەورۆز بکەینەوە بۆ ئەو کوردانەی لە بەسرا و خوارووی عێراق بوون، دەسبەجێ ڕێگەیان پێ داین، ئاهەنگەکە لەناو شاری بەسرا سازکر، کەچی لە کەرکوك ئەو هەقەیان بە نوێنەرانی شۆڕشی ئەو سەردەمەی کورد نەدابوو. بەداخەوە لە پاش ١٩٥٩ ئاهەنگ و ئاگری

نەورۆز لەناو شاری کەرکوك قەدەغەکراو بووە، گەر کرابێت، بە ئازایەتیی مێردمندالْ و هەرزەکاران ئاگرەکە کراوەتەوە لەسەر بەرزاییەکانی گەڕەکەکانی (تەپە، ئیمام قاسم، ئازادی، بەرتەکیە، شۆریجە و ڕەحیماوا)، زۆر جاران تەقەیان لێکراوە، یان دەستگیرکراون.

دووەم نەورۆزی ئازادی لە شاری کەرکوك لە سالْی ١٩٩١ سازکرا، لە کاتێکدا کە شارەکانی دی کوردستان خەریکی ئاهەنگگێرانی ئازادی بوون، لە شاری کەرکوك بە فڕۆکەی سەربازیی و تۆپ بۆمباردوومان دەکرا، کە خەلْکی شاری ناچارکردبوو ڕوو لە دەرەوە بکەن. بەهۆی گوللە بارانی ڕژێم خەلْك کوژرابوون و لاشەی بەشێك لە شەهیدەکان لە کۆلاْن و شەقامەکاندا کەوتبوون، لەو شەهیدانە چەندین دۆستی تێدا بوون، وەك هاوڕێی هەمیشەییم مامۆستا شێرزاد حەسیب تالْەبانی و نەهرۆی جوانە مەرگی خوارزام، باوك و تاقانەکەیان کە تەمەنی ١٧ سالْ بوو، پێکەوە شەهیدکرابوون، چەند کاتژمێرێك پێش ئاگری نەورۆزی ئەو سالْە.

هۆی لەبیر نەچوونی هەردوو نەورۆزی ١٩٥٩ و ١٩٩١ ئەوەیە، لەو دوو سالْەدا خەلْکی ستەمدیدەی شاری کەرکوك بە ئازادی و بێ چاودێریی حکوومەت ئاهەنگی نەورۆزیان کردووەتەوە، بەلاْم گڕیی نەورۆزی سالْی ١٩٩١ لە ئاگری نەورۆزی ١٩٥٩ و ئاگرە هەمیشەییەکەی باوەگوڕگوڕ بەرزتر و سوورتر بوو، چونکە سووتەمەنییەکەی خوێنی ئالْی شەهیدانی شارە خۆراگرەکە بوون.

لە گۆڤاری مەلْبەند، لەندەن ژمارەی ، ٢٤٦ سالْی ١٩٩٤، بلاوکراوەتەوە.

# مامۆستای زانکۆ و دادوەری خاوەن ئەزموون،
# دەبێ لەسەر خواستی خۆیان خانەنشین بکرێن

پێوەری پێشکەوتن لە وڵاتانی جیهاندا تەلار و باڵەخانەی گەورە و دروستکردنی ڕێگاوبانی فراوان و بەرهەمهێنانی جۆراوجۆر و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای تازە نییە، بەڵکو ڕێزگرتنە لە زانست و زانایان. لە وڵاتێکدا هەتا ئەگەر قانوونەکانی بە شێوەیەك دارێژرابن گوایا پشتگیریی لە پێشکەوتن و زانست دەکەن و ڕێ لە زانایان ناگرن، بەڵام ئەوانەی ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو قانوونانەیان پێ سپێردراوە ئەگەر نەزان، یان نیمچە نەزان بن، ئەوا ئەو وڵاتە لە ڕووی پێشکەوتنی ماددییەوە بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت، بە وڵاتێکی دواکەوتوو لە قەڵەم دەدرێ. کارەسات ئەوەیە بەشی زۆری وڵاتانی جیهانی سێیەم لەم بارودۆخەدا دەژین. حاڵەتی ئەم وڵاتانە دەشوبهێنرێن بەو نیمچە نەخوێندەوارانەی گیرفانیان پڕە، بەڵام بۆ شاردنەوەی گرێ دەروونییەکانیان، لە ئۆفیسی کارکردنیان، یان لە ماڵە ڕازاوەکانیاندا کتێبخانەی جوانی پڕ لە کتێبی نایابت بەرچاودەکەوێ، بەشی زۆریان تەنانەت بۆ تەماشاکردنیان بێت لاپەڕەکانیان نەکراونەتەوە!

ئەگەر تەماشای لاپەڕەکانی مێژوو بکەین دەبینین ئەو دەسەڵاتدارانەی ئاوڕیان لە زانا و دانا گەورەکانی خۆیان داوەتەوە، ناوەکانیان لەسەر لاپەڕە زێڕەکانی مێژوو تۆمارکراوە. ئەوانەی لەجیاتی خەریکی خزمەتی زانست بن، خەڵکیان کوشتووەو وڵاتانی دونیایان کاوڵکردووە، بەهەر پاساو و بیانگەیەك بێت ئێستاش نەفرەتیان لێ دەکرێت. میر و گەورە پیاوانی کورد بەو شێوە تەماشاکراون، کاتێ خەریکی خزمەتکردنی زانست و زانایان بوون و کەسانی ژیر و دانا لێیان نزیك بووە و ڕوویان لە ستەمکاریی نەکردووە و هەوڵیان داوە بە گوێرەی ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاون، خزمەت بە خەڵك بکەن. ئاسەواری ئەو گەورە پیاوانە ماون و ئێستاش بە ڕێزەوە تەماشای کارە خێرخوازیەکانیان دەکرێت. کارەسات لەوەدایە ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێمەدا، ئەگەر قانوونی چاکیش پەسندکرابێت، بەڵام بەشی زۆری ئەوانەی ئەرکی

جێبەجێکردنی ئەو قانوونانەیان پێ سپێردراوە، نەزانن و زۆرجاران دوژمنی زانست و زاناکانن.

ماوەیەك لەمەوبەر چەند مامۆستایەکی زانا و خاوەن ئەزموون، کە بەدرێژایی سالآنێکی زۆر خزمەتێکی گەورەیان بە زانکۆکانی کوردستان کردووە، بڕیاری خانەنشینکردنیان درا، داوایان لێکرابوو ئەو خانووانەی تێیدا دەژین بە زووترین کات چۆڵی بکەن. مامۆستای وایان تێدابوو پتر لە ٤٠ ساڵ خزمەتی بەو زانکۆ و زانست کردبوو، پاش خانەنشینکردنی ئەوەی وەریدەگرت بەشی کرێی خانوویەکی نەدەکرد. ئەگەر لە پەرلەمان دەنگی ناڕازیمان نیشان نەدابا، دەبوو ئەو مامۆستا بەڕێزانە کە هەموویان لە ناخۆشترین کاتدا خزمەتی زۆریان بە زانکۆ کردووە، بە خاوخێزانەوە بکەوتبانە سەر جادە. پێشی مانگی تەمووزی ٢٠٠٧ ئەو مامۆستایانەی تەمەنیان گەیشتبووە تەمەنی خانەنشینکردن بەپێی قانوونێك، کە دەبوو ئەوان نەگرێتەوە. ئاگادار کرابوون دەبێ لەو مانگەدا دەست لە کار بکێشنەوە و دەوامی کۆلێژەکانیان نەکەن! لە بەشی زۆری وڵاتانی پێشکەوتوودا، مامۆستای زانکۆ و دادوەر، لەسەر خواستی خۆیان دەتوانن لەسەر کاری خۆیان بمێننەوە و بەردەوام بن لە خزمەتکردن لەو بوارانەی کە ئەزموونێکی زۆریان تێدا پەیداکردووە. لەو وڵاتانەدا قانوونی تایبەت بە مامۆستایانی زانکۆ و دادوەران هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە خزمەتکردن بدەن، جگە لەوەش، بەشی زۆریان هەوڵی ئەوە دەدەن خانەنشین بکرێن تا لە لایەکی دیکەوە خزمەت بکەن، یان بۆ خۆیان پشوویەك بدەن و بحەسێنەوە، چونکە بە درێژایی سالآنێکی زۆری تەمەنیان خزمەتیان کردووە. کاتێ خوێندکار بووم لە زانکۆی پاریس لە سالآنی شەستەکاندا، پرۆفیسۆر مازۆ **Mazeaud** باب و کوڕ هەردووکیان پێکەوە مامۆستای قانوونی مەدەنی بوون لەو کۆلێژە، هەردووکیان نووسینیان لە گۆڤارە قانوونییەکاندا بە بەردەوامی بلآودەکرانەوە. لە وڵاتی ئێمەدا مامۆستا و زانای گەورە دکتۆر موستەفا زەلمی، هەروەها خوای لێ خۆش بێت دادوەر ڕەشید عەبدولقادر کە تا ئەو ڕۆژەی خانەنشینکران، لەزۆر ئەو دادوەرانەی خۆیان بە گەنج دەزانن بە تواناتر بوون. ڕێزگرتن لەو زانایانە ڕێزگرتنە لە زانست. بە داخەوە

ژمارەی ئەو کەسانە زۆر کەمە، بۆیە لە کاتی تاوتوێکردنی پرۆژەی قانوونی دادوەری، پێشنیازمکرد دادوەر لەسەر خواستی خۆی خانەنشین بکرێت، یان لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی دادوەری، کە باڵاترین دەزگای دادوەری دەبێ، بەپێی ئەو پرۆژە قانوونە و ئومێدەوارم لەم رۆژانەدا لە لایەن پەرلەمانەوە پەسند بکرێت.

هەمان بۆچوونم هەیە سەبارەت بە مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان، کە پێویستە جگە لە رێزگرتن، بتوانن لە زانکۆ وەك مامۆستای (موتەمەرپس) درێژە بە خزمەتیان بدەن، بە تایبەتی لە بواری سەرپەرشتیکردنە سەر تێزی خوێندکارانی خوێندنی باڵا (ماستەر و دوکتۆرا)، هەر یەکە لە بواری تایبەتی خۆیدا سوود لە ئەزموونیان وەربگیرێ. لە زانکۆکانی کوردستان چەندەها زانای بە توانا خانەنشینکراون، کە نەدەبوو تەمەن بکرێتە پێوەر بۆ خانەنشینکردنی ئەو ئەقڵە زانستی و دادوەرییانە، لەبەر بەرژەوەندیی زانست و دەسەڵاتی دادوەریی. لەهەمان کاتدا ئەو کەسانەی بە خشکەیی بەهۆی پێوەریی حزبایەتی تەسکەوە کراون بە بەرپرسیار لە بەشێك لە زانکۆکاندا، و بەشێکیان رابردوویەکی رەشیان هەبووە لە خزمەتکردنی بەعس و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی، دەبوو دوور بخرێنەوە لەو جێگایانە، چونکە ئەو کەسانەی ئەرکی خزمەتکردنی زانستیان پێ دەسپێردرێ، ناڵێم دەبێ زانا بن، بەڵام لانی کەم دوژمنی زانست نەبن و رابردوویان لێڵی تێدا نەبێت، ئەمە لە حاڵەتێکدا گەر بمانەوێ رێز لە زانست و زانایان بگیرێ.

هەولێر، ٢٦ ی ئەیلوولی ٢٠٠٧

# پڕەنسیپی قانوونی و بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی

قانوون وەکو زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، لەسەر چەند بنەمایەکی دیاریکراو بنیادنراوە، خوێندکاری کۆلیژەکانی قانوون لەماوەی چەند ساڵێك خەریکی خوێندنی دەبن. لەبیرمە مامۆستاکانمان لە سەرەتای ساڵی یەکەم ئەو بنەما و پڕەنسیپانەیان بە وردی بۆ ڕوون دەکردینەوە. ماددەی (اصول القانوون/ بنەماکانی قانوون) یەکەم مادده بوو لە ساڵی یەکەم لە کۆلێجی قانوون. لەو ساڵەدا مامۆستاکەمان دەیگوت پابەندبوونی قانووناسان لە پاش تەواوکردنی خوێندن بەو پڕەنسیپانە دەبێتە هۆی چەسپاندنی حوکمی قانوون لەناو کۆمەڵگادا و سەروەریی حوکمی قانوون لەناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا دەست پێدەکات.

قانوون هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە، لەبەر ئەوەی لە ژیانی خەڵکدا دەبێ لە گۆڕانکاریدا بێت. ئەم پڕەنسیپە لە بواری قانوونی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی پەیڕەو دەکرێت. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەو گۆڕانکارییانەی لە کۆتایی سەدەی ڕابوردوو دەستی پێکرد، بەتایبەتی لەپاش شەڕی سارد و ڕووخانی دیواری بەرلین و دەستپێکردنی شەڕی کەنداوی یەکەم، چەندین پرنسیپی بنەڕەتیی تازە لە قانوونی نێودەوڵەتیی چەسپێندران و بوونە هۆی ئەوەی گۆڕانکاریی تازە لە قانوونی نێودەوڵەتی ڕووبدەن. چەند ساڵێك لەمەوبەر کەس باسی لە شەرعیەتدان بە دەستێوەردانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتان نەدەکرد، هەتا ئەگەر مافی مرۆڤ و بنەماکانی قانوونی مرۆڤـایەتی پێشێل بکرابان. دەستێوەردانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتان تا ئەو دەمە کارێکی ناشەرعی بوو و پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگای بەو جۆرە دەستێوەردانە نەدەدا. بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگتووەکان ژمارە ٦٨٨ی ساڵی ١٩٩١ یەکێکە لەو بڕیارە نێودەوڵەتییانەی بووە هۆی چەسپاندنی ئەو پڕەنسیپانە لەنێو قانوونی نێودەوڵەتیدا. بەپێی ئەو بڕیارە، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕاستەوخۆ دەستی خستە ناو کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتی عێراق و داوای لێی کرد ئەزیەتی گەلەکەی نەدا و

مافەکانی مرۆڤـ پێشێل نەکات. لە بەشەکانی دیکەی قانوونیدا گۆڕانکاری ڕوویداوە، بۆ نموونە لە قانوونی دەستووریدا چەمکی سیستمی فیدڕاڵی لە شێوازە کلاسیکییەکەیەوە گۆڕاوە بۆ چەمکێکی فراوانتر، پرۆژەی دەستووری یەکیەتیی ئەورووپا لەسەر بنەمای فیدڕاڵیزمێکی نوێی فراوان خەریکە دەچەسپێت.

ڕێکخراوێکی قانوونی ئەمریکی، بەهاوکاریی سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر لە ناوەڕاستی مانگی تەمووزی ٢٠٠٥ دا سیمینارێکی ڕێکخست، بەئامادەبوونی چەند قانوونناسێکی ئەمریکی هەوڵیاندەدا قەناعەت بە بەشداربووان بکەن کە سیستمی فیدڕاڵی ئەمریکی چاکترین شێوازە بۆ پاشەڕۆژی عێراق. لەو ماوەدا بوو کە کار لەسەر ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوور بۆ عێراق دەکرا. ڕاو بۆچوونی ئەو قانوونناسە ئەمریکییانە زیاتر سیاسی بوون تا قانوونی، دەیانویست پێمان ڕابگەیێنن کە سیستمی ئەمریکی گونجاوترین سیستەمی فیدڕاڵییە بۆ عێراقی پاش ڕووخانی ڕژێم. لە چەند موداخەلەیەکدا دوو سێ قانووناسی کورد ڕوونیان کردەوە عێراق وەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نییە، چونکە لە عێراق چەند نەتەوە و ئایین و ئایینزای جیاواز هەیە، جگە لەوەش خەڵکی کوردستان لەوەتەی وڵاتەکەیان لکێندراوە بە دەوڵەتی عێراق بە بەردەوامی لەلایەن حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق سەرکوتکراون، کە بۆتە هۆی دروستبوونی بێ متمانەیی و بێ باوەڕیی بەرامبەر بە حوکمڕانانی عێراق، ساڵانێکی زۆری دەوێ ئەو بێ باوەڕییە بگەڕێتەوە و ئەو برینانە سارێژبکرێنەوە، چونکە کاتێ دەوێ. لە ماوەدا کاربەدەستانی ئێستای عێراق دەبێ لە هەوڵی جیددی بن و کار بۆ گێڕانەوەی ئەو بێ باوەڕییە بکەن. بەداخەوە ئەو کارە نەك ئەنجام نەدراوە، بەڵکو دەستی پێ نەکراوە، کار و کردەوەکانی حکوومەتەکانی عێراق بوونەتە هۆی تەشەنەکردنی ئەو بێ باوەڕییە. ئەگەر سیستمی فیدڕاڵیی ئەمریکی نەگونجاوبێت بۆ عێراق، دەکرێ سوودی لێوەربگیرێ. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت کە دەوڵەتی عێراق بە شێوازێکی جیاواز دامەزراوە، ناشوبهێتە شێوەی دروستکردنی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. کۆمەڵگەی ئەمریکی پێك نەهاتووە لە دوو نەتەوەی سەرەکیی جیاواز کە

هەریەکەیان لەسەر خاکی خۆیان بژین، وەك ئەوەی لە عێراق هەیە، کە دوو نەتەوەی سەرەکی تێدایە و هەریەکەیان خاوەن خاکی تایبەتن بە خۆیان.

قانووناس لەهەر بوارێکی قانوون کاربکات دەبێ وەك کەسێکی خاوەن پیشە ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات. لەم ڕووەوە قانووناس وەك پزیشك و ئەندازیار و ئابووریناس و خاوەن پیشەکانی دیکە وایە، هەر یەکەیان لەسەر چەند پرەنسیپێکی تایبەتی دامەزراون. قانووناس وەك خاوەن پیشەکانی تر سوێندی خواردووە کە سەرپێچی لەو پرەنسیپانە نەکات کە چەند ساڵ خوێندوویەتی. ڕاستە سەرپێچیکردن لەو پرەنسیپانە دەبێتە هۆی سەپاندنی سزای دیسیپلینی، بەڵام ڕێزگرتنی قانووناس لەو پرەنسیپانە دەبێتە هۆی ڕێزگرتن لە خۆی و لە پیشەکەی. بەداخەوە بەشێك لەو قانووناسانەی پەیڕەو بەو پرەنسیپە قانوونییانە ناکەن، لەبەر چەند هۆیەکی ناقانوونی، لە سەرووی هەموویانەوە هەڵوێستی سیاسییانە. بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەم، چەند نموونەیەك دەخەمە بەرچاو تێیدا بەشێك لە قانووناسان بەپێچەوانەی ئەو سوێندەی خواردوویانە، ڕەفتاریان کردووە. لە نیسانی ٢٠٠٢ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ پەیامنێری گۆڤارێکی کوردستانی لە هەولێر، کە پرسیاری لێ کردم، ئایا پێویستە دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان پەسند بکرێت؟ لە وەڵامدا ئاماژەم بۆ هەوڵەکانی ساڵانی ١٩٩٢ و دواتر کرد لە پێناو ئامادەکردن و پەسندکردنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان، وتم هەنگاوی پاش ڕاگەیاندنی سیستمی فیدراڵی دەبوو پەسندکردنی دەستوور بێت بۆ هەرێمی کوردستان. هەر لەو چاوپێکەوتنەدا ئاماژەم بۆ بەشێك لەو هۆکارانە کرد بوونە هۆی دواخستنی ئەو کارە، لە سەرووی هەموویانەوە دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان. پەیامنێری هەمان هەفتەنامە، پاش ماوەیەك پرسیاری لە قانووناسێکی حیزبی کردبوو لەبارەی پەسندکردنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان، وەڵامی ئەو قانووناسە حیزبییە ئەوەبوو، "پێویستمان بە دەستوور نییە، چونکە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە چەند قانوونێکی دەستووری پەسندکراون جێگای دەستوور دەگرنەوە"! ئەو قانووناسە مەبەستی ئەوە نەبوو بڵێ کوردستان وەك بریتانیا

پێویستی بە دەستووری نووسراو نییە، چونکە سیستمی حوکمڕانی ئەو وڵاتە لە سەرەتاوە هەر بەو جۆرە بووە. مەبەستی ئەوەبووە بڵێ پێویستمان بە دەستوور نییە چونکە چەند قانوونێك جێگای دەستوور دەگرنەوە. هەموو قانووناسێك دەزانێ سیستمی قانوونی لە کوردستان و عێراق لەسەر بنەمای سیستمی فەرەنسی بنیاتنراوە و جیاوازی لە نێوان سیستمی بریتانی و سیستمی فەرەنسی هەیە، بۆیە لە عێراق و کوردستان پێویستە دەستوور نووسراو هەبێ. نەبوونی دەستوور لە کوردستان بۆتە هۆی جێگیرنەبوونی سیستمی "دامەزراوەیی/موئەسەساتی"ومانەوەی دەسەڵاتەکان بە دەست پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە. بەشێك لە قانووناسە حیزبییەکان ئەو پڕەنسیپانە دەکەنە قوربانیی هەڵوێستی سیاسییان، چونکە بەرژەوەندیی حیزبەکەیان دەخوازێ ئەو پڕەنسیپە قانوونییانە بەلاوەبنێن. لە کاتی ئامادەکردنی پڕۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ هەوڵێکی جیددی درا بۆ ئەوەی ئەو پڕەنسیپە قانوونییانەی لەگەڵ بەرژەوەندیی گەلەکەمان گونجاو بوون بیانچەسپێنێن و ئەو پڕەنسیپە قانوونیانە نەکرێنە قوربان بەرژەوەندی و هەڵوێستی حیزبایەتی و سیاسی.

پڕەنسیپێکی قانوونی هەیە دەخوازێ، لەپاش ئەنجامدانی هەڵبژاردن، پێویستە ئەو حکوومەتەی لەسەر کار بووە دەست لە کار بکێشێتەوە و ڕێگا چۆڵ بکات بۆ ئەو لایەنە، یان ئەو لایەنانەی زۆرینەیان بەدەست هێناوە، تاکو حکوومەتێکی تازە پێکبێنن. بەلاٴم لە هەرێمی کوردستان، لەپاش هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ هەردوو ئیدارەکە مانەوە، وەکو بڵێی پێویستییان بە متمانەی پەرلەمانی تازە هەڵبژێراو نییە! ئەم ڕوونکردنەوەیەم خستە بەرچاو ئەندامانی خولی دووەمی پەرلەمان (٢٠٠٥ - ٢٠٠٩) کاتێ پێشنیازکرا ئەو دوو ئیدارەیە پڕۆژەی قانوونێك دژ بە تیرۆر ئامادە بکەن بۆ ئەوەی پەرلەمان پەسندی بکات. بەپێی ئەو پڕەنسیپە قانوونییە، دەبوو ئەو دوو ئیدارەیە سەرەتا دەست لە کاربکێشنەوە و پەرلەمانی هەڵبژێراو متمانە بە حکوومەتێکی تازە بدات. پەرلەمانی تازە هەڵبژێراو، کە زیاتر لە ٩٦ ڕۆژ نەیتوانی کۆببێتەوە و پاش کۆبوونەوەکە هەردوو ئیدارەکە وەکو خۆیان مانەوە و دەستیان

لەکار نەکێشایەوە. سەرکردەکانی ئەو دوو حیزبە لە پەرلەمانی هەرێم دەیانویست پێکەوە پڕۆژە قانوونێك ئامادە بکەن سەبارەت بە بەرهەمهێنان لە هەرێم، پێش ئەوەی ئەو پەرلەمانە دەنگ بە پێکهێنانی حکوومەتێکی تازە بدات!

لە ولاتی ئێمەدا دەستوور نییە و چەند سالێکە دوو "حکوومەت" هەیە، لەگەل یەك پەرلەماندا. زۆر جاران لایەنێك کار بەو قانوونانە ناکات کە ئەو پەرلەمانە دەنگی پێداوە! لە ولاتی ئێمەدا نزیکەی سال و نیوێکە پەرلەمانی تازە هەلبژێراو ڕێگەی کۆبوونەوەی لێگیراوە بەناوی (شەرعییەتی حیزبییەوە). لەپاش ئەنجامدانی هەلبژاردن لە عێراق حکوومەتە یەك لە دواییەکانی بەغدا دەستیان لە کار کێشاوەتەوە و پەرلەمانی هەلبژێراو متمانەی بە حکوومەتی تازە بەخشیوە، ئەوە لە هەرێمی کوردستان ڕووی نەداوە.

چەند پڕەنسیپێکی قانوونی هەیە پێویستە ڕێزیان لێ بگیرێ، گەر بمانەوێ قەوارەیەکی قانوونی لەم بەشەی ولاتەکەمان دابمەزرێ، بێ ئەوەی تەماشای هەلوێستی سیاسیی ئەم لایەن یان ئەو لایەن بکەین. هەلوێستی سیاسیی لایەنە سیاسیەکان بەپێی بەرژەوەندیی حیزبیان هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە، لەکاتێکدا بەرژەوەندیی کورد و پاشەڕۆژی ولاتەکەمان دەبێ لەپێش بەرژەوەندیی حیزب بێت.

گەر تەماشای هەلوێستی ئەو کەسانە بکرێت کە ڕێز لەو پڕەنسیپانە دەگرن و ڕاو بۆچوونی خۆیان ڕاشکاوانە دەخەنە ڕوو، ئەو کەسانەی ڕێز لەو پڕەنسیپە قانوونیانە دەگرن و باوەڕیان پێیان هەیە، مەبەستیان دامەزراندنی قەوارەیەکی قانوونی و دەستوورییە لەم بەشە ڕزگارکراوەی ولاتەکەیان.

(ڕۆژنامە)، ژمارە (٣٢) ٧ ئابی ٢٠٠٧

## لە شاری هەولێری بەناو ئازادکراو، کتێبخانە دەسووتێندرێ!

لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو نووسراوە، کاتێ (هۆلاکۆ) و (تەتەرەکان) دایان بەسەر شار و دێهاتەکانی کوردستان و عەرەبستاندا، پاش بەکۆمەڵ کوشتنی خەڵکەکانی و تالآنکردنی ماڵ و سامانیان، کەوتنە سووتاندنی کتێب و کتێبخانەکان، بۆیە تائێستاش نەفرەتیان لێ دەکرێت.

هەرچەندە لە ناو کوردەواریدا تالآنکردنی ماڵ و سامانی خێڵ، یان (لایەن)ی ژێرکەوتوو لە شەڕ و هەرادا دەمێکە بووە بە داب و نەریت، بەلآم نەمانبیستووە بگاتە ڕادەی تالآنکردن و سووتاندنی مزگەوت و کتێبخانەکان، ئەگەر کاری نابەجێ کرابێت، ئەوا لەسەر فەرمانی داگیرکەرانی ولآتەکەمان بووە. ئەوەی جێگای داخ و سەرسوڕمانە، لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا، لەسەر فەرمانی لایەنێکی سیاسی کوردی لە پایتەختی هەرێمی کوردستانی باشوور، لە پاش تالآنکردنی چەند ماڵێك، ئاگر بەردراوەتە ئەو کتێبخانانەی لەو مالآنەدا بوون. تاوانی ئەو کەسانەی ماڵەکانیان تالآنکراوەو کتێبخانەکانیان سوتێنراوە ئەوە نەبووە کە چەکیان هەڵگرتبێ، چونکە ئەوان چەند ساڵ بووە ولآتیان بۆ بەجێهێشتبوون، لەبەر ئەوەبووە وەك ئەوان باوەڕیان بە ڕەنگی زەرد و سەوز نەبووە و بەپێی توانا داکۆکییان لە مافی مرۆڤـی کورد کردووە و داوایان کردووە حوکمی قانوون سەروەربێت و دەزگا شەرعییەکان، نەك چەکدارەکان کاری ئەو خەڵکە بەڕێوەبەرن.

باشترە پێش ئەوەی باسی "تاوانەکانی" ئەو کەسانە بکەین کە کتێبخانەکەیان لە پاش (١٩٩٦/٨/٣١) سوتێنراوە لە هەولێر، بە پەلە چاو بەسەر ئەو کتێبخانەدا ببەخشین، تا بزانین کێ زەرەرمەند بووە لە لەناوچوونی ئەو کتێب و کتێبخانانەیە، ئایا هەر خاوەنەکەی زەرەرمەند بووە، یان تێکڕا هەموو کورد، بەتایبەتی ڕووناکبیران و ڕۆڵەکانی پاشەڕۆژ؟

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیخەمەوە بەرچاو کاربەدەستان لەپاش دەرپەڕاندنی هێزەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا لە هاوینی ١٩٩١ دا ئەوەیە، نووسەری ئەم چەند

دێڕە داوای لێی کردبوون لێکۆڵینەوەی قانوونی لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێت بە ڕۆژی نیوەڕۆ ماڵی هاولاتیانیان تالانکردبوو، تا ئەو جۆرە کارانە نەبن بە داب و نەریت. بەلام لەبەر مەشغەڵەتی ئاودیوکردن کەسێك گوێی ڕانەدەگرت، بۆیە پاشان تالانکردن بوو بە کارێکی عادەتی و زۆر جار دراوسێ چاوەڕێی ئەوەی دەکرد دراوسێکەی ماڵ بەجێبێڵێ، تا دەستێکی باشی بەسەردا بێنێ!

تەمەنی کتێبخانەکەی بەندە زیاتر لە (٣٥) ساڵ بوو، بە پێنج زمان زیاتر لە سێ هەزار کتێبی جۆراوجۆری بەتایبەتی قانوونی و پزیشکی تێدابوو. لەپاڵ ئەو کتێبە قانوونی و پزیشکییانە، بەدەیان کتێبی کوردی، عەرەبی، فەرەنسی، ئینگلیزی لەبارەی مێژووی کورد و کوردستان و بە دەیان فەرهەنگی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی، لەگەڵ هەشت نامەی ماستەر و دوکتۆرا کە کاتی خۆی سەرپەرشتی کردبوون، جگە لە دەیان دیوانی کۆن و نوێی شاعیرانی ناوداری کورد، وەکو مەولەوی، شێخ عەبدولڕەحمانی خالیس، شێخ ڕەزای کوڕی و حاجی قادری کۆیی، ئەحمەدی خانی، مەلای جزیری، نالی، پیرەمێرد، بێکەس، هەردی، قانع، بێسارانی و شاعیرانی تر، لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری ژمارەکانی (گەلاوێژ) و (هیوا) و (شەفەق) و (کاروان) و (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد) و ژمارەکانی (الواقع العراقية) لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە تا ڕاپەڕینی ١٩٩١. چەند کتێبێکی تێدا بوو بە زمانی فەرەنسی ئێستا لە فەرەنسا بە زەحمەت دەست دەکەون، وەك کتێبە بەنرخەکەی (نیکتین) بە فەرەنسی، کە بەندە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، لەگەڵ نوسخەیەکی دکتۆرانامەکەی (ڤییەنۆ)، کە دۆستێکی گەورەی کورد بوو، لەساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ د. کامەران بەدرخان بانگ کرابوون بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە (ناوپردان). (ڤییەنۆ) دوو نوسخەی لە نامەکەی هێنابوو، یەکێکیان بۆ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوی تر بۆ بەندە. هەردوو نامەی دکتۆراکەی بە (ڕۆنیۆ) چاپکراوە، کۆمەڵێك دیکۆمێنتی نایابی لە بارەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ساڵەکانی پێش شەڕی یەکەمی جیهانیەوە تا ساڵی ١٩٦٩ تێدایە. (ڤییەنۆ)

دۆستی دێرینی کورد بوو پێش ئەوەی بتوانێ کتێبەکەی چاپ بکات، لە ١٩٧٧ دا کۆچی دوایی کردبوو لە وڵاتی ئەفغانستان وەکو ڕۆژنامەنووس.

کتێبخانە بۆ خاوەنەکەی وەك منداڵێکی جگەرگۆشە وایە، چۆن دایك و باوك ڕۆژانە هەست بە گەورەبوونی منداڵەکەیان دەکەن، کتێبخانەش هەر خاوەنەکەی دەزانێ چۆن گەورەی کردووە، کە زۆر جار بە پارەی پارووی دەمی خۆی و منداڵەکانی دەوڵەمەندی کردووە، ئەوجا تەماشای هەستی دایك و باوکێ بکە کە هەواڵی بە ئەنقەست سووتاندنی جگەرگۆشەکەیانی پێدەگات، کە تەمەنی لە (٣٥) ساڵ کەمتر نەبووە.

لە ١٩٦٧ کاك د. شەفیق قەزاز بەسەفەر هاتبوو بۆ پاریس، ئەو کاتە لەوێ خەریکی خوێندن بووم، ئێوارەیەك پێکەوە چووینە لای دۆستی گەورەی کورد ( تۆما بوا)، پێش ئەوەی دابنیشین، گوتی جارێ با کتێبخانەکەم ببینن ئەوجا دێینەوە دادەنیشین، بە سەدان کتێبی بەنرخی تێدابوو لەسەر مێژووی کورد و زمانەکەی. کتێبخانەکەی (تۆما بوا) لەسەر وەسیەتی خۆی، درابوو بە خاتوونێکی فەرەنسی خەریکی زمانی کوردی بوو، بەڵام لە هەولێر چەند بەناو کوردێك کتێبخانەکەی منیان سووتاندبوو و ئاسەواریان نەهێشتبوو.

لەناو ئەو ماڵەی کە ئەو کتێبخانەی تێدا بوو، جگە لەوەی زۆر شتی تێدابوو بە ڕەنج و حەلاڵی خاوەنەکەیان پێکەوەنرابوون، نەك بە پارەی گومرگەکانی سەر سنوورەکان، هەندێ شتی تێدابوو پەیدا نابنەوە، لەوانە وێنەی شەخصی و شەهادە و تابلۆی چەند شارێکی کوردستان، هەروەها (٢٢٠) سلایدی پزیشکی وەك سەرچاوەی دیراسەیەکی پزیشکی هەڵگیرابوون. خاوەنی ئەو سلایدانە کە لە ماوەی دە ساڵدا کۆی کردبوونەوە، دەرگای خۆی کردبووە بۆ خێزانە بارزانییەکانی (قوشتەپە و حەریر)، زۆر جار داودەرمانی ئەو خێزانانەی بە پارەی خۆی بۆ مسۆگەر دەکردن. وابزانم کاتی ئەوە هاتووە باس هەندێ لە "تاوانەکانی" خاوەنەکانی ئەو کتێبخانە بکەین بۆ خوێنەری بەڕێز:

نامانەوێ زۆر بچینە دواوە، بۆیە لە ساڵی (١٩٦٣) ەوە دەست پێدەکەین، لەو ساڵەوە هەرچی موڵك و زەویوزاری کەسوکاری بەندە هەبووە لە ناوچەی کەرکوك داگیرکراون و عەرەبی تێدا نیشتەجێکراون. لەساڵی (١٩٨٢) لەسەر ڕاپۆرتی چەند بەناو کوردێك لە هەولێر، بەهۆی ڕاپەڕینی ئەو ساڵە لە زانکۆی سەلاحەددین (٣٣) مامۆستای کورد لابراون، یان ڕاگوێزراون، ناوی یەکێ لە خاوەنەکانی ئەو کتێبخانەیە لەسەرووی ناوی ئەو مامۆستایانەوە بووە. دوو ساڵ پاشتر هەموو ئەوانەی لابرابوون، یان خانەنشین کرابوون، هەموویان گێڕایەوە سەرکار، تەنیا ئەو نەبێ! لەو ساڵەوە تا ڕاپەڕینی (١٩٩١) چەند جارێك لەلایەن ڕژێم و نۆکەرانی ئەزیەتی خۆی و خێزانەکەی دراون. لە ماوەی نۆ ساڵدا تا ساڵی (١٩٩١) ڕژێم نەیهێشتووە هەتا کاری پیشەیی خۆی بکات، بۆیە کاتی خۆی تەرخان کردبوو بۆ نووسین، بە یارمەتیدانی ئەو کتێبخانەیە کە پاشان بووەتە قوربانی سووتاندن. لەو ماوەدا کتێبەکەی (نیکتین)ی لە فەرەنسییەوە کردووە بە عەرەبی و فەرهەنگێکی قانوونی بە چوار زمان ئامادەکردووە، دیراسەیەکی فراوانی لەبارەی فیدراڵی ئامادەکردووە پێش ئەوەی هیچ لایەنێکی سیاسیی کوردی باسی بکات.

لەپاش ڕاپەڕینی (١٩٩١) ڕاپۆرتێکی بە پەلەی داوەتە سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لەبارەی شێوەی بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستان، داوای کردووە ئیدارەیەکی کاتیی دامەزرێنن تا ماڵ و سامانی گەلەکەمان تالان و ئاودیو نەکرێن. لە پاش گەڕانەوەی هێزەکانی ڕژێم، بە خاو و خێزانەوە لەگەڵ خەڵکی کوردستان ڕوویان کردووەتە ئەودیو سنوور.

لەو ماوەیەدا هەرچی شتی بە نرخی هەبووە لەناو ئەوماڵەدا تالان کراون، بەڵام کتێبخانەکە دەستکاری نەکرابوو. لە پاش کشانەوەی هێزەکانی ڕژێم لە کوردستان، گەڕاونەتەوە بۆ هەولێر، لە پاش هەڵبژاردن پڕۆژەی دەستوورێکی بۆ هەرێمی کوردستان ئامادەکردووە، کە (٣٣) ئەندامی پەرلەمان لە هەردوو فراکسیۆنی سەوز و زەرد داوایان لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردووە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، ئەو پڕۆژەیە لەناو ئەرشیفی پەرلەمان ماوەتەوە.

پاش ماوەیەك لە دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم، لەسەر داوای ئەو، دەستەیەکی قانوونی دامەزراوە تا پڕۆژەی قانوونەکان ئامادە بکات و بخرێنە بەردەستی پەرلەمان. هەرچەندە ئەندامانی ئەو دەستە قانوونییە سێ کەس بوون و جێگایان نەبووە، ماڵەکەی خۆی کردبوو بە جێگایی ئەو دەستەیە، هەموو ڕۆژ دوو ئەندامەکەی دی هاتوونە بۆ ئەوێ، بەهۆی ئەو کتێبخانەیەوە، بەشی زۆری قانوونی وەزارەتەکانی کوردستان، لەگەڵ چەندەها قانوونی تر ئامادەکراون. نووسەری ئەم چەند دێڕە کاتێ هەستی کرد حیزبایەتی پێش کوردایەتی کەوتووە و کەس گوێ لە قسەی کەسی بێ چەك ناگرێ، ڕەنگە ژیانی خۆی و خێزانەکەی لە مەترسیدا بێ، بەناچاریی ڕوویان لە ژیانی غوربەت کردووە. لەبەر ئەوەی هەمیشە چاوی لە گەڕانەوە بوو بۆ کوردستان، ماڵەکەی چۆڵ نەکردووە، کەسێکی تێدا داناوە، لەسەر ڕاپۆرتی چەند خۆفرۆشێك ماڵەکەی تالأنکراوە و کتێبخانەکەیان بەو دەردە براوە. لەو ڕۆژەوە کابرایەك خۆی کردبووە خاوەن ماڵ، لە جێگای کتێب و کتێبخانەکە، کلاشنکۆف و جبەخانەی دانابوو.

کەسێك یان لایەنێك گوناهبار ناکەم، تەنیا نۆکەرانی بەغدا، کە بە داخەوە جێگای خۆیان کردبووەوە لە ناو ئەو لایەنە سیاسییە، چونکە تاوانی خاوەنی ئەو کتێبخانەیە دوژمنایەتیکردنی ڕژێمی بەغدا بووە، لەگەڵ ڕژێمەکانی دەوروبەر و نۆکەرانی ئەو ڕژێمانە، کە لەناو ئەو لایەنانە خۆیان حەشاردابوو. خاوەن ئەو کتێبخانەیە کە سەر بە هیچ حیزبێك نەبووە، سەرۆکی "ڕێکخراوی کورد بووە بۆ مافی مرۆڤــ" لە بریتانیا، خۆی و خێزانی کاریان داکۆکی کردن بووە لە مافەکانی مرۆڤــی کورد. ئەگەر ڕووناکبیرانی کورد بە توندی کاری سووتاندنی ئەو کتێبخانەیە مەحکوم نەکەن، پاش ماوەیەکی تر وەکو تالأنکردن، ئەویش دەبێت بە داب و نەریت لە کوردستان.

## ڕەخنەی ڕووتی توند و ڕەق دەسەڵات گوێیان بۆ شل ناکات، ئەگەر ڕاستیش بن

پ: هۆکارەکانی نەبوونی ئۆپۆزسیۆن چین؟

و: لە باشووری کوردستان ئۆپۆزسیۆنێکی کاراو بە توانا بۆ چاودێریکردنی کارەکانی حکوومەت و چۆنییەتی ئەنجامدانیان لەلایەن دەزگاکانییەوە دروست نەبووە، چونکە نوێنەرانی بەشی زۆری لایەنە سیاسیەکان بەشدارن لە دەسەڵات، ئەم بەشداریکردنەیان بۆشاییەکی دروستکردووە ڕێگا لە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن دەگرێت. چاکترە سەرەتا تەماشای ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بکەین، ئایا ئەرکی هەر ڕەخنەگرتنە، یان چاودێریکردنی کارەکانی حکوومەتیشە، لەگەڵ هەوڵدان بۆ چاککردنی کەموکورتییەکانی؟ لە بەشی زۆری وڵاتە دیموکراسیەکاندا ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵی دووەم دەبینێ، خەریکی چاودێریکردنی کارەکانی حکوومەتە و ڕەخنە لە هەڵە و کەموکورتییەکان دەگرێ و داوای چاککردنیان دەکات. لەهەمان کاتدا ئەگەر حکوومەت ئەرکەکانی سەرشانی بە چاکی و پۆزەتیڤانە ئەنجامدا، پشتگیری لێ دەکات. بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا و بە توانا لەم بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان زۆر پێویستە، کە پێویستە هەوڵی دروستکردنی بدرێت، ئەگەر تا ئێستا نەبووە. ئۆپۆزسیۆنێکی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی ئێستای وڵاتەکەمان تەنیا ڕەخنەگر نەبێت، بەڵکو لە پاڵ ڕەخنەکان، پێشنیازی واقعی بخاتە بەردەست بۆ چارەسەرکردنی ئەو کار و کێشانەی ڕەخنەیان لێ دەگرێ، بە ڕەخنەی دروستکەر ڕەخنەی ڕووتی توند و رەق دەسەڵات گوێیان بۆ شل ناکات هەتا ئەگەر ڕاستیش بن. بە پێچەوانەوە، ڕەخنەیەك پێشنیازی بەدیلی لەگەڵدابێت بۆ چاککردنی کەموکورتییەکان، دەسەڵات ناچار دەبێ تەماشایان بکات. کەواتە لە کوردستان پێویستە ئۆپۆزسیۆن هەبێ هەتا ئەگەر هەموو لایەنە سیاسیەکان بەشداربن لە دەسەڵاتدا، بە مەرجێك ئەوە لە بیر نەکات لەناو باڵەکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا زۆر جار ڕەخنە و گازندە کۆدەبنەوە و دەبنە سەرچاوە بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کاریگەر، نموونەش هەن چ لە کوردستان، یان لە وڵاتانی دیکەدا.

پ: دیموکراسی له ساکارترین پێناسەی خۆیدا واته ئالۆوێری ئاشتیانەی دەسەڵاتە، ئەگەر ئەم کابینەیە نەیتوانی کارنامەی خۆی جێبەجێ بکات، کام هێزی سیاسی له گۆڕەپاندا دەتوانێ شوێنی بگرێتەوە؟

و: نوێنەرانی هەره زۆری لایەنه سیاسیەکانی کوردستان بەشدارییان له کابینەی پێنجەم کردووه که کارێکی نائاسایی نییه، به تایبەتی بۆ ئەم قۆناغەی گەلەکەمان پێیدا تێپەڕدەبێ، ئەم واقعیه تاڵەی تێیدا دەژین دەشوبهێتە دەریایەکی پڕ له شەپۆڵ، نازانین بەرەو کوێمان دەبات. بارەکە تایبەتە و خەتەرناکە، پێویستە هەموو پێکەوە هاوکاربین و کاری تێدا بکەین تا ئەو دەمەی ئەو کەشتییەی که هەموومانی تێدایە، دەگاتە ڕۆخی دەریا به سەلامەتی. ئەو کەشتییه له ئاوێکدا گوزەر دەکات دەوربەرەکەی نەیارن و کار بۆ لەناوبرنی دەکەن. هەتا لەم دەریایە پێکەوە دەرباز دەبین، چاکترە پێکەوە بین و یەك هەڵوێستمان هەبێ. پاشان دەتوانین بیر له ئالۆوێردی ئاشتییانە بکەینەوە، هەریەکە کار بۆ بەرنامەی خۆی بکات بۆ بەدەستهێنانی متمانەی خەڵك و وەرگرتنی دەسەڵات له ڕێگای سندووقی دەنگدانەوە. کابینەی پێنجەم پێویستە دەست به جێبەجێکردنی بەرنامەی کارەکانی بکات، پەرلەمان و لایەنه سیاسیەکان و تێکڕای خەڵکی کوردستان دەبێ چاودێری چۆنیەتیی جێبەجێکردنی بکەن و داوای ئەنجامدانی بکەن بەبێ دواکەوتن. دەسەڵات گەر سست بێ یان نەتوانێ ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، یان به نارێکی ئەنجامیان بدات، پێویستە ڕەخنەکە توندتر و بەهێزتر بێت..

پ: شەقامی کوردی و ڕۆشنبیران و هەموو هێزە سیاسیەکان لەسەر ئەوە کۆك بوون که گەندەڵی و ناکاریی له دەسەڵاتی کوریدا هەیە، لەگەڵ ڕووخانی کابینەی نوێ، کام هێز و گرووپ چاودێری ئەم کێشانە دەکات؟

و: گەندەڵی هیچ لایەنێك ناتوانێ نکوڵی لێ بکات و هەموو داوای چارەسەرکردنی دەکەن، بەڵام له ڕێگای قانوونەوە دەبێ چارەسەر بکرێت. پەرلەمان به هاوکاری حکوومەت سەرەتا دەبێ قانوونێکی تایبەت پەسند بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەندەڵی. هەر بەپێی قانوون، دەستەیەك پێکبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی

سەرشانی، لە کەش و هەوایەکی ئازادا. لە عێراق لە ساڵانی ناوەڕاستی پەنجاکاندا قانوونێك پەسندکرا بۆ دامەزراندنی دەستەیەکی باڵا، سەرۆکەکەی قانووناسێکی کورد بوو، خوالێخۆشبوو دادوەر رەشاد عارف. ئەو دەستەیە لێکۆڵینەوەی لەبارەی ئەو کەسانە دەکرد بە شێوەیەکی نا شەرعی دەوڵەمەند ببوون. دەستەکە پێشنیازەکانی دەخستە بەردەست حکوومەت تاکو بڕیاریان لەسەر بدات. ئەگەر ئەو دەستەیە ئێستا لە هەرێمی کوردستان بەپێی قانوونێکی تایبەت دروست بکرێت و ئەندامانی کەسانی قانووناس و پسپۆڕبن لە بواری حیساباتدا، کە پێویستە دەستپاك و رابردوو پاك بن، چاکترە لە پێنج کەس زیاتر نەبن و لە لایەن پەرلەمانەوە بە هاوکاری حکوومەت ناوەکانیان دەستنیشان بکرێن.

پ: بۆچی هێز و حیزبە سیاسیەکانی کوردستان نایانەوێت ببن بە ئۆپۆزسیۆن؟

و: چاکتربوو ئەم پرسیارە ئاراستەی خۆیان بکەیت، بە بۆچوونی من چەند هۆیەك هێز و حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی ناچارکردووە لە خانەی ئۆپۆزسیۆن نەبن. کوردستان ئەمڕۆکە وەك پێشتر وتمان، بە بارێکی ناسکی مەترسیداردا تێدەپەڕێ، ئەوەش پێویست دەکات هەموو لایەنە سیاسیەکان پێکەوە هاوکاربن و یەك هەڵوێستیان هەبێت سەبارەت بە داواکاریەکانی گەلەکەمان. گەورەترین زەمانەت بۆ بەدەستهێنان و چەسپاندنی مافەکانی گەلەکەمان یەك ڕیزیی هێزە سیاسیەکانی کوردستانە. ئەوەی ناودەبرا بە "شەڕی دەستووری" تەواو نەبووە، کۆمیتەی تایبەت بە پێداچوونەوە بە بەندەکانی دەستوور پێکهاتووە، لە ڕووی تیۆرییەوە دەتوانێ پێشنیازی دەستکاریکردنی هەموو بەندەکانی دەستوور بکات. لە عێراق پتر لە ٥٥ پرۆژە قانوون دەبێ ئامادە بکرێن لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بۆ شیکردنەوەی بەندەکانی دەستوور، بەشێك لە مافەکانی گەلەکەمان لە چوارچێوەی ئەو قانوونەدا دیاری دەکرێن، ئەگەر بە شێوەیەکی لێڵ و ناڕێك ئەو قانوونە دابڕێژرێن، ئەو مافانەمان لە دەستوور ئاماژەیان بۆ کراوە دەبن بە (خەبەری کانە). بە بۆچوونی من، هێزە سیاسیەکانی کوردستان نایانەوێ ببن بە ئۆپۆزسیۆن، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی لەم کاتە ناسکەدا هەیە، ئومێدەوارم ئەم

باره نائاساییه زوو کۆتایی پێ بێت، تا بەشێك لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان ببنە ئۆپۆزسیۆن، بە فشارو چاودێریکردنی کارەکانی حکوومەت، ناچاری بکەن ئەرکەکانی سەرشانی بەباشی جێبەجێ بکات. لەم حاڵەتەدا ئۆپۆزسیۆن بە ئاڵتەرناتیف لەنێوان وەرگرتنی دەسەلاَت یان ڕەخنەگرتن، دەتوانێ دەنگی زۆرینەی دانیشتوانانی کوردستان بەدەستبێنێ لە ئایندەدا.

پ: ئایا نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا و چالاك، گرووپە کۆمەلاَیەتی و کلتوورییەکان دەتوانن ببن بە هێزی فشار بۆ سەر دەسەلاَت؟

و: ڕۆڵی گرووپ و ڕێکخراوە کۆمەلاَیەتی و کلتوورییەکان لە ڕۆڵی هێزە سیاسیەکان کەمتر نییە، گەر بتوانن ببنە هێزی فشار بۆسەر دەسەلاَت و حکوومەت. جاروبار حیزبی سیاسی لەبەر بەرژەوەندیی گشتی، یان تایبەتی هەلوێستی خۆی بەلاوە دەنێ، بەلاَم گرووپ و ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەبنە هێزی فشاری ڕاستەقینە بۆ سەر دەسەلاَت دەتوانن ناچاری بکەن داواکارییەکانی جەماوەر پەسەپێنن بەسەریا، بەمەرجێك لە ژێر ڕکێفی حیزبە دەسەلاَتدارەکاندا نەبن. ئەوەی جێگای داخ بێ ئەوەیە، ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان تا ئێستا نەیانتوانیوە خۆیان دوور لە دەسەلاَتی حیزبەکان بگرن.

پ: بەنەبوونی ئۆپۆزسیۆن ڕەوشی دەسەلاَت بەرەو کوێ و ئەزموونی دیموکراسی بە چ ئاقارێکدا دەبات؟

و: باری ولاَتەکەمان ئەگەر بەرەو سەقامگیری بڕوا، ئۆپۆزسیۆن سەرهەلدەدا و بەهێزتر دەبێ، هەتا لەناو خودی حیزبە دەسەلاَتدارەکاندا. ئەزموونی دیموکراسیی ڕاستەقینە لە ژێر ترس و باری نائاسایی پەرە ناسێنێ، ترسی نان بڕین و کوشتن و لەناوبردن ناهێڵن ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە پەیدا بێت، یان سەنگی هەبێت. ڕاستە هەتا لەو ولاَتانەی بە دیموکراسی ناو دەبرێن، بەتایبەتی لە بەشی هەرە زۆری ولاَتانی جیهانی سێیەمدا. لە ولاَتانی سەرمایەداری گەورە، وەك ئەمریکا، کۆمپانیا گەورەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە دیاریکردنی ئاکامەکانی هەلبژاردنەکان، بەهۆی پارەو پرۆپاگەندەکردن بۆ ئەو حیزبەی دەیانەوێ ببێ بە حیزبی دەسەلاَتدار. ئەو

ولأتانەی دوێنێ بەشێك بوون لە بلۆكی سۆڤیەتی جاران، پارەو پوولی دەرەوە ڕۆڵی سەرەکی دەبینی لە دروستکردنی ئۆپۆزسیۆن و زەمانەتی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا. لە زۆربەی ولأتانی دونیادا ئەو دیموکراسییەی بە تیۆری لەسەر لاپەڕەکانی کتێب و نووسراوەکاندا دەیبینین، لە واقیعدا بەو جۆرە نییە. لە کوردستان ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە بە ساڵ و چەند ساڵێك دروست نابێ، دەبێ لەم روانگەوە تەماشای ڕەوشی دەسەلأت و ئۆپۆزسیۆن بکەین، نەك بەپێی ئەزموونی ولأتەکانی ئەسکەندەناڤیا و ئەوروپای ڕۆژاوا.

پ: لە کاتی دەرچوواندنی بڕیارەکان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، ئایا دەستەیەك دروست بووە وەك بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنی کاریگەر؟

و: تا ئێستا بەشی هەرە زۆری پڕۆژەی قانوون و بڕیارەکان لەلایەن دەسەلأتەوە پێشنیازکراون، بەهۆی چەند ئەندامێکی سەر بەحیزبەکان، کە بە نووسراو پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی دەکەن لەلایەن ژمارەیەك لە پەرلەمانتارانەوە. زۆر جاران سەر بە هەموو گرووپ و لایەنەکانی ناو پەرلەمانن. لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال، کۆمەڵێك پەرلەمانتار وتە و پێنیشازی چاك و سوودمەندیان خستە بەرچاو، داواکرا ئەو پێشنیازانە لە شێوەی پڕۆژە بڕیارێك دابڕێژرێ و بخرێتە بەردەم پەرلەمان. جاروبار کۆمەڵێك پەرلەمانتاران لەبارەی ڕووداوێکی گرنگەوە یەك هەڵوێستیان دەبێ، یان بە یەك شێوە قسە دەکەن، گونجاو لەگەڵ بۆچوونی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان. بۆ نموونە لەبارەی دەنگدانی نهێنی بە وەزیرەکانی کابینەی پێنجەم، کە ئەو پەرلەمانتارانە بوون سەر بە هەموو گرووپەکان بوون. بەلأم زۆر جار ئەو پەرلەمانتارانە لەسەر داواکارییەکانیان سوور نابن، بەتایبەتی ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی هەڵوێستێکی جیاوازی هەبێ سەبارەت بەو داواکارییە.

*لە (کوردستان ڕاپۆرت) دا بلأوکراوەتەوە.

# چەند سەرنجێك لەبارەی بەكر صدقی

لە سەرەتای سییەكانی سەدەی ڕابوردوو، ژەنراڵ بەكر صدقی ماوەیەك سەرۆكی فیرقەی دوو بوو لە لەشكری عێراق، كە بارەگاكەی لە شاری كەركوك بووە. لەو دەمە بەشی هەرە زۆری ئەفسەر و پێرسێنۆلی ئەو فیرقەیە كورد بوون. لەبارەی كەسایەتیی بەكر صدقی لەو ماوەی لە كەركوك بووە، لە چەند كەسێكم بیستووە، ئەوانیش لە چەند پیاوێكی ناوداری ئەو شارەیان بیستووە، بە تایبەتی لە شێخ حەبیبی تاڵەبانی، كە لە ساڵی ١٩٣٤ تا ١٩٤٨، سەرۆكی شارەوانی كەركوك بووە، هەروەها لە كەسانی دی لە زاری شێخ قادری تاڵەبانی، ناسراو بە (شێخ قادری سیامەنسور)، كە ناوی گوندەكەی بوو و زۆر نزیكی بەكر صدقی بووە، هەموو وتوویانە پیاوێكی كەم دوو بووە زۆر تێكەڵیی لەگەڵ خەڵك نەكردووە. هەتا لە دانیشتنی تایبەتیدا بە زمانی عەرەبی قسەی كردووە، بەڵام لە كوردی تێگەیشتووە. لەو ماوەی لە كەركوك بووە، پەیوەندی لەگەڵ شێخ قادری سیامەنسور باش بووە، زیاتر لەبەر ئەوەی پیاوێكی زۆر زیرەك و قسە خۆش بووە، ئێستاش خەڵكانێكی زۆر قسە خۆشەكانی دەگێڕنەوە، بە شێخ ڕەزای دووەم ناوی دەبەن.

لەپاش كوودەتای ساڵی ١٩٣٦ حیكمەت سلێمان دەبێتە سەرەك وەزیرانی عێراق و هەڵبژاردنێكی تازە ڕێكدەخرێت، لەو هەڵبژاردنەدا كە لە ساڵی ١٩٣٧ ئەنجامدراوە، شێخ قادری دۆستی بەكر صدقی دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر پارێزگای كەركوك. لە سەردەمی بەكر صدقی بە دەیان كورد لە هەموو شارەكانی كوردستان، لەناو لەشكری عێراق بوون بە ئەفسەر، بەشێكیان زۆر نزیكبوون لە شەخسی بەكر صدقی. بۆ نموونە، موقەدەم ڕەحمەتوڵڵای كوڕی شێخ

عەبدوڵڵای کوڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانی دانیشتووی شاری بەغدا، لەبەر ئەوەی زۆر نزیکبووە لە بەکر صدقی، ماوەیەك پاش تیرۆرکرکردنی لە ساڵی ۱۹۳۷ خانەنشین کراوە. لە ساڵی ۱۹۵۹ عەبدولکەریم قاسم داوای لێدەکات بگەڕێتەوە بۆ ناو لەشکری عێراق، بەڵام عوزری بۆ خوازتووەتەوە.

هەولێر، ٢٠١٦/٨/٣٠

# سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزیی ڕژێمی عێراق لە هەرێمی کوردستان و ئەو سیاسەتە لە ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین، بۆ هەمان مەبەست بوون

پرسیارێکە دەمێکە ئاراستەی خۆمانی دەکەین، بەڵام کەس وەڵامی نەداوەتەوە، کە بریتییە لەوەی ئایا دەکرێ سیاسەتی ڕژێمی عێراق لە باشووری کوردستان، بە تایبەتی لە پاش ساڵی ١٩٦٣ بشوبهێنین بە سیاسەتی ئیسرائیل لە ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین لە پاش جەنگی ١٩٦٧؟

وەڵامدانەوی ئەم پرسیارە بەندە بە ئاکامی ئەو بەراوردکردنەی دەیکەن لە نێوان سیاسەتی ئەو دوو ڕژێمە، ئایا هەردووکیان سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی پەیڕەو دەکەن، بەمەبەستی گۆڕینی باری دیموگرافی ئەو ناوچەنانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دوو ڕژێمە بوون؟

بۆزیاتر ڕوونکردنەوەی سیاسەتی ئەو دوو ڕژێمە، پێوستە تەماشای شێوەی دروستکردنی ئەو دوو دەوڵەتە بکەین، چونکە فەلەستین و باشووری کوردستان هەردوکیان لە ساڵانی ١٩١٧ و ١٩١٨ لە لایەن سوپای ئینگلیزەوە داگیرکراون، لەو دەمەوە ئەو لەشکرە خەریکی جێبەجێکردنی سیاسەتێکی بەناو جیاواز بووە لەو دوو وڵاتە، بەڵام ئاکامەکانی یەك بوون. لە فەلەستین بەڵێنیان بە سەرانی جووەکانی ئەوروپا دابوو کیانێکی تایبەت بە جووی تێدا دروست بکرێت، بەڵام لە باشووری کوردستان هەوڵی لکاندنیان دابوو بە دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق. کەواتە کێشەی فەلەستین و باشووری کوردستان بریتانیا دروستی کردووە، بۆیە پێویستە ئێستا حکوومەتی بریتاینا ڕۆڵی خۆی ببینێ لە چارەسەرکردنی ئەو دوو کێشە گەورەیەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. جێگای داخە زۆرینەی ڕووناکبیرو سیاسەتمەدارانی عەرەب، لیبراڵی و پێشکەوتنخواز، زۆر ناڕەحەت دەبن ئەم دوو کێشەیە پێکەوە باس بکرێن و بخرێنە بەرچاو. بەلای ئەوانەوە، ئەو زوڵمەی لە فەلەستینیەکان کراوە نازییەکان لە پۆڵەندا نەیانکردووە، کێشەی کورد ئەوەندە گەورە نییە تا بەراورد بکرێت بە کێشەی فەلەستین. لێرە باس لە عەرەبی ناسیۆنالیست و گرووپی ئیسلامی سیاسی ناکەم،

گلەییەکانم ئاراستەی لیبراڵ و پێشکەوتنخوازەکان دەکەم، کە بە تەجروبە لەگەڵیاندا زۆر شتم بۆ دەرکەوتووە، لێرە دەیخەمە بەرچاو.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٥ لە کۆلێجی SAWAS ی سەر بە زانکۆی لەندەن، سیمینارێك ڕێکخرابوو بۆ لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە باری مرۆڤ لە فەلەستینی داگیرکراو بە تایبەتی و چەند دەوڵەتێکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دکتۆر (شبلی مەلات)ی دۆستم، کە مامۆستای قانوون بوو لەو کۆلێجە، داوای لێکردم بەشداری لەو سیمینارە بکەم، یەکێ لە قسەکەرە سەرەکییەکان لەو سیمینارە سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ بوو لە فەلەستین. پاش ئەوەی لە قسەکانی بووەوە، پرسیارم لێی کرد، ئایا پاش ئەو قسانەی لێرە کردی دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ فەلەستینی داگیرکراو؟ وەڵامی دایەوە وتی دەتوانێ بگەڕێتەوە، بەڵام ڕەنگبێ پۆلیسی ئیسرائیل لێکۆڵینەوەی لەگەڵدابکات، ئەوجا یان دەستگیر دەکرێت، یان ناهێڵن جارێکی تر سەفەری دەرەوە بکات. مەبەستم لەو پرسیارە بۆ ئەوەبوو کە ئەگەر ئیسرائیل دەوڵەتێکی داگیرکەرە و درێغی نەکردووە لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە بەشی داگیرکراوی فەلەستین، ئەی دەڵێن چی بەرامبەر ئەوەی ڕژێمی عێراق دەیکات، کاتێ گومان دەخاتە سەر کەسێك سەر بە ڕژێم نەبێت، زۆر ئاساییە ئەو کەسە دەستگیر بکرێت، ڕەنبێ پاشان سەرنگوم بکرێت. د. مەلات کە کۆڕەکەی بەڕێوەدەبرد، قسەکانی پێ بڕیم و نەیهێشت تەواویان بکەم ! لە ٢١ و ٢٢ی تەمووزی ٢٠٠١ "ناوەندی کەربەلا بۆ لێکۆڵینەوە" کە بارەگاکەی لە لەندەن بوو، کۆڕێکی گەورەی ڕێکخستبوو سەبارەت بە کەرکوك. لە وتارێکدا پێشکەشی بەشداربووانی ئەو کۆڕەم کرد، کە عەرەب و کورد و تورکمانی شیعە و چەند ئەوروپاییەك بوون، وشەی "موستەوتەناتی/ مستوطنات" عەرەبیم بەکارهێناو شوبهاندم بەو "موستەوتەناتانەی" ئیسرائیل دروستیان دەکات لەسەر خاکی فەلەستینی داگیرکراو. بەشێك لە ڕووناکبیرانی عەرەبی پێشکەوتنخوازی دۆستی کورد و سیاسەتمەدارانی کورد، کە یەکێکیان د. محمود عوسمان بوو هەموویان ڕەخنەیان لێ گرتم کە وشەی "موستەوتەتاتی عەرەبیم" بەکارهێناوەو وتوومە ئەوەی لە ناوچەی کەرکوك ڕژێم جێبەجێی دەکات وەك"موستەوتەناتی" ئیسرائیلە.

بێگومان هەموو کەسێك کە منیش دەگرێتەوە، ئازادە لە دەربڕینی بیرو ڕاو بۆچوونی، بەڵام پێویستە بۆچوونەکانمان لەسەر بنەما بن، قسەی عاتیفی نەبن. لێرەدا هەوڵ دەدەم بەراوردێك لە نێوان سیاسەتی ئەو دوو ڕژێمەی ئیسرائیل و عێراق بکەم. باشترە قسەکانم لەبارەی چۆنیەتیی دروستکردنی ئەو دوو دەوڵەتە بن، کە یەکێکیان ڕاستەوخۆ لە لایەن بریتانیاوە دامەزراوە، ئەوی تر هەمان دەوڵەتی زلهێز ڕێگای خۆشکردووە بۆ دروستکردنی لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی.

ئەگەر پەیماننامەی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠ پێشنیازی دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد کردبێت لەسەر بەشێك لە باکووری کوردستان و پاشان کوردی دانیشتوانی ولایەتی موسل مافی ئەوەیان پێدرابێت ببن بە بەشێك لەو کیانەی دروست دەکرێت، ئەگەر بە دڵیان بوو، لەو پەیماننامەدا باسی ئایندەی خاکی فەلەستینی داگیرکراو لە لایەن لەشکری بریتانیاوە نەکرابوو. لەو ماوەدا بەرپرسێك لە حکوومەتی بریتانیا بەڵێنی دابوو کە دەوڵەتێکی تایبەت بۆ جووەکانی ئەورووپا لەسەر بەشێك لە خاکی فەلەستین دروستبکرێت، ئەو بەڵێنە پاشان ناسراوە بە بەڵێنی (بەلفۆر).

هەوڵدانی جووەکانی ئەورووپا بۆ دامەزراندنی کیانێکی تایبەت بە خۆیان کۆنە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٥٣، بەهۆی ئەو جەنگەی لە نێوان ڕوسیا و فەرەنسا و بریتانیا لەو ساڵەدا ڕوویدابوو، کە بووە هۆی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی ناچار بکرێت کۆنسوڵخانەی فەرەنسی و بریتانی لە فەلەستین بکرێنەوە. ئەو کارە ڕێگای خۆش کرد بۆ جووەکانی ئەورووپا ڕوو لە فەلەستین بکەن بە مەبەستی نیشتەجێ بوون. پەرەسەندنی پەیوەندیی سیاسی و بازرگانی و ئابووری لە نێوان دەوڵەتانی ئەورووپا و دەوڵەتی عوسمانی هاندەرێکی تر بوون کە جووەکانی ئەورووپای هاندا بەکۆمەڵ بچن بۆ فەلەستین و لەوێ "مەڵبەند"ێکی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن لە ساڵی ١٨٧٨. پاشان لە ڕێگای پارە و کۆمەکی دراییی دوو ملیۆنێری جووی فەرەنسی: (ڕۆشیلد) و ئەڵمانی (هێرش) لە ساڵی ١٨٩٦ "یەکیەتیی نیشتەجێکردنی جووەکان"یان لە فەلەستین دامەزراند. لە ساڵی ١٨٩٧ (هێرتزل) بانگەوازێکی بڵاوکردەوە داوای بەستنی کۆنفرانسێکی کردبوو بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی جوولەکە بە گشتی. هەر لەو

ساڵەدا لە شاری (بازلی)ی سویسری ئەو کۆنفڕاسە بەسترا تێیدا بڕیاری دامەزراندنی "ڕێکخراوی سەهیۆنیزمی جیهانی" درا. لە ساڵی ١٩١٠ حسابێکی بانکیی لە لەندەن کرایەوە لەژێر ناوی "سندووقی جووەکان لە لەندەن" بە مەبەستی کڕینی زەویوزاری فەلەستینیەکان. لە ساڵی ١٩١٤ نزیکەی (٣٠) "موستەوتەنەت" کرانەوە و ژمارەی جوو لە فەلەستین گەیشتە پەنجا هەزار کەس. لە دیسەمبەری ١٩١٧ لەشکری بریتانیا خاکی فەلەستینی داگیر کرد، لە نۆڤمبەری هەمان ئەو ساڵەدا، حکوومەتی بریتانیا "بەڵێنی بەلفۆڕ"ی ئاشکراکرد، کە تێیدا بەڵێنی دابوو بە سەرکردەکانی بزووتنەوەی سەهیۆنیزمی جیهانی پشتیگری لە دامەزراندنی کیانێکی تایبەت بە جوو لە فەلەستین بکات. لەشکری داگیرکەری بریتانیا ڕێگای کردەوە بۆ چووەکان، بە هەزارەها خێزانی جووی ئەوروپا گەیشتنە فەلەستین و نیشتەجێ بوون بە پارەی جووە دەوڵەمەندەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیا. لەنێوان ساڵانی ١٩١٠ تا ١٩٤٨ ژمارەیان گەیشتە ٦٥٠٠٠٠ کەس، هەر لە شاری قودس، لە ساڵی ١٩٤٨ دا ژمارەیان گەیشتە ٩٠٠٠٠٠ کەس.

لە ٢٩ی نۆڤەمبەری ١٩٤٧ بڕیاری دابەشکردنی خاکی فەلەستین لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دراو لە ١٥ی مایسی ١٩٤٨ دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا. شەڕی نێوان جوولەکە و دەوڵەتانی عەرەب بووە هۆی دەرکردن و ئاوارەبوونی هەزارەها خێزانی فەلەستینی لەسەر خاکی باوباپیریان. شەڕی حوزەیرانی ١٩٦٧ بووە هۆی ئەوەی ئەو بەشەی فەلەستین لە ژێر دەسەڵاتی میسر و ئوردن بوو، بکەوێتە ژێردەستی لەشکری ئیسرائیل. لەو دەمەوە سیاسەتی چاکسازی نەژادی بە شێوەی جیاواز بەرپاکراوە دژ بە فەلەستینییەکان، چەندەها "موستەوتەنات" لەسەر خاکی فەلەستینی داگیرکراو دروستکراون. ئەم سیاسەتە لە سەرەتادا لە ژێر پەردەی (هۆی ئەمنی و سەربازی) جێبەجێ دەکرا، پاشان بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ، کە بووە هۆی دروستکردنی چەندەها "موستەوتەنات"، تەنانەت شارۆچکەی تازە کە لەشکری ئیسرائیلی داگیرکەر بە بیانووی جۆراوجۆری دوور لە ڕاستی خانوو و کێڵگەکانی فەلەستینییەکانی تێکدەدا و دەری دەکردن. ئەو خەڵکە

دەرکراوانە باری ژیانیان بەرەو خراپتر دەچوو، ناچاری دەکردن وەکو کرێکار بەشداری لە دروستکردنی ئەو "موستەوتەناتانە" بکەن. حکوومەتی ئیسرائیل دەستی گرتبوو بەسەر سەرچاوەی ئاو و کانییەکان، ئەو"موستەوتەناتانە"ی لە ساڵی ١٩٤٨ دروستکراون بەپێی سیاسەتی حکوومەتە یەك لە دوا یەکەکانی ئیسرائیل سیاسەتێکی نەگۆڕاو بووە، پاشان بە شێوەیەکی توندتر پەیڕەودەکرا لە ناوچە داگیرکراوەکانی پاش شەڕی ١٩٦٧، کە لە ژێر حوکمی قانوونی "تەواریی" بوو. کاربەدەستە سەربازییەکان توانای گرتن و تەفەکردنیان پێ درابوو کە تا ئەمرۆ بەردەوامە. لە کاتی ڕاپەڕینەکانی فەلەستینییەکان دژ بەو سیاسەتەی حوکمی داگیرکردنە، بە سەدان منداڵ و گەنج و پیر کوژراون و بریندار کراون و ماڵ و دەزگاکانیان لەبەرچاوی کامێرای تەلەفزیۆن تێکدەدراون، یان بۆردومان کراون، لە کاتێکدا چەند ڕێککەوتنامەیەکی نێو دەوڵەتی ئیمزاکراو لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکاندا هەیە، لەژێر چاودێری چەند دەوڵەتێکی زلهێز بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی لە بەشی داگیرکراوی فەلەستیندا مۆرکراوە. ئەمەبوو زۆر بە کورتی باری فەلستین، لە داگیرکردنیەوە لە لایەن لەشکری ئینگلیز لە ساڵی ١٩١٨ تا دابەشکردنی و پاشان داگیرکردنی بەشەکەی تری لەساڵ ١٩٦٧، لەگەڵ سیاسەتی حکوومەتەکانی ئیسرائیل لە پێناو گۆڕینی باری دیمۆگرافی ئەو بەشە داگیرکراوەی فەلەستین. بەراوردکردن لە نێوان ئەو سیاسەتەی ئیسرائیل، لەگەڵ سیاسەتی ڕژێمی عێراق لە کوردستان ئەو بۆچوونە دەردەخات، کە سیاسەتی ئەو دوو لایەنە دەشوبهێنە یەکتر.

کوردستان تا جەنگی یەکەمی جیهانی دابەش کرابوو لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی سەفەوی، پاشان قاجاری. ڕێککەوتنامەی (سێڤر)ی ١٩٢٠ کێشەی کوردی وەك میللەتێکی ژێر دەستە پێناسەکردبوو، پێشنیازی دروستکردنی دەوڵەتێکی کردبوو، لە سەرەتادا لە باکووری کوردستان، پاشتر باشووری کوردستان (ویلایەتی مووسڵ) بگرێتەوە. هەرچەندە ئەم پەیماننامە نێودەوڵەتییە جێبەجێ نەکراوە، بەڵام بەندەکانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ مەسەلەی کوردی خستە چوارچێوەی قانوونی نێو

دەوڵەتییەوە و پاشە ڕۆژی ویلایەتی مووسڵی عوسمانی بەستەوە بەو کیانە کوردییەی پێشنیازی دروستکردنی کردبوو، نەك بە پاشەڕۆژی هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا، کە لە ساڵی ١٩٢١ دەوڵەتی عێراقی لێ پێکهێنرابوو. ددانانان بە کێشەی کورد لە چوارچێوەی قانوونی دەوڵەتی و تەرخانکردنی چەند بەندێك لە پەیماننامەی سێڤر بۆ چارسەرکردنی ئەو کێشەیە، سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ کورد. ویلایەتی مووسڵ کە باشووری کوردستان دەگرێتەوە، بەپێی ئەو پەیماننامەیە ڕەفتاری لەگەڵ نەکرا لەبەر نەوتەکەی ناوچەی کەرکوك. ویلایەتی مووسڵ لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکان مایەوە نەدرایە فەرەنسا، کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنامەی نهێنییە بەر فەرەنسا کەوتبوو. ڕێککەوتنامەی (سان ریمو) ئەو واقیعە تازەی چەسپاند، بریتانیا کە دەوڵەتی عێراقی دروستکردبوو خستیە ژێر ئینتدابی خۆی و هەموو هەوڵەکانی تەرخانکردبوو بۆ لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بەو دەوڵەتەوە بۆ ئەوەی نەوتی کەرکوك بگەیەنێتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست. بەم جۆرە پاشەڕۆژی باشووری کوردستان کرایە قوربانی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا، وەك فەلەستینی ژێر دەسەڵاتی بریتانیا کە بەڵێنی بە جووەکانی ئەورووپا دابو کیانێکیان بۆ دروست بکات لەسەر بەشێك لە خاکی ئەو وڵاتە. بریتانیا لەلایەکەوە خەریکی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بوو لە دوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا، پاشان بەشێك لە خاکی کوردستان بەو دەوڵەتەوە لکاند. لە وڵاتی فەلەستینی داگیرکراو بەشێك لە خاکەکەی دابوو بە جوەکانی ئەورووپا تاکو کیانێکی تێدا دروست بکەن! بۆیە دەتوانین بڵێین لە سەرەتاوە کێشەی کورد و فەلەستینییەکانن بریتاینا دەستێکی باڵای هەبووە لە دروستکردنیان، بۆیە هەردوو خاکی فەلەستین و کوردستان حکوومەتی بریتانیا بەرپرسیارە لە دابەشکردنیان. هەروەکو چۆن لە فەلەستینی داگیرکراو لەشکری بریتانیا ڕێگای خۆشکردبوو بۆ هاتنی هەزارەها خێزانی جووی ئەورووپا لە فەلەستین نیشتەجێ ببن، کۆمپانیای نەوتی عێراق، IPC کە لە ژێر دەستی ئینگلیزەکاندا بوو، هاوکاری حکوومەتی عێراقی دەکرد هەزارەها خێزانی عەرەب و ئاسووری و ئەرمەنی لە کەرکوك نیشتەجێ بکرێن، پاشان لە دەزگاکانی ئەو کۆمپانیایە دابمەزرێن.

حکوومەتە ئەڵقە لە گوێەکانی بریتانیا لە بەغدا کەوتنە ڕێگا خۆشکردن بۆ نیشتەجێکردنی ڕەوەندە عەرەبەکان لە دەشتی حەویجە، پاش ئاوەدانکردنەوەی بەهۆی ڕاکێشانی چەند جۆگە ئاوێك لە زێی بچووکەوە. ئەگەر سیاسەتی نیشتەجێکردنی عەرەب لە دەشتاییەکانی کەرکوك بە بێدەنگی جێبەجێ کرابێت، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو ناوچە دەشتاییانەی کوردستان، کورد دەرنەکرابوون تاکو لە شوێنەکانیان عەرەب نیشتەجێ بکرێن. سیاسەتی حکوومەتەکانی عێراق لەپاش کوودەتای ١٩٦٣ شێوەیەکی تری گرتەخۆ، کە سیاسەتی بە کۆمەڵ دەرکردنی کورد بوو، لەگەڵ هێنانی هەزارەها خێزانی عەرەب، پاشان تێکدان و سووتاندنی هەزارەها گوندی کورد و ئەنفالکردنی خەڵکەکەی بە مەبەستی گۆڕینی باری دیمۆگرافی هەموو ئەو ناوچانەی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی عێراق بوون. ئەم سیاسەتە لەو کاتەوە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، لەو ناوچانەدا بەدەها "موستەوتەنات" بۆ ئەو عەرەبانە دروستکراون، کە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە هێنراون. کورد دەرکراوەکان ناچاربوون کاربکەن لەسەر خاکی باوباپیریان، ئێستا ئەوەشیان لێ قەدەغەکراوە. دەمێکە ڕژێمی عێراق خەریکی گۆڕینی باری دیمۆگرافی ناوی شار و شەقام و قوتابخانە و دووکان و جێگا گشتییەکان لە کەرکوك کراوە. تەنیا لە ناوچەی کەرکوك لەسەردەمی حوکمی بەعس ، ٧٧٩ گوند خاپوورکراون، لەگەڵ زیاتر لە دە گوندی تورکمانەکان.

لەندەن، ١٤/ ٢/٢٠٠٢

# هۆكارەكانی دەستكێشانەوەم لە لیژنەی دەستووری لە پەرلەمانی كوردستان

لە یاداشتنامەیێكدا لە ٢٠٠٨ /٧/٥ پێشكەش بە سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان كراوە، داوای دەست لەكاركێشانەوەم لە لیژنەی پێداچوونەوەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان كردووە، لەكاتێكدا لە ساڵی ١٩٩٢ دا پڕۆژەی دەستوورم بۆ ئەم بەشە ڕزگاركراوەی كوردستان ئامادەكردووە و بەبەردەوامی داوای پەلەكردنم كردووە لە پەسەندكردنی دەستوور، پێش دانانی دەستوور بۆ عێراق. لەو یادشتنامەدا هاتووە، ماوەیەكە باس لە پێداچوونەوە بە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان دەكرێ كە لە ئەیلولی ٢٠٠٦ بلاّوكراوەتەوە و داوا لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەكانی كوردستان كراوە، بە ئومێدی دەوڵەمەندكرنی، ڕاو سەرنجی خۆیان لەو بارەوە دەبڕن. چەندەها ڕێكخراوی سیاسی و مەدنی و كەسانی پسپۆڕ و شارەزا و كۆمەڵێك لە هاووڵاتیان لە ناوەوە و دەرەوەی كوردستان بە دەنگ ئەو بانگەوازەوە هاتوون، بە ناردنی نامە و نووسین تێیدا تێبینیی خۆیان بۆ لیژنەكە ناردووە، بەشێك لەو تێبینیانە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتەكان بلاّوكراونەتەوە. پاش وەرگرتنی ئەو تێبینییانە، لیژنەی دەستووری دەبوو كۆببێتەوە بۆ تەماشاكردنیان، لەو باوەڕەدام ئەگەر مانگی جارێك كۆببوایەوە، دەیتوانی تەماشای هەموویان بكات و لێیان بكۆڵێتەوە و سوودیان لێ وەربگرێت، بەلاّم سەرۆكی ئەو لیژنەیە بە پاساوی ئەوەی پێشنیازەكان زۆر دووروودرێژن، داوای لە ئەندامان كردبوو سەردانی ژوورێكی نزیك لە ژووری خۆی بكەن بۆ تەماشاكردنی ئەو پێشنیازانە. هەموو دەزانین مەبەست لە دروستكردنی لیژنە، هەر لیژنەیەك ئەوەیە ئەندامانی كۆببنەوە و بیروڕا بگۆڕنەوە لەبارەی ئەو ئەركەی پێیانسپێرراوە، پاشان پێكەوە ڕاپۆرتی خۆیان پێشكەش بەو لایەنە بكەن كە لیژنەكەی دامەزراندووە. لیژنەی دەستووری دەبوو بۆ ئەو مەبەستە كۆببێتەوە و

ئەندمەکانی بیروڕابگۆڕنەوە لەسەر ئەو ڕاو تێبینییانەی بەدەستیان گەیشتوون، بەڵام ئەو کارە بە تاکەکەسی نەکراوە.

لیژنەی دەستووری بە بڕیاری پەرلەمان بۆ پێداچوونەوە بە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دامەزراوە، بەڵام سەرۆکەکەی بە بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەستنیشانکراوە، نەك بە هەڵبژاردن لە لەلایەن لیژنەکەوە.

لە بەیاننامەیەکدا پاش بڵاوکردنەوەی پڕۆژەکە، لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٦ داوا لە کەسانی پەیوەندیدار کراوە تێبینیی خۆیان بۆ لیژنەکە بنێرن، بۆیە پاش وەرگرتنی ئەو ڕاو بۆچوونانە، لیژنەکە دەبوو بە وردی لێیان بکۆڵێتەوە و سوودیان لێ وەربگرێ لەپێناو دەوڵەمەندکردنی پڕۆژەکە.

چەند جارێك لەماوەی ساڵی پار و ئەمساڵدا پرسیارمان لێکراوە لەربارەی ئەو پڕۆژەیە، ئایا بە چ قۆناغێك گەیشتووە؟ وڵامەمان ئەوەبووە لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٦ دا لیژنەی دەستووری کۆنەبووەتەوە. پرسیار ئەوەیە ئایا هیچ لیژنەیەك دەتوانێ بەو شێوەیە ئەرکی سەرشانی ئەنجام بدات؟

هەموو دەزانین ئەو پڕۆژەیە کەموکوڕی زۆری تێدایە، هۆیەکەشی ئەوەیە سەرۆکی لیژنەکە خۆی (پێشەکی) و (یاداشتی ڕوونکرنەوە)ی بۆ ئامادەکردووە و هەمیشە هەوڵی داوە ڕاوبۆچوونی خۆی بسەپێنێ بەسەر لیژنەکەدا. لەبەر ئەو هۆیە گرفتی لەگەڵ چەند ئەندامێکی لیژنەکەدا هەبووە، جاروبار گەیشتووەتە دەنگ بەرزکردنەوە لە یەکتر بە شێوەیەکی ناشیاو، هەرچەندە من بەو جۆرە هەڵسوکەوتم لەگەڵ نەکردووە.

لە کۆتایی حوزەیرانی ٢٠٠٦ پڕۆژەکە تەواوکراوە، لیژنەکە داوای لێکردم بەدەر لە (پێشەکی) و (یاداشتی ڕوونکردنەوەی) پڕۆژەکە لە عەرەبییەوە وەربگێڕمە سەر

زمانی کوردی.  لەماوەی زیاتر لە دوو هەفتەدا لە کاتی پشووی هاوینی ئەو ساڵەدا، خەریکی وەرگێڕانی ئەو پرۆژیە بووم. لەکاتی وەرگێڕاندا تێبینیم لەسەر (پێشەکی) ومادەکانی تۆمارکردووە بەڵام بە جودایی.  لە ئەیلولی ٢٠٠٦ پرۆژەکە، ئەوەی پێمدرابوو، بەچاپکراوی ڕادەستی سەرۆکی لێژنەکەم کردەوە. لەوە دەچێ لەودەمەی خەریکی ئەنجامدانی ئەو کارە بووم، لە ٢٠ی ئابی ٢٠٠٦ کۆبوونەوەیەکی "نائاسایی" بە لیژنەکە کرابوو، تێیدا دەستکاری لە پرۆژەکەدا کراوە، بێ ئامادەبوونی نزیکەی سێ یەکی ئەندامانی لیژنەکە، ئەوە یەکەمین لادان بوو لە ڕۆڵی کارکردن لەناو ئەو لیژنەیە، بۆیە کاتێ تێبینییەکانم لەسەر پرۆژەکە بڵاوکردەوە، ئاماژەم بۆ ئەو خاڵە کردبوو. سەرۆکی لیژنەکە گلەیی لێ کردم ئەو تێبینییانەم وەك ڕەخنە بڵاوکردوونەتەوە، لەکاتێکدا چەندەها کەسی دیکەی وەك من خۆیان ماندووکردبوو و بەدەنگی بانگەوازی لیژنەکەوە چووبوون، پێشنیاز و سەرنج و تێبینیی خۆیان بۆ ناردبوو، بە ئومێدی ئەوەی بە جیددیەوە تەماشا بکرێن، بەڵام بەداخەوە  تەماشا نەکراون. پاش نزیکەی دوو ساڵ دەستەی سەرۆکایەتیی لیژنەکە، کە پێکهاتووە لە سێ کەس، بڕیاری لەسەر بەشێك لەو پێشنیازانە داوە، بێ ئەوەی لیژنەکە لەو پێوەرەی کراوەتە بنەما بۆ ئەنجامدانی ئەو دەستکاریانە ئاگاداربکرێتەوە.  کاتێ پرسیارم لە یەکێ لە ئەندامانی ئەو دەستەیە کرد، ئەو کارە دەبوو بە بڕیاری لیژنەکە بکرێت، وەڵامی ئەوەبوو ئەو پێشنیازانەی بەلای (دەستەکەوە) گرنگ نەبوون، بۆیە بەلاوەنرابوون!

لە پاش دوادانیشتنی پەرلەمان لە ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٨، لەبەردەم بەشی زۆری ئەندامانی لیژنەی قانوونی، ئاگاداری سەرۆکی لیژنەی دەستووریم کرد ئەو بڕیارەی دەستەکەیان دەبوو بە بڕیاری لیژنەکە بدرێت، وەڵامی سەرۆکی لیژنەکە ئەوەبووە:

قسوورم نەکردووە لە ڕەخنەگرتن و بلاوکردنەوەیان لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکاندا! ئەوە وەڵامی پرسیارەکەم نەبوو، بەڵکو خۆدزینەوە بوو لە وەڵامدانەوە. ئایا ئەندامێکی ئەو لیژنەیە، یان ئەندام پەرلەمانێك مافی ئەوەی نییە ڕەخنە لە شێوەی کارکردنی ئەو لیژنەیە بگرێت ئەندامە تێیدا؟ من ڕەخنەم لە ئەدای کارکردنی دامەزراو و دەزگاکانی هەرێم گرتووە، بەڵام لە نووسینەکانمدا یان لەناو هۆڵی پەرلەمان زۆر جار هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەم داوە دروست بوون و بۆچوونەکانم بۆ چارەسەرکردنیان. ئەو لایەن و دامەزراوانەی ڕەخنەم لە ئەدای کارکردنیان گرتووە زۆریان بەدڵ فراوانییەوە وەریانگرتووە، چونکە دەزانن هۆیەکەی دڵسۆزی و هەستی کوردایەتییە، مەبەستێکی دیکەم نەبووە و نییە، بەڵام لەوەدەچێ سەرۆکی لیژنەی دەستووری لە ڕوانگەیێکی زاتییەوە تەماشای ڕەخنە دەکات، نازانێ مرۆڤی خاوەن پڕەنسیپ، لەبەر هۆی زاتی ڕەخنە لەکەس ناگرێت. ئەگەر ئەندامێکی پەرلەمان نەتوانێ ئازادانە ڕای خۆی لەناو هۆڵی پەرلەمان، یان لە دەرەوەی ئەو دامەزراوە دەربڕێ، چاکترە ڕۆژێك زووتر دەست لەکار بکێشێتەوە.

لە ساڵی ١٩٩٢ەوە خەریکی ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستوور بووم بۆ ئەم بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان، لە چەندین کۆنفرانسی نێوخۆیی ونێودەوڵەتی داکۆکیم لەو پڕنسیپانە کردووە کە باوەڕم پێیان هەیە و بە بەردەوامی داوای پەلەکردنم کردووە لە پەسەندکردنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان، هەتا ئەگەر دەستوورێکی کاتیش بێ. بەداخەوە سەرۆکی لیژنەی دەستووری لەسەرەتاوە هەوڵی داوە ڕاوبۆچوونی خۆی بەسەر لیژنەکەدا بسەپێنێ، دوو جار لەکاتی پشووی پەرلەماندا، کە زۆر لە ئەندامانی لیژنەکە ئامادە نەبوون (لە ئابی ٢٠٠٦ و تەمووزی ٢٠٠٨)، دەستکاریی لە پڕۆژەکەدا کراوە. پرسیار ئەوەیە ئایا نەدەکرا ئەو کۆبوونەوانە لەکاتی پشووی

پەرلەماندا نەکرێن. لەماوەی نزیکەی دوو ساڵ دەکرا کار لەسەر ئەو پرۆژەیە بکرێت. مەبەست لە ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەکاتی پشووی هاویندا و ئامادەنەبوونی ئەو ئەندامانەیە لەو ماوەدا مافی خۆیان بووە. بۆ دەبێ ئەندامانی ئەو لیژنانە وەك بەشێك لە کارمەندە کلاسیکییەکان تەماشا بکرێن، کە جاران خۆیان بەوەوە هەڵدەکێشا دەیانگوت لەماوەی ئەوەندە ساڵەدا یەك هەفتە مۆڵەتیان وەرنەگرتووە! سەرۆکی لیژنەکە نزیکەی دوو ساڵ کۆبوونەوەی بە لیژنەکە نەکردبوو، دەبوو ڕێگای بە جێگرەکەی بدات ئەو کۆبوونانە ئەنجام بدات، لەجیاتی ئەوەی چاوەڕێی هاتنی پشووی هاوین بکات بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، بەلاَم بە ئامادەبوونی بەشێك لە ئەندامانی لیژنەکە.

لە ئەیلولی ٢٠٠٦ ڕەخنەم لەو بەناو "کۆبوونەوە نائاساییە"ی لیژنەکە گرت، پاشان ئەو هەڵە قانوونییە دووبارە کرایەوە، چونکە لە سەرەتای پشووی هاوینی ٢٠٠٨ داواکرابوو لە ٧ی تەمووز لیژنەکە کۆبێتەوە بۆ پێداچوونەوە بەو پێشنیازانەی ماوەیێکی زۆر دوورودرێژ چاوەڕێی تەماشاکردن و پێداچوونەوەیان دەکرد. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت بەپێی ماددەی ٦ی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، سەرۆك یان چواریەکی ئەندامانی پەرلەمان، بۆیان هەیە داوای کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان بکەن، ئەم ماددەیە تایبەتە بە کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان، نەك لیژنەیەك لە لیژنەکانی، بۆیە کۆبوونەوەی لیژنەی دەستووری لەکاتی پشووی هاویندا ناقانوونی بووە. ئێمە ماوەیەکە بە توندی ڕەخنە لە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و گرووپە شۆڤینیەکانی ناو ئەو ئەنجومەنە دەگرین بەوەی بە پێچەوانەی دەستووری عێراق و پێڕەوی ناوخۆی ئەو ئەنجومەنە پرۆژەی قانوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیان لە ڕۆژی ٢٢ی تەمووز سەپاندووە بەسەر ئەو ئەنجومەنەدا. بەداخەوە

له لیژنەی دەستووری پەرلەمانی کوردستان هەڵەی قانوونی دەکرێت، دەبوو بەچاوی "بانێك ودوو هەوا" تەماشا نەکرابا!

لەکۆتایی یاداشتەکەدا هاتووە، لەبەر سووربوونی سەرۆکی لیژنەی دەستووری بە کۆکردنەوەی لیژنەکە لە کاتی پشووی پەرلەماندا، هەروەها لەبەر شێوازی کارکردن لەو لیژنەیە، بە سەپاندنی بۆچوونە تایبەتییەکانی سەرۆکەکەی بەسەر لیژنەکەدا، ناچارم داوای دەست لەکارکێشانەوە لەو لیژنەیە بکەم.

وەك ئەندامێکی بێ لایەن لەسەر لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان، ئەم یاداشتنامەم پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمان کردووە، پێشتر بەشداریم لە کۆبوونەوەی ٢٠ ئابی ٢٠٠٦ نەکردووە، کە کرایە ئەمری واقیع لەسەرمان. سەرۆکی لیژنەکە کۆبوونەوەیەکی دیکەی لە ڕۆژی ٧ی تەمووزی ٢٠٠٨ کردووە، کە بەشداریم تێدا نەکردووە. بۆ ئەوەی ئەمجارەش وەك ئەوەی لە ئابی ٢٠٠٦ دا ئەنجامدرا نەکرێت بە ئەمری واقیع بەسەرماندا، هەروەها ئەوەی لە تەمووزی ٢٠٠٨دا کرا، چاکترە پێش بلاوکردنەوەی پرۆژەکە بەدوا شێوەی، ڕوونبکرێتەوە. بۆیە دەقی یاداشتنامەکە بلاودەکەمەوە."

هەولێر ٥/ ٧/ ٢٠٠٨

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان:**

ماوەێکە باس لە پێداچوونەوە بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەکرێت کە لە ئەیلولی ٢٠٠٦ پێشکەش بە سەرۆکایەتیی هەرێم کراوە و پاشتر بلاوکراوەتەوە، لەگەڵ داواکردن لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان کە ڕاوسەرنجی خۆیان لەبارەی دەربرن و بینێرن بۆ لیژنەکە، بە ئومێدی دەوڵەمەندکرنی. لە ماوەیەکی کەمدا

چەندەها ڕێکخراوی سیاسی و مەدنی و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا، لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاووڵاتیان لەناوەوە و لە دەرەوەی کوردستان، بە نامە و نووسین تێبینیی خۆیان بۆ لیژنەکە نارد.  بەشێك لەو بۆچوونانە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتەکان بلاّوکرانەوە، هەموو ئەوانە لەلایەن چەند ئەندامێکی لیژنەکەوە کۆکراونەتەوە، کە نزیکەی ١٢٠٠ لاپەرە دەبێت. چاوەروان دەکرا لیژنەی دەستووری ناوناوە کۆببێتەوە بۆ تاوتوێکردنی ئەو پێشنیازانە، ئەگەر مانگی جارێك کۆببوایەوە ئەوا دەیتوانی چارەسەری کەموکورتییەکانی پڕۆژەکە بکات. بەلاّم سەرۆکی لیژنەکە بە پاساوی ئەوەی پێشنیازەکان زۆر دووروردرێژن، داوای لە ئەندامان کردووە سەردانی ژوورێکی نزیك لە ژووری خۆی بکەن بۆ تەماشاکردنی ئەو پێشنیازانە. مەبەست لە دروستکردنی لیژنە، هەر لیژنەیەك، پێکەوە کارکردنیانە لەپێناو تەواوکردنی ئەو ئەرکەی پێیان دەسپێردرێ، بۆیە پێویست بوو ئەندامانی لیژنەکە پێکەوە تاوتۆی ئەو ڕاو تێبینییانە بکەن، لە پاش بیروڕاگۆڕینەوە بڕیار لەسەر دەستکاری کردنی ئەو خالاّنەی پێویست بوو دەستکاری بکرێن، بدەن. بە پێچەوانەوە، کاری لیژنەکە بوو بە کارێکی فەردی، هەریەکە بیویستایە دەیتوانی تەماشای ئەو پێشنیازانە بکات وسەرنجی خۆی لەسەریان تۆمار بکات!

لیژنەی دەستووری بە بڕیارێکی پەرلەمان بۆ پێداچوونەوە بە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دامەزرابوو. وەك لە بەیاننامەی بلاّوکردنەوەی پڕۆژەکەدا هاتووە، لیژنەکە دەبوو بە وردی تەماشای ئەو پێشنیازانە بکات، چونکە لەسەر داوای لیژنەکە ئەو پێشنیازانە ئامادەکراون، بەشێکی زۆریان لەلایەن کەسانی پەیوەندیدار و شارەزاوە ئامادەکراون.

لیژنەی دەستووری لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٦ەوە کۆبوونەوەی نەکردووە، ئەوەی ئەندامان بیستبێتیان ڕاسپاردەی سەرۆکی لیژنەکە بووە، ئایا بەو شێوەیە هیچ

لیژنەیەك دەتوانێ ئەركی سەرشانی بە باشی ئەنجام بدات؟ ئەركی لیژنەی دەستووری پێداچوونەوەبوو بە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان، هەموومان دەزانین پاش پەسەندكردنی ئەو پڕۆژەیە، دەبێتە دەستوور و بنەما بۆ هەموو قانوونەكانی كوردستان، ئایا بەو شێوەیە دەگەینە ئەو ئامانجە پیرۆزە؟ ئێمە لێرەدا باس لە پڕۆژەێكی شایستە دەكەین بتوانین بەسەربەرزیەوە بیخەینە بەردەستی خەڵكی كوردستان بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن.

ئەو پڕۆژەیە كەموكوڕی زۆری تێدایە، بەڵام سەرۆكی لیژنەكە كە خۆی (پێشەكی)یەكەی، لەگەڵ (یاداشتی ڕوونكرنەوە)ی بۆ ئامادەكردووە و ڕەخنەی كەسیش قبووڵ ناكات. لە لێكۆڵینەوێكی ٤٠ لاپەڕەییدا ئاماژەم بۆ بەشێكی زۆر لەو كەموكورتیانە كردووە وناردوومە بۆ لیژنەكە، بەڵام گلەییی ئەوەم لێكراوە "ڕەخنەم" لێگرتوون و لە ڕۆژنامەكاندا بڵاوكردوونەتەوە! چەندەها كەسانی دیكەی وەك من لە ڕوانگەی دڵسۆزییەوە خۆیان ماندووكردووە و بەدەنگی بانگەوازی لیژنەكەوە هاتوون و پێشنیاز و سەرنج و تێبینی خۆیان بۆ ناردووە، بە ئومێدی ئەوەی بە جیددیەوە تەماشا بكرێن. بەڵام بەداخەوە بەو شێوەیە تەماشا نەكراون، چونكە دەستەی سەرۆكایەتیی لیژنەكە، كە سێ كەسن، بەبێ پرسكردن بە لیژنەكە، بڕیاریان لەسەر بەشێك لەو پێشنیازانە داوە، بێ ئەوەی ئاگاداری ئەو پێوارە بكرێن كراونەتە بنەما بۆ ئەو كارەیان. ئەو پرسیارەم لە یەكێ لە ئەندامانی دەستەی سەرۆكایەتیی لیژنەكە كرد و گوتم دەبوو ئەو كارە بە بڕیاری لیژنەكە بكرابا، وەڵامی ئەوەبوو ئەو پێشنیازانە گرنگ نەبوون بۆیە بەلاوەنراون!

پاش دوا كۆبوونەوەی پەرلەمان لە ٣٠ حوزەیرانی ٢٠٠٨، سەرۆكی لیژنەی دەستووری هاتە هۆڵی لیژنەی قانوونی، لەبەردەم ئامادەبواندا پێم ڕاگەیاند ئەو بڕیارەیان ناقانوونییە، چونكە لانی كەم دەبوو بە بڕیاری لیژنەكە ئەو كارە ئەنجام

بدرێت. وەڵامی ئەوەبوو وەك لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کردووە، هەر ڕەخنەگر بووم و"قسوورم نەکردووە لە بلاّوکردنەوەیان، هەتا لەسەر لاپەرەی ڕۆژنامەکاندا"! ئەوە وەڵامی پرسیارەکەم نەبوو. پێویستی نەدەکرد ئەوەندە ناڕەحەت بێ لە ڕەخنەی ئەندامێکی لیژنەکە، یان ئەندام پەرلەمانێك، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان دوو دێڕی بە مەبەستی ڕەخنەگرتنی ڕووت بلاّونەکردووەتەوە. ئەو ڕەخنانەی سەبارەت بە ئەدای کارکردنی دامەزراوە و دەزگاکانی هەرێم کردوومن، لە هەمان کاتدا هەوڵی چارەسەرکردنیانم داوە، دروست بن ئەو بۆچوونانەم یان نا. ئەو لایەن و دامەزراوانەی ڕەخنەم لە ئەدای کارەکانیان گرتووە، بەدڵ فراوانییەوە وەریانگرتووە، چونکە دەزانن لە دڵسۆزی و هەستی کوردایەتییەوە ئاراستەم کردوون، بەڵام لەوەدەچێ سەرۆکی لیژنەی دەستووری لە ڕوانگەیەکی زاتییەوە تەماشای ڕەخنە بکات. مرۆڤی خاوەن پرەنسیپ لەبەر هۆی زاتی ڕەخنە لەکەس ناگرێ. ئەگەر ئەندام پەرلەمانێك نەتوانێ ئازادانە ڕای خۆی دەربڕێ لەناو هۆڵی پەرلەمان، یان لە دەرەوەی ئەو دامەزراوە، چاکترە ڕۆژێك زووتر دەست لەکار بکێشێتەوە.

لە بوارێکی گرنگی وەك ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوور بۆ ئەم بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە خەریکی ئەم کارەبووم و لە چەندین کۆنفڕانسی نێوخۆیی ونێودەوڵەتی داکۆکیم لەو پرنسیپانە کردووە بە ڕاستم زانیون. لەو ساڵەوە داوای پەلەکردنم لە پەسەندکردنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان کردووە، هەتا ئەگەر دەستوورێکی کاتیش بێ. بەداخەوە سەرۆکی لیژنەی دەستووری لەسەرەتاوە هەوڵی ئەوەی داوە ڕاوبۆچوونی خۆی بسەپێنێ بەسەر لیژنەکەدا، لەکاتی پشووی پەرلەماندا کە چەندین ئەندام ئامادە نەبوون، ئەو کارەی ئەنجام داوە. لە پشووی هاوینی ٢٠٠٦، پێش کۆتایی مانگی ئاب، کۆبوونەوەیکی بەناو "نائاسایی" بە لیژنەکە کردووە، تێیدا دەستکاریی (٢٢) مادده و بڕگە لە پرۆژەکە کراوە. ئایا نەیدەتوانی دە

ڕۆژێك ئەو كۆبوونەوە دوابخات، تا پاش تەوابوونی پشووی هاوین ئەو دەستكارییانە، بە ئامادەبوونی هەموو ئەندامان بكرێن؟ كاتی خۆی ڕەخنەم لەو بەناو "كۆبوونەوە نائاساییە" گرتووە، ئێستاش دەیەوێ جارێكی دی ئەو هەڵە قانوونییە دووبارە بكاتەوە. نزیكەی دوو ساڵە لیژنەكە یەك كۆبوونەوەی نەكردووە، بەڵام لەگەڵ پشووی هاوینی ٢٠٠٨دا، داوای كردووە لە ٧ی تەمووزی ٢٠٠٨ كۆببێتەوە بۆ پێداچوونەوە بەو پێشنیازانەی لەو ماوە درێژەدا لەبەردەست بوون وتەماشا نەكراون. ئەم كۆبوونەوەی لیژنەكە بە ناشەرعی دەزانم، چونكە بەپێی ماددەی ٦ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، سەرۆك یان چواریەكی ئەندامانی پەرلەمانن بۆیان هەیە داوای كۆبوونەوەیەكی نائاسایی_پەرلەمان بكەن. ئەم ماددەیە تایبەتە بە كۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان، نەك لیژنەكان. لە ٣٠ حوزەیرانی ٢٠٠٨ لەبەردەم ئەندامانی لیژنەی قانوونی بە سەرۆكی لیژنەی دەستووریم ڕاگەیاند مافی ئەوەی نییە لەكاتی پشووی هاویندا لیژنە كۆبكاتەوە. بەڵام سووربوونی بۆ جاری دووەم لەسەر كۆكردنەوەی لیژنەكە، لەگەڵ شێوازی كاركردنی بە سەپاندنی بۆچوونەكانی بەسەر لیژنەكەدا، ناچارم دەكات دەست لەو لیژنەیە بكێشمەوە، چونكە ناتوانم لەم بارودۆخەدا درێژە بە كارەكانم بدەم و ئەركەكانی سەرشانم بە باشی بەجێ بگەێنم.

---

★لە هەفتەنامەی"ئاوێنە"، ژمارەی (١٣٥)، سێشەممە ١٩ی ئابی ٢٠٠٨ بلاْوكراوەتەوە.

# بەشی یازدەیەم

# لەگەڵ میدیای کوردی
# ڕۆژنامەی (ڕووبەر)

سازدانی: هێمن ساڵح

پ ١: خەریکە لە نێو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان داواکانی خەڵك بۆ چاکسازی و گۆڕانکاریی سیستمی سیاسی و بنبڕکردنی گەندەڵی و هەلومەرجی یەکسانیی ئابووری لەباردەچن، چونکە جەماوەر دابەشبوون بەسەر دوو بەرەدا، بەڕێزتان وەك کەسایەتییەکی قانوونی و ئەندامی پێشووی پەرلەمان چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟ پێتان وانییە ئەو دابەشبوونە داواکان پەك دەخات؟

وەڵام: چەندین لایەنی سیاسی و کەسانی دیکە دەمێکە داوای چاکسازیی سیاسی و قانوونی و ئابووری دەکەن. دروشمی چاکسازی لە کاتی سازدانی هەڵبژاردندا دروشمی بەشی زۆری لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بووە، بۆ ئەو مەبەستە پرۆژەی خۆیان وەك بەرنامەی کارکردنیان بۆ قۆناغی پاش هەڵبژاردن بڵاوکردووەتەوە. پێشتر چەندین یاداشتنامە لەلایەن کەسانی دڵسۆزەوە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی حکوومەت و حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان کراون، بەتایبەتی لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لەساڵی ١٩٩٤، تێیدا جگە لەداوای ڕاگرتنی ئەو شەڕە، پێشنیازی پرۆژەی جۆراوجۆر بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و چارەسەرکردنی ئاسەواری ئەو شەڕە کراوە. گەر کاربەدەستانی کوردستان لەو دەمە گوێیان لە داخوازییەکانی خەڵك بگرتایە، کێشەکان چارەسەردەکران و کۆنەدەبوونەوە بۆ ئەمڕۆ، کە کێشە کۆن و تازە کەڵەکەیان کردووە و چارەسەرکردنیان قورستر بووە.

ئەو بارودۆخەی بەهۆی شەڕی ناوخۆوە پەیدابوو بووەتە هۆی ئەوەی مەسەلەی کورد بەرەو پێشەوە نەچێ. لێرە ئاماژە بۆ یاداشتنامەیەك دەکەم کە شەرەفی بەشداریکردنم لە داڕشتنی ناوەڕۆکەکەی هەبووە، ئەو یاداشتنامەی (١٥٧) ڕووناکبیر و کەسانی دڵسۆزی دانیشتووی بریتانیا، لە ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٩٤ پێشکەش بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی حکوومەت و پارتە سیاسیەکانی کوردستان کراوە. لەو یاداشتنامەدا داوای نەهێشتنی دابەشکردنی نفووزی حیزبایەتی کراوە بەپێی جۆگرافیای سیاسی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ سەپاندنی حوکمی قانوون و سنووردانان بۆ دیاردەی چەکداری، بەتایبەتی لەناو شارەکاندا، هەروەها یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە لە شێوەی سوپایەکی نیزامیی یەکگرتوو و پاککردنەوەی لە نۆکەر و هاوکارانی ڕژێم و پەلەکردن لە دانانی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان. داواکاریی زۆری لەو جۆرە ئاراستەی سەرکردە سیاسیەکانی کوردستان کراون، بەڵام گوێیان لێ نەگیراوە. لەناو هۆڵی پەرلەمان لە خولی دووەمدا چەندین جار چەند پەرلەمانتارێك داوای سەروەریی حوکمی قانوونیان کردووە، لەگەڵ پەلەکردن لە یەکخستنەوەی وەزارەتەکانی پێشمەرگە و دارایی و ناوخۆ و هێزەکانی ئاسایش و زانیاری بە قانوون و بەکردەوە، لەگەڵ بەدامەزراوەکردنی دامەزراو و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان و ڕێگە نەدان بە دەستێوەردانی حیزب لە کاروباری حکوومەت. بەشێك لە داواکارییەکانی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستان بریتین لە ڕێگەنەدان بە دەستێوەردانی حیزب لە کاروباری دامەزراو و دەزگاکانی هەرێم و نەهێشتنی گەندەڵی و دابینکردنی خزمەتگوزاری و چارەسەرکردنی کێشەی بێ کاری، بەتایبەت لەنێو لاواندا، لەگەڵ دابینکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و خۆپیشاندان. جۆرە کۆدەنگییەك لەسەر ئەو داواکارییانە پەیدابووە، چونکە داواکاریی ڕەوای خەڵکن، کێشە لەسەر میکانیزم و چۆنیەتیی چارەسەرکردنیان هەیە، نەك لەسەر ڕەوایی داواکارییەکان.

پ ٢/ سەرکردەکانی حیزبەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەموو شتێکیان لەبیرە تەنها مێزی گفتوگۆ نەبێت، ئەوە چەند زیان بە ژیانی سیاسی دەگەیێنێ؟

وەڵام: هەموو کێشەیەك، بە کێشە گەورە نێودەوڵەتییەکانەوە لەڕێگای دانوستان و گفتوگۆ و دانیشتنەوە چارەسەر کراون، چونکە ڕێگایێکی دیکە نییە لە شەڕ و ئاڵۆزی بەولاوە. گفتوگۆ و پێکەوە دانیشتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەمڕۆی کوردستان لە پێویست زیاترە. لایەنە سیاسیەکان و نوێنەرانی خۆپیشاندەران چاکترە پێکەوە دابنیشن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەموویان، کە بەشێکیان کاتی دەوێت، چونکە بە ڕۆژ و دوو ڕۆژێك چارەسەر ناکرێن، گرنگ ئەوەیە نیازی جیددی بۆ چارەسەرکردنیان هەبێت، ئەوەش لەئاکامی گفتوگۆ دەردەکەوێت. دانیشتن لەگەڵ گوێگرتن لە داخوازیەکانی خەڵك دەبێتە هۆی ڕێککەوتن لەسەر شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان، بە کێشەی ناوچە دابڕاوەکانیشەوە. ئەم کارە دەبێ لەژێر چاودێری لیژنەییێکی باڵا کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەشداربن تێیدا ئەنجام بدرێت. ڕاگرتنی شەڕی ئیعلامی کە بەداخەوە خەریکە بەرەو ساڵەکانی ناوەڕاستی نەوەدەکانمان دەبات، مەرجی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە.

پ ٣: یەکێك لە گرفتەکانی دۆخی ئێستا ئەوەیە هەموو شتەکان کراون بە سیاسەت، تەنانەت ئەو ڕایانەش کە داوای هەڵوەشاندنەوەی حکوومەت و پەرلەمان دەکەن حیزبین، پرسیارمان ئەوەیە ئایا گەڕانەوە بۆ ئەو ژیانە حیزبییە چ کاریگەرییەك دەخاتە سەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان؟

وەڵام: بوونی ژیانی حیزبایەتی مەرجی سەرەکییە بۆ دیموکراسییەت، بەڵام لە کوردستان لەپاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ ەوە یەکێك لەو گرفتانەی بە زەقی سەری هەڵداوە پەیڕەوکردنی حیزبایەتیی تەسکە لەسەر هەموو ئاستێك. لەکاتی یادکردنەوەی ئەو ڕاپەڕینە مەزنە بەرزکردنەوەی ئاڵای حیزب لەناو شەقامی کوردی پەیدابووە. لەجیاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، ئاڵای حیزب و دروشمەکانی شەقامیان پڕکردووە، وەك بڵێی ئەو ڕاپەڕینە مەزنە بەتەنیا هی ئەو حیزبانە بووە، نەك هی هەموو خەڵکی کوردستان. دەمێکە خەڵك داوای کەمکردنەوەی ڕۆڵی حیزب لە کاروباری دامەزراو و دەزگاکانی هەرێم دەکەن، بەڵام لە کاتی یادکردنەوەی

ڕاپەڕیندا جارێکی تر بانگەشەی حیزبایەتی تەسك و هەڵگرتنی ئاڵای حیزب سەری هەڵدایەوە، ئەوە لەکاتی سازدانی هەڵبژاردن دەکرێت، نەك لە بۆنەیەکی نەتەوەیی وەك یادکردنەوەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١.

پ ٤: بەڕێزتان وەك پەرلەمانتارێکی بێ لایەنی پێشوو، پێتان وایە ئەو پەرلەمانەی ئێستا بەهۆی ململانێی سیاسییەوە ئیفلیج بووە و داخوازییەکانی خەڵکی بەجێ نەگەیاندووە؟ ئەگەر وایە، بەردەوامی ئەو پەرلەمانە چ کاریگەریەکی دەبێت؟ ئەگەر بەپێچەوانەوەیە، چۆن شەقام هێور دەبێتەوە؟

وەڵام: سستی لە کارەکانی خولی سێیەمی پەرلەمان دیارە و کەسیش ناتوانێ نکوولی لێ بکات، بەڵام ئۆپۆزسیۆنێکی ئەکتیڤ پەیدانەبووە، لە خولەکانی پێشتر نەبوو، یان زۆر لاواز بوو. هۆی سەرنەکەوتنی خولی سێیەمی پەرلەمان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك، لەسەرووی هەموویانەوە کارکردن بە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە لە ساڵی ١٩٩٢ پەسندکراوە. ئەو پێڕەوە کۆنە دەسەڵاتێکی زۆری بە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان داوە. لە خولی دووەمی پەرلەماندا داوای دەستکاریکردنی ئەو پێڕەوەمان کرد، بۆ ئەو مەبەستە لیژنەی قانوونی بەهاوکاریی لیژنەکانی دیکە پرۆژەیەکی تازەیان ئامادەکرد و خوێندنەوەی یەکەمی بۆکرا، بەڵام دەستەی سەرۆکایەتی نەیخستە سەر بەرنامەی کاری پەرلەمان تا لێی بکۆڵێتەوە و پەسندی بکات، هۆیەکەی ئەوەیە نەیدەویست دەسەڵاتە ڕەهاکانی کەم بکرێنەوە. لەبەر هەمان هۆ، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە خولی سێیەم کار بە پێڕەوی ناوخۆی ساڵی ١٩٩٢ دەکات و دەسەڵاتەکانی کەم ناکرێنەوە. دەبوو کاری یەکەمی خولی سێیەمی پەرلەمان پەلەکردن بێت لە پەسندکردنی ئەو پرۆژەی خولی دووەمی پەرلەمان ئامادەی کردبوو یان پرۆژەیێکی نوێ ئامادەبکات. لە بەغدا کاری یەکەمی خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پەسندکردنی پێڕەوێکی نوێ بوو، بۆ ئەو مەبەستە بە پەلە لیژنەیێکی پەرلەمانی پێکهات بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەکی نوێ، لەجیاتی ئەو پێڕەوەی لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ پەسندکرابوو. ئەگەر پێڕەوێکی ناوخۆی تازە و مۆدێرن بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پەسند بکرێت و

دەسەلاّتەکانی دەستەی سەرۆکایەتی کەم بکرێنەوە، پەرلەمان چالاکتر دەبێت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانی.

پ ٥: ئێستا شەقام نارەزا و توورەیە، حکوومەتیش لەگەڵ ئەوەی ددان بە کەموکورتیەکاندا دەنێت، هەنگاوێکی ڕوونی نەناوە بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران، ئایا حکوومەت لە جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانە سست نییە، ئەو دۆخە هاوکێشەکان یەکسان ناکات، یان بە پێچەوانەوە، دیدی جیاوازترتان لەم بارەوە هەیە؟

وەلاّم: ئەو لایەنە سیاسیانەی بەشدارن لە حکوومەت ئەوانیش ددان بەوەدا دەنێن کە بەشێکی زۆر لە داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان ڕەوان و پێویستە پەلەبکرێت لە جێبەجێکردنیان. لە وەلاّمدانەوەی پرسیاری پێشتر وەلاّمی چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی ئەو داواکارییانەی خەڵك و شێوەی جێبەجێکردنیان ڕوونکراوەتەوە. هەنگاوی یەکەم دەبێ گفتوگۆکردن بێت لەگەڵ نوێنەرانی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە نوێنەرانی خۆپیشاندەرانەوە. وەك قانوونناسێك دەمەوێ ئاماژە بۆ بەشێك لەو کارە قانوونییانە بکەم کە پێویستە حکوومەت دەستبەجێ خەریکی جێبەجێکردنیان بێت. لێکۆڵینەوەی جیددی لەو تاوانانەی لەم ماوەدا کراون دەبێ کاری سەرەکی حکوومەت بێت. دادوەری ئەو جێگایەی تاوانی تێداکراوە دەبێ ئەو خەریکی لێکۆڵینەوەی بێت بەپێی پرەنسیپی قانوونی (الإختصاص المكاني للمحكمة). بۆ نموونە، ئەگەر تاوانێك لە سلێمانی ڕوویدابێت، پێویستە دادگای سلێمانی لێی بکۆڵێتەوە، نەك لیژنەیەکی تایبەت دروستبکرێت بە بڕیاری حکوومەت، یان پەرلەمان، یان لایەنێکی دی بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانە. ئەگەر بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە نارەوا بوو بۆ لایەنێك، دەتوانێ سکالاّ لەبەردەم دادگەی پایەبەرزتر بکات، تا دەگاتە دادگەی پێداچوونەوە (تەمییز).

سەبارەت بە داواکارییەکانی تر، لێرە ئاماژە بە داواکارییە قانوونییەکان دەکەم. بڕیارە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان لە ماوەی ئەمساڵدا سازبکرێت. چەند ماددەیەك لە قانوونی ژمارە (٣) و ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ تایبەتن

به هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنانە کەموکوڕییان تێدایە، پێویستە پەلەبکرێت لە هەموارکردنیان پێش سازدانی ئەو پرۆسەیە. (سەنتەری ڕەنج بۆ ڕاپرسی و توێژینەوە) کە سەر بە زانکۆی سەلاحەددینە، لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١ سیمینارێکی سازکردبوو بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو قانوونە. لەگەڵ چەند مامۆستاییێکی قانوون و کەسانێکی شارەزا بانگکرابووین بۆ بەشداریکردن لەو سیمینارە، چەند پێشنیازێکی بەکەڵك خرانە پێش چاو تێیدا داوای پێداچوونەوە بە هەردوو قانوونی ژمارە (٣) و (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ کرا پێش سازدانی ئەو هەڵبژاردنە.

لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەمیشە داوای پەیڕەوکردنی پرنسیپی کۆدەنگی (توافق)یان کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، بەڵام لە کوردستان ئەو پرنسیپە پەیڕەو نەکراوە، هەتا سەبارەت بەو پرسانەی کە پێویستە جۆرە کۆدەنگییەك لەسەریان هەبێت، وەك قانوونی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان. لە دەروازەی شەشی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان باس لە دامەزراندنی چەند کۆمسیۆن و دەستەیەك کراوە، هەموویان بە (سەربەخۆ) پێناسەکراون، پێویستە قانوونەکانیان بە کۆدەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسندبکرێن، چونکە ئەگەر بە زۆرینە پەسندبکرێن ئەگەری ئەوە هەیە ئەو کەسانەی دەبنە سەرۆك و ئەندامی ئەو کۆمسیۆن و دەستانە کەسانی سەربەخۆ نەبن، ئەزموونی پێشتر ئەوەی سەلماندووە. داواکارییەکانی دیکەی خەڵکی کوردستان سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی پێویستە زوو جێبەجێ بکرێن لە ماوەیەکی دیاریکراودا، لەژێر چاودێری لیژنەییێکی باڵا، کە نوێنەرانی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی تێدا بێت. پێویستە ئەو داواکارییانە بە شەفافییەتەوە جێبەجێ بکرێن، نەك لە ژووری داخراودا.

پ٦: باشترین چارەسەر بۆ ئەو گرفتەی ئێستا چییە، پینەکردن یان چاکسازیی ڕیشەیی؟

وەڵام: داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان دیارن، شێوەی جێبەجێکردنیان پێویستە دیاری بکرێن. ئەگەر دەسەڵاتدارانی هەرێم لەسەرەتاوە گوێیان بۆ داخوازییەکانی

خەڵکانی دڵسۆزی کوردستان بگرتبا، بەشی زۆری ئەو کێشانە لەو دەمەوە چارەسەر دەکران.

پ٧: بەڕێزتان لەساڵی ١٩٩٢ پڕۆژەی دەستوورێکتان بۆ هەرێمی کوردستان ئامادەکردووە، پاشتر بوون بە ئەندامی لیژنەی ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێم تا مانگی تەمووزی ٢٠٠٨، کە دەستان لەو لیژنەیە کێشایەوە، ئێستا لایەنەکان داوای هەموارکردنەوەی ئەو پڕۆژەیە دەکەن، ئێوە دەڵێن چی؟

وەڵام: پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٩ بە پەلە و لە بارودۆخێکی نائاساییدا، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی خولی دووەمی پەرلەمان پەسندکرا. ئەو پڕۆژەیە چەند کەموکورتییێکی تێدایە پێویستە چاکبکرێنن پێش پەسندکردنی لەلایەن دەنگدەران لە ڕاپرسییێکی گشتیدا. دەستوور قانوونێکی ئاسایی نییە، پێویستە بەشی زۆری لایەنە سیاسیەکان و ڕێکخراوە مەدەنی و جەماوەریەکان هاودەنگ بن لەسەر ناوەڕۆکەکەی، چونکە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییە پێویستە بەشی هەرە زۆری ئەو لایەنانە و خەڵکی کوردستان هاوڕابن لەسەر بنەما سەرەکییەکانی. تێبینیم لەسەر شێوازی پەسندکردنی ئەو پڕۆژەیە و ناوەڕۆکەکەی هەیە، دەبوو ئەو کەموکوڕیانە چاکبکرێن. چەند جارێك ئەو کەموکوڕیانەم خستووەتە بەرچاو سەرۆکی لیژنەی ئامادەکردنی ئەو پڕۆژەیە، یان بڵاومکردوونەتەوە، بەڵام بەهەند وەرنەگیراون. ئەو پڕۆژەیە پاش پەسندکردنی دەبێتە یەکەم دەستوور لە مێژووی نەتەوەی کورد، لەڕووی قانوونی و نەتەوەییەوە دەبێتە دۆکیمێنتێکی نەتەوەیی گرنگ، بۆیە پێویستە بە دارشتنێکی قانوونی ڕاست و ڕەوا دابڕێژرێت و کەموکوڕیی تێدا نەبێت. بەداخەوە سەرۆکی لیژنەی ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستوور لە پەرلەمان زۆر جاران ڕاو بۆچوونی خۆی بەسەر لیژنەکەدا سەپاندووە، بۆیە ناچاربووم لە سەرەتای تەمووزی ٢٠٠٨ دەست لەو لیژنەیەی بکێشمەوە. لێرە ئاماژە بۆ دوو هەڵەی بەرچاوی ئەو پڕۆژەیە دەکەم، لە بڕگەی دووەمی ماددەی (١٠٧)، کە تایبەتە بە (دیوانی دەستپاکی) و (دەستەی چاودێری دارایی)، هەردووکیان پێکەوە لە یەك دەستەدا دانراون، ئەوە هەڵەییەکی

قانوونیی گەورەیە. هەڵەی دووەم لە بڕگەی دووەمی ماددەی دوودا هاتووە، کە باس لە دیاریکردنی سنووری سیاسی هەرێمی کوردستان دەکات. لەو بڕگەیە پشت بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) لە دەستووری عێراق بەستراوە، بەڵام لە بڕگەی یەکەمی هەمان ماددەدا سنووری هەرێم بەپێی پێوەرێکی تر دەستنیشان کراوە. لەبەر ئەوەی بڕگەی دووەمی ئەو ماددەیە تایبەتە/ خاصە و بڕگەی یەکەم ماددەیەکی (عام)ە. بەپێی پڕەنسیپێکی قانوونی لە حاڵەتی ناکۆکی لەنێوان (خاص) و (عام)، کار بە (خاص) دەکرێت. بڕگەی یەکەمی ماددەی (دوو)، کە ماددەیەکی (عام)ە، بەلاوە دەنرێ کار بە بڕگەی دوو دەکرێت، کە باس لە ماددەی (١٤٠) دەکات. هەموو دەزانین ئەو ماددەیە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە و نازانین چۆن و کەی و بە چ شێوازێك جێبەجێ دەکرێت، بۆیە چاکترە ئەو بڕگەیە نەمێنێ و بسڕێتەوە. هەڵەی دیکە لە پڕۆژەکەدا هەیە بەلاّم لێرە ناتوانین باسی هەموویان بکەین.

دەسەلاّتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، کە دەسەلاّتی سێیەمە، کارا نییە و پێویستە کارا بکرێت. چەند دەستکارییەك لە پڕۆژەی دەستووری هەرێم لە کۆبوونەوەی نائاسایی لیژنەی دەستووری کە لە تەمووزی ٢٠٠٨ بەسترابوو کراون. بەهۆی ئەو دەستکاریەوە چەند ماددەیەك لە پڕۆژەکە  بە باشی دانەڕێژران، لەوانە شێوەی دامەزراندنی (ئەنجومەنی دادوەری). هەروەها (ئەنجومەنی شوورا) و دەزگای (داواکاریی گشتی) کە پێویستە کاراتر بکرێن بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانی سەرشانیان بەباشی جێبەجێ بکەن.

لە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان ناحەزانی کورد ماوەیەکە هەوڵی دروستکردنی کێشە دەکەن بۆ ئەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانە بەرەو گرژی و ئاڵۆزی بڕوات و ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرێت. لەسەر ئاستی عێراق چەند کێشەیەکی گەورە چاوەڕێی چارەسەرکردن دەکەن، وەك کێشەی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی ئیتیحادی. جگە لەوە، بڕیارە پێداچوونەوە بە دەستووری عێراق بکرێت و چەند دامەزراوەیەکی تر وەك ئەنجومەنی (فیدڕاڵی/ ئیتیحادی) دروستبکرێت و چەند قانوونێکی گرنگ پەسند بکرێن، وەك قانوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی

عێراق و ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان. هەموو دەزانین کە بەشێك لە لایەنە سیاسیەکانی عێراقی هەوڵی دەستکاریکردنی ئەو مادده دەستووریانە دەدەن کە پەیوەندییان بە مافی گەلی کوردەوە هەیە بە مەبەستی کەمکردنەوەیان و دەستخستنە ناو کاروباری ناوخۆی هەرێم. پێویستە کورد بە بەرنامەی پێشوەختی دارێژراو ئەو بابەت و کێشانە چارەسەر بکات، کە بەشی زۆریان پەیوەندییان بە حکوومەت و لایەنە سیاسیەکانی عێراقی و دەوڵەتانی ناوچەکەوە هەیە.

پێم باشە لێرە ئەو داواکارییانەی سیمای قانوونییان پێوەدیارە لە چەند خاڵێکدا دەستنیشان بکەم:

. دامەزراوەکردنی هەموو دامەزراو و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان و دوورخستنەوەیان لە نفووزی حیزبایەتیی تەسك، تا بتوانن ئەرکەکانی سەر شانیان بەپێی حوکمی قانوون و ڕێزگرتن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ جێبەجێ بکەن.

. سەپاندنی حوکمی قانوون و سنووردانان بۆ دیاردەی بوونی چەك، لانی کەم لەناو شارەکاندا.

. یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە لە شێوەی سوپایەکی نیزامیی یەکگرتوو بە کردەوە و بە قانوون، لەگەڵ یەکخستنەوەی دەزگاکانی پاراستن و زانیاری لەسەر هەمان بنەمای پیشەیی دوور لە دەسەڵاتی حیزب.

. پەلەکردن لە چاککردنی کەموکوڕییەکانی پرۆژەی دەستووری هەرێم پێش پەسندکردنی.

. پێڕەوکردنی پڕەنسیپی کۆدەنگی (تەوافوق) سەبارەت بە چەند قانوونێکی گرنگ، وەك قانوونی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان و دەستنیشانکردنی سەرۆك و ئەندامانی کۆمسیۆن و دەستەکانی تر لە کەسانی شارەزاو لێهاتووی بێ لایەن.

. پەلەکردن لە دانانی پێڕەوێکی ناوخۆی تازە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

. پەلەکردن لە دامەزراندنی دەستەی نەزاهە، لەگەڵ کاراکردنی کارەکانی دەستەی چاودێری دارایی.

. کاراکردنی دەستەی داواکاریی گشتی و دەستکاریکردنی قانوونەکەی تا بتوانێ ئەرکەکانی سەرشانی بە باشی جێبەجێ بکات.

. پەلەکردن لە دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕاژەیی، پاش پەسندکردنی قانوونەکەی، بە مەرجێك سەرۆك و ئەندامانی کەسانی شارەزا و بێ لایەن بن.

. پەلەکردن لە چاوگێڕانەوە بە هەردوو قانوونی ژمارە (٣) و (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان، پێش سازدانی ئەو هەڵبژاردنانە.

. کاراکردنی دەسەڵاتی دادوەری و پێداچوونەوە بە بەشێك لەو ماددانەی لە دەروازەی سێیەمی پرۆژەی دەستووری هەرێم لەبارەی دەسەڵات و شێوەی دامەزراندنی (دادگەی دەستووری) و (ئەنجومەنی دادوەری) هاتوون.

. دەستنیشانکردنی لیژنەیەك لە کەسانی شارەزای خەڵکی کەرکوك بۆ ئامادەکردنی بەرنامەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو ناوچەیە، لەگەڵ خۆئامادەکردن بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی کەرکوك، کە بڕیارە لەم ساڵدا سازبکرێت.

ئەگەر حکوومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەنجامدانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو ڕێککەوتن، چاکترە لیژنەیێك لە نوێنەرانی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان و حکوومەت و پەرلەمان دروستبکرێت بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنیان لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

ئەم بەرنامەیە لە کەش و هەواییێکی ئارامدا تاوتوێ دەکرێت، بۆیە پێویستە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان و میدیای کوردی لەناوەوەی کوردستان و دەرەوە پۆزیتیڤانە بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی و پێشخستنی بکەن بە شێوەیێکی هێمنانە و دوور لە زمانی زبر و نەشیاو. ڕۆشنبیرانی کوردستان دەبێ ڕۆڵی خۆیان ببینن لە

**هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، بۆ ئەوەی پڕۆژەکە سەرکەوێت و ڕێگا بە ناحەزانی کورد لەناوەوەی عێراق و دەرەوە نەدرێت دەست بخەنە ناو کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستان.**

---

*رۆژنامەی (ڕووبەر)، ژمارەی (٥٥)، ڕێکەوتی ١٥ی ئاداری ٢٠١١.

# گۆڤاری (عەرعەر)

لە چاوپێکەوتنێکدا، هاوڕێ ئەحمەد لە گۆڤاری (عەرعەر) لەگەڵ ڤانوونزان و ئەندامی سەربەخۆی پەرلەمانی کوردستان دکتۆر نووری تاڵەبانی لە ٢٤ / ٣ / ٢٠٠٩ ئەنجامیداوە، ڕووناکی خستووەتە سەر ئاکامە ڤانوونییەکانی تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە، لەگەڵ تاوانی ئەنفال، ئەمە دەقی پرسیار و وەڵامەکانن:

پ: سەرەتا پێمان باشە ڕووناکی بخەیتەسەر هۆکاری بوونی سەدام بەدیکتاتۆر و تۆتالیتێر لە عێراق؟ ئەکرێت بڵێین هۆکارێکیان ئەوەبوو حیزبی بەعس ئەیویست دەوڵەتی عێراق بکاتە دەوڵەتێکی تەواو نەتەوەیی عەرەبی و عەرەبی سوننە فەرمانڕەوایی بکات؟

وەڵام: حیزبی بەعس حیزبێکی عەرەبی شۆڤینییە، هەموو ئەو وڵاتانەی عەرەبی تێدا زۆرینەن بەخاکی عەرەبی دەزانێت و نەتەوەکانی دیکە بە"میوان" لەسەر ئەو خاکە. ئەم حیزبە لە عێراق دووجار لەڕێگای کوودەتاوە گەیشتووەتە سەر حوکم، لە شوباتی ١٩٦٣ بەکوودەتایەکی خوێناوی بەهاوکاریی دەزگای موخابەراتی ئەمریکا، وەك پاشتر سکرتێری ئەو حیزبە لەودەمە عەلی ساڵح سەعدی ئاشکرای کردووە. کوودەتای دووەم لەساڵی ١٩٦٨ بوو، لە سەرەتادا خۆی واپیشاندەدا توندوتیژی بەکارناهێنێ، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم دەستی کرد بە سەرکوتکردنی لایەنە سیاسیەکانی عێراقی یەك لەدوای یەك. ئەو حیزبە لە بەشی زۆری وڵاتانی عەرەبی لقی هەیە کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتوو دەکات. لە ساڵی ١٩٧٩ سەدام حوسێن بە کوودەتایەکی ناوخۆیی خوێناوی خۆی سەپاند بەسەر ئەو حیزبە، لەپایزی ساڵی ١٩٨٠ دا عێراقی بەرەو شەڕێکی خوێناوی درێژخایەن برد لەگەڵ ئێران، پێشتر هەر لەشەڕ و پێکدادانابووە لەگەڵ کورد. لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٠ دا کوێتی داگیرکرد و سەروەت و سامانی بە تاڵانبرد، کە بووە هۆی ئەوە تووشی شەڕێکی گەورەتربێت لەگەڵ بەشی زۆری وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژاوادا. ماوەیەك پاش دەرکردنی لە کوێت، کەوتە هەوڵدان

بۆ بەدەستهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی، شەڕی کەنداو و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی بوونە هۆی لەناوچوونی لەنیسانی ٢٠٠٣.

سەدام هەوڵی دروستکردنی عێراقێکی "یەکگرتووی" بەهێزی دەدا، کورد تێیدا وەك کەمینەیەکی ژێردەستە بمێنێتەوە. شیعەی عەرەب هەرچەندە سووتەمەنی سەرەکی ئەو جەنگانە بوون کە دژ بە کورد و ئێران و کوێت و ڕۆژاوا بەرپای کردبوون، بەڵام وەك بەکرێگیراوی ئێران تەماشادەکران، بە"عەجەم" دەدرانە قەڵەم. کوردی شیعەی فەیلی لە سەرەتای هەفتاکانەوە کەوتنە بەر شاڵاوی بەزۆر کۆچپێکردن و سەروەت و سامانیان تاڵانکران، پاش دەستپێکردنی جەنگی نێوان عێراق و ئێران هەزارەها گەنجیان بێ سەروشوێن کران و ئەوانی تریان ڕەوانەی ئێران کران. بەعس لەسەر بنەمای سیاسەتی ئینگلیز لەعێراق کاری دەکرد، هەوڵی دروستکردنی عێراقێکی عەرەبی دەدا کە سوننەی عەرەب باڵادەست بن. حوکمی بەعس بەهۆی ڕەفتارە فاشیەکانی دژ بە کورد و شەڕی دژ بە ئێران نەڕووخا، لەو شەڕانەدا بەشی زۆری دەوڵەتانی عەرەبی و ڕۆژاوا پشتگیرییان لێی دەکرد، ئێرانییەکان ئەوەیان لەبیر نەکرد، بەڵام کورد زوو لەبیری کرد!

پ: لە ساڵی ١٩٨٨ ساڵی هەڵەبجە و ئەنفالدا کورد و پرۆژە نەتەوەییەکەی کورد بە بەرزترین خاڵی ترسناکی مێژووییدا تێپەڕی، ئایا کورد توانی ئەم تراژیدیا نەتەوەییە بکاتە هەوێنی هەستانەوە و ڕوحێك بەبەر پرۆژە نەتەوەییەکەیدا بهێنێتەوە؟

وەڵام: بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە بەهاری ١٩٨٨ لە شاری هەڵەبجە، لەگەڵ کارەساتی ئەنفال دوو تاوانی گەورەن دژ بەگەلێکی ژێردەستە کراون دەچنە خانەی تاوانی جینۆسایدەوە بە مەبەستی قڕکردنی گەلێکی بێ پشت و پەنا. ئەو تاوانانەی بەعس لە کوردستان کردوونی، پێشتر نازییەکان بەپێی سیاسەتێکی داڕێژراو دژ بە جوولەکەکانی ئەڵمانیا و ئەوروپا کردوویەتی. لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی، بەشێکی زۆر لەوڵاتانی ئەوروپا لەلایەن لەشکری نازییەوە داگیرکرابوون، جوولەکەکانی ئەو وڵاتانە بەر سیاسەتی کوشتن و لەناوبردن کەوتن، بە (هۆلۆکۆست)

ناسراوە. ئەو جوولەکانەی مابوون بەتایبەتی ئەوانەی لە ئەمریکا بوون، خەریکی پڕوپاگەندەکردن بوون دژی ئەو تاوانانەی لە هۆلۆکۆست کرابوون، ئەوە ڕێگای خۆشکرد بۆ دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر خاکی فەلەستین. (کۆنراود ئەدیناوەر)، سەرۆکی یەکەم حکوومەتی ئەڵمانیای ڕۆژاوا بە فەرمی دانی بەتاوانی (هۆلۆکۆست)دا نا، ئەوەش لە ڕووی قانوونییەوە بووە هۆی ئەوەی بەرپرسیاریەتیی ئەو تاوانانەی نازییەکان کردبوویان بکەوێتە سەرشانی ئەڵمانیا و قەرەبووی کەسوکاری ئەوانەی لە هۆلۆکۆست تیاچووبوون بکاتەوە. بە ملیارەها مارکی ئەڵمانی تەرخانکران بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەو جوولەکانەی لەسەردەمی حوکمی نازی کوژرابوون یان سەروەت و سامانیان لەدەست دابوو. بەشێکی زۆریان لە ئیسرائیل نیشتەجێ ببوون، ئەو پارەیە لە ئیسرائیل خەرجکرا ژێرخانی ئەو وڵاتەی پێ دروستکرا. کورد تا ئێستاش بە شەرمەوە داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە ماددی و مەعنەویانە دەکات بەهۆی تاوانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بەکارهێنراون. دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق ئەنفالی بە جینۆساید ناساندووە، ماوەیەك پاشتر ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەمان ئەو تاوانەی بە جینۆساید ناساند. حکوومەتی عێراق دەبوو هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی لەلایەن دوو دەسەڵاتی باڵای دادوەری و قانووندانەر دەرچووبوون، بگرێتەبەر بە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری شەهیدەکانی هەڵەبجە و ئەوانەی تا ئێستاش بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نەخۆش و دەناڵێنن و بەدروستکردنەوەی شاری هەڵەبجە و دێهاتەکانی، لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و دروستکردنەوەی دێهاتەکانیان. ئەرکی حکوومەتی عێراق بوو ساڵانە بڕێك پارە لە بودجەی گشتی بۆ ئەو مەبەستە تەرخانبکات. هەروەها دەبوو دەوڵەتی عێراق داوای لێبووردن لە خەڵکی هەڵەبجە و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکات، بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێین خۆمان کەمتەرخەم بووین، دەبوو پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان ئەو دوو داواکاریە لە حکوومەتی بەغدا بکەن. لیستی هاوپەیمانی کوردستانی کە نوێنەری خەڵکی کوردستانە لەناو ئەنجومەنی

نوێنەرانی عێراق، دەبوو هەموو ساڵێك لەكاتی تاوتوێكردنی بودجەی ئیتیحادیدا داوای تەرخانكردنی بڕێك پارە بۆ ئەو مەبەستە بكات، كە كەمترین داواكاریە لە حكوومەتی عێراق. ئەگەر كورد بە شێوەیەكی قانوونی داوای قەرەبووكردنەوەی كەسوكاری كیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالكراوەكانی نەكردبێ، چۆن دەتوانێ داوای زیاتری لێبكات؟ بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی لە هەڵەبجەی شەهید و چەندین ناوچەی دیكەی كوردستان، لەگەڵ خاپووركردنی زیاتر لە ٤٠٠٠ گوند لەلایەن ئەو ڕژێمەوە لەكاتی جێبەجێكردنی تاوانی ئەنفال دەبوو بكرێتە بنەمایەكی قانوونی بۆ داواكردنی قەرەبووكردنەوە، جگە لەداوای زەمانەتێكی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی جارێكی دی دەوڵەتی عێراق ئەو جۆرە تاوانانە لە كوردستان دووبارە نەكاتەوە.

پ: بۆچی تاكو ئێستا پرۆژەیەكی گەورەی نەتەوەیی لە گۆڕێ نییە بۆ ئەوەی جینۆسایدی كورد بەشێوەی زانستی مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت وەك ئەوەی جووەكان بۆ هۆلۆكۆستیان كرد؟

وەڵام: لەنیسانی ٢٠٠٢ دا لە هەولێر كۆنفرانسێك سەبارەت بە ئەنفال سازكرا، یەكێك لەو پێشنیازانەی خستمە بەرچاو ئەو كۆنفرانسە، دامەزراندنی دامەزراوەیەكی كوردستانی ـ نێودەوڵەتی بوو، ئەركی سەرەكی ناساندنی كارەساتی ئەنفال بێت بە ڕای گشتی لە ئەوروپا و ئەمریكا. پێش بەستنی ئەو كۆنفرانسە، لە ئەوروپا پەیوەندیمان بە چەند ڕێكخراوێكی مرۆڤـ دۆستەوە كرد بۆ ئەو مەبەستە، بەشێكیان ئامادەبوون هاوكاریمان بكەن. لەو كۆنفرانسەدا بڕیارێك بەو مانایە پەسندكرا، بەڵام بڕیاری سەر كاغەز بوو، كارێكی جیددی بۆ جێبەجێكردنی نەكراوە. لە كۆنفرانسێكی دیكەدا هەر لە هەولێر لە ساڵی پار بەسترا، هەمان ئەو داواكاریە خرایەوە بەرچاو، ئومێدەواربووین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی كاری جددی بۆ ناساندنی ئەو دوو تاوانە بكرێت.

پ: ئایا لە پێش تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە ئەو تاوانانەی تری حكوومەتی عێراق بەرانبەر بەكورد و لە كوردستان ئەنجامدراون ئەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە؟

وەڵام: سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان، لەگەڵ کوشتن و بەزۆردەرکردنی دەیان هەزار خێزانی کوردی فەیلی، دوو تاوانی گەورەن دەچنە خانەی جینۆسایدەوە. کورد دەبێ بە فەرمی داوای ناساندنیان وەك جینۆساید بکات، چاکترە بە بڕیارێکی پەرلەمانی کوردستان بێت، لەگەڵ پشتگیریکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لەناوەوە و لە دەرەوەدا. دانان بەو دوو تاوانە وەك جینۆساید دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو خەڵکانەی زیانیان لێکەتووە بەهۆی ئەو تاوانانەوە بتوانن داوای قەرەبووکردنەوە بکەن. لە ساڵی ١٩٩٨ بەزمانی عەرەبی نامیلکەیەکم بڵاوکردەوە، کە پاشتر لە بریتانیا کرایە ئینگلیزی، تێیدا هەرچوار تاوانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و سیاسەتی بە عەرەبکردن و کوشتن و دەرکردنی دەیان هەزار خێزانی کوردی فەیلی بە تاوانی جینۆساید دراونەتە قەڵەم. لەو دەمەوە دەبوو کار بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەو چوار تاوانە گەورەیە بکرێت و بە بەڵگەوە بخرێنە بەرچاو ڕای گشتی و دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

پ: ئەو شێوە مامەڵەکردنەی کە عەرەبەکان لەگەڵ دۆزی جینۆسایدی کوردا دەیکەن بەوەی کە ئەنفال و هەڵەبجە هاوشێوە و هاوشانی تاوانەکانی تری دەوڵەتی عێراقە وەکو تاوانەکانی تر کە بەرانبەر شیعەکان و سوننەکان کراوە، ئایا ئەم مامەڵەکردنە چ گرفتێك دەخاتە بەردەم بە جینۆساید ناساندن و بە جیهانی ناساندنی ئەنفال و هەڵەبجەی کورد؟

وەڵام: ڕژێمی بەعس تاوانی گەورەی دژ بە عەرەبی شیعە و سوننە کردووە، بەڵام هۆکاری ئەنجادانیان سیاسی بووە نەك ڕەگەزی. بە پێچەوانەوە ئەو تاوانانەی دژ بە کورد کراون بە مەبەستی لەناوبردنی گەلێك بووە بەپێی پلانێکی داڕێژراو. ڕژێم داوای هاوکاری لە دەوڵەتانی دیکەش کردووە، چەند دەوڵەتێکی عەرەبی ژن و منداڵی کوردیان وەك "غەنیمە" بەرکەوتووە. لە ئاداری ١٩٩٩ دا لەیادکردنەوەی کارەساتی هەڵەبجەی شەهید، کۆبوونەوەیەك لەناو پەرلەمانی بریتانیا سازکرا، تێیدا بەناوی "ڕێکخراوی کورد بۆ مافی مرۆڤ لە بریتانیا" بابەتێکم پێشکەشکرد گوتم: لە ساڵی ١٩٨٨ سەرۆکی دەوڵەتێکی عەرەبی سەردانی عێراقی دەکرد، لەکاتی گەڕانەوەی لە

فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا سەدام بەڕێی دەکرد، یەکێك لەو ڕۆژنامەنووسانەی لەگەڵ ئەو سەرۆکە بوو پرسیاری لە سەدام کرد، ئایا ڕاستە لەشکری عێراق چەکی کیمیاوی لە"گوندی" هەڵەبجە بەکارهێناوە و بووەتە هۆی کوشتنی خەڵکێکی زۆر، وەك ڕۆژنامەکانی ڕۆژاوا بڵاویان کردووەتەوە؟ ئەو سەرەك دەوڵەتە نەیهێشت سەدام وەڵام بداتەوە، گوتی: ئەو قسانە پڕۆپاگەندەی سایۆنیزمن بەمەبەستی شێواندنی ناو و شوهرەتی لەشکری عێراق بڵاودەکرێنەوە! هەر لەو ساڵەدا لە کوێت کۆنفرانسی دەوڵەتانی ئیسلامی بەسترا، تێیدا باس لە خراپ مامەڵەکردنی موسڵمانانی بولغاریا کرا، بەڵام کەسێك باسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە نەکرد. لەناوبردنی کورد بەلای بەشێك لەو دەوڵەتانە بەتاوان تەماشا نەدەکرا، چونکە کاریان بۆ "جیاکردنەوەی" بەشێك لە خاکی عەرەب دەکرد!

پ: ئەنفال‌و هەڵەبجە لە دوو دادگایی گەورەدا وەکو جینۆساید دانی یاسایی پێدا نرا، سوود و گەورەیی ئەم دوو سەلماندنە بۆ پرسی ئەنفال و هەڵەبجە و دۆزی کورد لە جیهاندا چییە؟ ئەکرێت کورد چۆن ئەم دوو دادگاییە بەکار بهێنێت؟

وەڵام: ددانان بەو دوو تاوانە لەلایەن دوو دامەزراوەی سەرەکی عێراقی، کە یەکێکیان دەسەڵاتی دادوەرییە و ئەوی دیکە دەسەڵاتی قانووندانەرە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) زۆر گرنگ بوو بۆ کورد تا ڕاددەیەکی زۆر ئەرکی ناساندنیان بە جینۆساید لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئاسانکردووە. لەبەشی زۆری ئەو وڵاتانەی تاوانی جینۆسایدی تێداکراوە، حکوومەتەکان نکوڵی لێدەکەن. بۆ نموونە، لە تورکیا ئێستاش ددان بە قڕکردنی ئەرمەنەکان نانرێت لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا. داننانی ئەو دوو دامەزراوە سەرەکییەی عێراقی بە ئەنفال و بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە ئەرکی کوردی ئاسانکردووە، گەر کارێکی جیددی بکرێت چەندین دەوڵەت و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و هەتا نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو دوو تاوانە گەورەیە بە جینۆساید پێناسە دەکەن. دەبێ کورد نکوڵی لەوە نەکات کوردی خۆفرۆشیش هەبووە بەشدارییان لەو تاوانە گەورانە کردووە. بەبۆنەی پێناسەکردنی ئەنفال بە جینۆساید لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وەزارەتی شەهیدان و

ئەنفالکراوەکان ساڵی پار مێزگردێك بۆ زیاتر لە ٤٠ قانووناس و شارەزای کورد بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو بڕیارە ڕێکخرا. یەکێك لە بەشداربووان، کە دەمڕاستی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانە لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕاشکاوانە گوتی نابێ باسی بەشدارکردنی کورد لە ئەنفال بکرێت، چونکە زەرەر بەو مەسەلەیە دەگەیەنێ و عەرەب پڕوپاگەندەی پێوە دەکات! بە داخەوە کەسێك پێش من وەڵامی نەدایەوە. لەبەرئەوەی کورد هەمیشە ژێردەستە بووە، چەندین میر و گەورە پیاوان چەندین جار هاوکاریی داگیرکەرانی کوردستانیان کردووە، چاکترە خۆمان باسی ئەو دیاردە ناشرینە بکەین و بەتوندی مەحکومی بکەین، نەك بێدەنگبین پاشتر ناحەزانمان بازرگانی پێوە بکەن. لە ساڵی ١٩٦٥ خوێندکاربووم لە زانکۆی سۆربۆن لە فەرەنسا، بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٥٠) ساڵ بەسەر تاوانی قڕکردنی ئەرمەنەکان لە تورکیا، ڕێکخراوەکانی ئەرمەنی لە ئەورووپا و ئەمریکا چەندین چالاکی و خۆپیشاندان و کۆبوونەوەیان ڕێکخست بەبۆنەی ئەو تاوانەوە. سەرۆکی مەڵبەندی فەرەنسی - ئەرمەنی لە شاری (لیۆن) نووسینێکی لە ڕۆژنامەی (لیبێراسیۆن)ی فەرەنسی بڵاوکردەوە تێیدا پاش ئەوەی بە دۆکیمێنت ڕووناکی خستبووە سەر ئەو تاوانانەی لەلایەن لەشکری عوسمانییەوە دژ بە ئەرمەنەکان کرابوون، نووسیبووی کوردەکانیش بەشداربوون لەو تاوانە. نامەیەکم بەهۆی ئەو ڕۆژنامەوە بۆ نووسەری ئەو بابەتە نارد، تێیدا سەرەتا سەرەخۆشیم لێکردبوون لەگەڵ مەحکومکردنی ئەو تاوانەی دژ بەگەلی ئەرمەن کرابوو، بەڵام نووسیبووم چۆن هەموو کورد بەتاوانی بەشداریکردن لەو تاوانە گەورەیە دەداتە قەڵەم، لەکاتێکدا ئەو کوردانەی هاوکاریی لەشکری عوسمانییان کردبوو چەند کەسانێکی نزیك بوون لە کاربەدەستانی عوسمانی و لەپێناو دەستگرتن بەسەر سامان و زەویی ئەو ئەرمەنانە هاوکاریی لەشکریان کردبوو، هەروەها کوردێکی زۆر هاوکاری ئەرمەنەکانی کردبوو، بە شاردنەوەیان. لەو نامەدا نووسیبووم لە کوردستانی عێراق پێشمەرگە شەڕی داکۆکیکردن لە کورد دەکات، لە هەمان کاتدا هەزاران خۆفرۆشی کورد هەن شان بەشانی دوژمن گوللە دەنێنە سنگی پێشمەرگەوە. نووسەری ئەو وتارە نامەیەکی جوانی بۆ ناردم، لەگەڵ

کارتێکی شەرەف بۆ بەشداریکردن لە گەورەترین ئاهەنگ لە پاریس بەسترا لەژێر چاودێری سەرۆکی شارەوانی پاریس. ئەو نووسەرە بابەتێکی لەو ئاهەنگەدا پێشکەشکرد تێیدا لەجیاتی باسکردنی بەشداریکردنی کورد لە قەتلوعامکردنی ئەرمەنەکان، گوتی: پاش ئەوەی لەشکری عوسمانی لە قڕکردنی ئەرمەنەکان بووەوە، دەستی کرد بە کوشتنی کوردەکان! کوردی خۆفرۆش هەبووە و هەر دەمێنێت، بەلاّم جێگای داخە بەشێك لەوانەی بەهەموو شێوەیەك لەخزمەتی بەعس بوون ئێستا زۆر لەپێشەوەن، هەرچەندە خەلّك ئێستاش وەك جاران تەماشایان دەکات گەرچی پلە و پایەیان هەرچییەك بێت.

پ: هەرچەندە بڕیاری لە سێدارەدانی تاوانبارانی ئەنفال دەرچووە، بەلاّم تا ئێستا ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکراوە، تۆ وەك یاساناسێك و سیاسیەك هۆکار و دەرئەنجامی ئەمە چۆن شرۆڤە دەکەیت؟

وەلاّم: بەبۆچوونی من هۆکاریی جێبەجێ نەکردنی بڕیاری لەسێدارەدانی ئەو تاوانبارانە سیاسییە نەك قانوونی، سەدام و چەند تاوانبارێکی دیکە وەك براکەی و تەها جەزراوی بە پەلە لەسێدارەدران، دەبوو بەپێی هەمان قانوون ئەو کەسانەی حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا بڕاوەتەوە، جێبەجێ بکرێت و لەوە زیاتر دوا نەخرێت.

دوا پرسیار: نیازت هەیە خۆت کاندید بکەیتەوە بۆ خولی سێیەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان؟

وەلاّم: نەخێر لەبەر چەند هۆکارێك. لەماوەی ئەو چوار ساڵەی لە پەرلەمان بووم زیاتر لەبەرئەوەی بێلایەن بووم موعاناتی زۆرم هەبوو. پێم باشە کاتەکانم لەمەودوا بۆ قانوونسازی و کارکردن بۆ سەرکەوتنی حوکمی قانوون، لەگەڵ کاری ئەکادیمی تەرخان بکەم، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەمانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧ەوە لە ئەکادیمیای کوردی بە ئەندامی کارا هەڵبژێردراوم.

---

*گۆڤاری (عەرعەر)، ژمارەی (٤)، ١٤ی نیسانی ٢٠٠٩.

## گۆڤاری (ستاندار)

دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق پێویستی بە چەند مەرجێك هەیە كە تائێستا جێبەجێ نەكراون.

دكتۆر نووری تاڵەبانی وەك ئەندامێكی پەرلەمان و نووسەرێكی ئەكادیمی لەو كەسایەتییانەیە، كە خەمخۆری ڕاستەقینەی كێشەی كەركوكە و پڕۆژەی هەبووە بۆ ئەو شارە، (ستاندەر) بەڕێزیانی دواند، ئەویش بەسوپاسەوە وەڵامی پرسیارەكانی داینەوە:

پ: بەدیدی ئێوە ئایا نەخشەیەكی ئامادەكراو و دارێژراو بۆ داگیركردنی عێراق هەبوو؟ یان عێراق بەهۆی داگیركردنی كوێتەوە پاساوی بەدەستەوە دا؟

وەڵام: ئەمریكا پێش داگیركردنی كوێت كێشەی لەگەڵ ڕژێمی بەعس لە عێراق نەبووە، لەكاتی شەڕی نێوان عێراق و ئێران پشتگیری لەو ڕژێمە دەكرد. هاتنی (ڕامسفیلد) وەك نوێنەرێكی تایبەتی سەرۆك بوشی باوك بۆ چاوپێكەوتنی سەدام حوسێن چاكترین بەڵگەیە بەوەی كە پەیوەندیی تایبەتی لە نێوان هەردوو حكوومەتی ئەمریكا و عێراق پێش داگیركردنی كوێت باش بووە. بازاڕەكانی عێراق پڕبوون لەئارد و شتومەكی ئەمریكی، بە قەرز دەدرانە حكوومەتی عێراق. ئەو هەموو تاوانانەی ڕژێمی بەعسی دژ بە گەلی كورد، بەتایبەتی و گەلانی عێراق بەتێكڕایی ئەنجامی دابوو، وەك تاوانی بەكارهێنانی چەكی كیمیایی و تاوانی ئەنفال وئەوانی دی حكوومەتی ئەمریكا خۆی بێدەنگ كردبوو باسی نەدەكردن. ئەوانە هەمووی بەڵگەی ئەوەن كە پەیوەندی ئەمریكا لەگەڵ ڕژێمی عێراق چاك بووە، بەڵام پاش داگیركردنی كوێت، ئەمریكا ترسی لێ نیشت سەدام حوسێن دەست بەسەر ناوچەكانی نەوتی كەنداودا بگرێ، بۆیە كەوتە هەوڵدانی دەمكوتكردنی. لەپاش داگیركردنی كوێت، ئەونجا حكوومەتی ئەمریكا كەوتە باسكردنی تاوانەكانی حكوومەتی عێراق لە عێراق و كوردستان.

پ: بۆچی ئەمریکا لەساڵی ١٩٩١ ڕژێمی سەدامی نەڕووخاند و دوای خست بۆ ساڵی ٢٠٠٣؟

وەڵام: شەڕی کەنداوی یەکەم بەهاوکاریی دەوڵەتانی کەنداو و میسر و سوریا و سعودیە دەستی پێکرد بەمەبەستی دەرکردنی لەشکری عێراق لە کوێت. ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ ئەوەدا نەبوون ڕژێمی بەعسی لەناوبچێت. هەڵوێستی بەشێك لە گرووپە شیعەکانی عێراق، کە دروشمی سەیریان هەڵکرتبوو لەکاتی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەکەی ترساند لەوەی ڕژێمێکی ئیسلامی لە چەشنی ڕژێمی ئێرانی لە عێراق دروستببێ. سەرۆکی ئەمریکا لە سەرەتادا داوای لە گەلانی عێراق کرد ڕاپەڕن، بەڵام فشاری دەوڵەتانی ناوچەکە و پشتگیریی نەکردنی هاوپەیمانان لە درێژەدان بە شەڕ، بەبیانووی ئەوەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ڕووخاندنی ڕژێم نەبووە، تەنیا بۆ دەرکردنی لەشکری عێراق بووە لە کوێت، بوونە هۆی مانەوەی ڕژێم. ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەو دەمەدا دەیانویست سەدام دەمکوتبکرێت، چونکە کاریان پێی مابوو بۆ ترساندنی ئێران.

پ: بیل کلینتۆنی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا ئیمزای لەسەر قانوونی ئازادکردنی عێراق کرد بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣دا جۆرج دەبلیوو بوش بەپێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بەداگیرکەری دانا بۆچی؟

وەڵام: ئەوە باشترین بەڵگەیە بە هەڵوێستی دووڕوویی ئەو دوو حیزبە. ئەگەر بەرژەوەندیی وڵاتەکەیان یان حیزبەکەیان پێویست بکات، ڕەش دەکەن بە سپی و پاساوی بۆ دەهێننەوە. سیاسەتمەدارانی کورد دەبوو زۆر وریابن لە سیاسەتی دەوڵەتە زلهێزەکان، چونکە ئەوان تەماشای بەرژەوەندیی خۆیان دەکەن و چاویان لە دۆستایەتیی کەس نییە تاسەر. سیاسەتی ئەمریکا لە ساڵانی حەفتاکاندا لەبارەی مەسەلەی کورد چەند گۆڕانکاریەکی بەسەردا هاتووە. سەردەمێك پارتی کۆماری ڕەخنەی لە سیاسەتی حکوومەتی بیل کلینتۆن دەگرت، بەڵام کە بووە حیزبی دەسەڵاتدار، بە پێچەوانەی ڕەخنەکانی پێشووی ڕەفتاری لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا دەکرد.

پ: بۆچی، چەکی کۆکژ، پێشێلکردنی مافەکانی  مرۆڤ، پەیوەندی هەبوونی لەگەڵ گرووپە تیرۆریستەکان، نەبوونە پاساوی قانوونی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان تا بڕیاری هێرشکردنە سەر عێراق بدات؟

وەڵام: ئەو هەموو تۆمەتانە، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی لێ بەدەر بێ، بە شێوەیەکی قانوونی بە بەڵگەوە ئیسپات نەکراون دژ بە ڕژێمی عێراق. تیمە تایبەتییەکان کە خەریکی پشکنین بوون بەدوای چەکی کۆکژی نەیانتوانی بیسەلمێنن عێراق ئەوجۆرە چەکانەی هەیە. هەروها دەزگاکانی حکوومەتی ئەمریکا کە دەمێك بوو خەریکی پشکنین بوون بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێو ڕژێمی عێراق و گرووپە تیرۆریستەکانی قاعیدە، بەڵگەیان بە دەست نەهێنا سەبارەت بە سەلماندنی ئەو پەیوەندیە. لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا یەك هەڵوێستی نەبوو سەبارەت بە عێراق. چەند دەوڵەتێك تا ئێستاش دەڵێن: چەکی کۆکژی لە عێراق نەدۆزراوەتەوە. هەمان شت سەبارەت بەبوونی پەیوەندی لە نێوان ڕژێمی بەعسی و گرووپە تیرۆریستەکان، کە دەزگاکانی ئەمریکی تا ئێستا بە بەڵگەی دروست نەیانتوانیوە بیسەلمێنن. بەشێك لەو گرووپانەی لەسەر شەقامەکانی ئەمریکا و ئەوروپا خۆپیشاندان سازدەکەن دژ بە ئەمریکا و هاوپەیمانانی، ئەو تۆمەتانە ڕەددەکەنەوە، کە ئەمریکا بۆ هێرشکردنە سەر عێراق پشتی پێ بەستوون.

پ: وڵاتانی ناوچەکە لە شەڕی (کوێت ـ عێراق) بەشداری شەڕەکە بوون، بەڵام لە ڕووخانی ڕژێمی بەعسی لەبڕی هاوکاریی نەیار بوون؟

وەڵام: بەشێك لە وەڵامی ئەم پرسیارەتان لە وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەم ڕوونم کردووەتەوە. لە ڕاستیدا وڵاتانی ناوچەکە بەشدارییان لە شەڕی کوێت - عێراق کرد لەبەرئەوەی لە خۆیان دەترسان. ڕژێم پاش داگیرکردنی کوێت بە نیازبوو دەوڵەتانی ناوچەی کەنداو یەك لەدوای یەك داگیربکات. سەدام نەیدەشاردەوە لەپاش کوێت سڕە دێتە سەر دەوڵەتی ئیمارات. گەر ئەو دوو دەوڵەتەی داگیرکردبا، سعودیە قووت دەدرا. ئەمە سەبارەت بە دەوڵەتانی کەنداو، کە لەبەر ترسی داگیرکردنیان بەهەموو توانایانەوە بەشدارییان لە شەڕی ڕزگارکردنی کوێت کرد. ڕژێمی بەعسی لە سوریا

هەمیشە نەیاری بەعسی عێراق بووە. میسر بەشداری لە شەڕ کرد، چونکە سەدام درۆی لەگەڵ سەرۆکەکەی کردبوو و پاشتر بە درۆزنی ناودەبرد، هەروەها زۆر بەخراپە ڕەفتاری لەگەڵ نزیکەی دوو ملیۆن میسری لە عێراق دەکرد. ئەو دەوڵەتانە نەیاندەویست بەشداری لە ڕووخانی ڕژێمی بەعسی بکەن، چونکە لە خۆیان دەترسان، بەتایبەتی لەو سەردەمە ئەمریکا باسی لە بەدیموکراتیزەکردنی دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکرد، دەترسان پاش عێراق سرە بگاتە سەر ئەوان.

پ: سوننەی عەرەب، کورد، شیعە، یەك هەڵوێست نەبوون لە هاتنی ئەمریکا بۆچی؟

وەڵام: بەشێوەی گشتی سوننەی عەرەب لەوەتەی دەوڵەتی عێراق دروستکراوە حوکمی ئەم دەوڵەتە دەکەن، بۆیە دژی لابردنی ڕژێمی سەدام بوون، کە بە کردەوە دژایەتی شیعە و کوردی دەکرد. بەشی زۆری سەروەت و سامانی عێراق لەو ناوچانەی سوننەی عەرەب زۆرینەن تێیدا سەرف دەکران. کورد و شیعە لەسەرەتای دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەوە ژێردەستەبوون و ناوچەکانیان وێران بوون، بۆیە پشتگیرییان لە هەموو لایەنێك دەکرد کار بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام بکات. چەند جارێك گوێم لە سەرانی حیزبە شیعەکانی عێراق بووە ڕاشکاوانە وتوویانە ئامادەنە هاوکاریی لەگەڵ شەیتان بکەن گەر ڕژێمی سەدامیان بۆ بڕووخێنێ. ئەگەر ئەمڕۆکە بەشی زۆری لایەنە سیاسیەکانی شیعەی عەرەب هەڵوێستیان گۆڕانی بەسەردا هاتبێ، چونکە وادەزانن کاریان بە ئەمریکا نەماوە و خۆیان بوون بە خاوەن دەسەڵات! دەبێ ڕۆڵی ئێران لەبیر نەکرێت، چونکە بەشی زۆری لایەنە شیعەکان پشتگیریی لێدەکەن، لەکاتێکدا پەیوەندیی ئێران لەگەڵ ئەمریکادا خراپە. کورد بە ڕووخانی ڕژێمی بەعسی کیانێکی بۆ خۆی دامەزراند کە دەبوو پتەوترو بەهێزتری بکات تا توانای مانەوەی هەبێ.

پ: ئایا ئەوەی ئێستا لە عێراق ڕوودەدا بەپێی قانوونە نێودەوڵەتیەکان تیرۆرە یان بەرگری و بەپێی برگەی (٢)ی ماددەی (١)ی مەنیفێستی نەتەوە یەکگرتووەکانە؟

وەڵام: بەرەنگاربوونەوە کاتێ سیفەتی تیرۆری پێنادرێت ئەگەر دژ بە لەشکری داگیرکەر بێت نەك خەڵکی سڤیل و ئەو دەزگایانەی بۆ خزمەتی گشتی تەرخانکراون،

وەك: دەزگاكانی ئاو و كارەبا و پرد و ڕێگاوبانی گشتی. لەشكری ئەمریكا و هاوپەیمانانی بەپێی بڕیارێكی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە داگیركەر دراونەتە قەڵەم، بەڵام ئەو كارانەی ئەو تاقمانە بە ناوی "بەرهەڵستكارییەوە" دەیكەن، بەشی هەرە زۆریان دژ بە خەڵكی سڤیل و دەزگا مەدەنی و خزمەتگوزارییەكان دەكرێن، بۆیە ناشێ ئەو ناوەیان لێ بنرێ. هەموو دەزانین ئەوانەی بەو كارە تیرۆریستانە هەڵدەستن بەشی زۆریان گرووپی سەر بە قاعیدە و پاشماوەكانی ڕژێمی بەعسن. ئەو گرووپانە لە ئەفغانستان و عێراق ڕەفتاریان لەگەڵ گەلانی خۆیان هەر كوشتن و بڕین و سووتاندن و ماڵ وێرانكردن بووە.

پ: بۆچی ئەو بەرگرییە لە سیگۆشەیەكدایە و هەموو عێراق ناگرێتەوە؟ چۆن لە داهاتووی ئەو بەرگرییە دەڕوانیت؟

وەڵام: ئەو بەناو بەرگرییە تەنیا لەو شوێنانەدا هەیە كە عەرەبی سوننەی تێدا دەژین، بەتایبەتی لەناو ئەوانەی دەسەڵاتیان لەدەستچووە. چارەسەركردنی كێشەكانی عێراق بە شێوەیەكی دیموكراسییانە كە تێیدا مافی هەموو گرووپ و لایەنێك دابین بكرێت دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی كاری تیرۆریستی. ئەو گرووپە تیرۆریستیانەی سەر بە قاعیدە بن، یان كۆنە بەعسی بن، ئەمڕۆ  بێ یان سبەی لەناو دەچن، گەر باری سیاسی لە عێراقدا بەرەو باشی بڕوات. بەداخەوە تا ئێستا لایەنە سیاسیەكانی عێراقی نەیانتوانیوە ئەو مافانەی لەدەستووری هەمیشەیی ددانیان پێدانراوە بۆ خۆیان و لایەن و گرووپەكانی تر، كێشەكانیان چارەسەربكەن.

پ: سوننەی ناوەڕاست زیاتر لە سەدەیەكە هاوكاری ڕۆژاواییەكان بوون، كە عێراقی لەسەر بنیات نرابوو، بەڵام لەدوای هاتنی ئەمریكا ئەو پەیوەندییە پێچەوانە گۆڕا، چۆن لێی دەڕوانیت؟

وەڵام: سوننەی عەرەب ئێستاش گەر دەوڵەتەكانی ڕۆژاوا دەسەڵاتی جارانیان پێبدەنەوە هاوكاری لەگەڵ دەكەنەوە. كەواتە مەسەلەكە كێشەی دەسەڵاتە و بەدەستهێنانی بە پشتگیریی هەر دەوڵەتێك بێت. ئەوان خۆیان بە خاوەنی عێراق

دەزانن، بەڵام ئێستا ئەو دەسەڵاتەی جارانیان لەدەستچووە بۆیە دژایەتیی ئەمریکا دەکەن.

پ: ئایا ڕووخانی ڕژێمی بەعسی نیشانەی ڕووخانی ڕژێمی عەلمانی نەتەوەیی شۆڤێنی نییە؟

وەڵام: بە ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق ڕژێمی شۆڤێنی و دیکتاتۆری و تاکەکەسی کۆتایی پێهات، بەڵام بیروباوەڕی بەعس جارێ ماوە و لەناو نەچووە. بەشی زۆری ئەو کارە تیرۆریستییانەی لە عێراق دەکرێن کەسانێکن هەڵگری بیروباوەڕی توندڕەوی و شۆڤێنی عەرەبین، بە ئومێدی گەڕانەوەی ڕژێمی بەعسن کە ئێستا بە حیزبی (العودە) ناودەبرێت و بەشێکیان لە ژێر پەردەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا خۆیان حەشارداوە و هەموو جۆرە کارێکی تیرۆریستی دەکەن. لەناو عەرەبی شیعەش گرووپی شۆڤێنی عەرەبی توندڕەو هەیە، بیروباوەڕی حیزبی (دەعوە) و گرووپی موفتەدا سەدر نزیکن لە بیروباوەڕی بەعسییەکان، هەموو "عروبەوین". کەواتە بیروباوەڕی شۆڤێنی عەرەبی لەناو عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە هەیە. سەبارەت بە عەلمانیەت، ڕژێمی بەعسی وەك حیزبی نازی باوەڕی بە هیچ نەبووە، لەژێر هەر پەردەییێکدا بووبێ، تەنیا کاری بۆ مانەوەی خۆی کردووە. ئێستاش هەر کار بۆ گەڕانەوە بۆ حوکمڕانی عێراق دەکەن چ بەناوی ئیسلامەوە بێ یان بەناوی عیلمانییەتەوە.

پ: ئایا کورد نەخشەیەکی ستراتیژی دڵنیای لەگەڵ ئەمریکادا هەیە؟ یان ئەو هاوپەیمانییە زارەکییە؟ تا چەند لەسایەی بنەمای بەرژەوەندیدا مانەوەی هەیە؟ ئایا پێگەی وڵاتان و نەتەوەکانی دەوروبەر بەهێزترە لە کورد و کوردستانی بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکا؟ کەواتە کورد چی بکات لەم قۆناغەدا لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی؟

وەڵام: ئەم پرسیارە پێکهاتووە لە چەند پرسیارێك، دەبێ ئەوە لەبیر نەکرێت کە ئەمریکا دەوڵەتێکی زلهێزە هەمیشە تەماشای بەرژەوەندیی خۆی دەکات. کورد لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتانی تر دەبێ بەرنامە و ستراتیژی هەبێ، بەشێوەیەکی گونجاو

لەگەڵ واقیعی ئێستاو پاشەڕۆژدا داڕێژراو بێت و بگونجێ. دونیا لە گۆڕانکاریدایە، بەرەو بنیاتنانی دیموکراسەت دەڕوات، نازانم تا چ ڕادەیەك حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دەتوانن لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەدا خۆیان بگونجێنن؟ لە ئەمڕۆوە خۆیان لەسەری بگونجێنن چاکترە تا سبەی، بە کردەوە نەك هەر بە قسەو هەڵکردنی دروشمی بریقەدار. لەسەر ئاستی ناوەوە و ناوچەکە و جیهان، یەك ڕێگا دەبێتە زامنی سەرکەوتنی کورد و گەیشتن بە ئامانجەکانی، ئەویش یەکڕیزیە لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دروست. کورد لەم دەمەدا دەبێ بە بەرنامە کاربکات، کەسانی شارەزا و لێزان بەشداری لە داڕشتنی بەرنامە و ستراتیژ بکەن، بەتایبەتی ئەو کەسانەی ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانەن کە ڕۆژانە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی ڕوودەدەن.

پ: کورد، سوننە، شیعە، ئیسلامی، عیلمانی، دیموکراسی، دیکتاتۆری، چەندیان قازانجیان لەم بارودۆخە کردووە و چەندیان زەرەرمەند بوون؟ ئایا خودی ئەمریکا بەپێی نەخشە ستراتیژیەکانی قازانجی لەم پرۆسەیە کردووە یان زەرەر؟

وەلام: چاکترە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان لە ئەمریکاییەکان بکەن! بەهەرحاڵ وەك لەمەوبەر ئاماژەمان بۆکردووە، ئەمریکا وەك دەوڵەتێکی زلهێز بەڵکو گەورەترین زلهێز هاتووەتە ناوچەکە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی. ئێمەی کورد قازانجی گەورەمان لەوەدا بوو کە ڕژێمی بەعسی نەما. داتەپینی دەوڵەتی دیکتاتۆری بەعسی و دەزگاکانی بە ئەمن و موخابەرات و سوپاکەیەوە گەورەترین قازانج بووە بۆ کورد. بەهۆی هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق و ناوچەکە، باری سیاسی لە هەموو بەشەکانی تری کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ڕژێمی بەعسی نەدەڕووخا ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانانی خاکی عێراقیان داگیرنەکردبا. بەلام دەبێ ئاگاداربین دوژمنمان زۆرتر بووە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە. هەتا لەسەر ئاستی جیهانیش، کۆمەڵێك دۆستمان هەبوون کە نەیاری سیاسەتی ئەمریکا بوون، ئێستا بە چاوی جارانەوە تەماشای مەسەلەکەمان ناکەن.

---

گۆڤاری (ستاندەر)، ژمارە (١٤)ی ساڵی دووەم، نیسانی ٢٠٠٧.

# گۆڤاری (لڤین)

له پەراوێزی ئەو سیمینارەی له کەرکوك، له ڕۆژانی ٤ و ٥ و ٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ بەسترابوو بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر شیعرەکانی"ئەسیری"، ڕۆژنامەنووس سۆرانی مامە حەمە، بەناوی گۆڤاری (لڤین) له کەرکوك ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ دکتۆر نووری تاڵەبانی ئەنجامداوە. ئەوە دواکاریی ڕۆژنامەگەریی ئەو ڕۆژنامەنووسە بوو کە پاشان تیرۆرکرا.

پ: ئایا پێتان وایە "ئەسیری" توانیویەتی دڵسۆزی و خەبات و شۆڕشگێریی کەرکوکییان وەك خۆی بخاتە سەر کاغەز و له شیعرەکانیدا ڕەنگ بدەنەوە؟

وەڵام: ئەم سیمینارە بۆ یادکردنەوەی "ئەسیری" شاعیری کەرکوك ڕێکخراوە و جێگای سوپاسگوزارییە، ئومێدەوارین ئەم جۆرە سیمینارانە بەردەوام له شاری کەرکوك ڕێکبخرێن، چونکە تام و مانای تایبەتی خۆیان هەیە. ئەسیری پێش ئەوەی بیر له شارەکەی خۆی بکاتەوە، بیری له نەتەوەکەی کردووەتەوە و هەمیشە هەوڵیداوە گیانی نەتەوەیی لەنێو کورد بڵاوبکاتەوە. بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی ئەو کەڵە شاعیرە بریتی بوون له ئامۆژگاری و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی سۆزی نیشتمانپەروەری له دەروونی لاواندا. کاتێ هەرزەکار بووم، ئاشنایەتیم لەگەڵ بەشێك له شیعرەکانی ئەسیری پەیداکردبوو، قەسیدە بەناوبانگەکەی سەبارەت بە خۆشەویستیی خاکی کوردستانم لەبەر بوو، کە سەرەتاکەی بەم بەیتە دەستپێدەکات:

**بێرە کوردستان عەزیزم گەر تۆ سەیرانت دەوێ**

**بتبەمە قەندیل ئەگەر گوڵزاری کوێستانت دەوێ**

دڵسۆزیی ئەم شاعیرە بۆ کەرکوك گومانی تێدا نییە، خۆی بە ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی ئەم شارە زانیوە. له سەرەتای دەستپێکردنی بە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی له ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا نازناوی "کەرکوکی" بۆ خۆی هەڵبژاردبوو. لەو قەسیدەی باس له مێژووی کەرکوك دەکات، خۆزگە لەجێگایەکی بەرچاو له یەکێك له مەڵبەندە ڕۆشنبیرییەکانی کەرکوك بەخەتێکی گەورە بنووسرێتەوە، تاکو لاوان چاویان پێ

بکەوێ. لەو قەسیدەدا ئەسیری کەرکوك و کفری بە "ئەلزاس" و "لۆرێن" دەشوبهێنێ، کە دوو ناوچەن لە ئەوروپا، بەڵام لەبەر خاکی بە پیت و سامانیان، چەند شەڕی گەورە لە نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا هەڵگیرساوە بۆ دەستگرتن بە سەریاندا. ئەسیری ئەو دوو ناوچەیەی شوبهاندووە بە نیشتمانەکەی، چونکە کوردستانیش لەبەر خاك و سامانەکەی، دەوڵەتانی ناوچەکە هەمیشە هەوڵی داگیرکردنیان داوە. لە ساڵی ١٩٦٧ کە قوتابی دکتۆرا بووم لە فەرەنسا، جارێك بەسەفەر لەگەڵ (ژان پییێر ڤییەنۆ)، سکرتێری کۆمیتەی هاوکاریی فەرەنسی - کوردی پێکەوە دەچووین بۆ شاری "ستراسبورگ"، پایتەختی ئەو دوو ناوچەیە، پرسیاری هۆی ئەو شەڕانەی لەنێوان فەرەنسا و ئەڵمانیام لە چەند کەسێك کرد، وەڵامەکانیان جێگەی سەرنج بوون. وڵاتی ئێمەش وەکو وڵاتی کوردستان لەبەر سامانەکەی ئەو شەڕانەی لەسەرکراوە! وتیان ئەم وڵاتە هی خۆمانە و بەشێك نییە، نە لە فەرەنسا و نە لە ئەڵمانیا، زمانەکەشمان تایبەتە بە خۆمان، نە فەرەنسییە و نە ئەڵمانی. شاعیرێکی وەك ئەسیری لەو سەردەمە باس لەو دوو ناوچەیە بکات و بیانشوبهێنێتە کەرکوك و کفری، ئەمە چاکترین بەڵگەیە، کە شارەزای مێژووی وڵاتانی دووری وەك ئەوروپای ئەو سەردەمە بووە و هەوڵی داوە نیشتمانە داگیرکراوەکەی بشوبهێنێ بەو وڵاتانەی وەکو کوردستان، لەبەر سامانەکەیان داگیرکراون. هەموو دەزانین یەکێ لە هۆیە سەرەکییەکانی دابەشکردنی کوردستان لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی، سامانەکەی بووە، بەتایبەتی سامانی نەوت لە کەرکوك. ئێستاش لەبەر چاو چلێسیی دەوڵەتە زلهێزەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە و عەرەبی عێراق هەوڵدەدرێ کەرکوك لە کوردستان دابڕن، چونکە چاویان لە سامانەکەیەتی. ئەسیریی شارەزا لە ژیانی خەڵکی کەرکوك، شیعرەکانی تەرخانکردبوو بۆ ڕوونکردنەوەی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو شارە و بڵاوکردنەوەی گیانی نەتەوەیی لەناو لاواندا. ئەسیری کاتێ فەقێ بووە و بە شوێنی خوێندندا گەڕاوە، گەشتێکی زۆری بە شار و دێهاتەکانی کوردستاندا کردووە. ماوەیەك لە ئەستەموولێ بووە و چاوی بە گەورە پیاوانی کوردی دانیشتوانی ئەو شارە کەوتووە. لەپاش گەڕانەوەی بۆ کەرکوك، جگە لە ئامۆژگاری، گیانی

نیشتمان پەروەری بڵاوکردووەتەوە  مێژوو و جوگرافیای کوردستانی بۆ لاوان لە شیعرەکانیا ڕوون کردووتەوە. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت کە ئەسیری پیاوێکی بە دین بووە و هەوڵی داوە خۆشەویستی دین و خاك بە یەکەوە ببەستێ، لەو کارەی سەرکەوتوو بووە.

پ: رات بەرامبەر ئەم فێستیڤاڵە چییە؟

وەڵام: ئەمڕۆکە یەکەم ڕۆژی فێستیڤاڵەکەیە، جگە لە ئاهەنگی کردنەوەی، چەند بابەتێکی بەپێز پێشکەش کران و بەشێك لە بەشداربووان دەوڵەمەندیان کرد بە ڕاو و بۆچوون و تێبینییەکانیان. خۆشحاڵم لەم ڕۆژەدا چاوم بە چەندین ئەدیب و شاعیر و ڕووناکبیری کەرکوك کەوت، کە ماوەیەکی زۆربوو چاوم پێ نەکەوتبوون. ئومێدەوارم ڕێکخستنی ئەم جۆرە سیمینارانە بەردەوام بێت، لە هەمان کاتدا ڕوو دەکەمە بەرپرسیارانی کوردستان و داوایان لێ دەکەم ئاوڕێك لەم هۆڵە بدەنەوە، کە ئەم سیمینارەی تێدا بەستراوە، چونکە پێویستی بە چاکسازی هەیە، مەبەستم لێرەدا "چاکسازی سیاسی" نییە!

پ: ڕاتان چییە بەرامبەر بە سیاسییانی عەرەب، کە کاتێك پێویستییان بەهەماهەنگیی کورد دەبێ دێنە کوردستان؟

وەڵام: لە ماوەی ساڵانێکی زۆر لەگەڵ کۆمەڵێك لایەن و گرووپی سیاسی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی پێکەوە کارمان کردووە بۆ ڕووخانی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو، بەڵام بۆم دەرکەوت بەشێکی زۆریان لەناخەوە دۆستی کورد نین. هەڵوێستی ڕاستەقینەیان کاتێ دەردەکەوت کە پرسیارم لێ دەکردن: هەڵوێستیان لەبارەی سیاسەتی بە عەرەبکردن لە ناوچەی کەرکوك چییە؟ ئەوە چاکترین پێوەربوو بۆ تاقیکردنەوەی هەڵوێستیان. ئەو لایەن و گروپانەی سیاسەتی بە عەرەبکردنیان مەحکوم نەدەکرد، بە دۆستی کوردم نەدەزانین. تەنیا بەشێك لە چەپڕەوەکان و چەند کەسێکی لیبراڵی وەك دکتۆر حەسەن چەلەبی دەچنە خانەی ئەو کەسانەی ئەم سیاسەتەیان مەحکوم دەکرد. پێم باشە لێرەدا چەند  ڕووداوێك بگێڕمەوە سەبارەت بە هەڵوێستی ئەو لایەنانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەزانی. لە ساڵی ١٩٩٥ لە سوێد کتێبەکەم بە زمانی

عەرەبی: (منطقة كركوك و محاولات تغير واقعها القومي) چاپكرا. پێم باش بوو بەرپرسانی گرووپە سیاسیەكانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی چاویان پێی بكەوێت، بۆیە زیاتر لە ٣٠ دانەم بە پۆست بۆ ناردن، كە چاوم پێ دەكەوتنەوە، باسی كتێبەكەیان نەدەكرد، كاتێ پرسیارم لێ دەكردن ئایا كتێبەكەیان بەدەست گەیشتووە؟ هەستم دەكرد ناڕەحەت بوون لە ناوەڕۆكی كتێبەكە و نەیاندەویست باسی بكەن. وەكو نوكتە دەیگێڕمەوە، لە كۆبوونەوەیەكدا چاوم بە كۆنە ئەفسەری عێراقی (عەزیز قادر)، نوێنەری بەرەی توركمانی لە بریتانیا كەوت، پرسیاری لێكردم لە كوێ ئەو كتێبەی دەست دەكەوێت، چونكە لە مەكتەبەكاندا دەستی نەكەوتبوو. داوای ئەدرەسیم كرد تا بە پۆست كتێبەكەی بۆ بنێرم، چەند وشەیێكی جوانیشم لەسەر بۆ نووسی. پاش دوو هەفتەی دی لە كۆبوونەوەیێكی تر ڕووبەڕووم هات، بەڵام ڕووی لەولا كرد! لەو ڕۆژەوە وەكو دوژمن تەماشام دەكات! سەیر لەوەدایە بەشێك لە بەرهەڵستكارانی ڕژێمی پێشوو، كە خۆیان بە پێشكەوتووخواز دەزانی، دەیانگوت ئەو خەڵكانەی لە كەركوك نیشتەجێ كراون ئێستا منداڵیان لەوێ گەورەبووە، چۆن دەبێت داوایان لێ بكرێت بگەڕێنەوە بۆ ئەو جێگایانەی لێوەی هاتوون! ماوەیەك لەپاش دەرچوونی ئەو كتێبە، ئۆرگانی حیزبی (یەكیەتیی ئیسلامی توركمانی عێراق) كە سەر بە حیزبی (دەعوە) بوو بابەتێكیان بڵاوكردەوە تێیدا هێرشێكی زۆر كرابووە سەر كتێبەكە و نووسەرەكەی! لەپاش چەند هەفتەیەك هەمان ئەو مەقالە لە ئۆرگانی حیزبی (دەعوەی ئیسلامی عێراقی)، كە لە شام بڵاوكرایەوە، كاك كامەران فەرهادی، كە لە سویسرا دەژیت وەڵامی دابوونەوە، بەڵام هەردوو ڕۆژنامەكە ڕەدەكەیان بڵاو نەكردبووەوە.

لە تەمووزی ساڵی ٢٠٠٢ دا سیمینارێك لە بەرلین بەسترا بۆ كۆڵینەوە لەبارەی مەسەلەی كەركوك. لەو سیمینارەدا بابەتێكم پێشكەش كرد لەژێر ناوی:"هەڵوێستی لایەنە سیاسیەكانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی سەبارەت بە مەسەلەی كەركوك"، تێیدا ئاماژەم بۆ هەڵوێستی هەموولایەكیان كردووە، بەشێك لەو لایەنانە ئەمڕۆكە حوكمی عێراق دەكەن، هەرگیز سیاسەتی بە عەرەبكردنی كەركوكیان مەحكوم نەكردووە. لە

٢٨ی مانگی دیسەمبەری ٢٠٠٥ سەید عەبدولعەزیر حەکیم هاتە پەرلەمانی کوردستان، گوتم ئەو لایەنانەی سیاسەتی بەعەرەبکردن مەحکوم ناکەن ناتوانن ماددەی ٥٨ی قانوونی کاتی (ماددەی ١٤٠) جێبەجێ بکەن، چونکە باوەڕیان پێی نییە، کەسێك باوەڕی بە کارێك نەبێ ناتوانێ ئەو مادده قانوونییە جێبەجێ بکات، کە بۆ چارەسەرکردنی دانراوە. لەڕاستیدا ئاساییکردنەوەی باری کەرکوك دەبێ لەلایەن کەسانێکەوە بکرێت باوەڕیان بە سیاسەتی بەعەرەبکردن نەبێ.

پ: تا چەند گەشبینی بەرامبەر بە ئایندەی کەرکوك؟ بەشێوەیەکی واقیعبینانە؟

وەڵام: هەمیشە گەشبین بووم لە ژیاندا، هەتا لە ڕۆژە ڕەشەکانیشدا، سەبارەت بە کەرکوك و پاشە ڕۆژی کوردستان. بۆ مێژوو دەیگێڕمەوە، لەپاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ یاداشتێکم پێشکەش بە سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی کرد سەبارەت بە باری زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر، داوام لێکردن جارێ بیر لە کردنەوەی زانکۆیەکی نوێ لە کەرکوك نەکەنەوە. لەو یاداشتەدا پێشنیازم کردبوو ناوی زانکۆی سەلاحەددین بکرێت بە زانکۆی کوردستان و ئەو کۆلێجانەی سەر بە دیراساتی ئینسانین، بیانگوازنەوە بۆ سلێمانی، کە هەمیشە مەڵبەندی ئەدەب و زمان و ڕۆشنبیری بووە، تاکو لە ئایندەدا ئەو چەند کۆلێجە بکرێنە بنەما بۆ دامەزراندنی زانکۆیەکی تایبەت بە دیراساتی ئینسانی لە سلێمانی. کۆلێجی کشتوکاڵ لە زانکۆی سەلاحەددین، کە بەعس دایخستبوو، لە دهۆك بکرێتەوە و بکرێتە بنەما بۆ زانکۆیەکی تایبەت بە دیراساتی کشتوکاڵ و دارستان و توتن لە دەڤەری بادینان. لەو یاداشتنامەدا پێشنیازی دامەزراندنی زانکۆیەکی تێکنۆلۆجیم لە کەرکوك کردبوو. چەند مامۆستایەك بیستبوویان پێشنیازی کردنەوەی زانکۆیێکم لە کەرکوك کردووە لەپاش ڕزگارکردنی کەرکوك، (لەو سەردەمە لەژێر دەستی ڕژێم بوو)، بە بزەیەکی سەر لێوەوە پێیان گوتم وادیارە زۆر بە پەلەی بۆ کردنەوەی زانکۆ لە کەرکوك! لەو دەمە ئەو کەسانە بە خەیاڵیش بیریان لەوە نەدەکردەوە، بەڵام هەمیشە ئازادکردنی کەرکوکم لەبەرچاو بووە. ١٢ ساڵ زۆر نییە بۆ ژیانی گەلێك، خۆشبەختانە کەرکوك لە ئاداری ٢٠٠٣ دا ڕزگارکرا. ئەمڕۆکە لە کەرکوك زانکۆیەك هەیە هەرچەندە

بۆچوونی تایبەتیم هەیە سەبارەت بە کۆلێجەکانی و بابەتی تریش لەو زانکۆیە. لە پاش ئازادکردنی کەرکوك بە ماوەیەکی کەم، بابەتێکم بە کوردی و ئینگلیزی لەسەر زانکۆی کەرکوك بلاّوکردەوە، پێشنیازی چەند چاکسازییێکم کردووە بۆ بەرەوپێشخستنی لە هەموو ڕوویێکەوە.

چارەسەرکردنی پرسی کەرکوك بەندە بە هەڵوێستی یەکگرتووی سەرکردایەتیی سیاسی کورد. لەپاش ڕووخانی ڕژێم لە ئاداری ٢٠٠٣ بە چەند هەفتەیەك، لەگەڵ دکتۆر جەبار قادر و دکتۆر ئازاد شێخانی یاداشتێکمان ئاراستەی سەرۆکی هەردوو حیزبی سەرەکی کوردستان کرد، پێشنیازی دامەزراندنی لیژنەیەکمان کرد لە چەند کەسێکی پسپۆڕ و شارەزای خەڵکی کەرکوك و نوێنەرانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان لەو شارە، ئەرکی سەرەکی ئەو لیژنە ئامادەکردنی دیراسەی جۆراوجۆر بێت لەبارەی کێشەکانی کەرکوك، لەگەڵ ئامادەکردنی پلانێکی فراوان بۆ چارەسەرکردنیان. پێشنیازی ئەوەشمان کردبوو ئەو لیژنەیە بتوانێ لیژنەی دیکە دروست بکات لە هەموو بوارەکاندا، بەداخەوە داواکەمان پشتگوێ خرا. ئەو لیژنەی پتر لە ساڵێکە دروستکراوە بە سەرۆکایەتیی کاك حەمید مەجید موسی، پێویستە هەموولایەك پشتگیری لێ بکات و چاکترە ژمارەی ئەندامانی کەم بن. چاکترە سەرۆکی لیژنەکە نوێنەری حکوومەتی عێراق بێت، ئەندامانی دیکەی، یەکێکیان نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت و ئەوی تر یان نوێنەری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بێت، لەگەڵ دوو پسپۆڕ، کە یەکێکیان تورکمان بێت. پێویستە بریارەکانی ئەو لیژنەیە سیفەتی ئیلزامییان هەبێ، تاکو هەموو وەزارەت و دەزگاکانی عێراق و کوردستان جێبەجێیان بکەن.

پ: پێتان وانییە کاربەدەستان و لێپرسراوانی کورد لە کەرکوك بەهۆی مەسلەحەتی شەخسی و مەرامی حیزبییەوە نەیانتوانیوە سەرکەوتوو بن لە ئەرکە نەتەوایەتیەکانیاندا؟

وەڵاّم: بەرژەوەندی حیزب دەبێ لەپاش بەرژەوەندیی کورد بێت، مەسەلەی کەرکوك مەسەلەیەکی نەتەوەییە، هی هەموو کوردە، ئەگەر بەو گیانە چارەسەری کێشەکانی

کەرکوك نەکرێ، بە دۆڕاوی دێنەدەر. مەسەلەی کەرکوك جاروبار بۆ مەبەستێکی سیاسیی تایبەت بەکارهاتووە، بۆ نموونە، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، کە لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ دا ئامادەکراوە پێشنیازکراوە کەرکوك بکرێتە پایتەختی هەرێمی کوردستان. بڕواناکەم کەسێك لەم کوردستانە بەقەد من پشتگیری لەم پێشنیازە بکات، بەڵام دەزانم ئەم پێشنیازە بۆ تەپوتۆزکردنە، دەبێ پێشتر کەرکوك بخرێتە سەر سنووری ئیدارەی هەرێمی کوردستان، ئەوجا باس لەوە بکرێت بکرێتە پایتەختی ئەو هەرێمە. تا ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع لە کەرکوك یەك ڕیزی و یەك هەڵوێستی لەنێو قاعیدەی هەردوو حیزبی سەرەکی کوردستان بەدی ناکرێت. هەڵگرتنی دروشمی گەورە کێشەکان چارەسەر ناکات، بەڵکو دەبێ سەرەتا قاعیدەی ئەو دوو حیزبە بە گیانی یەك ڕیزی و تەبایی و یەك هەڵوێستی پەروەردە بکرێن. هەروەها پێویستە لە بودجەی حکوومەتی هەرێم بڕە پارەیەکی باش تەرخان بکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی کەرکوك و هەموو بەشەکانی تری کوردستان، کە تا ئێستا لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەند ماونەتەوە. ئەم هەنگاوانە دەبنە بەردی بناغە بۆ پڕۆسەی گەڕانەوەی کەرکوك بۆ باوەشی کوردستان.

**پ: هەڵسەنگاندنتان بۆ بڕیارە نابەجێیەکانی ئیبراهیم جەعفەری تایبەت بە زیادکردنی نرخی سووتەمەنی لەسەرتاسەری عێراق و خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی کەرکوك چییە؟**

وەڵام: دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری لەوەتەی بووە بە سەرەك وەزیرانی عێراق نە باری ئەمنی لە عێراق بەرەوباشی چووە، نە هەنگاوێکی ناوە بۆ ئاساییکردنەوەی باری کەرکوك، بە جێبەجێکردنی ماددەی ٥٨ ی قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق (ماددەی ١٤٠)ی ئێستا. بڕیاری زیادکردنی نرخی سووتەمەنی چەند ڕۆژێك لەپاش ئەنجامدانی هەڵبژاردن، لە ١٥ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥، دەچێتە پاڵ بڕیارە چەوتەکانی دیکەی ئەو حکوومەتە. ئەگەر ئەو بڕیارە پێش ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە بدرابا، ئاکامەکانی بە جۆرێکی تر دەبوون، ئەوەش بەڵگەیەکی دیکەیە کە دووڕوویی هەمیشە سیمای سیاسەتی حکوومەتی جەعفەری بووە. هاتنی بۆ

کوردستان بە مەبەستی پاکانەکردن بوو، چونکە کاری بە کورد هەیە. لەم سەردانەی بۆ کوردستان ویستی جۆرە فیتنەیەك دروست بکات لەنێو حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك و چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوك لە چوارچێوەی سەرفکردنی مەبلەغێ پارە بهێڵێتەوە، گەر کورد هەمیشە خۆش باوەڕبێ، نابێ سیاسەتمەدارانی بەو شێوە بیر بکەنەوە.

سەبارەت بەو خۆپیشاندانەی لەم دواییەدا لە چەند شوێنێکی کەرکوك ڕوویاندا، ئەو خۆپیشاندانە مافێکی ڕەوای خەڵکە و پێویستە کاربەدەستان بکۆڵنەوە لە داواکارییەکانیان و هەوڵ بدەن بە زووترین کات جێبەجێیان بکەن، بەڵام پێویستە خۆپیشاندان هێمنانە ڕێکبخرێت و کەسێك یان کەسانێك پەنا نەبەنە بەر کاری توندوتیژی، کە ئاکامێکی باشی لێ نەبێتەوە. وەك قانووناسێك دەڵێم، هەموو لایەك دەبێ پەنا بەرێتە بەر قانوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەگەرچی تا ئەمڕۆ حوکمی قانوون سەرەوەر نییە، نە لە کەرکوك و نە لە بەشی زۆری وڵات، بەڵام پێویستە هەموو ڕێز لە قانوون بگرن گەر بمانەوێ وڵاتەکەمان بەرەو پێشکەوتن بڕوا.

پ: هیچ مەترسییەك دێتە ئاراوە ئەگەر ئیبراهیم جەعفەری بۆ سەرۆك وەزیران هەڵبژێررێتەوە؟

وەڵام: خەڵکی کوردستان بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی بەسەرهاتێکی تاڵ و ناخۆشیان لەگەڵ حکوومەتی دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری هەیە، بۆیە بڕوا ناکەم بکرێتەوە بە سەرەك وەزیرانی عێراق. هەروەها ئەو ناکۆکییانەی لە نێو لایەنەکانی لیستی (ئیئتلافی عێراقی)دا هەن ڕێگا نادەن جەعفەری جارێکی تر بکرێتەوە بە کاندیدی ئەو لیستە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیی حکوومەتی داهاتوی عێراق. جەعفەری بانگکرابوو بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگی کردنەوەی پەرلەمانی کوردستان و ئاهەنگی سوێندخواردن لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڵام بۆ هەردووکیان نەهات، بەڵام کە بینی لایەنی کوردستانی نایەوێ بکرێتەوە بە سەرەك وەزیران لە حکوومەتی ئایندەی عێراقدا، هات بۆ کوردستان بۆ چاوپێکەوتنی سەرکردەکانی. ئەو

بۆچوونەی کە دەڵێ لایەنی کوردستانی مافی ئەوەی نییە کاندیدکردنی دکتۆر جەعفەری ڕەتبکاتەوە، بە ڕاستی نازانم. لایەنی کوردستانی دەتوانێ ئاگاداری لیستی ئیئتلافی عێراقی بکاتەوە کە ناتوانن پشتگیری لە جەعفەری بکەن، چونکە کردەوەکانی لەماوەی دە مانگی ڕابوردوودا دۆستانە نەبوون و هاوکاری نەکردووە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوك، کە کێشەی سەرەکیی خەڵکی کوردستانە.

پ: بۆچی پەرلەمانی کوردستان خاوەنی بڕیار نییە؟

وەلاّم: خۆشحاڵم بە ئاراستەکردنی ئەم پرسیارە و هەوڵدەدەم ڕاشکاوانە وەلاّمی بدەمەوە، چونکە چەند جارێك پرسیاری لەو شێوەم لێکراوە هەروەها لە چەند پەرلەمانتارێك، بەلاّم ڕاشکاوانە وەلاّمیان نەداوەتەوە.

پەرلەمانی کوردستان هەر لەسەرەتاوە بە "عەمەلیاتێکی قەیسەری" لەدایك بووە، ئەویش پاش تێپەڕبوونی چەند مانگێك. پێش کۆبوونەوەی پەرلەمان، کۆمەڵێك ئەندامانی لە جێگایەك کۆبوونەوە داوایان دەکرد ڕێگابدرێت بە کۆبوونەوەی پەرلەمان. لە کۆبوونەوەیەکی دووەمدا بڕیاردرا ئەگەر تا هەفتەیەکی تر پەرلەمان کۆ نەبێتەوە، بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوە بچنە بەردەم بینای پەرلەمان داوا بکەن ڕێگا بە کۆبوونەوەی پەرلەمان بدرێت. لە ڕۆژی دیاریکراودا هەر چوار پەرلەمانتاری هەڵبژێرراو چووینە بەردەم تەلاری پەرلەمان و ئەوانی تر نەهاتن!

لە پەرلەمانی هەرێم سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەو پەرلەمانە پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن دیاری کراون! دەکرا ئەم بڕیارە لەلایەن ئەو دوو حیزبەوە، کە چاوەڕوان دەکرا پێکەوە زۆرینەی کورسییەکان بەدەستبهێنن، ئاشکرا نەکرێت پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن و کۆبوونەوەی پەرلەمان، بۆ ئەوەی لەبەرچاو ڕای گشتی و میدیا بە شێوەیێکی شەفاف لە هەڵبژاردنێکی نهێنیدا دیاری بکرێن. حیزبە دەسەلاّتدارەکانی کوردستان دەیانویست بە خەڵك بڵێن، دەسەلاّت هەر بەدەست ئەوانەوە دەمێنێ هەتا پاش هەڵبژاردنیش! تا ئێستا گوێ لەخواستی ئەندامانی پەرلەمان نەگیراوە، ئەوەش بێ باوەڕی بە پەرلەمان دروستکردووە لەلای خەڵکی کوردستان. پڕۆسەی بەناو هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە شێوەیەکی سەیر ئەنجامدرا، جێگری

سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی کاندید کرد، سەرۆکیش پاشان جێگرەکەی کاندیدکرد! دەکرا ئەو کارە بسپێرن بە چەند ئەندامێکی هەردوو لیستەکەیان وەك چۆن تائێستا چەند پڕۆژە قانوونیان پێکەوە پێشکەش بە پەرلەمان کردووە پێش یەکگرتنەوەی هەردوو حکوومەتەکەی هەولێر و سلێمانی!

ئەرکی سەرەکی پەرلەمان لە هەموو وڵاتێکدا بریتییە، یەکەم لە متمانەدان بە حکوومەت و چاودێریکردنی کارەکانی و لێپرسینەوە لە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران. ئەرکی دووەمی بریتییە لە پەسندکردنی پڕۆژەی قانوونانەکان، کە زۆر جاران حکوومەت ئامادەیان دەکات. بەپێیی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، دە ئەندامی پەرلەمان دەتوانن پڕۆژەی قانوونێك ئامادەبکەن و داوا لەسەرۆکایەتیی پەرلەمان بکەن بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بەڵام لە ڕاستیدا ئەندامانی پەرلەمان ئاگادارییەکی ئەوتۆیان لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروباری حکوومەت نییە و نازانن وەزارەت و دەزگاکانی تر پێویستییان بە چ قانوونێك هەیە. بە واتایەکی تر، حکوومەت بە شێوەیەکی باشتر دەتوانێ پڕۆژەی قانوونەکان ئامادە بکات و ڕاستەوخۆ بیخاتە بەردەم پەرلەمان تا گفتوگۆی لەسەربکرێت و پەسندی بکات، نەك بەو شێوەی ئێستا کراوە. ئومێدەوارین حکوومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان پێش دامەزراندنی حکوومەتی ناوەندی بەغدا دابمەزرێ. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت، کە ئەندامانی سەربەخۆ لەناو پەرلەماندا زۆر کەمن، بڕیار هەر بەدەستی پەرلەمانتارانی سەر بەو دوو حیزبەیە، لەگەڵ هاوکاریکردنی حیزبەکانی تر.

تا ئێستا دوو پڕۆژەی قانوون لەلایەن کۆمەڵێك لە پەرلەمانتارانەوە خراونەتە بەردەم سەرۆکایەتیی پەرلەمان، یەکێکیان سەبارەت بە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانە، کە ٥٩ ئەندام پەرلەمانتار ئیمزایان کردووە، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان بۆ ماوەیەکی زۆر نەیخستە بەردەم پەرلەمان، پاشان هەر خۆی بڕیاری دروستکردنی لیژنەی ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی دا. داواکاری دووەم لەلایەن ٦٢ پەرلەمانتارەوە پێشکەش کراوە بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە ئومێدەوارین ئەمیان لەپاش جەژن گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەگەر تا ئەودەمە

هەردوو ئیدارەکە یەك نەگرنەوە. کێشەی پەرلەمان لەوەدایە، دەستەی سەرکردایەتییەکەی گوێ لە مەکتەبی سیاسی ئەو دوو حیزبە دەگرێت زیاتر لە خواست و داواکارییەکانی ئەندامانی پەرلەمان، چونکە سەرۆك و جێگرەکەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو دوو حیزبەن، لەوە دەچێ فەرمانی حیزبیان لەلا گرنگتر بێت، تا داواکارییەکانی ئەندامانی پەرلەمان!

پ: پێتان وایە ئیدارەکان یەکدەگرنەوە؟ ئەگەر یەك نەگرنەوە، هۆکارەکانی چین؟

وەڵام: لەپاش هەڵبژاردنی پەرلەمان، هەردوو ئیدارەکە دەبوو دەست لە کاربکێشنەوە، ئەمە پرەنسیپێکی قانوونییە و پێویست بە بوونی دەستوور یان قانوونی تایبەت ناکات. حکوومەتی بەغدا ماوەیەك پاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دامەزرا، بەڵام هەردوو حکوومەتی کوردستان ئێستاش بەردەوامن لە ئەنجامدانی کارەکانیان، هەر وەك بڵێی هەڵبژاردن لە کوردستاندا ئەنجام نەدراوە! ئەو دوو حکوومەتە هیچ پەیوەندیەکی قانوونییان بە پەرلەمانەوە نییە، چونکە داوای متمانە وەرگرتنیان لێ نەکردووە. بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکان لە هەرێم بکەونە ژێر دەستی دەزگا شەرعییەکانی کوردستان، پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم وحکوومەتی دیاریکراو لەلایەن ئەو پەرلەمانەوە دەستنیشان بکرێت، کارەکان دەبێ بەو شێوەیە بێت، ئەگەر نا بەشێوەی ئێستا دەمێننەوە و دوور دەکەوینەوە لە دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی دەستووری لەم بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان. هۆکارەکانی یەك نەگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەیە ئەو دوو حیزبە بەرپرسن لێی و زۆربەی ئەندامانی ئەو پەرلەمانە سەر بەو دوو حیزبەنە، کەواتە ئۆباڵی یەك نەخستنەوەی ئیدارەکان لە ئەستۆی ئەو دوو حیزبەیە.

پ: تا چەند لەگەڵ دروستبوونی پەرلەمانی لاواندایت؟

وەڵام: دامەزراندنی پەرلەمانی تایبەت بە لاوان کارێکی چاکە، بەڵام پرسیار لەوەدایە، چۆن دروست دەکرێت؟ ئایا لە شێوەی ڕێکخراوە بەناو سەربەخۆیەکان، یان لە ئاکامی هەڵبژاردنێکی ئازادا، بێ دەستێوەردانی حیزبەکان؟ پێویستە ئەم کارە بەشێوەیێکی

باشتر دیراسە بکرێت تاکو نەکەوینە بەردەم پەرلەمانێکی تایبەت بە لاوان، بەڵام لەژێر ڕکێفی حیزبە دەسەڵاتدارەکان.

پ: پێتان وانییە دانانی قانوونێك سەبارەت بە تێرۆر مەترسی تێرۆر لە کوردستان دەخاتە ڕوو؟ هەروەها بۆ داهاتووش.

وەڵام: تێرۆر بووەتە دیاردەییەکی جیهانی و پێویستە لەسەر ئاستی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی، بەهاوکاریی هەموو لایەك چارەسەربکرێت، ئەگینا دەبێتە مەترسییەکی گەورە لەسەر هەموویان. لە بەشی هەرە زۆری دەوڵەتانی دونیادا قانوونی تایبەت بە تیرۆر پەسندکراوە، کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی لە مانگی تەمموزی ٢٠٠٥ دا قانوونێکی تایبەت بە تیرۆر پەسندکرد، کە بەشێك لە بەندەکانی زۆر توندو تیژن. بەپێی ماددەی سێی ئەو قانوونە، هەر کارێك ببێتە هۆی هەڕەشەکردن لەسەر یەکیەتیی نیشتمانی عێراق کارێکی تیرۆریستیە، پرسیار لەوەدایە، ئەگەر ئەم بەندە بە فراوانی لێکبدرێتەوە، وەك ئەوەی گەلی کوردستان داوای بڕیاردان لەسەر مافی چارەنووسی خۆی بکات، ئەو داواکاریە چۆن لەلایەن دەزگاکانی حکوومەتی ناوەندیەوە لێکدەدرێتەوە؟

پەسندکردنی قانوونێکی تایبەت بە تێرۆر لە کوردستان کارێکی باشە، بەمەرجێك ئەو قانوونە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت و ڕێگا بە پێشێلکاریکردنی مافەکانی تۆمەتبار نەدات، کە لەبەردەم دادگایەکی ئاساییدا دادگایی بکرێت.

دوا پرسیار: پێتان وایە دەتوانن لە پەرلەمانی کوردستان فەرمانبەرە گەورەکانی حکوومەتی هەرێم لەسەر گەندەڵی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن؟

وەڵام: ئەگەر حکوومەتی یەکگرتوو دروستبکرێت، ئەرکی پەرلەمانە چاودێری کارەکانی بکات، بۆیە دەتوانێ لێژنەی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر گەندەڵی دروست بکات لە ئەندامانی پەرلەمان، یان لە چەند ئەندامێکی بەهاوکاریی چەند پسپۆڕێکی شارەزا لە بواری جیاوازدا. یان لە کەسانی پسپۆڕ بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لەژێر چاودێریی خۆی.

# چاوپێکەوتنی پەیامنێری ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" لەگەڵ دکتۆر نوری تاڵەبانی

پرسیاری یەکەم: ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق و هاوپەیمانان ڕێککەوتننامەیەکیان مۆرکردووە لەبارەی ماوەی دەسەڵاتی کاتی تێیدا فیدڕاڵی لەسەر ئاستی پارێزگاکاندا دەچەسپێت، بەڵام تیایدا باس لە ڕێزگرتن لە عێرق، گوایا باری تایبەتمەندێتی کوردستان کراوە. جەنابتان کە دەقی ئەم ڕێککەوتننامەیەتان بینیوە، دەکرێت بە وردی شرۆڤەی ئەم ڕێککەوتننامەمان بۆ بکەن و بۆمان ڕوون بکەنەوە؟

وەڵام: پێش وەڵامدانەوەی پرسیارەکەتان چاکترە ئاماژە بۆ ئەو هەوڵانە بکەم، کە بە بۆچوونی من سەرەتای پەیدابوونی ئەو بیر و بۆچوونانەیە، کە فیدڕاڵیەتی پارێزگاکانی لێ پەیدا بووە. چەند مانگێك پێش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی، چەند کەسانێکی عێراقی لە ئەمریکا دەژین و دەوڵەتنامەی ئەمریکییان هەیە، بە هاوکاریی چەند دەزگایەکی ئەمریکی ناحکومی، کە لێکۆڵینەوەی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامادە دەکەن، کەوتنە بیروڕا گۆڕینەوە سەبارەت بە پاشەڕۆژی دەستوریی لە عێراق و گەڵاڵەی ئەو سیستمە دەستووریەیان کرد. بەلای منەوە ئەوە شێوەیەکە لە سیستمی ناناوەندی (لامەرکەزی)، تێیدا عێراق دابەشدەکرێت بەسەر ١٨ (ویلایەت)دا، یان هەر ناوێکی دی لێ بنێن، هەر یەکە لەم ویلایەتانە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆییان پێ دەدرێت، بەڵام دەسەڵاتە سەرەکییەکان هەر بەدەستی حکوومەتی ناوەند دەمێنێتەوە. پرۆسەکە بەناوی فیدڕاڵیەتەوە پێشکەش کرابوو تاکو قبووڵ بکرێت. ئەوان دەڵێن ئەم جۆرە فیدڕاڵیەتە گونجاوترە بۆ پێکهاتەی کۆمەڵگای عێراقی کە پێکهاتووە لەچەند نەتەوەی جیاواز و چەند

تایفەیەکی مەزهەبی. ئەم سیستمە هەرچەندە بەناوی فیدڕاڵیەتەوە خراوەتە بەرچاو، بەڵام لە سنووری لامەرکەزی ئیداری فراوان تێپەڕناکات. هەموو ئاگادارین کە کورد لە ساڵی ١٩٦٣ سیستمی لامەرکەزی ڕەد کردووەتەوە، هەڵبەتە ئەمڕۆکە بەبێ دوو دڵی ئەم بەناو "فیدڕاڵیەتە" ڕەد دەکاتەوە. ئەو هەموو کارەسات و کوشتن و ماڵ وێرانی و جینۆسایدەی بەسەر کوردا هاتووە، ڕێگا نادات جارێکی تر بە فیدڕاڵیەتێکی بەم چەشنە ڕازی بێت. بەشێك لەو کەسانەی بەشداریان کردووە لە ئامادەکردنی ئەم سیستمە فیدڕاڵیەتە، لەبنەڕەتدا ناسیۆنالیستی عەرەبین و چەند ساڵێکە بوون بە "دیموکراتخواز" و پشتگیری لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن.

لێرەدا هەر بۆ بە بیرهێنانەوە، ئاماژە بۆ هەڵوێستی یەکێ لەو کەسانە دەکەم کە چەند ساڵ لەمەوبەر هەوڵی داوە ڕێگا خۆش بکات بۆ ئەو پرۆسەیە. لە ساڵی ١٩٩٥ "ئەنستیتوی عێراقی لە واشنتۆن" کە خاتوو ڕەند ڕەحیم، سەفیری تازەی عێراق لە ئەمریکا، بەڕێوەبەری بوو، ویستی کۆنفرانسێك ساز بکات بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پاشەڕۆژی دەستووریی لە عێراقی پاش نەمانی ڕژێمی بەعسی. ڕێککەوتین لەگەڵ دکتۆر حەسەن چەلەبی، ئەویش بانگکرابوو بۆ ئەو کۆنفرانسە، پێکەوە باسێکی قانوونی پێشکەش بکەین لەبارەی سیستمی فیدڕاڵی. پاش چەند ڕۆژێك ڕەند ڕەحیم، پەیوەندی پێوە کردم بۆ بەشداری کردن لەو کۆنفرانسە، داوای ئەجیندەی کۆنفرانسەکەم لێ کرد. کاتێ بۆی ناردم تەماشا دەکەم تێیدا نووسراوە کۆنفرانسەکە لێکۆڵینەوە لەبارەی هەر سێ سیستمی لامەرکەزی و حوکمی زاتی و فیدڕاڵیەت دەکات. پرسیارم لێی کرد مەبەست چییە لە باسکردنی لامەرکەزی و حوکمی زاتی لەو کۆنفرانسە؟ وەڵامەکەی قەناعەتی پێ نەکردم، بۆم دەرکەوت مەرامیان لە باسکردنی ئەو هەموو سیستمانە دەستنیشانکردنی یەکێکیانە بۆ پاشەڕۆژی عێراق!

ناچار بووم ئاگاداریان بکەمەوە ئەگەر ئەجیندەی کۆنفرانسەکە دەستکاری نەکرێت بە شێوەیەك کە تەنیا باس لە فیدراڵیەت بکرێت، بەشداری لە کۆنفرانسەکە ناکەم، دکتۆر حەسەن چەلەبیشم ئاگادرکردەوە، کە پەشیمان بوونەتەوە لەوەی ڕێککەوتبووین لەسەری، کە تەنیا باس لە فیدراڵیەت بکرێت. لە بەیاننامەیەکدا کە ٤٨ ڕووناکبیری کوردی دانیشتوی بەریتانیا ئیمزایان کردبوو، تێیدا نارەزایی خۆیان دەربڕیبوو سەبارەت بە هەڵوێستی ڕەند ڕەحیم، داواشیان کردبوو ئەجیندەی کۆنفرانسەکە دەستکاری بکرێت، تێیدا تەنیا باس لە فیدراڵیەت بکرێت. مخابن دوو کەسی تر بەناوی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان بەشدارییان لە کۆنفرانسەکەدا کرد!

کورد دەبێت لە بەرانبەر ئەم جۆرە پێشنیازانە بێ دەنگ نەبێت و بەروونی و بێ پێچوپەنا و بێ موجامەلە ڕاووبۆچوونی خۆی دیاری بکات. کورد دەبێت بە یەك دەنگیی داوای چەسپاندنی فیدراڵی جوگرافی نەتەوەیی بکات. ئەم داواکارییەی کە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر ئەندامە کوردەکانی ناو ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق پێشکەشیان کردووە بەو ئەنجومەنە سەبارەت بە دەستنیشانکردنی شێوەی فیدراڵی پاشەڕۆژی عێراق، هەموو کوردێك پشتگیری لێ دەکات، چونکە مەسەلەی فیدراڵیەتی جوگرافی نەتەوەیی پێویستە بە زووترین کات یەکلایی بکرێتەوە. ئەو کاتە دەزانین کام لایەنی سیاسیی عێراقی پشتگیری لە داوا ڕەواکانی گەلەکەمان دەکات و کامیان بۆ موجامەلە باس لە فیدراڵیەت دەکات. سەبارەت بە ڕێزگرتن لەباری تایبەتی ئێستای هەرێمی کوردستان، چاکترە قسە لە فراوانکردنەوەی هەرێمی کوردستان بکەین تاکو ناوچە تازە ئازاد کراوەکان بخرێنە سەری، نەك باس لە ڕێزگرتن لەباری ئێستای کوردستان بکەن، کە بەداخەوە دابەشکراوە بەسەر دوو ئیدارەدا.

پرسیاری دووەم: عێراقێکی فیدراڵی یان فیدراڵیەت بۆ کوردستان خواستی لە مێژینەی گەلی کوردستان بووە، ئەمە لە کاتێکدا گەلی کورد هیچ دەست بەرداری مافی چارەنووسی خۆی و سەربەخۆیی نەبووە، کام فیدراڵیەت دەتوانێت دەستەبەری و بە دەستهێنەرەوەی مافی گەلی کوردستان بێت؟

وەڵام: مافی چارەنووس و دەستنیشانکردنی پاشەڕۆژی گەلی کوردستان بە ویست و ئارەزووی خۆی، نابێت لەگەڵ داوای فیدراڵیەت تێکەڵ بکرێت. ئەگەر ئەمڕۆکە لەبەر هەر هۆیەك بێت، گەلی کوردستان داوای فیدراڵیەت دەکات لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا، سەرچاوەی ئەم داواکارییە مافی چارەنووسە، کە ڕێگا بە گەلەکەمان دەدات خۆی بەو شێوەی دەیەوێت بڕیاری پاشەڕۆژی خۆی بدات. کورد لە دێرزەمانەوە لەسەر خاکی خۆی دەژیت و پەیماننامەی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠ مافی چارەنووسی بۆ گەلی کوردستان چەسپاندووە و بە ڕوونی دانی ناوە بە بوونی وەکو نەتەوەیەك، کە مافی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی هەیە. ئەم پەیماننامەیە بەشێکە لە قانوونی نێو دەوڵەتی، ئایا ئەو بەندانەی کە پەیوەندییان بە دەستنیشانکردنی پاشەڕۆژی کوردەوە هەیە جێ بەجێ کرابن، یان نەکرابن لەبەرژەوەندی چەند دەوڵەتێك. لە پاش لەکارخستنی ئەو پەیماننامەیە، مەسەلەی کورد ماوەتەوە و کۆتایی پێ نەهاتووە، هەر چەندە نەیار و ناحەزانی هەمیشە بە هەموو شێوەیەك هەوڵیان داوە دابەشکردنی کوردستان بکەنە هۆی نەمانی "کێشەکەی" و کۆتایی بە مەسەلەکەی بهێنن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. قسەکانی وەزیری دەرەوەی تورکیا لە ٢٤ی مانگی دیسەمبەری ٢٠٠٣، کە گوایا وڵاتەکەی بێ دەنگ نابێت لە "دابەشکردنی عێراق" تازەترین بەڵگەیە کە مەسەلەی کورد بە زیندوویی ماوەتەوە. چەندەها نەتەوەی تری وەکو کورد پێشتر دابەش کرابوون و

پاشان یەکیان گرتووەتەوە و قەوارەی خۆیان دروست کردووە. ئەمڕۆکە ئەگەر لە باشوری کوردستان داوای فیدڕاڵیەت بکرێت، پێویستە شێوەی ئەو فیدڕاڵیەتە بە زووترین کات دەستنیشان بکرێت، دەبێ بەو شێوە بێت کە کورد داوای دەکات لەسەر بنەمای جوگرافیی نەتەوەیی و لە چوارچێوەی سنووری کوردستان کە مێژوونووسان دەمێکە دەستنیشانیان کردووە.

لە وەلامدانەوەی پرسیاری یەکەمتان ڕای خۆم دەربڕیوە سەربارەت بەو بەناو "فیدڕاڵیەتە"ی لەسەر ئاستی پارێزگاکان باسی لێ دەکرێت.

لەپاش پەسەندکردنی سیستمی فیدڕاڵی بەپێی بڕیاری پەرلەمانی هەرێم لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢، کورد پێشنیازی دابەشکردنی عێراقی کردووە بەسەر دوو هەرێمدا. لە پڕۆژەی دەستووری هەرێم لە ساڵی ١٩٩٢، پێشنیازم کردووە لە پاڵ هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی عەرەبی هەبێ، ئەم داواکارییە دەگونجێت لەگەڵ فیدڕاڵیەتی جوگرافیایی نەتەوەیی، کە کورد داوای دەکات. لە ڕاستیدا دەوڵەتی عێراق لەسەر بەشێك لەخاکی کوردستان و بەشێك لە نیشتمانی عەرەب دروستکراوە. بەلام ئەگەر عەرەبی عێراق بیانەوێت بەشی عەرەبی بە یەکپارچەیی نەمێنێتەوە و دابەش بکرێت بەسەر چەند هەرێمێکدا، ئەوە کاری خۆیانە. ئێستا بەشێك لە لایەن و سیاسەتمەدارانی عەرەبی عێراق داوا دەکەن سیستمی فیدڕاڵی بۆ کوردستان پەسەند بکرێت و عێراقی عەرەبی وەکو خۆی بمێنێتەوە، یان بە شێوەی لامەرکەزیی حوکم بکرێت. لەم حاڵەتەدا پێویستە سیستمێکی فیدڕاڵی گونجاو بۆ ئەم دابەشکردنەی عێراق ئامادە بکرێت، چونکە لە سیستمی فیدڕاڵیدا وەکو دەزانین، وڵات دابەش دەکرێت بەسەر چەند هەرێمێکدا بە شێوەیەکی یەکسانی بەشداری دەکەن لە بەڕێوەبردنی دەزگاکانی حکوومەتی ناوەندیدا. بەشداری کردنی هەرێمی

کوردستان له دەزگاکانی ناوەندیدا، دوو شێوە وەردەگرن: یەکەم لەسەر ئاستی پەرلەمانی ناوەندی، کە پێکدێت لە دوو ئەنجومەن، دووەم بەشداری کردن لە بەڕێوەبردنی دەزگاکانی ناوەندی بەپێی ڕێژەی نفووسی گەلی کوردستان. ئەگەر پەرلەمانی ناوەندی لە دوو ئەنجومەن پێك نەیت، یەکێکیان نوێنەری هەرێمەکان بێت، بەشدارکردنی کورد لە حوکمڕانی ناوەند ڕەواڵەتی دەبێت. پێویستە لەکاتی ئامادەکردنی دەستووری عێراق چارەسەری ئەم کێشانە بکرێت. بەڵام وەکو پێشتر ڕوونم کردووەتەوە، بەرژەوەندیی کورد لەوەدایە عێراق دابەش بکرێت بەسەر دوو هەرێمدا، ئەگەر ئەم پێشنازە قبووڵ نەکرێت، پێویستە بە وردی چارەسەری ناوەڕۆکەکەی بکرێت.

پرسیاری سێیەم: بە ڕووخانی ڕژێمی بەعس وەرچەرخانێکی گەورە لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی عێراقدا ڕوویداوە، ئەگەر جاران دەسەڵات بە دەستی تەنها تایەفەیەکەوە بووە، لە عێراقی نوێدا ئەو کۆت و بەربەستانەی لەبەردەم دەسەڵاتدا هەبوون تێکشکاوە. لەدەسەڵاتی ئەمڕۆی عێراقدا پێکهاتەی مۆزائیکی گەلانی عێراق دەبینرێت و کاریگەری گەلی کورد لە لوتکەی دەسەڵاتدایە. بەڕای بەڕێزتان ئەو ئاماژە و دەلالەتانە چین لەم پێکهاتەی تازەی دەسەڵاتدا دەبینرێن؟

وەڵام: گەلی کوردستان نزیکەی چواریەکی پێکهاتەی گەلی عێراق پێکدێنێ. بەڵام سەنگی کورد لەسەر ئاستی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق گەلێك لەو نیسبەتە زیاترە. کورد بە بەردەوامی و لەوەتەی دەوڵەتی عێراق دروستکراوە لەخەباتی چەکدارانە و سیاسیدا بووە و هەرگیز سەری شۆڕ نەکردووە بۆ ڕژێمە جۆراوجۆرەکانی عێراق. ڕاستە لەم خەباتە سەختەدا چەندەها جار تووشی هەوراز و نشێوی بووە و بە هەڵەی گەورەدا چووە، بەڵام ئەم خەباتە بێ وچانەی بەچاوی ڕێزگرتنەوە تەماشا کراوە،

لەناوەوەی عێراق لەلایەن هێزە پێشکەتنخوازەکانەوە، لەسەر ئاستی دەرەوە لەلایەن هێز و دەوڵەتانەوە. کەواتە سەنگی کورد قورستر بووە پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعسی و پاش نەمانی ئەو ڕژێمە. بەشداری هێزی پێشمەرگە و گەلی کوردستان بە تێکڕا دژ بە هێزەکانی ڕژێم سەنگی کوردی گەلێك قورسترکردووە. بەڵام دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت، ئەم بەشداری کردنەی لە ڕووخاندنی ڕژێم بووەتە هۆی پەیدابوونی دوژمنانی تازە لە ناوچەکەدا، چەند دەوڵەتێك کە بەرژەوەندیی ئابووری و ستراتیجیان هەبووە لەگەڵ ڕژێمدا، ئەو بەرژەوەندیەیان لەدەست داوە، ئەمڕۆکە بەچاوی دوژمنایەتییەوە تەماشای کورد دەکەن. ئەگەر کورد ئەم هەموو سەنگەی هەبێت و ژیانی خەڵکی کوردستان بۆ ماوەیێکی زۆر لە مەترسیدا بووبێت، چونکە تەنیا هێزێك بووە بەبێ قەید و مەرج بەشداری لە جەنگی ڕزگارکردنی عێراقی کردووە. دەبێ سوود لەم سەنگەی کورد وەربگرێ. بە داخەوە لەوە ناچێت کارەکە بەو شێوەیە بێت، ئەگەر تەماشای باری کوردستان بکەین و بەراوردی داواکارییەکانی گەلی کوردستان بکەین لەگەڵ ئەوانەی جێ بە جێ نەکراون، دەبینین بەشی زۆری ئەو داواکارییانە جارێ هەر لەسەر کاغەز ماونەتەوە و جێ بە جێ نەکراون. نە ئەو فیدراڵیەتەی گەلی کوردستان داوای دەکات باسی لێ کراوە، نە سیاسەتی بە عەرەبکردن دەستکاری کراوە. گەلی کوردستان داوای جێ بە جێ کردنی ئەو داواکارییانە دەکات، لەگەڵ چەسپاندنی هەموو مافەکانی لەدەستووری عێراق بەبێ دواکەوتن.

پرسیار: مەسەلەی گەڵاڵە کردنی دەستوورێك بۆ عێراق گرنگترین مەسەلەی ئەمڕۆی پانتایی گۆڕانەکانە. ئایا ڕۆڵی دەستوور لە سەقامگیریی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتدا چیە و چین ئەو زەرورەتە بابەتی و مێژووییانەی گەڵاڵە کردنی دەستوورێکی تۆکمە دەهێننە کایەوە؟

وەڵام: بەڵێ مەسەلەی گەڵاڵەکردنی دەستوورێك بۆ عێراقی پاش نەمانی ڕژێمی بەعسی، بایەخێکی تایبەتی هەیە بۆ سەقامگیرکردنی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان، چونکە لەو دەستوورەدا بنەمای دەوڵەتی عێراقی تێدا دادەڕێژرێت. دەستووری نوێی عێراق پێویستە لەلایێکەوە هەموو ئەو پرنسیپانەی تێدا بنوسرێت دەبنە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتێکی قانوونی و دیموکراتی کە ڕێز لە هەموو مافەکانی نەتەوە جیاوازەکانی عێراق بگرێت، لەگەڵ چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردستان، بە مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە. هەروەها پێویستە لەو دەستوورەدا شێوەی ئەو فیدراڵیەتەی دیاری بکرێت و یەکلایی بکرێتەوە. ئەگەر لایەنە سیاسی و مەزهەبییەکانی عێراقی داوابکەن عێراق بە بەشێك لە نیشتمانی عەرەبی بدرێتە قەڵەم، دەبێت لەو دەستوورەدا بنوسرێت کە بەشی عەرەبی عێراق، بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی و هەرێمی کوردستان بەشێکە لە کوردستان. هەڵبەتە چەسپاندنی ئەم پرنسیپانە لەو دەستوورەدا دەبێتە هۆی چەسپاندنی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەموو عێراقدا، بە پێچەوانەوە، ئەگەر ئەم پرنسیپانە بە ڕوونی دانەڕێژرێن لەو دەستوورە، نە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان و عێراق سەقامگیر دەبن، نە عێراق دەتوانێ جێگای خۆی لەناو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بکاتەوە.

پرسیار: ئەگر باس لە جۆر و شێوازەکانی دەستوور بکەین دەبینین لە ڕووی جۆرییەوە دەستووری نەرم (مرن) و دەستووری چەسپاو (جامد) هەیە، هەروەها لەڕووی کاتەوە دەستووری کاتی و دەستووری هەمیشەیی هەیە، بۆ دەستووری عێراق لەنێوان دەستووری نەرم چەسپاو دەستووری کاتیی و هەمیشەیی کامیان پەسەند دەکەیت؟

وەڵام: دابەشکردنی دەستوور لەڕووی جۆرییەوە بە دەستووری نەرم و دەستووری نەگۆڕدراو دابەشکردنێکی نیسبییە. بەشێوەی گشتی دەستووری نەرم بە ئاسانی دەستکاری دەکرێت، بەڵام پێویستە ئەو دەستکاری کردنە لەلایەن نیسبەتێکی دیاری کراوی پەرلەمان پەسەند بکرێت، بۆ نموونە، دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان.

لە دەستووری وڵاتانی تردا کە پێی دەوترێ چەسپاو، یان نەگۆڕدراو، مەرجی قورستر دانراوە بۆ دەستکاری کردنی دەستوور، وەك پەسەندکردنی ئەو دەستکارییانەی لەلایەن دوو دەورەی پەرلەمانەوە، کە دەبێت لە سەرەتادا پەرلەمان پەسەندی بکات و پاشان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بدرێت، دواتر پەرلەمانێکی تازە هەڵبژێردرێت، دەبێ ئەویش ئەو دەستکارییە قبووڵ بکات بەو نیسبەتەی دەستنیشانکراوە لەلایەن دەستوورەوە. دەستووری عێراقی سەردەمی پاشایەتی بەم شێوەیە دەستکاری دەکرا، واتە لەلایەن پەرلەمانی پێشوو و پەرلەمانی تازە هەڵبژێردراوەوە، کە کارێکی ئاسان نەبوو. ئەگەر دەستوورەکە لە سەرەتادا لەلایەن گەلەوە، لە ڕێگای ڕاپرسی گشتییەوە پەسەند کرابێت، پێویستە دەستکاری کردنیشی بە هەمان شێوە بکرێت. بەشێوەی گشتی بەشی زۆری ئەو دەستوورانەی لە ساڵانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی پەسەندکراون، دەستکاری کردنیان ئاسانترە، واتە دەستووری نەرمن. هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەبێ دەستوور بگونجێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی زوو زوو ڕوودەدەن لە ژیانی خەڵکیدا.

دەستووری کاتی ئەو دەستوورەیە بۆ ماوەیەکی کورت، یان بە پەلە لەپاش گۆڕانکاری و کوتادیەك پەسەند دەکرێت، وەکو ئەو هەموو دەستوورانەی بۆ عێراقی پاش شۆڕشی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ دانراون لەلایەن ئەو ڕژێمانەوە، کە بە هۆی کوتاداوە خۆیان چەسپاندبوو بەسەر حوکمی عێراقدا. بەشێك لە کۆنە بەعسییەکان و چەند

لایەنێکی سیاسیی تر داوا دەکەن دەستوورێکی کاتی بۆ عێراقی ئەمڕۆ دابنرێت، چونکە هەر بە ئومێدن باری سیاسیی عێراق پاشان گونجاوتر بێت تێیدا ڕۆڵیان دیاری تر بێت لە دارشتنی دەستووری هەمیشەییدا. بەرژەوەندیی کورد لەوەدایە دەستوورێکی هەمیشەیی و بە زووترین کات ئامادە بکرێت بۆ عێراقی نوێ، تاکو داواکارییەکانی گەلی کوردستان بە ڕوونی و بە زوویی بیانچەسپێنین.

پرسیار: لیژنەیەك بۆ گەلاڵەکردنی دەستوور پێکهاتووە و بڕیاریش وایە پڕۆژەیەکی دەستوور ئامادە بکرێت بۆ کۆنگرەیەکی فراوان لەبارەی دەستوورەوە و ئەندامانی کۆنگرەکەش نوێنەرانی سەرجەم شارەکان بن، بەستنی ئەو کۆنگرە تا چەند ڕێگەیەکی سەرکەوتووە بۆ گەلاڵەکردنی دەستوور، پێتان وایە کۆنگرەی دەستووری تا چەند سەرکەوتوو دەبێت بۆ بنیادنانی کۆنووسێکی قانوونی بەناوی دەستوورەوە؟

وەلام: ئەو لیژنە دەستووریە کە باسی لێ دەکەیت، ئەرکی گەلاڵەکردنی دەستووری پێ نەدرابوو بۆ عێراق، بەڵکو خەریکی پەیوەندی کردن بووە بە خەڵکەوە تاکو ئاگاداری بیروڕاوبۆچوونیان بێت سەبارەت بە شێوەی ئامادەکردنی ئەو دەستوورە. تاکو ئێستا شێوەی دەستنیشانکردنی ئەندامانی ئەو لیژنەیەی کە پڕۆژەی دەستوور ئامادە دەکات، ڕوون نەکراوەتەوە. ئەو قسانەی ئایەتولا سیستانی دەیکرد سەبارەت بە شێوەی ناولێنانی ئەو لیژنەیە جیاوازە لەوەی دەیبیستین لە بەشێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق. فەتواکەی سیستانی کارەکەی تێکدا، ئەگینا بە شێوەیەکی ئاسایی دەکرا. لەڕاستیدا، لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا پڕۆژەی دەستوور لەلایەن چەند پسپۆڕ و قانوونزانەوە ئامادە کراون، پاشان لیژنەی فراوانتر لە کەسانی قانوونی و سیاسی دروستکراون بۆ پێداچوونەوەی ئەو پڕۆژەیە. لە دواییدا خراوەتە بەردەم پەرلەمانی هەڵبژێردراو بۆ بڕیاردان لەسەری، ئایا بەو شێوەی ئامادەکراوە،

یان پاش دەستکاری کردنی. لە بەشێك لە وڵاتاندا پڕۆژەی دەستوور خراوەتە بەردەستی گەل تاکو لە ڕێگای ڕاپرسی گشتییەوە (ریفەرەندۆم) پەسەندی بکات، یان ڕەدی بکاتەوە. پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کونگرەیەك کە نوێنەرانی شارەکان و ڕێکخراوەکانی پێشەیی بەشداری تێدا بکەن دەبێتە هۆی دواخستنی پرۆسەکە، مەرجیش نییە سەرکەوتن بە دەست بێهێنێت.

پرسیار: گەلی کورد بەپێی ئەو ڕۆڵەی لەدەسەڵاتی عێراقدا هەیەتی، هەروها لە کۆنگرەی دەستووری و ئەنجومەنی حوکمدا، پێویستە جەختی لەسەر بکات چ خالێ گەلێك گرنگە بۆ ئەوەی دەسەبەری مافەکانی خۆی بکات لە عێراقی ئایندەدا؟

وەڵام: لە وەڵامی پرسیارێکی پێشوتر ئاماژەم بۆ ڕۆڵی گرنکی کورد کردووە لەسەر ئاستی هەموو عێراق بۆ دەستنیشانکردنی پاشەڕۆژی ئەم وڵاتە، بەڵام بە مەرجێك بە یەکگرتوویی و بەپێی یەك بەرنامە داواکاریەکانی گەلی کوردستان بخەنە بەرچاو هاوپەیمانان و ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق. ئەو خاڵانەی پێویستە کورد لەم سەردەمە جەخت لەسەر جێ بە جێ کردنیان بکات بریتین لە چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردستان لە دەستووری عێراقدا، بەتایبەتی مافی چارەنووس و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە و دەستنیشانکردنی شێوەی ئەو فیدڕاڵیەتەی دەمێکە کورد داوای دەکات، هەروەها دەستنیشانکردنی سنووری هەرێمی کوردستان بەپێی دۆکیمەنتە مێژووییەکان و بنبڕکردنی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەبکردن لە ناوچە تازە ئازاد کروەکانی کوردستان. سیستمی سیاسی لە عێراقی ئایندەدا پێویستە لەسەر بنەمای دیموکراسی و ڕێزگرتن بێت لە مافەکانی مرۆڤ تاکو جارێکی تر گەلەکەمان تووشی ڕژێمێکی دیکتاتۆری و ڕەگەزپەرست نەبێتەوە.

پرسیار: ئەنجومەنی حوکم زۆر بەلای جەنابی (سیستانی)دا دەچێت، بەرێزیشی وتاری ئەوە دەدات کە عێراق وڵاتێکی فیقهی چەشنی ئێران بێت، ئایا سیستانی ئەوە دەهێنێت ئەم بایەخ و گوێگرتن و پرسەی پێ بکرێت؟ ئایا عێراق بەپێی شیکارەکانی سیستانی و عێراقێکی ئیسلامی وڵاتێکی سەرکەوتووە و دەروانێتە وتارەکانی سیستانی و هەڵوێستەکانی ئەنجومەنی حوکم؟

وەڵام: ئایەتوللا سیستانی ڕابەرێکی مەزهەبی شیعەیە لە عێراق و زۆربەی ئەندامە شیعەکانی ئەنجومەنی حوکم گوێ لە قسەکانی دەگرن و ڕەنگبێ بەشێکیان هاوکاری بن. دەبێ لەم ڕوانگەوە تەماشای قسەکانی بکەین و بەو پێیە سەنگ بە بۆچوونەکانی بدەین. فەتواکانی لەناو شیعەی عێراق بە شێوەی گشتی گوێی لێ دەگیرێ. بەڵام ئەمە واناگەێنێ کە بۆچوونە سیاسیەکانی سیفەتی شەرعیەتی پێ بدرێت و ئەنجومەنی حوکم دەبێ گوێی بۆ شل بکات. من خۆم لە بنەماڵەیەکی ئایینی ناسراوم لە کەرکوك، ڕێزی تایبەتیم هەیە بۆ ئەو پیاوە ئاینییانەی دین تێکەڵاو بە سیاسەت ناکەن. ئایینی پیرۆزی ئیسلام نابێت بکرێتە قەڵغان بە دەست ئەوانەی بۆ مەبەستی سیاسی بەکاری دێنن. ئایینی پیرۆزی ئیسلام گەلێك لەوە گەورەترە کەسانێك یان گروپێك بۆ مەرامێکی تایبەتی سیاسی بەکاری بێنێ. سیستانی هەقی خۆیەتی ڕاوبۆچوونی خۆی دەربڕێ وەك هەر سەرکردەیەك سەبارەت بە ڕووداوەکان، لەگەڵ بەشداری کردن لە دەستنیشانکردنی دوارۆژی عێراق. بەڵام بۆچوونەکانی نابێت وەك "فەتوایەکی شەرعی" سەبارەت بە کارێکی مەزهەبی فەرز بکرێت بەسەر هەموو خەڵکی عێراقدا. لەپاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسی کەش و هەوایەکی تازە پەیدابووە، تێیدا هەموو کەسێك دەتوانێ ڕاوبۆچوونەکانی بە شێوەیەکی ئازادانە دەربڕێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەێنێ کە کەسێك لە هەر پایەێکدا

بێت بۆچوونەکانی وەکو ڤیتۆ لەسەر ڕایەکانی تر بە کار بێنێت و ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەیان. باری عێراق گەلێك لە باری سیاسی ئێران جیاوازترە، لەو باوەڕەدام کە زۆربەی شیعەکانی عێراق لەگەڵ ئەوەدا نین کە سیستمێك لە شێوە و چەشنی سیستمی ئێرانی لە عێراق دابمەزرێت. دەبوایا لەسەرەتاوە ئەوەندە گوێ شل نەکرێت بۆ قەسەکانی سیستانی تاکو نەبێت بە "نەریتێکی شەرعی"، ئەگینا ئەنجومەنی حوکم تووشی سەر ئێشە و کێشەی گەورەتر دەبێت. بە درێژایی حوکمی دوور و درێژی ڕەشی بەعس قەت گوێمان لە فەتوایەکی سیستانی نەبووە و قەت نەیتوانیوە باسی ئەو ڕژێمە خوێن ڕێژە بکات، کەچی ئێستا فەتوا لەسەر فەتوا دەدات!

پرسیار: لە عێراقی نوێی و دیموکراتدا حیزبە کوردستانییەکان چۆن دەتوانن خۆیان لەگەڵ شەپۆڵە تازەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتەدا بگونجێن، ئایا ئەزمونی دوانزە ساڵەی حوکمڕانی دیموکراسیی کوردستانی عێراق بۆ عێراقی ئایندە چ بایەخێکی هەیە و تاچەند دەتوانین بیکەینە نموونە بۆ هەموو عێراق؟

وەڵام: ئەو بارە تازەی لە عێراق دروستبووە لە پاش ڕووخانی و نەمانی ڕژێمی دیکتاتۆری بووەتە هۆی پەیدابوونی ئەرکێکی قورستر لەسەر شانی هەموو حیزب و لایەن و ڕێکخراو و ڕووناکبیرەکانی کوردستان، کە بە تەنیا لایەنێك جێ بە جێ بکرێت. ئەگەر جاران دەبوو هەموو توانایەك یەك بخەن لە پێناو روخاندنی ڕژێم، ئەرکی ئێستایان دەبێ یەکگرتن بێت لە بەرەیەکی کوردستانیی پتەو بۆ بە دەستهێنانی مافەکانی گەلەکەمان. مافە ڕەواکانی گەلەکەمان نابنە واقیع و ناچەسپێن بەبێ ئەو یەکگرتنە کە دەبێ لەسەر بنەما و بەرنامەیەکی دارێژراوبێت. داواکاریە سەرەکیەکانی گەلی کوردستان ئاشکران و هەموو دەتوانن رێککەون لەسەری.

ئەزموونی ئەو دوانزە ساڵەی کوردستان، لایەنی چاك و خراپی تێدایە. پێویستە بە وردی لە لایەنە خراپەکانی بکۆڵینەوە و هەوڵ بدەین سوودیان لێ وەربگرین و چارەسەر بکرێن، بە تایبەتی بۆ ئێستا و بۆ پاشەڕۆژی نزیك و دوور. لەم ڕۆژنەدا باس لە یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە دەکرێت و هەوڵێکی باش دراوە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. پێویستە هەوڵ بدرێت ئەو هۆیانەی پێشتر بوونەتە پەیدابوونی ناکۆکی و دووبەرەکی لێی دوور بکەونەوە و دووبارە نەبنەوە. گوێ نەدان بە ڕاوبۆچوونی کەسانی بێ لایەن نەریتێکی خراپە و پێویستە چارەسەر بکرێت. دەتوانم بلێم تاکو ئێستا هەردوولا کەسانی گومان لێکراو و هەڵپەرستی تێدیە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان لێیان نزیك دەبنەوە، ئەم هەڵوێستەیان بە نەخۆشیەکی کۆمەلایەتی دەبینم. هەڵبەتە لایەنی زۆر چاکیش هەیە لە ئەزموونی ئەم دە ساڵەی کوردستان و هەموو کەسێکی بە ویژدان دەبینێت و باسیان دەکات، بێگومان عێراقی نوێ دەتوانێ سوود لە لایەنە چاکەکانی ئەزموونی حوکمڕانی کوردستان وەربگرێت، هەر چەندە ناکرێت بەراورد لە نێوان باری کوردستان و باری عێراق بکرێت.

پرسیار: سازکردنی ڕێفەرەندۆمێك بۆ بەرجەستە کردنی ڕایەکی گشتی لە کوردستاندا بۆ ئەوەی بزانین گەلی کوردستان داوای چ ڕژێمێکی حوکمڕانی دەکەن بۆ خۆیان و تا چەند پرۆسەیەکی بایەخدارە تا چەندیش پێویستە ئەم خاڵە لە دەستووردا جەختی لەسەر بکرێت؟

وەلام: گەلی کوردستان دەتوانێ داوای ڕێکخستنی ڕێفەرەندۆم بکات سەبارەت بە دەستنیشانکردنی پاشەڕۆژی خۆی، چونکە ئەم داوایەی دەگونجێت لەگەڵ مافی چارەنووس. پرسیار لەوەدایە چۆن پراکتیزە دەکرێت؟ پرۆسەی ڕێفەرەندۆم پێویستە لەلایەن لایەنێکی دەوڵەتی، یان نێو دەوڵەتیەوە ئەنجام بدرێت. سەبارەت بە باری

کوردستان، دەبێ ئەم پرۆسەیە لەلایەن ئەمریکا و بریتانیاوە ڕێکبخرێت، یان لەلایەن دەزگایەکی نێو دەوڵەتیەوە. چاکترە ئەو داواکارییەی کە خەڵکی کوردستان دەیخاتە بەرچاو، بە شێوەیەکی قانوونی ئامادەبکرێت، تێدا داوا لەو دوو دەوڵەتە و لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی بکرێت سەرپەرشتی ڕێکخستنی ئەو داوایەی گەلی کوردستان بکەن. هەر کاتێ داواکاریەیان قبووڵ بکرێت، پرۆسەکە ڕێك دەخرێت و ئاکامەکانیشی دەبێت قبووڵ بکرێت. ڕێفەرەندۆم لە دەستووردا باس ناکرێت، بەڵام لە دەستوور باس لە مافی چارەنووس دەکرێت وەکو مافێکی ڕەوای ئەو خەڵکە. ئەگەر مافی چارەنووسی گەلی کوردستان لە دەستووری عێراقدا بچەسپێنرێت، ئەوا هەموو دەمێك دەتوانێ داوای سازکردنی ئەو پرۆسەیە بکات، بە مەرجێك لایەنێکی نێو دەوڵەتی، یان دەوڵەتیی سەرپەشتی بکات.

پرسیار: گرنگترین ڕەخنەکانتان لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە لە پەرلەمانی کوردستان گەلاڵەی کردوە چین و تا ئێستا چ هەوڵێکیان داوە لەگەڵ لیژنەی قانوونی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە؟

وەلام: پاش بلاوکردنەوەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ دا نووسینێکم لە هەفتەنامەی (الاتحاد) بلاوکردووەتەوە، تێیدا کۆمەلێك تێبینی و سەرنجم خستە ڕوو سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو پڕۆژەیە. لە پاش گەڕانەوەم بۆ کوردستان لەسەرەتای مانگی ئەیلولی ٢٠٠٣، لە یاداشتنامەیەکدا ئاراستەی سەرکردەکانی هەردوو حیزبی دەسەلاتدار و پەرلەمانی کوردستان و دکتۆر مەحمود عوسمان، ئەندامی ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق کرابوو، تێیدا داوای چارەسەرکردنی (٣) کێشەم کردبوو، یەکێکیان چاوگێڕانەوەیە بە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان. هۆی ئەو داواکارییە ئەوەبوو ئەو پڕۆژە دەستوورە بە ڕوونی و بە

موتلەقی باسی لە مافی چارەنووسی گەلی کوردستان نەکردووە، بەندێکی تێدا نییە لەبارەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە. چەند بەندێکی تر لە پڕۆژەکەدا هەن پێویستە دەستکاری بکرێن و بە شێوەیەکی باشتر دابرێژرێنەوە. چەند دانیشتنێك لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی قانوونی لە پەرلەمانی هەرێم ڕێکخران، تێیدا ڕێککەوتین دەستکاری بەشێك لە بەندەکانی ئەو پڕۆژە دەستوورە بکرێت، بەڵام بەشێك لەو دەستکاریانەی کە پێشنیازم کردبوو و بەلای منەوە پێویست بوو بکرێن، تا ئێستا قبووڵ نەکراون. مافی چارەنووس و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای ئارەزوومەندانە و گۆڕینی ناوی ئەنجومەنی نیشتمانی بە تێرمی "پەرلەمان" قبووڵ کران، هەروەها چەند بەندێکی تر دەستکاری کران کە نەدەگونجان لەگەڵ باری تازەی کوردستان و عێراق، بەڵام چەند پێشنیازێکی تر پەیوەندییان بەشێوەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەیە، لەگەڵ دارشتنەوەی دوو سێ بەندی تر قبووڵ نەکران.

پرسیار: بۆ ئەم مەبەستە یاداشتێکت پێشکەش بە بەرێزان جەنابی مام جەلال و کاك مەسعود و سەرۆکی پەرلەمان کردوە، مەبەستتان لەم یاداشتەدا چی بووە، وەڵامی ئەوان چۆن بووە؟

وەڵام: لە ٢٢ ئەیلولی ٢٠٠٣، ماوەیەك پاش گەڕانەوەم بۆ کوردستان یاداشتێکم پێشکەش بەو بەرێزانە کرد، تێیدا جگە لە داواکردنی یەکخستنەوەی ناو ماڵی کورد و پەلەکردن لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە و زیندوو کردنەوەی دەستەی قانوونی باڵا، داوای دەستکاری کردنی پڕۆژەی هەرێمی کوردستانم کرد، تاکو ئەو مافانەی دەمانەوێت لە دەستووری عێراقدا داوای چەسپاندنیان بکەین، وەکو مافی چارەنووس و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی تازەی عێراق لەسەر ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە، لە

دەستووری هەرێمدا بە موتلەقی و بە ڕوونی بیانچەسپێنین. لەبارەی باری کەرکوك، کە ماوەیەکی باش لەوێ بووم وچاوم بە کەسانێکی زۆر کەوت، پێشنازی دامەزراندنی دەستەیەکی تایبەتیم کردووە، پێکهاتبێت لە نوێنەرانی هەردوو حیزبی سەرەکی و ڕێکخراوانی مەدەنی و پیشەیی و چەند پسپۆڕ و شارەزایەکی خەڵکی کەرکوك. ئەرکی سەرەکی ئەم دەستەیە بەرنامەدانان بێت لە پێناو نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەبکردن لە ناوچەکە. سیاسەتی بە عەرەبکردنی کەرکوك لە ماوەی ٣٥ ساڵدا بەپێی بەرنامە و بە هاوکاریی هەموو دەزگاکانی ئەمنی و موخابەراتی و حیزبی و سوپای عێراق کراوە. کوردیش پێویستە بە هەمان شێوە بەپێی بەرنامە و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر ئاسەواری ئەو سیاسەتە بنبڕبکات و نەیهێڵێ. هەڵبەتە هەندێ کاری چاك کراوە لەم بارەوە، بەڵام لەبەر نەبوونی بەرنامەیەکی یەکگرتووانە و لەبەر نزیکبوونەوەی کاتی ڕێکخستنی سەرژمێری گشتی لەسەر ئاستی هەموو عێراق کە لە کەرکوك هیچ کارێکی جیددی بۆ نەکراوە و خەڵکە دەرکراوەکانی زۆریان نەگەڕاونەتەوە، دامەزراندنی ئەم دەستەیە، یان ئەو لیژنەیە بە کارێکی پێویستی دەزانم. داواکاریەکانی تر خەریکی هەوڵدانی جێ بە جێ کردنیان دەدەین، بەتایبەتی دەستکاری کردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، ئومێدەورام جێ بە جێ بکرێن.

پرسیار: جەنابت وەك سەرۆکی "ترەستی کەرکوك بۆ لێکۆڵینەوە" کە بارەگای لە لەندەنە، دەمانەوێت بزانین ئەم مەڵبەندە چییە و کارەکانی چین و چی کردووە؟

وەڵام: "ترەسی کەرکوك بۆ لێکۆڵینەوە" چوار ساڵ لەمەوبەر دامەزراوە و سیفەتی (چارێتی) واتە خزمەتگوزاری هەیە و هەوڵی چاکی داوە بۆ کۆکردنەوەی دۆکیمەنتی تایبەت بە کەرکوك و ناوچەکە. لەم ماوەدا بە بەردەوامی چالاکی جۆراوجۆری

هەبووە، زیاتر بۆ ڕیسواکردنی سیاسەتی بە عەرەبکردنی ناوچەکە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لەبەردەم ڕای گشتی بریتانی و جیهاندا، هەمیشە بە بەردەوامی پەیوەندی کردووە بە ئەندامانی پەرلەمانی بریتانی و ئەوروپی و ڕێکخراوانی مرۆڤ دۆست لە بریتانیا و ئەوروپا و ئەمریکا، جگە لە بەشداری کردن لە چەند کۆنفرانسێکی تایبەت لەسەر ئاستی ئەوروپا و ئەمریکا بۆ ڕیسواکردنی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی بەعسی. هەر لەو سالآنەدا چەند یاداشتێکی ئاراستەی دەوڵەتانی ئەوروپی و حکوومەتی ئەمریکا و دەزگاکانی نێو دەوڵەتی کردووە. بە هۆی دۆستانی گەلەکەمان لەناو پەرلەمانی بریتانیاوە دەنگمان گەیشتووەتە ناو پەرلەمان و وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و باری ژیانی خراپی خەڵکی کەرکوکمان گەیاندووەتە بەر گوێی ڕای گشتی جیهان، بە تایبەتی هی ئاوارەکان و دەرکراوەکان.

پرسیار: دوای ڕزگار کردنی کەرکوك پێکهاتەی مەدەنی شاری کەرکوك و دامەزراندنەوەی دامەزراوە جیاجیاکان و هەلبژاردنی پارێزگارێك بۆ کەرکوك تا چەند خزمەتی تەواوی شارەکەیە و دەتوانێت سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی بسرێتەوە، ئەی چی بکرێت سەرەتا بۆ سرینەوەی پاکتاوی ڕەگەزی لە شارەکە و هەوڵدان بۆ بنیادنانەوەی کەرکوکێکی کوردستانی و مەدەنی و کراوە؟

وەڵام: نەهێشتنی ئاسەواری نزیکەی ٣٥ ساڵی بە عەرەبکردنی کەرکوك و ناوچەکە ماوەیەکی زۆری دەوێت و بە ئاسانی کۆتایی نایەت، ئەمە لە حاڵەتێکدا کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان یەك هەڵوێستیان هەبێت و بە یەکەوە و بەپێی یەك بەرنامەی دارێژراو کار بکەن، کە بە داخەوە بەو جۆرە نییە. ئەوەی کراوە و دەکرێت جێگای سوپاسگوزاری هەموو لایەکە، کە بە تواناکانی کەمەوە کراون. بە بێ هاوکاری کردنی هەموو لایەنە سیاسییەکان، بە تایبەتی هەردوو لایەنی سەرەکی لەسەر

گۆڕەپانی ناوچەی کەرکوك، کارێکی گەورە ئەنجام نادرێت. بە داخەوە سیمای حیزبایەتیی تەسك دیارە و زاڵە بەسەر ئەو کارانەی دەکرێن. هێزە سیاسییەکان و خەڵکی کەرکوك بە تێکڕا پێویستە بە هاوکاری و بە یەك هەڵوێستی هێز و تواناییان یەکبخەن و بە پەرتووبڵاوی کار نەکەن، تاکو ئاکامێکی چاکی هەبێت. هەردوو هێزی سەرەکی بەرپرسیارن سەربارەت بە نەبوونی هەڵوێستێکی یەکگرتووانە لە کەرکوك. ئومێدەوارم ئەو هاوکارییانەی لە هەفتەی ڕابردوودا کراون، لە ڕێکخستنی ئەو ڕێپێوانە و داوای گێڕانەوەی ئەو ناوچانەی دابراون لە پارێزگای کەرکوك، وەکو ناوچەکانی چەمچەماڵ و کفری و دوز و کەلار، لەگەڵ کار بۆ گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان و پێشکەشکردنی ئەو داوایانە بە ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق، سەرەتایەکی چاك بێت بۆ هاوکاری کردن و کارکردن پێکەوە. دەبێت هەموو ئەو بەناو " دەستکەوتە" حیزبیانە بەلاوە بنێن لە پێناو گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچەکەی بۆ باوەشی هەرێمی کوردستانی یەکگرتوو.

٢٧ی دیسەمبەری ٢٠٠٣

# چاوپێکەوتن دەربارەی پاکتاویی ڕەگەزی، بەیاساکردنی دامودەزگاکانی حکوومەت

چاوپێکەوتن لەگەڵ د. نوری تاڵەبانی، سازدانی توانا ئەحمەد و جەمال حسێن. بەشی یەکەم:

د. نوری تاڵەبانی؛ یەکێکە لەوکەسانەی زۆر بە هێمنی، بەڵام بە بەردەوامی و سووربوونێکی جوانەوە خەریکی کارکردنە، پاکتاوکردنی ڕەگەزی و بە یاسایی کردنی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێم و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی شەڕی ناوەخۆ سێ تەوەری گرنگی کارکردنی ئەو پیاوەن، لەم چاوپێکەوتنەدا هەوڵدەدەین ئەوەندەی بکرێت گفتوگۆیان لەسەر بکەین.

پرسیاری یەکەمان ئەوەیە؛ بیرۆکەی ئەو پڕۆژەیە بۆ یەکخستنی هێزە سەرەکییەکان لە کوردستانی عێراقدا و ئامادەباشی بۆ ئەو وەزعەی کە بەڕێوەیە لە ئایندەدا، دروستبوونی ئەو بیرۆکەیە و گەڵاڵە بوونی ئەو بیرۆکەیە چۆنە و لەکوێوە دەستپێدەکات؟

د. نوری تاڵەبانی: لە ڕاستیدا کۆمەڵێك لە ڕووناکبیرانی کورد لە ئەورووپا بەتایبەتی لە بەریتانیا و هۆڵەندا، پێش ماوەیەك بیرمان لەوە کردەوە کەوا کاتی ئەوە هاتووە کە ئێمەی کورد لە دەرەوە بەتایبەتی لە ئەورووپا، بەشدارییەکی چالاکانە بکەین لە کۆکردنەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەم بارە ناسکەی کەوا بەرەوڕووی ناوچەکە و عێراق و کوردستان دەبێتەوە، هەربۆیە چەند کۆبوونەوەیەك کرا، لە ئاکامی ئەم کۆبوونەوەیەدا توانیمان پەیوەندی بە کۆمەڵێك لە ڕووناکبیران و کەسایەتی و کەسانی ئەکادیمی و کەسانی پسپۆڕەوە بکەین، کە بەشێکیان لە ئەورووپا و بەشێکیان لە دەرەوەی ئەورووپان، هەموویان بە خۆشحاڵییەوە ئیمزایان کرد،

ئەگەرپەیوەندیمان بە خەڵکی تریشەوە بکردایە، دەتوانم بڵێم؛ بەسەدان کەس ئیمزایان دەکرد، بەڵام وتمان جارێ با ئەمە سەرەتا بێت، کۆمەڵێ خەڵکی تریش کەوا بیستوویانە وا خەریکی ئەو کارەین، ئەوانیش پەیوەندییان پێوە کردین، لەهەمان کاتیشدا پەیوەندیمان بە کۆنگرەی نێونەتەوەیی کورد لە ئەوروپا کرد، ئەو لەلایەن کاک د. حکمەت تۆفیق-ەوە کە ئەویش سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، لەوێش لە ئەمریکا، پشتگیری لەو کارەی کرد. لە هەمان کاتیشدا هەر لەو ماوەیەدا پەیوەندیمان بە چەند کەسێکی ڕووناکبیری ناو کوردستانیشەوە کرد، ئەوانیش پشتگیریان لەو بانگەوازەوە کردووە، کەواتە کارەکە لە بەریتانیاوە دەستی پێکرد پاش ئەوەش ئێستاکە لێژنەیەکی متابەعە دروستکراوە بۆ ئەوەی کەوا بە بەردەوامی هەوڵ بدەین کارەکە فراوانتر بێت و پەیوەندی بە خەڵکی ترەوە بکەین لە هەموو وڵاتەکانی تری ئەوروپا، لەهەمان کاتیشدا ئەمڕۆ باسی ئەوەمان لەگەڵ چەند برادەرێکدا کرد، بۆ ئەوەی لێژنەیەکی متابەعە لەناوەوەی کوردستان دروست بکرێت بۆ ئەوەی هاوکارییەکی بەردەوام دروست بکەین لەنێوان هەردوو لێژنەی ناوەوە و دەرەوە، بۆ ئەوە حەملەکە بەبەردەوامی بچێتە سەرەوە و وازیان لێ نەهێنین هەتاوەکو ناچاریان بکەین بەدەنگ ئەم داوا ڕەوایەی گەلەکەمانەوە بێن.

وەکو دەزانین ئەو پڕۆژانەی کە پێشکەش بەو دوو هێزە کراونن بۆ نەهێشتن و کۆتایی پێهێنانی شەڕ و بەرقەراربوونی ئاشتی زۆرن و هەندێ لەو پڕۆژانە سیفەتی ڕەسمیشیان هەیە لەلایەن دەوڵەتانی بیانییەوە و ئەو ڕێکەوتنانە پشتگیریشیان هەیە، کەچی هێشتا ئاشتی جێبەجێ نەبووە، گرەنتی چییە بۆ ئەوەی ئەو داواکارییەی کە ئێوە لە هێزەکانی دەکەن جێبەجێ بکرێت؟

بەشی دووەمی پرسیارەکەشمان ئەوەیە؛ ئایا ئەو داواکارییەی ئێوە پەیوەندجی بە گۆڕانی بارودۆخی دونیاوە هەیە کە ئێستا کەوتۆتە بەردەم ئەگەری گۆڕان و گۆڕانکاری ڕیشەیی یان هەر درێژکراوی ئەو داواکاری و ئەو پرۆژانەیە کە پێشتر لە کوردستان پێشکەش کراون.

د. نوری تاڵەبانی: خۆشبەختانە ئێستا لە کوردستاندا شەڕ و ناکۆکی نییە و کارێکی چاکە، بەڵام زۆر شتی تر دەبینین کەوا جێگەی نارەزاییە، من لە هەولێرەوە هاتووم بۆ سلێمانی یان کە لێرە دەگەڕێمەوە؛ دەبینم چەند خاڵێکی پشکنین هەیە، ئەو هیچ ناگونجێ لەگەڵ ئەوەی کەوا وڵاتێکی یەکگرتوومان هەیە، ئەوە مانای ئەوەیە کەوا تاکو ئێستا بەندەکانی ڕێکەوتننامەی واشنتۆنی ساڵی ١٩٩٨ جێبەجێ نەکراون، ئەو خەڵکانەی کەوا ناچاربوونە جێگا و شوێنی خۆیان بەجێبهێڵن، تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، ئەوە کارێکی چاکە کەوا شەڕ لە کوردستاندا نییە، بەڵام مانای ئەوەنییە کەوا باری ئاسایی لە کوردستاندا هەیە، بەڵگەی ئەوەی ئێستا دوو ئیدارە هەیە، دوو هێزی پێشمەرگە هەیە، دوو هێزی پۆلیس هەیە و دوو هێزی ئاسایش هەیە و چەندەها یاسا لەلایەن ئەو دوو ئیدارەیەوە دانراوە، هەتاکو ئەو دابەشبوون و دابڕاوییە کەوتۆتە ناو ڕێکخراوان و ناوەندەکانەوە، ئەویش کارێکی زۆر زۆر بەڕاستی نائاساییە، هەوڵی ئەوەیە ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی دڵسۆز ئەوەیە کە هەوڵ بدەین ئەو دوو ئیدارەیە ئەو ڕێکخراوانە ئەو ناوەندانە ئەو دەزگایانەی کەوا دروستکراون بە زووترین کات یەکبخرێنەوە، کارەکە دەبوایە زووتر بکرایە بەداخەوە نەکراوە، شەڕی ناوەخۆ دەورێکی زۆرزۆر خراپی بینی لەسەر ئاستی ناوەوە و ناوبانگی میللەتی کوردی بەڕاستی زڕان لە دەرەوە، وەك کورد دەڵێ: "زەرەر لە نیوەشی بگەڕێتەوە چاکترە". پێویستە ئێستا هەولێکی جیددی بدەین بۆ ئەوەی

ئەو دوو ئیدارەیە یەکبخرێنەوە. دێنە سەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکەتان: ڕاستە ئێمە هەموو دەمێ هەوڵمانداوە، لەساڵی ۱۹۹۳ کە ئەوکاتە شەڕی ناوەخۆ دەستی پێ نەکردبوو، ئێمە لە لەندەن چەندەها بانگەوازمان ناردووە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی کەوا کارەکانیان بەرە و ئەوە بچێت، کە دەزگا حکوومی وڵات بکات نەك هێزی سیاسی نەك هێزی میللی، ئەگەر ئەو کارە بەشێوەیەکی ئاسایی بەرە و پێشەوە بڕۆشتایە، لەو باوەڕەدام نەدەگەیشتە ئەو ڕۆژە. بەهەر حاڵ؛ ئێستا ئەرکی سەرشانی ئێمەیە کەداوا بکەین؛ ئەو دوو ئیدارەیە بەزووترین کات یەك بگرێتەوە، چونکە هەموو ئاگادارین کەوا ناوچەکە و عێراق و بەتایبەتیش کوردستان ئەمڕۆ چاوەڕوانی هەندێ گۆڕانکاری دەکات ڕاستە ئێمە نازانین کەی دەبێ و چۆن دەبێ، بەڵام شتێك ڕوودەدات، کورد با ئەم فرسەتەشی لەدەست نەچێت وەکو چەند فرسەتی تری لەدەستچووە، دەبێت ئێمە بە جیددی هەوڵ بدەین کەوا ئەو دوو هێزە یەك بگرن، ئەوە ئەرکی سەرشانی ئەو حیزبە سەرەکییەیە، ئەرکی سەرشانی هەموومانە دەبێت ئێمە کۆڵ نەدەین، من لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا ئەنجامم دەدا خەڵکێکی زۆرم دەبینی کەوا بەڕەشبینی تەماشای ئەو کارە دەکەن، بەڵام کۆڵ نەدان ئەرکی هەموومانە، من لەو باوەڕەدام خەڵکێکی وا هەن لە نۆکەرانی ڕژێم، کە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەوەدایە؛ کەوا ئەو دوو ئیدارەیە یەك نەگرێتەوە، ئێمە ئەگەر کۆڵ بدەین، لە ڕاستیدا خزمەتی ئەوان دەکەین، لەبەرئەوە دەبێت ئەو دوو لێژنەیە بەبەردەوامی خەریکی ئەو کارە بێت، ڕۆژ و دوو ڕۆژ و مانگ و دوو مانگ نییە، وەزعەکەش گەلێك ناسکە، ئێمە خەریکی ئەو کارە پیرۆزە بین هەتاکو ناچاریان دەکەین بەرەو یەکگرتن برۆن و ئێستا هەندێ شتم کردووە کەوا بەشێوەیەکی یەکگرتووانە دەچنە پێشەوە هەتاکوو ئەم داوا ڕەوایەی گەلەکەمان جێبەجێ بکرێت.

دکتۆر وەکو دەزانین لە بانگەوازی ئێوە پاکتاوکردنی ڕەگەزی بە ڕاستی کێشەیەکی گەورەیە کە ئێوە کۆمەڵگەی لێئاگادار دەکەنەوە، شەڕی ناوەخۆش بووتە هۆی ئەوەی کەوا ئەو پرۆسەیە بە شێوەیەکی کاریگەرتر بچێتە ناوچەکانی کوردستان و پیادە بکرێت، جەنابت لەو بوارەدا زۆر شارەزاییت هەیە و چەندین لێکۆڵینەوەشت هەیە، کاریگەری سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی لە کوردستاندا چۆن باس دەکەیت یان تا چەند کاریگەری خۆی کردووە؟

د. نووری تاڵەبانی: شەڕی خۆکوژی ئاکامێکی گەلێك خراپی هەبوو لەسەر بارودۆخی ئەو ناوچانەی کوردستاندا، کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمن، خۆشیان (کاربەدەستانی هەردوولا) هەست بەوە دەکەن کەوا لەو دەمەوە کەوا شەڕی ناوەخۆ دەستی پێکردووە، ڕژێم بەشێوەیەکی دڕندانەتر ئەم سیاسەتەی بەرپا کردووە و ئەگەر باری کورد بەو شێوەیە نەبووایە، من لەو باوەڕەدام ئەو حەرەکاتەی نەدەکرد، کەوا بەو شێوە دڕندانەیە ئەو سیاستەی جێبەجێ بکات.

یەکێك لە داواکارییە سەرەکییەکانی ئێمە لەو بانگەوازەدا ئەوەیە؛ لەپاڵ ئەوەی کەوا سیستەمێکی فیدڕاڵی دیموکراتی بۆ عێراق پاشەڕۆژ و دەستنیشان بکرێت، ئیلتیزامێکی ڕەسمی لەو حکوومەتەی کەوا دێتە سەر حوکم لە عێراق لە بەغدا پابەند بوونێکی ڕەسمی هەبێت بەوەی کۆتایی بێنێت بەو سیاسەتە و ئاسەواری ئەو سیاسەتەش نەهێڵێت، بەواتایەکی تر؛ دەبێت ئەو خەڵکانەی کەوا دەرکراون، هەموو بچنەوە سەر جێ و شوێنی حاڵی خۆیان، لەهەمان کاتیشدا ئەو خەڵکانەی وا هێنراون بۆ ئەو ناوچانە، دەبێت بگەڕێنەوە جێگەی خۆیان، ئەوە داوایەکی ڕەوای منە ئەگەر دەرکرابێتم لەسەر ماڵ و حاڵی خۆم چۆن دەتوانم بچمەوە سەر جێگەی خۆم، ئەگەر یەکێك ماڵەکەی داگیر کرابێت، کەواتە سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی، بەرپاکردنی

سیاسەتی ڕژێم لەو بازنەیەوە ئێمە گرنگییەکی زۆرمان پێداوە، لە دەرەوە هەوڵێکی زۆرمان داوە کەوا ئەم سیاسەتە ڕیسوا بکەین لەناو دەوڵەتانی ئەوروپادا و هەتا لەناو ڕای گشتی عەرەبیشدا هەمیشە پەیوەندییان پێوە کردووین بۆئەوەی ئەم سیاسەتە ڕیسوا بکرێت، بەڵام کارەکە دەمێنێتەوە سەرشانی خۆمان، من لەو باوەڕەدام ئەگەر بێت و ئەو دووبەرەکییە ڕووی نەدابایە، ئەو دەسەڵاتەی وا ئێستا کە دابەشکراوە بەو جۆرە نەبووایە، ڕژێمی عێراق نەیدەتوانی بەو شێوەیە ئەو سیاسەتەی بەرپا بکات و من بەڕاستی لەگەڵ سەرانی ئەو حیزبانەی کە قسەم لەگەڵ کردنن وتم؛ ناوچەکانی کەرکوك و ناوچەکانی تری کوردستان وا لەژێر دەسەڵاتی ڕژێم دان ئیمکان نییە ڕزگار بکرێت، هەتا دوو ئیدارەی جیاواز لە کوردستاندا هەبێت و ئاگاداریشم کردوون کەوا کوردستان ئەمڕۆ کە دابەشی دوو ئیدارەیە، بەڵکو کوردستان کراوە بەسێ بەشەوە ئەگەر چوار بەش نەبێ، بەشێکی لەژێر دەسەڵاتی پارتی و بەشێکی تری لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی و بەشێکی تری لەژێر دەسەڵاتی ڕژێم دایە وایش دەبینین لە هەندێ لایەنی تریشەوە چەند تاقمێکی چەکدار خەریکی حوکمی تایبەتی خۆیان دەکەن.

## ناونیشانی بەشێك لە نووسینەكانی د. نووری تاڵەبانی بە كوردی:

 دكتۆر فەرەیدون هادی، زانا و كورد پەروەر بە یەكجاری بەجێی هێشتین، (كوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٣٤١)، ١٤ / ٤ / ٢٠٠٢ و هەفتەنامەی (میدیا)، ژمارە (٢٩٥)، ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٧.

 بەشێك لە ماددەكانی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان لە جێگای خۆیاندا نەهاتوون، (كوردستان ڕا پۆرت)، ژمارە (٨٤) ، ٨ / ١٠ / ٢٠٠٦.

 هەوڵی ئامادەكردنی پڕۆژەی دەستوورێك بۆ عێراق، چەند ساڵێك لەمەوبەر، (كوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٢٢٥) ، ١٧ / ١١ / ٢٠٠٣

 لە یادی دكتۆر شێركۆ فەتحوڵڵای جوانە مەرگ، (كوردستانی نوێ)، ژمارە (١٣٢٧) ، ١٨ / ١ / ٢٠٠٢، و (هاولاتی) ژمارە (١٤٨) ، ٥ / ١١ / ٢٠٠٣

 كاربەدەستانی عێراق سەددامیان بە شێوازێك لە سێدارە دا، كە خۆی و هەوادارانی خوازیاری بوون، (جەماوەر)، ژمارە (٢٠٦) ، ٨ / ١ / ٢٠٠٧

 دەستەی قانوونی باڵا، دامەزراندنی و... ، (هاولاتی)، ژمارە (٥٧)، ٢٠٠٢/١/٢١

 پڕۆسەی ئامادەكردنی پڕۆژەی دەستوور بۆ هەرێمی كوردستان، گۆڤاری (مەڵبەند) كە لە لەندەن دەردەچێت، ژمارە (٦٤)، هەروەها، (ڕێگای كوردستان) ژمارە (١٧٨)، ١٩٩٥/١٠/٢٤

 یەكخستنەوەی هەردوو ئیدارەكە و یاداشتێك، (هاولاتی) ٢٢ / ٩ / ٢٠٠٣

 هەڕەشەی ئیجرائات وەرگرتن، (ڕۆژنامە) ، ژمارە (٣٢)، ٧ / ٨ / ٢٠٠٧

 دواخستنی تەماشاكردنی پڕۆژەی...، (كوردستان ڕا پۆرت) ژمارە (٢٢٤)، ٢٠٠٧/٦/١١.

 لە یادی ئەنفالدا (میدیا)، ژمارە (٢٣٦)، ١٨ / ٤ / ٢٠٠٦.

 سەرووەریی قانوون. ١٦ / ٤ / ٢٠٠٧
 مامۆستا ڕەشید عەبدولقادر...، (میدیا) ژمارە (١٩٩) ١٢ / ٧ / ٢٠٠٥
 پرۆژەی نیزام.. (هاوولاتی)
 ئەرکی هەنووکەیی...، (برایەتی)، ژمارە (٣٩٨١)، ١ / ٥ / ٢٠٠٧.
 دامەزراندنی زانکۆی کەرکوك
 کاتی پەسندکردنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان هاتووە، (هاوولاتی) ژمارە (٢١٥)، ٩ / ٣ / ٢٠٠٥
 ماددەی ١٤٠ هیچ زەمانەتێکی تێدا نییە...، (میدیا) (٢٠٦)، ٢٠٠٥/٨/٣٠
 لە پێناو چارەسەرکردنی باری ئێستای کوردستان، (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٨٤٢)، ٢١ / ١١ / ١٩٩٤
 لە عێراق دیموکراسی نابێ ئەگەر حکوومەت...، (میدیا) ژمارە (٢١٧)، ٢٠٠٥/١١/٢٢
 چەند تێبینییەك سەبارەت...، (ئاوێنە) ژمارە (٤٢)، ٣١ / ١٠ / ٢٠٠٦
 هەڵبژاردن دەبێ پاش نەهێشتنی سیاسەتی بە عەرەبکردن...، (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٢٢٦)، ٤ / ١٢ / ٢٠٠٣
 فیدراڵی ئیداری لە سنووری ...، (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٢٦٦)، ٢٠٠٤/١/٩
 لەیادی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٦٨، (میدیا)، (٢٢٥)، ٢٠٠٦/٤/١٩
 یاداشتنامەیەك پێشکەش بە کۆنفرانسی پاریس لە ساڵی ٢٠٠٦ کراوە، (هاولاتی) ژمارە (٢٦١)، ١٥ / ٢ / ٢٠٠٦
 نەبوون و نەمانی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان...، کوردستان ڕاپۆرت، ژمارە (٣٤)، ٢٠٠٦/٦/٢٢.

- پەرلەمانی کوردستان مافی ئەوەی هەیە پرۆژەی... (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٦٧٧)، ٢٠٠٥/٥/٢٢.
- باشترین ڕێگا ئەوەیە پرۆژەی دەستووری عێراق..، (کوردستانی نوێ)، (٣٢٦٧)، ٢٠ / ٥ / ٢٠٠٥
- بنەماکانی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و پەسندکردنی، (هاولاتی) (٢٢٣)، ٢٠٠٥/٥/١١
- میدیاکانی کوردستان بێبەریکراون، (ئاسۆ)، ژمارە (١٩٥)، ٢٠٠٦/٢/٢٣
- پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان...، (هاولاتی) ژمارە (٢٢١)، ٢٠٠٥/٤/٢٧
- فەرهەنگێکی قانوونی کوردی...، (کوردستانی نوێ)، (٣١١٩)، ٢٠٠٣/٧/١٦
- بەستنی کۆڕێکی قانوونی لە کۆتایی مانگی نۆڤەمبەری ١٩٩٥ لە واشنتۆن
- ڕێککەوتنی لیستی هاوپەیمانی لەگەڵ لیستی...، گۆڤاری (گولان)، (٥٢٨)، ٢٠٠٥/٣/١٧
- چەمکی ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانە، (گولان) (٥٣٣)، ٢٠٠٥/٤/٢١
- کێشەی کورد لە چوارچێوەی قانوونی نێو دەوڵەتیدا، (هاولاتی)، (١٤٥)، ٢٠٠٥/١٠/١٥
- لەگەڵ گۆڤاری (کاروان)، چاوپێکەوتنی، ٢٠٠٤/٦/١٤
- پەیوەندیی نێوان کورد و تورکمان، ( ڕۆشنبیری کورد)، ژمارە (٢) هاوینی ٢٠٠١.
- کۆنفرانسی زانکۆی ((پرنستنی)) ئەمریکی، گۆڤاری (مەڵبەند)، ژمارە (٥٣)، ئۆکتۆبەری ١٩٩٤
- چەند تێبینییەك لەبارەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان.
- مەولانا شێخ عەبدوڕەحمانی خالص، گۆڤاری (باسکار)، ژمارە (٢)، زستانی١٩٩٩
- جارێکی تر لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانی، گۆڤاری (کاروان)، ١٩٨٨

چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستای قانوون و پەرلەمانتاری سەربەخۆ، دکتۆر نووری تاڵەبانی، سازدانی: ئارام عەلی سەعید، هەفتەنامەی (کۆمەڵ)، ژمارەی (٣٥٠)، ٢٩ تشرینی دووەمی ٢٠٠٨.

هەڵوێستی مالکی لەگەڵ کورد: "گەر زانیت ئەزم وگەر نەتزانی دزم"!، (ڕۆژنامە)، ژمارە (٣٥٧)، چوارشەممە ١٧ی ئەیلەلی ٢٠٠٨

ڕۆژنامەی (ڕووبەر) لەگەڵ قانوونزان دکتۆر نووری تاڵەبانی سەبارەت بە کێشە سیاسی و قانوونییەکان لە هەرێمی کوردستان و شێوەی چارەسەرکردنیان، سازدانی: هێمن عومەر، (ڕووبەر)، ژمارەی (٥٥)، ڕێکەوتی ١٥ی ئاداری ٢٠١١.

بیروڕا گۆڕینەوەیەك لە گەڵ ڕوناکبیرێکی تورك لە هەولێر، سەبارەت بە مەسەلەی کەرکوك، هەولێر، ٦ ی حوزەیرانی ٢٠٠٧

فیدراڵی ئیداری، لەسنووری لامەرکەزێتیەکی ئیداریی فراوان تێپەڕناکات

چەند پرسیارێکی قانوونی لە دکتۆر نووری تاڵەبانی لەبارەی ڕاگیاندنی کۆشکی سپی، (ئاوێنە) ژمارەی (٢٠٣)، سێشەممەی ٢٢ کانوونی یەکەمی (دیسەمبەری) ٢٠٠٩.

گۆڤاری (شەقام) لەگەڵ قانوونزان و پەرلەمانتاری سەربەخۆ، بیرۆکەی ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان چۆن لای ئێوە گەڵاڵە بوو؟

چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر نوری تاڵەبانی، سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی، سەبارەت بە کێشەکانی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان، هەولێر، ٢٧/ ١ / ٢٠١٤

لەبارەی دامەزراندنی ئەنجومەنێکی سیاسی لە کوردستان ، هەولێر ١١ نیسانی ٢٠٠٧ ڕۆژنامەی (هاولاتی).


چەند پرسیارێکی قانوونی لە دکتۆر نووری تاڵەبانی لەبارەی ڕاگیاندنی کۆشکی سپی، (ئاوێنە) ژمارەی (٢٠٣)، سێشەممەی ٢٢ کانوونی یەکەمی (دیسەمبەری) ٢٠٠٩.

- گۆڤاری ( شەقام ) لەگەڵ قانوونزان و پەرلەمانتاری سەربەخۆ، بیرۆکەی ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان چۆن لای ئێوە گەڵاڵە بوو؟
- چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر نوری تاڵەبانی، سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی، سەبارەت بە کێشەکانی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٤/١/٢٧

**Dr. Nouri Talabany**
**Professor of Law**

# Autobiography and a Collection of my Essays
## In Kurdish, Arabic and English

# A Collection of my Essays
## *Volume Two, In Kurdish*